﴿وَإِذَا نَادَيْتُمْ إِلَى الصَّلَاةِ﴾ کاتێ ئێوە بانگ دەدەن نوێژ (هاتن بۆ) ﴿اتَّخَذُوهَا هُزُوًا وَلَعِبًا﴾ ئەو (دوو ڕووانە) گاڵتەو لاقرتی پێ ئەکەن ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَا يَعْقِلُونَ﴾ ئەمەش بەهۆی ئەوەوە یە کەئەوان گەلێکی نەفامو نەزانن. ٥٨)﴿قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ﴾ بڵێ ئەی نامەدارەکان ﴿هَلْ تَنْقِمُونَ مِنَّا﴾ ئایا هیچ رەخنەو ڕقێکتان هەیە لەئێمە ﴿إِلَّا أَنْ آمَنَّا بِاللَّهِ﴾ بێجگە لەوەی کەبڕوامان هێناوە بەخوا ﴿وَمَا أُنْزِلَ إِلَيْنَا﴾ وە بەو قورئانەی هێنراوەتە خوارەوە بۆمان ﴿وَمَا أُنْزِلَ مِنْ قَبْلُ﴾ وە بەوەی لەمەوپێش هێنراوەتە خوارەوە ﴿وَأَنَّ أَكْثَرَكُمْ فَاسِقُونَ﴾ بێگومان زۆربەتان سەرکەشو لەسنوور دەرچوون. ٥٩)﴿قُلْ هَلْ أُنَبِّئُكُمْ﴾ (ئەی موحەممەد (ﷺ)) بڵێ ئایا هەواڵتان بدەمێ ﴿بِشَرٍّ مِنْ ذَٰلِكَ مَثُوبَةً عِنْدَ اللَّهِ﴾ کێ شوێن و پاداشتی خراپترە لای خوا لەوە ﴿مَنْ لَعَنَهُ اللَّهُ﴾ ئەوە کەسێکە خوا نەفرەتی لێ کردبێ ﴿وَغَضِبَ عَلَيْهِ﴾ وخەشمی لێگر تبێ ﴿وَجَعَلَ مِنْهُمُ الْقِرَدَةَ وَالْخَنَازِيرَ﴾ وە هەندێکی لێ کردبن بەمەیموون و بەراز ﴿وَعَبَدَ الطَّاغُوتَ﴾ وە بت و تاغوتی پەرستبێ ﴿أُولَٰئِكَ شَرٌّ مَكَانًا﴾ ئەوانەی باسکران خراپترین شوێنیان هەیە ﴿وَأَضَلُّ عَنْ سَوَاءِ السَّبِيلِ﴾ و گومراترین کەسن لەڕێگای ڕاست. ٦٠)﴿وَإِذَا جَاءُوكُمْ قَالُوا آمَنَّا﴾ وەکاتێ دێن بۆلاتان دەڵێن بڕوامان هێناوە ﴿وَقَدْ دَخَلُوا بِالْكُفْرِ﴾ سوێندبێ بێگومان بەبێ بڕوایی یەوە هاتوون ﴿وَهُمْ قَدْ خَرَجُوا بِهِ﴾ وەبێگومان هەر بەبێ بڕواییشەوە دەرچوون ﴿وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا كَانُوا يَكْتُمُونَ﴾ وە خوا زۆر چاک دەزانێ بەوەی کەدەیان شاردەوە. ٦١)﴿وَتَرَىٰ كَثِيرًا مِنْهُمْ﴾ وەئەبینی زۆرێک لەوانە ﴿يُسَارِعُونَ فِي الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ﴾ پێش بڕکێ ئەکەن لەگوناهو دەست درێژی کردن ﴿وَأَكْلِهِمُ السُّحْتَ﴾ و حەرام خواردندا (وەک بەرتیل) ﴿لَبِئْسَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ بێگومان ئەوەی کەدەیانکرد زۆر بەدو خراپ بوو. ٦٢)﴿لَوْلَا يَنْهَاهُمُ الرَّبَّانِيُّونَ وَالْأَحْبَارُ﴾ ئەوە بۆچی بەرگرییان نەکردن خواپەرستو زاناکانیان ﴿عَنْ قَوْلِهِمُ الْإِثْمَ﴾ لەگوفتاری گوناهیان ﴿وَأَكْلِهِمُ السُّحْتَ﴾ حەرام خواردنیان (وەک بەرتیل) ﴿لَبِئْسَ مَا كَانُوا يَصْنَعُونَ﴾ بەڕاستی شتێکی بەدبوو ئەوەی دەیانکرد. ٦٣)﴿وَقَالَتِ الْيَهُودُ﴾ جوولەکەکان ووتیان ﴿يَدُ اللَّهِ مَغْلُولَةٌ﴾ خوا دەستی بەستراوە (پاکی بۆخوا) ﴿غُلَّتْ أَيْدِيهِمْ﴾ یاخوا ئەوان چنگ قوچراوو دەست بەستراوین ﴿وَلُعِنُوا بِمَا قَالُوا﴾ وەنەفرینیان لێکرا بەهۆی ئەوەی کە ووتیان ﴿بَلْ يَدَاهُ مَبْسُوطَتَانِ﴾ (نەخێر وانی یە) بەڵکو هەردوو دەستی هەمیشە کراوەیە ﴿يُنْفِقُ كَيْفَ يَشَاءُ﴾ چۆنی بیەوێت دەیبەخشێت ﴿وَلَيَزِيدَنَّ كَثِيرًا مِنْهُمْ﴾ وەسوێند بەخوا زیاد دەکات بۆ زۆر لەوان (زاناو سەرۆکەکانیان) ﴿مَا أُنْزِلَ إِلَيْكَ مِنْ رَبِّكَ﴾ ئەو قورئانەی هێنراوتە خوارەوە بۆ تۆ لەلایەن پەروەردگارتەوە ﴿طُغْيَانًا وَكُفْرًا﴾ سەرکەشیو بێ بڕوای (زیاد ئەکات بۆیان) ﴿وَأَلْقَيْنَا بَيْنَهُمُ﴾ وەخستومانەتە نێوانیان ﴿الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاءَ﴾ دوژمنایەتی و کینەو ڕقەبەری ﴿إِلَىٰ يَوْمِ الْقِيَامَةِ﴾ تارۆژی دوایی ﴿كُلَّمَا أَوْقَدُوا نَارًا لِلْحَرْبِ﴾ هەر جارێک ئاگرێکیان هەڵگیرساندبێ بۆ ئاژاوە نانەوەو جەنگ ﴿أَطْفَأَهَا اللَّهُ﴾ خوا ئەو ئاگرەی کوژاندۆتەوە ﴿وَيَسْعَوْنَ فِي الْأَرْضِ فَسَادًا﴾ وە تێکۆشان ئەکەن لە زەوی دا بۆ خراپەو تێکدان ﴿وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُفْسِدِينَ﴾ خواش خراپەکارانی خۆش ناوێ. ٦٤)

وَلَوْ أَنَّ أَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ ءَامَنُوا۟ وَٱتَّقَوْا۟ لَكَفَّرْنَا عَنْهُمْ
سَيِّـَٔاتِهِمْ وَلَأَدْخَلْنَٰهُمْ جَنَّٰتِ ٱلنَّعِيمِ ﴿٦٥﴾ وَلَوْ أَنَّهُمْ أَقَامُوا۟
ٱلتَّوْرَىٰةَ وَٱلْإِنجِيلَ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْهِم مِّن رَّبِّهِمْ لَأَكَلُوا۟ مِن
فَوْقِهِمْ وَمِن تَحْتِ أَرْجُلِهِم مِّنْهُمْ أُمَّةٌ مُّقْتَصِدَةٌ ۖ وَكَثِيرٌ مِّنْهُمْ
سَآءَ مَا يَعْمَلُونَ ﴿٦٦﴾ ۞ يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ بَلِّغْ مَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ
مِن رَّبِّكَ ۖ وَإِن لَّمْ تَفْعَلْ فَمَا بَلَّغْتَ رِسَالَتَهُۥ ۚ وَٱللَّهُ يَعْصِمُكَ
مِنَ ٱلنَّاسِ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٦٧﴾ قُلْ يَٰٓأَهْلَ
ٱلْكِتَٰبِ لَسْتُمْ عَلَىٰ شَىْءٍ حَتَّىٰ تُقِيمُوا۟ ٱلتَّوْرَىٰةَ وَٱلْإِنجِيلَ
وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ ۗ وَلَيَزِيدَنَّ كَثِيرًا مِّنْهُم مَّآ أُنزِلَ
إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ طُغْيَٰنًا وَكُفْرًا ۖ فَلَا تَأْسَ عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْكَٰفِرِينَ
﴿٦٨﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَٱلَّذِينَ هَادُوا۟ وَٱلصَّٰبِـُٔونَ وَٱلنَّصَٰرَىٰ
مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ وَعَمِلَ صَٰلِحًا فَلَا خَوْفٌ
عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٦٩﴾ لَقَدْ أَخَذْنَا مِيثَٰقَ بَنِىٓ
إِسْرَٰٓءِيلَ وَأَرْسَلْنَآ إِلَيْهِمْ رُسُلًا ۖ كُلَّمَا جَآءَهُمْ رَسُولٌۢ بِمَا
لَا تَهْوَىٰٓ أَنفُسُهُمْ فَرِيقًا كَذَّبُوا۟ وَفَرِيقًا يَقْتُلُونَ ﴿٧٠﴾

سورەی مائیدە
فەرموودەی ئایەتی (٦٧)
(سورەتی المائدة، ٥)
الرَّسُولُ بَلِّغْ مَا أُنزِلَ إِلَيْكَ ... ﴾ شیعە
بەوە تۆمەتبارە
کە پێغەمبەر
شتێکی شاردبێتەوە
لە ئایەتی (٦٧)ی
سورەی مائیدە
کە فەرمانی
پێکردووە
گەورەترین و
بەسوودترین
فەرمان بۆ
ئەنجامدانی
ئەوە نییە
ئایا
ئەگەر

لە خوتبەکەدا ئاماژەت و ئیشارەتکەی پێدا ئەوانەی ئێمە پەیڕەو ناو و ناتی گرد و دەڵێن : ئەی موحەممەد ئەگەر ئەتبارێزێ ئەمن پێغەمبەری خوڕاش (ﷺ) ئەبارێزی خوڕا ئەسپارێزێ لە ئەو ئیشتێکەش ئەڵێن ئەوەی ئایەتی ئەیسا ئایەتی ﴿وَٱللَّهُ يَعْصِمُكَ مِنَ ٱلنَّاسِ ...﴾ ئایەتی.

= بداە چون کار دەکەن کەوانە خۆیان بپارێزن، لەبونیا و لەناخەت). وعن ابن عمر (رضي الله عنهما)=

﴿وَلَوْ أَنَّ أَهْلَ الْكِتَابِ﴾ خۆ ئەگەر بەڕاستی نامەدارەکان بڕوایان بهێنایە ﴿وَاتَّقَوْا﴾ و خۆیان بپارێزیایە و پارێزکار بووبایە ﴿لَكَفَّرْنَا عَنْهُمْ سَيِّئَاتِهِمْ﴾ بێ گومان گوناهو خراپەکانیانمان دەسڕی یەوە لێیان ﴿وَلَأَدْخَلْنَاهُمْ جَنَّاتِ النَّعِيمِ﴾ وە دەمانخستنە ناو بەهەشتانی پڕناز و نیعمەت. ٦٥﴿وَلَوْ أَنَّهُمْ أَقَامُوا التَّوْرَاةَ وَالْإِنجِيلَ﴾ وە بێگومان ئەگەر ئەو نامەدارانە تەورات و ئینجیلیان کار پێ بکردبایە ﴿وَمَا أُنزِلَ إِلَيْهِم﴾ هەروەها ئەو قورئانەی کەهێنراوەتە خوارەوە بۆیان ﴿مِّن رَّبِّهِمْ﴾ لەلایەن پەروەردگاریانەوە ﴿لَأَكَلُوا مِن فَوْقِهِمْ﴾ بێ گومان دڵنیی بان دەخوارد لەلای سەرووبانەوە (لە ئاسمانەوە) ﴿وَمِن تَحْتِ أَرْجُلِهِمْ﴾ وە لە ژێرپێیانەوە(لە زەوی یەوە) ﴿مِّنْهُمْ أُمَّةٌ مُّقْتَصِدَةٌ﴾ ئەزیان ئایە دەستەو کۆمەڵێکی ڕێکو پێک ﴿وَكَثِيرٌ مِّنْهُمْ﴾ بەڵام زۆرێک لەوان ﴿سَاءَ مَا يَعْمَلُونَ﴾ ئەوەی دەیکەن زۆر بەدو خراپە. ٦٦﴿يَا أَيُّهَا الرَّسُولُ﴾ ئەی پێغەمبەر(ﷺ)﴿بَلِّغْ مَا أُنزِلَ إِلَيْكَ﴾ ڕابگەیەنە (بەخەڵک) ئەوەی هێنراوەتە خوارەوە بۆت ﴿مِن رَّبِّكَ﴾ لەلایەن پەروەردگارتەوە ﴿وَإِن لَّمْ تَفْعَلْ﴾ وە ئەگەر وانەکەی ﴿فَمَا بَلَّغْتَ رِسَالَتَهُ﴾ ئەوە پەیامێکەی خوات ڕانەگەیاندووەو بەجێت نەهێناوە ﴿وَاللَّهُ يَعْصِمُكَ مِنَ النَّاسِ﴾ وە خوا ئیتر دەپارێزێ لەخەڵکی (کەبت کوژن) ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْكَافِرِينَ﴾ بێگومان خوا ڕێنموونی بێ بڕوایان ناکات. ٦٧) ﴿قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ﴾ (ئەی موحەممەد(ﷺ)) بڵێ ئەی نامەدارەکان ﴿لَسْتُمْ عَلَىٰ شَيْءٍ﴾ هیچ لەسەر هیچ شتێک نین ﴿حَتَّىٰ تُقِيمُوا التَّوْرَاةَ وَالْإِنجِيلَ﴾ هەتا بەڕێک و ڕاستی پەیڕەوی تەوراتو ئینجیل نەکەن ﴿وَمَا أُنزِلَ إِلَيْكُم﴾ هەروەها ئەو قورئانەی کەهێنراوەتە خوارەوە بۆتان ﴿مِّن رَّبِّكُمْ﴾ لەلایەن پەروەردگارتانەوە ﴿وَلَيَزِيدَنَّ كَثِيرًا مِّنْهُم﴾ سوێند بەخوا زیاد ئەکات بۆ زۆریان ﴿مَّا أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ﴾ ئەوەی هێنراوەتە خوارەوە بۆت لەلایەن پەروەردگارتەوە ﴿طُغْيَانًا وَكُفْرًا﴾ سەرکەشی و بێ باوەڕییان (زیاد دەکات) ﴿فَلَا تَأْسَ عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ﴾ کەواتە خەم مەخۆ لەسەر کۆمەڵی بێ بڕوایان. ٦٨﴿إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا﴾ بەڕاستی ئەوانەی بڕوایان هێناوە ﴿وَالَّذِينَ هَادُوا﴾ و ئەوانەی بوون بەجوولەکە ﴿وَالصَّابِئُونَ﴾ ئەستێرە پەرست بان فریشتە پەرست ﴿وَالنَّصَارَىٰ﴾ وە خەڵکی کەوتوانی عیسا پێغەمبەر ﴿مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ﴾ هەر کەس لەوانە بڕوایان هێنابێ بەخوا ﴿وَالْيَوْمِ الْآخِرِ﴾ و بە ڕۆژی دوایی ﴿وَعَمِلَ صَالِحًا﴾ و کردەوەی چاکی کردبێ ﴿فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ﴾ ئەوە ئەهیچ مەترسیەکیان لەسەرە ﴿وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾ وە ئەخەفەت بار ئەبن (لەڕۆژی دوایی دا). ٦٩﴿لَقَدْ أَخَذْنَا مِيثَاقَ بَنِي﴾ سوێند بەخوا پەیمانی بەهێزمان وەرگرت لە ئەوەکانی ﴿إِسْرَائِيلَ﴾ ئیسرائیل ﴿وَأَرْسَلْنَا إِلَيْهِمْ رُسُلًا﴾ و چەند پێغەمبەرێکمان نارد بۆیان ﴿كُلَّمَا جَاءَهُمْ رَسُولٌ﴾ هەر جارێک پێغەمبەرێکیان بۆ بهاتایە ﴿بِمَا لَا تَهْوَىٰ أَنفُسُهُمْ﴾ بە هەر ئەوەندێ کە بەدڵیان نەبوایە ﴿فَرِيقًا كَذَّبُوا﴾ دەستەیەکیان بەدرۆزن دانەنان ﴿وَفَرِيقًا يَقْتُلُونَ﴾ وە دەستەیەکیشیان دەکوشتن. ٧٠)

وَحَسِبُوٓا۟ أَلَّا تَكُونَ فِتْنَةٌ فَعَمُوا۟ وَصَمُّوا۟ ثُمَّ تَابَ ٱللَّهُ
عَلَيْهِمْ ثُمَّ عَمُوا۟ وَصَمُّوا۟ كَثِيرٌ مِّنْهُمْ ۚ وَٱللَّهُ بَصِيرٌۢ بِمَا
يَعْمَلُونَ ﴿٧١﴾ لَقَدْ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓا۟ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ
ٱلْمَسِيحُ ٱبْنُ مَرْيَمَ ۖ وَقَالَ ٱلْمَسِيحُ يَٰبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ٱعْبُدُوا۟
ٱللَّهَ رَبِّى وَرَبَّكُمْ ۖ إِنَّهُۥ مَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِ
ٱلْجَنَّةَ وَمَأْوَىٰهُ ٱلنَّارُ ۖ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ ﴿٧٢﴾
لَّقَدْ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓا۟ إِنَّ ٱللَّهَ ثَالِثُ ثَلَٰثَةٍ ۘ وَمَا مِنْ
إِلَٰهٍ إِلَّآ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ ۚ وَإِن لَّمْ يَنتَهُوا۟ عَمَّا يَقُولُونَ لَيَمَسَّنَّ
ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنْهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٧٣﴾ أَفَلَا يَتُوبُونَ
إِلَى ٱللَّهِ وَيَسْتَغْفِرُونَهُۥ ۚ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٧٤﴾
مَّا ٱلْمَسِيحُ ٱبْنُ مَرْيَمَ إِلَّا رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِ
ٱلرُّسُلُ ۖ وَأُمُّهُۥ صِدِّيقَةٌ ۖ كَانَا يَأْكُلَانِ ٱلطَّعَامَ ۗ
ٱنظُرْ كَيْفَ نُبَيِّنُ لَهُمُ ٱلْءَايَٰتِ ثُمَّ ٱنظُرْ أَنَّىٰ
يُؤْفَكُونَ ﴿٧٥﴾ قُلْ أَتَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا
يَمْلِكُ لَكُمْ ضَرًّا وَلَا نَفْعًا ۚ وَٱللَّهُ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٧٦﴾

= قال: أخذ رسول الله (ﷺ) بمنكبي فقال: (كن في الدنيا كأنك غريب أو عابر سبيل) وكان ابن عمر (رضي الله عنهما) يقول (إذا أمسيت فلا تنتظر الصباح وإذا أصبحت فلا تنتظر المساء، وخذ من صحتك لمرضك ومن حياتك لموتك) (رواه البخاري) أنه عبدوللاي كەوپەي خوداوەند (رەزای خوایان لێ بێ) ڕیوایەت کراوە کە وەڵامیدا پێیفەرمو فەرمانی کردم و وتی: (لە دونیادا وەک کەسێکی نەبێ لە خۆم و کەسی خۆی بان وەک ڕێبوار وابە) وە عەبدوللای کوڕی عومەر دەیووت: ئەگەر ئێوارەت کردەوە چاوەڕوانی بەیانی مەبە، وە ئەگەر بەیانیت کردەوە چاوەڕوانی ئێوارە مەبە، لە کاتی تەندروستیدا بۆ کاتی نەخۆشی و لە ژیانتدا بۆ کاتی مردن).

ڤایەتی (٧٢) سورەتی (آل عمران) هۆکار ڕسول الله (ﷺ) (نقل الله تعالى بأن أحد ، إنك ما دمت حي-

﴿وَحَسِبُوا أَلَّا تَكُونَ فِتْنَةٌ﴾ وایان دەزانی کەتۆڵە و سزا دووچاریان نابێت ﴿فَعَمُوا وَصَمُّوا﴾ جا بۆیە کوێرو کەڕبوون ﴿ثُمَّ تَابَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ﴾ لە پاشان خوا تەوبەو گەڕانەوەی لێ وەرگرتن ﴿ثُمَّ عَمُوا وَصَمُّوا كَثِيرٌ مِّنْهُمْ﴾ تینجا لەپاش تەوە زۆر بەیان کوێرو کەڕبوون (لەبیستنو بینینی بەڵگەو نایەتەکانی خوا) ﴿وَاللَّهُ بَصِيرٌ بِمَا يَعْمَلُونَ﴾ وە خوا بینەرە بەهەر کردەوەیەك کەدەیکەن. ٧١)﴿لَقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُوا﴾ سوێند بێت بێ گومان بێ باوەڕبوون ئەوانەی کەوتیان ﴿إِنَّ اللَّهَ هُوَ الْمَسِيحُ ابْنُ مَرْيَمَ﴾ بێگومان خوا مەسیحی کوڕی مەریەمە ﴿وَقَالَ الْمَسِيحُ يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ﴾ لەکاتێکدا مەسیح (کاتێ پەوانەکرا) ووتی ئەی ئەوەی ئیسرائیل ﴿اعْبُدُوا اللَّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمْ﴾ تەنها خوا بپەرستن کە پەروەردگاری من و ئێوەشە ﴿إِنَّهُ مَن يُشْرِكْ بِاللَّهِ﴾ بەڕاستی هەر کەس هاوبەشی بۆخوا دابنێ ﴿فَقَدْ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ﴾ ئەوە بێگومان خوا بەهەشتی لێ حەرام کردووە ﴿وَمَأْوَاهُ النَّارُ﴾ وە جێ و شوێنی شاگر دەبێت ﴿وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ﴾وە بۆ ئەو ستەمکارانە هیچ یارمەتی دەرێك نی یە.٧٢)﴿لَقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُوا﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی بێ باوەڕبوون ئەوانەی کەوتیان ﴿إِنَّ اللَّهَ ثَالِثُ ثَلَاثَةٍ﴾ بێگومان خوا یەکێکە لەسێ خوا (کەبڕوێن لەیەروەردگارو هیساو دایکی) ﴿وَمَا مِنْ إِلَٰهٍ إِلَّا إِلَٰهٌ وَاحِدٌ﴾ (لەکاتێکدا) هیچ پەرستراوێکی راست نی یە بێجگە لەتەنیا خوایەك ﴿وَإِن لَّمْ يَنتَهُوا عَمَّا يَقُولُونَ﴾ وە ئەگەر واز نەهێنن لەم ووتە ناڕەواو بەدانە ﴿لَيَمَسَّنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْهُمْ﴾ سوێند بەخوا دووچاریی ئەوانەیان ئەبێ کەبێ باوەڕبوون ﴿عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ سزایەکی بەئازارو سەخت. ٧٣)﴿أَفَلَا يَتُوبُونَ إِلَى اللَّهِ﴾ دەی ئایا بۆ ئێوە ناگەڕێنەوە بۆلای خوا؟﴿وَيَسْتَغْفِرُونَهُ﴾ و داوای لێبوردنی لێ ناکەن؟ ﴿وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ لەکاتێکدا خوا لێبوردەی میهرەبانە. ٧٤)﴿مَّا الْمَسِيحُ ابْنُ مَرْيَمَ إِلَّا رَسُولٌ﴾ مەسیحی کوڕی مەریەم هیچ نی یە جگە لەپێغەمبەری خوا ﴿قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِ الرُّسُلُ﴾ بێگومان لەپێش ئەوەوە چەندەها پێغەمبەر بوون ﴿وَأُمُّهُ صِدِّيقَةٌ﴾ دایکیشی ئافرەتێکی زۆر راست گۆیە ﴿كَانَا يَأْكُلَانِ الطَّعَامَ﴾ هەردووکیان خواردنیان دەخوارد (وەك خوانێن) ﴿انظُرْ كَيْفَ نُبَيِّنُ لَهُمُ الْآيَاتِ﴾ سەرنج بدە چۆن ئایەت و بەڵگەکان ڕوون دەکەینەوە بۆیان ﴿ثُمَّ انظُرْ﴾ پاشان سەیرکە ﴿أَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ﴾ چۆن لا دەدرێن لەحەق بەرەو بەتاڵ. ٧٥)﴿قُلْ أَتَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ﴾ (ئەی موحەممەد (ﷺ)) بڵێ ئایا ئێوە بێجگە لەخوا هاتێك دەپەرستن؟ ﴿مَا لَا يَمْلِكُ لَكُمْ ضَرًّا وَلَا نَفْعًا﴾ کە هیچ زەرەرو سوودێکی نی یە بۆتان ﴿وَاللَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ﴾ وە خوا هەر خۆی بیسەرو زانایە. ٧٦)

قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ لَا تَغْلُوا۟ فِى دِينِكُمْ غَيْرَ ٱلْحَقِّ
وَلَا تَتَّبِعُوٓا۟ أَهْوَآءَ قَوْمٍ قَدْ ضَلُّوا۟ مِن قَبْلُ وَأَضَلُّوا۟
كَثِيرًا وَضَلُّوا۟ عَن سَوَآءِ ٱلسَّبِيلِ ﴿٧٧﴾ لُعِنَ ٱلَّذِينَ
كَفَرُوا۟ مِنۢ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ عَلَىٰ لِسَانِ دَاوُۥدَ وَعِيسَى
ٱبْنِ مَرْيَمَ ذَٰلِكَ بِمَا عَصَوا۟ وَّكَانُوا۟ يَعْتَدُونَ ﴿٧٨﴾
كَانُوا۟ لَا يَتَنَاهَوْنَ عَن مُّنكَرٍ فَعَلُوهُ لَبِئْسَ
مَا كَانُوا۟ يَفْعَلُونَ ﴿٧٩﴾ تَرَىٰ كَثِيرًا مِّنْهُمْ
يَتَوَلَّوْنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَبِئْسَ مَا قَدَّمَتْ لَهُمْ أَنفُسُهُمْ
أَن سَخِطَ ٱللَّهُ عَلَيْهِمْ وَفِى ٱلْعَذَابِ هُمْ خَٰلِدُونَ ﴿٨٠﴾
وَلَوْ كَانُوا۟ يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلنَّبِىِّ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْهِ
مَا ٱتَّخَذُوهُمْ أَوْلِيَآءَ وَلَٰكِنَّ كَثِيرًا مِّنْهُمْ فَٰسِقُونَ
﴿٨١﴾ ۞ لَتَجِدَنَّ أَشَدَّ ٱلنَّاسِ عَدَٰوَةً لِّلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱلْيَهُودَ
وَٱلَّذِينَ أَشْرَكُوا۟ وَلَتَجِدَنَّ أَقْرَبَهُم مَّوَدَّةً لِّلَّذِينَ
ءَامَنُوا۟ ٱلَّذِينَ قَالُوٓا۟ إِنَّا نَصَٰرَىٰ ذَٰلِكَ بِأَنَّ مِنْهُمْ
قِسِّيسِينَ وَرُهْبَانًا وَأَنَّهُمْ لَا يَسْتَكْبِرُونَ ﴿٨٢﴾

هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتی (٨٢) سورەتی (المائدة): ﴿لَتَجِدَنَّ أَشَدَّ ٱلنَّاسِ عَدَٰوَةً...﴾: ئیبنو ئەبی حاتەم دەگێڕێتەوە لە سەعیدی کوڕی موسەییب و ئەبوبەکری کوڕی عەبدوڕەحمان و عوروەی کوڕی زوبەیرەوە ووتیان: پێغەمبەری خوا ﷺ عەمری کوڕی ئومەییەی ضەمری نارد بۆ لای نەجاشی و نامەیەکی لەگەڵ نارد، کاتێک گەیشتە لای نەجاشی نامەکەی خوێندەوە و پاشان ناردی بە دوای جەعفەری کوڕی ئەبو طالیب و هاوەڵە کۆچەرەکانیدا هەروەها ناردی بە دوای راهیب و کەشیشەکانیشدا ئینجا فەرمانی دا جەعفەری کوڕی ئەبو طالیب سورەتی مەریەمی بەسەردا خوێندەوە، یەکسەر باوەڕیان هێنا بە قورئان و چاویان پڕبوو لە فرمێسک تا ئەمانە ئەوانە بوون کە خوای گەورە ئەم ئایەتانەی لە بارەیانەوە نارد، فەرمویەتی ﴿لَتَجِدَنَّ أَشَدَّ ٱلنَّاسِ عَدَٰوَةً﴾ ـــ ﴿فَٱكْتُبْنَا مَعَ ٱلشَّٰهِدِينَ﴾.

﴿قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ﴾ (ئەی موحەممەد (ﷺ)) بڵێ ئەی نامەدارەکان ﴿لِمَ تَكْفُرُونَ بِآيَاتِ﴾ بۆچی بەڵگەکانی ﴿اللَّهِ﴾ خوا ﴿وَاللَّهُ شَهِيدٌ﴾ خوا شایەتە ﴿عَلَىٰ مَا تَعْمَلُونَ﴾ لەسەر ئەوەی دەیکەن. ٧٠)﴿يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لِمَ تَصُدُّونَ﴾ بۆچی ڕێگرن ﴿عَن سَبِيلِ اللَّهِ﴾ لە ڕێگای خوا ﴿مَنْ آمَنَ﴾ کەسانێک ﴿تَبْغُونَهَا عِوَجًا﴾ دەتانەوێت ڕێگاکە کەجی بکەن ﴿وَأَنتُمْ شُهَدَاءُ﴾ لەکاتێکدا ئێوە شایەتن ﴿وَمَا اللَّهُ بِغَافِلٍ﴾ خوا بێئاگا نییە ﴿عَمَّا تَعْمَلُونَ﴾ لەوەی دەیکەن. ٧١)﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِن تُطِيعُوا﴾ ئەگەر گوێڕایەڵی ﴿فَرِيقًا مِّنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ﴾ کۆمەڵێک بن لە نامەدارەکان ﴿يَرُدُّوكُم بَعْدَ إِيمَانِكُمْ﴾ دوای ئیمانهێنانتان ﴿كَافِرِينَ﴾ بتانگێڕنەوە بۆ بێباوەڕی. ٧٢)﴿وَكَيْفَ تَكْفُرُونَ﴾ چۆن بێباوەڕ دەبن ﴿وَأَنتُمْ تُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ آيَاتُ اللَّهِ﴾ لەکاتێکدا بەڵگەکانی خوا دەخوێنرێنەوە بەسەرتاندا ﴿وَفِيكُمْ رَسُولُهُ﴾ لەناوتاندا پێغەمبەرەکەی ﴿وَمَن يَعْتَصِم بِاللَّهِ﴾ هەرکەسێک پەنا بگرێت بە خوا ﴿فَقَدْ هُدِيَ إِلَىٰ صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ﴾ بەڕاستی ڕێنمایی کراوە بۆ ڕێگایەکی ڕاست. ٧٣)﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ﴾ لە خوا بترسن ﴿حَقَّ تُقَاتِهِ﴾ ئەوەندەی شایستەی ترسە ﴿وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ﴾ نەبێت کە مردن بە موسڵمانێتی بێت. ٧٤)﴿وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ﴾ هەموو پێکەوە چنگ بگرن بە ڕەشتەی خوا ﴿جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا﴾ پەرتەوازە مەبن ﴿وَاذْكُرُوا نِعْمَتَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ﴾ یادی نازونیعمەتی خوا بکەن لەسەرتان ﴿إِذْ كُنتُمْ أَعْدَاءً﴾ کاتێک دوژمنی یەکتر بوون ﴿فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ﴾ دڵی هاوڕێکردن ﴿فَأَصْبَحْتُم بِنِعْمَتِهِ إِخْوَانًا﴾ بە نازونیعمەتی ئەو بوونە برا ﴿وَكُنتُمْ عَلَىٰ شَفَا حُفْرَةٍ مِّنَ النَّارِ﴾ لەسەر لێواری چاڵێکی ئاگر بوون ﴿فَأَنقَذَكُم مِّنْهَا﴾ ڕزگاری کردن لێی ﴿كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ﴾ بەم شێوەیە خوا ڕوونتان دەکاتەوە بەڵگەکانی ﴿لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ﴾ بەڵکو ڕێنمایی وەربگرن. ٧٥)﴿وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ﴾ با هەبێت لە ئێوە کۆمەڵێک ﴿يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ﴾ بانگەواز بکەن بۆ چاکە ﴿وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ﴾ فەرمان بە چاکە بکەن ﴿وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ﴾ ڕێگری لە خراپە بکەن ﴿وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾ ئەوانە ڕزگاربووانن. ٧٦)﴿وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ تَفَرَّقُوا﴾ وەک ئەو کەسانە مەبن کە پەرتەوازە بوون ﴿وَاخْتَلَفُوا﴾ لێکیان جیا بووەوە ﴿مِن بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ﴾ دوای ئەوەی بۆیان هات ﴿الْبَيِّنَاتُ﴾ بەڵگەکان ﴿وَأُولَٰئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ ئەوانە سزایەکی گەورەیان بۆ هەیە. ٧٧)﴿يَوْمَ تَبْيَضُّ وُجُوهٌ﴾ ڕۆژێک ڕووی هەندێک ﴿وَتَسْوَدُّ وُجُوهٌ﴾ ڕووی هەندێکی تر ڕەش دەبێت ﴿فَأَمَّا الَّذِينَ اسْوَدَّتْ وُجُوهُهُمْ﴾ ئەوانەی ڕووی ڕەش دەبێت ﴿أَكَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَانِكُمْ﴾ پێیان دەوترێت ئایا دوای ئیمانهێنانتان بێباوەڕ بوون ﴿فَذُوقُوا الْعَذَابَ﴾ ئەوا سزا بچێژن ﴿بِمَا كُنتُمْ تَكْفُرُونَ﴾ بەهۆی ئەوەی بێباوەڕ بوون. ٧٨)﴿وَأَمَّا الَّذِينَ ابْيَضَّتْ وُجُوهُهُمْ﴾ ئەوانەی ڕووی سپی دەبێت ﴿فَفِي رَحْمَةِ اللَّهِ﴾ لە بەزەیی خوادان ﴿هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾ هەمیشە تێیدا دەمێننەوە. ٧٩)﴿تِلْكَ آيَاتُ اللَّهِ﴾ ئەمانە بەڵگەکانی خوان ﴿نَتْلُوهَا عَلَيْكَ﴾ بەسەرتدا دەیانخوێنینەوە ﴿بِالْحَقِّ﴾ بە ڕاستی ﴿وَمَا اللَّهُ يُرِيدُ ظُلْمًا لِّلْعَالَمِينَ﴾ خوا ناهەقی بۆ هیچ بوونەوەرێک ناوێت. ٨٠)﴿وَلِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ﴾ هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوی هەیە هی خوایە ﴿وَإِلَى اللَّهِ تُرْجَعُ الْأُمُورُ﴾ هەموو کارێک دەگەڕێنرێتەوە بۆ لای خوا. ٨١)﴿كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ﴾ ئێوە باشترین کۆمەڵگەن ﴿أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ﴾ بۆ خەڵکی دەرکەوتوون ﴿تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ﴾ فەرمان بە چاکە دەکەن ﴿وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ﴾ ڕێگری لە خراپە دەکەن ﴿وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ﴾ باوەڕتان بە خوا هەیە ﴿وَلَوْ آمَنَ أَهْلُ الْكِتَابِ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُم﴾ ئەگەر نامەدارەکان ئیمان بهێنن باشتر بۆیان دەبوو ﴿مِّنْهُمُ الْمُؤْمِنُونَ﴾ هەندێکیان باوەڕدارن ﴿وَأَكْثَرُهُمُ الْفَاسِقُونَ﴾ زۆربەیان لادەرن. ٨٢)﴿لَن يَضُرُّوكُمْ إِلَّا أَذًى﴾ هیچ زیانێکتان پێ ناگەیەنن تەنها ئازار نەبێت ﴿وَإِن يُقَاتِلُوكُمْ يُوَلُّوكُمُ الْأَدْبَارَ﴾ ئەگەر شەڕتان لەگەڵ بکەن پاشەکشە دەکەن ﴿ثُمَّ لَا يُنصَرُونَ﴾ دواتر سەرناکەون. ٨٣)﴿ضُرِبَتْ عَلَيْهِمُ الذِّلَّةُ﴾ سووکایەتی بەسەردا سەپێنراوە ﴿أَيْنَ مَا ثُقِفُوا﴾ لە هەر شوێنێک بدۆزرێنەوە ﴿إِلَّا بِحَبْلٍ مِّنَ اللَّهِ﴾ مەگەر بە پەیمانێک لە خوا ﴿وَحَبْلٍ مِّنَ النَّاسِ﴾ یان پەیمانێک لە خەڵک ﴿وَبَاءُو بِغَضَبٍ مِّنَ اللَّهِ﴾ تووشی تووڕەیی خوا بوون ﴿وَضُرِبَتْ عَلَيْهِمُ الْمَسْكَنَةُ﴾ هەژاری بەسەردا سەپێنراوە ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَانُوا يَكْفُرُونَ﴾ ئەمە بەهۆی ئەوەیە بێباوەڕ بوون ﴿بِآيَاتِ اللَّهِ﴾ بە بەڵگەکانی خوا ﴿وَيَقْتُلُونَ الْأَنبِيَاءَ﴾ پێغەمبەرانیان کوشتووە ﴿بِغَيْرِ حَقٍّ﴾ بە ناهەق ﴿ذَٰلِكَ بِمَا عَصَوا﴾ ئەمە بەهۆی ئەوەیە نافەرمانی کردووە ﴿وَّكَانُوا يَعْتَدُونَ﴾ لە سنووری خوا تێپەڕیوون. ٨٤)﴿لَيْسُوا سَوَاءً﴾ هەموو یەکسان نین ﴿مِّنْ أَهْلِ الْكِتَابِ﴾ لە نامەدارەکان ﴿أُمَّةٌ قَائِمَةٌ﴾ کۆمەڵێک هەن ڕاستڕەون ﴿يَتْلُونَ آيَاتِ اللَّهِ﴾ بەڵگەکانی خوا دەخوێنرێنەوە ﴿آنَاءَ اللَّيْلِ﴾ لە کاتەکانی شەودا ﴿وَهُمْ يَسْجُدُونَ﴾ سوجدە دەبەن. ٨٥)﴿يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ﴾ باوەڕ بە خوا دەهێنن ﴿وَالْيَوْمِ الْآخِرِ﴾ بە ڕۆژی دوایی ﴿وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ﴾ فەرمان بە چاکە دەکەن ﴿وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ﴾ ڕێگری لە خراپە دەکەن ﴿وَيُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ﴾ بە خێرا دەچنە پێشەوە لە کارە چاکەکاندا ﴿وَأُولَٰئِكَ مِنَ الصَّالِحِينَ﴾ ئەوانە لە چاکەکارانن. ٨٦)﴿وَمَا يَفْعَلُوا مِنْ خَيْرٍ﴾ هەر چاکەیەک ﴿فَلَن يُكْفَرُوهُ﴾ پاداشتی نابێتەوە ﴿وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِالْمُتَّقِينَ﴾ خوا زانایە بە پارێزکاران. ٨٧)﴿إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا﴾ بێباوەڕەکان ﴿لَن تُغْنِيَ عَنْهُمْ أَمْوَالُهُمْ﴾ سامان و دارایی ﴿وَلَا أَوْلَادُهُم﴾ و منداڵیان ﴿مِّنَ اللَّهِ شَيْئًا﴾ هیچ سوودێکیان پێ ناگەیەنێت لە خوا ﴿وَأُولَٰئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ﴾ ئەوانە هاوەڵانی ئاگرن ﴿هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾ هەمیشە تێیدا دەمێننەوە. ٨٨)﴿مَثَلُ مَا يُنفِقُونَ﴾ نموونەی ئەو شتانەی بەخشندەیی پێوە دەکەن ﴿فِي هَٰذِهِ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا﴾ لەم ژیانی دنیایەدا ﴿كَمَثَلِ رِيحٍ﴾ وەک نموونەی با ﴿فِيهَا صِرٌّ﴾ تێیدا سەرما هەیە ﴿أَصَابَتْ حَرْثَ قَوْمٍ﴾ بەر کشتوکاڵی گەلێک دەکەوێت ﴿ظَلَمُوا أَنفُسَهُمْ﴾ ستەمیان لە خۆیان کردووە ﴿فَأَهْلَكَتْهُ﴾ لەناوی دەبات ﴿وَمَا ظَلَمَهُمُ اللَّهُ﴾ خوا ستەمی لێ نەکردوون ﴿وَلَٰكِنْ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ﴾ بەڵکو خۆیان ستەم لە خۆیان دەکەن. ٨٩)﴿لَا يَأْلُونَكُمْ خَبَالًا﴾ هیچ کەمتەرخەمی ناکەن لە زیانگەیاندنتان ﴿وَدُّوا مَا عَنِتُّمْ﴾ حەز دەکەن ئێوە تووشی ناخۆشی ببن ﴿قَدْ بَدَتِ الْبَغْضَاءُ﴾ دوژمنایەتی ﴿مِنْ أَفْوَاهِهِمْ﴾ لە دەمیانەوە دەردەکەوێت ﴿وَمَا تُخْفِي صُدُورُهُمْ﴾ ئەوەی سینگیان شاردوویەتیەوە ﴿أَكْبَرُ﴾ زۆر گەورەترە ﴿قَدْ بَيَّنَّا لَكُمُ الْآيَاتِ﴾ بەڵگەکانمان ڕوونکردۆتەوە بۆتان ﴿إِن كُنتُمْ تَعْقِلُونَ﴾ ئەگەر تێبگەن. ٩٠)﴿هَا أَنتُمْ أُولَاءِ﴾ ئێوە ئەوانەن ﴿تُحِبُّونَهُمْ﴾ خۆشتان دەوێن ﴿وَلَا يُحِبُّونَكُمْ﴾ ئەوان خۆشیان ناوێن ﴿وَتُؤْمِنُونَ بِالْكِتَابِ كُلِّهِ﴾ باوەڕ بە هەموو کتێبەکان دەهێنن ﴿وَإِذَا لَقُوكُمْ قَالُوا آمَنَّا﴾ کاتێک دێنە بەردەمتان دەڵێن ئێمە باوەڕدارین ﴿وَإِذَا خَلَوْا عَضُّوا عَلَيْكُمُ الْأَنَامِلَ﴾ کاتێک تەنها دەبن پەنجەکانیان دەگەزن ﴿مِنَ الْغَيْظِ﴾ لە توڕەیی ﴿قُلْ مُوتُوا بِغَيْظِكُمْ﴾ بڵێ بمرن بە توڕەییەکەتانەوە ﴿إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ﴾ خوا زانایە بە نهێنییەکانی دڵ. ٩١)﴿إِن تَمْسَسْكُمْ حَسَنَةٌ﴾ ئەگەر چاکەیەک بەدەست بهێنن ﴿تَسُؤْهُمْ﴾ ناڕەحەتیان دەکات ﴿وَإِن تُصِبْكُمْ سَيِّئَةٌ﴾ ئەگەر خراپەیەک بەسەرتان بێت ﴿يَفْرَحُوا بِهَا﴾ دڵخۆش دەبن پێی ﴿وَإِن تَصْبِرُوا﴾ ئەگەر خۆڕاگر بن ﴿وَتَتَّقُوا﴾ لە خوا بترسن ﴿لَا يَضُرُّكُمْ كَيْدُهُمْ شَيْئًا﴾ هیچ زیانێکی فێڵ و تەڵەکەیان پێ ناگەیەنێت ﴿إِنَّ اللَّهَ بِمَا يَعْمَلُونَ مُحِيطٌ﴾ خوا بە هەموو ئەوەی دەیکەن زانایە. ٩٢)﴿وَإِذْ غَدَوْتَ مِنْ أَهْلِكَ﴾ کاتێک بەیانی زوو لە ماڵەوە ﴿تُبَوِّئُ الْمُؤْمِنِينَ مَقَاعِدَ لِلْقِتَالِ﴾ جێگای شەڕکردنی بۆ باوەڕداران دیاری دەکرد ﴿وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ خوا بیسەر و زانایە. ٩٣)﴿إِذْ هَمَّت طَّائِفَتَانِ مِنكُمْ﴾ کاتێک دوو دەستە لە ئێوە ﴿أَن تَفْشَلَا﴾ ویستیان بشکێن ﴿وَاللَّهُ وَلِيُّهُمَا﴾ خوا پشتیوانیان بوو ﴿وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ﴾ باوەڕداران پشت بە خوا ببەستن. ٩٤)﴿وَلَقَدْ نَصَرَكُمُ اللَّهُ بِبَدْرٍ﴾ خوا سەرخستنی بۆ کردن لە بەدر ﴿وَأَنتُمْ أَذِلَّةٌ﴾ لەکاتێکدا کەمدەسەڵات بوون ﴿فَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾ لە خوا بترسن بەڵکو سوپاسگوزار بن. ٩٥)﴿إِذْ تَقُولُ لِلْمُؤْمِنِينَ﴾ کاتێک بە باوەڕداران دەڵێیت ﴿أَلَن يَكْفِيَكُمْ﴾ ئایا ئەوە بەسە بۆتان ﴿أَن يُمِدَّكُمْ رَبُّكُم﴾ پەروەردگارتان یارمەتیتان بدات ﴿بِثَلَاثَةِ آلَافٍ مِّنَ الْمَلَائِكَةِ﴾ بە سێ هەزار فریشتە ﴿مُنزَلِينَ﴾ کە دادەبەزێنرێن. ٩٦)﴿بَلَىٰ إِن تَصْبِرُوا﴾ بەڵێ ئەگەر خۆڕاگر بن ﴿وَتَتَّقُوا﴾ لە خوا بترسن ﴿وَيَأْتُوكُم مِّن فَوْرِهِمْ هَٰذَا﴾ ئەگەر ئەوانیش بە خێرایی ﴿يُمْدِدْكُمْ رَبُّكُم﴾ پەروەردگارتان یارمەتیتان دەدات ﴿بِخَمْسَةِ آلَافٍ مِّنَ الْمَلَائِكَةِ﴾ بە پێنج هەزار فریشتە ﴿مُسَوِّمِينَ﴾ کە نیشانەیان لێدراوە. ٩٧)﴿وَمَا جَعَلَهُ اللَّهُ﴾ خوا نەیکردووە ﴿إِلَّا بُشْرَىٰ لَكُمْ﴾ تەنها مژدەیەک بۆ ئێوە ﴿وَلِتَطْمَئِنَّ قُلُوبُكُم بِهِ﴾ بۆ ئەوەی دڵتان پێی دڵنیا بێت ﴿وَمَا النَّصْرُ إِلَّا مِنْ عِندِ اللَّهِ﴾ سەرکەوتن تەنها لە لای خوایە ﴿الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ﴾ خوای باڵادەست و دانا. ٩٨)﴿لِيَقْطَعَ طَرَفًا مِّنَ الَّذِينَ كَفَرُوا﴾ بۆ ئەوەی بەشێک لە بێباوەڕان لەناو ببات ﴿أَوْ يَكْبِتَهُمْ﴾ یان سووکایەتیان پێ بکات ﴿فَيَنقَلِبُوا خَائِبِينَ﴾ ئەوا بگەڕێنەوە بێهیوا. ٩٩)﴿لَيْسَ لَكَ مِنَ الْأَمْرِ شَيْءٌ﴾ هیچ دەسەڵاتێکت نییە لە کاروباردا ﴿أَوْ يَتُوبَ عَلَيْهِمْ﴾ یان ببورێت لێیان ﴿أَوْ يُعَذِّبَهُمْ﴾ یان سزایان بدات ﴿فَإِنَّهُمْ ظَالِمُونَ﴾ چونکە ئەوان ستەمکارن. ١٠٠)﴿وَلِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ﴾ هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوی هەیە هی خوایە ﴿يَغْفِرُ لِمَن يَشَاءُ﴾ لێبوردنی بۆ هەرکەسێک بێت کە بیەوێت ﴿وَيُعَذِّبُ مَن يَشَاءُ﴾ سزای هەرکەسێک بدات کە بیەوێت ﴿وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ خوا لێبووردەر و میهرەبانە.

وَإِذَا سَمِعُوا مَا أُنزِلَ إِلَى الرَّسُولِ تَرَىٰ أَعْيُنَهُمْ تَفِيضُ مِنَ
الدَّمْعِ مِمَّا عَرَفُوا مِنَ الْحَقِّ يَقُولُونَ رَبَّنَا آمَنَّا فَاكْتُبْنَا مَعَ
الشَّاهِدِينَ ﴿٨٣﴾ وَمَا لَنَا لَا نُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَمَا جَاءَنَا مِنَ الْحَقِّ
وَنَطْمَعُ أَن يُدْخِلَنَا رَبُّنَا مَعَ الْقَوْمِ الصَّالِحِينَ ﴿٨٤﴾ فَأَثَابَهُمُ
اللَّهُ بِمَا قَالُوا جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا
وَذَٰلِكَ جَزَاءُ الْمُحْسِنِينَ ﴿٨٥﴾ وَالَّذِينَ كَفَرُوا وَكَذَّبُوا
بِآيَاتِنَا أُولَٰئِكَ أَصْحَابُ الْجَحِيمِ ﴿٨٦﴾ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا
لَا تُحَرِّمُوا طَيِّبَاتِ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكُمْ وَلَا تَعْتَدُوا إِنَّ اللَّهَ
لَا يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ ﴿٨٧﴾ وَكُلُوا مِمَّا رَزَقَكُمُ اللَّهُ حَلَالًا طَيِّبًا
وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي أَنتُم بِهِ مُؤْمِنُونَ ﴿٨٨﴾ لَا يُؤَاخِذُكُمُ اللَّهُ
بِاللَّغْوِ فِي أَيْمَانِكُمْ وَلَٰكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا عَقَّدتُّمُ الْأَيْمَانَ
فَكَفَّارَتُهُ إِطْعَامُ عَشَرَةِ مَسَاكِينَ مِنْ أَوْسَطِ مَا تُطْعِمُونَ
أَهْلِيكُمْ أَوْ كِسْوَتُهُمْ أَوْ تَحْرِيرُ رَقَبَةٍ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ
ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ ذَٰلِكَ كَفَّارَةُ أَيْمَانِكُمْ إِذَا حَلَفْتُمْ وَاحْفَظُوا
أَيْمَانَكُمْ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿٨٩﴾

فەرموی خوا ئایەتی (٨٧) سورەتی (المائدة): ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُحَرِّمُوا طَيِّبَاتِ مَا أَحَلَّ اللَّهُ ... ﴾ سورەتی گێڕاوەتەوە بەوەی کەمەبەستی کەوتبێ هەبێت دەڵێ: پێیاوتبێ هاتە لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەڕاستی من هەر کاتێ گۆشتم خواردبێ بێ دڵەخێ دێن ئەیم و ئارەزوو ئەمگرێ بۆیە گۆشت خواردنم لەسەر خۆم حەرام کردووە و خوای گەورەش ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە.

فەرمای خوا فەرمودەی ئایەتی (٨٩) سورەتی (المائدة): ﴿مِنْ أَوْسَطِ مَا تُطْعِمُونَ أَهْلِيكُمْ﴾ ئەوین مانجە لە مەبەستەوە دەگێڕێتەوە کە وتوویەتی: پیاو هەبوو بڕێکی خۆراکەکەی ئەدا بە جۆرێکی زۆر فراوان و پیاوی واش هەبوو بڕێکی خۆراکەکەی

﴿وَإِذَا سَمِعُوا﴾ هەر کاتێ گوێیان لێ بووایە ﴿مَا أُنزِلَ إِلَى الرَّسُولِ﴾ ئەو قورئانەی کە نێردراوەتە خوارەوە بۆ پێغەمبەر(ﷺ) ﴿تَرَىٰ أَعْيُنَهُمْ﴾ دەبینی چاوەکانیان ﴿تَفِيضُ مِنَ الدَّمْعِ﴾ لە فرمێسک (پڕدەبێ و) دەڕژێت ﴿مِمَّا عَرَفُوا مِنَ الْحَقِّ﴾ لەبەر ئەو ڕاستی یەی کە زانیویانە (و بۆیان دەرکەوتوە) ﴿يَقُولُونَ رَبَّنَا آمَنَّا﴾ شەڕێن ئەی پەروەردگارمان ئەوا ئێمە باوەڕمان هێنا ﴿فَاكْتُبْنَا مَعَ الشَّاهِدِينَ﴾ دەتۆمار لەگەڵ شایەت دەران ناومان بنوسە. ٨٣)﴿وَمَا لَنَا لَا نُؤْمِنُ﴾ بۆچی دەبێ ئێمە باوەڕ نەهێنین بە خوا ﴿وَمَا جَاءَنَا مِنَ الْحَقِّ﴾ و بەوەی کە بۆمان هاتووە لە حەق و ڕاستی ﴿وَنَطْمَعُ أَن يُدْخِلَنَا رَبُّنَا﴾ لە کاتێکدا ئومێدمان وایێ پەروەردگارمان بمانخاتە ﴿مَعَ الْقَوْمِ الصَّالِحِينَ﴾ ڕیزی پیاو چاکانەوە. ٨٤) ﴿فَأَثَابَهُمُ اللَّهُ بِمَا قَالُوا﴾ جا خوا پاداشتیان ئەداتەوە بەهۆی ئەوەوە کە ووتیان ﴿جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ﴾ بەچەند باخێك کە ڕووبار بە ژێریاندا دەڕوات ﴿خَالِدِينَ فِيهَا﴾ دەمێننەوە تیایدا بەهەمیشەیی ﴿وَذَٰلِكَ جَزَاءُ الْمُحْسِنِينَ﴾ وە ئەوەیە پاداشتی چاکە کاران. ٨٥) ﴿وَالَّذِينَ كَفَرُوا وَكَذَّبُوا بِآيَاتِنَا﴾ وە ئەوانەی باوەڕیان نەهێنناو ئایەتەکانی ئێمەیان بە درۆ دەزانی ﴿أُولَٰئِكَ أَصْحَابُ الْجَحِيمِ﴾ ئەوانەن هاوەڵانی دۆزەخ. ٨٦)﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا﴾ ئەی ئەوانەی بڕوایان هێناوە ﴿لَا تُحَرِّمُوا طَيِّبَاتِ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكُمْ﴾ ئەو شتە پاك و خۆشانەی کە خوا حەڵاڵی کردوە بۆتان پاسافی مەکەن لە خۆتان ﴿وَلَا تَعْتَدُوا﴾ و سنوور مەشکێنن ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ﴾ چونکە بێ گومان خوا سنوور شکێنەرانی خۆش ناوێ. ٨٧)﴿وَكُلُوا مِمَّا رَزَقَكُمُ اللَّهُ﴾ بخۆن لەو ڕسق و ڕۆزیانەی کە خوا پێی بەخشیوون ﴿حَلَالًا طَيِّبًا﴾ کە حەڵاڵ و پاکن ﴿وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي أَنتُم بِهِ مُؤْمِنُونَ﴾ خۆتان بپارێزن و بترسن لەو خوایەی کە ئێوە باوەڕتان پێ بەتی. ٨٨)﴿لَا يُؤَاخِذُكُمُ اللَّهُ﴾ خوا لێتان ناگرێ ﴿بِاللَّغْوِ فِي أَيْمَانِكُمْ﴾ ئەو سوێندانەتان کە نیازی دڵی لەگەڵدا نی یە ﴿وَلَٰكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا عَقَّدتُّمُ الْأَيْمَانَ﴾ بەڵام لێ تان ئەگرێ (بە گوناهبارتان دادەنێ) ﴿بِمَا عَقَّدتُّمُ الْأَيْمَانَ﴾ بە(شکاندنی) سوێندێ کەبەنیازی دڵ داتان بەستبێت ﴿فَكَفَّارَتُهُ﴾ جا کەفارەتی (سڕینەوەی شکاندنی) ئەو سوێندانە ﴿إِطْعَامُ عَشَرَةِ مَسَاكِينَ﴾ خۆراك دانی دە هەژارە ﴿مِنْ أَوْسَطِ مَا تُطْعِمُونَ أَهْلِيكُمْ﴾ لە خۆراکێ نام ناوەندی کە بە منداڵ وخێزانی خۆتانی دەدەن ﴿أَوْ كِسْوَتُهُمْ﴾ یا پۆشاکی دە هەژار ﴿أَوْ تَحْرِيرُ رَقَبَةٍ﴾ یا ئازاد کردنی بەندەیەك ﴿فَمَن لَّمْ يَجِدْ﴾ جانەوەی دەستی نەکەوت هیچ کام لەمانە ﴿فَصِيَامُ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ﴾ ئەوە سێ ڕۆژ بە ڕۆژوو بێت ﴿ذَٰلِكَ كَفَّارَةُ أَيْمَانِكُمْ إِذَا حَلَفْتُمْ﴾ ئەوەی باسکرا) کەفارەتی سوێندەکانتانە کاتێ کە سوێندتان خوارد(و سوێندەکەتان شکاند) ﴿وَاحْفَظُوا أَيْمَانَكُمْ﴾ وە سوێندەکانتان بپارێزن ﴿كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ﴾ بەو جۆرە خوا ئایەتەکانی خۆی بە ڕوونی باسی ئەکات بۆتان ﴿لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾ بۆ ئەوەی سوپاسی بکەن. ٨٩)

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِنَّمَا ٱلْخَمْرُ وَٱلْمَيْسِرُ وَٱلْأَنصَابُ وَٱلْأَزْلَٰمُ رِجْسٌ
مِّنْ عَمَلِ ٱلشَّيْطَٰنِ فَٱجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿٩٠﴾ إِنَّمَا يُرِيدُ
ٱلشَّيْطَٰنُ أَن يُوقِعَ بَيْنَكُمُ ٱلْعَدَٰوَةَ وَٱلْبَغْضَآءَ فِى ٱلْخَمْرِ وَٱلْمَيْسِرِ
وَيَصُدَّكُمْ عَن ذِكْرِ ٱللَّهِ وَعَنِ ٱلصَّلَوٰةِ ۖ فَهَلْ أَنتُم مُّنتَهُونَ ﴿٩١﴾ وَأَطِيعُوا۟
ٱللَّهَ وَأَطِيعُوا۟ ٱلرَّسُولَ وَٱحْذَرُوا۟ ۚ فَإِن تَوَلَّيْتُمْ فَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّمَا عَلَىٰ
رَسُولِنَا ٱلْبَلَٰغُ ٱلْمُبِينُ ﴿٩٢﴾ لَيْسَ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟
ٱلصَّٰلِحَٰتِ جُنَاحٌ فِيمَا طَعِمُوٓا۟ إِذَا مَا ٱتَّقَوا۟ وَّءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟
ٱلصَّٰلِحَٰتِ ثُمَّ ٱتَّقَوا۟ وَّءَامَنُوا۟ ثُمَّ ٱتَّقَوا۟ وَّأَحْسَنُوا۟ ۗ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ
﴿٩٣﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَيَبْلُوَنَّكُمُ ٱللَّهُ بِشَىْءٍ مِّنَ ٱلصَّيْدِ تَنَالُهُۥٓ
أَيْدِيكُمْ وَرِمَاحُكُمْ لِيَعْلَمَ ٱللَّهُ مَن يَخَافُهُۥ بِٱلْغَيْبِ ۚ فَمَنِ ٱعْتَدَىٰ بَعْدَ
ذَٰلِكَ فَلَهُۥ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٩٤﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَقْتُلُوا۟ ٱلصَّيْدَ
وَأَنتُمْ حُرُمٌ ۗ وَمَن قَتَلَهُۥ مِنكُم مُّتَعَمِّدًا فَجَزَآءٌ مِّثْلُ مَا قَتَلَ مِنَ ٱلنَّعَمِ
يَحْكُمُ بِهِۦ ذَوَا عَدْلٍ مِّنكُمْ هَدْيًۢا بَٰلِغَ ٱلْكَعْبَةِ أَوْ كَفَّٰرَةٌ طَعَامُ
مَسَٰكِينَ أَوْ عَدْلُ ذَٰلِكَ صِيَامًا لِّيَذُوقَ وَبَالَ أَمْرِهِۦ ۗ عَفَا ٱللَّهُ عَمَّا
سَلَفَ ۖ وَمَنْ عَادَ فَيَنتَقِمُ ٱللَّهُ مِنْهُ ۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ ذُو ٱنتِقَامٍ ﴿٩٥﴾

- ئەی ئەوانەی بڕوایان هێناوە بەڕاستی خواردنەوەی سەرخۆش و قومار و بتەکان و تیرە هێڵەکان پیسین و لە کردەوەی شەیتانن، جا لێیان دوور بکەونەوە بەڵکو سەرفراز بن.
- شەیتان تەنها ئەوە دەخوازێت کە لە نێوانتاندا دوژمنایەتی و رق و کینە دروست بکات بە هۆی خواردنەوەی سەرخۆش و قومارەوە، هەروەها ئەوە دەخوازێت کە لە یادی خوا و لە نوێژ بەرگریتان بکات، ئایا ئێوە واز دێنن؟
- گوێڕایەڵی خوا و گوێڕایەڵی پێغەمبەر بکەن و بەردەوام بن لە ترسان لە خوا، ئەگەر پشت هەڵکەن بزانن بەڕاستی ئەرکی سەر شانی پێغەمبەرمان تەنها ڕاگەیاندنی ئاشکرایە.
- لەسەر ئەوانەی بڕوایان هێناوە و کردەوەی چاکەیان ئەنجامداوە هیچ گوناهێک نییە لەوەی کە خواردوویانە ئەگەر لە خوا بترسن و بڕوا بهێنن و کردەوەی چاک ئەنجام بدەن، پاشان لە خوا بترسن و بڕوا بهێنن، پاشان لە خوا بترسن و چاکەکار بن، خوا خۆشەویستی چاکەکارانە.
- ئەی ئەوانەی بڕوایان هێناوە بەڕاستی خوا بە شتێکی کەم لە ڕاوی نێچیر تاقیتان دەکاتەوە کە دەستەکان و نێزەکانتان دەیگرن، تا خوا بزانێت کێ لە نهێنیدا لێی دەترسێت، جا هەر کەسێک دوای ئەمە سنوور ببەزێنێت سزایەکی بە ئازار چاوەڕێی دەکات.
- ئەی ئەوانەی بڕوایان هێناوە ڕاوی نێچیر مەکەن کاتێک کە ئێوە لە ئیحرامدان، هەر کەسێک بە قەستی نێچیرێک بکوژێت سزاکەی ئەوەیە هاوشێوەی ئاژەڵەکە لە ئاژەڵی ماڵی قوربانی بکات، کە دوو دادوەر لە نێوانتان بڕیاری لەسەر بدەن و ببێتە قوربانی کە بگاتە کەعبە، یان کەفارەتی خۆراکی هەژارانی لێ بدرێت، یان بە ژمارەی ئەو هەژارانە ڕۆژوو بگرێت، تا تامی سزای کارەکەی بچێژێت، خوا لێبوردەیی لە هەرچی ڕابردووە، بەڵام هەر کەسێک جارێکی تر بگەڕێتەوە خوا تۆڵەی لێ دەکاتەوە، خوا زاڵ و تۆڵەسێنە.

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا﴾ ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە ﴿إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالْأَنصَابُ﴾ بێ گومان ئارەق و قومار و ئەو بەردانەی کە کراون بە بت ﴿وَالْأَزْلَامُ﴾ و ئەو پارچە دارانەی (کە بەکارتەهێنرێن بۆ دیاریکردنی بەش و چارەنووس) ﴿رِجْسٌ مِّنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ﴾ ئەوانە پیسن و لەکردەوەی شەیتانن ﴿فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ کەوانە دوورکەونەوە لێ ی ئاڕزگارین. ٩٠) ﴿إِنَّمَا يُرِيدُ الشَّيْطَانُ﴾ بێگومان شەیتان هەر ئەوەی ئەوێ ﴿أَن يُوقِعَ بَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاءَ﴾ کە دوژمنایەتی و کینەو ڕق بخاتە ناوتانەوە ﴿فِي الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ﴾ بەهۆی ئارەق و قومارەوە ﴿وَيَصُدَّكُمْ عَن ذِكْرِ اللَّهِ وَعَنِ الصَّلَاةِ﴾ وە بەرگریتان بکات لەیاد و باسی خوا و لەنوێژ کردن ﴿فَهَلْ أَنتُم مُّنتَهُونَ﴾ دەی ئایا ئێوە وازدەهێنن (لەو خراپانە)؟. ٩١) ﴿وَأَطِيعُوا اللَّهَ﴾ وە فەرمانبەر و گوێ ڕایەڵی خوا بن ﴿وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ﴾ وە فەرمانبەرو گوێ ڕایەڵی نێوراوە کەی بن ﴿وَاحْذَرُوا﴾ و بارسن (ئاگادارین) ﴿فَإِن تَوَلَّيْتُمْ﴾ ئینجا ئەگەر ئێوە ڕوو وەرگێڕن و فەرمان بەری نەکەن ﴿فَاعْلَمُوا﴾ ئەوا بزانن ﴿أَنَّمَا عَلَىٰ رَسُولِنَا﴾ بێگومان ئەوەی کە لەسەر نێردراوەکەی ئێمە بێ ﴿الْبَلَاغُ الْمُبِينُ﴾ بەس ڕاگەیاندنی ڕوون و ئاشکرای ئایینەکەیە. ٩٢) ﴿لَيْسَ عَلَى الَّذِينَ آمَنُوا﴾ نەبووەو نی یە لەسەر ئەوانەی کەبڕوایان هێناوە ﴿وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ﴾ وە کردەوە چاکەکانیان کردووە ﴿جُنَاحٌ فِيمَا طَعِمُوا﴾ هیچ گوناهێك لەوەی خواردویانە (ئارەق و پارەی قومار پێش حەرام کردنیان) ﴿إِذَا مَا اتَّقَوا﴾ ئەگەر خۆیان پاراستبێ (لەو چەرخەدا لەوەی کە حەرام بووە لە سەریان) ﴿وَآمَنُوا﴾ وە باوەڕداربووین ﴿وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ﴾ و کردەوە چاکەکانیان کردبێ ﴿ثُمَّ اتَّقَوا﴾ پاشان خۆیان پاراستبێ (لەوەی کە حەرام کرابێ) ﴿وَآمَنُوا﴾ و بڕواشیان هەبوبێت (بەوەی کە هاتبێ لە لایەن خواوە) ﴿ثُمَّ اتَّقَوا﴾ پاشان بەردەوام بووین لەسەر خۆ پارێزی ﴿وَأَحْسَنُوا﴾ و چاکەکانیشیان بەچاکی کردبێ ﴿وَاللَّهُ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ﴾ وە خوا ئەو چاکەکارانەی خۆش دەوێ. ٩٣) ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا﴾ ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە ﴿لَيَبْلُوَنَّكُمُ اللَّهُ﴾ سوێند بە خواء خوا تاقیتان دەکاتەوە ﴿بِشَيْءٍ مِّنَ الصَّيْدِ﴾ بە هەندێك نێچیر ﴿تَنَالُهُ أَيْدِيكُمْ وَرِمَاحُكُمْ﴾ کە بەدەست دەیانگرن و بە ڕمەکانتان ڕاویان دەکەن ﴿لِيَعْلَمَ اللَّهُ مَن يَخَافُهُ بِالْغَيْبِ﴾ تا خوا دەری بخات کێ لێ ی دەترسێ بە پەنهانی ﴿فَمَنِ اعْتَدَىٰ بَعْدَ ذَٰلِكَ﴾ ئینجا هەرکەس دەست درێژی بکات دوای ئەو (هەواڵ پێدانە) ﴿فَلَهُ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ ئەوە بۆی هەیە سزایەکی بەئازار. ٩٤) ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا﴾ ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە ﴿لَا تَقْتُلُوا الصَّيْدَ﴾ نێچی مەکوژن ﴿وَأَنتُمْ حُرُمٌ﴾ لە کاتێکدا ئێوە لە ئیحرامدان ﴿وَمَن قَتَلَهُ مِنكُم مُّتَعَمِّدًا﴾ وە ئەوەتان بەدەستی ئەنقەست بیکوژێ ﴿فَجَزَاءٌ مِّثْلُ مَا قَتَلَ﴾ ئەوە لەسەریەتی سەر بڕینی وێنەی ئەوەی کە کوشتویەتی ﴿مِنَ النَّعَمِ﴾ لە ئاژاڵ و ماڵات ﴿يَحْكُمُ بِهِ﴾ ئەو بڕیارە بدەن (نێچیرەکە لە بەرانبەر ج ئاژەڵێکدایە) ﴿ذَوَا عَدْلٍ مِّنكُمْ﴾ دوو پیاوی موسڵمانی چاك لەخۆتان ﴿هَدْيًا بَالِغَ الْكَعْبَةِ﴾ بە شێوەی قوربانی بگاتە کەعبە (و لەوێ بیکات بەقوربانی) ﴿أَوْ كَفَّارَةٌ طَعَامُ مَسَاكِينَ﴾ یان بە ئەندازەی نرخی قوربانیەکە خۆراك بدات بە چەند هەژارێ ﴿أَوْ عَدْلُ ذَٰلِكَ صِيَامًا﴾ یان بەقەدەر ئەو خۆراکدانە ڕۆژوو بگرێت ﴿لِّيَذُوقَ وَبَالَ أَمْرِهِ﴾ بۆ ئەوەی بچێژێ ئۆباڵی کارەکەی ﴿عَفَا اللَّهُ عَمَّا سَلَفَ﴾ خوا خۆش بووە لەوەی کە تێپەڕی و بەسەرچوو ﴿وَمَنْ عَادَ﴾ بەڵام هەرکەسێك بگەڕێتەوە (بۆ سەر ئەو کردەوەیە) ﴿فَيَنتَقِمُ اللَّهُ مِنْهُ﴾ ئەوا خوا تۆڵەی بە تینی لێ دەسێنێ ﴿وَاللَّهُ عَزِيزٌ ذُو انتِقَامٍ﴾ وەخوا زاڵە و خاوەنی تۆڵەی بەتینە. ٩٥)

أُحِلَّ لَكُمْ صَيْدُ ٱلْبَحْرِ وَطَعَامُهُۥ مَتَٰعًا لَّكُمْ وَلِلسَّيَّارَةِ ۖ وَحُرِّمَ
عَلَيْكُمْ صَيْدُ ٱلْبَرِّ مَا دُمْتُمْ حُرُمًا ۗ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ٱلَّذِىٓ إِلَيْهِ
تُحْشَرُونَ ﴿٩٦﴾ ۞ جَعَلَ ٱللَّهُ ٱلْكَعْبَةَ ٱلْبَيْتَ ٱلْحَرَامَ
قِيَٰمًا لِّلنَّاسِ وَٱلشَّهْرَ ٱلْحَرَامَ وَٱلْهَدْىَ وَٱلْقَلَٰٓئِدَ ۚ ذَٰلِكَ لِتَعْلَمُوٓا۟
أَنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ وَأَنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ
شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴿٩٧﴾ ٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ وَأَنَّ ٱللَّهَ
غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٩٨﴾ مَّا عَلَى ٱلرَّسُولِ إِلَّا ٱلْبَلَٰغُ ۗ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ مَا
تُبْدُونَ وَمَا تَكْتُمُونَ ﴿٩٩﴾ قُل لَّا يَسْتَوِى ٱلْخَبِيثُ وَٱلطَّيِّبُ
وَلَوْ أَعْجَبَكَ كَثْرَةُ ٱلْخَبِيثِ ۚ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ يَٰٓأُو۟لِى ٱلْأَلْبَٰبِ
لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿١٠٠﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَسْـَٔلُوا۟
عَنْ أَشْيَآءَ إِن تُبْدَ لَكُمْ تَسُؤْكُمْ وَإِن تَسْـَٔلُوا۟ عَنْهَا حِينَ يُنَزَّلُ
ٱلْقُرْءَانُ تُبْدَ لَكُمْ عَفَا ٱللَّهُ عَنْهَا ۗ وَٱللَّهُ غَفُورٌ حَلِيمٌ ﴿١٠١﴾ قَدْ
سَأَلَهَا قَوْمٌ مِّن قَبْلِكُمْ ثُمَّ أَصْبَحُوا۟ بِهَا كَٰفِرِينَ ﴿١٠٢﴾
مَا جَعَلَ ٱللَّهُ مِنۢ بَحِيرَةٍ وَلَا سَآئِبَةٍ وَلَا وَصِيلَةٍ وَلَا حَامٍ ۙ وَلَٰكِنَّ
ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ يَفْتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ ۖ وَأَكْثَرُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ ﴿١٠٣﴾

- بەڕامبەر بەمن
مسوڵمان بەزەیی
دەبزوێت وەلی ئەو
کەسەی کافرە تاوانبار
ئیسلام ناتوانێت
لەئێوانیدا بەهۆی
هاوڕێ خواردنەوە
دڵ و گیانە دروست
بوو ئینجا خوای
گەورە ئەم
ئایەتەی نارد
خوارەوە. ﴿إِنَّمَا
ٱلْخَمْرُ وَٱلْمَيْسِرُ﴾ تا
دەگات ﴿فَهَلْ أَنتُم
مُّنتَهُونَ﴾ ئینجا
کەسانێکی زۆر چوون
لەئایینەدا وتیان
هاوڕێ پیسو فڵان
کەس لە ئوحوددا
گیانیان لەدەست
هەرهەڵی خواردەوە
جا خوای گەورەش

ئەم ئایەتەی نارد خوارەوە ﴿لَيْسَ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ جُنَاحٌ فِيمَا طَعِمُوٓا۟ ...﴾
هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتی (٩٣) سورەتی (المائدة) ﴿لَيْسَ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ
جُنَاحٌ ...﴾ بوخاری لەئەنەسەوە دەگێڕێتەوە کەوتی: من لەسالی ئەبو طەلحەدا شەرابم گێڕەوە
کۆمەڵێک بووم لەبەرکاتەدا هاوڕەگەزیان لەخورما و تری بوو جا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی دا -

﴿أُحِلَّ لَكُمْ صَيْدُ الْبَحْرِ وَطَعَامُهُ﴾ ڕاو(ی نێچیر) و خواردەمەنی دەریایی حەڵاڵ کراوە بۆتان ﴿مَتَاعًا لَّكُمْ وَلِلسَّيَّارَةِ﴾ تا ئێوە و گەشتیارەکان سوودی لێ وەربگرن ﴿وَحُرِّمَ عَلَيْكُمْ صَيْدُ الْبَرِّ﴾ و ڕاو(نێچیر)ی کێوی و ووشکایی یاساغ کراوە لێتان ﴿مَا دُمْتُمْ حُرُمًا﴾ تا لە ئیحرامدا بن ﴿وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي﴾ لە (بێ فەرمانی) ئەو خوایە بترسن کە ﴿إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ﴾ هەر بۆ لای ئەو کۆدەکرێنەوە (لە ڕۆژی دوایی دا). ٩٦)﴿جَعَلَ اللَّهُ الْكَعْبَةَ الْبَيْتَ الْحَرَامَ﴾ خوا کەعبە کە (بیت الحرام)ە دایناوە بەهۆی ﴿قِيَامًا لِّلنَّاسِ﴾ ڕاوەستانی کاروباری دین ودنیای خەڵکی ﴿وَالشَّهْرَ الْحَرَامَ وَالْهَدْيَ وَالْقَلَائِدَ﴾ وە هەروەها مانگە یاساغەکان (کە جەنگ تێیاندا حەرامە)و قوربانیە دیاری نەکراوەکان و قوربانیە دیاری کراوەکان ﴿ذَٰلِكَ لِتَعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ﴾ ئەوەش بۆ ئەوەی کە بزانن بەڕاستی خوا ﴿يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ﴾ ئەزانێ و بە ئاگایە کە چی وا لە ئاسمانەکان و زەویدا ﴿وَأَنَّ اللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ﴾ وە بێگومان خوا بە هەموو شتێ زانایە. ٩٧)﴿اعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ﴾ باش بزانن کە بەڕاستی خوا تۆڵەی زۆر بە تینە (بۆ یاخیان) ﴿وَأَنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ وە بەڕاستی خوا لێبووردەی میهرەبانە (بۆ تۆ بەکاران). ٩٨) ﴿مَّا عَلَى الرَّسُولِ إِلَّا الْبَلَاغُ﴾ نێردراوەکەی خوا هیچی لەسەر نی یە بێجگە لە ڕاگەیاندن ﴿وَاللَّهُ يَعْلَمُ مَا تُبْدُونَ وَمَا تَكْتُمُونَ﴾ وە خوا دەزانێ بەوەی دەری دەخەن بەوەش دەیشارنەوە. ٩٩)﴿قُل لَّا يَسْتَوِي الْخَبِيثُ وَالطَّيِّبُ﴾ (ئەی موحەممەد (ﷺ)) بڵێ پیس و پاک وەک یەک نین ﴿وَلَوْ أَعْجَبَكَ﴾ هەرچەند سەرسامت بکات ﴿كَثْرَةُ الْخَبِيثِ﴾ زۆری پیسەکە ﴿فَاتَّقُوا اللَّهَ﴾ کەواتە لەخوا بترسن ﴿يَا أُولِي الْأَلْبَابِ﴾ ئەی خاوەنانی ژیری و هۆشمەندان ﴿لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ تا ڕزگار بین ١٠٠)﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا﴾ ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە ﴿لَا تَسْأَلُوا عَنْ أَشْيَاءَ﴾ پرسیار مەکەن لە شتانێک ﴿إِن تُبْدَ لَكُمْ تَسُؤْكُمْ﴾ ئەگەر ئاشکرا بکرێن بۆتان ناخۆش و خراپ دەبێت بۆتان ﴿وَإِن تَسْأَلُوا عَنْهَا﴾ وە ئەگەر پرسیار بکەن دەربارەیان ﴿حِينَ يُنَزَّلُ الْقُرْآنُ تُبْدَ لَكُمْ﴾ کاتێ قورئان دەنێردرێتە خوارەوە، بۆتان ئاشکرا دەکرێن ﴿عَفَا اللَّهُ عَنْهَا﴾ خوا خۆش بووە لەو پرسیارانەی لەوە و پێش ﴿وَاللَّهُ غَفُورٌ حَلِيمٌ﴾ وە خوا زۆر لێبووردەی لەسەرخۆیە. ١٠١) ﴿قَدْ سَأَلَهَا قَوْمٌ﴾ بێگومان ئەو (جۆرە) پرسیارانەیان کرد کۆمەڵێ ﴿مِّن قَبْلِكُمْ﴾ پێش ئێوە ﴿ثُمَّ أَصْبَحُوا بِهَا كَافِرِينَ﴾ پاشان بێ بڕوا بوون بەهۆی ئەو پرسیارانەوە. ١٠٢)﴿مَا جَعَلَ اللَّهُ﴾ خوا داینەناوە و بڕیاری نەداوە (سوود وەرنەگرتن لەم چوار جۆرە ووشترە) ﴿مِن بَحِيرَةٍ﴾ لەبەحیرە: (ووشترێک بوو پێنج سکی بکردایەو پێنجەم نێر بوایە، ئەو کاتە گوێچکەیان لەت دەکرد و بەرەڵایان دەکرد) ﴿وَلَا سَائِبَةٍ﴾ و سائیبە: (ووشترێک بوو کە دە تا دوانزە سکی بکردایە هەموو مێینە بوایە)﴿وَلَا وَصِيلَةٍ﴾ و وەصیلە: (ووشترێک بوو یەکەم و دووەم سکی مێینە بوایە)﴿وَلَا حَامٍ﴾ و حام: (ووشترێکی نێر بوو کە لە پشتی ئەو دە سک پەیدا ببوایە) ﴿وَلَٰكِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا﴾ بەڵام ئەوانەی بێ باوەڕبوون ﴿يَفْتَرُونَ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ﴾ درۆ بە دەم خواوە هەڵئەبەستن ﴿وَأَكْثَرُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ﴾ و زۆربەیان ژیر نین (نەزانن). ١٠٣)

وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا إِلَىٰ مَا أَنزَلَ اللَّهُ وَإِلَى الرَّسُولِ قَالُوا
حَسْبُنَا مَا وَجَدْنَا عَلَيْهِ آبَاءَنَا ۚ أَوَلَوْ كَانَ آبَاؤُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ
شَيْئًا وَلَا يَهْتَدُونَ ﴿١٠٤﴾ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا عَلَيْكُمْ أَنفُسَكُمْ ۖ
لَا يَضُرُّكُم مَّن ضَلَّ إِذَا اهْتَدَيْتُمْ ۚ إِلَى اللَّهِ مَرْجِعُكُمْ جَمِيعًا
فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿١٠٥﴾ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا شَهَادَةُ
بَيْنِكُمْ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ حِينَ الْوَصِيَّةِ اثْنَانِ ذَوَا
عَدْلٍ مِّنكُمْ أَوْ آخَرَانِ مِنْ غَيْرِكُمْ إِنْ أَنتُمْ ضَرَبْتُمْ فِي الْأَرْضِ
فَأَصَابَتْكُم مُّصِيبَةُ الْمَوْتِ ۚ تَحْبِسُونَهُمَا مِن بَعْدِ الصَّلَاةِ
فَيُقْسِمَانِ بِاللَّهِ إِنِ ارْتَبْتُمْ لَا نَشْتَرِي بِهِ ثَمَنًا وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَىٰ ۖ
وَلَا نَكْتُمُ شَهَادَةَ اللَّهِ إِنَّا إِذًا لَّمِنَ الْآثِمِينَ ﴿١٠٦﴾ فَإِنْ عُثِرَ عَلَىٰ
أَنَّهُمَا اسْتَحَقَّا إِثْمًا فَآخَرَانِ يَقُومَانِ مَقَامَهُمَا مِنَ الَّذِينَ
اسْتَحَقَّ عَلَيْهِمُ الْأَوْلَيَانِ فَيُقْسِمَانِ بِاللَّهِ لَشَهَادَتُنَا أَحَقُّ
مِن شَهَادَتِهِمَا وَمَا اعْتَدَيْنَا ۖ إِنَّا إِذًا لَّمِنَ الظَّالِمِينَ ﴿١٠٧﴾ ذَٰلِكَ
أَدْنَىٰ أَن يَأْتُوا بِالشَّهَادَةِ عَلَىٰ وَجْهِهَا أَوْ يَخَافُوا أَن تُرَدَّ أَيْمَانٌ بَعْدَ
أَيْمَانِهِمْ ۗ وَاتَّقُوا اللَّهَ وَاسْمَعُوا ۗ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ ﴿١٠٨﴾

- بـــه جارەکه‌ی جاری پێشـــوو بڵێن خەڵکینه بڕوادارین هەروەک حەرام کراوە ئەمەش ڕوونی ئەبێ هاوڵەمە پێ ئەی ڕووم بەڕێ شەڕ هەڵدەڵە بڕۆ مەیلی بەرەم و باڵادەم و هەڵدەڵەکە بەکرانـــەکانی مەبینەوا دەڕۆشت کەسانێک ڕوانیان کارەکێک موسڵمان شـــەهیدبوون و هاوڕێیـــان خوارەڵتەوە جا خوراش ئەم ئایەتەی ئـــارەحوارەوە ﴿لَيْسَ عَلَى الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ جُنَاحٌ فِيمَا...﴾

ڕەنگە هاتنە خوارەوەی ئایەتی (١٠١) سورەتی (المائدة): ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَسْأَلُوا﴾ بۆچاری لە ئەسەر، دەگێڕێتەوە ڕوانی: پێغەمبەر (ﷺ) ڕۆژانێکی خەتابەکی ڕۆژەی ئیعز ڕوانارەم ئەیسەبوو قەرزوڕۆژەکەر ئەیەی من دەبڕام ئێوە بتان زانیایە بەڕاستی کەم پێ دەکەنین و ئێڵد دەگیان) ئەمەش دەڵێ ئێمە هاوڕاتی پێغەمبەر (ﷺ)مەم و جارجار ئەپرسی و دەنگی گرانیان دەمات -

﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا﴾ وەکاتێ کە بووترێ پێیان وەرن ﴿إِلَىٰ مَا أَنزَلَ اللَّهُ﴾ بۆ لای ئەو قورئانەی کە خوا ناردویەتیە خوارەوە ﴿وَإِلَى الرَّسُولِ﴾ و بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) ﴿قَالُوا حَسْبُنَا﴾ دەڵێن بەسمانە ﴿مَا وَجَدْنَا عَلَيْهِ آبَاءَنَا﴾ ئەو(ئایینەی) کەباوک و باپیرانمان لەسەری بوون ﴿أَوَلَوْ كَانَ آبَاؤُهُمْ﴾ ئایا(چاویان لێ دەکەن) ئەگەر لە حاڵێکدا باو باپیرانیشیان ﴿لَا يَعْلَمُونَ شَيْئًا وَلَا يَهْتَدُونَ﴾ هیچ شتێکیان نەزانیبێ و گومڕابووبن. ١٠٤) ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا﴾ ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە ﴿عَلَيْكُمْ أَنفُسَكُمْ﴾ هۆشتان بە خۆتانەوە بێت ﴿لَا يَضُرُّكُم مَّن ضَلَّ﴾ زیانتان پێ ناگەیەنێ ئەوەی گومڕا بووە ﴿إِذَا اهْتَدَيْتُمْ﴾ ئەگەر ئێوە لەسەر ڕێی ڕاست بن (بەرگری کردن لەخراپە بەشێکە لە ڕێنموونی وەرگرتن) ﴿إِلَى اللَّهِ مَرْجِعُكُمْ جَمِيعًا﴾ هەر بۆلای خوایە گەڕانەوەی هەمووتان بە گشتی ﴿فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ ئینجا هەواڵتان پێ ئەدا بەهەر کردەوەیەک کە کردووتانە. ١٠٥)﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا﴾ ئەی ئەوانەی کە بڕواتان هێناوە ﴿شَهَادَةُ بَيْنِكُمْ﴾ شایەتی بدەن لە نێوانتاندا ﴿إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ﴾ کاتێ کەمردنی هەرکامتان نزیک بوویەوە ﴿حِينَ الْوَصِيَّةِ﴾ لەکاتی وەسیەت کردنتاندا ﴿اثْنَانِ ذَوَا عَدْلٍ مِّنكُمْ﴾ دوو کەسی دادپەروەر لەخۆتان (موسوڵمان بن) ﴿أَوْ آخَرَانِ مِنْ غَيْرِكُمْ﴾ یان دووکەسی تر جگەلە خۆتان (کافرین) ﴿إِنْ أَنتُمْ ضَرَبْتُمْ فِي الْأَرْضِ﴾ ئەگەر ئێوە بەسەفەر ڕۆشتبوون بە وڵاتدا ﴿فَأَصَابَتْكُم مُّصِيبَةُ الْمَوْتِ﴾ و بەڵای مردنتان تووش هات ﴿تَحْبِسُونَهُمَا مِن بَعْدِ الصَّلَاةِ﴾ (دوو شایەتەکە) ڕاگرن لەپاش نوێژ (ی هەسر) ﴿فَيُقْسِمَانِ بِاللَّهِ﴾ دەبێ سوێند بخۆن بەخوا ﴿إِنِ ارْتَبْتُمْ﴾ ئەگەر گومانتان بوو (لە ڕاستی و پاکی یان) ﴿لَا نَشْتَرِي بِهِ ثَمَنًا﴾ ئێمە(سوێند خواردنمان) بەخوا ناگۆڕینەوە بەهیچ نرخێک ﴿وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَىٰ﴾ باشایەتی بۆدراوەکە خزم و نزیکیش بێت ﴿وَلَا نَكْتُمُ شَهَادَةَ اللَّهِ﴾ وە شایەتی (دان بۆ) خوا ناشارینەوە ﴿إِنَّا إِذًا لَّمِنَ الْآثِمِينَ﴾ بێگومان (ئەگەر شایەتییەکەمان شاردەوە) کەواتە بەڕاستی لە گوناهباران دەبین. ١٠٦)﴿فَإِنْ عُثِرَ عَلَىٰ﴾ ئینجا ئەگەر زانرا (پاش سوێند خواردنیان) بەوەی﴿أَنَّهُمَا اسْتَحَقَّا إِثْمًا﴾ کەئەو دوو شایەتە درۆیان کردوەو خۆیان تاوان بارکردووە﴿فَآخَرَانِ يَقُومَانِ مَقَامَهُمَا﴾ ئەوە دووکەسی تر لە شوێنی ئەواندا هەڵدەستن (بەسوێند خواردن)﴿مِنَ الَّذِينَ اسْتَحَقَّ عَلَيْهِمُ الْأَوْلَيَانِ﴾ لەوانەی کەشیاوو نزیکترین (لەمردووەکە) لەو دووانە ﴿فَيُقْسِمَانِ بِاللَّهِ﴾ئینجا هەردووکیان سوێند بخۆن بە خوا ﴿لَشَهَادَتُنَا أَحَقُّ مِن شَهَادَتِهِمَا﴾ کەبەڕاستی شایەتیەکەی ئێمە ڕاستترە لە شایەتیەکەی ئەو دووانەی پێشوو﴿وَمَا اعْتَدَيْنَا﴾ وە لەڕاستی لامان نەداوە (لەسوێند خواردنەکەماندا) ﴿إِنَّا إِذًا لَّمِنَ الظَّالِمِينَ﴾ بێگومان (ئەگەر لابدەین) ئەوکاتە ئێمە لەستەمکاران دەبین. ١٠٧) ﴿ذَٰلِكَ أَدْنَىٰ﴾ ئەو(جۆرە شایەتی دانە) نزیکترە ﴿أَن يَأْتُوا بِالشَّهَادَةِ عَلَىٰ وَجْهِهَا﴾ کە شایەتەکان هەڵسن بە شایەتیەکەیان بەشێوە ڕاستەکەی ﴿أَوْ يَخَافُوا أَن تُرَدَّ أَيْمَانٌ﴾ یابترسن لە ڕەدکردنەوەی سوێندەکان (بۆخزمی نزیکی مردووەکە) ﴿بَعْدَ أَيْمَانِهِمْ﴾ دوای سوێند خواردنی ئەمان (واتە بە درۆ بخرێنەوە) ﴿وَاتَّقُوا اللَّهَ وَاسْمَعُوا﴾ بترسن لە خوا و خۆتان بپارێزن و گوێ ڕایەڵی فەرمانی خوا بن ﴿وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ﴾ خوا ڕێنموونی کۆمەڵی لەستوور دەرچوو ناکات. ١٠٨)

يَوْمَ يَجْمَعُ اللَّهُ الرُّسُلَ فَيَقُولُ مَاذَا أُجِبْتُمْ ۖ قَالُوا لَا عِلْمَ
لَنَا ۖ إِنَّكَ أَنتَ عَلَّامُ الْغُيُوبِ ﴿١٠٩﴾ إِذْ قَالَ اللَّهُ يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ
اذْكُرْ نِعْمَتِي عَلَيْكَ وَعَلَىٰ وَالِدَتِكَ إِذْ أَيَّدتُّكَ بِرُوحِ
الْقُدُسِ تُكَلِّمُ النَّاسَ فِي الْمَهْدِ وَكَهْلًا ۖ وَإِذْ عَلَّمْتُكَ
الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَالتَّوْرَاةَ وَالْإِنجِيلَ ۖ وَإِذْ تَخْلُقُ
مِنَ الطِّينِ كَهَيْئَةِ الطَّيْرِ بِإِذْنِي فَتَنفُخُ فِيهَا فَتَكُونُ طَيْرًا
بِإِذْنِي ۖ وَتُبْرِئُ الْأَكْمَهَ وَالْأَبْرَصَ بِإِذْنِي ۖ وَإِذْ تُخْرِجُ
الْمَوْتَىٰ بِإِذْنِي ۖ وَإِذْ كَفَفْتُ بَنِي إِسْرَائِيلَ عَنكَ إِذْ
جِئْتَهُمْ بِالْبَيِّنَاتِ فَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْهُمْ إِنْ هَٰذَا إِلَّا سِحْرٌ
مُّبِينٌ ﴿١١٠﴾ وَإِذْ أَوْحَيْتُ إِلَى الْحَوَارِيِّينَ أَنْ آمِنُوا بِي
وَبِرَسُولِي ۖ قَالُوا آمَنَّا وَاشْهَدْ بِأَنَّنَا مُسْلِمُونَ ﴿١١١﴾ إِذْ قَالَ
الْحَوَارِيُّونَ يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ هَلْ يَسْتَطِيعُ رَبُّكَ أَن
يُنَزِّلَ عَلَيْنَا مَائِدَةً مِّنَ السَّمَاءِ ۖ قَالَ اتَّقُوا اللَّهَ إِن كُنتُم
مُّؤْمِنِينَ ﴿١١٢﴾ قَالُوا نُرِيدُ أَن نَّأْكُلَ مِنْهَا وَتَطْمَئِنَّ قُلُوبُنَا
وَنَعْلَمَ أَن قَدْ صَدَقْتَنَا وَنَكُونَ عَلَيْهَا مِنَ الشَّاهِدِينَ ﴿١١٣﴾

- پیارێکە دەتبینی بەپێغەمبەران (عليهم السلام) کێ پاراگی مدە؟ فەرموری فلان کەس لەیکانەما نەم ئایەتە هاتە خوارەوە ﴿لا تسألوا عن..﴾ هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتی (١٠١-١٠٨) سورەتی (المائدة) ﴿يا أيها الذين آمنوا شهادة بينكم...﴾ بوخاری دەگێڕێتەوە لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسەوە: وەڵامی ئەمیش هاتەوە دەربارەی نەم ئایەتە ﴿يا أيها الذين آمنوا شهادة بينكم...﴾ دەگێڕێتەوە دەڵێ هەموو خەڵک لێی بەری بوو جگە لەعومەر عەدی کوڕی بەدداد، جا ئەوان کە هەڵبووگیان لەسرانی بوون و هات و چۆی شامیان دەکردبو دەچون بۆ مەککەو زۆر دەمانەوە لەوێ ئینجا لەپاش گاڵج کردن بۆ مەدینە، شوێنی بازرگانیەکەیان گواستەوە بۆ مەدینە جارێکیان لەوێ دەرچون بۆ شام و گەیشتە لەوێ (ذي سهم) لە گەلیان هات لە شوێنێکدا گەیشتە سرە -

﴿يَوْمَ يَجْمَعُ اللَّهُ الرُّسُلَ﴾ لە رۆژێك (بترسن) خوا هەموو پێغەمبەران كۆدەكاتەوە﴿فَيَقُولُ مَاذَا أُجِبْتُمْ﴾ ئەوسا پێیان دەفەرموێ چ وەڵامێكتان درایەوە؟﴿قَالُوا لَا عِلْمَ لَنَا﴾ دەڵێن هیچ زانیارییەكمان نی یە﴿إِنَّكَ أَنْتَ عَلَّامُ الْغُيُوبِ﴾ بێگومان تەنها تۆ ئاگاداری هەموو نهێنیەكانیت. ١٠٩)﴿إِذْ قَالَ اللَّهُ يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ﴾ (بیر بكەرەوە) كاتێ خوا بە عیسای كوڕی مەریەمی فەرموو﴿اذْكُرْ نِعْمَتِي عَلَيْكَ وَعَلَىٰ وَالِدَتِكَ﴾ بیریكەرەوە لەچاكە و بەخێری من بەسەر خۆت و دایكتەوە﴿إِذْ أَيَّدتُّكَ بِرُوحِ الْقُدُسِ﴾ كاتێ كە پشتیوانیم لێ كردیت بە گیانی هێزە پیرۆز (جوبرەئیل)﴿تُكَلِّمُ النَّاسَ فِي الْمَهْدِ وَكَهْلًا﴾ كاتێ لەبێشكەدا بوویت و بەگەورەییش قسەت لەگەڵ خەڵكیدا دەكرد﴿وَإِذْ عَلَّمْتُكَ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَالتَّوْرَاةَ وَالْإِنجِيلَ﴾ وە كاتێكیش فێری كتێب (نووسین) و دروست كاری و تەورات و ئینجیلم كردیت﴿وَإِذْ تَخْلُقُ مِنَ الطِّينِ كَهَيْئَةِ الطَّيْرِ بِإِذْنِي فَتَنفُخُ فِيهَا﴾ وەبیریكەرەوە كاتێ بەفەرمانی من لەقوڕ شتێكت لە شێوەی باڵندە دروست دەكرد﴿فَتَكُونُ طَيْرًا بِإِذْنِي﴾ دەست بەجێ بەفەرمانی من شەپۆر بە باڵندە﴿وَتُبْرِئُ الْأَكْمَهَ وَالْأَبْرَصَ بِإِذْنِي﴾ وە بەفەرمانی من كوێری زكماك و بەڵەكیت چاك دەكردەوە﴿وَإِذْ تُخْرِجُ الْمَوْتَىٰ بِإِذْنِي﴾ وەكاتێ بەفەرمانی من مردووانت لە گۆڕ دەردەهێنا (بەزیندوو كراوەیی)﴿وَإِذْ كَفَفْتُ بَنِي إِسْرَائِيلَ عَنكَ﴾ وە بیریكەرەوە كاتێ بەرگری نەوەكانی ئیسرائیلم كردیت (بتكوژن)﴿إِذْ جِئْتَهُمْ بِالْبَيِّنَاتِ﴾ كاتێكیش موعجیزە روونەكانت بۆهێنان﴿فَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْهُمْ﴾ جا ئەوانەیان كە بێ باوەڕبوون ووتیان﴿إِنْ هَٰذَا إِلَّا سِحْرٌ مُّبِينٌ﴾ بەڕاستی ئەمە هیچ نی یە جگەلە جادوویەكی ئاشكرا. ١١٠)﴿وَإِذْ أَوْحَيْتُ إِلَى الْحَوَارِيِّينَ﴾ وە (بیریكەرەوە) كاتێ خستمە دڵی هاوەڵە تایبەتیەكانت﴿أَنْ آمِنُوا بِي وَبِرَسُولِي﴾ كەبڕوا بێنن بە من و بە پێغەمبەرەكەم (عیسا)﴿قَالُوا آمَنَّا وَاشْهَدْ بِأَنَّنَا مُسْلِمُونَ﴾ ئەوانیش ووتیان: ئەوا بڕوامان هێنا و تۆش شایەت بە كە بێگومان ئێمە موسڵمانین. ١١١)﴿إِذْ قَالَ الْحَوَارِيُّونَ يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ﴾ كاتێ هەواریەكان ووتیان: ئەی عیسای كوڕی مەریەم﴿هَلْ يَسْتَطِيعُ رَبُّكَ﴾ ئایا پەروەردگاریی تۆ دەتوانێ﴿أَن يُنَزِّلَ عَلَيْنَا مَائِدَةً مِّنَ السَّمَاءِ﴾ لەئاسمانەوە خوانێكمان بۆ بنێرێتە خوارەوە﴿قَالَ اتَّقُوا اللَّهَ﴾ (عیسا) ووتی لەخوا بترسن﴿إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾ ئەگەر ئێوە باوەڕدارن. ١١٢)﴿قَالُوا نُرِيدُ أَن نَّأْكُلَ مِنْهَا﴾ (هەواریەكان) ووتیان دەمانەوێ لێی بخۆین﴿وَتَطْمَئِنَّ قُلُوبُنَا﴾ ودڵمان ئارام بێ و دڵنیابین (كەپێغەمبەریت)﴿وَنَعْلَمَ أَن قَدْ صَدَقْتَنَا﴾ وەبزانین كە بێگومان ڕاستت لەگەڵ كردوین (لەوەی كەپێت ڕاگەیاندین)﴿وَنَكُونَ عَلَيْهَا مِنَ الشَّاهِدِينَ﴾ ئێمەش ببین بەشایەت لەسەری(بۆئەوانەی ئامادەنین). ١١٣)

قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ اللَّهُمَّ رَبَّنَا أَنزِلْ عَلَيْنَا مَائِدَةً مِّنَ السَّمَاءِ
تَكُونُ لَنَا عِيدًا لِّأَوَّلِنَا وَآخِرِنَا وَآيَةً مِّنكَ ۖ وَارْزُقْنَا وَأَنتَ
خَيْرُ الرَّازِقِينَ ﴿١١٤﴾ قَالَ اللَّهُ إِنِّي مُنَزِّلُهَا عَلَيْكُمْ ۖ فَمَن يَكْفُرْ بَعْدُ
مِنكُمْ فَإِنِّي أُعَذِّبُهُ عَذَابًا لَّا أُعَذِّبُهُ أَحَدًا مِّنَ الْعَالَمِينَ ﴿١١٥﴾
وَإِذْ قَالَ اللَّهُ يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ أَأَنتَ قُلْتَ لِلنَّاسِ اتَّخِذُونِي
وَأُمِّيَ إِلَٰهَيْنِ مِن دُونِ اللَّهِ ۖ قَالَ سُبْحَانَكَ مَا يَكُونُ لِي أَنْ
أَقُولَ مَا لَيْسَ لِي بِحَقٍّ ۚ إِن كُنتُ قُلْتُهُ فَقَدْ عَلِمْتَهُ ۚ تَعْلَمُ مَا فِي
نَفْسِي وَلَا أَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِكَ ۚ إِنَّكَ أَنتَ عَلَّامُ الْغُيُوبِ ﴿١١٦﴾ مَا
قُلْتُ لَهُمْ إِلَّا مَا أَمَرْتَنِي بِهِ أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمْ ۚ وَكُنتُ
عَلَيْهِمْ شَهِيدًا مَّا دُمْتُ فِيهِمْ ۖ فَلَمَّا تَوَفَّيْتَنِي كُنتَ أَنتَ الرَّقِيبَ
عَلَيْهِمْ ۚ وَأَنتَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ ﴿١١٧﴾ إِن تُعَذِّبْهُمْ فَإِنَّهُمْ عِبَادُكَ ۖ
وَإِن تَغْفِرْ لَهُمْ فَإِنَّكَ أَنتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ ﴿١١٨﴾ قَالَ اللَّهُ هَٰذَا يَوْمُ
يَنفَعُ الصَّادِقِينَ صِدْقُهُمْ ۚ لَهُمْ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ
خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا ۖ رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ ۚ ذَٰلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ ﴿١١٩﴾
لِلَّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا فِيهِنَّ ۚ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴿١٢٠﴾

- کەوسەلمانی
ئیمانەیەوە
وەسیەتی کرد
بڕیان کە تۆو
مائیدەی بۆبەخێ
بیەخشێ
بەخاوەنەکەی
ئەوانیش ئیمانەوە
بهێنن جامێکی
ئاوی تیایبوو
هەڵیان گرچۆر
قوڕەیشیان بۆ
خۆیان لە لەبەاش
سووند مان و
سوزند خواردنیان
جادەکە لە مەککە
مانزایەوە ئەوانەی
گەیشتبوون دوتیبان
لەتەمیم و هەدی
مان گەیشتە ، پاشان
دوبەکەس لە مەیات
گرانبی مردبومکە

هاتن و سوزندیان خوارد کەتەم جامە هیچی فڵکە مردووە و خیانەتیەکەی تێنە پاساوە لەخیانەتیەکەی ئیمان و تێنە دەست سوزندیان نادرێوە، ئەمەیسوڕ: تێنیا جامەکە وەرگیرا ئیمان و ئیمانداری تەم تایەتە ماڵەخوارەوە.

- وەجیزانی مفرد لە عەلی ماکان مەڵە وەلاڵیان بابن ئەم ئیبنەتە ئەزیاد مانن ئیسماء ئەم ئیسڵامیانی مفرد لە بابن ئەم ئیلە ئیبنی بابراب الأرض خطایا ئەم ئیبنی ئانعراء بی هیناً ئانیاء بفرایها مفرد(الإنواء الأزمنی) -

﴿قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ﴾ عیسای کوڕی مەریەم فەرمووی ﴿اللَّهُمَّ رَبَّنَا أَنزِلْ عَلَيْنَا مَائِدَةً مِّنَ السَّمَاءِ﴾ ئەی خوای پەروەردگارمان لەئاسمانەوە خوانێکمان بۆ بنێرە خوارەوە ﴿تَكُونُ لَنَا عِيدًا لِّأَوَّلِنَا وَآخِرِنَا﴾ تا ببێ بە جەژن بۆ ئێستامان و نەوەکانی داهاتووشمان ﴿وَآيَةً مِّنكَ﴾ وەموعجیزە و بەڵگەیەک بێت لەلایەن تۆوە ﴿وَارْزُقْنَا وَأَنتَ خَيْرُ الرَّازِقِينَ﴾ وە رسق و ڕۆزیمان پێ ببەخشە چونکە تۆ باشترینی هەموو ڕۆزی دەرانی. ١١٤)﴿قَالَ اللَّهُ إِنِّي مُنَزِّلُهَا عَلَيْكُمْ﴾ خوای گەورە فەرمووی: بە ڕاستی من ئەو خوانە دەنێرمە خوارەوە بۆتان ﴿فَمَن يَكْفُرْ بَعْدُ مِنكُمْ﴾ ئینجا هەر کەس لەئێوە بێ بڕوا و نا سوپاس بێ لە پاش ئەوە ﴿فَإِنِّي أُعَذِّبُهُ عَذَابًا﴾ ئەوە بێگومان سزاکی ئەدەم ﴿لَّا أُعَذِّبُهُ أَحَدًا مِّنَ الْعَالَمِينَ﴾ کە سزای هیچ کەسی پێ نادەم لەجیهانیان. ١١٥)﴿وَإِذْ قَالَ اللَّهُ يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ﴾ وە(بیر بکەرەوە) کاتێ خوا دەفەرمووێ (لەڕۆژی دواییدا) ئەی عیسای کوڕی مەریەم ﴿أَأَنتَ قُلْتَ لِلنَّاسِ﴾ ئایا تۆ ووتووتە بە خەڵکی ﴿اتَّخِذُونِي وَأُمِّيَ إِلَٰهَيْنِ مِن دُونِ اللَّهِ﴾ کەمن و دایکم بەدوو پەرستراو دابنێن (وبمانپەرستن) لەجیاتی خوا؟ ﴿قَالَ سُبْحَانَكَ﴾ (عیسا) ووتی: پاک و بێ گەردی بۆ تۆ ئەی خوایە ﴿مَا يَكُونُ لِي أَنْ أَقُولَ مَا لَيْسَ لِي بِحَقٍّ﴾ نابێ و ناگونجێ بۆ من شتێ بڵێم کە بە هیچ شێوەیەک مافی من نی یە ﴿إِن كُنتُ قُلْتُهُ﴾ ئەگەر من ئەو قسەیەم کردبێ ﴿فَقَدْ عَلِمْتَهُ﴾ ئەوە بەڕاستی تۆ ئاگات لێ یە ﴿تَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِي﴾ چونکە تۆ ئەوەی لە ناخم دایە دەیزانی ﴿وَلَا أَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِكَ﴾ بەڵام من نازانم و بێ ئاگام لەوەی کە لەناخی تۆدایە ﴿إِنَّكَ أَنتَ عَلَّامُ الْغُيُوبِ﴾ بەڕاستی تەنها تۆ زانای تەواوی بە هەموو نهێنی یەک. ١١٦)﴿مَا قُلْتُ لَهُمْ﴾ هیچم پێ نەوتوون ﴿إِلَّا مَا أَمَرْتَنِي بِهِ﴾ بێجگە لەوە نەبێت کە تۆ فەرمانت پێ داوم ﴿أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمْ﴾ کە بەندایەتی خوا بکەن کەپەروەردگاری من و ئێوەیشە ﴿وَأَنتَ عَلَيْهِمْ شَهِيدٌ مَّا دُمْتُ فِيهِمْ﴾ و من شایەت و چاودێر بووم بە سەریانەوە تا لە ناویاندا بووم ﴿فَلَمَّا تَوَفَّيْتَنِي﴾ ئینجا کاتێ تۆ منت بردەوە (و بەرزت کردمەوە بۆ ئاسمان) ﴿كُنتَ أَنتَ الرَّقِيبَ عَلَيْهِمْ﴾ هەر خۆت چاودێر بووی بەسەریانەوە ﴿وَأَنتَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ﴾ وەخۆت ئاگادار و شایەتی بەسەر هەموو شتێکەوە. ١١٧)﴿إِن تُعَذِّبْهُمْ فَإِنَّهُمْ عِبَادُكَ﴾ ئەگەر سزایان بدەیت، ئەوە بێگومان بەندەی خۆتن ﴿وَإِن تَغْفِرْ لَهُمْ﴾ وەئەگەر لێشیان خۆش ببی ﴿فَإِنَّكَ أَنتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ﴾ ئەوە بێگومان تەنها خۆتی بەدەستەڵاتی کاردروست. ١١٨)﴿قَالَ اللَّهُ﴾ خوای گەورە فەرمووی: ﴿هَٰذَا يَوْمُ يَنفَعُ الصَّادِقِينَ صِدْقُهُمْ﴾ ئەمە ڕۆژێکە ڕاستبێژان ڕاستیەکەیان کەڵکیان پێدەگەیەنێ ﴿لَهُمْ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ﴾ بەهەشتانێکیان بۆ هەیە کە ڕووبارەکان بەژێریاندا دەڕۆن ﴿خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا﴾ ئەمێننەوە تیایدا بە هەمیشەیی ﴿رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ﴾ خوا ڕازی بووە لێیان و ئەوانیش لە خوا ڕازی بوون ﴿ذَٰلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ﴾ ئەوەیە سەرکەوتنی زۆر گەورە. ١١٩)﴿لِّلَّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾ هەر بۆ خوایە خاوەندارێتی ئاسمانەکان و زەوی ﴿وَمَا فِيهِنَّ﴾ و هەرچیشیان تێدایە ﴿وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ وە تەنها ئەو بەسەر هەموو شتێکدا بە توانا و دەسەڵاتدارە. ١٢٠)

سورة الأنعام

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَجَعَلَ الظُّلُمَاتِ
وَالنُّورَ ثُمَّ الَّذِينَ كَفَرُوا بِرَبِّهِمْ يَعْدِلُونَ ﴿١﴾ هُوَ الَّذِي
خَلَقَكُمْ مِنْ طِينٍ ثُمَّ قَضَىٰ أَجَلًا وَأَجَلٌ مُسَمًّى عِنْدَهُ ثُمَّ أَنْتُمْ
تَمْتَرُونَ ﴿٢﴾ وَهُوَ اللَّهُ فِي السَّمَاوَاتِ وَفِي الْأَرْضِ يَعْلَمُ سِرَّكُمْ
وَجَهْرَكُمْ وَيَعْلَمُ مَا تَكْسِبُونَ ﴿٣﴾ وَمَا تَأْتِيهِمْ مِنْ آيَةٍ مِنْ آيَاتِ
رَبِّهِمْ إِلَّا كَانُوا عَنْهَا مُعْرِضِينَ ﴿٤﴾ فَقَدْ كَذَّبُوا بِالْحَقِّ
لَمَّا جَاءَهُمْ فَسَوْفَ يَأْتِيهِمْ أَنْبَاءُ مَا كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُونَ ﴿٥﴾ أَلَمْ
يَرَوْا كَمْ أَهْلَكْنَا مِنْ قَبْلِهِمْ مِنْ قَرْنٍ مَكَّنَّاهُمْ فِي الْأَرْضِ مَا لَمْ
نُمَكِّنْ لَكُمْ وَأَرْسَلْنَا السَّمَاءَ عَلَيْهِمْ مِدْرَارًا وَجَعَلْنَا الْأَنْهَارَ
تَجْرِي مِنْ تَحْتِهِمْ فَأَهْلَكْنَاهُمْ بِذُنُوبِهِمْ وَأَنْشَأْنَا مِنْ بَعْدِهِمْ قَرْنًا
آخَرِينَ ﴿٦﴾ وَلَوْ نَزَّلْنَا عَلَيْكَ كِتَابًا فِي قِرْطَاسٍ فَلَمَسُوهُ بِأَيْدِيهِمْ
لَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا إِنْ هَٰذَا إِلَّا سِحْرٌ مُبِينٌ ﴿٧﴾ وَقَالُوا لَوْلَا أُنْزِلَ
عَلَيْهِ مَلَكٌ وَلَوْ أَنْزَلْنَا مَلَكًا لَقُضِيَ الْأَمْرُ ثُمَّ لَا يُنْظَرُونَ ﴿٨﴾

«بیسمله سهر (ﷺ) دهفهرمویت: خوای گهوره فهرموویهتی: (ئهی ئهوهی شادهم بهراستی تۆچهند دلوام لێ بکهیت و لهیهم بهلاوهنانهوه لهیت خۆش دهبم لهوانهی گهرووته وبهلامهوه ناسانه، ئهی ئهوهی شادهم ئهگهر تاوانت بگاته ههوری بهکانی ئاسمان پاشان داوای لێبووردنم لێ بکهیت لێت دهبووردم ئهی شادهم ئهگهر پیی ئهوهی تاوانت ههبێت و بگهڕێیتهوه لام و داوام لێ بپاڕێت لێت دهبووردم ئهگهر به لهویشهوه دێم به پێیتهوه».

لهیهقی (۲۱۲ خوێندوویهتی) (له عهتاق له ئهبو ئاتکه (ڕهزای لێ بێت) وتی: عهتهبا (ڕهزای لێ بێت) شهیهکی ما ههبوو ملکیا کرد، وتی: (ئهی ئهبو عهبدوللا ئهو شهیهی ئهمشهو ئهمان کڕی ئهگهر بهڕاستی ئهو شهیه بهرهکهتی ههبێت ئهوا بهرهکهتی ئهو شهیه بهسهر ئێمهدا دابهزێنه) (متفق علیه) ئهنهس دهڵێت: پێغهمبهر (ﷺ) ڕۆژانێکی ما بهرگیز ڕۆژانێی وام نهبینیوه، فهرموویهتی:

سورەتی ﴿الأنعام﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان. ﴿الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ﴾ هەموو سوپاس و ستایشێ هەریۆ شەو خوایەی ئاسمانەکان و زەوی دروستکردووە ﴿وَجَعَلَ الظُّلُمَاتِ وَالنُّورَ﴾ وە تاریکی یەکان و پووناکی داشاوە ﴿ثُمَّ الَّذِينَ كَفَرُوا بِرَبِّهِمْ يَعْدِلُونَ﴾ ئینجا ئەوانەی بێ باوەڕ بوون هاوتا و هاوبەش بۆ پەروەردگاریان بڕیار دەدەن. ٢﴿هُوَ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن طِينٍ﴾ خوا ئەو زاتەیە کەئێوەی لەقوڕ دروست کردووە ﴿ثُمَّ قَضَىٰ أَجَلًا﴾ پاشان کاتێکی دیاری کردووە(بۆ مردن) ﴿وَأَجَلٌ مُّسَمًّى عِندَهُ﴾ وە کاتێکی دیاری کراویش لای خوای گەورە هاشراوە (بۆ قیامەت) ﴿ثُمَّ أَنتُمْ تَمْتَرُونَ﴾ کەچی ئوا ئەوەش ئێوە بەگومانن. ٣﴿وَهُوَ اللَّهُ فِي السَّمَاوَاتِ وَفِي الْأَرْضِ﴾ وەتەنها ئەو خوایە (یاالاوەست و پەرستراوە) لەئاسمانەکان و لەزەویدا﴿يَعْلَمُ سِرَّكُمْ وَجَهْرَكُمْ وَيَعْلَمُ مَا تَكْسِبُونَ﴾نهێنی و ئاشکراتان دەزانێ و بە هەموو کردەوەیەکیش کەدەیکەن ئاگادارە. ٤﴿وَمَا تَأْتِيهِم مِّنْ آيَةٍ مِّنْ آيَاتِ رَبِّهِمْ﴾ وە هەر بەڵگەو نیشانەیەک لەبەڵگەو نیشانەکانی پەروەردگاریان بۆ بێت ﴿إِلَّا كَانُوا عَنْهَا مُعْرِضِينَ﴾ ئەوان پووی لێ وەردەگێڕێنن. ٥﴿فَقَدْ كَذَّبُوا بِالْحَقِّ لَمَّا جَاءَهُمْ﴾ بەڕاستی کاتێک قورئانیان بۆ هات بە دڕۆیان دانا ﴿فَسَوْفَ يَأْتِيهِمْ﴾جا لەمەو پاش بۆیان دێت﴿أَنبَاءُ مَا كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُونَ﴾هەواڵی ئەو شتانەی کەئەوان گاڵتەیان پێدەکرد. ٦﴿أَلَمْ يَرَوْا كَمْ أَهْلَكْنَا مِن قَبْلِهِم مِّن قَرْنٍ﴾ ئایا ئەیان نەبینیوە (ئەیان زانیوە) لەپێش ئەوانەوە چەند گەل و ئەوەمان لەناو بردووە ﴿مَّكَّنَّاهُمْ فِي الْأَرْضِ﴾ دەسەڵاتمان پێدا بوون لەزەویدا ﴿مَا لَمْ نُمَكِّن لَّكُمْ﴾ بە شێوەیەک کە بە ئێوەمان نەدابوو ﴿وَأَرْسَلْنَا السَّمَاءَ عَلَيْهِم مِّدْرَارًا﴾ و بارانی پەیتاپەیتامان بەسەرا باراندن ﴿وَجَعَلْنَا الْأَنْهَارَ تَجْرِي مِن تَحْتِهِمْ﴾ وە جۆگەو پووبارەکانمان ڕاگێ کرد بوو کە بەبن باغ و کۆشکەکانیاندا دەڕۆیشت ﴿فَأَهْلَكْنَاهُم بِذُنُوبِهِمْ﴾ لەناو مان بردن بە هۆی گوناهەکانیانەوە﴿وَأَنشَأْنَا مِن بَعْدِهِمْ﴾ وە لە دوای ئەوان دروستمان کرد ﴿قَرْنًا آخَرِينَ﴾ گەل و نەوەیەکی تر. ٧﴿وَلَوْ نَزَّلْنَا عَلَيْكَ كِتَابًا فِي قِرْطَاسٍ﴾وە ئەگەر نامەیەکی نوسراومان بنارداپە ئەخوارەوە بۆت﴿فَلَمَسُوهُ بِأَيْدِيهِمْ﴾لەناو کاغەزەکدا بوایە﴿لَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا﴾و دەستیشیان ئ بدایە﴿إِنْ هَٰذَا إِلَّا سِحْرٌ مُّبِينٌ﴾ بێ گومان ئەوانەی بێ باوەڕ بوون دەیان ووت﴿مَا هَٰذَا إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ﴾ ئەمە تەنها جادوویەکی ئاشکرایە. ٨﴿وَقَالُوا لَوْلَا أُنزِلَ عَلَيْهِ مَلَكٌ﴾ وە دەیان ووت: بۆچی فریشتەیەک نەئێنراوەتە خوارەوە بۆسەری (ببیبینێت) ﴿وَلَوْ أَنزَلْنَا مَلَكًا﴾ ئەگەر فریشتەیەکمان بنارداپەتە خوارەوە ﴿لَّقُضِيَ الْأَمْرُ﴾ بێگومان کارتەواو دەبوو (لەناو بردنیان جێ بەجێ دەکرا) ﴿ثُمَّ لَا يُنظَرُونَ﴾ پاشمان مۆڵەت نەدەدران. ٨)

وَلَوْ جَعَلْنَٰهُ مَلَكًا لَّجَعَلْنَٰهُ رَجُلًا وَلَلَبَسْنَا عَلَيْهِم مَّا
يَلْبِسُونَ ﴿٩﴾ وَلَقَدِ ٱسْتُهْزِئَ بِرُسُلٍ مِّن قَبْلِكَ فَحَاقَ
بِٱلَّذِينَ سَخِرُوا۟ مِنْهُم مَّا كَانُوا۟ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ ﴿١٠﴾
قُلْ سِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ ثُمَّ ٱنظُرُوا۟ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ
ٱلْمُكَذِّبِينَ ﴿١١﴾ قُل لِّمَن مَّا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۖ قُل لِّلَّهِ ۚ
كَتَبَ عَلَىٰ نَفْسِهِ ٱلرَّحْمَةَ ۚ لَيَجْمَعَنَّكُمْ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ
لَا رَيْبَ فِيهِ ۚ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ فَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ
﴿١٢﴾ ۞ وَلَهُۥ مَا سَكَنَ فِى ٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ ۚ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ
﴿١٣﴾ قُلْ أَغَيْرَ ٱللَّهِ أَتَّخِذُ وَلِيًّا فَاطِرِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَهُوَ يُطْعِمُ
وَلَا يُطْعَمُ ۗ قُلْ إِنِّىٓ أُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ أَوَّلَ مَنْ أَسْلَمَ ۖ وَلَا
تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٤﴾ قُلْ إِنِّىٓ أَخَافُ إِنْ عَصَيْتُ
رَبِّى عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ ﴿١٥﴾ مَّن يُصْرَفْ عَنْهُ يَوْمَئِذٍ فَقَدْ
رَحِمَهُ ۚ وَذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْمُبِينُ ﴿١٦﴾ وَإِن يَمْسَسْكَ ٱللَّهُ بِضُرٍّ
فَلَا كَاشِفَ لَهُۥٓ إِلَّا هُوَ ۖ وَإِن يَمْسَسْكَ بِخَيْرٍ فَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ
قَدِيرٌ ﴿١٧﴾ وَهُوَ ٱلْقَاهِرُ فَوْقَ عِبَادِهِۦ ۚ وَهُوَ ٱلْحَكِيمُ ٱلْخَبِيرُ ﴿١٨﴾

* (ئەگەر ئەوەی من دەیڵێم نەبوو بەڵگەتانبایە کەم پێغەمبەرێکین و نامە دەگرین، ئەوا دەیگوت بۆ ئەگەر پێغەمبەر (ﷺ) سەربان دابنێت و بەدیوارەکەی دەگرین).

ئایەتی (٢٩) سورەتی (آل عمران)، قال رسول الله (ﷺ): (إن الله لا ينظر إلى أجسادكم ولا إلى صوركم ولكن ينظر إلى قلوبكم) ڕواه مسلم، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (خوای گەورە تەماشای لەش و شکڵ و ڕووەکانتان ناکات بەڵکو تەماشای دڵەکانتان دەکات).

ئایەتی (٣١) سورەتی (آل عمران)، قال رسول الله (ﷺ): (كل أمتي يدخلون الجنة إلا من أبى) قيل: ومن يأبى يا رسول الله ؟ قال: (من أطاعني دخل الجنة، ومن عصاني فقد أبى) رواه البخاري، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (هەموو ئوممەتەکەم دەچنە بەهەشتەوە، مەگەر یەکێک خۆی نەیەوێت)، پرسیاریان کرد ئایەوێت کەی؟

﴿وَلَوْ جَعَلْنَٰهُ مَلَكًا﴾ ئەگەر ئەو (پێغەمبەرە) مان بکردایە بەفریشتەیەك ﴿لَّجَعَلْنَٰهُ رَجُلًا﴾ بێگومان دەمانگۆڕا بە وێنەی پیاوێك (تایبیبینن وقسەی لەگەڵ بکەن) ﴿وَلَلَبَسْنَا عَلَيْهِم مَّا يَلْبِسُونَ﴾ و بێ گومان لێمان دەشێواندن وەك چۆن خۆیان لە خۆیان دەشێواند. ٩) ﴿وَلَقَدِ اسْتُهْزِئَ بِرُسُلٍ مِّن قَبْلِكَ﴾ سوێندبێ بێ گومان گاڵتە کراوە بە پێغەمبەرانی پێش تۆ ﴿فَحَاقَ بِالَّذِينَ سَخِرُوا مِنْهُم﴾ سەرئەنجام بۆ ئەوانەیان گاڵتەیان دەکرد دابەزی و دەوری دان ﴿مَّا كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُونَ﴾ تۆڵەی ئەوەی گاڵتەیان پێدەکرد. ١٠) ﴿قُلْ سِيرُوا فِي الْأَرْضِ﴾ (ئەی موحەممەد (ﷺ)) بڵێ بڕۆن و بگەڕێن بە زەویدا ﴿ثُمَّ انظُرُوا﴾ پاشان سەرنج بدەن ﴿كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ﴾ سەر ئەنجامی ئەوانەی بەڵگەکانی خوایان بەدرۆ دادەنا چۆن بووە. ١١) ﴿قُل لِّمَن مَّا فِي السَّمَٰوَٰتِ وَالْأَرْضِ﴾ (ئەی موحەممەد (ﷺ)) بڵێ ئایا هی کێ یە ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەویدا یە ﴿قُل لِّلَّهِ كَتَبَ عَلَىٰ نَفْسِهِ الرَّحْمَةَ﴾ بڵێ تەنها بۆ خوایە کە بەزەیی و میهرەبانی پێویستی کردوە لەسەرخۆی ﴿لَيَجْمَعَنَّكُمْ إِلَىٰ يَوْمِ الْقِيَٰمَةِ﴾ سوێند بەخوا بێگومان کۆتان دەکاتەوە لە ڕۆژی دوایی دا ﴿لَا رَيْبَ فِيهِ﴾ کە هیچ گومان و دوودڵی تێدانی یە ﴿الَّذِينَ خَسِرُوا أَنفُسَهُمْ﴾ ئەوانەی خۆیان دۆراندووە ﴿فَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ﴾ ئەوە ئەوانن کە بڕوا ناهێنن. ١٢) ﴿وَلَهُ مَا سَكَنَ فِي الَّيْلِ وَالنَّهَارِ﴾ وە هەر بۆ خوایە ئەوەی ئارامی گرتووە لەشەو و ڕۆژدا ﴿وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ﴾ وە هەر ئەو بیسەری زانایە. ١٣) ﴿قُلْ أَغَيْرَ اللَّهِ أَتَّخِذُ وَلِيًّا﴾ (ئەی موحەممەد (ﷺ)) بڵێ ئایا؟ بێجگە لە خوا دۆست و پەرستراوێ تر بۆخۆم دانێم؟ ﴿فَاطِرِ السَّمَٰوَٰتِ وَالْأَرْضِ﴾ کەئەو بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوییە ﴿وَهُوَ يُطْعِمُ وَلَا يُطْعَمُ﴾ ئەو خوایە ڕۆزی دەدات و ڕۆزی پێ نادرێ ﴿قُلْ إِنِّي أُمِرْتُ﴾ بڵێ بەڕاستی من فەرمانم پێ دراوە ﴿أَنْ أَكُونَ أَوَّلَ مَنْ أَسْلَمَ﴾ کە یەکەم کەس بم مل کەچ کەم (بۆ فەرمانی خوا) ﴿وَلَا تَكُونَنَّ مِنَ الْمُشْرِكِينَ﴾ وە (فەرمانم پێدراوە کە تۆ) هەرگیز لەهاوبەش بڕیاردەران مەبە. ١٤) ﴿قُلْ إِنِّي أَخَافُ إِنْ عَصَيْتُ رَبِّي﴾ پێیان بڵێ: بێگومان من دەترسم ئەگەر سەرپێچی لە فەرمانی پەروەردگارم بکەم ﴿عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ﴾ لە سزای ڕۆژێکی گەورە. ١٥) ﴿مَّن يُصْرَفْ عَنْهُ يَوْمَئِذٍ﴾ هەرکەس ئەو سزایەی لێ لادرێ لەو ڕۆژەدا ﴿فَقَدْ رَحِمَهُ﴾ ئەوە بێگومان خوا بەزەیی پێیدا هاتۆتەوە ﴿وَذَٰلِكَ الْفَوْزُ الْمُبِينُ﴾ و ئەوەیە سەرکەوتنی ئاشکراو تەواو. ١٦) ﴿وَإِن يَمْسَسْكَ اللَّهُ بِضُرٍّ﴾ وە ئەگەر خوا دووچاری بەڵاو زیانێکت بکات ﴿فَلَا كَاشِفَ لَهُ إِلَّا هُوَ﴾ ئەوە جگە ئەو (خوا) کەس نی یە بتوانێ لایبات ﴿وَإِن يَمْسَسْكَ بِخَيْرٍ﴾ وە ئەگەر خێر و خۆشیەکت پێ بگەیەنێ ﴿فَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ ئەو خوا دەسەڵاتدارە بەسەر هەموو شتێکدا. ١٧) ﴿وَهُوَ الْقَاهِرُ فَوْقَ عِبَادِهِ﴾ وە هەر ئەوە دەست ڕۆیشتوو بەسەر بەندەکانیدا ﴿وَهُوَ الْحَكِيمُ الْخَبِيرُ﴾ هەر ئەوەیش کار دروستی ئاگادارە. ١٨)

قُلْ أَيُّ شَيْءٍ أَكْبَرُ شَهَٰدَةً ۖ قُلِ ٱللَّهُ ۖ شَهِيدٌۢ بَيْنِى وَبَيْنَكُمْ ۚ وَأُوحِىَ إِلَىَّ هَٰذَا
ٱلْقُرْءَانُ لِأُنذِرَكُم بِهِۦ وَمَنۢ بَلَغَ ۚ أَئِنَّكُمْ لَتَشْهَدُونَ أَنَّ مَعَ ٱللَّهِ
ءَالِهَةً أُخْرَىٰ ۚ قُل لَّآ أَشْهَدُ ۚ قُلْ إِنَّمَا هُوَ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ وَإِنَّنِى بَرِىٓءٌ مِّمَّا
تُشْرِكُونَ ﴿١٩﴾ ٱلَّذِينَ ءَاتَيْنَٰهُمُ ٱلْكِتَٰبَ يَعْرِفُونَهُۥ كَمَا يَعْرِفُونَ
أَبْنَآءَهُمُ ۘ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ فَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿٢٠﴾ وَمَنْ أَظْلَمُ
مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا أَوْ كَذَّبَ بِـَٔايَٰتِهِۦٓ ۚ إِنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ
﴿٢١﴾ وَيَوْمَ نَحْشُرُهُمْ جَمِيعًا ثُمَّ نَقُولُ لِلَّذِينَ أَشْرَكُوٓا۟ أَيْنَ شُرَكَآؤُكُمُ
ٱلَّذِينَ كُنتُمْ تَزْعُمُونَ ﴿٢٢﴾ ثُمَّ لَمْ تَكُن فِتْنَتُهُمْ إِلَّآ أَن قَالُوا۟ وَٱللَّهِ
رَبِّنَا مَا كُنَّا مُشْرِكِينَ ﴿٢٣﴾ ٱنظُرْ كَيْفَ كَذَبُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ ۚ وَضَلَّ
عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَفْتَرُونَ ﴿٢٤﴾ وَمِنْهُم مَّن يَسْتَمِعُ إِلَيْكَ ۖ وَجَعَلْنَا عَلَىٰ
قُلُوبِهِمْ أَكِنَّةً أَن يَفْقَهُوهُ وَفِىٓ ءَاذَانِهِمْ وَقْرًا ۚ وَإِن يَرَوْا۟ كُلَّ ءَايَةٍ
لَّا يُؤْمِنُوا۟ بِهَا ۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوكَ يُجَٰدِلُونَكَ يَقُولُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ إِنْ هَٰذَآ
إِلَّآ أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿٢٥﴾ وَهُمْ يَنْهَوْنَ عَنْهُ وَيَنْـَٔوْنَ عَنْهُ ۖ وَإِن
يُهْلِكُونَ إِلَّآ أَنفُسَهُمْ وَمَا يَشْعُرُونَ ﴿٢٦﴾ وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذْ وُقِفُوا۟ عَلَى ٱلنَّارِ
فَقَالُوا۟ يَٰلَيْتَنَا نُرَدُّ وَلَا نُكَذِّبَ بِـَٔايَٰتِ رَبِّنَا وَنَكُونَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٢٧﴾

- پەیغەمبەری خوا (ﷺ)؟ فەرمووی: (هەرکەسێک گیرۆی وابێت بکات دەچێتە بەهەشتەوە، وەهەر کەسێک سەربەیەوەی بکات ئەوە خۆی تاوەدەیت بچێتە بەهەشتەوە).

ئایەتی (٩٦) سورەتی (ال عمران): قال رسول الله (ﷺ): (ولله إلى فجر أرض الله وأنت أرض الله إلى الله ولولا أني أخرجت منك ما خرجت) (رواه أحمد والترمذي) پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (سوێند بەخوا تۆ (مەککە) چاکترین زەوی خوای، وەتۆ خۆشەویستترین زەوی خوای لەلای خوا، وەئەگەر دەرمان نەکردبایە لەم زەوییەت دەرنەدەچووم).

ئایەتی (٩٧) سورەتی (ال عمران): قال رسول الله (ﷺ): (من حج فلم يرفث ولم يفسق يرجع كيوم ولدته أمه)(متفق عليه). وقال (ﷺ): (العمرة إلى العمرة كفارة لما بينهما، والحج المبرور ليس له جزاء إلا الجنة)(متفق عليه). پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (هەرکەسێک حەج بکات و قسەی خراپ و تاوان نەکات دەگەڕێتەوە -

﴿قُلْ أَيُّ شَيْءٍ أَكْبَرُ شَهَادَةً﴾ (ئەی موحەمەد(ﷺ)) بڵێ: شایەتی دانی کێ لە هەموو شایەتی دانێك گەورەترە (لەسەر پێغەمبەرێتی من) ﴿قُلِ اللَّهُ﴾ بڵێ: خوا گەورەترین ﴿شَهِيدٌ بَيْنِي وَبَيْنَكُمْ﴾ شایەتە لە نێوان من و ئێوەدا ﴿وَأُوحِيَ إِلَيَّ هَٰذَا الْقُرْآنُ﴾ وە ئەم قورئانە سروش کراوە بۆ من ﴿لِأُنذِرَكُم بِهِ وَمَن بَلَغَ﴾ بۆ ئەوەی ئێوەی پێ بترسێنم و هەر کەسێکی کەش کە پێی ی دەگات ﴿أَئِنَّكُمْ لَتَشْهَدُونَ أَنَّ مَعَ اللَّهِ﴾ ئایا بەڕاستی ئێوە شایەتی ئەدەن بە دڵنیاییەوە کە لەگەڵ خوادا ﴿آلِهَةً أُخْرَىٰ﴾ چەند پەرستراوێکی تر هەیە؟! ﴿قُل لَّا أَشْهَدُ﴾ بڵێ: من شایەتی (وا ناهێنم) شادەم ﴿إِنَّمَا هُوَ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ﴾ بڵێ: بێگومان هەر تەنها پەرستراوی تاك و تەنهایە ﴿وَإِنَّنِي بَرِيءٌ مِّمَّا تُشْرِكُونَ﴾ وە بەڕاستی من بەریم لەوەی کە ئێوە دەیکەنە هاوبەش بۆ خوا. ١٩﴿الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ﴾ ئەوانەی کە نامەمان پێ بەخشین ﴿يَعْرِفُونَهُ﴾ ئەم پێغەمبەرە دەناسن (کە پێغەمبەری خوایە بەهۆی باسکردنی نیشانەکانی لە تەورات و ئینجیل دا) ﴿كَمَا يَعْرِفُونَ أَبْنَاءَهُمُ﴾ وەك چۆن کوڕەکانیان ئەناسن ﴿الَّذِينَ خَسِرُوا أَنفُسَهُمْ﴾ ئەوانەی خۆیان دۆڕاندووە ﴿فَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ﴾ ئەوە ئەوانن بڕوا ناهێنن. ٢٠﴿وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَىٰ عَلَى اللَّهِ كَذِبًا﴾ کێ ستەم کارترە لەو کەسەی درۆ هەڵبەستێ بەدەم خواوە ﴿أَوْ كَذَّبَ بِآيَاتِهِ﴾ یا بێ باوەڕ بوو بێ بە ئایەتەکانی (یەکگەکانی) خوا ﴿إِنَّهُ لَا يُفْلِحُ الظَّالِمُونَ﴾ بەڕاستی ستەم کاران ڕزگار نابن. ٢١﴿وَيَوْمَ نَحْشُرُهُمْ جَمِيعًا﴾ وە ڕۆژێ هەموویان کۆ دەکەینەوە (لەقیامەتدا) ﴿ثُمَّ نَقُولُ لِلَّذِينَ أَشْرَكُوا﴾ پاشان ئەڵێین بەوانەی هاوەڵیان بۆ خوا دانابوو ﴿أَيْنَ شُرَكَاؤُكُمُ الَّذِينَ كُنتُمْ تَزْعُمُونَ﴾ کوا ئەو هاوەڵانەی کە بە خەیاڵی خۆتان بەهاوەڵی خواتان دانابوون. ٢٢﴿ثُمَّ لَمْ تَكُن فِتْنَتُهُمْ﴾ پاشان بەهانەیان هیچ نەبوو بێجگە لەوەی ﴿إِلَّا أَن قَالُوا وَاللَّهِ رَبِّنَا مَا كُنَّا مُشْرِكِينَ﴾ کە ووتیان سوێند بە خوای پەروەردگارمان ئێمە بەهیچ جۆر هاوبەش دانەر نەبووین بۆخوا. ٢٣﴿انظُرْ كَيْفَ كَذَبُوا عَلَىٰ أَنفُسِهِمْ﴾ سەیرکە چۆن درۆ لە دژی خۆشیان دەکەن ﴿وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُوا يَفْتَرُونَ﴾ و لێیان ون بوون ئەو بتانەی خۆیان بە درۆ هەڵیان بەستبووین. ٢٤﴿وَمِنْهُم مَّن يَسْتَمِعُ إِلَيْكَ﴾ وە لەو (کافرانە) کەسانێ هەیە کە گوێت بۆ دەگرن کەقورئان دەخوێنی ﴿وَجَعَلْنَا عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ﴾ بەڵام ئێمە چەسپەند بەردەبەکمان داوە بەسەر دڵەکانیاندا ﴿أَن يَفْقَهُوهُ﴾ بۆ ئەوەی تێ ی نەگەن ﴿وَفِي آذَانِهِمْ وَقْرًا﴾ وە کەپی و گوێ گرانیمان خستۆتە ناو گوێچکەیانەوە ﴿وَإِن يَرَوْا كُلَّ آيَةٍ لَّا يُؤْمِنُوا بِهَا﴾ وە ئەگەر هەموو بەڵگە و نیشانەیەکی بوون ببینن بڕوای پێ ناهێنن ﴿حَتَّىٰ إِذَا جَاءُوكَ يُجَادِلُونَكَ﴾ تا ئەو ڕادەیە کاتێ بێن بۆ لات دەمە دەمێ و بەربەرەکانێت لەگەڵ دەکەن ﴿يَقُولُ الَّذِينَ كَفَرُوا﴾ ئەوانەی بێ باوەڕبن ئەڵێن ﴿إِنْ هَٰذَا إِلَّا أَسَاطِيرُ الْأَوَّلِينَ﴾ ئەم قورئانە هیچ نی یە بێجگە لە ئەفسانەی پێشینان. ٢٥﴿وَهُمْ يَنْهَوْنَ عَنْهُ﴾ ئەوان بەرگری (خەڵك) ئەکەن لەو(قورئانە) ﴿وَيَنْأَوْنَ عَنْهُ﴾ و خۆشیان لێی دوور دەکەنەوە ﴿وَإِن يُهْلِكُونَ إِلَّا أَنفُسَهُمْ﴾ هیچ کەسێش لە ناو نابەن خۆیان نەبێ ﴿وَمَا يَشْعُرُونَ﴾ و هەستیش ناکەن. ٢٦﴿وَلَوْ تَرَىٰ إِذْ وُقِفُوا عَلَى النَّارِ﴾ وە ئەگەر بیان بینیت کاتێك کە لەسەر قەراغی دۆزەخ وە ستێنراوون ﴿فَقَالُوا يَا لَيْتَنَا نُرَدُّ﴾ کە دەڵێن خۆزگە دەگەڕێنرایینەوە بۆ دنیا ﴿وَلَا نُكَذِّبَ بِآيَاتِ رَبِّنَا﴾ و بەڵگەکانی پەروەردگارمان بەدرۆ نەدەزانی ﴿وَنَكُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ﴾ وە لە بڕواداران ئەبووین. ٢٧)

بَلْ بَدَا لَهُم مَّا كَانُوا يُخْفُونَ مِن قَبْلُ وَلَوْ رُدُّوا لَعَادُوا لِمَا نُهُوا عَنْهُ
وَإِنَّهُمْ لَكَٰذِبُونَ ﴿٢٨﴾ وَقَالُوا إِنْ هِيَ إِلَّا حَيَاتُنَا الدُّنْيَا وَمَا نَحْنُ
بِمَبْعُوثِينَ ﴿٢٩﴾ وَلَوْ تَرَىٰ إِذْ وُقِفُوا عَلَىٰ رَبِّهِمْ ۚ قَالَ أَلَيْسَ هَٰذَا
بِالْحَقِّ ۚ قَالُوا بَلَىٰ وَرَبِّنَا ۚ قَالَ فَذُوقُوا الْعَذَابَ بِمَا كُنتُمْ تَكْفُرُونَ
﴿٣٠﴾ قَدْ خَسِرَ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِلِقَاءِ اللَّهِ ۖ حَتَّىٰ إِذَا جَاءَتْهُمُ السَّاعَةُ
بَغْتَةً قَالُوا يَا حَسْرَتَنَا عَلَىٰ مَا فَرَّطْنَا فِيهَا وَهُمْ يَحْمِلُونَ أَوْزَارَهُمْ
عَلَىٰ ظُهُورِهِمْ ۚ أَلَا سَاءَ مَا يَزِرُونَ ﴿٣١﴾ وَمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلَّا
لَعِبٌ وَلَهْوٌ ۖ وَلَلدَّارُ الْآخِرَةُ خَيْرٌ لِّلَّذِينَ يَتَّقُونَ ۗ أَفَلَا تَعْقِلُونَ
﴿٣٢﴾ قَدْ نَعْلَمُ إِنَّهُ لَيَحْزُنُكَ الَّذِي يَقُولُونَ فَإِنَّهُمْ لَا يُكَذِّبُونَكَ
وَلَٰكِنَّ الظَّالِمِينَ بِآيَاتِ اللَّهِ يَجْحَدُونَ ﴿٣٣﴾ وَلَقَدْ كُذِّبَتْ
رُسُلٌ مِّن قَبْلِكَ فَصَبَرُوا عَلَىٰ مَا كُذِّبُوا وَأُوذُوا حَتَّىٰ أَتَاهُمْ نَصْرُنَا ۚ
وَلَا مُبَدِّلَ لِكَلِمَاتِ اللَّهِ ۚ وَلَقَدْ جَاءَكَ مِن نَّبَإِي الْمُرْسَلِينَ
﴿٣٤﴾ وَإِن كَانَ كَبُرَ عَلَيْكَ إِعْرَاضُهُمْ فَإِنِ اسْتَطَعْتَ أَن تَبْتَغِيَ
نَفَقًا فِي الْأَرْضِ أَوْ سُلَّمًا فِي السَّمَاءِ فَتَأْتِيَهُم بِآيَةٍ ۚ وَلَوْ شَاءَ
اللَّهُ لَجَمَعَهُمْ عَلَى الْهُدَىٰ ۚ فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ الْجَاهِلِينَ ﴿٣٥﴾

* وەک ئەو پرۆژەی لەدایک بووە بۆ بەڵگەسەپاندن(﴿٢٨﴾) دەڵێ دەربوون: (هەرچیەک بۆ هەرچیەکی تر ئاشکرا بووبێ، وەسفی جیاک و دەرگیراو پادشای نیە بەدەست نەبێت).

ئایەتی (١٠٢) سورەتی (آل عمران)ـ قال النبی ﷺ: (إن الدنیا حلوة خضرة وإن الله مستخلفكم فيها فناظر كيف تعملون، فاتقوا الدنيا واتقوا النساء، فإن أول فتنة بني

إسرائيل كانت في النساء)(رواه مسلم). وێنەسەپاندن(﴿٢٨﴾) دەڵێ دەربوون: (بەڕاستی دونیا شیرین و جوانە، وە خوا ئێوەی کردوە بەجێ نشین تێیدا، جا سەیری دەکات بزانێ چۆن کردەوە دەکەن، دەبێ کەوتنە خۆتان بپارێزن لەدونیا و، خۆتان بپارێزن لەئافرەت چونکە بەڕاستی سەرەتای گێڕەبڕوونی بەرەوەکە بەهۆی ئافرەتەکانەوە بوو).

ئایەتی (١٠٢) سورەتی (آل عمران)ـ قال رسول الله ﷺ: (إن الله يرضى لكم ثلاثاً ويسخط لكم ثلاثاً:-

﴿بَلْ بَدَا لَهُم مَّا كَانُوا يُخْفُونَ مِن قَبْلُ﴾ (نەخێر بەڕاستیان نی یە) بەڵکو ئەوەی کە لەوەو پێش دەیانشاردەوە بۆیان دەرکەوتووە ﴿وَلَوْ رُدُّوا لَعَادُوا لِمَا نُهُوا عَنْهُ﴾ وەئەگەر بگەڕێنرێنەوە (بۆ دنیا) بێگومان دووبارە دەگەڕێنەوە بۆ ئەو کارانەی کەلێیان قەدەغە کرابوو ﴿وَإِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ﴾ وەبەڕاستی ئەوانە درۆزنن. ٢٨) ﴿وَقَالُوا إِنْ هِيَ إِلَّا حَيَاتُنَا الدُّنْيَا﴾ وە ووتیان بەڕاستی هەر ئەم ژیانە (ی دنیا) مانە ﴿وَمَا نَحْنُ بِمَبْعُوثِينَ﴾ وئێمە زیندوو ناکرێینەوە. ٢٩) ﴿وَلَوْ تَرَىٰ إِذْ وُقِفُوا عَلَىٰ رَبِّهِمْ﴾ وەئەگەر ئەوانە دەبینی ئەوکاتەی کەلە حزووری پەروەردگاریاندا وەستێنراوون ﴿قَالَ أَلَيْسَ هَٰذَا بِالْحَقِّ﴾ (پەروەردگار) دەفەرموێ ئایا ئەمە ڕاست نی یە؟ ﴿قَالُوا بَلَىٰ وَرَبِّنَا﴾ ئەڵێن: بەڵێ ڕاستە سوێند بە پەروەردگارمان ﴿قَالَ فَذُوقُوا الْعَذَابَ﴾ دەفەرموێ دەی بچەژن ئەو سزایە ﴿بِمَا كُنتُمْ تَكْفُرُونَ﴾ بە هۆی ئەوەی کەبڕواتان نەهێناوە (ئینکارتان دەکرد). ٣٠) ﴿قَدْ خَسِرَ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِلِقَاءِ اللَّهِ﴾ بەڕاستی ئەوانەی کە دیداری پەروەردگاریان بە درۆ دەزانی زەرەریان کرد ﴿حَتَّىٰ إِذَا جَاءَتْهُمُ السَّاعَةُ بَغْتَةً﴾ هەتا کاتێ لەناکاو ڕۆژی دوایی یان بەسەردا دێت ﴿قَالُوا يَا حَسْرَتَنَا عَلَىٰ مَا فَرَّطْنَا فِيهَا﴾ ئەڵێن ئای داخ و پەشیمانی سەخت بۆ ئێمە چەند کەم تەرخەمیمان کردلە دنیادا و لەدەستمان چوو ﴿وَهُمْ يَحْمِلُونَ أَوْزَارَهُمْ عَلَىٰ ظُهُورِهِمْ﴾ لەکاتێکدا تاوانەکانیان هەڵگرتووە بەکۆڵیانەوەیە ﴿أَلَا سَاءَ مَا يَزِرُونَ﴾ ئای چەند بەدو خرابە ئەو بارەگرانەی هەڵی دەگرن. ٣١) ﴿وَمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلَّا لَعِبٌ وَلَهْوٌ﴾ وەژیانی دنیا هیچ نیە بێجگە کاڵتە و سەرقاڵیی نەبێ ﴿وَلَلدَّارُ الْآخِرَةُ خَيْرٌ لِّلَّذِينَ يَتَّقُونَ﴾ وە بێگومان ماڵی دوا ڕۆژ چاکترە بۆ ئەوانەی خۆیان دەپارێزن و لە خوا دەترسن ﴿أَفَلَا تَعْقِلُونَ﴾ دەی ئایا بۆ ژیرنابن. ٣٢) ﴿قَدْ نَعْلَمُ إِنَّهُ لَيَحْزُنُكَ الَّذِي يَقُولُونَ﴾ بەڕاستی ئێمە دەزانین کەبێگومان ئەوەی کەئەوان دەبڵێن غەمبارت دەکات ﴿فَإِنَّهُمْ لَا يُكَذِّبُونَكَ﴾ بەڵام بێگومان ئەوان تۆ بەدرۆزن دانانێن ﴿وَلَٰكِنَّ الظَّالِمِينَ بِآيَاتِ اللَّهِ﴾ بەڵکو ئەو ستەم کارانە ئایەتەکانی خوا ﴿يَجْحَدُونَ﴾ ئینکار دەکەن. ٣٣) ﴿وَلَقَدْ كُذِّبَتْ رُسُلٌ مِّن قَبْلِكَ﴾ سوێند بەخوا بێگومان پێغەمبەرانی پێش تۆش (ئەی موحەممەد (ﷺ)) باوەڕیان پێ نەکراوە ﴿فَصَبَرُوا عَلَىٰ مَا كُذِّبُوا﴾ بەڵام ئارامیان گرت لەسەر ئەو باوەڕ پێ نەکرانەیان ﴿وَأُوذُوا حَتَّىٰ أَتَاهُمْ نَصْرُنَا﴾ وە ئەزیەت و ئازار دران تا یارمەتی و سەرخستنی ئێمەیان بۆ هات ﴿وَلَا مُبَدِّلَ لِكَلِمَاتِ اللَّهِ﴾ وەفەرمانەکانی (بەڵێنەکانی) خوا بەهیچ کەسێک ناگۆڕدرێ ﴿وَلَقَدْ جَاءَكَ مِن نَّبَإِ الْمُرْسَلِينَ﴾ سوێند بێت بێگومان هەواڵی هەندێ لەو پێغەمبەرانەت بۆ هاتووە. ٣٤) ﴿وَإِن كَانَ كَبُرَ عَلَيْكَ إِعْرَاضُهُمْ﴾ خۆ هەرچەند ڕوو وەرگێڕانی ئەوانە سەخت و گرانە لەسەرت ﴿فَإِنِ اسْتَطَعْتَ﴾ جا ئەگەر توانیت ﴿أَن تَبْتَغِيَ نَفَقًا فِي الْأَرْضِ﴾ بە ناخی زەویدا تونێلێک لێ دەیت ﴿أَوْ سُلَّمًا فِي السَّمَاءِ فَتَأْتِيَهُم بِآيَةٍ﴾ یان پەیژەیەک بۆ ئاسمان دا نێیت بەهۆیەوە بەڵگەیەکیان بۆ بهێنی ﴿وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ لَجَمَعَهُمْ عَلَى الْهُدَىٰ﴾ وە ئەگەر خوا بیویستایە ئەوانەی کۆدەکردەوە لەسەر ڕێنموونی و بڕوا هێنان ﴿فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ الْجَاهِلِينَ﴾ کەواتە هەرگیز لەوانە مەبە کە نەزانن. ٣٥)

۞ إِنَّمَا يَسْتَجِيبُ الَّذِينَ يَسْمَعُونَ ۘ وَالْمَوْتَىٰ يَبْعَثُهُمُ اللَّهُ ثُمَّ إِلَيْهِ
يُرْجَعُونَ ﴿٣٦﴾ وَقَالُوا لَوْلَا نُزِّلَ عَلَيْهِ آيَةٌ مِّن رَّبِّهِ ۚ قُلْ إِنَّ اللَّهَ
قَادِرٌ عَلَىٰ أَن يُنَزِّلَ آيَةً وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٣٧﴾ وَمَا
مِن دَابَّةٍ فِي الْأَرْضِ وَلَا طَائِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيْهِ إِلَّا أُمَمٌ أَمْثَالُكُم ۚ
مَّا فَرَّطْنَا فِي الْكِتَابِ مِن شَيْءٍ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِمْ يُحْشَرُونَ ﴿٣٨﴾
وَالَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا صُمٌّ وَبُكْمٌ فِي الظُّلُمَاتِ ۗ مَن يَشَإِ اللَّهُ
يُضْلِلْهُ وَمَن يَشَأْ يَجْعَلْهُ عَلَىٰ صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٣٩﴾ قُلْ
أَرَأَيْتَكُمْ إِنْ أَتَاكُمْ عَذَابُ اللَّهِ أَوْ أَتَتْكُمُ السَّاعَةُ أَغَيْرَ اللَّهِ
تَدْعُونَ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ ﴿٤٠﴾ بَلْ إِيَّاهُ تَدْعُونَ فَيَكْشِفُ مَا
تَدْعُونَ إِلَيْهِ إِن شَاءَ وَتَنسَوْنَ مَا تُشْرِكُونَ ﴿٤١﴾ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا
إِلَىٰ أُمَمٍ مِّن قَبْلِكَ فَأَخَذْنَاهُم بِالْبَأْسَاءِ وَالضَّرَّاءِ لَعَلَّهُمْ يَتَضَرَّعُونَ
﴿٤٢﴾ فَلَوْلَا إِذْ جَاءَهُم بَأْسُنَا تَضَرَّعُوا وَلَٰكِن قَسَتْ قُلُوبُهُمْ
وَزَيَّنَ لَهُمُ الشَّيْطَانُ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ ﴿٤٣﴾ فَلَمَّا
نَسُوا مَا ذُكِّرُوا بِهِ فَتَحْنَا عَلَيْهِمْ أَبْوَابَ كُلِّ شَيْءٍ
حَتَّىٰ إِذَا فَرِحُوا بِمَا أُوتُوا أَخَذْنَاهُم بَغْتَةً فَإِذَا هُم مُّبْلِسُونَ ﴿٤٤﴾

- يرضى لكم: أن تعبدوه ولا تشركوا به شيئاً، وأن تعتصموا بحبل الله جميعاً ولا تفترقوا، وأن تناصحوا من ولاه الله أمركم بوسطكم لكم ثلاثاً: قيل وقال، وكثرة السؤال وإضاعة المال» (رواه مسلم).

يەقىنەمبەر (ﷺ) دەفەرمويت: (خوا بەسەر شەست ئايەتان بۆی دەبێژت و بەسەر شەشیش خەشم و بۆی ئایەتان دەبێژت. خوا ئایەتان بۆی دەبێژت بەوەی کە بەیەکەوەن و هیچ جیاوازیەکی نیو

بریار نەدەن. وەدەست بگرن بەیەکەوەی خوا قورئانەوە جیاوازیەتەوە، وەئامۆژگاری ئەیەکەوەی ئایەتەکانتان بکەن، وەبۆی لەسەر شتی ئایەتەوە دوبۆی دوبۆی، نقد پریسیار کردن، بەئیزنی ئاڵی سەیروەت و سامان).

ئایەتی (٤٠) سورەتی (آل عمران)، قال رسول الله (ﷺ): (لأن يهدي الله به رجلاً خير من حمر النعم) (متفق عليه). وقال (ﷺ): (من رأى منكم منكراً فليغيره بيده، فإن لم يستطع فبلسانه فإن لم يستطع-

﴿إِنَّمَا يَسْتَجِيبُ الَّذِينَ يَسْمَعُونَ﴾ بەڕاستی تەنها وەڵامی تۆ دەدەنەوە کە(بەدڵ) ئەبیسن ﴿وَالْمَوْتَىٰ يَبْعَثُهُمُ اللَّهُ﴾ مردووەکانیش (ئەوانەی باوەڕ ناهێنن) خوا زیندووریان دەکاتەوە ﴿ثُمَّ إِلَيْهِ يُرْجَعُونَ﴾ پاشان هەر بۆلای خۆی دەگەڕێنەوە. ٣٦﴿وَقَالُوا لَوْلَا نُزِّلَ عَلَيْهِ آيَةٌ مِّن رَّبِّهِ﴾ ووتیان بۆچی لەلایەن پەروەردگارییەوە موعجیزەیەکی بۆ نەهاتۆتە خوارەوە ﴿قُلْ إِنَّ اللَّهَ قَادِرٌ﴾ بڵێ بێگومان خوا بە توانایە ﴿عَلَىٰ أَن يُنَزِّلَ آيَةً﴾ کە بەڵگە و نیشانەیەک بهێنێتە خوارەوە ﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ﴾ بەڵام زۆربەیان نازانن. ٣٧﴿وَمَا مِن دَابَّةٍ فِي الْأَرْضِ وَلَا طَائِرٍ﴾ هیچ گەڕۆکێکی گیان لەبەرێی یە لەزەویدا ﴿يَطِيرُ بِجَنَاحَيْهِ﴾ وە هیچ باڵندەیەک نی یە کە دەفڕێ بە هەردوو باڵەکەی ﴿إِلَّا أُمَمٌ أَمْثَالُكُم﴾ مەگەر ئومەتانێکن وەک ئێوە ﴿مَّا فَرَّطْنَا فِي الْكِتَابِ مِن شَيْءٍ﴾ هیچ شتێکمان فەرامۆش نەکردووە لەم کتێبەدا (لوح المحفوظ یا قورئان دا) ﴿ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِمْ يُحْشَرُونَ﴾ پاشان ئەوانە (لە ڕۆژی دوایی دا) لای پەروەردگاریان کۆدەکرێنەوە. ٣٨﴿وَالَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا﴾ وە ئەوانەی بێ باوەڕ بوون بەبەڵگەکانی ئێمە﴿صُمٌّ وَبُكْمٌ فِي الظُّلُمَاتِ﴾ کەڕ و لاڵن لەناو تاریکستانان ﴿مَن يَشَإِ اللَّهُ يُضْلِلْهُ﴾ هەرکەس خوا بیەوێ گومڕای دەکات ﴿وَمَن يَشَأْ يَجْعَلْهُ عَلَىٰ صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ﴾ هەرکەسیش خوا بیەوێ دەیخاتە سەر ڕێگای ڕاست. ٣٩﴿قُلْ أَرَأَيْتَكُمْ إِنْ أَتَاكُمْ عَذَابُ اللَّهِ﴾ (ئەی موحەممەد(ﷺ)) بڵێ هەواڵم پێ بدەن ئەگەر سزای خوا تان بۆ بێت ﴿أَوْ أَتَتْكُمُ السَّاعَةُ﴾ یان ڕۆژی دوایی بەخەتان بگرێت ﴿أَغَيْرَ اللَّهِ تَدْعُونَ﴾ ئایا هاوار دەکەنە هیچ شتێک بێجگە لە خوا ﴿إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ﴾ ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن. ٤٠﴿بَلْ إِيَّاهُ تَدْعُونَ﴾ (ئەم) بەڵکو تەنها بانگ و هاوار لەخوا دەکەن ﴿فَيَكْشِفُ مَا تَدْعُونَ إِلَيْهِ إِن شَاءَ﴾ ئینجا ئەویش ئەگەر ویستی ئەوەی هاواری (لە دەست) ئەکەن لابەڵێ ﴿وَتَنسَوْنَ مَا تُشْرِكُونَ﴾ و ئەو شتانەتان لەبیر دەچێتەوە کە دەتانکردن بە هاوبەش بۆ خوا. ٤١﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا إِلَىٰ أُمَمٍ مِّن قَبْلِكَ﴾ سوێند بێت بێگومان ئێمە پێغەمبەرانمان نارد بۆ گەلانی پێش تۆ (ئەی موحەممەد (ﷺ)) ﴿فَأَخَذْنَاهُم بِالْبَأْسَاءِ وَالضَّرَّاءِ﴾ وەئوویشی ئەبوونی و هەژاری وەئەخۆشی و ترس و نارەحەتیمان کردن﴿لَعَلَّهُمْ يَتَضَرَّعُونَ﴾ بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە و پەشیمانی دەربچن (کڕێ بتوێنن). ٤٢﴿فَلَوْلَا إِذْ جَاءَهُم بَأْسُنَا تَضَرَّعُوا﴾ دەی بۆ ئەپاڕانەوە کاتێک سزای ئێمەیان بۆهات؟ ﴿وَلَٰكِن قَسَتْ قُلُوبُهُمْ﴾ بەڵام دڵیان ڕەق بوو ﴿وَزَيَّنَ لَهُمُ الشَّيْطَانُ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ وەشەیتان ئەو کردەوەخراپانەی بۆ ڕازاندبوونەوە کەدەیانکرد. ٤٣﴿فَلَمَّا نَسُوا مَا ذُكِّرُوا بِهِ﴾ جا کاتێ لەبیریان چوبوو ئەوەی ئامۆژگاری کران ﴿فَتَحْنَا عَلَيْهِمْ أَبْوَابَ كُلِّ شَيْءٍ﴾ دەرگای هەموو شتێکمان لەسەر کردنەوە ﴿حَتَّىٰ إِذَا فَرِحُوا بِمَا أُوتُوا﴾ تاکاتێ دڵخۆش بوون بەوەی پێ یان درابوو ﴿أَخَذْنَاهُم بَغْتَةً فَإِذَا هُم مُّبْلِسُونَ﴾ لە ناکاوبا تۆڵەمان لێ سەندن ئیتر ئەوانیش نائومێد و سەرگەردان بوون. ٤٤)

فَقُطِعَ دَابِرُ ٱلْقَوْمِ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ ۚ وَٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٤٥﴾
قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِنْ أَخَذَ ٱللَّهُ سَمْعَكُمْ وَأَبْصَٰرَكُمْ وَخَتَمَ عَلَىٰ قُلُوبِكُم
مَّنْ إِلَٰهٌ غَيْرُ ٱللَّهِ يَأْتِيكُم بِهِ ۗ ٱنظُرْ كَيْفَ نُصَرِّفُ ٱلْءَايَٰتِ
ثُمَّ هُمْ يَصْدِفُونَ ﴿٤٦﴾ قُلْ أَرَءَيْتَكُمْ إِنْ أَتَىٰكُمْ عَذَابُ ٱللَّهِ
بَغْتَةً أَوْ جَهْرَةً هَلْ يُهْلَكُ إِلَّا ٱلْقَوْمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٤٧﴾ وَمَا
نُرْسِلُ ٱلْمُرْسَلِينَ إِلَّا مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ ۖ فَمَنْ ءَامَنَ وَأَصْلَحَ
فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٤٨﴾ وَٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا
يَمَسُّهُمُ ٱلْعَذَابُ بِمَا كَانُوا۟ يَفْسُقُونَ ﴿٤٩﴾ قُل لَّآ أَقُولُ لَكُمْ
عِندِى خَزَآئِنُ ٱللَّهِ وَلَآ أَعْلَمُ ٱلْغَيْبَ وَلَآ أَقُولُ لَكُمْ إِنِّى مَلَكٌ ۖ
إِنْ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰٓ إِلَىَّ ۚ قُلْ هَلْ يَسْتَوِى ٱلْأَعْمَىٰ وَٱلْبَصِيرُ ۚ
أَفَلَا تَتَفَكَّرُونَ ﴿٥٠﴾ وَأَنذِرْ بِهِ ٱلَّذِينَ يَخَافُونَ أَن يُحْشَرُوٓا۟
إِلَىٰ رَبِّهِمْ ۙ لَيْسَ لَهُم مِّن دُونِهِۦ وَلِىٌّ وَلَا شَفِيعٌ لَّعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ
﴿٥١﴾ وَلَا تَطْرُدِ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُم بِٱلْغَدَوٰةِ وَٱلْعَشِىِّ يُرِيدُونَ
وَجْهَهُۥ ۖ مَا عَلَيْكَ مِنْ حِسَابِهِم مِّن شَىْءٍ وَمَا مِنْ حِسَابِكَ
عَلَيْهِم مِّن شَىْءٍ فَتَطْرُدَهُمْ فَتَكُونَ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٥٢﴾

هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتی (٥٢) سورەتی (الأنعام): ﴿وَلَا تَطْرُدِ الَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُم بِالْغَدَاةِ وَالْعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجْهَهُ ...﴾ موسلیم لەسەعدی کوڕی ئەبی وەقاصەوە دەگێڕێتەوە دەڵێت: ئەم ئایەتە ﴿وَلَا تَطْرُدِ الَّذِينَ...﴾ لەسەر شەش کەس هاتە خوارەوە کەمن و عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودی تێدا بووین، هاوبەش پەیدا کەرەکان بە پێغەمبەریان (ﷺ) ووت: تا ئەمانە لە خۆت نزیک دەکەیتەوە؟!

«فیقابه ، وذلك أضعف الإيمان) (رواه مسلم). پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت : (ئەگەر خوا ڕێنمایی کەسێک بکات لەسەر دەستی تۆدا بۆ تۆ چاکترە لەحوشترە سوورەکان) کە چاکترین جۆری حوشترە وەپێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (هەرکەسێک لەئێوە خراپەیەکی دی با بەدەست بیگۆڕێت وەئەگەر»

﴿فَقُطِعَ دَابِرُ الْقَوْمِ الَّذِينَ ظَلَمُوا﴾ ئینجا ئەو گەلەی کە ستەمیان کرد دوا بڕاو کران ﴿وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾ و هەموو سوپاس و ستایشێ هەر بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیانە. ٤٥)﴿قُلْ أَرَأَيْتُمْ﴾ (ئەی موحەممەد (ﷺ)) بڵێ پێم بڵێن ﴿إِنْ أَخَذَ اللَّهُ سَمْعَكُمْ وَأَبْصَارَكُمْ﴾ ئەگەر خوا هەستی بیستن و بینینتان لێ بسەنێتەوە ﴿وَخَتَمَ عَلَىٰ قُلُوبِكُمْ﴾ مۆریش بنێ بەسەر دڵەکانتاندا ﴿مَنْ إِلَٰهٌ غَيْرُ اللَّهِ يَأْتِيكُمْ بِهِ﴾ چ پەرستراوێک هەیە بێجگە خوا بۆتان بهێنێتەوە ﴿انْظُرْ كَيْفَ نُصَرِّفُ الْآيَاتِ﴾ تەماشابکە چۆن بەڵگەکان دەگۆڕین و چەند بارەیان دەکەینەوە ﴿ثُمَّ هُمْ يَصْدِفُونَ﴾ پاشان ئەوان پشتی تێ دەکەن و ڕوو وەردەگێڕن. ٤٦) ﴿قُلْ أَرَأَيْتَكُمْ﴾ ئەی (موحەممەد(ﷺ)) بڵێ پێم بڵێن ﴿إِنْ أَتَاكُمْ عَذَابُ اللَّهِ بَغْتَةً أَوْ جَهْرَةً﴾ ئەگەر سزای خوا لە ناکاو دا یا بە ئاشکرا بێت بۆتان ﴿هَلْ يُهْلَكُ إِلَّا الْقَوْمُ الظَّالِمُونَ﴾ ئایا لەناو دەبرێ (بە سزای خوایی) بێجگە لە کۆمەڵی ستەم کاران؟. ٤٧) ﴿وَمَا نُرْسِلُ الْمُرْسَلِينَ﴾ وە نێرواوەکانمان نەناردووە ﴿إِلَّا مُبَشِّرِينَ وَمُنْذِرِينَ﴾ مەگەر بە موژدەدەرو ترسێنەر ﴿فَمَنْ آمَنَ وَأَصْلَحَ﴾ جا هەرکەس بڕوای هێناو کردەوەی چاکی کرد ﴿فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾ ئەوە هیچ مەترسی یەکیان لەسەر نابێ و غەمباریش نابن. ٤٨)﴿وَالَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا﴾ ئەوانەیش بێ بڕوا بوون بە بەڵگەکانی ئێمە ﴿يَمَسُّهُمُ الْعَذَابُ بِمَا كَانُوا يَفْسُقُونَ﴾ بە هۆی دەرچوونیان لە سنوور(ی فەرمانی خوا) سزایان لێ دەکەوێ و دەیانگرێ. ٤٩)﴿قُلْ لَا أَقُولُ لَكُمْ عِنْدِي خَزَائِنُ اللَّهِ﴾ (ئەی موحەممەد(ﷺ)) بڵێ من پێتان ناڵێم خەزێنەکانی خوا لای منە ﴿وَلَا أَعْلَمُ الْغَيْبَ﴾ وە شتی نهێنیش نازانم ﴿وَلَا أَقُولُ لَكُمْ إِنِّي مَلَكٌ﴾ وە پێتان ناڵێم بێگومان من فریشتەم ﴿إِنْ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰ إِلَيَّ﴾ شوێنی هیچ ناکەوم ئەوەنەبێ سرووش و نیگا کراوە بۆم ﴿قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الْأَعْمَىٰ وَالْبَصِيرُ﴾ بڵێ ئایا کوێر و بینا یەکسانن؟ ﴿أَفَلَا تَتَفَكَّرُونَ﴾ دەی ئایا بۆ بیرناکەنەوە؟. ٥٠)﴿وَأَنْذِرْ بِهِ الَّذِينَ يَخَافُونَ﴾ بەم قورئانە بترسێنە ئەوانەی دەترسن ﴿أَنْ يُحْشَرُوا إِلَىٰ رَبِّهِمْ﴾ (لەوەی کە) کۆبکرێنەوە لای پەروەردگاریان ﴿لَيْسَ لَهُمْ مِنْ دُونِهِ وَلِيٌّ وَلَا شَفِيعٌ﴾ لە کاتێکدا بێجگە لە خوا هیچ یارمەتیدەر و تکا کارێکیان نی یە ﴿لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ﴾ بەڵکو بترسن و خۆیان بپارێزن. ٥١)﴿وَلَا تَطْرُدِ الَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ﴾ وە ئەوانە دەرنەکەیت کە پەروەردگاریان دەپەرستن (و هاواری لێ دەکەن) ﴿بِالْغَدَاةِ وَالْعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجْهَهُ﴾ بەبەیانیان و ئێواراندا (ڕەزامەندی) خوایان دەوێ ﴿مَا عَلَيْكَ مِنْ حِسَابِهِمْ مِنْ شَيْءٍ﴾ و لێپرسینەوەی هیچ شتێکیان لەسەر تۆ نی یە ﴿وَمَا مِنْ حِسَابِكَ عَلَيْهِمْ مِنْ شَيْءٍ﴾ وە لێپرسینەوەی هیچ شتێکی تۆش لەسەر ئەوان نی یە ﴿فَتَطْرُدَهُمْ﴾ جا ئەگەر دەریانکەیت (دور یان خەینەوە) ﴿فَتَكُونَ مِنَ الظَّالِمِينَ﴾ ئەوە لەستەمکاران دەبیت. ٥٢)

وَكَذَٰلِكَ فَتَنَّا بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لِّيَقُولُوٓا۟ أَهَٰٓؤُلَآءِ مَنَّ ٱللَّهُ
عَلَيْهِم مِّنۢ بَيْنِنَآ ۗ أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِأَعْلَمَ بِٱلشَّٰكِرِينَ ﴿٥٣﴾ وَإِذَا
جَآءَكَ ٱلَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِـَٔايَٰتِنَا فَقُلْ سَلَٰمٌ عَلَيْكُمْ كَتَبَ
رَبُّكُمْ عَلَىٰ نَفْسِهِ ٱلرَّحْمَةَ ۖ أَنَّهُۥ مَنْ عَمِلَ مِنكُمْ سُوٓءًۢا
بِجَهَٰلَةٍ ثُمَّ تَابَ مِنۢ بَعْدِهِۦ وَأَصْلَحَ فَأَنَّهُۥ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٥٤﴾
وَكَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلْـَٔايَٰتِ وَلِتَسْتَبِينَ سَبِيلُ ٱلْمُجْرِمِينَ ﴿٥٥﴾
قُلْ إِنِّى نُهِيتُ أَنْ أَعْبُدَ ٱلَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ ۖ قُل لَّآ أَتَّبِعُ
أَهْوَآءَكُمْ ۙ قَدْ ضَلَلْتُ إِذًا وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُهْتَدِينَ ﴿٥٦﴾
قُلْ إِنِّى عَلَىٰ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّى وَكَذَّبْتُم بِهِۦ ۚ مَا عِندِى مَا
تَسْتَعْجِلُونَ بِهِۦٓ ۚ إِنِ ٱلْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ ۖ يَقُصُّ ٱلْحَقَّ ۖ وَهُوَ خَيْرُ
ٱلْفَٰصِلِينَ ﴿٥٧﴾ قُل لَّوْ أَنَّ عِندِى مَا تَسْتَعْجِلُونَ بِهِۦ لَقُضِىَ
ٱلْأَمْرُ بَيْنِى وَبَيْنَكُمْ ۗ وَٱللَّهُ أَعْلَمُ بِٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٥٨﴾
۞ وَعِندَهُۥ مَفَاتِحُ ٱلْغَيْبِ لَا يَعْلَمُهَآ إِلَّا هُوَ ۚ وَيَعْلَمُ مَا فِى
ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ ۚ وَمَا تَسْقُطُ مِن وَرَقَةٍ إِلَّا يَعْلَمُهَا وَلَا حَبَّةٍ
فِى ظُلُمَٰتِ ٱلْأَرْضِ وَلَا رَطْبٍ وَلَا يَابِسٍ إِلَّا فِى كِتَٰبٍ مُّبِينٍ ﴿٥٩﴾

- ... بتوانی بابەزمان وەکەگەر شەبتوانی **بابەدل** پێی ... تاخوش بێت وەشوێنە لوازانەوە بکەوی شیمانە).

ئایەتی (١٠٥) سورەتی (آل عمران) عن حذيفة ابن اليمان أن النبي (ﷺ) قال (والذي نفسي بيده لتأمرن بالمعروف والتنهون عن المنكر أو ليوشكن الله أن يبعث عليكم عقابا من عنده ثم لتدعنه فلا يستجيب لكم) الترجمة أحمد والترمذي وابن ماجه). پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (سوێند بەو زاتەی کەگیانی منی بەدەستە ئەبێ فەرمان بکەن بەچاکەو بەرگری بکەن لەخراپە، یانزیکە خوا لەلایەن خۆیەوە سزایەکتان بۆ بنێرێ، ئەوسا ئێوە دەپارێنەوە بەڵام پارانەوەکەتان گێرا ناکات).

ئایەتی (١١٠) سورەتی (آل عمران) قال رسول الله(ﷺ) : (مثل القائم في حدود الله والواقع فيها-

﴿وَكَذَٰلِكَ فَتَنَّا بَعْضَهُم بِبَعْضٍ﴾ وە بەوجۆرە هەندێکیانمان بەهەندێکی تریان تاقی کردەوە ﴿لِّيَقُولُوا أَهَٰؤُلَاءِ مَنَّ اللَّهُ عَلَيْهِم مِّن بَيْنِنَا﴾ بۆ ئەوەی بڵێن ئایا ئەوانە خوا رێزو بەهرەی پێ بە خشیوون لە ناو ئێمەدا؟ ﴿أَلَيْسَ اللَّهُ بِأَعْلَمَ بِالشَّاكِرِينَ﴾ ئایا خوا لە هەموو کەس زاناتر نی یە بەوانەی شوکرانە بژێرن؟ ٥٣)﴿وَإِذَا جَاءَكَ الَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِآيَاتِنَا﴾ وەکاتێ ئەوانەی کە بڕوایان هەیە بە ئایەتەکانی ئێمە هاتن بۆلات ﴿فَقُلْ سَلَامٌ عَلَيْكُمْ﴾ ئەوە پێیان بڵێ سڵاوتان لێ بێ ﴿كَتَبَ رَبُّكُمْ عَلَىٰ نَفْسِهِ الرَّحْمَةَ﴾ پەروەردگارتان بەزەیی و میهرەبانی لەسەر خۆی پێویست کردووە ﴿أَنَّهُ مَنْ عَمِلَ مِنكُمْ سُوءًا بِجَهَالَةٍ﴾ بێگومان هەرکەس لە ئێوە کارێکی خراپ بکات بەنەزانی ﴿ثُمَّ تَابَ مِن بَعْدِهِ وَأَصْلَحَ﴾ پاشان بگەڕێتەوەو تەوبە بکات وخۆی چاک بکات ﴿فَأَنَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ ئەوە بەڕاستی خوا لێبوردەی بەبەزەیی یە. ٥٤)﴿وَكَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ الْآيَاتِ﴾ ئابەو جۆرە ئایەتەکان ڕوون دەکەینەوە ﴿وَلِتَسْتَبِينَ سَبِيلُ الْمُجْرِمِينَ﴾ بۆ ئەوەی ڕێگای تاوانباران ڕوون بێتەوە. ٥٥) ﴿قُلْ إِنِّي نُهِيتُ أَنْ أَعْبُدَ الَّذِينَ﴾ بڵێ: بێگومان من بەرگری کراوم لەوەی کەبەندایەتی بکەم بۆ ئەوانەی ﴿تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ﴾ ئێوە هاواریان لێدەکەن و دەیان پەرستن بێجگە لە خوا ﴿قُل لَّا أَتَّبِعُ أَهْوَاءَكُمْ﴾ بڵێ من شوێنی ئارەزووەکانی ئێوە ناکەوم ﴿قَدْ ضَلَلْتُ إِذًا وَمَا أَنَا مِنَ الْمُهْتَدِينَ﴾ ئەگەر وا بکەم بێگومان من گومڕا دەبم وەلە ڕێزی ئەو کەسانەدا نابم کە ڕێنموونیان وەرگرتووە. ٥٦)﴿قُلْ إِنِّي عَلَىٰ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّي﴾ بڵێ بێگومان من بەڵگەیەکی ئاشکرام لەلایەن پەروەردگارمەوە هەیە ﴿وَكَذَّبْتُم بِهِ﴾ کەچی ئێوە بڕواتان پێ نەهێنا ﴿مَا عِندِي مَا تَسْتَعْجِلُونَ بِهِ﴾ ئەو (سزای)ئێوە پەلەی هاتنی دەکەن بە دەست من نی یە ﴿إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ﴾ فەرمان ڕەوایی تەنها بۆ خوایە ﴿يَقُصُّ الْحَقَّ﴾ حەق و ڕاستی باسی دەکات ﴿وَهُوَ خَيْرُ الْفَاصِلِينَ﴾ وە ئەو چاکترینی بڕیاردەر و جیاکەرەوەیە. ٥٧)﴿قُل لَّوْ أَنَّ عِندِي مَا تَسْتَعْجِلُونَ بِهِ﴾ بڵێ ئەگەر لام بوایە ئەوەی ئێوەیە لە دەکەن لە هاتنی ﴿لَقُضِيَ الْأَمْرُ بَيْنِي وَبَيْنَكُمْ﴾ ئەوا کاری نێوان من و ئێوە کۆتایی پێ دەهێنرا ﴿وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِالظَّالِمِينَ﴾ وە خوا چاک ئاگادارە بەستەم کاران. ٥٨)﴿وَعِندَهُ مَفَاتِحُ الْغَيْبِ﴾ وە کلیلی هەموو نهێنی یەکان هەرلای خوایە ﴿لَا يَعْلَمُهَا إِلَّا هُوَ﴾ کەس نایانزانێ بێجگە ئەو (خوا) ﴿وَيَعْلَمُ مَا فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ﴾ وە (خوا) دەزانێ چی لە ووشکانی و دەریادا هەیە ﴿وَمَا تَسْقُطُ مِن وَرَقَةٍ إِلَّا يَعْلَمُهَا﴾ وە هەر گەڵایەک بکەوێتە خوارەوە خوا پێ ی دەزانێ ﴿وَلَا حَبَّةٍ فِي ظُلُمَاتِ الْأَرْضِ﴾ و هەر دانەوێڵەیەک لە تاریکی یەکانی زەویدا بێت ﴿وَلَا رَطْبٍ وَلَا يَابِسٍ﴾ و هەر تەڕو ووشکێک هەبێت ﴿إِلَّا فِي كِتَابٍ مُّبِينٍ﴾ هەر هەموویان لە کتێبی ئاشکرادان (لوح المحفوظ). ٥٩)

وَهُوَ ٱلَّذِى يَتَوَفَّىٰكُم بِٱلَّيْلِ وَيَعْلَمُ مَا جَرَحْتُم بِٱلنَّهَارِ ثُمَّ
يَبْعَثُكُمْ فِيهِ لِيُقْضَىٰٓ أَجَلٌ مُّسَمًّى ۖ ثُمَّ إِلَيْهِ مَرْجِعُكُمْ
ثُمَّ يُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٦٠﴾ وَهُوَ ٱلْقَاهِرُ فَوْقَ عِبَادِهِۦ
وَيُرْسِلُ عَلَيْكُمْ حَفَظَةً حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَحَدَكُمُ ٱلْمَوْتُ تَوَفَّتْهُ
رُسُلُنَا وَهُمْ لَا يُفَرِّطُونَ ﴿٦١﴾ ثُمَّ رُدُّوٓا۟ إِلَىٰ ٱللَّهِ مَوْلَىٰهُمُ ٱلْحَقِّ
أَلَا لَهُ ٱلْحُكْمُ وَهُوَ أَسْرَعُ ٱلْحَٰسِبِينَ ﴿٦٢﴾ قُلْ مَن يُنَجِّيكُم مِّن
ظُلُمَٰتِ ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ تَدْعُونَهُۥ تَضَرُّعًا وَخُفْيَةً لَّئِنْ أَنجَىٰنَا مِنْ هَٰذِهِۦ
لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلشَّٰكِرِينَ ﴿٦٣﴾ قُلِ ٱللَّهُ يُنَجِّيكُم مِّنْهَا وَمِن كُلِّ كَرْبٍ
ثُمَّ أَنتُمْ تُشْرِكُونَ ﴿٦٤﴾ قُلْ هُوَ ٱلْقَادِرُ عَلَىٰٓ أَن يَبْعَثَ عَلَيْكُمْ عَذَابًا
مِّن فَوْقِكُمْ أَوْ مِن تَحْتِ أَرْجُلِكُمْ أَوْ يَلْبِسَكُمْ شِيَعًا وَيُذِيقَ بَعْضَكُم
بَأْسَ بَعْضٍ ۗ ٱنظُرْ كَيْفَ نُصَرِّفُ ٱلْءَايَٰتِ لَعَلَّهُمْ يَفْقَهُونَ ﴿٦٥﴾
وَكَذَّبَ بِهِۦ قَوْمُكَ وَهُوَ ٱلْحَقُّ ۚ قُل لَّسْتُ عَلَيْكُم بِوَكِيلٍ ﴿٦٦﴾ لِّكُلِّ
نَبَإٍ مُّسْتَقَرٌّ ۚ وَسَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴿٦٧﴾ وَإِذَا رَأَيْتَ ٱلَّذِينَ يَخُوضُونَ فِىٓ
ءَايَٰتِنَا فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ حَتَّىٰ يَخُوضُوا۟ فِى حَدِيثٍ غَيْرِهِۦ ۚ وَإِمَّا يُنسِيَنَّكَ
ٱلشَّيْطَٰنُ فَلَا تَقْعُدْ بَعْدَ ٱلذِّكْرَىٰ مَعَ ٱلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٦٨﴾

- كەشكۆل قسوم
اسىتهزا علسى
سەفينة، قسمار
بەسەرىهم ئەڵماسا
وبەسەرىهم ئەسفايا
وكسان السذين فى
أسفلها فاذا استقوا
من الماء مروا على
من فوقهم ، فقالوا
لو أنا خرقنا فى
نصيبنا خرقا ولم
نؤذ من فوقنا !!
فإن تركوهم وما
أرادوا هلكسوا
جميعا، وإن أخذوا
على أيديهم نجوا
جميعسا) (رواه
البخسارى)
پێغەمبەر (ﷺ)
دەفسەرموێت :
(وێنسەی ئسەو
كەسەی لە ناسىت
سنوورەكانى خوادا وەستاوە (بۆ پاراستنى) وێنەر كەسەی كەوتبێتە ناو سنوورەكانى خوادا (و بايەخيان
پێ نەدات) وێنەيان وەك كەشتيەكە قورعە كێشيان كردبێ لەسەر (خۆيان) كەشتيەكى دووقات جا
هەنديكيان بەر سەرەوە بكەوێ و هەنديكيان بەر خوارەوە جانەوانەى لەقاتى خوارەوەى كەشتيەكەن
كاتێك پيانەوێ ئاو بخۆنەوە ئەبێ بەسەر ئەوانەدا كە لەسەروانەوەن بڕۆن جا بۆ خۆيان بانێن چى"

﴿وَهُوَ الَّذِي يَتَوَفَّاكُم بِاللَّيْلِ﴾ وە هەر ئەو خوایەیە کە دەتان خەوێنێ (دەتا نمرێنێ) لەشەودا ﴿وَيَعْلَمُ مَا جَرَحْتُم بِالنَّهَارِ﴾ وە ئەشزانێ (لە ڕۆژدا) ج کارێکتان ئەنجام داوە ﴿ثُمَّ يَبْعَثُكُمْ فِيهِ﴾ پاشان لە ڕۆژدا لە خەویێدارتان دەکاتەوە ﴿لِيُقْضَىٰ أَجَلٌ مُّسَمًّى﴾ بۆ ئەوەی تەواو ببێ ماوەی دیاریکراو (ی هەمووکەسێ) ﴿ثُمَّ إِلَيْهِ مَرْجِعُكُمْ﴾ ئەوسا هەر بۆلای ئەوە گەڕانەوەتان ﴿ثُمَّ يُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ پاشان هەواڵتان پێ دەدات بەهەر کردەوەیەك کە کردوتانە. ٦٠)﴿وَهُوَ الْقَاهِرُ فَوْقَ عِبَادِهِ﴾ ئەو (خوا) زاڵ و دەسەڵاتدارە بەسەر بەندەکانیدا ﴿وَيُرْسِلُ عَلَيْكُمْ حَفَظَةً﴾ و فریشتانێکتان بۆ دەنێرێت (کە چاودێر و پارێزەر و نوسەری کردەوەکانتانن) ﴿حَتَّىٰ إِذَا جَاءَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ﴾ تاکاتی مردنی یەکێکتان دێت ﴿تَوَفَّتْهُ رُسُلُنَا﴾ نێوراوەکانمان گیانی دەکێشن ﴿وَهُمْ لَا يُفَرِّطُونَ﴾ کەهیچ سستی و کەمتەر خەمی یەك ناکەن (لەکارەکانیاندا). ٦١)﴿ثُمَّ رُدُّوا إِلَى اللَّهِ مَوْلَاهُمُ الْحَقِّ﴾ پاشان دەگەڕێنرێتەوە بۆلای خوا کەسەروەری ڕاستەقینە یانە ﴿أَلَا لَهُ الْحُكْمُ﴾ تاگادارین فەرمان ڕەوایی و بڕیار هەر بۆئەوە ﴿وَهُوَ أَسْرَعُ الْحَاسِبِينَ﴾ هەر خوایشە لێپرسینەوەی خێراترە لە هەموو. ٦٢)﴿قُلْ مَن يُنَجِّيكُم مِّن ظُلُمَاتِ الْبَرِّ وَالْبَحْرِ﴾ (ئەی موحەممەد (ﷺ)) بڵێ: ئایا کێ ئێوە ڕزگار دەکات لەتاریکیەکانی ووشکانی و دەریا ﴿تَدْعُونَهُ تَضَرُّعًا وَخُفْيَةً﴾ کە هاوار و تزای لێدەکەن بە ئاشکراو نهێنی ﴿لَّئِنْ أَنجَانَا مِنْ هَٰذِهِ﴾ (ئەڵێن) سوێند بە خوا ئەگەر لەم مەترسی یە ڕزگارمان بکات ﴿لَنَكُونَنَّ مِنَ الشَّاكِرِينَ﴾ ئەوە بێگومان لە سوپاس کارانی خوا دەبین. ٦٣)﴿قُلِ اللَّهُ يُنَجِّيكُم مِّنْهَا﴾ بڵێ: هەر خوا ئێوە ڕزگار دەکات لەو مەترسی یە ﴿وَمِن كُلِّ كَرْبٍ﴾ و لە هەموو نارەحەتی و غەم و پەژارەیەك ﴿ثُمَّ أَنتُمْ تُشْرِكُونَ﴾ (لەگەڵ ئەوەشدا) پاشان ئێوە هاوبەش بۆ خوا بڕیار دەدەن. ٦٤)﴿قُلْ هُوَ الْقَادِرُ﴾ بڵێ: هەر ئەو خوایە بەتوانا و دەستەڵاتدارە ﴿عَلَىٰ أَن يَبْعَثَ عَلَيْكُمْ عَذَابًا﴾ کەسزایەکتان بۆ بنێرێت ﴿مِّن فَوْقِكُمْ﴾ لە سەروتانەوە ﴿أَوْ مِن تَحْتِ أَرْجُلِكُمْ﴾ یان لە ژێرپێتانەوە ﴿أَوْ يَلْبِسَكُمْ شِيَعًا﴾ یان سەرتان لێ بشێوێنێ و بتان کات بەچەند دەستە و ئاقمێکەوە ﴿وَيُذِيقَ بَعْضَكُم بَأْسَ بَعْضٍ﴾ جا هەندێکتان بە هەندێکی ترتان سزاو ئازار بدات ﴿انظُرْ كَيْفَ نُصَرِّفُ الْآيَاتِ﴾ سەرنج بدە: چۆن ئایەتەکان دەگۆڕین (لە جۆرێکەوە بۆ جۆرێکی تر) ﴿لَعَلَّهُمْ يَفْقَهُونَ﴾ تا ئەوان تێبگەن و بیربکەنەوە. ٦٥) ﴿وَكَذَّبَ بِهِ قَوْمُكَ وَهُوَ الْحَقُّ﴾ گەلەکەت باوەڕیان بەم قورئانە نەکرد کە هەر ئەوە حەق و ڕاست ﴿قُلْ لَّسْتُ عَلَيْكُم بِوَكِيلٍ﴾ بڵێ: من پارێزەر و بەرپرستان نیم. ٦٦)﴿لِّكُلِّ نَبَإٍ مُّسْتَقَرٌّ﴾ بۆ هەموو هەواڵێك کاتێکی دیاریکراو هەیە (کە ڕاست و درۆی تیادا ڕوون دەبێتەوە) ﴿وَسَوْفَ تَعْلَمُونَ﴾ وە بەزوویی دەزانن. ٦٧) ﴿وَإِذَا رَأَيْتَ الَّذِينَ يَخُوضُونَ فِي آيَاتِنَا﴾ هەر کاتێ ئەوانەت دی قسەی ناشایستە دەکەن دەربارەی ئایەتەکانی ئێمە ﴿فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ﴾ ئەوە ڕوو وەرگێڕە لێیان ﴿حَتَّىٰ يَخُوضُوا فِي حَدِيثٍ غَيْرِهِ﴾ تا دەچنە سەر باسێکی تر ﴿وَإِمَّا يُنسِيَنَّكَ الشَّيْطَانُ﴾ وە ئەگەر شەیتان لە بیری بردیتەوە ﴿فَلَا تَقْعُدْ بَعْدَ الذِّكْرَىٰ مَعَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ﴾ ئیتر لە پاش بیرکەوتنەوەت لەگەڵ کۆمەڵی ستەم کاران دامەنیشە. ٦٨)

وَمَا عَلَى ٱلَّذِينَ يَتَّقُونَ مِنْ حِسَابِهِم مِّن شَيْءٍ وَلَٰكِن
ذِكْرَىٰ لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ ﴿٦٩﴾ وَذَرِ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُوا۟
دِينَهُمْ لَعِبًا وَلَهْوًا وَغَرَّتْهُمُ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا وَذَكِّرْ بِهِۦٓ
أَن تُبْسَلَ نَفْسٌۢ بِمَا كَسَبَتْ لَيْسَ لَهَا مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلِىٌّ
وَلَا شَفِيعٌ وَإِن تَعْدِلْ كُلَّ عَدْلٍ لَّا يُؤْخَذْ مِنْهَآ ۗ أُو۟لَٰٓئِكَ
ٱلَّذِينَ أُبْسِلُوا۟ بِمَا كَسَبُوا۟ ۖ لَهُمْ شَرَابٌ مِّنْ حَمِيمٍ وَعَذَابٌ
أَلِيمٌۢ بِمَا كَانُوا۟ يَكْفُرُونَ ﴿٧٠﴾ قُلْ أَنَدْعُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ
مَا لَا يَنفَعُنَا وَلَا يَضُرُّنَا وَنُرَدُّ عَلَىٰٓ أَعْقَابِنَا بَعْدَ إِذْ هَدَىٰنَا ٱللَّهُ
كَٱلَّذِى ٱسْتَهْوَتْهُ ٱلشَّيَٰطِينُ فِى ٱلْأَرْضِ حَيْرَانَ لَهُۥٓ أَصْحَٰبٌ
يَدْعُونَهُۥٓ إِلَى ٱلْهُدَى ٱئْتِنَا ۗ قُلْ إِنَّ هُدَى ٱللَّهِ هُوَ ٱلْهُدَىٰ ۖ
وَأُمِرْنَا لِنُسْلِمَ لِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٧١﴾ وَأَنْ أَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ
وَٱتَّقُوهُ ۚ وَهُوَ ٱلَّذِىٓ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ ﴿٧٢﴾ وَهُوَ ٱلَّذِى
خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بِٱلْحَقِّ وَيَوْمَ يَقُولُ كُن
فَيَكُونُ ۚ قَوْلُهُ ٱلْحَقُّ ۚ وَلَهُ ٱلْمُلْكُ يَوْمَ يُنفَخُ فِى ٱلصُّورِ ۚ
عَٰلِمُ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ ۚ وَهُوَ ٱلْحَكِيمُ ٱلْخَبِيرُ ﴿٧٣﴾

* دەبێت ئەگەر ئێمە لە بەشەکەی خۆمان دا کۆنێکی تێ بکەین (بۆ ئاو خواردنەوە) و ئەزیەتی ئەوانەی لە سەرومانەوەن نەدەین خۆ ئەگەر ئەوانەی سەرەوە لێیان گەڕێن چی ئەکەن بیکەن ئەوا هەموویان ئیادەچن، وەئەگەر دەستیان بگرن و نەهێڵن کونی تێ بکەن هەموویان ڕزگاریان دەبێت).

ئایەتی (١٢٢)

سورەتی (آل عمران): كان رسول الله (ﷺ) يقول: (اللهم لك أسلمت وبك آمنت وعليك توكلت وإليك أنبت وبك خاصمت، اللهم أعوذ بعزتك لا إله إلا أنت أن تضلني، أنت الحي الذي لا يموت والجن والإنس يموتون) (متفق عليه). پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموی: (خودایەمن فەرمان بەر داری تۆم وەباوەڕم بەتۆ هێناوە، وەپشتم بەتۆ بەستووە، وەهەر بۆلای تۆ دەگەڕێمەوە هەر بە بەڵگەی تۆ=

﴿وما على الذين يتقون من حسابهم من شيء﴾ (هەرچەندە) ئەوانەی خۆیان دەپارێزن هیچ پرسیارو تاوانی ئەوانیان لەسەر نیی بە ﴿ولكن ذكرى لعلهم يتقون﴾ بەڵام بیرخستنەوەیە تا خۆیان بپارێزن. ٦٩)﴿وذر الذين اتخذوا دينهم لهوا ولعبا﴾ (ئەی موحەممەد(ﷺ)) واز بێنە لەوانەی ئایینەکەیان کردووە بە گەمە و گاڵتە ﴿وغرتهم الحياة الدنيا﴾ و ژیانی دنیا هەڵی خەڵەتاندون ﴿وذكر به﴾ وە بە قورئان ئامۆژگاریان بکە ﴿أن تبسل نفس بما كسبت﴾ بۆ ئەوەی هیچ کەس تیا نەچێ بەهۆی ئەو (خراپانە)ی کردوویەتی ﴿ليس لها من دون الله ولي ولا شفيع﴾ کە جگە لە خوا هیچ دۆست و تکاکارێکی نی یە ﴿وإن تعدل كل عدل لا يؤخذ منها﴾ ئەگەر هەموو فیدا و بڕێتی یەک بدات لێ ی وەرناگیرێ ﴿أولئك الذين أبسلوا بما كسبوا﴾ ئەوانە کەسانێکن بەهۆی ئەو (خراپانە)ی کە کردوویانە تیاچوون ﴿لهم شراب من حميم﴾ بۆ ئەوانەیە خواردنەوەیەک لە ئاوی زۆر گەرم و بەکوڵ ﴿وعذاب أليم بما كانوا يكفرون﴾ و سزای زۆر بە ئازاریش بە هۆی ئەوەی کەبێ بڕوابوون. ٧٠)﴿قل أندعوا من دون الله﴾ بڵێ ئایا بێجگە لەخوا هاوار بکەین (و بپەرستین) ﴿ما لا ينفعنا ولا يضرنا﴾ شتێك کەنەسوودمان پێ دەگەیەنێ نە زیان ﴿ونرد على أعقابنا﴾ وە بەرەو دوا بگەڕێینەوە (پاشگەزبینەوە) ﴿بعد إذ هدانا الله﴾ لە پاش ئەوەی کە خوا ڕێنموونی کردین (بۆ ڕێگای ڕاست)؟ ﴿كالذي استهوته الشياطين﴾ بەوێنەی ئەوکەسەی کە شەیتانەکان سەریان لێ شێواندبێ ﴿في الأرض حيران﴾ لەزەوی دا سەرگەردان بێ ﴿له أصحاب يدعونه إلى الهدى﴾ و چەند هاوڕێ یەکی هەبێ بانگی کەن بۆ ڕێ ی ڕاست ﴿ائتنا﴾ (بڵێن) وەرە بۆلای ئێمە (کەچی بەگوێیان نەکات) ﴿قل إن هدى الله هو الهدى﴾ بڵێ بەڕاستی هەر ڕێنموونی خوا ڕێ نموونی ڕاستە ﴿وأمرنا لنسلم لرب العالمين﴾ و فەرمانمان پێدراوە کە ملکەچ و گوێڕایەڵ بین بۆ پەروەردگاری جیهانیان. ٧١)﴿وأن أقيموا الصلاة واتقوه﴾ وە(فەرمانمان پێدراوە) کە بەڕێکی نوێژ بەجێ بێنن و لەو (پەروەردگارە) بترسن ﴿وهو الذي إليه تحشرون﴾ وە هەموونان هەر بۆلای ئەو زاتە کۆ دەکرێنەوە(لەڕۆژی دوایی). ٧٢)﴿وهو الذي خلق السموات والأرض بالحق﴾ وەهەر ئەو خوایەیە کەئاسمانەکان و زەوی بەدی هێناوە بەحەق و ڕاستی ﴿ويوم يقول كن فيكون﴾ وە هەر ڕۆژێ بەشتێك بڵەزموونێ بێ ئەوێش دەست بەجێ دەبێ ﴿قوله الحق﴾ فەرمان و ووتەی ئەو ڕاستە ﴿وله الملك يوم ينفخ في الصور﴾ هەر بۆئەوە مولك و خاوەنێتی لەو ڕۆژەدا کەفوو دەکرێ بە کەڕناما ﴿عالم الغيب والشهادة﴾ زانا و ئاگایە بەهەموو نهێنی و ئاشکرایەك ﴿وهو الحكيم الخبير﴾ و هەر ئەوە کاردروست و بە ئاگا. ٧٣)

۞ وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِيمُ لِأَبِيهِ ءَازَرَ أَتَتَّخِذُ أَصْنَامًا ءَالِهَةً ۖ إِنِّيٓ
أَرَىٰكَ وَقَوْمَكَ فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٧٤﴾ وَكَذَٰلِكَ نُرِىٓ إِبْرَٰهِيمَ
مَلَكُوتَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَلِيَكُونَ مِنَ ٱلْمُوقِنِينَ ﴿٧٥﴾
فَلَمَّا جَنَّ عَلَيْهِ ٱلَّيْلُ رَءَا كَوْكَبًا ۖ قَالَ هَٰذَا رَبِّى ۖ فَلَمَّآ أَفَلَ قَالَ
لَآ أُحِبُّ ٱلْءَافِلِينَ ﴿٧٦﴾ فَلَمَّا رَءَا ٱلْقَمَرَ بَازِغًا قَالَ هَٰذَا
رَبِّى ۖ فَلَمَّآ أَفَلَ قَالَ لَئِن لَّمْ يَهْدِنِى رَبِّى لَأَكُونَنَّ مِنَ ٱلْقَوْمِ
ٱلضَّآلِّينَ ﴿٧٧﴾ فَلَمَّا رَءَا ٱلشَّمْسَ بَازِغَةً قَالَ هَٰذَا رَبِّى هَٰذَآ
أَكْبَرُ ۖ فَلَمَّآ أَفَلَتْ قَالَ يَٰقَوْمِ إِنِّى بَرِىٓءٌ مِّمَّا تُشْرِكُونَ ﴿٧٨﴾
إِنِّى وَجَّهْتُ وَجْهِىَ لِلَّذِى فَطَرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ
حَنِيفًا وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿٧٩﴾ وَحَآجَّهُۥ قَوْمُهُۥ ۚ قَالَ
أَتُحَٰٓجُّوٓنِّى فِى ٱللَّهِ وَقَدْ هَدَىٰنِ ۚ وَلَآ أَخَافُ مَا تُشْرِكُونَ بِهِۦٓ
إِلَّآ أَن يَشَآءَ رَبِّى شَيْـًٔا ۗ وَسِعَ رَبِّى كُلَّ شَىْءٍ عِلْمًا ۗ أَفَلَا
تَتَذَكَّرُونَ ﴿٨٠﴾ وَكَيْفَ أَخَافُ مَآ أَشْرَكْتُمْ وَلَا
تَخَافُونَ أَنَّكُمْ أَشْرَكْتُم بِٱللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِۦ عَلَيْكُمْ
سُلْطَٰنًا ۚ فَأَىُّ ٱلْفَرِيقَيْنِ أَحَقُّ بِٱلْأَمْنِ ۖ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٨١﴾

* بەگژ قسەی دۆرمانادا دەچێ، ئەی خوایە پەنا لەگرم بەگەورەیی و دەسەڵات، هیچ پەرستراوێک نی یە شایانی پەرستن بێت جگە لەتۆ، لەوەی کەدەڵێن بتپەرستن تۆ زیندووید و قەت نامریت، وە هەموو جۆرێکەو هەردووم دەمرن).

ئایەتی (۱۲۲) سورەتی (آل عمران) ئەڵێ پێغەمبەر (ﷺ): (بپەرۆنە بەکارەکان پێش فتنەیەک وەکو پارچەکانی شەوی تاریک دێت، پیاو بەیانی بڕوادارە ئێوارە بێ بڕوا دەبێ، یان ئێوارە بڕوادارە بەیانی بێ بڕوا دەبێ، بە دنیا دەفرۆشێ بە دینەکەی) (رواه مسلم). (وقال رجل للنبي يوم أحد: أرأيت إن قتلت فأين أنا؟ قال: في الجنة) فألقى تمرات كن في يده ثم قاتل حتى قتل) (متفق عليه). پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ: (دەست پێشخەری بکەن لە کردارە چاکەکاندا ، پێش هاتنی ئەو بەڵاو تاڵوانەی کە وەک پارچەی *

يبخلون) پەیوەندیدار
بەم (ﷺ)
دەفەرمووێت:**

(کەسێک خوا مالی پێ بەخشیوە و زەکاتی لێ نەدەرێتەوە ، خوای گەورە لەڕۆژی قیامەتدا ئەو مالەی دەکاتە مارێکی سەرچووی (ئەو مارەی زۆری (ڕەگەزی) دوو کەلێنی هەیە بۆ بەرەو دان یان ئیوشانی هەیە دەیخاتێتیە لە گەردنی و پێوەی دەدات پاشان کەلاوەکانی دەگرێت و پاشان دەڵێت: من مالەکەی تۆم من گەنج و خەزێنەکەی تۆم پاشان پەیتەسیەر ئەو ئایەتەی خوێندەوە (ولا تحسبن الذين يبخلون).

﴿فَإِن كَذَّبُوكَ﴾ ئینجا ئەگەر باوەڕیان پێ نەکردی ﴿فَقُل رَّبُّكُمْ ذُو رَحْمَةٍ وَاسِعَةٍ﴾ ئەوا (پێیان) بڵێ پەروەردگارتان خاوەنی میهرەبانی فراوانە ﴿وَلَا يُرَدُّ بَأْسُهُ عَنِ الْقَوْمِ الْمُجْرِمِينَ﴾ وە سزاو تۆڵەی ئەو (خوا کەهات) لەهۆزی تاوانباران ناگێڕدرێتەوە. ١٤٧)﴿سَيَقُولُ الَّذِينَ أَشْرَكُوا﴾ ئەوانەی کەهاوبەشیان بۆ خوا دانا بوو لەمەو دوا دەڵێن: ﴿لَوْ شَاءَ اللَّهُ مَا أَشْرَكْنَا وَلَا آبَاؤُنَا﴾ ئەگەر خوا بیویستایە ئێمەو بارو باپیرانمان هاوبەشمان (بۆخوا) دانەدەنا ﴿وَلَا حَرَّمْنَا مِن شَيْءٍ﴾ وە هیچ شتێکمان حەرام نەدەکرد ﴿كَذَٰلِكَ كَذَّبَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ﴾ هەر بەو شێوەیە ئەوانەی پێش ئەمانیش درۆیان کرد ﴿حَتَّىٰ ذَاقُوا بَأْسَنَا﴾ هەتا سزاو تۆڵەی ئێمەیان چەشت ﴿قُلْ هَلْ عِندَكُم مِّنْ عِلْمٍ﴾ (ئەی موحەممەد (ﷺ)) بڵێ ئایا هیچ زانیاریەکتان لایە ﴿فَتُخْرِجُوهُ لَنَا﴾ تا دەری بخەن بۆمان و دەری بچن ﴿إِن تَتَّبِعُونَ إِلَّا الظَّنَّ﴾ ئێوە شوێنی هیچ شتێک ناکەون بێجگە لەگومان ﴿وَإِنْ أَنتُمْ إِلَّا تَخْرُصُونَ﴾ و ئێوە هەر لەخۆتانەوە بەگۆترە شت دەڵێن. ١٤٨) ﴿قُلْ فَلِلَّهِ الْحُجَّةُ الْبَالِغَةُ﴾ بڵێ دەی کەواتە بەڵگەی بەهێز (دەسەڵات) هەر بۆ خوایە ﴿فَلَوْ شَاءَ لَهَدَاكُمْ أَجْمَعِينَ﴾ جا ئەگەر(خوا) بیویستایە هەر هەموونانی دەخستە سەر ڕێی ڕاست. ١٤٩)﴿قُلْ هَلُمَّ شُهَدَاءَكُمُ الَّذِينَ﴾(ئەی موحەممەد(ﷺ)) بڵێ ئەو شایەتانەتان بێنن ﴿يَشْهَدُونَ أَنَّ اللَّهَ حَرَّمَ هَٰذَا﴾ کە شایەتی دەدەن کە خوا ئەمەی حەرام کردووە ﴿فَإِن شَهِدُوا فَلَا تَشْهَدْ مَعَهُمْ﴾ جا ئەگەر (بە درۆ) شایەتییان دا تۆ لەگەڵیاندا شایەتی مەدە ﴿وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا﴾ وە شوێنی ئارەزوانی ئەوانە مەکەوە کەباوەڕیان نەهێنا بەئایەتەکانی ئێمە ﴿وَالَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِالْآخِرَةِ﴾ وە شوێن ئەوانەش مەکەوە کەبڕوایان نی یە بەڕۆژی دوایی ﴿وَهُم بِرَبِّهِمْ يَعْدِلُونَ﴾ ئەوانەش کەهاوبەش و هاوتا بۆ پەروەردگاریان بڕیار دەدەن. ١٥٠)﴿قُلْ تَعَالَوْا أَتْلُ﴾ (ئەی موحەممەد (ﷺ)) بڵێ وەرن بابخوێنمەوە (بۆتان) ﴿مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ﴾ ئەوەی پەروەردگارتان یاساغی کردووە لەسەرتان ﴿أَلَّا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا﴾ (فەرمانیداوە کەوا) هیچ شتێک نەکەن بە هاوبەش بۆی ﴿وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا﴾ و لەگەڵ باوکو دایکدا ئاکار چاک و ڕەفتار جوانین ﴿وَلَا تَقْتُلُوا أَوْلَادَكُم مِّنْ إِمْلَاقٍ﴾ و منداڵەکانتان مەکوژن لەبەر هەژاری و نەبوونی ﴿نَّحْنُ نَرْزُقُكُمْ وَإِيَّاهُمْ﴾ ئێمە ڕۆزی ئێوەو ئەوانیش دەدەین ﴿وَلَا تَقْرَبُوا الْفَوَاحِشَ﴾ وە نزیکی گوناهو کردەوە زۆر بەدەکان مەکەونەوە ﴿مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ﴾ ئەوەی کەئاشکرادەکرێ لەو (خراپانە) ئەوەش پەنهان دەکرێ ﴿وَلَا تَقْتُلُوا النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ﴾ وە ئەو کەسە مەکوژن کەخوا کوشتنی حەرامی کردووە مەگەر هەق بێ (بکوژرێتەوە لەتۆڵەدا) ﴿ذَٰلِكُمْ وَصَّاكُم بِهِ﴾ خوا ئەمانەی بەئێوە ڕاسپاردوە ﴿لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ﴾ بۆ ئەوەی تێ بگەن (و ژیوی خۆتان بەکاربهێنن). ١٥١)

وَلَا تَقْرَبُوا مَالَ الْيَتِيمِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ حَتَّىٰ يَبْلُغَ أَشُدَّهُ ۖ
وَأَوْفُوا الْكَيْلَ وَالْمِيزَانَ بِالْقِسْطِ ۖ لَا نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلَّا
وُسْعَهَا ۖ وَإِذَا قُلْتُمْ فَاعْدِلُوا وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَىٰ ۖ وَبِعَهْدِ
اللَّهِ أَوْفُوا ۚ ذَٰلِكُمْ وَصَّاكُم بِهِ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ ﴿١٥٢﴾
وَأَنَّ هَٰذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ ۖ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ
فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ ۚ ذَٰلِكُمْ وَصَّاكُم بِهِ لَعَلَّكُمْ
تَتَّقُونَ ﴿١٥٣﴾ ثُمَّ آتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ تَمَامًا عَلَى الَّذِي
أَحْسَنَ وَتَفْصِيلًا لِّكُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً لَّعَلَّهُم بِلِقَاءِ
رَبِّهِمْ يُؤْمِنُونَ ﴿١٥٤﴾ وَهَٰذَا كِتَابٌ أَنزَلْنَاهُ مُبَارَكٌ فَاتَّبِعُوهُ
وَاتَّقُوا لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴿١٥٥﴾ أَن تَقُولُوا إِنَّمَا أُنزِلَ الْكِتَابُ
عَلَىٰ طَائِفَتَيْنِ مِن قَبْلِنَا وَإِن كُنَّا عَن دِرَاسَتِهِمْ لَغَافِلِينَ
﴿١٥٦﴾ أَوْ تَقُولُوا لَوْ أَنَّا أُنزِلَ عَلَيْنَا الْكِتَابُ لَكُنَّا أَهْدَىٰ مِنْهُمْ ۚ
فَقَدْ جَاءَكُم بَيِّنَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ ۚ فَمَنْ
أَظْلَمُ مِمَّن كَذَّبَ بِآيَاتِ اللَّهِ وَصَدَفَ عَنْهَا ۗ سَنَجْزِي الَّذِينَ
يَصْدِفُونَ عَنْ آيَاتِنَا سُوءَ الْعَذَابِ بِمَا كَانُوا يَصْدِفُونَ ﴿١٥٧﴾

ئایەتی (۱۵۲) **سورەتی (ال عمران)** **ئەنوار** (ئەلا) (مەمنوعە لێتان من أحد إلا سيكلمه ربه **لیس** بینه وبینه ترجمان فینظر أیمن منه فلا یری إلا ما قدم، **وینظر أعلم** منه فلا یری إلا ما قدم، وینظر بین یدیه فلا یری **إلا النار** (لقاء وجهه، **فاتقوا** النار **ولو** بشق التمرة، **فمن لم یجد** فبکلمة طیبة) (متفق علیه). **وفەرمووی** (ﷺ) (اکثروا من ذکر هاذم اللذات) یعنی الموت) (رواه ابن ماجه والترمذی). **پێغەمبەر** (ﷺ)

وەڵامەکەی: (هەر یەک لەوانە لەقیامەت دا پەروەردگاری گرفت وگۆی لەگەڵدا دەکات بە بێ پەردەو بەبێ وەرگێڕ، سەیری ئایەتی دەکات هیچ شتێک نابینێت جگە لەو شتانە نەبێت پێش خۆی خستوە، وە سەیری ئایەتی چەپی دەکات هیچ نابینێت جگە لەوەی پێش خۆی خستوە، وەسەیری بەردەمی دەکات هیچ نابینێت تاگر نەبێت کە بەرامبەر دەموچاویەتی، کەواتە خۆتان بپارێزن لە تاگر بابە لەتە خورمایەکیش بێت، جا هەرکەس-

﴿وَلَا تَقْرَبُوا مَالَ الْيَتِيمِ﴾ وە نزیکی مالی هەتیوان مەکەونەوە ﴿إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾ مەگەر بەو شێوەی کەجوانترو چاکتر بێت ﴿حَتَّىٰ يَبْلُغَ أَشُدَّهُ﴾ تا بالغ دەبێتەو دەگاتە ئەوپەری خۆی ﴿وَأَوْفُوا الْكَيْلَ وَالْمِيزَانَ بِالْقِسْطِ﴾ وە پێوانەو کێشانە بێ زیادو کەم ئەنجامی دەن بەدادگەری ﴿لَا نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا﴾ داوای ئەرک لەکەس ناکەین مەگەر بەئەندازەی توانای خۆی ﴿وَإِذَا قُلْتُمْ فَاعْدِلُوا﴾ وەکاتێ (بڕیارێکەتی دانو هیچ شتی تر) قسەتان کردو داوەرو پاست بن ﴿وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَىٰ﴾ با (لەسەری) خزمی نزیکی خۆشتان بێت ﴿وَبِعَهْدِ اللَّهِ أَوْفُوا﴾ وەبەڵێنو پەیمانی خوا بەجێاکی ببەنەسەر ﴿ذَٰلِكُمْ وَصَّاكُم بِهِ﴾ خوا ئەو شتانەی بەئێوە راسپاردوە ﴿لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ﴾ بۆ ئەوەی بیر بکەنەوە. ١٥٢)﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا﴾ (لەبەرمانی داوە کە)ئەمە ڕێگای ڕاستی منە کەڕاستەو ڕووستە ﴿فَاتَّبِعُوهُ﴾ کەواتە شوێنی بکەون ﴿وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ﴾ و شوێنی ڕێچکەکانی تر مەکەون ﴿فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ﴾ چونکە ئەوڕێگانە دەبنەهۆی لاتان دەدەن لەڕێگەی خوا ﴿ذَٰلِكُمْ وَصَّاكُم بِهِ﴾ خوا ئەو شتانەی بەئێوە ڕاسپاردوە ﴿لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾ بۆ ئەوەی پارێزکار بن. ١٥٣)﴿ثُمَّ آتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ﴾ لەپاش ئەوە تەورێتمان بەمۆسا ﴿تَمَامًا عَلَى الَّذِي أَحْسَنَ﴾ بۆ تەواو کردنی چاکەو بەڕەمان بەڕابەر کەسێک کەبەچاکی پێی هەڵساوە ﴿وَتَفْصِيلًا لِّكُلِّ شَيْءٍ﴾ وەڕوون کەرەوەی هەموو شتێک بێ ﴿وَهُدًى وَرَحْمَةً﴾ وە ڕێنیشاندەرو ڕزگەروڕێیەو میهرەبانی بێ ﴿لَّعَلَّهُم بِلِقَاءِ رَبِّهِمْ يُؤْمِنُونَ﴾ بۆ ئەوەی باوەڕ بهێنن بەگەیشتنیان بەحوزووری بەپەروەردگاریان. ١٥٤)﴿وَهَٰذَا كِتَابٌ أَنزَلْنَاهُ مُبَارَكٌ﴾ وە ئەم قورئانە پڕبڕەو بەڕەمان ئاوڕنەخەوارەوە ﴿فَاتَّبِعُوهُ﴾ کەواتە ئێوەش شوێنی بکەون ﴿وَاتَّقُوا لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ﴾ و خۆتان بپارێزن (پارێزکار بن) تا ڕەحمتان پێ بکرێ. ١٥٥)﴿أَن تَقُولُوا﴾ لەبەر ئەوەی ئەڵێن ﴿إِنَّمَا أُنزِلَ الْكِتَابُ عَلَىٰ طَائِفَتَيْنِ﴾ پێشگەمان کتێبی تەنها بۆ سەر دوو کۆمەڵی (گاوورو جولەکە) ئێمەوەتە خوارەوە ﴿مِن قَبْلِنَا﴾ لەپێش ئێمەدا ﴿وَإِن كُنَّا عَن دِرَاسَتِهِمْ لَغَافِلِينَ﴾ کەبەڕاستی ئێمە لەخوێندنەوەو لێکۆڵینەوەی کتێبەکانیان بێ ئاگابووین. ١٥٦)﴿أَوْ تَقُولُوا﴾ وە بۆ ئەوەی ئەڵێن ﴿لَوْ أَنَّا أُنزِلَ عَلَيْنَا الْكِتَابُ﴾ بەڕاستی ئەگەر کتێبی ئاسمانی بۆ ئێمە بهاتبایە ﴿لَكُنَّا أَهْدَىٰ مِنْهُمْ﴾ ئەوە ئێمە لەوان ڕێنموون تر دەبووین ﴿فَقَدْ جَاءَكُم بَيِّنَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ﴾ ئەوە پێگەمان بەڵگەو نیشانە (قورئان)ی پووتتان لە پەروەردگارتانەوە بۆ هاتووە ﴿وَهُدًى وَرَحْمَةٌ﴾ کەڕێنموونیی و میهرەبانیەکی گەورەیە ﴿فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن كَذَّبَ بِآيَاتِ اللَّهِ﴾ کەواتە کێ ستەم کار تر لەو کەسەی بێ باوەڕ بێ بەئایەتەکانی خوا بەڕای بزانێ ﴿وَصَدَفَ عَنْهَا﴾ وە پووی لێ وەرگێڕێ ﴿سَنَجْزِي الَّذِينَ يَصْدِفُونَ عَنْ آيَاتِنَا﴾ لەمەو دوا بەتووڕەی تۆڵە دەستێنین لەوانەی سەرپێچی دەکەن لە ئایەتەکانی ئێمە ﴿سُوءَ الْعَذَابِ﴾ بەسزایەکی بەدو سەخت ﴿بِمَا كَانُوا يَصْدِفُونَ﴾ بەهۆی ئەو لاڕێیەوە کەدەیانکرد. ١٥٧)

هَلْ يَنظُرُونَ إِلَّآ أَن تَأْتِيَهُمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ أَوْ يَأْتِىَ رَبُّكَ أَوْ يَأْتِىَ
بَعْضُ ءَايَٰتِ رَبِّكَ ۗ يَوْمَ يَأْتِى بَعْضُ ءَايَٰتِ رَبِّكَ لَا يَنفَعُ نَفْسًا إِيمَٰنُهَا
لَمْ تَكُنْ ءَامَنَتْ مِن قَبْلُ أَوْ كَسَبَتْ فِىٓ إِيمَٰنِهَا خَيْرًا ۗ قُلِ ٱنتَظِرُوٓا
إِنَّا مُنتَظِرُونَ ﴿١٥٨﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ فَرَّقُوا۟ دِينَهُمْ وَكَانُوا۟ شِيَعًا لَّسْتَ
مِنْهُمْ فِى شَىْءٍ ۚ إِنَّمَآ أَمْرُهُمْ إِلَى ٱللَّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُوا۟ يَفْعَلُونَ
﴿١٥٩﴾ مَن جَآءَ بِٱلْحَسَنَةِ فَلَهُۥ عَشْرُ أَمْثَالِهَا ۖ وَمَن جَآءَ بِٱلسَّيِّئَةِ
فَلَا يُجْزَىٰٓ إِلَّا مِثْلَهَا وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴿١٦٠﴾ قُلْ إِنَّنِى هَدَىٰنِى رَبِّىٓ
إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ۚ دِينًا قِيَمًا مِّلَّةَ إِبْرَٰهِيمَ حَنِيفًا ۚ وَمَا كَانَ مِنَ
ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٦١﴾ قُلْ إِنَّ صَلَاتِى وَنُسُكِى وَمَحْيَاىَ وَمَمَاتِى لِلَّهِ
رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٦٢﴾ لَا شَرِيكَ لَهُۥ ۖ وَبِذَٰلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلْمُسْلِمِينَ
﴿١٦٣﴾ قُلْ أَغَيْرَ ٱللَّهِ أَبْغِى رَبًّا وَهُوَ رَبُّ كُلِّ شَىْءٍ ۚ وَلَا تَكْسِبُ كُلُّ
نَفْسٍ إِلَّا عَلَيْهَا ۚ وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ ۚ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُم مَّرْجِعُكُمْ
فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ ﴿١٦٤﴾ وَهُوَ ٱلَّذِى جَعَلَكُمْ
خَلَٰٓئِفَ ٱلْأَرْضِ وَرَفَعَ بَعْضَكُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَٰتٍ لِّيَبْلُوَكُمْ
فِى مَآ ءَاتَىٰكُمْ ۗ إِنَّ رَبَّكَ سَرِيعُ ٱلْعِقَابِ ۖ وَإِنَّهُۥ لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٦٥﴾

ئەمەتوانی شەرم بابەت بوونەوەکەی جوانیش بیت خۆی لەناکار بهاوێنێ) هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمێت (ئێوە بەو لەناوبردنی خۆیی پەکان بکەن (واتە مردن)).

ئایەتی (١٩١) سورەتی (آل عمران)ە عن عائشة رضي الله عنها) قالت: (كان رسول الله (ﷺ) يذكر الله على كل أحيانه) (رواه مسلم). عائشە (رەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: (پێغەمبەری خوا

(ﷺ) یادی خوای دەکرد لەهەموو کاتێک و بارێکی دا).

ئایەتی (١٩٥) سورەتی (آل عمران)ە قال رسول الله (ﷺ) (إذا مرضى العبد أو سافر كتب له مثل ماكان يعمل مقيماً صحيحاً)(رواه الترمذي) پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمێت: (ئەگەر بەندەی شێماندار نەخۆش بکەوێت یان سەفەر بکات هەموو ئەو کردەوانەی بۆ دەنوسرێت کەلەماڵەوە بەئەقڵی سافی دەیکردن)

﴿هَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا أَن تَأْتِيَهُمُ الْمَلَائِكَةُ﴾ ئاخۆ ئەوان چاوەڕوانی چ شتێك دەكەن بێجگە لەوەی مەلائیكە(ی گیان كێشان) یان بۆ بێت ﴿أَوْ يَأْتِيَ رَبُّكَ﴾ یان پەروەردگارت بێت (ئەی موحەممەد(ﷺ)) ﴿أَوْ يَأْتِيَ بَعْضُ آيَاتِ رَبِّكَ﴾ یان هەندێ لەموعجیزەو نیشانە ئاشكراكانی پەروەردگارت بەدی بێت ﴿يَوْمَ يَأْتِي بَعْضُ آيَاتِ رَبِّكَ﴾ ئەو ڕۆژەی هەندێ لەنیشانەو بەڵگە ڕوونەكانی پەروەدگارت بەدی بێت ﴿لَا يَنفَعُ نَفْسًا إِيمَانُهَا﴾ باوەڕهێنان سوود ناگەیەنێت بەهیچ كەس ﴿لَمْ تَكُنْ آمَنَتْ مِن قَبْلُ﴾ كەپێشتر بڕوای نەهێنابێ ﴿أَوْ كَسَبَتْ فِي إِيمَانِهَا خَيْرًا﴾ یان هیچ خێروچاكەیەكی نەكردبێ لەگەڵ ئیمانەكەیدا ﴿قُلِ انتَظِرُوا إِنَّا مُنتَظِرُونَ﴾ بڵێ: چاوەڕوان بن (هەڕەشەیە) ئێمەش چاوەڕوانی دەكەین. ١٥٨)﴿إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ﴾ بەڕاستی ئەوانەی ئاینەكەیان بەش بەش كرد ﴿وَكَانُوا شِيَعًا﴾ و بوون بەچەند دەستەو تاقمێكەوە ﴿لَّسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ﴾ تۆ لەهیچ شتێكدا لەئەوان نیت ﴿إِنَّمَا أَمْرُهُمْ إِلَى اللَّهِ﴾ بێگومان كاری ئەوان تەنها بۆ لای خوا دەگەڕێتەوە ﴿ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُوا يَفْعَلُونَ﴾ پاشان خوا هەواڵیان پێ دەدا بەهەر كردەوەیەك كەكردویانە. ١٥٩)﴿مَن جَاءَ بِالْحَسَنَةِ﴾ هەر كەسێك چاكە بكات ﴿فَلَهُ عَشْرُ أَمْثَالِهَا﴾ ئەوە (لەڕۆژی دوایی دا) دە ئەوەندەی چاكەكەی پاداشتی بۆ هەیە ﴿وَمَن جَاءَ بِالسَّيِّئَةِ﴾ وە هەر كەسێك خراپە بكات ﴿فَلَا يُجْزَىٰ إِلَّا مِثْلَهَا﴾ ئەوە تۆڵەی لێ ناسێنرێ تەنها بەوێنەی خۆی نەبێ ﴿وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ﴾ و ئەوانە ستەمیان لێ ناكرێ. ١٦٠)﴿قُلْ إِنَّنِي هَدَانِي رَبِّي﴾ (ئەی موحەممەد(ﷺ)) بڵێ بێگومان من پەروەردگارم ڕێنموونیی كردووم ﴿إِلَىٰ صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ﴾ بۆ ڕێگای ڕاست ﴿دِينًا قِيَمًا﴾ ئاینێكی زۆر ڕاستو پاك (كەهیچ لاریەكی تیا نی یە) ﴿مِّلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا﴾ ئایینی ئەو ئیبراهیمەیە كە لەهەموو ئایینە ناڕاستەكان لایداوە بۆ پەرستنی خوا بەتەنها ﴿وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ﴾ وە بە هیچ جۆرێك لە هاوبەش پەیداكەران نەبووە. ١٦١) ﴿قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي﴾ (ئەی موحەممەد(ﷺ)) بڵێ بێگومان نوێژو (بەندایەتی) و قوربانی ﴿وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي﴾ و ژیانو مردنم ﴿لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾ هەر بۆ خوای پەروەردگاری هەموو جیهانیانە. ١٦٢)﴿لَا شَرِيكَ لَهُ﴾ هیچ هاوبەشێكی نی یە ﴿وَبِذَٰلِكَ أُمِرْتُ﴾ و هەر بەوە فەرمانم پێ دراوە ﴿وَأَنَا أَوَّلُ الْمُسْلِمِينَ﴾ وە من یەكەمی هەموو فەرمانبەرانم (بۆ خوا). ١٦٣) ﴿قُلْ أَغَيْرَ اللَّهِ أَبْغِي رَبًّا﴾ (ئەی موحەممەد(ﷺ)) بڵێ ئایا بێجگە لەخوا پەرستراوێكی تر بۆ خۆم هەڵبژێرم ﴿وَهُوَ رَبُّ كُلِّ شَيْءٍ﴾ لەكاتێكدا ئەو پەروەردگاری هەموو شتێكە ﴿وَلَا تَكْسِبُ كُلُّ نَفْسٍ إِلَّا عَلَيْهَا﴾ و هەر كەسێك هەر گوناهو خراپەیەك بكات تەنها لەسەر خۆیەتی ﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ﴾ وە هیچ كەسێكی گوناهكار گوناهی كەسێكی تر هەڵناگرێ ﴿ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُم مَّرْجِعُكُمْ﴾ پاشان گەڕانەوەتان هەر بۆلای پەروەردگارتانە ﴿فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ﴾ ئینجا هەواڵتان پێ ئەدا بەوەی كەئێوە تیایدا جیاواز بوون. ١٦٤) ﴿وَهُوَ الَّذِي جَعَلَكُمْ خَلَائِفَ الْأَرْضِ﴾ وە خوا ئەو زاتەیە كە تێوەی كردووە بەجێنشینانی زەوی (كۆمەڵ لەدوای كۆمەڵ دێن) ﴿وَرَفَعَ بَعْضَكُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَاتٍ﴾ چەند پلە هەندێكتانی بەرز كردۆتەوە بەسەر هەندێكی ترتاندا ﴿لِّيَبْلُوَكُمْ فِي مَا آتَاكُمْ﴾ بۆ ئەوەی تاقیتان بكاتەوە لەوەدا كەپێی بەخشیوون ﴿إِنَّ رَبَّكَ سَرِيعُ الْعِقَابِ﴾ بەڕاستی پەروەردگارت تۆڵە سەندنی چەسپان و خێرایە (بۆ بەدكاران) ﴿وَإِنَّهُ لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ وە بەڕاستی ئەو لێبوردەی میهرەبانە (بۆ چاكەكاران). ١٦٥)

سورة الأعراف

بسم الله الرحمن الرحيم

الٓمٓصٓ ﴿١﴾ كِتَٰبٌ أُنزِلَ إِلَيْكَ فَلَا يَكُن فِي صَدْرِكَ حَرَجٌ مِّنْهُ
لِتُنذِرَ بِهِۦ وَذِكْرَىٰ لِلْمُؤْمِنِينَ ﴿٢﴾ ٱتَّبِعُوا۟ مَآ أُنزِلَ إِلَيْكُم
مِّن رَّبِّكُمْ وَلَا تَتَّبِعُوا۟ مِن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءَ ۗ قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ ﴿٣﴾
وَكَم مِّن قَرْيَةٍ أَهْلَكْنَٰهَا فَجَآءَهَا بَأْسُنَا بَيَٰتًا أَوْهُمْ قَآئِلُونَ
﴿٤﴾ فَمَا كَانَ دَعْوَىٰهُمْ إِذْ جَآءَهُم بَأْسُنَآ إِلَّآ أَن قَالُوٓا۟ إِنَّا كُنَّا
ظَٰلِمِينَ ﴿٥﴾ فَلَنَسْـَٔلَنَّ ٱلَّذِينَ أُرْسِلَ إِلَيْهِمْ وَلَنَسْـَٔلَنَّ
ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿٦﴾ فَلَنَقُصَّنَّ عَلَيْهِم بِعِلْمٍ وَمَا كُنَّا غَآئِبِينَ ﴿٧﴾
وَٱلْوَزْنُ يَوْمَئِذٍ ٱلْحَقُّ ۚ فَمَن ثَقُلَتْ مَوَٰزِينُهُۥ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ
ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿٨﴾ وَمَنْ خَفَّتْ مَوَٰزِينُهُۥ فَأُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓا۟
أَنفُسَهُم بِمَا كَانُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا يَظْلِمُونَ ﴿٩﴾ وَلَقَدْ مَكَّنَّٰكُمْ
فِى ٱلْأَرْضِ وَجَعَلْنَا لَكُمْ فِيهَا مَعَٰيِشَ ۗ قَلِيلًا مَّا تَشْكُرُونَ ﴿١٠﴾
وَلَقَدْ خَلَقْنَٰكُمْ ثُمَّ صَوَّرْنَٰكُمْ ثُمَّ قُلْنَا لِلْمَلَٰٓئِكَةِ ٱسْجُدُوا۟
لِـَٔادَمَ فَسَجَدُوٓا۟ إِلَّآ إِبْلِيسَ لَمْ يَكُن مِّنَ ٱلسَّٰجِدِينَ ﴿١١﴾

ئایەتی (١٩٩)

سورەتی (ال عمران)ە من أبي موسى قال: قال رسول الله ﷺ: (الثلة يؤتون أجرهم مرتين) فذكر منهم (رجلاً من أهل الكتاب آمن بنبيه وآمن بي) البخاري و مسلم) پەیڤەسیار (٣٨) دەقەرموێت: (سێ کەس هەن دووجار پاداشتیان دەدرێتەوە ئەوانە: خاوەن بەرایەکە باوەڕی هەبوو بێت بە پێغەمبەرەکەی خۆی و بڕوایشی هەبێت بەمن).

ئایەتی (٢٠٠)

سورەتی (ال عمران)ە قال النبي ﷺ: (ألا أخبركم بما يمحو الله به الخطايا ويرفع به الدرجات؟ إسباغ الوضوء على المكاره، وكثرة الخطا إلى المساجد، وانتظار الصلاة بعد الصلاة، فذلكم الرباط، فذلكم الرباط، فذلكم الرباط) (رواه مسلم والنسائي). پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (ئایا پێتانڵێم کە بەهۆیەوە خوا تاوانی پێ دەسڕێتەوە و پلەکانی پێ بەرز دەکاتەوە؟! گرانی دەست خوێ سەرماو نارەحەتی، زۆر

سورەتی ﴿ الأعراف ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان. ﴿المص﴾ بە(تەلیف- لام- میم- صاد) دەخوێندرێتەوە، خوا زاناترە بەمانا مەبەست پێی بێ زانیاری زیاتر سەیری سەرەتایی سورەتی (البقرة) بکە. ١) ﴿كِتَابٌ أُنزِلَ إِلَيْكَ﴾ (ئەم قورئانە) نامەیەکە نێردراوەتە خوارەوە بۆ تۆ(ئەی موحەممەد (ﷺ)) ﴿فَلَا يَكُن فِي صَدْرِكَ حَرَجٌ مِّنْهُ﴾ کەواتە دڵ تەنگ مەبە(بەهۆی ئەکەرانی) ﴿لِّتُنذِرَ بِهِ﴾ بۆ ئەوەی (ئەوان)بەم قورئانە بترسێنی ﴿وَذِكْرَىٰ لِلْمُؤْمِنِينَ﴾ و بیرخستنەوەو ئامۆژگاریش بێ بۆ بڕواداران. ٢) ﴿اتَّبِعُوا مَا أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ﴾ پەیڕەوی ئەوە بکەن کە لەلایەن پەروەردگارتانەوە دابەزێنراوەتە خوارەوە بۆتان ﴿وَلَا تَتَّبِعُوا مِن دُونِهِ أَوْلِيَاءَ﴾ وە بێجگە لەئەو(خوا) شوێن هیچ پەرستراوانێ تر مەکەون ﴿قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ﴾ تێوە زۆر کەم بیر دەکەنەوە. ٣) ﴿وَكَم مِّن قَرْيَةٍ أَهْلَكْنَاهَا﴾ وە چەندەها شار و شارۆچکەمان وێران کرد ﴿فَجَاءَهَا بَأْسُنَا﴾ و سزای تێمەیان بۆ هات لەشەوبا ﴿أَوْ هُمْ قَائِلُونَ﴾ یان ئەوان لەخەو و پشوی نیوەڕۆدا بوون. ٤) ﴿فَمَا كَانَ دَعْوَاهُمْ إِذْ جَاءَهُم بَأْسُنَا﴾ جا کاتێ سزای تێمەیان بۆهات هاوارو نزایان هیچ نەبوو ﴿إِلَّا أَن قَالُوا إِنَّا كُنَّا ظَالِمِينَ﴾ بێجگە لەوەی کەدەیان وت: بەڕاستی تێمە ستەم کاربووین. ٥) ﴿فَلَنَسْأَلَنَّ الَّذِينَ أُرْسِلَ إِلَيْهِمْ﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی پرسیار دەکەین لەوانەی کەپێغەمبەرانیان بۆ نێردرا (کە چۆن پێشوازییان لێکردن) ﴿وَلَنَسْأَلَنَّ الْمُرْسَلِينَ﴾ وە بێ گومان پرسیاریش دەکەین لەپێغەمبەران(کە چۆن وەڵامیان دەدرایەوە). ٦) ﴿فَلَنَقُصَّنَّ عَلَيْهِم بِعِلْمٍ﴾ جا سوێند بەخوا بەڕاستی (ئەوەی کردمانە)بۆیان دەگێڕینەوە لەڕووی زانیارییەوە ﴿وَمَا كُنَّا غَائِبِينَ﴾ وەئێمە هیچ کاتێ بێ ئاگا نەبووین (لێیان). ٧) ﴿وَالْوَزْنُ يَوْمَئِذٍ الْحَقُّ﴾ کێشانەی ڕاست(بڕ کردەوەکانتان) لەو ڕۆژەدا دەبێ و گومانی تێدا نی یە ﴿فَمَن ثَقُلَتْ مَوَازِينُهُ﴾ جاهەر کەس کێشراوی چاک)ەکانی قورس بێت ﴿فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾ ئەوە ئەوانەن ڕزگاربوو کەیشتوو بەئامانج. ٨) ﴿وَمَنْ خَفَّتْ مَوَازِينُهُ﴾ وە هەرکەس کێشراوی چاک)ەکانی سووک بێت ﴿فَأُولَٰئِكَ الَّذِينَ خَسِرُوا أَنفُسَهُم﴾ ئەوانە کەسانێکن کەخۆیانیان نقڕاندووەو زەرەر مەندبوون ﴿بِمَا كَانُوا بِآيَاتِنَا يَظْلِمُونَ﴾ بەهۆی ئەوەی کەستەمیان کرد بەرانبەر بەنگەو نیشانەکانی ئێمە (و بەدڕۆیان دانا). ٩) ﴿وَلَقَدْ مَكَّنَّاكُمْ فِي الْأَرْضِ﴾ سوێند بەخوا بێگومان ئێمە ئێوەمان نیشتەجێ و جێگیرکرد لەزەویدا ﴿وَجَعَلْنَا لَكُمْ فِيهَا مَعَايِشَ﴾ و جۆرەها هۆی ژیانمان ئێیدا بۆ ڕەخساندن ﴿قَلِيلًا مَّا تَشْكُرُونَ﴾ (بەڵام) ئێوە زۆر کەم سوپاس گوزارن. ١٠) ﴿وَلَقَدْ خَلَقْنَاكُمْ ثُمَّ صَوَّرْنَاكُمْ﴾ سوێند بێت بێگومان ئێوەمان بەدی هێنا و پاشان شکڵ و شێوەمان کێشان ﴿ثُمَّ قُلْنَا لِلْمَلَائِكَةِ اسْجُدُوا لِآدَمَ﴾ پاشان ووشمان بەفریشتەکان سوژدە بەبەن بۆ ئادەم ﴿فَسَجَدُوا إِلَّا إِبْلِيسَ﴾ هەمووان بەگشتەر سوژدەیان برد بێجگە لەشەیتان ﴿لَمْ يَكُن مِّنَ السَّاجِدِينَ﴾ کە لەسوژدە بەران نەبوو. ١١)

قَالَ مَا مَنَعَكَ أَلَّا تَسْجُدَ إِذْ أَمَرْتُكَ ۖ قَالَ أَنَا خَيْرٌ مِّنْهُ خَلَقْتَنِي مِن نَّارٍ
وَخَلَقْتَهُ مِن طِينٍ ﴿١٢﴾ قَالَ فَاهْبِطْ مِنْهَا فَمَا يَكُونُ لَكَ أَن تَتَكَبَّرَ
فِيهَا فَاخْرُجْ إِنَّكَ مِنَ الصَّاغِرِينَ ﴿١٣﴾ قَالَ أَنظِرْنِي إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ
﴿١٤﴾ قَالَ إِنَّكَ مِنَ الْمُنظَرِينَ ﴿١٥﴾ قَالَ فَبِمَا أَغْوَيْتَنِي لَأَقْعُدَنَّ لَهُمْ
صِرَاطَكَ الْمُسْتَقِيمَ ﴿١٦﴾ ثُمَّ لَآتِيَنَّهُم مِّن بَيْنِ أَيْدِيهِمْ وَمِنْ خَلْفِهِمْ
وَعَنْ أَيْمَانِهِمْ وَعَن شَمَائِلِهِمْ ۖ وَلَا تَجِدُ أَكْثَرَهُمْ شَاكِرِينَ ﴿١٧﴾ قَالَ
اخْرُجْ مِنْهَا مَذْءُومًا مَّدْحُورًا ۖ لَّمَن تَبِعَكَ مِنْهُمْ لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنكُمْ
أَجْمَعِينَ ﴿١٨﴾ وَيَا آدَمُ اسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ فَكُلَا مِنْ حَيْثُ
شِئْتُمَا وَلَا تَقْرَبَا هَٰذِهِ الشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ الظَّالِمِينَ ﴿١٩﴾ فَوَسْوَسَ
لَهُمَا الشَّيْطَانُ لِيُبْدِيَ لَهُمَا مَا وُورِيَ عَنْهُمَا مِن سَوْآتِهِمَا ۚ وَقَالَ
مَا نَهَاكُمَا رَبُّكُمَا عَنْ هَٰذِهِ الشَّجَرَةِ إِلَّا أَن تَكُونَا مَلَكَيْنِ أَوْ تَكُونَا
مِنَ الْخَالِدِينَ ﴿٢٠﴾ وَقَاسَمَهُمَا إِنِّي لَكُمَا لَمِنَ النَّاصِحِينَ ﴿٢١﴾
فَدَلَّاهُمَا بِغُرُورٍ ۚ فَلَمَّا ذَاقَا الشَّجَرَةَ بَدَتْ لَهُمَا سَوْآتُهُمَا وَطَفِقَا
يَخْصِفَانِ عَلَيْهِمَا مِن وَرَقِ الْجَنَّةِ ۚ وَنَادَاهُمَا رَبُّهُمَا أَلَمْ أَنْهَكُمَا
عَن تِلْكُمَا الشَّجَرَةِ وَأَقُل لَّكُمَا إِنَّ الشَّيْطَانَ لَكُمَا عَدُوٌّ مُّبِينٌ ﴿٢٢﴾

ئایەتی (١) سورەتی (النساء) قال النبي (ﷺ): (أحمد الله تعالى فراء فان لم تكن فراء فإنه ... (الإيواء) فيها ... يقيه مبهر (ﷺ) دەفەرموێت (خوا ... پێیەرسێنە وەک ئەوەی کەبیبینی، خۆ ئەگەر تۆ ئەو نەبینیت ئەوە بیگومان خوا تۆ دەبینێت).

ئایەتی (٩) سورەتی (النساء) لما دخل النبي (ﷺ) على سعد بن أبي وقاص يعوده، قال: يارسول الله إني ذو مال ولا يرثني إلا ابنة أفتصدق بثلثي مالي، قال (لا) قال: فالشطر؟ قال (لا) قال فالثلث قال: (الثلث والثلث كثير) ثم قال رسول الله (ﷺ): (إنك إن تذر ورثتك أغنياء خير من أن تذرهم عالة يتكففون=

﴿قَالَ مَا مَنَعَكَ أَلَّا تَسْجُدَ إِذْ أَمَرْتُكَ﴾ (خوا) فەرمووی چی بەرگری کردی کەسوژدە نەبەیت کاتێ فەرمانم پێکردی ﴿قَالَ أَنَا خَيْرٌ مِنْهُ﴾ (شەیتان) ووتی: من لەو(ئادەم) چاکترم ﴿خَلَقْتَنِي مِن نَّارٍ وَخَلَقْتَهُ مِن طِينٍ﴾ چونکە منت لە ئاگر دروست کردووەو ئەوت لەقوڕ دروست کردووە. ١٢)﴿قَالَ فَاهْبِطْ مِنْهَا﴾ (خوا) فەرمووی: (لە بەهەشت) بڕۆرە خوارەوە ﴿فَمَا يَكُونُ لَكَ أَن تَتَكَبَّرَ فِيهَا﴾ چونکە بۆت نی یە لەو (بەهەشتە)دا خۆت بەگەورەو زل بزانی ﴿فَاخْرُجْ﴾ یەکسەر دەرچۆ ﴿إِنَّكَ مِنَ الصَّاغِرِينَ﴾ بەڕاستی تۆ لەبێ نرخ و ڕیسوایانی. ١٣)﴿قَالَ أَنظِرْنِي﴾ ووتی مۆڵەتم بدە(مەممرێنە) ﴿إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ﴾ تا ئەو ڕۆژەی زیندوو دەکرێنەوە. ١٤)﴿قَالَ إِنَّكَ مِنَ الْمُنظَرِينَ﴾(خواش) فەرمووی: بێگومان تۆ لەمۆڵەت دراوانی. ١٥)﴿قَالَ فَبِمَا أَغْوَيْتَنِي لَأَقْعُدَنَّ لَهُمْ﴾ ووتی ئەی پەروەردگار بەهۆی ئەوەوە کە گومڕات کردم بێگومان بۆیان (ئادەم و نەوەکانی) دادەنیشم ﴿صِرَاطَكَ الْمُسْتَقِيمَ﴾ لەڕێگە ڕاستەکەی تۆدا. ١٦)﴿ثُمَّ لَآتِيَنَّهُم مِّن بَيْنِ أَيْدِيهِمْ وَمِنْ خَلْفِهِمْ﴾ ئینجا سوێندبێ بێگومان بۆیان دەچم لەپێشیانەوە و لەدوایانەوە ﴿وَعَنْ أَيْمَانِهِمْ وَعَن شَمَائِلِهِمْ﴾ وە لەلای ڕاستیان و لەلای چەپیانەوە ﴿وَلَا تَجِدُ أَكْثَرَهُمْ شَاكِرِينَ﴾ ئەوسا نابینی زۆربەیان سوپاس گوزارین. ١٧) ﴿قَالَ اخْرُجْ مِنْهَا مَذْءُومًا مَّدْحُورًا﴾ (خوا) فەرمووی: دەرچۆ ئێیدا بە ئۆمەکراوی و دەرکراوی ﴿لَّمَن تَبِعَكَ مِنْهُمْ﴾ سوێندبێ بێگومان هەرکەس شوێنی تۆ کەوتبێ لەوان ﴿لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنكُمْ أَجْمَعِينَ﴾ ئەوە بێگومان دۆزەخ پڕ دەکەم لەئێوە هەمووتان. ١٨) ﴿وَيَا آدَمُ اسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ﴾ وە(ووتمان) ئەی ئادەم تۆو هاوسەرەکەت نیشتەجێ ی بەهەشت بن ﴿فَكُلَا مِنْ حَيْثُ شِئْتُمَا﴾ بخۆن لەهەرچی کەویست و حەزتان لێ بوو ﴿وَلَا تَقْرَبَا هَٰذِهِ الشَّجَرَةَ﴾ بەڵام نزیکی ئەو درەختە مەکەونەوە ﴿فَتَكُونَا مِنَ الظَّالِمِينَ﴾ ئەگینا لەستەم کاران دەبن. ١٩) ﴿فَوَسْوَسَ لَهُمَا الشَّيْطَانُ﴾ ئینجا شەیتان خەباڵو خەتەرەی خراپی خستە دڵیان ﴿لِيُبْدِيَ لَهُمَا مَا وُورِيَ عَنْهُمَا مِن سَوْءَاتِهِمَا﴾ بۆ ئەوەی دەرخات بۆیان ئەو عەیبەو عەورەتەی کەشاردبوویەوە لێیان (و بەدەرەوە نەبووە) ﴿وَقَالَ مَا نَهَاكُمَا رَبُّكُمَا عَنْ هَٰذِهِ الشَّجَرَةِ﴾ وە پێی ووتن: پەروەردگارتان (لەبەر هیچ هۆیەك) بەرگری ئەو درەختەی لێ نەکردون ﴿إِلَّا أَن تَكُونَا مَلَكَيْنِ﴾ مەگەر لەبەر ئەوەی کەنەبنە دوو فریشتە ﴿أَوْ تَكُونَا مِنَ الْخَالِدِينَ﴾ یان (لەبەهەشت دا)بمێننەوە بەهەمیشەیی. ٢٠)﴿وَقَاسَمَهُمَا إِنِّي لَكُمَا لَمِنَ النَّاصِحِينَ﴾ وە سوێندی بۆ خواردن ووتی بێگومان من لە ئامۆژگارانی دڵسۆزی ئێوەم. ٢١) ﴿فَدَلَّاهُمَا بِغُرُورٍ﴾ سەرئەنجام بەخەڵەتاندن هانی دان ﴿فَلَمَّا ذَاقَا الشَّجَرَةَ﴾ جا کاتێك (لەبەرو بوومی) ئەو درەختەیان چەشت ﴿بَدَتْ لَهُمَا سَوْءَاتُهُمَا﴾ هەردووکیان عەیب و عەورەتیان دەرکەوت ﴿وَطَفِقَا يَخْصِفَانِ عَلَيْهِمَا مِن وَرَقِ الْجَنَّةِ﴾ وە دەستیان کرد بەداپۆشینی خۆیان بەگەڵای (درەختانی) بەهەشت ﴿وَنَادَاهُمَا رَبُّهُمَا﴾ وە پەروەردگاریان بانگی هەردووکیانی کرد ﴿أَلَمْ أَنْهَكُمَا عَن تِلْكُمَا الشَّجَرَةِ﴾ ئایا ئەو درەختەم قەدەغە نەکرد لێتان ﴿وَأَقُل لَّكُمَا﴾ وە ئایا پێم نەووتن ﴿إِنَّ الشَّيْطَانَ لَكُمَا عَدُوٌّ مُّبِينٌ﴾ کە بێگومان شەیتان بۆ ئێوە دوژمنێکی ئاشکرایە. ٢٢)

قَالَا رَبَّنَا ظَلَمْنَا أَنفُسَنَا وَإِن لَّمْ تَغْفِرْ لَنَا وَتَرْحَمْنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ
الْخَاسِرِينَ ﴿٢٣﴾ قَالَ اهْبِطُوا بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ وَلَكُمْ فِي
الْأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَاعٌ إِلَىٰ حِينٍ ﴿٢٤﴾ قَالَ فِيهَا تَحْيَوْنَ وَفِيهَا
تَمُوتُونَ وَمِنْهَا تُخْرَجُونَ ﴿٢٥﴾ يَا بَنِي آدَمَ قَدْ أَنزَلْنَا عَلَيْكُمْ لِبَاسًا
يُوَارِي سَوْآتِكُمْ وَرِيشًا وَلِبَاسُ التَّقْوَىٰ ذَٰلِكَ خَيْرٌ ذَٰلِكَ مِنْ
آيَاتِ اللَّهِ لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ ﴿٢٦﴾ يَا بَنِي آدَمَ لَا يَفْتِنَنَّكُمُ
الشَّيْطَانُ كَمَا أَخْرَجَ أَبَوَيْكُم مِّنَ الْجَنَّةِ يَنزِعُ عَنْهُمَا لِبَاسَهُمَا
لِيُرِيَهُمَا سَوْآتِهِمَا إِنَّهُ يَرَاكُمْ هُوَ وَقَبِيلُهُ مِنْ حَيْثُ لَا تَرَوْنَهُمْ
إِنَّا جَعَلْنَا الشَّيَاطِينَ أَوْلِيَاءَ لِلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿٢٧﴾ وَإِذَا فَعَلُوا
فَاحِشَةً قَالُوا وَجَدْنَا عَلَيْهَا آبَاءَنَا وَاللَّهُ أَمَرَنَا بِهَا قُلْ إِنَّ اللَّهَ
لَا يَأْمُرُ بِالْفَحْشَاءِ أَتَقُولُونَ عَلَى اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٢٨﴾ قُلْ
أَمَرَ رَبِّي بِالْقِسْطِ وَأَقِيمُوا وُجُوهَكُمْ عِندَ كُلِّ مَسْجِدٍ
وَادْعُوهُ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ كَمَا بَدَأَكُمْ تَعُودُونَ ﴿٢٩﴾ فَرِيقًا
هَدَىٰ وَفَرِيقًا حَقَّ عَلَيْهِمُ الضَّلَالَةُ إِنَّهُمُ اتَّخَذُوا الشَّيَاطِينَ
أَوْلِيَاءَ مِن دُونِ اللَّهِ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُم مُّهْتَدُونَ ﴿٣٠﴾

- ئەنەس لەڕواه البخاري و المسلم. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: کاتێک چوون بۆ سەرداڵی سەعدی کوڕی ئوبادە، ئاوی لێناس کە لە خۆڵی بوون، سەعد پرسی: ئەی پێغەمبەری خوا من سڵاوم لێدەکەم و تەنها یەک گوپی میرات گرم هەیە، ئایا ئەو لەسەر سێ یەکەکەم بیەخشم؟ فەرمووی: (نەخێر) پرسی: نیوەی؟ فەرمووی: (نەخێر) پرسی: یەک لەسەر سێ؟ فەرمووی (یەک لەسەر سێ، وەیەک لەسەر سێ زۆرە) پاشان فەرمووی (چونکە بێگومان ئەگەر تۆ ئەیبەنە گرانە (خۆمەگلاند) بە دەوڵەمەندی بەجێ بهێڵیت باشترە لەوەی بەدەڕایی بەجێبهێڵیان بەپێی دەست لەدەمتکی پان بکەنەوە).

ئاگادارکی (١٨) سورەتی (النساء) عن ابی هریرة قال : قال رسول الله (ﷺ): (إن الله يقبل توبة العبد ما لم يغرغر) (رواه أحمد). پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (خوا تەوبەی بەندەکان گیرا دەکات پێش

﴿قَالَا رَبَّنَا ظَلَمْنَا أَنفُسَنَا﴾ هەردووکیان ووتیان ئەی پەروەردگارمان ئێمە ستەممان لەخۆمان کرد ﴿وَإِن لَّمْ تَغْفِرْ لَنَا وَتَرْحَمْنَا﴾ جا ئەگەر لێمان نەبوری و میهرەبانیمان لەگەڵ نەکەیت ﴿لَنَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾ سوێند بەخوا بێگومان ئێمە لەزیانباران دەبین. ٢٣)﴿قَالَ اهْبِطُوا﴾ (خوا) فەرمووی بڕۆنە خوارەوە(لەبەهەشت) ﴿بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ﴾ هێندێکتان دوژمنی هێندێکی ترتانن ﴿وَلَكُمْ فِي الْأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ﴾ وە بۆتان هەیە لەزەویدا نیشتەجێ بوون ﴿وَمَتَاعٌ إِلَىٰ حِينٍ﴾ و هۆی ڕابواردن و ژیان تا ماوەیەك. ٢٤)﴿قَالَ فِيهَا تَحْيَوْنَ وَفِيهَا تَمُوتُونَ﴾(خوا) فەرمووی: لەزەوی دا دەژین و لەویشدا دەمرن ﴿وَمِنْهَا تُخْرَجُونَ﴾ و هەر لەویش دەردەهێنرێن (و زیندوو دەکرێنەوە). ٢٥)﴿يَا بَنِي آدَمَ﴾ ئەی نەوەی ئادەم ﴿قَدْ أَنزَلْنَا عَلَيْكُمْ لِبَاسًا﴾ بێگومان پۆشاکمان بۆ ناردوون ﴿يُوَارِي سَوْآتِكُمْ وَرِيشًا﴾ کەعەیب و عەورەتتان دادەپۆشێ وە پۆشاکی جوان و ڕازاوەیش(مان بۆ ناردوون) ﴿وَلِبَاسُ التَّقْوَىٰ ذَٰلِكَ خَيْرٌ﴾ بەڵام پۆشاکی ترسان لەخوا و پارێزگاری چاکترو باشترە ﴿ذَٰلِكَ مِنْ آيَاتِ اللَّهِ﴾ ئەوەی باسکرا هەندێکە لەبەڵگەو نیشانەکانی خوا ﴿لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ﴾ بۆ ئەوەی بیربکەنەوەو ئامۆژگاری وەرگرن. ٢٦)﴿يَا بَنِي آدَمَ لَا يَفْتِنَنَّكُمُ الشَّيْطَانُ﴾ ئەی نەوەی ئادەم با شەیتان فریوتان نەدات و نەتانهەڵەتێنێ ﴿كَمَا أَخْرَجَ أَبَوَيْكُم مِّنَ الْجَنَّةِ﴾ هەرچۆنێ باوك و دایکتانی لەبەهەشت دەرکرد ﴿يَنزِعُ عَنْهُمَا لِبَاسَهُمَا﴾ لەحاڵێکدا پۆشاکەکەیانی لێ داکەندن ﴿لِيُرِيَهُمَا سَوْآتِهِمَا﴾ بۆ ئەوەی عەیب و عەورەتیان (دەربخات و) نیشانیان بدات ﴿إِنَّهُ يَرَاكُمْ هُوَ وَقَبِيلُهُ﴾ بەڕاستی شەیتان خۆی و دەستەکەی دەتانبینن ﴿مِنْ حَيْثُ لَا تَرَوْنَهُمْ﴾ لەجێگایەکەوە کەئێوە ئەوان نابینن ﴿إِنَّا جَعَلْنَا الشَّيَاطِينَ﴾ بەڕاستی ئێمە شەیتانەکانمان گێڕاوە ﴿أَوْلِيَاءَ لِلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ﴾ بەدۆست و خۆشەویست بۆ ئەوانەی کەبڕوا ناهێنن. ٢٧) ﴿وَإِذَا فَعَلُوا فَاحِشَةً﴾ وە کاتێ کردەوەیەکی زۆر بەدو ناشیرینیان دەکرد (کە بەڕووتی تەواف کردن نموونەیەکیەتی) ﴿قَالُوا وَجَدْنَا عَلَيْهَا آبَاءَنَا﴾ دەیان ووت: لە باوو باپیرانمانەوە بۆمان ماوەتەوە ﴿وَاللَّهُ أَمَرَنَا بِهَا﴾ وە خوا فەرمانی ئەو (کردەوە)ی پێ داووین ﴿قُلْ إِنَّ اللَّهَ لَا يَأْمُرُ بِالْفَحْشَاءِ﴾ (ئەی موحەممەد(ﷺ)) بڵێ بێ گومان خوا فەرمان نادا بەکردەوەی بەدو خراپ ﴿أَتَقُولُونَ عَلَى اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾ ئایا بەدەم خواوە شتێ دەڵێن کەتایزانن و بێ ئاگان لێ ی؟ ٢٨)﴿قُلْ أَمَرَ رَبِّي بِالْقِسْطِ﴾ بڵێ پەروەردگارم فەرمانی بە دادپەروەری داوە ﴿وَأَقِيمُوا وُجُوهَكُمْ عِندَ كُلِّ مَسْجِدٍ﴾ وە لەکاتی هەموو نوێژێکدا ڕاست ڕوو بکەنە خوا ﴿وَادْعُوهُ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ﴾ و دڵسۆزانە هاواری لێ بکەن و بیپەرستن ﴿كَمَا بَدَأَكُمْ تَعُودُونَ﴾ هەرچۆنێ لە یەکەم جارەوە (خوا) دروستی کردون بەو شێوەیە دەگەڕێنەوە (بۆ لای خوا). ٢٩)﴿فَرِيقًا هَدَىٰ﴾ دەستەیەکی ڕێنموونی کردوە ﴿وَفَرِيقًا حَقَّ عَلَيْهِمُ الضَّلَالَةُ﴾ دەستەیەکیش گومڕایی بەسەریاندا چەسپا ﴿إِنَّهُمُ اتَّخَذُوا الشَّيَاطِينَ﴾ بەڕاستی ئەوانە شەیتانەکانیان کرد ﴿أَوْلِيَاءَ مِن دُونِ اللَّهِ﴾ بەدۆست و پشتیوانی خۆیان لەجیاتی خوا ﴿وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُم مُّهْتَدُونَ﴾ وە وا گومان دەبەن کەڕێ نموونیی کراوون. ٣٠)

۞ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ خُذُواْ زِينَتَكُمۡ عِندَ كُلِّ مَسۡجِدٖ وَكُلُواْ وَٱشۡرَبُواْ
وَلَا تُسۡرِفُوٓاْۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُسۡرِفِينَ ٣١ قُلۡ مَنۡ حَرَّمَ زِينَةَ ٱللَّهِ
ٱلَّتِيٓ أَخۡرَجَ لِعِبَادِهِۦ وَٱلطَّيِّبَٰتِ مِنَ ٱلرِّزۡقِۚ قُلۡ هِيَ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ
فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا خَالِصَةٗ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۗ كَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلۡأٓيَٰتِ
لِقَوۡمٖ يَعۡلَمُونَ ٣٢ قُلۡ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ ٱلۡفَوَٰحِشَ مَا ظَهَرَ مِنۡهَا وَمَا
بَطَنَ وَٱلۡإِثۡمَ وَٱلۡبَغۡيَ بِغَيۡرِ ٱلۡحَقِّ وَأَن تُشۡرِكُواْ بِٱللَّهِ مَا لَمۡ يُنَزِّلۡ بِهِۦ
سُلۡطَٰنٗا وَأَن تَقُولُواْ عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ٣٣ وَلِكُلِّ أُمَّةٍ أَجَلٞۖ
فَإِذَا جَآءَ أَجَلُهُمۡ لَا يَسۡتَأۡخِرُونَ سَاعَةٗ وَلَا يَسۡتَقۡدِمُونَ ٣٤
يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ إِمَّا يَأۡتِيَنَّكُمۡ رُسُلٞ مِّنكُمۡ يَقُصُّونَ عَلَيۡكُمۡ ءَايَاتِي فَمَنِ
ٱتَّقَىٰ وَأَصۡلَحَ فَلَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ٣٥ وَٱلَّذِينَ
كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا وَٱسۡتَكۡبَرُواْ عَنۡهَآ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۖ هُمۡ
فِيهَا خَٰلِدُونَ ٣٦ فَمَنۡ أَظۡلَمُ مِمَّنِ ٱفۡتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا أَوۡ كَذَّبَ
بِـَٔايَٰتِهِۦٓۚ أُوْلَٰٓئِكَ يَنَالُهُمۡ نَصِيبُهُم مِّنَ ٱلۡكِتَٰبِۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَتۡهُمۡ
رُسُلُنَا يَتَوَفَّوۡنَهُمۡ قَالُوٓاْ أَيۡنَ مَا كُنتُمۡ تَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِۖ
قَالُواْ ضَلُّواْ عَنَّا وَشَهِدُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ أَنَّهُمۡ كَانُواْ كَٰفِرِينَ ٣٧

سورەتی ئەعراف

ئایەتی (٣١)

(الأعراف: ٣١)

يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ خُذُواْ زِينَتَكُمۡ عِندَ كُلِّ مَسۡجِدٖ ...

موسڵمان ئێزافەیەکە کە هەیدوڵائی کتوپڕی هەبێت تەقەرروب بۆ خوا ئافرەت بۆی هەیە بە پۆشینی هانتنی ئیسلام لەجاهیلی دا بە پۆشی ئەوانی دەکرد بەدەوری کەعبەدا تەنها پارچە قوماشێکی تەدا بەپێشەوە

ئەبووت : ئەمڕۆ بەشێکی یا هەموری دەرئەکەوێ وە ئەوەی دەرکەوێ لەلاشەم بەحەڵاڵی نازانم. (بۆیە ئافرەت بەپوتی ئەوانی ئەکرد گوایە ئەو پۆشاکانە گوناهی پێوە کراوە ئەبێ ئەواف بەپاکی بکرێت چونکە بۆ پاک بوونەوەیە لە گوناە).

﴿يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ خُذُواْ زِينَتَكُمْ عِندَ كُلِّ مَسْجِدٍ﴾ ئەی نەوەی ئادەم، پۆشاکی جوان و ڕازاوەتان بپۆشن لەکاتی هەموو نوێژێکدا ﴿وَكُلُواْ وَٱشْرَبُواْ وَلَا تُسْرِفُواْ﴾ وە بخۆن و بخۆنەوە(لەوەی کە حەڵاڵە بۆتان) و زیادە ڕەوی مەکەن ﴿إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُسْرِفِينَ﴾ بێ گومان خوا زیادەڕەوانی خۆش ناوێ. ٣١)﴿قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ ٱللَّهِ﴾ (ئەی موحەممەد(ﷺ)) بڵێ کێ ئارایش و جوانی یە خواییەکانی حەرام کردووە ﴿ٱلَّتِيٓ أَخْرَجَ لِعِبَادِهِۦ﴾ کەخوا بۆ بەندەکانی دروستی کردوو﴿وَٱلطَّيِّبَٰتِ مِنَ ٱلرِّزْقِ﴾ هەروەها ڕۆزی و خۆراکە پاک و خۆشەکان (کێ حەرامی کردوون) ﴿قُلْ هِيَ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ فِي ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا﴾(ئەی موحەممەد(ﷺ)) بڵێ ئەوانە بۆ بڕوادارانە لەژیانی دنیادا (بێ بڕوایانیش لەپەنای ئەواندا بەشداری دەکەن) ﴿خَالِصَةً يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾ (بەڵام) لەڕۆژی دوایی دا تایبەتە بەبڕوادارانەوە ﴿كَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلْءَايَٰتِ﴾بەم شێوەیە ئایەتەکانمان باس دەکەین و ڕوونی دەکەینەوە ﴿لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ﴾ بۆ گەل و کۆمەڵێک کە دەزانن و تێ دەگەن. ٣٢)﴿قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ ٱلْفَوَٰحِشَ﴾ بڵێ بێگومان پەروەردگارم تەنها ئەو کردەوانەی حەرام کردوە کەزۆر بەدو خراپن ﴿مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ﴾ ئەوانەی کە ئاشکران و ئەوانەش نهێنین ﴿وَٱلْإِثْمَ﴾ وە گوناهی (حەرام کردووە) ﴿وَٱلْبَغْيَ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ﴾ وە دەست درێژی بەناهەق ﴿وَأَن تُشْرِكُواْ بِٱللَّهِ مَا﴾ وە(حەرامی کردوە) شتێک بکەنە هاوبەش بۆخوا ﴿لَمْ يُنَزِّلْ بِهِۦ سُلْطَٰنًا﴾ کەبەڵگەی بۆ نەهاتووە ﴿وَأَن تَقُولُواْ عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾ وە (حەرامی کردووە) کەبەدەم خواوە شتانێک بڵێن کەنایزانن. ٣٣) ﴿وَلِكُلِّ أُمَّةٍ أَجَلٌ﴾ وە بۆ هەموو ئوممەتێ کاتێکی دیاری کراو هەیە (بۆ مردن و سزادانیان)﴿فَإِذَا جَآءَ أَجَلُهُمْ﴾ ئینجا کاتێ ماوە(ی مردن یا سزا) کەیان هات ﴿لَا يَسْتَأْخِرُونَ سَاعَةً﴾ ساتێک دواناکەون ﴿وَلَا يَسْتَقْدِمُونَ﴾ و پێشیش ناکەون. ٣٤)﴿يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ إِمَّا يَأْتِيَنَّكُمْ﴾ئەی نەوەی ئادەم ئەگەر بۆتان هات﴿رُسُلٌ مِّنكُمْ﴾پێغەمبەرانێک لەخۆتان﴿يَقُصُّونَ عَلَيْكُمْ ءَايَٰتِي﴾ئایەتەکانی منیان بۆ دەخوێندنەوە ﴿فَمَنِ ٱتَّقَىٰ وَأَصْلَحَ﴾ جا هەر کەس خۆی پاراست(لە نا فەرمانی خوا) و کردەوەی چاکی کرد ﴿فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾ئەوە مەترسی یان لەسەر نی یەو خەم و خەفەتیش ناخۆن. ٣٥)﴿وَٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا﴾ وە ئەوانەش کەبێ بڕوا بوون بەئایەتەکانی ئێمە ﴿وَٱسْتَكْبَرُواْ عَنْهَآ﴾ و خۆیان بەزل دەزانی لەبەرانبەر ئەو ئایەتانەدا ﴿أُوْلَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ﴾ ئەوانە هاوەڵانی ئاگرن ﴿هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ﴾ ئەوانە بەهەمیشەیی تیایا دەمێننەوە. ٣٦)﴿فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا﴾ جا کێ لەوە ستەمکار ترە کە درۆ بەدەم خواوە هەڵبەستێ ﴿أَوْ كَذَّبَ بِـَٔايَٰتِهِۦ﴾ یان بێ بڕوا بێ بەئایەتەکانی خوا ﴿أُوْلَٰٓئِكَ يَنَالُهُمْ نَصِيبُهُم مِّنَ ٱلْكِتَٰبِ﴾ ئەوانە ئەو بەشەی بۆیان نوسراوە دوو چاریان دەبێت ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَتْهُمْ رُسُلُنَا﴾ هەتا ئەو کاتەی نێردراوەکانمان (بۆ گیان کێشان) دێن بۆیان ﴿يَتَوَفَّوْنَهُمْ﴾ دەیانمرێنن،(گیانیان دەکێشن) ﴿قَالُوٓاْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ﴾ پێیان دەڵێن: ئەوانەی لەجیاتی خوا ئێوە هاوارو نزاتان لێ ئەکردن لەکوێن ﴿قَالُواْ ضَلُّواْ عَنَّا﴾ (لەوەڵامدا) دەڵێن: دیار نین و وون بوون لێمان ﴿وَشَهِدُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ﴾ وە شایەتی دەدەن لەسەر خۆیان ﴿أَنَّهُمْ كَانُواْ كَٰفِرِينَ﴾ کە بێگومان ئەوانە لە دنیادا بێ بڕوا بوون. ٣٧)

قَالَ ادْخُلُوا فِي أُمَمٍ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِكُم مِّنَ الْجِنِّ وَالْإِنسِ
فِي النَّارِ ۖ كُلَّمَا دَخَلَتْ أُمَّةٌ لَّعَنَتْ أُخْتَهَا ۖ حَتَّىٰ إِذَا ادَّارَكُوا فِيهَا
جَمِيعًا ۖ قَالَتْ أُخْرَاهُمْ لِأُولَاهُمْ رَبَّنَا هَٰؤُلَاءِ أَضَلُّونَا فَآتِهِمْ
عَذَابًا ضِعْفًا مِّنَ النَّارِ ۖ قَالَ لِكُلٍّ ضِعْفٌ وَلَٰكِن لَّا تَعْلَمُونَ ﴿٣٨﴾
وَقَالَتْ أُولَاهُمْ لِأُخْرَاهُمْ فَمَا كَانَ لَكُمْ عَلَيْنَا مِن فَضْلٍ
فَذُوقُوا الْعَذَابَ بِمَا كُنتُمْ تَكْسِبُونَ ﴿٣٩﴾ إِنَّ الَّذِينَ كَذَّبُوا
بِآيَاتِنَا وَاسْتَكْبَرُوا عَنْهَا لَا تُفَتَّحُ لَهُمْ أَبْوَابُ السَّمَاءِ وَلَا يَدْخُلُونَ
الْجَنَّةَ حَتَّىٰ يَلِجَ الْجَمَلُ فِي سَمِّ الْخِيَاطِ ۚ وَكَذَٰلِكَ نَجْزِي
الْمُجْرِمِينَ ﴿٤٠﴾ لَهُم مِّن جَهَنَّمَ مِهَادٌ وَمِن فَوْقِهِمْ غَوَاشٍ ۚ
وَكَذَٰلِكَ نَجْزِي الظَّالِمِينَ ﴿٤١﴾ وَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا
الصَّالِحَاتِ لَا نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا أُولَٰئِكَ أَصْحَابُ
الْجَنَّةِ ۖ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ ﴿٤٢﴾ وَنَزَعْنَا مَا فِي صُدُورِهِم مِّنْ غِلٍّ
تَجْرِي مِن تَحْتِهِمُ الْأَنْهَارُ ۖ وَقَالُوا الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي هَدَانَا لِهَٰذَا
وَمَا كُنَّا لِنَهْتَدِيَ لَوْلَا أَنْ هَدَانَا اللَّهُ ۖ لَقَدْ جَاءَتْ رُسُلُ رَبِّنَا بِالْحَقِّ ۖ
وَنُودُوا أَن تِلْكُمُ الْجَنَّةُ أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٤٣﴾

ئایەتی (٣٨) سورەتی (النساء) **قال** (ﷺ) (یحرم من الرضاع مایحرم من النسب) **مسلم**. یەیهەقیی (ﷺ) دەفەرمووێت: (ئەم شافرەتانەی بەهۆی خزمایەتی یەوە لەگەڵ پیاوەکە هاوکۆمیان بەهۆی شیر خواردنیشەوە حەرام دەبن).

ئایەتی (٤٢) سورەتی (النساء) من **التبع بن** سبرة من أبيه أنه غزا مع الرسول (ﷺ) يوم **فتح مكة فقال (يا أيها الناس إني كنت أذنت** لكم في الاستمتاع من النساء وإن الله قد حرم ذلك إلى يوم القيامة فمن كان عنده منهن شيء فليخل سبيله، ولا تأخذوا مما آتيتموهن شيئاً) (رواه مسلم) لە ڕەبیعی کوڕی سەبورەوە لەباوکیەوە گێڕاوەیەتی یەوە کە لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) بووە لە ڕۆژی ئازاد کردنی مەککەدا فەرمووی (ئەی خەڵکینە بێگومان من مۆڵەتم داووتن بە ژنهێنان و ماڵەوەت و ئەوگاتێن لە ئافرەت (مارە بڕینی کاتی) بەڵام بێگومان

﴿قَالَ ادْخُلُوا فِي أُمَمٍ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِكُم﴾(خوا پێیانی) فەرموو ئێوە لەگەڵ ئوممەتانێك كەلە پێش ئێوە وە بوون ﴿مِّنَ الْجِنِّ وَالْإِنسِ فِي النَّارِ﴾ لەجنۆكەو ئادەمی بچنە ئاگری دۆزەخەوە ﴿كُلَّمَا دَخَلَتْ أُمَّةٌ لَّعَنَتْ أُخْتَهَا﴾ هەر جارێ دەستەیەك دەچنە ناویەوە نەفرین لەهاوبیرانی دەكات ﴿حَتَّىٰ إِذَا اتَّارَكُوا فِيهَا جَمِيعًا﴾ هەتا هەموو دەگەن بەیەك و كۆدەبنەوە یەك دەگون ﴿قَالَتْ أُخْرَاهُمْ لِأُولَاهُمْ﴾ دوایی یەكانیان (كەشوێن كەوتوو بوون) دەربارەی پێشوەكانیان (كەپێشەوا بوون) دەڵێن ﴿رَبَّنَا هَٰؤُلَاءِ أَضَلُّونَا﴾ ئەی پەروەردگارمان ئەوانە ئێمەیان گومڕا كرد ﴿فَآتِهِمْ عَذَابًا ضِعْفًا مِّنَ النَّارِ﴾ دە تۆش لەئاگردا دووقات سزایان بدە ﴿قَالَ﴾ (پەروەردگار) دەفەرموێ ﴿لِكُلٍّ ضِعْفٌ﴾ بۆ هەركامتان (سزا) دوو بەرامبەرە ﴿وَلَٰكِن لَّا تَعْلَمُونَ﴾ بەڵام ئێوە نازانن و بێ ئاگان. ٣٨)﴿وَقَالَتْ أُولَاهُمْ لِأُخْرَاهُمْ﴾ سەرۆك و چاو لێكراوەكان بە شوێن كەوتووەكانیان دەڵێن ﴿فَمَا كَانَ لَكُمْ عَلَيْنَا مِن فَضْلٍ﴾ ئێوەش هیچ زیادە ڕێزێكتان بەسەر ئێمەدا نی یە ﴿فَذُوقُوا الْعَذَابَ﴾ دە ئێوەش سزا بچەژن ﴿بِمَا كُنتُمْ تَكْسِبُونَ﴾ بەهۆی ئەو (خراپانەوەی) دەتان كرد. ٣٩)﴿إِنَّ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا﴾ بەڕاستی ئەوانەی بێ بڕوا بوون بەئایەتەكانی ئێمە ﴿وَاسْتَكْبَرُوا عَنْهَا﴾ وە خۆیان بەگەورەو زل دادەنا لە بەرامبەریاندا ﴿لَا تُفَتَّحُ لَهُمْ أَبْوَابُ السَّمَاءِ﴾ ئەوانە دەرگاكانی ئاسمانیان بۆ ناكرێتەوە ﴿وَلَا يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ﴾ و ناچنە بەهەشتەوە ﴿حَتَّىٰ يَلِجَ الْجَمَلُ فِي سَمِّ الْخِيَاطِ﴾ هەتا حوشتر نەچێت بەكونی دەرزی دروماندا ﴿وَكَذَٰلِكَ نَجْزِي الْمُجْرِمِينَ﴾ ئا بەو جۆرە تۆڵە لە تاوانباران دەسێنین. ٤٠)﴿لَهُم مِّن جَهَنَّمَ مِهَادٌ﴾ ئەوانەی لەدۆزەخدا فەرش و ڕاخەریان (لە ئاگرە)﴿وَمِن فَوْقِهِمْ غَوَاشٍ﴾وە لەلای سەروشیانەوە لێفەو داپۆشەریان (لەئاگرە) ﴿وَكَذَٰلِكَ نَجْزِي الظَّالِمِينَ﴾ ئا بەو جۆرە تۆڵە لەستەمكاران دەستێنین. ٤١) ﴿وَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ﴾وە ئەوانەی كە بڕوایان هێناوە و كردەوەی چاكیشیان كردووە﴿لَا نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا﴾ داوا لە هیچ كەس ناكەین زیاد لەتوانای خۆی ﴿أُولَٰئِكَ أَصْحَابُ الْجَنَّةِ﴾ ئا ئەوانە هاوەڵانی بەهەشتن ﴿هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾ ئەوان هەمیشەیین تێیدا. ٤٢)﴿وَنَزَعْنَا مَا فِي صُدُورِهِم﴾ ئەوەی لەدڵیاندا بووبێ دامان ڕنی ﴿مِّنْ غِلٍّ﴾ لەكینەو ڕق (دەربارەی یەكتری) ﴿تَجْرِي مِن تَحْتِهِمُ الْأَنْهَارُ﴾ ڕووبارەكان دەڕۆن بەژێر (كۆشك و باخەكان)یاندا ﴿وَقَالُوا الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي هَدَانَا لِهَٰذَا﴾ وە دەڵێن: سوپاس بۆ ئەو خوایەی كەڕێنموونیی كردین بۆ ئەم ڕێگایە ﴿وَمَا كُنَّا لِنَهْتَدِيَ﴾ كە ئێمە هەرگیز ڕێبازی ڕاست شارەزا نەدەبووین ﴿لَوْلَا أَنْ هَدَانَا اللَّهُ﴾ ئەگەر خوا ڕێنموونی نەكردینایە ﴿لَقَدْ جَاءَتْ رُسُلُ رَبِّنَا بِالْحَقِّ﴾ سوێند بەخوا بێگومان نێرراوەكانی پەروەردگارمان ڕاستیان هێنا ﴿وَنُودُوا أَن تِلْكُمُ الْجَنَّةُ﴾ وە بانگیان لێ دەكرێ بەمەی كەئەو بەهەشتە ﴿أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ پێتان بەخشرا بەهۆی ئەو كردەوە (چاكانەوەی) دەتان كرد. ٤٣)

وَنَادَىٰٓ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَنَّةِ أَصۡحَٰبَ ٱلنَّارِ أَن قَدۡ وَجَدۡنَا مَا وَعَدَنَا رَبُّنَا حَقّٗا
فَهَلۡ وَجَدتُّم مَّا وَعَدَ رَبُّكُمۡ حَقّٗاۖ قَالُواْ نَعَمۡۚ فَأَذَّنَ مُؤَذِّنُۢ بَيۡنَهُمۡ أَن
لَّعۡنَةُ ٱللَّهِ عَلَى ٱلظَّٰلِمِينَ ٤٤ ٱلَّذِينَ يَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَيَبۡغُونَهَا
عِوَجٗا وَهُم بِٱلۡأٓخِرَةِ كَٰفِرُونَ ٤٥ وَبَيۡنَهُمَا حِجَابٞۚ وَعَلَى ٱلۡأَعۡرَافِ
رِجَالٞ يَعۡرِفُونَ كُلَّۢا بِسِيمَىٰهُمۡۚ وَنَادَوۡاْ أَصۡحَٰبَ ٱلۡجَنَّةِ أَن سَلَٰمٌ عَلَيۡكُمۡۚ
لَمۡ يَدۡخُلُوهَا وَهُمۡ يَطۡمَعُونَ ٤٦ ۞ وَإِذَا صُرِفَتۡ أَبۡصَٰرُهُمۡ تِلۡقَآءَ
أَصۡحَٰبِ ٱلنَّارِ قَالُواْ رَبَّنَا لَا تَجۡعَلۡنَا مَعَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ٤٧ وَنَادَىٰٓ أَصۡحَٰبُ
ٱلۡأَعۡرَافِ رِجَالٗا يَعۡرِفُونَهُم بِسِيمَىٰهُمۡ قَالُواْ مَآ أَغۡنَىٰ عَنكُمۡ جَمۡعُكُمۡ
وَمَا كُنتُمۡ تَسۡتَكۡبِرُونَ ٤٨ أَهَٰٓؤُلَآءِ ٱلَّذِينَ أَقۡسَمۡتُمۡ لَا يَنَالُهُمُ
ٱللَّهُ بِرَحۡمَةٍۚ ٱدۡخُلُواْ ٱلۡجَنَّةَ لَا خَوۡفٌ عَلَيۡكُمۡ وَلَآ أَنتُمۡ تَحۡزَنُونَ
٤٩ وَنَادَىٰٓ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِ أَصۡحَٰبَ ٱلۡجَنَّةِ أَنۡ أَفِيضُواْ عَلَيۡنَا
مِنَ ٱلۡمَآءِ أَوۡ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُۚ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ حَرَّمَهُمَا عَلَى
ٱلۡكَٰفِرِينَ ٥٠ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ دِينَهُمۡ لَهۡوٗا وَلَعِبٗا
وَغَرَّتۡهُمُ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَاۚ فَٱلۡيَوۡمَ نَنسَىٰهُمۡ كَمَا نَسُواْ
لِقَآءَ يَوۡمِهِمۡ هَٰذَا وَمَا كَانُواْ بِـَٔايَٰتِنَا يَجۡحَدُونَ ٥١

حەوای کەمەرە
(یاخسان) کەمەرەی
حەرام کراوە تا یێنگە
دوایی، جا
هەرکەس
ئافرەتێکی لەوانە
لایە یا دەستی لێ
هەڵگرێ و یان جۆ
یەکەرەی لاکات و
ئەوەی یێنتان
داوون هیچیان لێ
هەسپێنەوە).

ئایەتی (٢٨)
سورەتی (النساء):
(قال موسى الكليم
(عليه السلام) لنبينا محمد
(ﷺ) ليلة الإسراء
حين مر عليه راجعاً
من سدرة المنتهى
فقال له: ماذا فرض
عليكم فقال: أمرني
بخمسين صلاة في

كل يوم وليلة، فقال له ارجع إلى ربك فاسأله التخفيف، فإن أمتك لا تطيق ذلك فإني قد بلوت الناس قبلك
على ما هو أقل من ذلك فضيعوا وإن أمتك أضعف أبداناً وأبداناً وقلوباً فارجع فراجع فوضع عشراً، ثم رجع إلى
موسى فلم يزل كذلك حتى بلغت خمساً... إلخ الحديث (رواه البخاري). موسا (علیه السلام)
بەپێغەمبەریمان موحەمەد (ﷺ)ی فەرموو لە شەوی ئیسرادا کاتێ بەلایدا ڕۆشت لە ئاسمانەوە بۆیدا لە (سدرة-

﴿وَنَادَىٰ أَصْحَٰبُ ٱلْجَنَّةِ﴾ وە بەهەشتیەکان بانگ دەکەن ﴿أَصْحَٰبَ ٱلنَّارِ﴾ لەدۆزەخیەکان ﴿أَن قَدْ وَجَدْنَا مَا وَعَدَنَا رَبُّنَا حَقًّا﴾ بێگومان ئێمە ئەوەی کەپەروەردگارمان بەڵێنی پێداین ڕاست بوو پێی گەیشتین ﴿فَهَلْ وَجَدتُّم مَّا وَعَدَ رَبُّكُمْ حَقًّا﴾ جا ئایا ئێوەش ئەوەی کەپەروەردگارتان بەڵێنی پێدان ڕاست بوو پێی گەیشتن؟ ﴿قَالُوا نَعَمْ﴾ دەڵێن بەڵێ ﴿فَأَذَّنَ مُؤَذِّنٌ بَيْنَهُمْ﴾ پاشان جاڕچیەك جاڕی دەدا لەنێوانیاندا ﴿أَنْ لَّعْنَةُ ٱللَّهِ عَلَى ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ کەنەفرینی خوا لەسەر ستەمکاران بێ. ٤٤)﴿ٱلَّذِينَ يَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ ئەوانەی بەرهەڵستی لە ڕێ ی خوا دەکەن ﴿وَيَبْغُونَهَا عِوَجًا﴾ و دەیان ویست ئەو(ڕێگایە) بەخوارو ناڕێك نیشان بدەن ﴿وَهُم بِٱلْءَاخِرَةِ كَٰفِرُونَ﴾ لەکاتێکدا ئەوان بێ بڕوا بوون بەڕۆژی دوایی. ٤٥)﴿وَبَيْنَهُمَا حِجَابٌ﴾ و لەنێوانیاندا پەردەو جیاکەرەوەیەك هەیە ﴿وَعَلَى ٱلْأَعْرَافِ رِجَالٌ﴾ بەسەر ئەعراقەوە (کەبەرزاییەکە لەنێوان بەهەشتو دۆزەخدا) پیاوانێك هەن ﴿يَعْرِفُونَ كُلًّا بِسِيمَٰهُمْ﴾ هەر یەکە لەبەهەشتیو دۆزەخیەکان دەناسنەوە بەهۆی نیشانە (وشێوەی تایبەت)ی بانەوە ﴿وَنَادَوْا أَصْحَٰبَ ٱلْجَنَّةِ أَن سَلَٰمٌ عَلَيْكُمْ﴾ جا بەهەشتیەکان بانگ دەکەنو دەڵێن: سەلامتان لێ بێت ﴿لَمْ يَدْخُلُوهَا وَهُمْ يَطْمَعُونَ﴾ نەچوونەتە ناویەوە بەڵام ئومێدیان هەیەو بەتەمان بچنەناوی. ٤٦)﴿وَإِذَا صُرِفَتْ أَبْصَٰرُهُمْ﴾ هەر کاتێ روویان لادرێو وەرگێڕدرێ ﴿تِلْقَآءَ أَصْحَٰبِ ٱلنَّارِ﴾ بەرەو لای دۆزەخیەکان ﴿قَالُوا رَبَّنَا﴾ دەڵێن ئەی پەروەردگارمان ﴿لَا تَجْعَلْنَا مَعَ ٱلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ مەمانخەنە ریزی گەلی ستەم کاران. ٤٧) ﴿وَنَادَىٰ أَصْحَٰبُ ٱلْأَعْرَافِ رِجَالًا﴾ وە ئەوانەی وان بەسەر ئەعراقەوە پیاوانێك بانگ دەکەن ﴿يَعْرِفُونَهُم بِسِيمَٰهُمْ﴾ کەبەنیشانەی تایبەتی یان دا دەیان ناسن ﴿قَالُوا﴾ دەڵێن ﴿مَآ أَغْنَىٰ عَنكُمْ جَمْعُكُمْ﴾ کۆمەڵەکەتان سوودی پێ نەگەیاندن ﴿وَمَا كُنتُمْ تَسْتَكْبِرُونَ﴾ هەروەها خۆبەزل زانینو لەخۆبایی بوونتان بەکەڵکتان نەهات. ٤٨)﴿أَهَٰٓؤُلَآءِ ٱلَّذِينَ أَقْسَمْتُمْ﴾ ئایا ئەوانە(هەژارە باوەڕدارەکان) هەر ئەوانە نین کەئێوە (لەدنیادا) سوێندتان دەخوارد﴿لَا يَنَالُهُمُ ٱللَّهُ بِرَحْمَةٍ﴾ کەخوا بەر میهرەبانی خۆیان ناخات ﴿ٱدْخُلُوا ٱلْجَنَّةَ لَا خَوْفٌ عَلَيْكُمْ﴾ (خوا بەهەژارە باوەڕدارەکان ئەڵێ) بچنە بەهەشت هیچ مەترسیەکتان لەسەر نی یە ﴿وَلَآ أَنتُمْ تَحْزَنُونَ﴾ و ئێوە خەم ناخۆن. ٤٩)﴿وَنَادَىٰٓ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ أَصْحَٰبَ ٱلْجَنَّةِ﴾ وە دۆزەخیەکان بانگو هاوار لەبەهەشتیەکان دەکەن ﴿أَنْ أَفِيضُوا عَلَيْنَا مِنَ ٱلْمَآءِ﴾ (دەڵێن) هەندێ ئاومان پێ ببەخشن ﴿أَوْ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُ﴾ یان هەندێ لەو ڕۆزیەی کەخوا پێ ی بەخشیوون ﴿قَالُوٓا إِنَّ ٱللَّهَ حَرَّمَهُمَا عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ﴾ (لەوەڵامیاندا) دەڵێن: خوا هەردووکی لەسەر بێ بڕوایان حەرام کردووە. ٥٠)﴿ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُوا دِينَهُمْ﴾ ئەوانەی کەئاینەکەی خۆیان کردبووە ﴿لَهْوًا وَلَعِبًا﴾ سەرقاڵی بێ سوودو گاڵتە﴿وَغَرَّتْهُمُ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا﴾ وە ژیانی دنیا هەڵیخەڵەتاندن ﴿فَٱلْيَوْمَ نَنسَىٰهُمْ﴾ بۆیە ئەمڕۆ ئەوان لەبیرخۆمان دەبەینەوە ﴿كَمَا نَسُوا لِقَآءَ يَوْمِهِمْ هَٰذَا﴾ هەرچۆنێك ئەوان دیداری ئەم ڕۆژەیان لەبیری خۆیان بردبۆوە ﴿وَمَا كَانُوا بِـَٔايَٰتِنَا يَجْحَدُونَ﴾ وە (لەبەرئەوەی) ئایەتەکانی ئێمەیان ئینکار دەکرد (دانیان پێدا نەدەهێنا). ٥١)

وَلَقَدْ جِئْنَٰهُم بِكِتَٰبٍ فَصَّلْنَٰهُ عَلَىٰ عِلْمٍ هُدًى وَرَحْمَةً لِّقَوْمٍ
يُؤْمِنُونَ ﴿٥٢﴾ هَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا تَأْوِيلَهُۥ ۚ يَوْمَ يَأْتِى تَأْوِيلُهُۥ يَقُولُ
ٱلَّذِينَ نَسُوهُ مِن قَبْلُ قَدْ جَآءَتْ رُسُلُ رَبِّنَا بِٱلْحَقِّ ۖ فَهَل لَّنَا
مِن شُفَعَآءَ فَيَشْفَعُوا۟ لَنَآ أَوْ نُرَدُّ فَنَعْمَلَ غَيْرَ ٱلَّذِى كُنَّا نَعْمَلُ ۚ
قَدْ خَسِرُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَفْتَرُونَ ﴿٥٣﴾
إِنَّ رَبَّكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِى سِتَّةِ
أَيَّامٍ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ ۖ يُغْشِى ٱلَّيْلَ ٱلنَّهَارَ يَطْلُبُهُۥ حَثِيثًا
وَٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ وَٱلنُّجُومَ مُسَخَّرَٰتٍۭ بِأَمْرِهِۦٓ ۗ أَلَا لَهُ ٱلْخَلْقُ
وَٱلْأَمْرُ ۗ تَبَارَكَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٥٤﴾ ٱدْعُوا۟ رَبَّكُمْ تَضَرُّعًا
وَخُفْيَةً ۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُعْتَدِينَ ﴿٥٥﴾ وَلَا تُفْسِدُوا۟ فِى
ٱلْأَرْضِ بَعْدَ إِصْلَٰحِهَا وَٱدْعُوهُ خَوْفًا وَطَمَعًا ۚ إِنَّ رَحْمَتَ
ٱللَّهِ قَرِيبٌ مِّنَ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٥٦﴾ وَهُوَ ٱلَّذِى يُرْسِلُ
ٱلرِّيَٰحَ بُشْرًۢا بَيْنَ يَدَىْ رَحْمَتِهِۦ ۖ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَقَلَّتْ سَحَابًا
ثِقَالًا سُقْنَٰهُ لِبَلَدٍ مَّيِّتٍ فَأَنزَلْنَا بِهِ ٱلْمَآءَ فَأَخْرَجْنَا بِهِۦ مِن كُلِّ
ٱلثَّمَرَٰتِ ۚ كَذَٰلِكَ نُخْرِجُ ٱلْمَوْتَىٰ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ ﴿٥٧﴾

«المنتهى» مويسا
پەيدا بوو: چاوان
لەسەر ئەنجا
كراوە؟ ئەويش
فەرمووى: خوا
فەرمانى پێكردووم بە
پەيدا نوێژ لەسەر
پێغەمبەرى ئەوسەرى:
بگەڕێوە بۆلاى
پەروەردگارى خۆى
سوپاس كردنى لێ بكە
چونكە بەراستى
ئومەتەكەت تواناى
ئەوەيان نىيە بە
پێگوێدان من پێش تۆ
خۆتان تەماى
گرۆنەوە بكەنەوە
ئەوەى (ئەوە بەسەر
ئومەتەكەى) تۆدا
بەڵام بەتوانن جێ
پەنجەيى كەسان وە
بەراستى

ئومەتەكەى تۆ گۆڕى و چاو و دڵيان لاوازترە، پێغەمبەريش گەورەترين مێژوێكى لێ كەم كرابێت، يانيش لاقرابێت، بۆلاى مويسا و بەم شێوەيە بەردەوام بوو (كە خواكردنى كەسكردنەوەى نوێژەكان تا پێنج نوێژەكە ماوەيە.....).

ئاماژەيە (٢٩) سورەتى (النساء) قال رسول الله ﷺ (إذا تبايع الرجلان فكل واحد منهما بالخيار مالم يفترقا) رواه البخاري، من حديث ابن عمر رضي الله عنه قال: لما بعثه النبي ﷺ عام ذات السلاسل قال:

﴿وَلَقَدْ جِئْنَٰهُم بِكِتَٰبٍ﴾ سوێند بەخوا بێگومان ئێمە کتێبێکمان بۆهێناون ﴿فَصَّلْنَٰهُ عَلَىٰ عِلْمٍ﴾ لەپووی زانستەوە بەپوونی شیمان کردۆتەوە ﴿هُدًى وَرَحْمَةً لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ﴾ کەڕێنموونی و میهرەبانی یە بۆ کەسانێ بڕوا دەهێنن. ٥٢) ﴿هَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا تَأْوِيلَهُۥ﴾ ئایا چاوەڕوانی چی دەکەن بێجگە لە سەرئەنجامی هەڕەشەکانی ئەو (قورئانە)؟ ﴿يَوْمَ يَأْتِى تَأْوِيلُهُۥ﴾ ئەو ڕۆژەی کە سەرئەنجامی (هەڕەشەکانی) بەدی دێت ﴿يَقُولُ ٱلَّذِينَ نَسُوهُ مِن قَبْلُ﴾ ئەوانەی لەوەو پێش لەبیریان کردبوو دەڵێن ﴿قَدْ جَآءَتْ رُسُلُ رَبِّنَا بِٱلْحَقِّ﴾ بەڕاستی نێردراوەکانی پەروەردگارمان بەڕاستیەوە هاتن ﴿فَهَل لَّنَا مِن شُفَعَآءَ فَيَشْفَعُوا۟ لَنَآ﴾ جا ئایا (ئەوڕۆ) ئێمە کارانێک بۆ ئێمە هەیە ئێمەیان بۆ بکەن ﴿أَوْ نُرَدُّ فَنَعْمَلَ غَيْرَ ٱلَّذِى كُنَّا نَعْمَلُ﴾ یا بگەڕێنرێینەوە بۆ دنیا تا کردەوەی جاک بکەین نەک ئەوەی دەمان کرد ﴿قَدْ خَسِرُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ﴾ بێگومان خۆیانیان ونکرد ﴿وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَفْتَرُونَ﴾ ئەوەی هەڵیان دەبەست وون بوو لێیان. ٥٣) ﴿إِنَّ رَبَّكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ﴾ بەڕاستی پەروەردگار تان ئەو خوایەیە ﴿فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ﴾ کە ئاسمانەکان و زەوی لەشەش ڕۆژدا دروست کردووە ﴿يُغْشِى ٱلَّيْلَ ٱلنَّهَارَ يَطْلُبُهُۥ حَثِيثًا﴾ پاشان (خوا) بەڕۆژ بووەوە سەر هەرشەو هەڵاوی گرت (ئێمە ئێمانمان پێ بەتی بەڵام هێزەکەی نازانین پرسیار کرا لە ئێمامی مالیک دەربارەی (اَلْاِسْتِوَاء) فەرمووی ڕستانەکە هەقیقەتەکەی جێنیشتەیەکەی ئەزانراوەو پرسیارکردن دەربارەی بیدعەتەوپاوەڕبوون پێ ی واجبە) ﴿وَٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ﴾ بەتاریکایی) هەو (ڕۆشنایی) ڕۆژ نادەڕۆێ (بەپێچەوانەوە) ﴿وَٱلنُّجُومَ﴾ (ڕۆژ بەشوێن شەوەوە بە بەخێرایی و) هەو بەشوێن ڕۆژەوە بەخێرایی ﴿وَٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ وَٱلنُّجُومَ﴾ خۆڕو مانگ و ئەستێرەکانیش ﴿مُسَخَّرَٰتٍۭ بِأَمْرِهِۦٓ﴾ زێر بار کراوون بەفەرمانی خۆی ﴿أَلَا لَهُ ٱلْخَلْقُ وَٱلْأَمْرُ﴾ بێدارین کەبەدی هێنانو فەرماندان هەر بۆ خوایە ﴿تَبَارَكَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ پاک و بێ گەردە (لەهەموو کەم و کوڕی یەک) خوای پەروەردگاری هەموو جیهانیان. ٥٤) ﴿ٱدْعُوا۟ رَبَّكُمْ تَضَرُّعًا وَخُفْيَةً﴾ دوعا و نزا لەپەروەردگارتان بکەن بەزەلیلی(و کڕوزانەوە) و بەنهێنی ﴿إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُعْتَدِينَ﴾ بێگومان خوا دەست درێژی کارانی خۆش ناوێ. ٥٥) ﴿وَلَا تُفْسِدُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ بَعْدَ إِصْلَٰحِهَا﴾ خراپەکاری مەکەن لەزەویدا پاش ئەوەی کەخوا چاکی کردووە ﴿وَٱدْعُوهُ خَوْفًا وَطَمَعًا﴾ وە هاوار و نزا بەرن بۆ خوا بەترس و ئومێدەوە ﴿إِنَّ رَحْمَتَ ٱللَّهِ قَرِيبٌ مِّنَ ٱلْمُحْسِنِينَ﴾ بەڕاستی میهرەبانی خوا لەچاکەکارانەوە نزیکە. ٥٦) ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى يُرْسِلُ ٱلرِّيَٰحَ﴾ وە ئەو(خوا) زاتێکە بایەکان دەنێرێ ﴿بُشْرًۢا بَيْنَ يَدَىْ رَحْمَتِهِۦ﴾ بەسوێدەدەر پێش (بارانی) ڕەحمەتی پەروەردگار ﴿حَتَّىٰٓ إِذَآ أَقَلَّتْ سَحَابًا ثِقَالًا﴾ هەتا کاتێ هەوری قورس(ی بارانباری) هەڵدەگرن ﴿سُقْنَٰهُ لِبَلَدٍ مَّيِّتٍ﴾ دەیێنێین بۆ ووڵاتێکی مردوو (وشکی بێ گیا) ﴿فَأَنزَلْنَا بِهِ ٱلْمَآءَ﴾ جا بەو (هەورە) باران دەبارێنین ﴿فَأَخْرَجْنَا بِهِۦ مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ﴾ بەهۆی ئەوەوە هەموو هەر بەو ڕێنەیە مردووەکان لە زەوی ﴿كَذَٰلِكَ نُخْرِجُ ٱلْمَوْتَىٰ﴾ دەردەهێنین (زیندوو بان دەکەینەوە) ﴿لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ﴾ تا ئێوە بیریکەنەوە. ٥٧)

وَالْبَلَدُ الطَّيِّبُ يَخْرُجُ نَبَاتُهُ بِإِذْنِ رَبِّهِ ۖ وَالَّذِي خَبُثَ لَا يَخْرُجُ
إِلَّا نَكِدًا ۚ كَذَٰلِكَ نُصَرِّفُ الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَشْكُرُونَ ﴿٥٨﴾
لَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوْمِهِ فَقَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُم
مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُ ۖ إِنِّي أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ ﴿٥٩﴾
قَالَ الْمَلَأُ مِن قَوْمِهِ إِنَّا لَنَرَاكَ فِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ ﴿٦٠﴾ قَالَ
يَا قَوْمِ لَيْسَ بِي ضَلَالَةٌ وَلَٰكِنِّي رَسُولٌ مِّن رَّبِّ الْعَالَمِينَ
﴿٦١﴾ أُبَلِّغُكُمْ رِسَالَاتِ رَبِّي وَأَنصَحُ لَكُمْ وَأَعْلَمُ مِنَ اللَّهِ
مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٦٢﴾ أَوَعَجِبْتُمْ أَن جَاءَكُمْ ذِكْرٌ مِّن رَّبِّكُمْ عَلَىٰ
رَجُلٍ مِّنكُمْ لِيُنذِرَكُمْ وَلِتَتَّقُوا وَلَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴿٦٣﴾ فَكَذَّبُوهُ
فَأَنجَيْنَاهُ وَالَّذِينَ مَعَهُ فِي الْفُلْكِ وَأَغْرَقْنَا الَّذِينَ كَذَّبُوا
بِآيَاتِنَا ۖ إِنَّهُمْ كَانُوا قَوْمًا عَمِينَ ﴿٦٤﴾ ۞ وَإِلَىٰ عَادٍ أَخَاهُمْ
هُودًا ۚ قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُ ۖ أَفَلَا تَتَّقُونَ
﴿٦٥﴾ قَالَ الْمَلَأُ الَّذِينَ كَفَرُوا مِن قَوْمِهِ إِنَّا لَنَرَاكَ فِي
سَفَاهَةٍ وَإِنَّا لَنَظُنُّكَ مِنَ الْكَاذِبِينَ ﴿٦٦﴾ قَالَ يَا قَوْمِ
لَيْسَ بِي سَفَاهَةٌ وَلَٰكِنِّي رَسُولٌ مِّن رَّبِّ الْعَالَمِينَ ﴿٦٧﴾

حتى إذا كنت في ليلة باردة شديدة الريح فأخذت إن فخذك ان أخذك فانتبهت ثم صليت بأصحابي صلاة الصبح قال فلما قدمنا على رسول الله ﷺ ذكروا ذلك له فقال (يا عمرو صليت بأصحابي وأنت جنب؟) قال: قلت: يا رسول الله إني اغتسلت في ليلة باردة شديدة الريح فأخذت إن اغتسلت ان أخذك فذكرت قول الله عز وجل ﴿ولا تقتلوا أنفسكم إن الله كان بكم رحيما﴾ فتيممت ثم صليت فضحك رسول الله ﷺ ولم يقل شيئا (رواه الإمام أحمد) وعن ثابت بن الضحاك رضي الله عنه قال: قال رسول الله ﷺ: (من قتل نفسه بشيء عذب به يوم القيامة)(رواه البخاري ومسلم). پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: (ئەگەر مرۆڤێک خۆی و فرۆشتیان کرد، هەرچەکێیان بۆی هەبێ بەشیمان ببێتەوە ئامیادەبێتەوە لەبەکاری) هەمری کوڕی عاص (رەزای خوای لێ بێ) دەگێڕێتەوە دەڵێ: لەو ساڵەی-

﴿فَلَمَّا جَهَّزَهُم بِجَهَازِهِمْ﴾ جا کاتێ کەڕێکی خستن و ئەوەی ویستیان پێ ی دان ﴿جَعَلَ السِّقَايَةَ﴾ ئاوخۆری مەلیکی خستە ﴿فِي رَحْلِ أَخِيهِ﴾ ناو باری براکەی ﴿ثُمَّ أَذَّنَ مُؤَذِّنٌ﴾ پاشان جاڕ چی یەك جاڕی دا ﴿أَيَّتُهَا الْعِيرُ﴾ ئەی کاروانەکە ﴿إِنَّكُمْ لَسَارِقُونَ﴾ بەڕاستی ئێوە دزن. ٧٠) ﴿قَالُوا وَأَقْبَلُوا عَلَيْهِم﴾ ڕوویان تێکردن و ووتیان ﴿مَاذَا تَفْقِدُونَ﴾ چیتان گوم کردوە؟ ٧١) ﴿قَالُوا﴾ ووتیان ﴿صُوَاعَ الْمَلِكِ﴾ ئاوخۆرەکەی پادشامان دیارنی یە ﴿وَلِمَن جَاءَ بِهِ حِمْلُ بَعِيرٍ﴾ هەر کەسێك بیهێنێتەوە باری وشترێك (خۆراکی) دەدرێتێ ﴿وَأَنَا بِهِ زَعِيمٌ﴾ وەمنیش دەستەبەری ئەو (بارە) دەبم. ٧٢) ﴿قَالُوا﴾ ووتیان ﴿تَاللَّهِ﴾ سوێند بەخوا ﴿لَقَدْ عَلِمْتُم﴾ بەڕاستی ئێوە دەزانن ﴿مَا جِئْنَا﴾ کەئێمە نەهاتووین ﴿لِنُفْسِدَ فِي الْأَرْضِ﴾ بۆ ئەوەی خراپە بکەین لەوولاتدا ﴿وَمَا كُنَّا سَارِقِينَ﴾ وەئێمە پێشتر دز نەبووین. ٧٣) ﴿قَالُوا﴾ ووتیان ﴿فَمَا جَزَاؤُهُ﴾ دەی ئایا تۆڵەی ئەودزەچیە ﴿إِن كُنتُمْ كَاذِبِينَ﴾ ئەگەر ئێوە درۆزن بوون ٧٤) ﴿قَالُوا جَزَاؤُهُ﴾ ووتیان تۆڵەی ئەوەیە ﴿مَن وُجِدَ فِي رَحْلِهِ﴾ لەباری هەرکەسێکدا دۆزرایەوە ﴿فَهُوَ جَزَاؤُهُ﴾ ئەوکەسە تۆڵەکەیەتی (ئەوەی دزیەکەی کردووە ئەبێتە عەبد و کۆیلەی ئەوەی دزیەکەی لێ کراوە) ﴿كَذَٰلِكَ نَجْزِي الظَّالِمِينَ﴾ ئا بەو جۆرە تۆڵە لەستەمکاران دەسەنین. ٧٥) ﴿فَبَدَأَ بِأَوْعِيَتِهِمْ﴾ ئەوسا (یوسف) دەستی کرد بەبشکنینی جەواڵەکانیان (بارەکانیان) ﴿قَبْلَ وِعَاءِ أَخِيهِ﴾ لەپێش بشکنینی جەواڵی (بینامین) برای (دایك و باوکی یوسف) ﴿ثُمَّ اسْتَخْرَجَهَا﴾ لەپاشان (ئاو خۆرەکەی) دەری هێنا ﴿مِن وِعَاءِ أَخِيهِ﴾ لە جەواڵی براکەیدا ﴿كَذَٰلِكَ﴾ ئا بەو جۆرە ﴿كِدْنَا لِيُوسُفَ﴾ پیلانمان نیشانی یوسف دا ﴿مَا كَانَ لِيَأْخُذَ أَخَاهُ﴾ ئەو نەیدەتوانی براکەی بگرێ ﴿فِي دِينِ الْمَلِكِ﴾ بەپێی ئاینی و یاسایی پادشا (بەڵکو بەپێ ی ئەو قسە بوو براکانی خۆیان کردیان) ﴿إِلَّا أَن يَشَاءَ اللَّهُ﴾ مەگەر (کاتێ) کە خوا بیەوێ ﴿نَرْفَعُ دَرَجَاتٍ مَّن نَّشَاءُ﴾ هەر کەسێك بمانەوێت پلەی بەرز دەکەینەوە ﴿وَفَوْقَ كُلِّ﴾ و لەسەر هەموو ﴿ذِي عِلْمٍ عَلِيمٌ﴾ خاوەن زانستێکەوە زاناتر هەیە. ٧٦) ﴿قَالُوا إِن يَسْرِقْ﴾ ووتیان ئەگەر ئەو (بنیامین) دزیبێتی ﴿فَقَدْ سَرَقَ أَخٌ لَّهُ مِن قَبْلُ﴾ ئەوە بێگومان براکەشی پێشتر دزی کردووە ﴿فَأَسَرَّهَا يُوسُفُ فِي نَفْسِهِ﴾ بەڵام یوسف (پێناخۆشبوونی خۆی) بەم (تۆمەتە) لەدەرونی خۆیدا شاردەوە ﴿وَلَمْ يُبْدِهَا لَهُمْ﴾ دەری نەبڕی بۆ ئەوان ﴿قَالَ أَنتُمْ﴾ (تەنها) ووتی ئێوە ﴿شَرٌّ مَّكَانًا﴾ لەوان خراپترن ﴿وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا تَصِفُونَ﴾ خواش چاك دەزانێ بەوەی کەئێوە دەیڵێن. ٧٧) ﴿قَالُوا يَا أَيُّهَا الْعَزِيزُ﴾ ووتیان ئەی عەزیز (پادشا) ﴿إِنَّ لَهُ أَبًا شَيْخًا كَبِيرًا﴾ بەڕاستی ئەو باوکێکی زۆر پیری بەتەمەتی هەیە ﴿فَخُذْ أَحَدَنَا مَكَانَهُ﴾ جایەکێ لە ئێمە لە جیاتی ئەو بگرە ﴿إِنَّا نَرَاكَ مِنَ الْمُحْسِنِينَ﴾ بەڕاستی ئێمە تۆ لەچاکەکاران دەبینین. ٧٨)

قَالَ مَعَاذَ اللَّهِ أَن نَّأْخُذَ إِلَّا مَن وَجَدْنَا مَتَاعَنَا عِندَهُۥٓ إِنَّآ
إِذًا لَّظَٰلِمُونَ ﴿٧٩﴾ فَلَمَّا ٱسْتَيْـَٔسُوا۟ مِنْهُ خَلَصُوا۟ نَجِيًّا
قَالَ كَبِيرُهُمْ أَلَمْ تَعْلَمُوٓا۟ أَنَّ أَبَاكُمْ قَدْ أَخَذَ عَلَيْكُم
مَّوْثِقًا مِّنَ ٱللَّهِ وَمِن قَبْلُ مَا فَرَّطتُمُونِى فِى يُوسُفَ ۖ فَلَنْ أَبْرَحَ
ٱلْأَرْضَ حَتَّىٰ يَأْذَنَ لِىٓ أَبِىٓ أَوْ يَحْكُمَ ٱللَّهُ لِى ۖ وَهُوَ خَيْرُ ٱلْحَٰكِمِينَ
﴿٨٠﴾ ٱرْجِعُوٓا۟ إِلَىٰٓ أَبِيكُمْ فَقُولُوا۟ يَٰٓأَبَانَآ إِنَّ ٱبْنَكَ سَرَقَ
وَمَا شَهِدْنَآ إِلَّا بِمَا عَلِمْنَا وَمَا كُنَّا لِلْغَيْبِ حَٰفِظِينَ
﴿٨١﴾ وَسْـَٔلِ ٱلْقَرْيَةَ ٱلَّتِى كُنَّا فِيهَا وَٱلْعِيرَ ٱلَّتِىٓ أَقْبَلْنَا فِيهَا ۖ
وَإِنَّا لَصَٰدِقُونَ ﴿٨٢﴾ قَالَ بَلْ سَوَّلَتْ لَكُمْ أَنفُسُكُمْ أَمْرًا ۖ
فَصَبْرٌ جَمِيلٌ ۖ عَسَى ٱللَّهُ أَن يَأْتِيَنِى بِهِمْ جَمِيعًا ۖ إِنَّهُۥ هُوَ
ٱلْعَلِيمُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٨٣﴾ وَتَوَلَّىٰ عَنْهُمْ وَقَالَ يَٰٓأَسَفَىٰ عَلَىٰ
يُوسُفَ وَٱبْيَضَّتْ عَيْنَاهُ مِنَ ٱلْحُزْنِ فَهُوَ كَظِيمٌ ﴿٨٤﴾
قَالُوا۟ تَٱللَّهِ تَفْتَؤُا۟ تَذْكُرُ يُوسُفَ حَتَّىٰ تَكُونَ حَرَضًا
أَوْ تَكُونَ مِنَ ٱلْهَٰلِكِينَ ﴿٨٥﴾ قَالَ إِنَّمَآ أَشْكُوا۟ بَثِّى
وَحُزْنِىٓ إِلَى ٱللَّهِ وَأَعْلَمُ مِنَ ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٨٦﴾

هەشتیان و
بەڵگەت بوەست
تەنها بفت بەخوا
بیەستەی بەنا
بەشەر بەرەو،
بەرزە نەگەر نەم
نوسەنە
کۆپیلەرەو بۆ
ئەرەی سوریت
پسن بگەیەنن
بەشتن ئاسالوان
سوریت پسن
بگەیەنن بنیمگە
نەر شتەی کەخوا
نوسیوویەتی بۆت
رە نەگەر
کۆپیلەرەو بۆ
ئەرەی زیانت پن
بگەیەنن بەشتن
ئاسالوان پێیست
بگەیەنن بنیمگە نەر
شتەی کەخوا بۆی

نوسیوری (چونکە) پێنوسەکان بەرزکراونەتەوەو (مردەکەی) لایەرەکان وشک بونەتەوە.

ئایەتی (٢٨) سورەتی (الأنعام): قال رسول الله ﷺ: (التؤدن الطير إلى أهلها يوم القيامة، حتى يفار الشاة القرناء، من الشاة الجلحاء) رواه مسلم. پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: (بن گومان مافەکان دەدرێنەوە بە خاوەنەکانیان لە رۆژی قیامەتدا، تا ئەو رادەیەی ئاژەڵی بێ شاخ - بێ

﴿قَالَ مَعَاذَ اللَّهِ﴾ (یوسف) ووتی پەنا بەخوا ﴿أَن نَّأْخُذَ إِلَّا مَن وَجَدْنَا مَتَاعَنَا عِندَهُ﴾ لەوەی کە هیچ کەسێ بگرین بێجگە لەوەی کە ئاو خۆرەکەمان لا درۆزیوەتەوە (کەدزرا بوو) ﴿إِنَّا إِذًا لَّظَالِمُونَ﴾ بەڕاستی ئەگەر وا بکەین ئێمە لەستەم کاران دەبین. ٧٩) ﴿فَلَمَّا اسْتَيْأَسُوا مِنْهُ﴾ جا کاتێ بێ هیوا بوون لەوەی (وەزیر بەرەڵای بکات) ﴿خَلَصُوا نَجِيًّا﴾ چوونە کەنارێک بەچپە ڕاوێژیان دەکرد ﴿قَالَ كَبِيرُهُمْ﴾ بوا گەورەکەیان ووتی ﴿أَلَمْ تَعْلَمُوا﴾ ئەی نازانن ﴿أَنَّ أَبَاكُمْ﴾ کە بێگومان باوکتان ﴿قَدْ أَخَذَ عَلَيْكُم مَّوْثِقًا مِّنَ اللَّهِ﴾ سوێند و پەیمانێکی بەناوی خواوە لێ وەرگرتن ﴿وَمِن قَبْلُ مَا فَرَّطْتُمْ فِي يُوسُفَ﴾ پێشتریش (لەو بەڵێنەی پێتان دابوو) دەربارەی یوسف کەمتەرخەمیتان کرد ﴿فَلَنْ أَبْرَحَ الْأَرْضَ﴾ کەوانە من ئەم زەویە بەجێ نایەڵم ﴿حَتَّىٰ يَأْذَنَ لِي أَبِي﴾ هەتا باوکم مۆڵەت(ی گەڕانەوە)م پێ نەدات ﴿أَوْ يَحْكُمَ اللَّهُ لِي﴾ یان خوا بڕیارم بۆ نەدات ﴿وَهُوَ خَيْرُ الْحَاكِمِينَ﴾ هەر ئەویش باشترینی دادوەرانە. ٨٠) ﴿ارْجِعُوا إِلَىٰ أَبِيكُمْ﴾ ئێوە بگەڕێنەوە بۆلای باوکتان ﴿فَقُولُوا يَا أَبَانَا﴾ و پێی بڵێن ئەی باوکی خۆمان ﴿إِنَّ ابْنَكَ سَرَقَ﴾ بەڕاستی کوڕەکەت دزی کردو ﴿وَمَا شَهِدْنَا إِلَّا بِمَا عَلِمْنَا﴾ و ئێمەش بێجگە لەوەی دەمانزانی شایەتیمان نەداوە ﴿وَمَا كُنَّا لِلْغَيْبِ حَافِظِينَ﴾ خۆ ئێمە ئاگاداری شاراوە ونهێنی یەکان نەبووین. ٨١) ﴿وَاسْأَلِ الْقَرْيَةَ الَّتِي﴾ (خۆ ئەگەر بڕوا ناکەیت) لەخەڵکی ئەو شارەش بپرسە ﴿كُنَّا فِيهَا﴾ کەئێمەی لێ بووین ﴿وَالْعِيرَ الَّتِي أَقْبَلْنَا فِيهَا﴾ ولەو کاروانەش (بپرسە) لەگەڵیا گەڕاینەوە ﴿وَإِنَّا لَصَادِقُونَ﴾ وەبەڕاستی ئێمە ڕاست گۆین. ٨٢) ﴿قَالَ بَلْ سَوَّلَتْ لَكُمْ أَنفُسُكُمْ أَمْرًا﴾ (یەعقوب (عليه السلام)) ووتی وانی یە بەڵکو نەفسی خۆتان کارێکی بۆ جوان (و ئاسان) کردون ﴿فَصَبْرٌ جَمِيلٌ﴾ بۆیە چارم دان بەخۆدا گرتنە بەجوانی ﴿عَسَى اللَّهُ أَن يَأْتِيَنِي بِهِمْ جَمِيعًا﴾ بەو ئومێدەی خوا هەموویانم بۆ بهێنێتەوە ﴿إِنَّهُ هُوَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ﴾ بەڕاستی هەر ئەو زانای کاردروستە. ٨٣) ﴿وَتَوَلَّىٰ عَنْهُمْ﴾ ئەوسا ڕوی لێ وەرگێڕان ﴿وَقَالَ يَا أَسَفَىٰ عَلَىٰ يُوسُفَ﴾ ووتی ئاخ و داخ بۆ یوسف ﴿وَابْيَضَّتْ عَيْنَاهُ مِنَ الْحُزْنِ﴾ وە هەردوو چاوی سپی (و کوێر) بوون لەداخ و خەفەتدا ﴿فَهُوَ كَظِيمٌ﴾ چونکە هەر داخ و خەفەتی خۆی دەخواردەوە. ٨٤) ﴿قَالُوا تَاللَّهِ﴾ ووتیان سوێند بەخوا ﴿تَفْتَأُ تَذْكُرُ يُوسُفَ﴾ وازناهێنی هەربیری یوسف دەکەیتەوە ﴿حَتَّىٰ تَكُونَ حَرَضًا﴾ هەتا پەکت دەکەوێ بەنەخۆشی وخەفەت خواردن ﴿أَوْ تَكُونَ مِنَ الْهَالِكِينَ﴾ یان دەمریت و دەچیتە ڕیزی لەناوچوان. ٨٥) ﴿قَالَ إِنَّمَا أَشْكُو بَثِّي وَحُزْنِي إِلَى اللَّهِ﴾ ووتی من باسی خەفەت و پەژارەم هەر لای خوادەکەم ﴿وَأَعْلَمُ مِنَ اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾ وە من لەلایەن خواوە شتانێک دەزانم کە ئێوە نایزانن. ٨٦)

يَٰبَنِيَّ ٱذْهَبُوا۟ فَتَحَسَّسُوا۟ مِن يُوسُفَ وَأَخِيهِ وَلَا تَا۟يْـَٔسُوا۟
مِن رَّوْحِ ٱللَّهِ ۖ إِنَّهُۥ لَا يَا۟يْـَٔسُ مِن رَّوْحِ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلْقَوْمُ ٱلْكَٰفِرُونَ
﴿٨٧﴾ فَلَمَّا دَخَلُوا۟ عَلَيْهِ قَالُوا۟ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْعَزِيزُ مَسَّنَا وَأَهْلَنَا ٱلضُّرُّ
وَجِئْنَا بِبِضَٰعَةٍ مُّزْجَىٰةٍ فَأَوْفِ لَنَا ٱلْكَيْلَ وَتَصَدَّقْ عَلَيْنَآ ۖ
إِنَّ ٱللَّهَ يَجْزِى ٱلْمُتَصَدِّقِينَ ﴿٨٨﴾ قَالَ هَلْ عَلِمْتُم مَّا فَعَلْتُم
بِيُوسُفَ وَأَخِيهِ إِذْ أَنتُمْ جَٰهِلُونَ ﴿٨٩﴾ قَالُوٓا۟ أَءِنَّكَ
لَأَنتَ يُوسُفُ ۖ قَالَ أَنَا۠ يُوسُفُ وَهَٰذَآ أَخِى ۖ قَدْ مَنَّ ٱللَّهُ
عَلَيْنَآ ۖ إِنَّهُۥ مَن يَتَّقِ وَيَصْبِرْ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجْرَ
ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٩٠﴾ قَالُوا۟ تَٱللَّهِ لَقَدْ ءَاثَرَكَ ٱللَّهُ عَلَيْنَا
وَإِن كُنَّا لَخَٰطِـِٔينَ ﴿٩١﴾ قَالَ لَا تَثْرِيبَ عَلَيْكُمُ
ٱلْيَوْمَ ۖ يَغْفِرُ ٱللَّهُ لَكُمْ ۖ وَهُوَ أَرْحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ ﴿٩٢﴾
ٱذْهَبُوا۟ بِقَمِيصِى هَٰذَا فَأَلْقُوهُ عَلَىٰ وَجْهِ أَبِى يَأْتِ بَصِيرًا
وَأْتُونِى بِأَهْلِكُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٩٣﴾ وَلَمَّا فَصَلَتِ
ٱلْعِيرُ قَالَ أَبُوهُمْ إِنِّى لَأَجِدُ رِيحَ يُوسُفَ ۖ لَوْلَآ أَن
تُفَنِّدُونِ ﴿٩٤﴾ قَالُوا۟ تَٱللَّهِ إِنَّكَ لَفِى ضَلَٰلِكَ ٱلْقَدِيمِ ﴿٩٥﴾

=عائیشە (خوای لێ ڕازی بێت) گێڕاویەتیەوە کە **ووتی** بەپێغەمبەری خوا (ﷺ): **تەی** پێغەمبەری خوا (ﷺ) **ئایا** ڕۆژێکت بەسەردا هاتووە کە سەخت تر و **ناهەموارتر** بووبێ لە ڕۆژی ئوحود؟ فەرمووی (بەڵێ) بەڕاستی لەهۆزەکەت **سەخت** تر **لەوەم** تووش بووە، وە ناڕەحەت ترینیان کەتووشم بووبێ ڕۆژی عەقەبە بووە کاتێ باسی ئیسلامم بۆ کوڕی (عبد یا لیل)ی کوڕی **(عبد** کلاب) کرد وەڵامی نەدامەوە ئینجا بەخەم و پەژارەوە ڕۆشتم و ملم ناو ئاگام لەخۆم نەبوو تاگەیشتمە (قرن الثعالب) شاخی ڕێویەکان کە سەرم بەرز کردەوە سەیر دەکەم پەڵە هەورێکە سێبەری بۆ کردوم کە تەماشام کرد دەبینم جوبرەئیل (عليه السلام) تێدایە جا بانگی کردم و فەرمووی: بێگومان خوا ئەوەی بیست کە گەلەکەت پێ یان ووتی و ئەو وەڵامەش کە وەڵامیان دایتەوە، بەڕاستی خوا فریشتەی شاخەکانی=

﴿ (بەعقوب ووتی) ئەی کوڕەکانم بڕۆن ﴿ جا بگەڕێن و هەواڵی یوسف و براکەی بزانن ﴿ نائومێدیش مەبن لەبەزەیی و میهرەبانی خوا ﴿ بەڕاستی نائومێد نابن لەرەحم و میهرەبانی خوا ﴿ جگە لەوانەی گەبن بەیوان. ٨٧) ﴿ جا کاتێ کە چوونە لای ئەو (یوسف) ووتیان ﴿ ئەی هەژیز (پادشا) ﴿ زیان و برسێتی تووشی خۆمان و ماڵ و منداڵمان بووە ﴿ و دراوێکی کەمان هێناوە (بۆ کڕینی خۆراک) ﴿ جێڕێشمان پێ بکە ﴿ بەڕاستی خوا پاداشتی خێرەومەندان دەداتەوە. ٨٨) ﴿ ووتی ئێوە دەزانن چیتان کرد ﴿ بەیوسف و براکەی ﴿ لەوکاتەدا کەئێوە نەزان بوون. ٨٩) ﴿ ووتیان بەڕاست تۆ یوسفیت؟ ﴿ ووتی (یێیان) من یوسفم و ئەمەش برامە ﴿ بەڕاستی خوا منەتی نابەسەرماندا ﴿ بەڕاستی هەرکەس خۆی بپارێزێ و دان بەخۆیدا بگرێ ﴿ ئەوسا بەڕاستی خوا پاداشتی چاکەکاران وون ناکات. ٩٠) ﴿ ووتیان (بەیوسف) سوێند بەخوا ﴿ بەڕاستی خوا تۆی هەڵ بژارد بەسەر ئێمەدا ﴿ وە بەڕاستی ئێمە لە خەتاکاران بووین. ٩١) ﴿ (یوسف) ووتی ئەمڕۆ هیچ سەرزەنشت و تەشەرێکتان لەسەر نی یە (لەلایەن منەوە) ﴿ خوا لێتان خۆش بێ ﴿ وە ئەو (خوا) لەهەموو بەسۆزان بەسۆزترە. ٩٢) ﴿ ئەم کراسەی من ببەن ﴿ و بیدەن بەسەر دەم و چاوی باوکم تا ﴿ (دەست بەجێ) چاوی چاک دەبێتەوە ﴿ ئەوسا هەموو کەس و کارتان بێنن بۆ (لام وایە) من. ٩٣) ﴿ جا کاتێ کاروانەکە (لەمیسر) دەرچوو ﴿ باوکیان ووتی ﴿ بەڕاستی من بۆنی یوسف هەست پێ دەکەم ﴿ ئەگەر بەخەرەفاو و بێ عەقڵم دانەنێن. ٩٤) ﴿ ووتیان سوێند بەخوا ﴿ تۆ هەر لەسەر هەڵەکەی کۆنی خۆتی. ٩٥)

فَلَمَّآ أَن جَآءَ ٱلْبَشِيرُ أَلْقَىٰهُ عَلَىٰ وَجْهِهِۦ فَٱرْتَدَّ بَصِيرًا ۖ قَالَ
أَلَمْ أَقُل لَّكُمْ إِنِّيٓ أَعْلَمُ مِنَ ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٩٦﴾ قَالُوا
يَٰٓأَبَانَا ٱسْتَغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَآ إِنَّا كُنَّا خَٰطِـِٔينَ ﴿٩٧﴾ قَالَ سَوْفَ
أَسْتَغْفِرُ لَكُمْ رَبِّيٓ ۖ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٩٨﴾ فَلَمَّا
دَخَلُوا۟ عَلَىٰ يُوسُفَ ءَاوَىٰٓ إِلَيْهِ أَبَوَيْهِ وَقَالَ ٱدْخُلُوا۟ مِصْرَ
إِن شَآءَ ٱللَّهُ ءَامِنِينَ ﴿٩٩﴾ وَرَفَعَ أَبَوَيْهِ عَلَى ٱلْعَرْشِ وَخَرُّوا۟
لَهُۥ سُجَّدًا ۖ وَقَالَ يَٰٓأَبَتِ هَٰذَا تَأْوِيلُ رُءْيَـٰىَ مِن قَبْلُ قَدْ جَعَلَهَا
رَبِّى حَقًّا ۖ وَقَدْ أَحْسَنَ بِىٓ إِذْ أَخْرَجَنِى مِنَ ٱلسِّجْنِ وَجَآءَ بِكُم
مِّنَ ٱلْبَدْوِ مِنۢ بَعْدِ أَن نَّزَغَ ٱلشَّيْطَـٰنُ بَيْنِى وَبَيْنَ إِخْوَتِىٓ ۚ إِنَّ
رَبِّى لَطِيفٌ لِّمَا يَشَآءُ ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْعَلِيمُ ٱلْحَكِيمُ ﴿١٠٠﴾ ۞ رَبِّ
قَدْ ءَاتَيْتَنِى مِنَ ٱلْمُلْكِ وَعَلَّمْتَنِى مِن تَأْوِيلِ ٱلْأَحَادِيثِ ۚ فَاطِرَ
ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ أَنتَ وَلِيِّۦ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْـَٔاخِرَةِ ۖ تَوَفَّنِى
مُسْلِمًا وَأَلْحِقْنِى بِٱلصَّـٰلِحِينَ ﴿١٠١﴾ ذَٰلِكَ مِنْ أَنۢبَآءِ ٱلْغَيْبِ
نُوحِيهِ إِلَيْكَ ۖ وَمَا كُنتَ لَدَيْهِمْ إِذْ أَجْمَعُوٓا۟ أَمْرَهُمْ وَهُمْ يَمْكُرُونَ
﴿١٠٢﴾ وَمَآ أَكْثَرُ ٱلنَّاسِ وَلَوْ حَرَصْتَ بِمُؤْمِنِينَ ﴿١٠٣﴾

= ئینجا بۆ لای یاقوبی باوکی دەڕوانێ، بینی بگەڕاوەتەوە بۆ لای، دەستی بە هاوار کرد بەسەر کوڕەکانیدا، پێی وتن: ئەی کوڕەکانم! ئێوە بە هۆی ئەو کارەی کە کردتان بە برا بچووکەکەتان، ئەو کارەساتەی بەسەرهات، ئایا نازانن کە من لە خوا شارەزاترم و ئاگادارترم لە هەموو شتێک؟ (٩٦) وتیان: ئەی باوکی ئێمە! داوای لێبوردن بکە بۆ گوناهەکانمان، بێگومان ئێمە هەڵەکار بووین. (٩٧) وتی: بەڵێ داوای لێبوردن بۆ دەکەم لە پەروەردگارم، بێگومان ئەو لێخۆشبووی میهرەبانە. (٩٨) کاتێک چوونە لای یوسف، باوک و دایکی خۆی بۆ خۆی هێنایە ناو شوێنی دانیشتن، وتی: بە خواستی خوا بچنە ناو میسر بە ئارامی و دڵنیایی. (٩٩) باوک و دایکی بەرز کردەوە بۆ سەر تەخت، هەموو بۆ یوسف سوجدەیان بۆ برد، وتی: ئەی باوکی خۆشەویستم! ئەمە تەئویلی خەونەکەی پێشووی منە، پەروەردگارم ڕاستی کرد، بێگومان چاکەی لەگەڵ من کرد کاتێک لە زیندان دەرهێنام، هەروەها کاتێک ئێوەی لە بیابانەوە هێنا بۆ ئێرە، دوای ئەوەی شەیتان خراپەی خستە نێوان من و برا بچووکەکەم، بێگومان پەروەردگارم بە نهێنی و بە وردی کار بۆ ئەو کەسانە دەکا کە خۆی دەیەوێ، بێگومان ئەو زانا و کاربەجێیە. (١٠٠) پەروەردگارم! بێگومان تۆ بەشێکی زۆرت لە دەسەڵات پێ بەخشیم، هەروەها زانستت پێ بەخشیم لە تەئویلی ڕووداوەکان، ئەی دروستکەری ئاسمانەکان و زەوی! تۆ لە دنیا و لە قیامەتدا یار و یاوەری منیت، گیانم بستێنەوە لە کاتێکدا موسڵمان بم، و بمخەرە ناو ڕیزی چاکەکارانەوە. (١٠١) ئەمە هەواڵێکە لە هەواڵەکانی غەیب، ئێمە بۆ تۆ دەینێرین بە وەحی، تۆ لای ئەوان نەبووی کاتێک کۆدەنگییان لەسەر کارەکەیان کرد و فێڵیان دەکرد. (١٠٢) زۆربەی خەڵکی ئەگەر تۆ زۆر حەزیش بکەیت ئیمانیان پێ نایەت.

ئایەتی (٩٨) سورەتی (الأنعام)ە، قال رسول الله ﷺ: (مفاتيح الغيب خمس لا يعلمها إلا الله إن الله عنده علم الساعة وينزل الغيث ويعلم ما في الأرحام وما تدري نفس ماذا تكسب غدا وما تدري نفس بأي=

﴿فلما أن جاء البشير﴾ جا کاتێ مژدە دەرەکە هات ﴿ألقاه على وجهه﴾ ئەو (کراسەی) یی دایەسەر دەم و چاویدا ﴿فارتد بصيرا﴾ بەگەسەر بینایی گەڕایەوە (کەپێشتر نابینا بوو بوو) ﴿قال ألم أقل لكم﴾ (یەعقوب) ووتی من بەئێوەم نەووت؟ ﴿إني أعلم من الله ما لا تعلمون﴾ دڵنیابن من لەلایەن خواوە شتانێک دەزانم ئێوە نایزانن. ٩٦)﴿قالوا يا أبانا﴾ ووتیان ئەی بابە ﴿استغفر لنا ذنوبنا﴾ داوای لێ خۆش بوونی گوناهەکانمان بۆ بکە (لای پەروەردگار) ﴿إنا كنا خاطئين﴾ بەڕاستی ئێمە گوناهبارووین. ٩٧)﴿قال سوف﴾ (یەعقوب) ووتی پێیان دواتر ﴿أستغفر لكم ربي﴾ داوای لێبوردنتان بۆ دەکەم لەپەروەردگارم ﴿إنه هو الغفور الرحيم﴾ بەڕاستی هەر ئەو لێبوردەی میهرەبانە. ٩٨) ﴿فلما دخلوا على يوسف﴾ جا کاتێ چوونە لای یوسف (لەوکاتی میسر) ﴿آوى إليه أبويه﴾دایک و باوکی بردە نزیکی خۆی (و دەستی کردە ملیان) ﴿وقال ادخلوا مصر﴾ و فەرمووی پێیان وەرنە میسر ﴿إن شاء الله آمنين﴾ ئەگەر خوا بیەوێ ئارام دەبن (هیچ زیانێکتان شووش نایەت). ٩٩)﴿ورفع أبويه على العرش﴾ وە باوک و دایکی لەسەر تەختی (ی حوکمڕانی خۆی) دانیان ﴿وخروا له سجدا﴾ وە هەموو کەوتن بەپووداو بۆی بەسوژدە بردنەوە ﴿وقال يا أبت﴾ (یوسف) ووتی ئەی باوکی خۆشەویستم ﴿هذا تأويل رؤياي﴾ ئەمە لێکدانەوەی خەوەکەم بوو ﴿من قبل﴾ کەلەمەو پێش (بینیم) ﴿قد جعلها ربي حقا﴾ بێگومان پەروەردگارم بەڕاستی گێڕا ﴿وقد أحسن بي﴾ وە بەڕاستی خوا چاکەی لەگەڵ کردم ﴿إذ أخرجني من السجن﴾ کاتێ لە زیندان دەری هێنام ﴿وجاء بكم من البدو﴾ وە ئێوەشی لە لادێ و بیابانەوە هێنا (بۆ ناوشار) ﴿من بعد أن نزغ الشيطان﴾ دوای ئەوەی شەیتان ناخۆشی و ناکۆکی خستە ﴿بيني وبين إخوتي﴾ نێوان من و برایانم ﴿إن ربي﴾ بەڕاستی پەروەردگارم ﴿لطيف لما يشاء﴾ بە سۆزە بەرامبەر ئەوەی بیەوێ ﴿إنه هو العليم الحكيم﴾ بەڕاستی هەر ئەو زانای کاردروستە. ١٠٠)﴿رب قد آتيتني﴾ ئەی پەروەردگارم بەڕاستی پێت بەخشیووم ﴿من الملك﴾ هەندێک لە لەدەسەڵات و پاشایەتی ﴿وعلمتني من تأويل الأحاديث﴾ وە هەندێکیش لە لێکدانەوەی خەوت فێرکردووم ﴿فاطر السموات والأرض﴾ ئەی دروست کاری ئاسمانەکان و زەوی ﴿أنت ولي في الدنيا والآخرة﴾ تۆ پشتیوان و یارمەتی دەری منی لەدنیا و لەڕۆژی دواییدا ﴿توفني مسلما﴾ بە موسوڵمانێتی بممرێنە ﴿وألحقني بالصالحين﴾ و بمخەرە پێزی پیاو چاکانەوە (لەدوا ڕۆژدا). ١٠١)﴿ذلك من أنباء الغيب﴾ ئەوەی (کە باس کرا) لە هەواڵەنەزانراو و پەنهانەکانە ﴿نوحيه إليك﴾ کە بەسروش بۆت دەنێرین (ئەی موحەممەد (ﷺ)) ﴿وما كنت لديهم﴾ تۆ لای ئەوان (براکانی یوسف) نەبووبیت ﴿إذ أجمعوا أمرهم﴾ کاتێ کەهەموو بڕیاری خۆیان دا (بەنهێنی) ﴿وهم يمكرون﴾ و پیلانیان دارشت. ١٠٢) ﴿وما أكثر الناس ولو حرصت بمؤمنين﴾ وەزۆربەی خەڵکی هەرچەند تۆ سوورییت (لەسەر باوەڕ هێنانیان) نابنە ئیمانداران. ١٠٣)

وَمَا تَسْـَٔلُهُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ ۚ إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِّلْعَٰلَمِينَ ﴿١٠٤﴾
وَكَأَيِّن مِّنْ ءَايَةٍ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ يَمُرُّونَ عَلَيْهَا
وَهُمْ عَنْهَا مُعْرِضُونَ ﴿١٠٥﴾ وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُم بِٱللَّهِ إِلَّا
وَهُم مُّشْرِكُونَ ﴿١٠٦﴾ أَفَأَمِنُوٓا۟ أَن تَأْتِيَهُمْ غَٰشِيَةٌ مِّنْ عَذَابِ ٱللَّهِ
أَوْ تَأْتِيَهُمُ ٱلسَّاعَةُ بَغْتَةً وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ﴿١٠٧﴾ قُلْ هَٰذِهِۦ
سَبِيلِىٓ أَدْعُوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ ۚ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا۠ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِى ۖ وَسُبْحَٰنَ
ٱللَّهِ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٠٨﴾ وَمَآ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ
إِلَّا رِجَالًا نُّوحِىٓ إِلَيْهِم مِّنْ أَهْلِ ٱلْقُرَىٰٓ ۗ أَفَلَمْ يَسِيرُوا۟ فِى
ٱلْأَرْضِ فَيَنظُرُوا۟ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۗ
وَلَدَارُ ٱلْءَاخِرَةِ خَيْرٌ لِّلَّذِينَ ٱتَّقَوْا۟ ۗ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴿١٠٩﴾ حَتَّىٰٓ
إِذَا ٱسْتَيْـَٔسَ ٱلرُّسُلُ وَظَنُّوٓا۟ أَنَّهُمْ قَدْ كُذِبُوا۟ جَآءَهُمْ
نَصْرُنَا فَنُجِّىَ مَن نَّشَآءُ ۖ وَلَا يُرَدُّ بَأْسُنَا عَنِ ٱلْقَوْمِ ٱلْمُجْرِمِينَ
﴿١١٠﴾ لَقَدْ كَانَ فِى قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ لِّأُو۟لِى ٱلْأَلْبَٰبِ ۗ مَا كَانَ
حَدِيثًا يُفْتَرَىٰ وَلَٰكِن تَصْدِيقَ ٱلَّذِى بَيْنَ يَدَيْهِ
وَتَفْصِيلَ كُلِّ شَىْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿١١١﴾

-اربعين حديث) (رواه البخاري) پايه‌سه‌ري شوا (ﷺ) فه‌رموويه‌تي: (كليله‌كاني غه‌يب پيشنين كه‌س نايانزانيت شوا نيه‌يت پاشان فه‌رموويه‌تي: (إن الله عنده علم الساعة و ينزل الغيث ...).

ئايه‌تي (٦١) سورةتي (الأنعام)ه قال رسول الله (ﷺ): (قولوا موتاكم: لا إله إلا الله من كان آخر كلامه لا إله إلا الله دخل الجنة) (رواه ابن حبان). پايه‌سه‌ري شوا (ﷺ)

فه‌رموويه‌تي: ئەو كەسانەتان له‌سه‌رمه‌رگدان (لا إله إلا الله) بان پێ بڵه‌نه‌وه‌و بيدەن به‌گوێيان تا بچنكه‌ فه‌ر كاتى (له‌كاتى مردنيدا) كۆتا وته‌ى (لا إله إلا الله) بێت دەچێته به‌هه‌شته‌وه.

ئايه‌تي (٦٥) سورةتي (الأنعام)ه قال رسول الله (ﷺ): (سألت ربي ثلاثا، فأعطاني اثنتين ومنعني واحدة سألته أن لا يسلط على أمتي عدواً من غيرهم فأعطاني وسألته أن لا يهلكهم بالسنين فأعطاني وسألته -

﴿وَمَا أَنتَ عَلَيْهِم بِوَكِيلٍ﴾ (ئەی موحەممەد(ﷺ)) تۆ داوای هیچ پاداشتێك لەوانە ناكەیت لەسەر(گەیاندنی) ئەو (قورئانە) ﴿إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِّلْعَالَمِينَ﴾ ئەو قورئانە هەر پەند و ئامۆژگاریە بۆ جیهانیان. ١٠٤﴿وَلَتَعْلَمُنَّ نَبَأَهُ﴾ وە زۆر بەلگەو نیشانە هەیە ﴿فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾ لەئاسمانەكان و زەویدا ﴿وَيْلٌ لِّكُلِّ أَفَّاكٍ﴾ بەلایندا دەڕۆن ﴿مَا تَعْرُجُونَ﴾ بەڵام ئەوان رووبان لێ وەردەگێڕن. ١٠٥﴿وَمَا أَنتُم بِمُعْجِزِينَ فِي الْأَرْضِ﴾ جا ئێوەیان بارەپتاهێنن بەخوا ﴿إِنْ هُمْ يَعْلَمُونَ﴾ مەگەر ئەوان لەبكاتەدا هاوبەشی بریار دەدەن بۆ خوا. ١٠٦﴿أَفَأَمِنُوا أَنْ تَأْتِيَهُمْ﴾ جا ئایا ئەوانە ئاترسن بەخەیان بگرێت ﴿غَاشِيَةٌ مِّنْ عَذَابِ اللَّهِ﴾ سزایەكی داپۆشەری خوا ﴿أَوْ تَأْتِيَهُمُ السَّاعَةُ بَغْتَةً﴾ یان لەناكاودا رۆژی دوایی بەسەریدا بێت ﴿وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ﴾ لە كاتێكدا ئەوان هەستی پێنەكەن. ١٠٧﴿قُلْ هَٰذِهِ سَبِيلِي﴾ بڵێ ئەمە ڕێگای منە ﴿أَدْعُو إِلَى اللَّهِ﴾ بانگی (خەڵكی) دەكەم بۆلای خوا ﴿عَلَىٰ بَصِيرَةٍ﴾ لەسەر بەڵگەی ڕوون ﴿أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي﴾ من و ئەوانەش شوێنم كەوتوون ﴿وَسُبْحَانَ اللَّهِ﴾ و خواش پاك و بێ گەردە ﴿وَمَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ﴾ وە من هیچ كات لەهاوبەشی پەروەردەران نیم. ١٠٨﴿وَمَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ﴾ وە ئێمە پێش تۆ (پێغەمبەرمان) نەناردووە ﴿إِلَّا رِجَالًا﴾ جگە لەپیاوانێك ﴿نُّوحِي إِلَيْهِم﴾ كەئێمەمان بۆ دەكردن ﴿مِّنْ أَهْلِ الْقُرَىٰ﴾ لەخەڵكی هاوەكان ﴿أَفَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ﴾ دەی ئایا ئەو (بێ بڕوایانە) نەگەڕاون بەسەر زەویدا ﴿فَيَنظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ﴾ تا سەرنج بدەن چۆن بووە سەرئەنجامی ئەوانەی كە لەپێش ئەمانەوە بوون ﴿وَلَدَارُ الْآخِرَةِ﴾ وە بێ گومان ژیانی ڕۆژی دوایی چاكترە ﴿لِلَّذِينَ اتَّقَوْا﴾ بۆ ئەوانەی خۆیان پاراستووە (لەدنیادا) ﴿أَفَلَا تَعْقِلُونَ﴾ دەی ئێوە (ڕێنمایی و ئێ ناگەن. ١٠٩﴿حَتَّىٰ إِذَا اسْتَيْأَسَ الرُّسُلُ﴾ هەتا كاتێ پێغەمبەرەكانیان نا ئومێد بوون (لەسەركەوتن) ﴿وَظَنُّوا أَنَّهُمْ قَدْ كُذِبُوا﴾ وە گەلەكەیان وایان زانی كە (پێغەمبەران) درۆیان لەگەڵدا كردون ﴿جَاءَهُمْ نَصْرُنَا﴾ (لەو كاتەدا) سەركەوتن و یارمەتی ئێمەیان بۆ هات ﴿فَنُجِّيَ مَن نَّشَاءُ﴾ جا ئەوانەی دەمانویست ڕزگاركران ﴿وَلَا يُرَدُّ بَأْسُنَا﴾ سزاكەمان ناگەڕێنرێتەوە ﴿عَنِ الْقَوْمِ الْمُجْرِمِينَ﴾ لەهۆزی تاوانبار. ١١٠﴿لَقَدْ كَانَ فِي قَصَصِهِمْ﴾ سوێندبێ بێ گومان لەداستانی (پێغەمبەرانەدا (خێر هەیە)) ﴿عِبْرَةٌ لِّأُولِي الْأَلْبَابِ﴾ پەندو ئامۆژگاری هەیە بۆ خاوەن بیران ﴿مَا كَانَ حَدِيثًا يُفْتَرَىٰ﴾ ئەم (قورئانە) چیرۆك و قسەیەك نی یە هەڵبەستراببێت ﴿وَلَٰكِن تَصْدِيقَ الَّذِي بَيْنَ يَدَيْهِ﴾ بەڵكو بەڕاست دانەر و پشتگیری ئەو (كتێبانە)یە كە لەپێش خۆیەوە (هاتوون) ﴿وَتَفْصِيلَ كُلِّ شَيْءٍ﴾ هەروەها ڕوون كەرەوەی هەموو شتێكە ﴿وَهُدًى وَرَحْمَةً﴾ وە ڕێنموونی و میهرەبانیە ﴿لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ﴾ بۆ ئەوانەی كەبڕوا دێنن. ١١١)

سورة الرعد

بسم الله الرحمن الرحيم

الٓمٓرٰ ۚ تِلْكَ ءَايَٰتُ ٱلْكِتَٰبِ ۗ وَٱلَّذِىٓ أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ ٱلْحَقُّ
وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿١﴾ ٱللَّهُ ٱلَّذِى رَفَعَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ بِغَيْرِ
عَمَدٍ تَرَوْنَهَا ۖ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ ۖ وَسَخَّرَ ٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ ۖ كُلٌّ
يَجْرِى لِأَجَلٍ مُّسَمًّى ۚ يُدَبِّرُ ٱلْأَمْرَ يُفَصِّلُ ٱلْءَايَٰتِ لَعَلَّكُم بِلِقَآءِ
رَبِّكُمْ تُوقِنُونَ ﴿٢﴾ وَهُوَ ٱلَّذِى مَدَّ ٱلْأَرْضَ وَجَعَلَ فِيهَا رَوَٰسِىَ
وَأَنْهَٰرًا ۖ وَمِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ جَعَلَ فِيهَا زَوْجَيْنِ ٱثْنَيْنِ ۖ يُغْشِى ٱلَّيْلَ
ٱلنَّهَارَ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٣﴾ وَفِى ٱلْأَرْضِ
قِطَعٌ مُّتَجَٰوِرَٰتٌ وَجَنَّٰتٌ مِّنْ أَعْنَٰبٍ وَزَرْعٌ وَنَخِيلٌ صِنْوَانٌ
وَغَيْرُ صِنْوَانٍ يُسْقَىٰ بِمَآءٍ وَٰحِدٍ ۖ وَنُفَضِّلُ بَعْضَهَا عَلَىٰ بَعْضٍ
فِى ٱلْأُكُلِ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ ﴿٤﴾
۞ وَإِن تَعْجَبْ فَعَجَبٌ قَوْلُهُمْ أَءِذَا كُنَّا تُرَٰبًا أَءِنَّا لَفِى خَلْقٍ
جَدِيدٍ ۗ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِرَبِّهِمْ ۖ وَأُو۟لَٰٓئِكَ ٱلْأَغْلَٰلُ
فِىٓ أَعْنَاقِهِمْ ۖ وَأُو۟لَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٥﴾

حەن لایانیسوم شیماً وان لا یذهل بعضهم بأس بعض فسنعني).

پێغەمبەری خوا (ﷺ)فەرمووی: (دەرای سێ شتم لە پەروەردگارم کرد، موژدانیانی پێ بە خەڵکیم و ئاگەیەکانیان پێ نەدام. داوام لێ کرد کە بێگانە لە خۆیان موژدەن وا نەکات بەسەر ئومەتەکەمدا ئەوەی پێ بەخشیم و داوام لێکرد کە لە خۆیان شەپۆلی و قات و قڕی ئەویشی پێ بەخشیم و داوام لێکرد. کۆمەڵێ کۆمەڵیان نەکات و ڕووەخۆکیان بە دەستی هەڵیکیان نەهێنێتەوە ئاسمانی پێ نەدام).

لەهەتی (٢٣) سورەتی (الأنعام) دا قال رسول الله (ﷺ): (إن إسرافيل قائم الصور ينتظر متى يؤمر فينفخ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (ئیسرافیل شەپۆری گرتووە بەدەستەوە بۆ داوەیی هێنانەوە، یەک چاوەڕوانە، کەی فەرمانی پێ بدرێ و فووی پێدا بکات).

سورەتی ﴿الرعد﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان ﴿الْمَرْ﴾ بە(ئەلیف، لام، را) دەخوێنرێتەوە خوا زاناترە بە ماناکەی، بۆزانیاری زیاتر سەیری سەرەتای سورەتی (البقرة) بکە ﴿تِلْكَ آيَاتُ الْكِتَابِ﴾ ئەمانە ئایەتەکانی کتێب(ی ئاسمانی)ن ﴿وَالَّذِي أُنزِلَ إِلَيْكَ﴾ وە ئەوەی نێرراوەتە خوارەوە بۆتۆ ﴿مِن رَّبِّكَ الْحَقُّ﴾ لەلایەن پەروەردگارتەوە حەق وڕاستە ﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يُؤْمِنُونَ﴾ بەڵام زۆربەی خەڵکی باوەڕ ناهێنن. ١) ﴿اللَّهُ الَّذِي﴾ ئەو خوایەی ﴿رَفَعَ السَّمَاوَاتِ﴾ ئاسمانەکانی بەرزکردۆتەوە ﴿بِغَيْرِ عَمَدٍ﴾ بێ هیچ پایەو ستونێك ﴿تَرَوْنَهَا﴾ کەبیبینن ﴿ثُمَّ اسْتَوَىٰ عَلَى الْعَرْشِ﴾ پاشان بەرز بوەوە بۆ سەر عەرش و قەراری گرت (بەو شێوەی شایستەی خوا بێت کەئێمە چونێتیەکەی نازانین) ﴿وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ﴾ وە خۆر و مانگی ڕام هێناوە ﴿كُلٌّ يَجْرِي لِأَجَلٍ مُّسَمًّى﴾ هەر یەکەیان دەگەڕێ تاکاتی دیاری کراو ﴿يُدَبِّرُ الْأَمْرَ﴾ هەموو کاروبارێ هەڵدەسوڕێنێ ﴿يُفَصِّلُ الْآيَاتِ﴾ و ئایەتەکان ڕوون دەکاتەوە (بۆتان) ﴿لَعَلَّكُم بِلِقَاءِ رَبِّكُمْ تُوقِنُونَ﴾ تا لە (زیندوو بوونەوەو) گەیشتن بەخزمەت پەروەردگارتان دڵنیاین. ٢) ﴿وَهُوَ الَّذِي مَدَّ الْأَرْضَ﴾ (خوا) ئەو زاتەیە کە زەوی ڕاخستووە (بەپانی و درێژی) ﴿وَجَعَلَ فِيهَا رَوَاسِيَ وَأَنْهَارًا﴾ و چەندها چیا و ڕووباری تێدا داناوە (دروست کردووە) ﴿وَمِن كُلِّ الثَّمَرَاتِ﴾ وەلە هەموو جۆرە میوەیەك ﴿جَعَلَ فِيهَا زَوْجَيْنِ اثْنَيْنِ﴾ جوتێ نێر و مێی تێدا دروست کردووە ﴿يُغْشِي اللَّيْلَ النَّهَارَ﴾ شەو دەدات بەسەر ڕۆژدا ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ﴾ بەڕاستی لەوانەدا ﴿لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ﴾ بەڵگە و نیشانە هەیە بۆ ئەو کەسانەی کەبیردەکەنەوە. ٣) ﴿وَفِي الْأَرْضِ﴾ وە لەزەویدا ﴿قِطَعٌ مُّتَجَاوِرَاتٌ﴾ چەند پارچەی لە پاڵ یەکتریدا هەن ﴿وَجَنَّاتٌ مِّنْ أَعْنَابٍ﴾ هەروەها باخاتی ترێ و ڕەز ﴿وَزَرْعٌ﴾ و کشتوکاڵ ﴿وَنَخِيلٌ﴾ و(باخاتی) دارخورمای ﴿صِنْوَانٌ وَغَيْرُ صِنْوَانٍ﴾ دوو قەد(ی یەك بنج) و یەك قەد ﴿يُسْقَىٰ بِمَاءٍ وَاحِدٍ﴾ هەموویان یەیەك ئاو ئاودەدرێن ﴿وَنُفَضِّلُ بَعْضَهَا عَلَىٰ بَعْضٍ﴾ کەچی باوی هەندێکیمان داوە بەسەر هەندێکی تریاندا ﴿فِي الْأُكُلِ﴾ لەخواردندا ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ﴾ بەڕاستی لەوانەدا ﴿لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ﴾ چەند نیشانەی ڕوون هەیە بۆ ئەوانەی تێ دەگەن و بیردەکەنەوە. ٤) ﴿وَإِن تَعْجَبْ﴾ جا ئەگەر تۆ سەرت سوڕ بمێنێ ﴿فَعَجَبٌ﴾ ئەوە قسەی ئەوانە جێی سەر سوڕمانە کەدەڵێن ﴿أَئِذَا كُنَّا تُرَابًا﴾ ئایا کاتێ (کەمردین و) بوینەوە بەخاك ﴿أَئِنَّا لَفِي خَلْقٍ جَدِيدٍ﴾ ئایا ئێمە سەر لە نوێ دروست ئەکرێینەوە ﴿أُولَٰئِكَ الَّذِينَ﴾ ئەوانە کەسانێکن ﴿كَفَرُوا بِرَبِّهِمْ﴾ کە بێ باوەڕ بوون بە پەروەردگاریان ﴿وَأُولَٰئِكَ الْأَغْلَالُ فِي أَعْنَاقِهِمْ﴾ جا ئەوانە کۆت و زنجیر لە گەردنیاندایە ﴿وَأُولَٰئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ﴾ وە ئەوانە هاوەڵانی ئاگرن ﴿هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾ کە بەهەمیشەیی دەمێننەوە تێیدا. ٥)

وَيَسْتَعْجِلُونَكَ بِالسَّيِّئَةِ قَبْلَ الْحَسَنَةِ وَقَدْ خَلَتْ مِن
قَبْلِهِمُ الْمَثُلَاتُ وَإِنَّ رَبَّكَ لَذُو مَغْفِرَةٍ لِّلنَّاسِ عَلَىٰ ظُلْمِهِمْ
وَإِنَّ رَبَّكَ لَشَدِيدُ الْعِقَابِ ﴿٦﴾ وَيَقُولُ الَّذِينَ كَفَرُوا لَوْلَا
أُنزِلَ عَلَيْهِ آيَةٌ مِّن رَّبِّهِ إِنَّمَا أَنتَ مُنذِرٌ وَلِكُلِّ قَوْمٍ هَادٍ
﴿٧﴾ اللَّهُ يَعْلَمُ مَا تَحْمِلُ كُلُّ أُنثَىٰ وَمَا تَغِيضُ الْأَرْحَامُ
وَمَا تَزْدَادُ وَكُلُّ شَيْءٍ عِندَهُ بِمِقْدَارٍ ﴿٨﴾ عَالِمُ الْغَيْبِ
وَالشَّهَادَةِ الْكَبِيرُ الْمُتَعَالِ ﴿٩﴾ سَوَاءٌ مِّنكُم مَّنْ أَسَرَّ
الْقَوْلَ وَمَن جَهَرَ بِهِ وَمَنْ هُوَ مُسْتَخْفٍ بِاللَّيْلِ وَسَارِبٌ
بِالنَّهَارِ ﴿١٠﴾ لَهُ مُعَقِّبَاتٌ مِّن بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِ يَحْفَظُونَهُ
مِنْ أَمْرِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُوا مَا بِأَنفُسِهِمْ
وَإِذَا أَرَادَ اللَّهُ بِقَوْمٍ سُوءًا فَلَا مَرَدَّ لَهُ وَمَا لَهُم مِّن دُونِهِ مِن
وَالٍ ﴿١١﴾ هُوَ الَّذِي يُرِيكُمُ الْبَرْقَ خَوْفًا وَطَمَعًا
وَيُنشِئُ السَّحَابَ الثِّقَالَ ﴿١٢﴾ وَيُسَبِّحُ الرَّعْدُ بِحَمْدِهِ
وَالْمَلَائِكَةُ مِنْ خِيفَتِهِ وَيُرْسِلُ الصَّوَاعِقَ فَيُصِيبُ بِهَا
مَن يَشَاءُ وَهُمْ يُجَادِلُونَ فِي اللَّهِ وَهُوَ شَدِيدُ الْمِحَالِ ﴿١٣﴾

ەوڕێ هاتنە
خوارەوەی ئایەتی
(١٣) سورەتی
(الرعد): ﴿وَيُرْسِلُ
الصَّوَاعِقَ فَيُصِيبُ
بِهَا مَن يَشَاءُ وَهُمْ
يُجَادِلُونَ فِي اللَّهِ
وَهُوَ شَدِيدُ
الْمِحَالِ﴾ بەزار لە
ئەنەسەوە (ﷺ)
گێڕاویەتیەوە کە
ڕووتونەتی:
پێغەمبەر (ﷺ)
پیاوێکی لە هاوەڵانی
ناردە بۆ لای
پیاوێکی گەورە لە
بێ باوەڕان تاکو
بانگی بکات بۆ
سەر ئاینی ئیسلام
، پیاوەکەش ووتی
: ئەو خوایەی تۆ
ەشی بۆ لا بانگ

دەکەی چی یە؟ ئاسنە؟ سپە ئاڵتونە؟ ئاڵتونە؟ ئەنسیش هاتەوە بۆ خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) و هەواڵەکەی
بۆ گێڕایەوە و پێغەمبەریش جارێکی تر ناردیەوە بۆ لای ئەو پیاوەو بانگی کرد بۆ لای خوا ئەویش
ووتەکەی پێشووی دووبارە کردەوە (ئەنەس گێڕایەوە) پێغەمبەر (ﷺ) بۆ جاری سێ یەم
ئەنەسی ناردەوە بۆ لای پیاوەکە هەمان ووتەی پێشووی دووبارە کردەوە ئەنجا ئەنەس هاتەوە .

﴿وَتَبَتَّلْ إِلَيْهِ تَبْتِيلًا﴾ بەیەکلە دڵبای سڕاوە لێ دەکەن ﴿قُلِ اللَّهُ﴾ پێش جیاکەو بەڕەیی ﴿إِنَّا خَلَقْنَا مِن نُّطْفَةٍ أَمْشَاجٍ﴾ کە بێ گومان لەپێش ئەمانەوە نێر هەبوون لەئەمیان لێ سەرئاوە ﴿وَإِن تُبْدُوا﴾ و بەڕاستی پەروەردیگارت ﴿وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ﴾ هاوەڵی لێ بوردنە بۆ خەڵکی ﴿مِّن قَبْلُ﴾ کەرچی سەرەکاریش بن ﴿وَإِن تُبْدُوا﴾ هەروەها بەڕاستی پەروەردیگارت ﴿لِلْمَلَائِكَةِ﴾ لەفریشتەکی تۆند وتیژە. ٦) ﴿يَقُولُونَ أَئِنَّا لَمَرْدُودُونَ﴾ وە ئەوانەی کە بێ باوەڕ بوون دەیان وت ﴿وَلَوْلَا أُنزِلَ عَلَيْهِ﴾ ئەوە بۆ ئەمێرابوونە خوارەوە بۆی ﴿وَإِذْ قَالَ لَهُ﴾ موعجیزەیەک لەلایەن پەروەردیگارییەوە ﴿إِنَّمَا أَنتَ مُنذِرٌ﴾ ئەی موحەممەد (ﷺ) تۆ هەر ترسێنەری ﴿وَلِكُلِّ قَوْمٍ هَادٍ﴾ و بۆ هەموو گەلێک ڕێنیشاندەرێک هەیە. ٧) ﴿اللَّهُ يَعْلَمُ مَا تَحْمِلُ كُلُّ أُنثَىٰ﴾ خوا دەزانێ هەموو منێنەیەک (لە منداڵدانیدا) چی هەڵگرتووە (کوڕ یان کچ) ﴿وَمَا تَغِيضُ الْأَرْحَامُ﴾ وە هەروەها دەزانێ منداڵ دانەکان چی لێ کەمدەبێتەوە ﴿وَمَا تَزْدَادُ﴾ و چی زیاد دەکات ﴿وَكُلُّ شَيْءٍ عِندَهُ بِمِقْدَارٍ﴾ وە هەموو شتێ لای ئەو (خوا) ئەندازەی (دیاری کراوی) هەیە. ٨) ﴿عَالِمُ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ﴾ (خوا) زانایە بەهەموو نهێنی و ئاشکرایەک ﴿الْكَبِيرُ الْمُتَعَالِ﴾ گەورە و بەرزە. ٩) ﴿سَوَاءٌ مِّنكُم مَّنْ أَسَرَّ الْقَوْلَ﴾ یەکسانە (بۆ خوا) ئەوەتان بەنهێنی قسە بکات ﴿وَمَن جَهَرَ بِهِ﴾ وە ئەوتان بەئاشکرا (قسە) بکات ﴿وَمَنْ هُوَ مُسْتَخْفٍ بِاللَّيْلِ﴾ و ئەوەی کەلەخەوتا خۆی دەشارێتەوە ﴿وَسَارِبٌ بِالنَّهَارِ﴾ ئەوەی کەلە ڕۆژدا دەرەکەوێ. ١٠) ﴿لَهُ مُعَقِّبَاتٌ﴾ بۆ ئەو(ئادەمی) هەیە فریشتانێک کە بەدوای یەکدا دێن ﴿مِّن بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِ﴾ لەپێش و لەدوایەوە ﴿يَحْفَظُونَهُ مِنْ أَمْرِ اللَّهِ﴾ بەفەرمانی خوا دەی پارێزن لەزیان ﴿إِنَّ اللَّهَ﴾ بەڕاستی خوا ﴿لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ﴾ (بار و حاڵی) هیچ گەلێک ناگۆڕێ ﴿حَتَّىٰ يُغَيِّرُوا مَا بِأَنفُسِهِمْ﴾ هەتا ئەوان خۆیان (بار و حاڵی) خۆیان نەگۆڕن ﴿وَإِذَا أَرَادَ اللَّهُ﴾ وەکاتێک خوا بیەوێ ﴿بِقَوْمٍ سُوءًا﴾ مەزڵەک تووشی بەڵا بێ ﴿فَلَا مَرَدَّ لَهُ﴾ هیچ بەرگرێکی بۆی نی یە ﴿وَمَا لَهُم مِّن دُونِهِ مِن وَالٍ﴾ و جگە لەو(خوا) هیچ یارمەتی دەر و پشتیوانێکیان نی یە. ١١) ﴿هُوَ الَّذِي﴾ (خوا) ئەو زاتەیە ﴿يُرِيكُمُ الْبَرْقَ﴾ بیروسکەتان نیشان دەدات ﴿خَوْفًا وَطَمَعًا﴾ کەهۆی ترسانتن و هیوا وتوێژتانە ﴿وَيُنشِئُ السَّحَابَ الثِّقَالَ﴾ هەروەها هەوری قورس (پەتاوی باران) بەدی دەهێنێ. ١٢) ﴿وَيُسَبِّحُ الرَّعْدُ بِحَمْدِهِ﴾ وە هەورەگرمە سوپاس و ستایشی ئەو (خوا) دەکات ﴿وَالْمَلَائِكَةُ مِنْ خِيفَتِهِ﴾ هەروەها فریشتەکانیش لە هەیبەت و ترسی ئەو (خوا ستایشی دەکەن) ﴿وَيُرْسِلُ الصَّوَاعِقَ﴾ وە(پەروەردگار) هەورە بروسکەکان دەنێرێ ﴿فَيُصِيبُ بِهَا مَن يَشَاءُ﴾ و دەیدات لە هەرکەسێ کەبیەوێ ﴿وَهُمْ يُجَادِلُونَ فِي اللَّهِ﴾ لە کاتێکدا ئەوانە دەست دەکەن دەربارەی خوا ﴿وَهُوَ شَدِيدُ الْمِحَالِ﴾ و ئەو (خوا) هێز وتوانای زۆر بەتینە. ١٣)

لَهُۥ دَعْوَةُ ٱلْحَقِّ ۖ وَٱلَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِهِۦ لَا يَسْتَجِيبُونَ لَهُم بِشَىْءٍ إِلَّا
كَبَٰسِطِ كَفَّيْهِ إِلَى ٱلْمَآءِ لِيَبْلُغَ فَاهُ وَمَا هُوَ بِبَٰلِغِهِۦ ۚ وَمَا دُعَآءُ ٱلْكَٰفِرِينَ
إِلَّا فِى ضَلَٰلٍ ﴿١٤﴾ وَلِلَّهِ يَسْجُدُ مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ طَوْعًا
وَكَرْهًا وَظِلَٰلُهُم بِٱلْغُدُوِّ وَٱلْءَاصَالِ ﴿١٥﴾ قُلْ مَن رَّبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَٱلْأَرْضِ قُلِ ٱللَّهُ ۚ قُلْ أَفَٱتَّخَذْتُم مِّن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءَ لَا يَمْلِكُونَ لِأَنفُسِهِمْ
نَفْعًا وَلَا ضَرًّا ۚ قُلْ هَلْ يَسْتَوِى ٱلْأَعْمَىٰ وَٱلْبَصِيرُ أَمْ هَلْ تَسْتَوِى
ٱلظُّلُمَٰتُ وَٱلنُّورُ ۗ أَمْ جَعَلُوا۟ لِلَّهِ شُرَكَآءَ خَلَقُوا۟ كَخَلْقِهِۦ فَتَشَٰبَهَ ٱلْخَلْقُ
عَلَيْهِمْ ۚ قُلِ ٱللَّهُ خَٰلِقُ كُلِّ شَىْءٍ وَهُوَ ٱلْوَٰحِدُ ٱلْقَهَّٰرُ ﴿١٦﴾ أَنزَلَ مِنَ
ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَسَالَتْ أَوْدِيَةٌۢ بِقَدَرِهَا فَٱحْتَمَلَ ٱلسَّيْلُ زَبَدًا رَّابِيًا ۚ
وَمِمَّا يُوقِدُونَ عَلَيْهِ فِى ٱلنَّارِ ٱبْتِغَآءَ حِلْيَةٍ أَوْ مَتَٰعٍ زَبَدٌ مِّثْلُهُۥ ۚ كَذَٰلِكَ
يَضْرِبُ ٱللَّهُ ٱلْحَقَّ وَٱلْبَٰطِلَ ۚ فَأَمَّا ٱلزَّبَدُ فَيَذْهَبُ جُفَآءً ۖ وَأَمَّا مَا
يَنفَعُ ٱلنَّاسَ فَيَمْكُثُ فِى ٱلْأَرْضِ ۚ كَذَٰلِكَ يَضْرِبُ ٱللَّهُ ٱلْأَمْثَالَ ﴿١٧﴾
لِلَّذِينَ ٱسْتَجَابُوا۟ لِرَبِّهِمُ ٱلْحُسْنَىٰ ۖ وَٱلَّذِينَ لَمْ يَسْتَجِيبُوا۟ لَهُۥ لَوْ أَنَّ
لَهُم مَّا فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا وَمِثْلَهُۥ مَعَهُۥ لَٱفْتَدَوْا۟ بِهِۦٓ ۚ
أُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمْ سُوٓءُ ٱلْحِسَابِ وَمَأْوَىٰهُمْ جَهَنَّمُ ۖ وَبِئْسَ ٱلْمِهَادُ ﴿١٨﴾

- بۆ ئەو پێغەمبەر و مەزهەبانەی بۆ گێڕایەوە ، جا خوای گەورە هەموو بڕوسکەیەکی بۆ ئاوەدانکردنەوەی سوودی پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتە: (خوای گەورە بڕوسکەیەکی ئاوی بۆ هاوەڵانی و سوپاکەی) ئەمجا ئەم ئایەتانە هاتنەخوارەوە ﴿ لِرَسُولِهِ الصَّوَاعِقَ فَيُصِيبُ بِهَا مَنْ يَشَاءُ ... ﴾.

ئایەتی (٢٩) سورەتی (الأنعام): عن عباس بن حماد أن رسول الله (ﷺ) قال: (قال الله إني خلقت عبادي حنفاء)رواه مسلم. عیباسی کوڕی حەماد گێڕایەتیەوە وتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (خوای گەورە فەرموویەتی: بێگومان من بەندەکانم بەپاکی و لەسەر یەکتاپەرستی دروست کردوە).

ئایەتی (٨٢) سورەتی (الأنعام): قال عبد الله (ﷺ): لما نزلت ﴿الذين آمنوا ولم يلبسوا إيمانهم بظلم ... ﴾.

﴿لَهُ دَعْوَةُ الْحَقِّ﴾ نزاو پاڕانەوەی هەقیش هەر بۆئەوە (خوا) ﴿وَالَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِهِ﴾ ئەوانەش نزاو لاڵە لە غەیر خوا دەکەن ﴿لَا يَسْتَجِيبُونَ لَهُم بِشَيْءٍ﴾ هیچ وەڵامێکیان نادەنەوە(تایەن بەهاواریانەوە)﴿إِلَّا كَبَاسِطِ كَفَّيْهِ إِلَى الْمَاءِ﴾ مەگەر وەك کەسێك (کەتینووی بێت لەدوورەوە) هەردوو مشتی خۆی بۆلای ئاوێك درێژ کردبێ ﴿لِيَبْلُغَ فَاهُ وَمَا هُوَ بِبَالِغِهِ﴾ بۆ ئەوەی (ئاو) بگاتە دەمی بەڵام نایگاتێ ﴿وَمَا دُعَاءُ الْكَافِرِينَ إِلَّا فِي ضَلَالٍ﴾ نزاو دوعای بێ بڕوایان (لەبتەکانیان) هیچ نیە جگە لەگومڕایی و سەر لێ شێوان. ١٤)﴿وَلِلَّهِ يَسْجُدُ﴾ سوژدە بۆ خوا دەبات ﴿مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾ هەرچی لەئاسمانەکان و زەویدایە ﴿طَوْعًا وَكَرْهًا﴾ بیانەوێ و نەیانەوێ ﴿وَظِلَالُهُم بِالْغُدُوِّ وَالْآصَالِ﴾ هەروەها سێبەرەکانیان لەبەیانیان و ئێواراندا(سوژدە دەبەن). ١٥)﴿قُلْ مَن رَّبُّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾ (ئەی موحەممەد(ﷺ)) بڵێ کێ پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوی یە ﴿قُلِ اللَّهُ﴾ بڵێ خوا ﴿قُلْ﴾ جا بڵێ ﴿أَفَاتَّخَذْتُم مِّن دُونِهِ أَوْلِيَاءَ﴾ دەی ئێوە بێجگە لەو(خوا) پشتیوانانێکتان هەڵبژاردووە (بۆ خۆتان) ﴿لَا يَمْلِكُونَ لِأَنفُسِهِمْ نَفْعًا وَلَا ضَرًّا﴾ کەخاوەنی هیچ سوود و زیانێك نین بۆ خۆشیان ﴿قُلْ﴾ بڵێ ﴿هَلْ يَسْتَوِي الْأَعْمَىٰ وَالْبَصِيرُ﴾ ئایا کوێر و چاو ساغ یەکسانن؟ ﴿أَمْ هَلْ تَسْتَوِي الظُّلُمَاتُ وَالنُّورُ﴾ یان ئایا تاریکیەکان و ڕووناکی وەك یەك وان؟ ﴿أَمْ جَعَلُوا لِلَّهِ شُرَكَاءَ﴾ نەخێر ئەی ئەوانە چەند هاوبەشێکیان بۆ خوا داناوە؟ ﴿خَلَقُوا كَخَلْقِهِ﴾(گوایە) وەك دروستکراوانی خوایان دروست کردبێ؟ ﴿فَتَشَابَهَ الْخَلْقُ عَلَيْهِمْ﴾ ئەوسا دروست کراوەکەیان لێ شێواوە!! ﴿قُلِ اللَّهُ﴾ بڵێ خوا ﴿خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ﴾ دروست کاری هەموو شتێکە ﴿وَهُوَ الْوَاحِدُ الْقَهَّارُ﴾ و هەر ئەویشە تاك و تەنیای زاڵە بەسەر هەموو شتێکدا. ١٦) ﴿أَنزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً﴾ بارانی لەئاسمانەوە باراندووە ﴿فَسَالَتْ أَوْدِيَةٌ بِقَدَرِهَا﴾ جا هەر شیو و دۆڵێك بە ئەندازەی خۆی لافاوی هەڵدەسێت ﴿فَاحْتَمَلَ السَّيْلُ﴾ ئەوسا لافاوەکە هەڵی دەگرێت ﴿زَبَدًا رَّابِيًا﴾ کەفێکی بەرزبووە (بە لافاوەکەوە)﴿وَمِمَّا يُوقِدُونَ عَلَيْهِ فِي النَّارِ﴾ هەروەها لەو (کانزایانەش پەیدادەبێ) کە ئاگری بۆ تاودەدەن (دەیتوێننەوە) ﴿ابْتِغَاءَ حِلْيَةٍ﴾ بەمەبەستی دروست کردنی خشڵ ﴿أَوْ مَتَاعٍ﴾ یان شتوومەکی تر (وەك قاپ و قاچاغ) ﴿زَبَدٌ مِّثْلُهُ﴾ کەفێك وەکو ئەو (کەفی لافاوە پەیدا دەبێ) ﴿كَذَٰلِكَ﴾ ئا بەو جۆرە ﴿يَضْرِبُ اللَّهُ الْحَقَّ وَالْبَاطِلَ﴾ خوا نموونەی حەق و بەتاڵ دێنێتەوە ﴿فَأَمَّا الزَّبَدُ فَيَذْهَبُ جُفَاءً﴾ جا کەفەکە دەڕوات و لە ناو دەچێ ﴿وَأَمَّا مَا يَنفَعُ النَّاسَ﴾ بەڵام ئەوەی کە سوود ئەگەیەنێ بەخەڵکی ﴿فَيَمْكُثُ فِي الْأَرْضِ﴾ لەزەویدا دەمێنێتەوە ﴿كَذَٰلِكَ يَضْرِبُ اللَّهُ الْأَمْثَالَ﴾ ئابەو جۆرە خوا نموونەکان دەهێنێتەوە. ١٧)﴿لِّلَّذِينَ اسْتَجَابُوا لِرَبِّهِمُ﴾ بۆ ئەوانەی وەڵامی بانگەوازی پەروەردگاریان دایەوە ﴿الْحُسْنَىٰ﴾ (پاداشتی) هەرە چاك (بەهەشت) هەیە ﴿وَالَّذِينَ لَمْ يَسْتَجِيبُوا لَهُ﴾ ئەوانەش وەڵامی بانگەوازی (پەروەردگار)یان نەدایەوە ﴿لَوْ أَنَّ لَهُم مَّا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا﴾ ئەگەر هەرچی وا لە زەویدا هەمووی هی ئەوان بێ ﴿وَمِثْلَهُ مَعَهُ﴾ ئەوەندەی تریشی لەگەڵ بێت ﴿لَافْتَدَوْا بِهِ﴾ دەیدەن لە بریتی و بەدەڵی سزای ڕۆژی دوایی ﴿أُولَٰئِكَ لَهُمْ﴾ ئەوانە بۆیان هەیە ﴿سُوءُ الْحِسَابِ﴾ لێپرسینەوەی سەخت و خراپ ﴿وَمَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ﴾ و جێگایان دۆزەخە ﴿وَبِئْسَ الْمِهَادُ﴾ ئای کەچەند شوێنێکی خرابە. ١٨)

۞ أَفَمَن يَعْلَمُ أَنَّمَا أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ الْحَقُّ كَمَنْ هُوَ أَعْمَىٰ ۚ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ
أُولُوا الْأَلْبَابِ ﴿١٩﴾ الَّذِينَ يُوفُونَ بِعَهْدِ اللَّهِ وَلَا يَنقُضُونَ الْمِيثَاقَ
﴿٢٠﴾ وَالَّذِينَ يَصِلُونَ مَا أَمَرَ اللَّهُ بِهِ أَن يُوصَلَ وَيَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ
وَيَخَافُونَ سُوءَ الْحِسَابِ ﴿٢١﴾ وَالَّذِينَ صَبَرُوا ابْتِغَاءَ وَجْهِ رَبِّهِمْ
وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَأَنفَقُوا مِمَّا رَزَقْنَاهُمْ سِرًّا وَعَلَانِيَةً وَيَدْرَءُونَ
بِالْحَسَنَةِ السَّيِّئَةَ أُولَٰئِكَ لَهُمْ عُقْبَى الدَّارِ ﴿٢٢﴾ جَنَّاتُ عَدْنٍ يَدْخُلُونَهَا
وَمَن صَلَحَ مِنْ آبَائِهِمْ وَأَزْوَاجِهِمْ وَذُرِّيَّاتِهِمْ ۖ وَالْمَلَائِكَةُ يَدْخُلُونَ
عَلَيْهِم مِّن كُلِّ بَابٍ ﴿٢٣﴾ سَلَامٌ عَلَيْكُم بِمَا صَبَرْتُمْ ۚ فَنِعْمَ عُقْبَى الدَّارِ
﴿٢٤﴾ وَالَّذِينَ يَنقُضُونَ عَهْدَ اللَّهِ مِن بَعْدِ مِيثَاقِهِ وَيَقْطَعُونَ مَا
أَمَرَ اللَّهُ بِهِ أَن يُوصَلَ وَيُفْسِدُونَ فِي الْأَرْضِ ۙ أُولَٰئِكَ لَهُمُ اللَّعْنَةُ
وَلَهُمْ سُوءُ الدَّارِ ﴿٢٥﴾ اللَّهُ يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَن يَشَاءُ وَيَقْدِرُ ۚ وَفَرِحُوا
بِالْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا فِي الْآخِرَةِ إِلَّا مَتَاعٌ ﴿٢٦﴾ وَيَقُولُ
الَّذِينَ كَفَرُوا لَوْلَا أُنزِلَ عَلَيْهِ آيَةٌ مِّن رَّبِّهِ ۗ قُلْ إِنَّ اللَّهَ يُضِلُّ
مَن يَشَاءُ وَيَهْدِي إِلَيْهِ مَنْ أَنَابَ ﴿٢٧﴾ الَّذِينَ آمَنُوا وَتَطْمَئِنُّ
قُلُوبُهُم بِذِكْرِ اللَّهِ ۗ أَلَا بِذِكْرِ اللَّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ ﴿٢٨﴾

حقق ذلك على العدلين فقالوا: يا رسول الله أينا لم يظلم نفسه؟ قال: ليس ذلك إنما هو الشرك، ألم تسمعوا ما قال لقمان لابنه وهو يعظه ﴿يا بني لا تشرك بالله إن الشرك لظلم عظيم﴾ (رواه البخاري) ﴿عَهْدِ وَلَا﴾ (ڕەزای خوای ئێ بێت) ووتی: لە کاتێکدا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە ﴿و الذين آمنوا و لم يلبسوا...﴾ بەلای موسڵمانانەوە گران بوو ووتیان: ئەی پێغەمبەری خوا کێ لەئێمە ستەمی لەخۆی نەکردووە؟

فەرمووی: مەبەستی ئەوە نی یە: بەڵکو ئەو ستەمە هاویەش پەیدا کردنە بۆ خوا، نەتان بیستووە ئەوەی کە لوقمان بەکوڕەکەی فەرمووی کاتێ کەئامۆژگاری دەکرد ﴿يابني لاتشرك بالله ان الشرك لظلم عظيم﴾.

ئایەتی (٩٤) سورەتی (الأنعام): قال رسول الله (ﷺ): (يقول ابن آدم: مالي مالي وهل لك من مالك إلا ما أكلت فأفنيت أو لبست فأبليت، أو تصدقت فأمضيت فما سوى ذلك فذاهب و تاركه للناس) (رواه-

﴿ جا ئایا کەسێک کە بڕانی ﴿ بەڕاستی ئەوەی نێردراوەتە خوار بۆ تۆ ﴿ لەلایەن پەروەردگارتەوە حەق وڕاستە ﴿ وەک ئەو کەسەیە کە کوێربێت ﴿ بێگومان هەر ئەوانە بیر دەکەنەوە کە خاوەنی (بیرن. ١٩)﴿ ئەوانەی کە پەیمانی خوا دەبەنە سەر ﴿ وە بەڵێن دانەشکێنن و هەڵێ ناوەشێننەوە. ٢٠)﴿ وە ئەوانەن کە پەیوەستی دەکەن ﴿ هەرچی خوا فەرمانی داوە ﴿ کەپەیوەست بکرێ (وەک بەسەرکردەوەی خزمان) ﴿ وە لە پەروەردگاریان دەترسن ﴿ وە لەخراپە و سەختی لێپرسینەوە دەترسن. ٢١)﴿ وە ئەوانەن کە دانیان بەخۆیاندا گرت ﴿ بەمەبەستی ڕەزامەندی پەروەردگاریان ﴿ وە نوێژیان بەجێ هێناوە ﴿ وە لەو ڕۆزیەی پێمان داوون بەخشیوویانە ﴿ بەنهێنی و بەئاشکرا ﴿ وە بەچاکە بەرگری لەخراپە دەکەن (بەچاکە خراپەکانیان دەسڕنەوە و لادەبەن) ﴿ سەر ئەنجامی چاکی ئەو دونیا هەر بۆ ئەوانە. ٢٢)﴿ بەهەشتانێک هێڵگای ماناوەی هەمیشەیی پە ﴿ کە ئەوان دەچنە ناوی﴿ هەروەها ئەوانەش کە چاک بوون ﴿ لەباو و باپیرانیان ﴿ و هاوسەرانیان و ڕەچە و ئەوەکانیان ﴿ فریشتەکانیش ﴿ دەچنە ژوورەوە بۆ لایان لە هەموو دەرگایەکەوە. ٢٣)﴿ (پێیان دەڵێن) سەلامتان لێ بێ ﴿ چونکە ئارامتان گرت (لە دنیادا) ﴿ جا چەند سەر ئەنجامێکی چاکتان بوو. ٢٤)﴿ بەڵام ئەوانەی کە پەیمانی خوا هەڵ دەوەشێننەوە ﴿ لەپاش بەستن و گرێ دانی ﴿ و دەی بڕین ئەوەی کە خوا فەرمانی داوە ﴿ کەپەیوەست بکرێ ﴿ و خراپەکاری دەکەن لەزەویدا ﴿ هەر بۆ ئەوانە نەفرێ و دوورین لەبەزەیی خوا ﴿ هەروەها بۆ ئەوانە سەرئەنجامی خراپ. ٢٥) ﴿ خوا ڕۆزی فراوان دەکات ﴿ بۆ هەرکەسێک خۆی بیەوێ ﴿ وەکەمی دەکات (بۆ هەرکەسێ بیەوێ) ﴿ وە ئەوانە دڵخۆش بوون بەژیانی دنیا ﴿ لەکاتێکدا ژیانی دنیا هیچ نیە ﴿ لەچاو ڕۆژی دوایی دا ﴿ بێجگە لە پابواردنێکی کەم نەبێ. ٢٦)﴿ ئەوانە کەبڕوا بوون دەڵێن ﴿ بۆچی نیشانەیەک ﴿ موعجیزەیەک لەلایەن پەروەردگارییەوە ﴿ (ئەی موحەممەد(ﷺ)) بڵێ بەڕاستی خوا ﴿ هەر کەسی بوێ گومڕای دەکات (کەشیاوی گومڕاکردنە) ﴿ وە ڕێنموونی هەر کەسێک دەکات کە بۆلای خۆی گەڕابێتەوە. ٢٧)﴿ ئەوانەی کەبڕوایان هێناوە ﴿ دڵنیان ئارام دەبێت ﴿ بەیادی خوا ﴿ بیستە ئاگادارن کەهەر بە یادی خوا ﴿ دڵەکان ئارام دەبن. ٢٨)

الَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ طُوبَىٰ لَهُمْ وَحُسْنُ
مَـَٔابٍ ﴿٢٩﴾ كَذَٰلِكَ أَرْسَلْنَٰكَ فِىٓ أُمَّةٍ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهَآ أُمَمٌ
لِّتَتْلُوَا۟ عَلَيْهِمُ ٱلَّذِىٓ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ وَهُمْ يَكْفُرُونَ بِٱلرَّحْمَٰنِ
قُلْ هُوَ رَبِّى لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ مَتَابِ ﴿٣٠﴾
وَلَوْ أَنَّ قُرْءَانًا سُيِّرَتْ بِهِ ٱلْجِبَالُ أَوْ قُطِّعَتْ بِهِ ٱلْأَرْضُ أَوْ كُلِّمَ
بِهِ ٱلْمَوْتَىٰ ۗ بَل لِّلَّهِ ٱلْأَمْرُ جَمِيعًا ۗ أَفَلَمْ يَاْيْـَٔسِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟
أَن لَّوْ يَشَآءُ ٱللَّهُ لَهَدَى ٱلنَّاسَ جَمِيعًا ۗ وَلَا يَزَالُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟
تُصِيبُهُم بِمَا صَنَعُوا۟ قَارِعَةٌ أَوْ تَحُلُّ قَرِيبًا مِّن دَارِهِمْ حَتَّىٰ يَأْتِىَ
وَعْدُ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُخْلِفُ ٱلْمِيعَادَ ﴿٣١﴾ وَلَقَدِ ٱسْتُهْزِئَ بِرُسُلٍ
مِّن قَبْلِكَ فَأَمْلَيْتُ لِلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ثُمَّ أَخَذْتُهُمْ ۖ فَكَيْفَ كَانَ
عِقَابِ ﴿٣٢﴾ أَفَمَنْ هُوَ قَآئِمٌ عَلَىٰ كُلِّ نَفْسٍۭ بِمَا كَسَبَتْ ۗ وَجَعَلُوا۟
لِلَّهِ شُرَكَآءَ ۚ قُلْ سَمُّوهُمْ ۚ أَمْ تُنَبِّـُٔونَهُۥ بِمَا لَا يَعْلَمُ فِى ٱلْأَرْضِ أَم
بِظَٰهِرٍ مِّنَ ٱلْقَوْلِ ۚ بَلْ زُيِّنَ لِلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مَكْرُهُمْ وَصُدُّوا۟ عَنِ
ٱلسَّبِيلِ ۗ وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنْ هَادٍ ﴿٣٣﴾ لَّهُمْ عَذَابٌ فِى ٱلْحَيَوٰةِ
ٱلدُّنْيَا ۖ وَلَعَذَابُ ٱلْـَٔاخِرَةِ أَشَقُّ ۖ وَمَا لَهُم مِّنَ ٱللَّهِ مِن وَاقٍ ﴿٣٤﴾

حسەلم و لحمد و
الرعد ی و
النحل ی)
پێغەمبەری
خوا (ﷺ)
فەرمووی: (ئەدەمی هەر
دەڵێ: سامانەکەم
سامانەکەم دەبێ
تایبەتی
سامانەکەت ئەی
کوڕی ئادەم بۆ
ئەوەی خواردبێتە و
تەواوت کردبێ یان
لەبەرت کردووە و
بڕیوتە یا
بەخشیوتە لە
خێرەدا و بۆ ئەوەتە
پاشەکەوت بۆت
نەبێ بۆچەک لەبەر
هەوڵدان و بە جێی
دەهێڵی بۆ خەڵک).

ئایەتی (١٠٨) سورەتی (الأنعام) ؛ قال رسول الله (ﷺ): (إن من أكبر الكبائر أن يلعن الرجل والديه قيل يا رسول الله: و كيف يلعن الرجل والديه؟ قال: يسب أبا الرجل فيسب أباه، و يسب أمه فيسب أمه) (متفق عليه). پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (لە هەموو گوناهە گەورەکان گەورەتر ئەوەیە کە پیاو نەفرەت بکات لە باوک و دایکی. وتراو: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) چۆن پیاو نەفرەت لەدایک و باوکی دەکات؟-

﴿الَّذِينَ آمَنُوا﴾ ئەوانەی بڕوایان هێناوە ﴿وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ﴾ و کردەوە چاکەکانیان کردووە ﴿طُوبَىٰ لَهُمْ﴾ خۆش بەختی بۆ ئەوانە ﴿وَحُسْنُ مَآبٍ﴾ لەگەڵ سەرەنجامی چاک. ٢٩)﴿كَذَٰلِكَ أَرْسَلْنَاكَ﴾ هەر بە شێوەی (پێغەمبەرانی تر) تۆمان ڕەوانە کردوە ﴿فِي أُمَّةٍ﴾ لەناو گەل و ئوممەتێکدا ﴿قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهَا أُمَمٌ﴾ کە لەپێش ئەوانەوە گەل و ئوممەتی تر هاتوون و چوون ﴿لِتَتْلُوَا عَلَيْهِمُ الَّذِي﴾ بۆ ئەوەی بیخوێنیتەوە بەسەریاندا ئەوەی ﴿أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ﴾ نیگامان کردووە بۆت ﴿وَهُمْ يَكْفُرُونَ بِالرَّحْمَٰنِ﴾ لەکاتێکدا ئەوانە بڕواناهێنن بەخوای میهرەبان ﴿قُلْ هُوَ رَبِّي﴾ بڵێ ئەو پەروەردگاری منە ﴿لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ﴾ هیچ پەرستراوێک نی یە بێجگە لەو ﴿عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ﴾ پشتم هەر بەو بەستووە ﴿وَإِلَيْهِ مَتَابِ﴾ گەڕانەوەشم هەر بۆلای ئەوە. ٣٠) ﴿وَلَوْ أَنَّ قُرْآنًا﴾ بەڕاستی ئەگەر قورئانێک (بەخوێندنەوەی) ﴿سُيِّرَتْ بِهِ الْجِبَالُ﴾ چیاکانی پێ ببرایە (بۆ شوێنێکی تر) ﴿أَوْ قُطِّعَتْ بِهِ الْأَرْضُ﴾ یان زەوی پێ لەت لەت بکرایە ﴿أَوْ كُلِّمَ بِهِ الْمَوْتَىٰ﴾ یان لەگەڵ مردووانداقسەی بکردایە (ئەنجا باوەڕ ناهێنن) ﴿بَلْ لِلَّهِ الْأَمْرُ جَمِيعًا﴾ بەڵام هەموو کاروبارەکان بەدەست خوان ﴿أَفَلَمْ يَايْئَسِ﴾ دەی ئایا بێ هیوا نەبوون (ونەیان زانیوە) ﴿الَّذِينَ آمَنُوا﴾ ئەوانەی کەبڕوایان هێناوە ﴿أَن لَّوْ يَشَاءُ اللَّهُ﴾ کەئەگەر خوا بیویستایە ﴿لَهَدَى النَّاسَ جَمِيعًا﴾ هەموو خەڵکی دەخستە سەر ڕێگەی ڕاست ﴿وَلَا يَزَالُ الَّذِينَ كَفَرُوا﴾ وە ئەوانەی کەبێ باوەڕ بوون هەمیشە ﴿أَصَابَتْهُم بِمَا صَنَعُوا قَارِعَةٌ﴾ بەڵای سەختیان تووش دەبێت بەهۆی ئەوەی کردوویانە ﴿أَوْ تَحُلُّ قَرِيبًا مِّن دَارِهِمْ﴾ یان ئەو (بەڵایە) لە نزیک ماڵەکانیانەوە ڕووەدەدات ﴿حَتَّىٰ يَأْتِيَ وَعْدُ اللَّهِ﴾ هەتا بەڵێنی خوا دێتە دی ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يُخْلِفُ الْمِيعَادَ﴾ بەڕاستی خوا بەڵێنی خۆی بەدی دەهێنێ. ٣١)﴿وَلَقَدِ اسْتُهْزِئَ﴾ سوێند بەخوا بێگومان کاڵتە کرا ﴿بِرُسُلٍ مِّن قَبْلِكَ﴾ بە پێغەمبەرانی زۆر لەپێش تۆوە ﴿فَأَمْلَيْتُ لِلَّذِينَ كَفَرُوا﴾ منیش (ماوەیەک) مۆڵەتم دا بەوانەی بێ باوەڕ بوون ﴿ثُمَّ أَخَذْتُهُمْ﴾ پاشان ئەوانم گرت (تۆڵەم لێ سەندن) ﴿فَكَيْفَ كَانَ عِقَابِ﴾ جا چۆن بوو تۆڵەی من (دەربارەیان). ٣٢)﴿أَفَمَنْ هُوَ قَائِمٌ﴾ دەی ئەو (خوایە)ی چاودێرە ﴿عَلَىٰ كُلِّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ﴾ بەسەر هەموو کەسەوە هەرچی کردەوە (وەک بتانێکە ئاگای لە هیچ نی یە) ﴿وَجَعَلُوا لِلَّهِ شُرَكَاءَ﴾ ئەوانە هاوبەشانێکیان بۆ خوا بڕیار داوە ﴿قُلْ سَمُّوهُمْ﴾ (ئەی موحەممەد(ﷺ)) بڵێ ناوی ئەو (بت و هاوبەشانەم) بۆ بڵێن ﴿أَمْ تُنَبِّئُونَهُ﴾ یان ئێوە هەواڵ دەدەن بەخوا ﴿بِمَا لَا يَعْلَمُ فِي الْأَرْضِ﴾ بەوەی کە(بەخەیاڵی ئێوە) نایزانێ لەزەویدا ﴿أَمْ بِظَاهِرٍ مِّنَ الْقَوْلِ﴾ یان قسەی ڕوت (بێ مانا) دەکەن ﴿بَلْ زُيِّنَ لِلَّذِينَ كَفَرُوا مَكْرُهُمْ﴾ (نەخێر خوا هاوبەشی نی یە) بەڵکو ئەوانەی بێ باوەڕ بوون فێڵ و پیلانی خۆیان بۆ ڕازێنرایەوە ﴿وَصُدُّوا عَنِ السَّبِيلِ﴾ وە بەرگری کران لەڕێگەی ڕاست ﴿وَمَن يُضْلِلِ اللَّهُ﴾ هەر کەسیش خوا گومڕای بکات ﴿فَمَا لَهُ مِنْ هَادٍ﴾ ئەوە هیچ ڕێ نیشاندەرێکی بۆ نی یە. ٣٣) ﴿لَهُمْ عَذَابٌ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا﴾ ئەوانە لە ژیانی دنیادا سزایان بۆ هەیە ﴿وَلَعَذَابُ الْآخِرَةِ أَشَقُّ﴾ وە بەڕاستی سزای ڕۆژی دوایی سەخت ترو گران ترە ﴿وَمَا لَهُم مِّنَ اللَّهِ مِن وَاقٍ﴾ وە بێ گومان هیچ پارێزەرێک نی یە بۆ ئەوان لە (سزای) خوا. ٣٤)

مَّثَلُ الْجَنَّةِ الَّتِي وُعِدَ الْمُتَّقُونَ ۖ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ ۖ
أُكُلُهَا دَائِمٌ وَظِلُّهَا ۚ تِلْكَ عُقْبَى الَّذِينَ اتَّقَوا وَّعُقْبَى
الْكَافِرِينَ النَّارُ ﴿٣٥﴾ وَالَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَفْرَحُونَ
بِمَا أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمِنَ الْأَحْزَابِ مَن يُنكِرُ بَعْضَهُ ۚ قُلْ إِنَّمَا أُمِرْتُ
أَنْ أَعْبُدَ اللَّهَ وَلَا أُشْرِكَ بِهِ ۚ إِلَيْهِ أَدْعُو وَإِلَيْهِ مَآبِ ﴿٣٦﴾
وَكَذَٰلِكَ أَنزَلْنَاهُ حُكْمًا عَرَبِيًّا ۚ وَلَئِنِ اتَّبَعْتَ أَهْوَاءَهُم بَعْدَمَا
جَاءَكَ مِنَ الْعِلْمِ ۙ مَا لَكَ مِنَ اللَّهِ مِن وَلِيٍّ وَلَا وَاقٍ ﴿٣٧﴾ وَلَقَدْ
أَرْسَلْنَا رُسُلًا مِّن قَبْلِكَ وَجَعَلْنَا لَهُمْ أَزْوَاجًا وَذُرِّيَّةً ۚ وَمَا كَانَ
لِرَسُولٍ أَن يَأْتِيَ بِآيَةٍ إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ ۗ لِكُلِّ أَجَلٍ كِتَابٌ ﴿٣٨﴾
يَمْحُو اللَّهُ مَا يَشَاءُ وَيُثْبِتُ ۖ وَعِندَهُ أُمُّ الْكِتَابِ ﴿٣٩﴾
وَإِن مَّا نُرِيَنَّكَ بَعْضَ الَّذِي نَعِدُهُمْ أَوْ نَتَوَفَّيَنَّكَ فَإِنَّمَا عَلَيْكَ
الْبَلَاغُ وَعَلَيْنَا الْحِسَابُ ﴿٤٠﴾ أَوَلَمْ يَرَوْا أَنَّا نَأْتِي الْأَرْضَ نَنقُصُهَا
مِنْ أَطْرَافِهَا ۚ وَاللَّهُ يَحْكُمُ لَا مُعَقِّبَ لِحُكْمِهِ ۚ وَهُوَ سَرِيعُ
الْحِسَابِ ﴿٤١﴾ وَقَدْ مَكَرَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ فَلِلَّهِ الْمَكْرُ جَمِيعًا ۖ
يَعْلَمُ مَا تَكْسِبُ كُلُّ نَفْسٍ ۗ وَسَيَعْلَمُ الْكُفَّارُ لِمَنْ عُقْبَى الدَّارِ ﴿٤٢﴾

جەنەتىنىڭ چۈشەندۈرۈلۈشى جەنەت بەرىكەتلىك بولۇپ، ئۇ يەردىكى مېۋىلەر ۋە سايىلار ھەرگىز تۈگىمەيدۇ. جەنەت ئەھلىنىڭ ئاقىۋىتى بولسا، ئۇلار ئۆزلىرى ئۈچۈن ئاللاھ تەييارلىغان جەنەتكە ئېرىشىدۇ. كاپىرلارنىڭ ئاقىۋىتى بولسا، ئۇلار ئۆزلىرى ئۈچۈن ئاللاھ تەييارلىغان دوزاخقا كىرىدۇ.

ئايەتتىكى (١٢٠) سۈرەتتى (الأنعام) دىن النواس بن سمعان قال: سألت رسول الله (ﷺ) عن الإثم فقال: (الإثم ما حاك في صدرك و كرهت أن يطلع عليه الناس). (رواه مسلم) دېگەن ھەدىسى كېلىپ چىققان.

ئۇ گۈزەل جەنەتكە ۋەدە قىلىنغان پەرھىزكارلار ئۈچۈن ئاستىدىن ئېقىپ تۇرىدىغان دەريالار بار، ئۇنىڭدىكى مېۋىلەر ۋە سايىلار ھەرگىز تۈگىمەيدۇ. ئۇ ئۇلارنىڭ ئاقىۋىتى، كافىرلارنىڭ ئاقىۋىتى بولسا دوزاخ ئوتىدۇر. ﴿٣٥﴾ بىز كىتاب بەرگەنلەر سېنىڭ ئۈستۈڭگە نازىل قىلىنغان نەرسىگە خۇشال بولىدۇ، ئۇلارنىڭ ئىچىدىكى بەزى گۇرۇھلار بۇ كىتابنىڭ بەزى مەزمۇنلىرىنى ئىنكار قىلىدۇ. ئېيتقىنكى، ماڭا پەقەت ئاللاھقا ئىبادەت قىلىشقا ۋە ئۇنىڭغا ھېچنەرسىنى شېرىك كەلتۈرمەسلىككە بۇيرۇلدى، مەن ئۇنىڭغا دۇئا قىلىمەن ۋە ئۇنىڭغا قايتىمەن. ﴿٣٦﴾ شۇنداق قىلىپ بىز ئۇنى ئەرەب تىلىدا ھۆكۈم قىلىنغان قىلىپ نازىل قىلدۇق، ئەگەر سەن ئۆزۈڭگە كەلگەن بىلىمدىن كېيىن ئۇلارنىڭ ھەۋەسلىرىگە ئەگەشكەن بولساڭ، ئاللاھتىن ساڭا ھېچقانداق ياردەمچى ۋە ساقلىغۇچى بولمايدۇ. ﴿٣٧﴾ سەندىن بۇرۇن ئەلۋەتتە پەيغەمبەرلەرنى ئەۋەتتۇق ۋە ئۇلارغا ئايال ۋە پەرزەنتلەرنى بەردۇق، ھېچ پەيغەمبەر ئاللاھنىڭ ئىزنى بولمىغان ھالدا بىرەر مۆجىزە كۆرسىتەلمەيدۇ، ھەر بىر ۋاقىت ئۈچۈن بىر كىتاب بار. ﴿٣٨﴾ ئاللاھ خالىغانلىرىنى ئۆچۈرىدۇ ۋە ساقلايدۇ، ئاسمان-زېمىننىڭ ئانا كىتابى ئۇنىڭ قېشىدا. ﴿٣٩﴾ ئەگەر بىز ئۇلارغا ۋەدە قىلغان ئازابنىڭ بەزىسىنى سېنىڭ ھاياتلىقىڭدا كۆرسەتسەك ياكى سېنى ئۇلارنىڭ ئالدىدا ئالساق، سېنىڭ ۋەزىپەڭ پەقەت يەتكۈزۈش، ھېساب-كىتاب بىزنىڭ ئۈستىمىزدە. ﴿٤٠﴾ ئۇلار بىز يەرنى ئۇلارنىڭ ئەتراپلىرىدىن ئازايتىپ كېلىۋاتقانلىقىمىزنى كۆرمەمدۇ؟ ئاللاھ ھۆكۈم قىلىدۇ، ھۆكۈمىنى ئۆزگەرتكۈچى يوق، ئۇ ھېساب-كىتابنى تېز ئالىدۇ. ﴿٤١﴾ ئۇلاردىن بۇرۇنقىلارمۇ ھىيلە-مىكىر قىلغان، ھىيلە-مىكىرنىڭ ھەممىسى ئاللاھقا مەلۇم، ئۇ ھەر بىر كىشىنىڭ قىلمىشىنى بىلىدۇ، كافىرلار ئاخىرەتنىڭ كىمگە تەۋە ئىكەنلىكىنى تېزلا بىلىدۇ. ﴿٤٢﴾

ئايەتتىكى (١٢١) سۈرەتتى (الأنعام) دە قال (ﷺ): (ما منكم من أحد إلا و قد وكل به قرينه من الجن) قالوا و إياك؟ قال: (و إياي، إلا أن الله أعانني عليه فأسلم فلا يأمرني إلا بخير). (رواه مسلم و أحمد).

﴿مَثَلُ الْجَنَّةِ الَّتِي وُعِدَ الْمُتَّقُونَ﴾ وێنەی ئەو بەهەشتەی کەبەڵێن دراوە بە پارێزکاران ﴿تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ﴾ ڕوبارەکان دەڕۆن بەژێر باغەکانیدا ﴿أُكُلُهَا دَائِمٌ وَظِلُّهَا﴾ میوەو سێبەرەکانی (بەهەشت) هەمیشەیین ﴿تِلْكَ عُقْبَى الَّذِينَ اتَّقَوا﴾ ئەو(بەهەشتە) ئاکامی ئەوانەیە کە خۆیان پاراست (لە دنیادا) ﴿وَعُقْبَى الْكَافِرِينَ النَّارُ﴾ و ئاکامی بێ باوەڕانیش هەر ئاگرە. ٣٥)﴿وَالَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ﴾ ئەوانەش کتێبمان پێ دابوون ﴿يَفْرَحُونَ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْكَ﴾ شاد دەبن بەوەی نێرراوەتە خوارەوە بۆت ﴿وَمِنَ الْأَحْزَابِ مَن﴾ و هەندێ لە گرۆ و تاقمەکان هەن ﴿يُنكِرُ بَعْضَهُ﴾ هەندێ لەو ئینکار دەکەن ﴿قُلْ إِنَّمَا أُمِرْتُ﴾ بڵێ من تەنها فەرمانم بەوە پێ دراوە ﴿أَنْ أَعْبُدَ اللَّهَ﴾ کە خوا بپەرستم ﴿وَلَا أُشْرِكَ بِهِ﴾ و هیچ هاوبەشێکی بۆ دانەنێم ﴿إِلَيْهِ أَدْعُو وَإِلَيْهِ مَآبِ﴾ هەر بۆلای خوا (خەڵکی) بانگ ئەکەم گەڕانەوەشم تەنها بۆلای ئەو(خوایە). ٣٦)﴿وَكَذَٰلِكَ أَنزَلْنَاهُ﴾ بەو شێوە ئەو(قورئانە)مان ناردۆتە خوارەوە(بۆ تۆ)﴿حُكْمًا عَرَبِيًّا﴾ کە فەرمانێکی هەرەبی یە﴿وَلَئِنِ اتَّبَعْتَ أَهْوَاءَهُم﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی ئەگەر تۆ شوێنی ئارەزوانی ئەوانە بکەوی ﴿بَعْدَ مَا جَاءَكَ مِنَ الْعِلْمِ﴾ لەدوای ئەو شارەزاییەی کە هاتووە بۆت ﴿مَا لَكَ مِنَ اللَّهِ مِن وَلِيٍّ وَلَا وَاقٍ﴾ هیچ پارێزەرێکت نابێ لە(سزای) خوا. ٣٧)﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلًا مِّن قَبْلِكَ﴾ سوێند بەخوا بێگومان پێش تۆ پێغەمبەرانێکمان ناردووە ﴿وَجَعَلْنَا لَهُمْ﴾ و پێمان دان ﴿أَزْوَاجًا وَذُرِّيَّةً﴾ هاوسەر و نەوە و وەچە ﴿وَمَا كَانَ لِرَسُولٍ﴾ وە بۆ هیچ پێغەمبەرێک نەبووە ﴿أَن يَأْتِيَ بِآيَةٍ﴾ (پێش تۆ) نیشانەیەک (موعجیزەیەک) بێنێ ﴿إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ﴾ مەگەر بەئیزنی خوا ﴿لِكُلِّ أَجَلٍ كِتَابٌ﴾ بۆ هەموو کارێک وەختێکی تایبەتی هەیە کە نووسراوە. ٣٨)﴿يَمْحُو اللَّهُ مَا يَشَاءُ وَيُثْبِتُ﴾ ئەوەی خوا بیەوێ دەیسڕێتەوەو (ئەوەش بیەوێ) دەیهێڵێتەوە ﴿وَعِندَهُ أُمُّ الْكِتَابِ﴾ سەرچاوەی کتێبەکان لای ئەو (خوایە کە لوح المحفوظ)ە. ٣٩)﴿وَإِن مَّا نُرِيَنَّكَ﴾ جا ئەگەر نیشانت دەین ﴿بَعْضَ الَّذِي﴾ هەندێکی ئەو ﴿نَعِدُهُمْ﴾ هەڕەشەی لێمان کردون ﴿أَوْ نَتَوَفَّيَنَّكَ﴾ یان (پێش ئەوە) بتمرێنین ﴿فَإِنَّمَا عَلَيْكَ الْبَلَاغُ﴾ بێ گومان تۆ هەر ڕاگەیاندنت لەسەرە ﴿وَعَلَيْنَا الْحِسَابُ﴾ و لێپرسینەوەش لەسەر ئێمەیە. ٤٠)﴿أَوَلَمْ يَرَوْا﴾ ئایا (بێباوەڕان) سەرنجیان نەداوە ﴿أَنَّا نَأْتِي الْأَرْضَ نَنقُصُهَا مِنْ أَطْرَافِهَا﴾ کەئێمە زەوی (کافران) کەم دەکەینەوە لە هەموو لایەکانی یەوە ﴿وَاللَّهُ يَحْكُمُ﴾ و خوا (بەویستی خۆی) بڕیار دەدات ﴿لَا مُعَقِّبَ لِحُكْمِهِ﴾ کەس ناتوانێ بڕیاری ئەو (خوا) بگۆڕێ (یا هەڵوەشێنێتەوە) ﴿وَهُوَ سَرِيعُ الْحِسَابِ﴾ و ئەو (خوا) لێپرسینەوەی خێرایە. ٤١)﴿وَقَدْ مَكَرَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ﴾ وە بێ گومان ئەوانەی پێش ئەمانیش فێڵ و پیلانیان گێڕا ﴿فَلِلَّهِ الْمَكْرُ جَمِيعًا﴾ بەڵام هەموو نەخشە و پیلانەکان هی خوایە ﴿يَعْلَمُ مَا تَكْسِبُ كُلُّ نَفْسٍ﴾ (خوا) دەزانێ هەموو کەس چی دەکات ﴿وَسَيَعْلَمُ الْكُفَّارُ﴾ و لەمەو دواش بێ باوەڕان دەزانن ﴿لِمَنْ عُقْبَى الدَّارِ﴾ سەرئەنجامی (هەر دوو جیهان) بۆ کێ دەبێت. ٤٢)

وَيَقُولُ الَّذِينَ كَفَرُوا لَسْتَ مُرْسَلًا ۚ قُلْ كَفَىٰ بِاللَّهِ
شَهِيدًا بَيْنِي وَبَيْنَكُمْ وَمَنْ عِندَهُ عِلْمُ الْكِتَابِ ﴿٤٣﴾

سورة إبراهيم

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

الر ۚ كِتَابٌ أَنزَلْنَاهُ إِلَيْكَ لِتُخْرِجَ النَّاسَ مِنَ الظُّلُمَاتِ
إِلَى النُّورِ بِإِذْنِ رَبِّهِمْ إِلَىٰ صِرَاطِ الْعَزِيزِ الْحَمِيدِ ﴿١﴾
اللَّهِ الَّذِي لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ ۗ وَوَيْلٌ
لِّلْكَافِرِينَ مِنْ عَذَابٍ شَدِيدٍ ﴿٢﴾ الَّذِينَ يَسْتَحِبُّونَ
الْحَيَاةَ الدُّنْيَا عَلَى الْآخِرَةِ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ
وَيَبْغُونَهَا عِوَجًا ۚ أُولَٰئِكَ فِي ضَلَالٍ بَعِيدٍ ﴿٣﴾ وَمَا أَرْسَلْنَا
مِن رَّسُولٍ إِلَّا بِلِسَانِ قَوْمِهِ لِيُبَيِّنَ لَهُمْ ۖ فَيُضِلُّ اللَّهُ
مَن يَشَاءُ وَيَهْدِي مَن يَشَاءُ ۚ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ
﴿٤﴾ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مُوسَىٰ بِآيَاتِنَا أَنْ أَخْرِجْ
قَوْمَكَ مِنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ وَذَكِّرْهُمْ بِأَيَّامِ
اللَّهِ ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّكُلِّ صَبَّارٍ شَكُورٍ ﴿٥﴾

سەیدانەسیری خوا (ﷻ) فەرمووبەتی: (مرۆ باوەڕ ناکەن کە تۆیە بۆ پەیامبەر هاوڕێیەکی کە شەیتان بەسەریدەوە دانەنیشتووە) وەڵامیان بدەرەوە ئایا ئەمە تۆ دەڵێی؟ فەرمووی: (بەڵێ) مەبەش بەڵام بێگومان خوای گەورە بارمەتی هەم لەبەرانبەری هەر موسڵمان چوونە جاوێڕە فریشتەم پێناکات بەچاکە نەبێت).

لەبەشتی (١٢٩) سورەتی (الأنعام)دا قال رسول الله (ﷺ): (إن الله اصطفى من ولد إبراهيم إسماعيل واصطفى من بني إسماعيل بني كنانة واصطفى من بني كنانة قريشاً واصطفى من قريش بني هاشم واصطفاني من بني هاشم) (رواه مسلم). پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووبەتی: (بەڕاستی خوا لە نێو کۆمەڵی ئیبراهیمدا ئیسماعیلی هەڵبژاردوە، پاشان لە نێو ئیسماعیل نەوەی کینانەی هەڵبژاردوە، پاشان لە نێو کینانە قورەیشی هەڵبژاردوە، پاشان لە نێو قورەیش نەوەی هاشمی هەڵبژاردوە و لەنێو نەوەی هاشم منی هەڵبژاردوە).

لەبەشتی (١٢٩) سورەتی (الأنعام) : قال رسول الله (ﷺ) على كل سلامى صدقة. قال أرأيت إن لم يجد؟ -

﴿وَيَقُولُ الَّذِينَ كَفَرُوا﴾ وە ئەوانەی بێ باوەڕ بوون پێت دەڵێن ﴿لَسْتَ مُرْسَلًا﴾ تۆ ڕەوانەکراو (وپێغەمبەری خوا) نیت ﴿قُلْ كَفَىٰ بِاللَّهِ﴾ تۆش (ئەی موحەممەد(ﷺ) پێیان) بڵێ خوا بەسە ﴿شَهِيدًا بَيْنِي وَبَيْنَكُمْ﴾ شایەت بێت لەنێوان من و ئێوەدا ﴿وَمَنْ عِنْدَهُ عِلْمُ الْكِتَابِ﴾ هەروەها ئەو کەسەش کەشارەزایی کتێبی (ئاسمانی) لایە. ٤٣)

سورەتی ﴿ إبراهيم ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان ﴿الر﴾ بە(ئەلیف لام را) دەخوێنرێتەوە خوا زاناترە بە ماناکەی، بۆزانیاری زیاتر سەیری سەرەتای سورەتی (البقرة) بکە ﴿كِتَابٌ أَنْزَلْنَاهُ إِلَيْكَ﴾ ئەمە پەڕاوێکە ناردومانەتە خوارەوە بۆ تۆ (ئەی موحەممەد(ﷺ)) ﴿لِتُخْرِجَ النَّاسَ﴾ بۆ ئەوەی خەڵکی ڕزگار بکەیت ﴿مِنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ﴾ لەتاریکی یەکانەوە بۆ ڕووناکی ﴿بِإِذْنِ رَبِّهِمْ﴾ بەئیزنی پەروەردگاریان ﴿إِلَى الْعَزِيزِ صِرَاطِ الْحَمِيدِ﴾ (ڕێنموونیان بکەیت) بۆ ڕێگای (خوای) بەدەسەڵات و زاڵی سوپاس کراو. ١)﴿اللَّهِ الَّذِي﴾ ئەو خوایەی ﴿لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ﴾ کە هەرچی لەئاسمانەکان و زەویدایە هی ئەوە ﴿وَوَيْلٌ لِلْكَافِرِينَ﴾ و هاوار و وای بۆ بێ باوەڕان ﴿مِنْ عَذَابٍ شَدِيدٍ﴾ لە سزایەکی سەخت. ٢)﴿الَّذِينَ يَسْتَحِبُّونَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا عَلَى الْآخِرَةِ﴾ ئەوانەی کە ژیانی دنیایان لا خۆشترە لە ژیانی ڕۆژی دوایی ﴿وَيَصُدُّونَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ﴾ و بەرگری (خەڵکی) دەکەن لەڕێگای خوا ﴿وَيَبْغُونَهَا عِوَجًا﴾ دەیانەوێت ئەو (ڕێگای خوا) لارو چەوت نیشان دەن ﴿أُولَٰئِكَ فِي ضَلَالٍ بَعِيدٍ﴾ ئەوانە لەگومڕاییەکی دوور(لە ڕاستی)دان. ٣) ﴿وَمَا أَرْسَلْنَا مِنْ رَسُولٍ﴾ وە هیچ پێغەمبەرێکمان ڕەوانە نەکردووە ﴿إِلَّا بِلِسَانِ قَوْمِهِ﴾ بەزمانی گەلەکەی خۆی نەبێت ﴿لِيُبَيِّنَ لَهُمْ﴾ بۆ ئەوەی (ئایینەکەیان) بۆ ڕوون بکاتەوە ﴿فَيُضِلُّ اللَّهُ مَنْ يَشَاءُ﴾ ئەوسا خوا هەرکەسی ویستبێ گومڕای کردووە ﴿وَيَهْدِي مَنْ يَشَاءُ﴾ هەرکەسێکیشی ویستبێ ڕێنموونی کردووە ﴿وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ﴾ هەر ئەویش زاڵی کاردروستە. ٤) ﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مُوسَىٰ﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی مووسامان نارد ﴿بِآيَاتِنَا﴾ بەموعجیزەکانمانەوە ﴿أَنْ أَخْرِجْ قَوْمَكَ﴾ (فەرمانمان پێ دا) کەگەلەکەت ڕزگار بکە ﴿مِنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ﴾ لەتاریکیەکانەوە بۆ ڕووناکی ﴿وَذَكِّرْهُمْ بِأَيَّامِ اللَّهِ﴾ و ئامۆژگاریان بکە بە (ڕوداوەکان لە) ڕۆژەکانی خوادا (یا بەهرەکانی خوایان بیر بخەرەوە) ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ﴾ بەڕاستی لەو (بیرخستنەوە)دا پەند و بەڵگەی زۆر هەیە ﴿لِكُلِّ صَبَّارٍ شَكُورٍ﴾ بۆ هەموو خۆڕاگرێکی سوپاس گوزار. ٥)

وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِ ٱذْكُرُوا۟ نِعْمَةَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ
إِذْ أَنجَىٰكُم مِّنْ ءَالِ فِرْعَوْنَ يَسُومُونَكُمْ سُوٓءَ ٱلْعَذَابِ
وَيُذَبِّحُونَ أَبْنَآءَكُمْ وَيَسْتَحْيُونَ نِسَآءَكُمْ ۚ وَفِى
ذَٰلِكُم بَلَآءٌ مِّن رَّبِّكُمْ عَظِيمٌ ﴿٦﴾ وَإِذْ تَأَذَّنَ
رَبُّكُمْ لَئِن شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ ۖ وَلَئِن كَفَرْتُمْ إِنَّ
عَذَابِى لَشَدِيدٌ ﴿٧﴾ وَقَالَ مُوسَىٰٓ إِن تَكْفُرُوٓا۟ أَنتُمْ وَمَن فِى ٱلْأَرْضِ
جَمِيعًا فَإِنَّ ٱللَّهَ لَغَنِىٌّ حَمِيدٌ ﴿٨﴾ أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَبَؤُا۟ ٱلَّذِينَ
مِن قَبْلِكُمْ قَوْمِ نُوحٍ وَعَادٍ وَثَمُودَ ۛ وَٱلَّذِينَ مِنۢ
بَعْدِهِمْ ۛ لَا يَعْلَمُهُمْ إِلَّا ٱللَّهُ جَآءَتْهُمْ رُسُلُهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ
فَرَدُّوٓا۟ أَيْدِيَهُمْ فِىٓ أَفْوَٰهِهِمْ وَقَالُوٓا۟ إِنَّا كَفَرْنَا بِمَآ أُرْسِلْتُم
بِهِۦ وَإِنَّا لَفِى شَكٍّ مِّمَّا تَدْعُونَنَآ إِلَيْهِ مُرِيبٍ ﴿٩﴾ ۞ قَالَتْ
رُسُلُهُمْ أَفِى ٱللَّهِ شَكٌّ فَاطِرِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۖ يَدْعُوكُمْ
لِيَغْفِرَ لَكُم مِّن ذُنُوبِكُمْ وَيُؤَخِّرَكُمْ إِلَىٰٓ أَجَلٍ
مُّسَمًّى ۚ قَالُوٓا۟ إِنْ أَنتُمْ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُنَا تُرِيدُونَ أَن تَصُدُّونَا
عَمَّا كَانَ يَعْبُدُ ءَابَآؤُنَا فَأْتُونَا بِسُلْطَٰنٍ مُّبِينٍ ﴿١٠﴾

- قال يعمل بيديه فينتفع نفسه ويتصدق، قال فإن لم يستطع؟ قال: يعين ذا الحاجة الملهوف، قال أرأيت إن لم يستطع؟ قال: يأمر بالمعروف أو الخير، قال أرأيت إن لم يفعل؟ قال: يمسك عن الشر فإنها صدقة) (متفق عليه). پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (لەسەر هەموو موسوڵمانێکە خێرێك بکات ووتی: ئەی ئەگەر نەیبوو خێر بکات؟ فەرمووی: با بەدەستی کارێك بکات و سوودی هەبێت بۆ خۆی و خێریشی لێ بکات، ووتی: ئەی ئەگەر نەیتوانی؟ فەرمووی: با یارمەتی کەسێکی هەژار بدات کە هانای بۆ هێناوە و داوای یارمەتی دەکات، ووتی: ئەی ئەگەر نە یتوانی؟ فەرمووی: با فەرمان بکات بەچاکە و خێر کردن، ووتی ئەی ئەگەر نەی کرد؟ فەرمووی: باواز لە خراپە کردن بهێنێت ئەوە خێرو چاکەیە).

ئایەتی (١٤٦) سورەتی (الأنعام): قال رسول الله (ﷺ): (لعن الله اليهود حرمت عليهم الشحوم-

﴿وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِ﴾ (بیریان بخەرەوە) کاتێ مووسا بەگەلەکەی ووت ﴿اذْكُرُوا عَبْدَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ﴾ بیری بەهرەوچاکەی خوا بکەنەوە بەسەرتانەوە ﴿إِذْ أَنجَاكُم﴾ کاتێ کەڕزگاری کردن ﴿مِّنْ آلِ فِرْعَوْنَ﴾ لە دارو دەستەکەی فیرعەون ﴿يَسُومُونَكُمْ سُوءَ الْعَذَابِ﴾ کەسزای خراپیان پێ دەچەشتن (بەهەمیشەیی) ﴿وَيُذَبِّحُونَ أَبْنَاءَكُمْ﴾ و کوڕانی ئێوەیان سەردەبڕی ﴿وَيَسْتَحْيُونَ نِسَاءَكُمْ﴾ و ئافرەتانی ئێوەیان بەزیندوویی دەهێشتەوە (بۆ خزمەت کاری) ﴿وَفِي ذَٰلِكُم بَلَاءٌ مِّن رَّبِّكُمْ عَظِيمٌ﴾ لەوەتاندا تاقی کردنەوەیەکی گەورە بوو لەلایەن پەروەردگارتانەوە. ٦)﴿وَإِذْ تَأَذَّنَ رَبُّكُمْ﴾ (بیریان بخەرەوە) کاتێ کە پەروەردگارتان ڕای گەیاند ﴿لَئِن شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ﴾ سوێندبێ بێگومان ئەگەر ئێوە سوپاسی (چاکەی) من بکەن بۆتان زیاد دەکەم ﴿وَلَئِن كَفَرْتُمْ إِنَّ عَذَابِي لَشَدِيدٌ﴾ بەڵام بێگومان ئەگەر نا سوپاسی بکەن ئەوە بەڕاستی سزای من زۆریەتینە. ٧)﴿وَقَالَ مُوسَىٰ﴾ مووسا فەرمووی ﴿إِن تَكْفُرُوا أَنتُمْ﴾ ئەگەر ئێوە ناسوپاسی (بەهرەکانی خوا) بکەن ﴿وَمَن فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا﴾ و هەموو ئەو کەسانەش لەزەویدان ﴿فَإِنَّ اللَّهَ لَغَنِيٌّ حَمِيدٌ﴾ ئەو بەڕاستی خوا بێ نیازی سوپاس کراوە. ٨)﴿أَلَمْ يَأْتِكُمْ﴾ ئایا بۆتان نەهاتووە ﴿نَبَأُ الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ﴾ هەواڵی ئەو گەلانەی کە لەپێش ئێوەدا بوون ﴿قَوْمِ نُوحٍ وَعَادٍ وَثَمُودَ﴾ گەلی نووح و عاد و سەموود ﴿وَالَّذِينَ مِن بَعْدِهِمْ﴾ هەروەها ئەوانەی کە لەپاش ئەوان بوون و هاتن ﴿لَا يَعْلَمُهُمْ إِلَّا اللَّهُ﴾ بێجگە لەخوا هیچ کەس نایانزانێ ﴿جَاءَتْهُمْ رُسُلُهُم بِالْبَيِّنَاتِ﴾ پێغەمبەرەکانیان بۆهات بە موعجیزە وبەڵگەی ئاشکراوە ﴿فَرَدُّوا أَيْدِيَهُمْ فِي أَفْوَاهِهِمْ﴾ ئینجا ئەوان دەست و پەنجەی خۆیان گەست لە رق و قین دا ﴿وَقَالُوا إِنَّا كَفَرْنَا﴾ و ووتیان بەڕاستی ئێمە بێ بڕواین ﴿بِمَا أُرْسِلْتُم بِهِ﴾ بەو(پەیامە)ی کە بەئێوەدا نێردراوە ﴿وَإِنَّا لَفِي شَكٍّ﴾ وە بەڕاستی ئێمە لەگوماندایین ﴿مِّمَّا تَدْعُونَنَا إِلَيْهِ مُرِيبٍ﴾ لەوەی ئێوە بانگمان دەکەن بۆلای و دوو دڵین. ٩)﴿قَالَتْ رُسُلُهُمْ﴾ پێغەمبەرەکانیان ووتیان (پێیان) ﴿أَفِي اللَّهِ شَكٌّ﴾ ئایا لەخوادا گومان هەیە ﴿فَاطِرِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾ کە بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوییە ﴿يَدْعُوكُمْ﴾ بانگتان دەکات ﴿لِيَغْفِرَ لَكُم مِّن ذُنُوبِكُمْ﴾ بۆ ئەوەی لەگوناهەکانتان خۆش بێت ﴿وَيُؤَخِّرَكُمْ﴾ و دواتان بخات ﴿إِلَىٰ أَجَلٍ مُّسَمًّى﴾ بۆ کاتێکی دیاری کراو ﴿قَالُوا إِنْ أَنتُمْ﴾ ووتیان ئێوەش ﴿إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُنَا﴾ هەر ئادەمیەکی وەک ئێمەن ﴿تُرِيدُونَ أَن تَصُدُّونَا﴾ دەتانەوێ بەرگری ئێمە بکەن و لامان دەن ﴿عَمَّا كَانَ يَعْبُدُ آبَاؤُنَا﴾ لە(پەرستنی) ئەوەی کە باوو باپیرانمان دەیان پەرست ﴿فَأْتُونَا بِسُلْطَانٍ مُّبِينٍ﴾ دەی نیشانە و بەڵگەیەکی ڕوونمان بۆ بێنن (ئەگەر ڕاست دەکەن پێغەمبەرن). ١٠)

قَالَتْ لَهُمْ رُسُلُهُمْ إِن نَّحْنُ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ
يَمُنُّ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ ۖ وَمَا كَانَ لَنَآ أَن نَّأْتِيَكُم
بِسُلْطَٰنٍ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُؤْمِنُونَ
﴿١١﴾ وَمَا لَنَآ أَلَّا نَتَوَكَّلَ عَلَى ٱللَّهِ وَقَدْ هَدَىٰنَا سُبُلَنَا ۚ
وَلَنَصْبِرَنَّ عَلَىٰ مَآ ءَاذَيْتُمُونَا ۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُتَوَكِّلُونَ
﴿١٢﴾ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لِرُسُلِهِمْ لَنُخْرِجَنَّكُم مِّنْ
أَرْضِنَآ أَوْ لَتَعُودُنَّ فِى مِلَّتِنَا ۖ فَأَوْحَىٰٓ إِلَيْهِمْ رَبُّهُمْ لَنُهْلِكَنَّ
ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٣﴾ وَلَنُسْكِنَنَّكُمُ ٱلْأَرْضَ مِنۢ بَعْدِهِمْ ۚ
ذَٰلِكَ لِمَنْ خَافَ مَقَامِى وَخَافَ وَعِيدِ ﴿١٤﴾ وَٱسْتَفْتَحُوا۟
وَخَابَ كُلُّ جَبَّارٍ عَنِيدٍ ﴿١٥﴾ مِّن وَرَآئِهِۦ جَهَنَّمُ وَيُسْقَىٰ
مِن مَّآءٍ صَدِيدٍ ﴿١٦﴾ يَتَجَرَّعُهُۥ وَلَا يَكَادُ يُسِيغُهُۥ
وَيَأْتِيهِ ٱلْمَوْتُ مِن كُلِّ مَكَانٍ وَمَا هُوَ بِمَيِّتٍ ۖ وَمِن
وَرَآئِهِۦ عَذَابٌ غَلِيظٌ ﴿١٧﴾ مَّثَلُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِرَبِّهِمْ
أَعْمَٰلُهُمْ كَرَمَادٍ ٱشْتَدَّتْ بِهِ ٱلرِّيحُ فِى يَوْمٍ عَاصِفٍ ۖ لَّا يَقْدِرُونَ
مِمَّا كَسَبُوا۟ عَلَىٰ شَىْءٍ ۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلضَّلَٰلُ ٱلْبَعِيدُ ﴿١٨﴾

فباعوها و أكلوا أثمانها و أن الله إذا حرم على قوم أكل شيء حرم عليهم ثمنه)(رواه أحمد).

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (خوا تەفرینی کرد لەجوولەکە، چەوری و دوو گیان لێ حەرام کرا کەچی ئەوان فرۆشتیان و نرخەکەیان خوارد جا بێگومان خوا کاتێ خواردنی شتێکی لەسەر گەل و کۆمەڵێک حەرام کرد نرخەکەشی حەرام دەکات لێیان).

ئایەتی (١٥١)

سورەتی (الأنعام): قال رسول الله (ﷺ): (أتاني جبريل فبشرني أنه من مات لا يشرك بالله شيئاً من أمتك دخل **الجنة قلت** و إن زنى وإن سرق؟ قال و إن زنى وإن سرق، قلت و إن زنى و إن سرق؟ قال و إن زنى و إن سرق، قلت و إن زنى و إن سرق؟ قال و إن زنى و إن سرق و إن شرب الخمر)(رواه البخاري ومسلم).

پێغەمبەری **خوا** (ﷺ) فەرمووی: (جبریل هات بۆ لام و مژدەی پێ دام کە بێگومان ئەو کەسەی بمرێ لە-

﴿قَالَتْ لَهُمْ رُسُلُهُمْ﴾ پێغەمبەرەکانیان پێیان ووتن ﴿إِن نَّحْنُ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ﴾ ئێمە هەر ئادەمیەکین وەکو ئێوە ﴿وَلَٰكِنَّ اللَّهَ﴾ بەڵام خوا ﴿يَمُنُّ عَلَىٰ مَن يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ﴾ منەت دەنێ بەسەر هەرکام لەبەندەکانی دا کەبیەوێ(دەیکاتە پێغەمبەر) ﴿وَمَا كَانَ لَنَا﴾ وە ئێمە هەرگیز ناتوانین ﴿أَن نَّأْتِيَكُم بِسُلْطَانٍ﴾ موعجیزە و بەڵگەیەکتان بۆ بێنین ﴿إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ﴾ مەگەر بەئیزنی خوا ﴿وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ﴾ وە بابڕواداران پشت هەر بەخوا بیەستن. ١١)﴿وَمَا لَنَا أَلَّا نَتَوَكَّلَ عَلَى اللَّهِ﴾ وە ئایا بۆچی پشت بەخوا نەبەستین ﴿وَقَدْ هَدَانَا سُبُلَنَا﴾ کە بێگومان ئەو (زاتە) ڕێگای ڕاستی نیشان داوین؟ ﴿وَلَنَصْبِرَنَّ﴾ وە بەڕاستی دان بەخۆماندا دەگرین ﴿عَلَىٰ مَا آذَيْتُمُونَا﴾ هەر ئازارێکمان بدەن ﴿وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُتَوَكِّلُونَ﴾ دەبا خۆسپێران پشت هەر بەخوا بیەستن. ١٢)﴿وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا﴾ بێ بڕواکان ووتیان ﴿لِرُسُلِهِمْ﴾ بەپێغەمبەرەکانیان ﴿لَنُخْرِجَنَّكُم مِّنْ أَرْضِنَا﴾ بەڕاستی لەخاک و وڵاتەکەمان دەرتان دەکەین ﴿أَوْ لَتَعُودُنَّ فِي مِلَّتِنَا﴾ یان بەڕاستی دەبێ بگەڕێنەوە ناو ئاینەکەی ئێمە ﴿فَأَوْحَىٰ إِلَيْهِمْ رَبُّهُمْ﴾ جا پەروەردگاریان نیگای بۆ (پێغەمبەران) کرد ﴿لَنُهْلِكَنَّ الظَّالِمِينَ﴾ کە بێگومان ستەمکاران لەناو دەبەین. ١٣) ﴿وَلَنُسْكِنَنَّكُمُ﴾ و بێگومان ئێوە نیشتەجێ دەکەین ﴿الْأَرْضَ مِن بَعْدِهِمْ﴾ لەو خاکەدا پاش (تیاچوونی) ئەوان ﴿ذَٰلِكَ لِمَنْ خَافَ مَقَامِي﴾ ئەوەش بۆ کەسانێکە لەوەستانی بەردەم من دەترسن (لەقیامەتدا) ﴿وَخَافَ وَعِيدِ﴾ وە(پێشتر) ترسایێ لەهەڕەشە(ی من). ١٤) ﴿وَاسْتَفْتَحُوا﴾ وە (پێغەمەران) داوای سەرکەوتن و زاڵ بونیان کرد (لەخوا) ﴿وَخَابَ كُلُّ جَبَّارٍ عَنِيدٍ﴾ و هەموو ملهوڕو یاخییەک بێ هیوا بوون. ١٥)﴿بَيْنَ يَدَيْهِ جَهَنَّمُ﴾ لەدوا (تیاچوونی جێگای) ئەو دۆزەخە ﴿وَيُسْقَىٰ مِن مَّاءٍ صَدِيدٍ﴾ و لە کێم و زووخاو ئاو دەدرێت. ١٦)﴿يَتَجَرَّعُهُ﴾ کە قوم قوم (زۆر بە قیزەوە) دەیخواتەوە ﴿وَلَا يَكَادُ يُسِيغُهُ﴾ بەڵام ناتوانێ قوتی بدات ﴿وَيَأْتِيهِ الْمَوْتُ﴾ و مردنی بۆ دێت ﴿مِن كُلِّ مَكَانٍ﴾ لەهەموو لایەکەوە ﴿وَمَا هُوَ بِمَيِّتٍ﴾ و کەچی ناشمرێ ﴿وَمِن وَرَائِهِ﴾ و لەدوا ئەوەش ﴿عَذَابٌ غَلِيظٌ﴾ سزای سەخت (دەدرێ). ١٧)﴿مَّثَلُ الَّذِينَ كَفَرُوا بِرَبِّهِمْ﴾ ئەوانەی بێ بڕوابوون بەپەروەردگاریان نموونەی ﴿أَعْمَالُهُمْ كَرَمَادٍ﴾ کردەوەکانیان وەک خۆڵەمێشێک وایە ﴿اشْتَدَّتْ بِهِ الرِّيحُ﴾ بەتوندی با لێی هەڵکردبێت ﴿فِي يَوْمٍ عَاصِفٍ﴾ لە ڕۆژێکی ڕەشەبای سەختدا ﴿لَّا يَقْدِرُونَ مِمَّا كَسَبُوا عَلَىٰ شَيْءٍ﴾ ئەوان هیچیان دەست ناکەوێت لەوەی کەلە دنیادا کردویانە ﴿ذَٰلِكَ هُوَ الضَّلَالُ الْبَعِيدُ﴾ ئا ئەوەیە گومڕابوونی دوور لە ڕاستی. ١٨)

أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بِٱلْحَقِّ إِن يَشَأْ
يُذْهِبْكُمْ وَيَأْتِ بِخَلْقٍ جَدِيدٍ ﴿١٩﴾ وَمَا ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ بِعَزِيزٍ
﴿٢٠﴾ وَبَرَزُوا۟ لِلَّهِ جَمِيعًا فَقَالَ ٱلضُّعَفَٰٓؤُا۟ لِلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُوٓا۟
إِنَّا كُنَّا لَكُمْ تَبَعًا فَهَلْ أَنتُم مُّغْنُونَ عَنَّا مِنْ عَذَابِ ٱللَّهِ
مِن شَىْءٍ ۚ قَالُوا۟ لَوْ هَدَىٰنَا ٱللَّهُ لَهَدَيْنَٰكُمْ ۖ سَوَآءٌ عَلَيْنَآ
أَجَزِعْنَآ أَمْ صَبَرْنَا مَا لَنَا مِن مَّحِيصٍ ﴿٢١﴾ وَقَالَ ٱلشَّيْطَٰنُ
لَمَّا قُضِىَ ٱلْأَمْرُ إِنَّ ٱللَّهَ وَعَدَكُمْ وَعْدَ ٱلْحَقِّ وَوَعَدتُّكُمْ
فَأَخْلَفْتُكُمْ ۖ وَمَا كَانَ لِىَ عَلَيْكُم مِّن سُلْطَٰنٍ إِلَّآ أَن دَعَوْتُكُمْ
فَٱسْتَجَبْتُمْ لِى ۖ فَلَا تَلُومُونِى وَلُومُوٓا۟ أَنفُسَكُم ۖ مَّآ أَنَا
بِمُصْرِخِكُمْ وَمَآ أَنتُم بِمُصْرِخِىَّ ۖ إِنِّى كَفَرْتُ بِمَآ
أَشْرَكْتُمُونِ مِن قَبْلُ ۗ إِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ
﴿٢٢﴾ وَأُدْخِلَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ جَنَّٰتٍ
تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا بِإِذْنِ رَبِّهِمْ ۖ تَحِيَّتُهُمْ
فِيهَا سَلَٰمٌ ﴿٢٣﴾ أَلَمْ تَرَ كَيْفَ ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا كَلِمَةً طَيِّبَةً
كَشَجَرَةٍ طَيِّبَةٍ أَصْلُهَا ثَابِتٌ وَفَرْعُهَا فِى ٱلسَّمَآءِ ﴿٢٤﴾

خۆمەتەگەت و
عیبەتی نەکردبێتە
مایەی دڵ خۆش
کەرە بەهەشتە
پەیدابێنەرە؟ ووتم:
ئەگەر زینا و دزیش
بکات؟ فەرمووی:
ئەگەر زینا و دزیش
بکات. ووتم: ئەگەر
زینا و دزیش
بکات؟ فەرمووی:
ئەگەر زینا و دزیش
بکات. ووتم: ئەگەر
زینا و دزیش
بکات؟ فەرمووی:
ئەگەر زینا و دزیش
بکات و هاوەڵیش
بێتەوە).

ئایەتی (١٣٢)
سورەتی (الأنعام)
عن ابن مسعود
(رضي الله عنه) قال: خط
رسول الله (ﷺ) خطاً بيده ثم قال (هذا سبيل الله مستقيماً) وخط عن يمينه و شماله ثم قال (هذه السبل
ليس منها سبيل إلا عليه شيطان يدعو إليه) ثم قرأ ﴿وإن هذا صراطي مستقيماً فاتبعوه و لا تتبعوا السبل
فتفرق بكم عن سبيله﴾ (رواه أحمد والحاكم). ئیبن و مەسعودەن(رەزای خوایان لێ بێ) دەڵێ:
پێغەمبەر(ﷺ) هێڵێکی بەدەستی کێشاو پاشان فەرمووی: (ئەمە ڕێگای خوایە ڕاستە و ڕوونەکە) وە لە-

﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ﴾ ئایا نەتان زانیوە کە بێگومان خوا ﴿خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِالْحَقِّ﴾ ئاسمانەکان و زەوی لەسەر ڕاستی دروست کردوە ﴿إِن يَشَأْ يُذْهِبْكُمْ﴾ ئەگەر بیەوێ ئێوە لا دەبات و ناتان هێڵێ ﴿وَيَأْتِ بِخَلْقٍ جَدِيدٍ﴾ وە دروست کراوی تازە دەهێنێ (لە جێ ی ئێوە). ١٩)﴿وَمَا ذَٰلِكَ عَلَى اللَّهِ بِعَزِيزٍ﴾ ئەوەش بۆ خوا گران و زەحمەت نی یە. ٢٠)﴿وَبَرَزُوا لِلَّهِ جَمِيعًا﴾ و هەموویان (لە گۆڕەکانیان دێنە دەرەوە) بۆ خوا دەردەکەون و ئاشکرا ئەبن ﴿فَقَالَ الضُّعَفَاءُ﴾ ئینجا بێ دەسەڵاتەکان دەڵێن ﴿لِلَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا﴾ بە زۆر دارو خۆ بەزل زانەکان ﴿إِنَّا كُنَّا﴾ بەڕاستی ئێمە لە دنیادا ﴿لَكُمْ تَبَعًا﴾ شوێن کەوتووی ئێوە بووین ﴿فَهَلْ أَنتُم﴾ ئاخۆ ئێوە ﴿تُغْنُونَ عَنَّا﴾ بەرگری دەکەن لە ئێمە ﴿مِنْ عَذَابِ اللَّهِ مِن شَيْءٍ﴾ هەندێک لە سزای خوا ﴿قَالُوا﴾ (ئەوانیش) دەڵێن ﴿لَوْ هَدَانَا اللَّهُ لَهَدَيْنَاكُمْ﴾ ئەگەر خوا ئێمەی ڕێنموونی بکردایە ئێمەش ئێوەمان ڕێنموونی دەکرد ﴿سَوَاءٌ عَلَيْنَا﴾ یەکسانە بۆمان ﴿أَجَزِعْنَا أَمْ صَبَرْنَا﴾ هاوار و ناڵە بکەین یان ئارام بگرین ﴿مَا لَنَا مِن مَّحِيصٍ﴾ ڕزگار بوونمان نی یە (لە سزای خوا). ٢١)﴿وَقَالَ الشَّيْطَانُ﴾ جا شەیتان دەڵێ ﴿لَمَّا قُضِيَ الْأَمْرُ﴾ کاتێ کە کار تەواو دەبێ ﴿إِنَّ اللَّهَ وَعَدَكُمْ﴾ بێ گومان خوا بەڵێنی پێدان ﴿وَعْدَ الْحَقِّ﴾ بە بەڵێنێکی هەق و ڕاست ﴿وَوَعَدتُّكُمْ فَأَخْلَفْتُكُمْ﴾ و منیش بەڵێنم پێدان بەڵام درۆم کرد لەگەڵتان ﴿وَمَا كَانَ لِيَ عَلَيْكُم﴾ وەمن نەم بوو بەسەرتاندا ﴿مِّن سُلْطَانٍ﴾ هیچ زۆر و دەسەڵاتێک ﴿إِلَّا أَن دَعَوْتُكُمْ﴾ تەنها ئەوە نەبێ کە بانگم کردن (بۆ گومڕایی) ﴿فَاسْتَجَبْتُمْ لِي﴾ ئیتر ئێوەش بەدەنگمەوە هاتن (و بەگوێتان کردم) ﴿فَلَا تَلُومُونِي﴾ کەواتە لۆمەی من مەکەن ﴿وَلُومُوا أَنفُسَكُم﴾ بەڵکو لۆمەی خۆتان بکەن ﴿مَّا أَنَا بِمُصْرِخِكُمْ﴾ بەڕاستی من ناتوانم بێم بە هاواری ئێوەوە ﴿وَمَا أَنتُم بِمُصْرِخِيَّ﴾ و ئێوەش ناتوانن بێن بەهاواری منەوە ﴿إِنِّي كَفَرْتُ﴾ بەڕاستی من بڕوام نەبوو ﴿بِمَا أَشْرَكْتُمُونِ مِن قَبْلُ﴾ بەوەی کە پێشتر (لە دنیادا) منتان کرد بوو بە هاوبەش بۆ خوا ﴿إِنَّ الظَّالِمِينَ﴾ بەڕاستی ستەم کاران ﴿لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ سزای سەختیان دەبێت. ٢٢)﴿وَأُدْخِلَ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ﴾ وە ئەوانەی باوەڕیان هێناوەو کردەوە چاکەکانیان کردووە دەخرێنە ﴿جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ﴾ ناو بەهەشتانێک کە ڕوبارەکان دێن و دەچن بە ژێریاندا ﴿خَالِدِينَ فِيهَا بِإِذْنِ رَبِّهِمْ﴾ بە هەمیشە تیایدا دەبن بە ئیزنی پەروەردگاریان ﴿تَحِيَّتُهُمْ فِيهَا سَلَامٌ﴾ بەخێرهاتنیان لەو (بەهەشتە)دا بەووتەی سەلامە. ٢٣) ﴿أَلَمْ تَرَ﴾ ئایا نەت زانیوە؟ ﴿كَيْفَ ضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا﴾ خوا چۆن نموونەی هێناوەتەوە ﴿كَلِمَةً طَيِّبَةً كَشَجَرَةٍ طَيِّبَةٍ﴾ کە ووتەی چاک و ڕاست (لا إله إلا الله) وەک درەختێکی چاک و بەسوود وایە ﴿أَصْلُهَا ثَابِتٌ﴾ ڕەگی قایم (لە زەویدا)دا کۆتایی ﴿وَفَرْعُهَا فِي السَّمَاءِ﴾ و لق و پۆپەکانیشی (بەرز بووبێتەوە) بە ئاسماندا. ٢٤)

تُؤْتِيٓ أُكُلَهَا كُلَّ حِينٍۭ بِإِذْنِ رَبِّهَا ۗ وَيَضْرِبُ ٱللَّهُ ٱلْأَمْثَٰلَ
لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ ﴿٢٥﴾ وَمَثَلُ كَلِمَةٍ خَبِيثَةٍ
كَشَجَرَةٍ خَبِيثَةٍ ٱجْتُثَّتْ مِن فَوْقِ ٱلْأَرْضِ مَا لَهَا مِن قَرَارٍ
﴿٢٦﴾ يُثَبِّتُ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ بِٱلْقَوْلِ ٱلثَّابِتِ فِى ٱلْحَيَوٰةِ
ٱلدُّنْيَا وَفِى ٱلْءَاخِرَةِ ۖ وَيُضِلُّ ٱللَّهُ ٱلظَّٰلِمِينَ ۚ وَيَفْعَلُ
ٱللَّهُ مَا يَشَآءُ ﴿٢٧﴾ ۞ أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ بَدَّلُوا۟ نِعْمَتَ ٱللَّهِ كُفْرًا
وَأَحَلُّوا۟ قَوْمَهُمْ دَارَ ٱلْبَوَارِ ﴿٢٨﴾ جَهَنَّمَ يَصْلَوْنَهَا ۖ وَبِئْسَ
ٱلْقَرَارُ ﴿٢٩﴾ وَجَعَلُوا۟ لِلَّهِ أَندَادًا لِّيُضِلُّوا۟ عَن سَبِيلِهِۦ ۗ قُلْ
تَمَتَّعُوا۟ فَإِنَّ مَصِيرَكُمْ إِلَى ٱلنَّارِ ﴿٣٠﴾ قُل لِّعِبَادِىَ ٱلَّذِينَ
ءَامَنُوا۟ يُقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُنفِقُوا۟ مِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ سِرًّا وَعَلَانِيَةً
مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِىَ يَوْمٌ لَّا بَيْعٌ فِيهِ وَلَا خِلَٰلٌ ﴿٣١﴾ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ
ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَأَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَخْرَجَ
بِهِۦ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ رِزْقًا لَّكُمْ ۖ وَسَخَّرَ لَكُمُ ٱلْفُلْكَ لِتَجْرِىَ
فِى ٱلْبَحْرِ بِأَمْرِهِۦ ۖ وَسَخَّرَ لَكُمُ ٱلْأَنْهَٰرَ ﴿٣٢﴾ وَسَخَّرَ لَكُمُ
ٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ دَآئِبَيْنِ ۖ وَسَخَّرَ لَكُمُ ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ ﴿٣٣﴾

هەوڵی هاتنە خوارەوەی ئایەتی (٢٧) سورەتی (ابراهيم): ﴿يُثَبِّتُ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا بِالْقَوْلِ الثَّابِتِ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الْآخِرَةِ﴾ دەسانی کە بەڕاقی کەوری مانەوەیە کتێبارەتیەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەم ئایەتە ﴿يُثَبِّتُ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا بِالْقَوْلِ الثَّابِتِ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الْآخِرَةِ﴾ دەربارەی سزای ئاوگلی هاتنە خوارەوە،

دەوترێت بە موسوو گێ پەروەردگارت ؟ ئەویش دەڵێت خوا پەروەردگارە تایبەتی موحەممەد (ﷺ) ئەمەیە ڕاقای ئەم ئایەتە ﴿يُثَبِّتُ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا بِالْقَوْلِ الثَّابِتِ ...﴾.

ئەی ڕاست و چەپیەرە چەقە مێڵی لەری ئاینا و بانگان فەرموویە ئەم ڕێگایەیە ئی منیچ ڕێگایەکیان نی یە بەدگەر هەمیتانێکی لەسەرە و بانگی(خەڵکی) بۆ دەکات) بانگان ئەم ئایەتەی خوێندەوە-

﴿ ثُمَّ أَسْفَلَ﴾ ئەو (دۆزەخە) مەیوە و بەرێگریت ﴿أَنْ حِينَ يَأْتِي﴾ هەموو کاتێک بەئیزنی پەروەردگاری ﴿ضَرَبَ لَهُ الْأَمْثَالَ﴾ وە خوا ئەو نموونانە دەهێنێتەوە ﴿لَئِنْ لَئِنْ مَسَّتْهُمْ﴾ بۆ خەڵکی بۆ ئەوەی بیریکەنەوە. ٢٥) ﴿وَمَثَلُ كَلِمَةٍ خَبِيثَةٍ﴾ وە نموونەی وتەی خراپ و پیس (بێ باوەڕی) ﴿كَشَجَرَةٍ خَبِيثَةٍ﴾ وەکو درەختێکی خراپ و پیس وایە ﴿اجْتُثَّتْ مِنْ فَوْقِ الْأَرْضِ﴾ هەڵکەندراوە لەسەر زەوی (و ڕەگی نەماوە) ﴿مَا لَهَا مِنْ قَرَارٍ﴾ هەر خۆی نەگری. ٢٦)﴿يُثَبِّتُ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا﴾ ئەوانەی کەبڕوایان هێناوە خوا بەقسەزانیان دەکات ﴿بِالْقَوْلِ الثَّابِتِ﴾ بە وتەی بەڕێ وچێ (کە شایەتومانە) ﴿فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الْآخِرَةِ﴾ لەژیانی دنیادا و لەڕۆژی دوایشدا ﴿وَيُضِلُّ اللَّهُ الظَّالِمِينَ﴾ وە خوا ستەمکارانیش گومڕا دەکات ﴿وَيَفْعَلُ اللَّهُ مَا يَشَاءُ﴾ وە خوا هەرچی بیەوێ دەیکات. ٢٧)﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ﴾ ئایا سەیری ئەوانەت نەکردووە ﴿بَدَّلُوا نِعْمَتَ اللَّهِ كُفْرًا﴾ لە جیاتی (سوپاسی) بەهرە و چاکەی خوا بێ باوەڕی و سڵە بوون ﴿وَأَحَلُّوا قَوْمَهُمْ دَارَ الْبَوَارِ﴾ و گەلەکەیان بەرەو هەڵدێر بردە. ٢٨)﴿جَهَنَّمَ يَصْلَوْنَهَا﴾ تەڕوێش دۆزەخە کەدەچنە ناوی ﴿وَبِئْسَ الْقَرَارُ﴾ کە ئارامگایەکی زۆر خراپە ٢٩)﴿وَجَعَلُوا لِلَّهِ أَنْدَادًا﴾ (بێ باوەڕان) چەند هاوتایان بۆخوا بڕیاردا ﴿لِيُضِلُّوا عَنْ سَبِيلِهِ﴾ بۆ ئەوەی (خەڵک) گومڕابکەن لەڕێگەی خوا ﴿قُلْ تَمَتَّعُوا﴾ ئەی (موحەممەد(ﷺ)) بڵێ بەوانە بابوێنن ﴿فَإِنَّ مَصِيرَكُمْ إِلَى النَّارِ﴾ چونکە بێ گومان چارەنوسمان دۆزەخ دەبێت. ٣٠) ﴿قُلْ لِعِبَادِيَ الَّذِينَ آمَنُوا﴾ (ئەی موحەممەد (ﷺ)) بڵێ بەبڕواهێنەرم کەبڕوایان هێناوە ﴿يُقِيمُوا الصَّلَاةَ﴾ بەڕێکی نوێژەکان بکەن ﴿وَيُنْفِقُوا مِمَّا رَزَقْنَاهُمْ﴾ و لەوەی پێمان داوون بەبەخشن ﴿سِرًّا وَعَلَانِيَةً﴾ بەنهێنی و ئاشکرا ﴿مِنْ قَبْلِ﴾ لەپێش ئەوەی ﴿أَنْ يَأْتِيَ يَوْمٌ﴾ کە ڕۆژێک بێت ﴿لَا بَيْعٌ فِيهِ وَلَا خِلَالٌ﴾ نەکڕین و فرۆشتنی تێدایەو نەدۆستایەتی. ٣١)﴿اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ﴾ خوا ئەو زاتەیە کەئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە ﴿وَأَنْزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً﴾ و لەئاسمانەوە بارانی باراندووە ﴿فَأَخْرَجَ بِهِ مِنَ الثَّمَرَاتِ﴾ و هەموو بەروبوومێ (و دانەوێلە)یەکی پێ پەیداکردووە ﴿رِزْقًا لَكُمْ﴾ کە ڕۆزق و ڕۆزیە بۆ ئێوە ﴿وَسَخَّرَ لَكُمُ الْفُلْكَ﴾ هەروەها کەشتی بۆ ڕام هێناون ﴿لِتَجْرِيَ فِي الْبَحْرِ بِأَمْرِهِ﴾ بۆ ئەوەی بڕۆات بەناو دەریادا بەفەرمانی خوا ﴿وَسَخَّرَ لَكُمُ الْأَنْهَارَ﴾ و ڕووبارەکانی بۆ ڕام هێناون. ٣٢) ﴿وَسَخَّرَ لَكُمُ﴾ وە هەروەها ڕامی هێناوە بۆئێمە ﴿الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ دَائِبَيْنِ﴾ ڕۆژ و مانگ بەهەمیشەیی ﴿وَسَخَّرَ لَكُمُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ﴾ وە شەو و ڕۆژیشی بۆ ڕام هێناون. ٣٣)

وَءَاتَىٰكُم مِّن كُلِّ مَا سَأَلْتُمُوهُ ۚ وَإِن تَعُدُّوا نِعْمَتَ ٱللَّهِ
لَا تُحْصُوهَا ۗ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لَظَلُومٌ كَفَّارٌ ﴿٣٤﴾ وَإِذْ
قَالَ إِبْرَٰهِيمُ رَبِّ ٱجْعَلْ هَٰذَا ٱلْبَلَدَ ءَامِنًا وَٱجْنُبْنِى وَبَنِىَّ
أَن نَّعْبُدَ ٱلْأَصْنَامَ ﴿٣٥﴾ رَبِّ إِنَّهُنَّ أَضْلَلْنَ كَثِيرًا مِّنَ ٱلنَّاسِ ۖ
فَمَن تَبِعَنِى فَإِنَّهُۥ مِنِّى ۖ وَمَنْ عَصَانِى فَإِنَّكَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٣٦﴾
رَّبَّنَآ إِنِّىٓ أَسْكَنتُ مِن ذُرِّيَّتِى بِوَادٍ غَيْرِ ذِى زَرْعٍ عِندَ بَيْتِكَ
ٱلْمُحَرَّمِ ۙ رَبَّنَا لِيُقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ فَٱجْعَلْ أَفْـِٔدَةً مِّنَ ٱلنَّاسِ
تَهْوِىٓ إِلَيْهِمْ وَٱرْزُقْهُم مِّنَ ٱلثَّمَرَٰتِ لَعَلَّهُمْ يَشْكُرُونَ ﴿٣٧﴾
رَبَّنَآ إِنَّكَ تَعْلَمُ مَا نُخْفِى وَمَا نُعْلِنُ ۗ وَمَا يَخْفَىٰ عَلَى ٱللَّهِ مِن شَىْءٍ
فِى ٱلْأَرْضِ وَلَا فِى ٱلسَّمَآءِ ﴿٣٨﴾ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى وَهَبَ لِى
عَلَى ٱلْكِبَرِ إِسْمَٰعِيلَ وَإِسْحَٰقَ ۚ إِنَّ رَبِّى لَسَمِيعُ ٱلدُّعَآءِ ﴿٣٩﴾
رَبِّ ٱجْعَلْنِى مُقِيمَ ٱلصَّلَوٰةِ وَمِن ذُرِّيَّتِى ۚ رَبَّنَا وَتَقَبَّلْ
دُعَآءِ ﴿٤٠﴾ رَبَّنَا ٱغْفِرْ لِى وَلِوَٰلِدَىَّ وَلِلْمُؤْمِنِينَ يَوْمَ يَقُومُ
ٱلْحِسَابُ ﴿٤١﴾ وَلَا تَحْسَبَنَّ ٱللَّهَ غَٰفِلًا عَمَّا يَعْمَلُ
ٱلظَّٰلِمُونَ ۚ إِنَّمَا يُؤَخِّرُهُمْ لِيَوْمٍ تَشْخَصُ فِيهِ ٱلْأَبْصَٰرُ ﴿٤٢﴾

سۆرەتی ئیبراهیم

مەدەنی مەکییە
فاتیحە و ٧ ئایەتی
قسەل فتفرق بکم
عن سبیله﴾.

ئایەتی (١٨٨)
موسلیم (الأنعام)
من أبی هریرة
﴿رضي الله عنه﴾ قال: قال
رسول الله ﷺ:
(ثلاث إذا خرجت
لایدفع نفساً إیمانها
لم تکن آمنت من
قبل أو کسبت في
إیمانها خیراً طلوع
الشمس من مغربها
والدجال و
دابة الأرض)
(رواه مسلم) ئەمەو
هەموو ئەو ئایەتانەی
خوای لە بەرز
گیراوەتەوە

وەرگێڕانی: پێنجەمین جار﴿ﷺ﴾ فەرموویەتی: (سێ نیشانە هەن ئەگەر دەرکەوتن هیچ کەسێک باوەڕی نەهێنا
سوودی نیە ئەگەر لەمێژ باوەڕی نەهێنابێت یان چاکەیەکی نەکردبێت لەگەڵ باوەڕی
هێنانەکەیدا: هەڵاتنی خۆر لە خۆرئاوایەوە و دەجاڵ و پەیدابوونی گیانلەبەرێکە﴿دابة الأرض﴾ ئامرازە).

ئایەتی (١٩٠) موسلیم (الأنعام)، عن ابن عباس ﴿رضي الله عنهما﴾ أن رسول الله ﷺ قال فیما یروي عن ربه

﴿وَءَاتَىٰكُم مِّن كُلِّ مَا سَأَلْتُمُوهُ﴾ وە لەهەموو ئەو شتانە کەداواتان کردووە پێ ی بەخشیوون ﴿وَإِن تَعُدُّوا نِعْمَتَ اللَّهِ﴾ خۆ ئەگەر بەهرە و نیعمەتەکانی خوا بژمێرن ﴿لَا تُحْصُوهَا﴾ بۆتان ناژمێردرێن ﴿إِنَّ الْإِنسَانَ﴾ بەڕاستی ئادەمی (بێ بڕوا) ﴿لَظَلُومٌ كَفَّارٌ﴾ زۆر ستەم کار و سپڵەیە. ٣٤)﴿وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّ﴾ (بیریان بخەرەوە) کاتێ ئیبراهیم ووتی ئەی پەروەردگارم ﴿اجْعَلْ هَٰذَا الْبَلَدَ ءَامِنًا﴾ ئەم بشارە (مەککە) بکە بەشارێکی ئارام و ئاسایش ﴿وَاجْنُبْنِي وَبَنِيَّ﴾ وە خۆم و کوڕەکانم بپارێزە و دوورخەرەوە ﴿أَن نَّعْبُدَ الْأَصْنَامَ﴾ لەوەی بتەکان بپەرستین. ٣٥)﴿رَبِّ إِنَّهُنَّ﴾ ئەی پەروەردگارم بێگومان ئەو بتانە ﴿أَضْلَلْنَ كَثِيرًا مِّنَ النَّاسِ﴾ زۆر لەخەڵکیان گومڕا کردوە (و لایان دان لەڕێگەی ڕاست) ﴿فَمَن تَبِعَنِي فَإِنَّهُ مِنِّي﴾ جا هەرکەسێ (لەڕۆڵەکانم) شوێن من کەوت ئەوە بێگومان لەمنە ﴿وَمَنْ عَصَانِي﴾ هەرکەسیش سەرپێچی کردم ﴿فَإِنَّكَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ ئەوە بێ گومان تۆ لێبوردەی میهرەبانی. ٣٦)﴿رَّبَّنَا إِنِّي أَسْكَنتُ مِن ذُرِّيَّتِي﴾ ئەی پەروەردگارمان من هەندێ لەڕۆڵەکانم نیشتەجێ کرد ﴿بِوَادٍ غَيْرِ ذِي زَرْعٍ﴾ لە شیوێکی بێ کشتوکاڵ دا ﴿عِندَ بَيْتِكَ الْمُحَرَّمِ﴾ لای ماڵە پیرۆز و ڕێزگیراوەکەت ﴿رَبَّنَا لِيُقِيمُوا الصَّلَاةَ﴾ ئەی پەروەردگارمان تا بە چاکی نوێژ بەجێ بێنن ﴿فَاجْعَلْ أَفْئِدَةً مِّنَ النَّاسِ﴾ بەڵکو دڵی خەڵکانێ وا لێبکەیت ﴿تَهْوِي إِلَيْهِمْ﴾ سۆزیان بێ بۆلایان ﴿وَارْزُقْهُم مِّنَ الثَّمَرَاتِ﴾ و لەهەموو بەر و میوەیەکیش ڕۆزیان بدە ﴿لَعَلَّهُمْ يَشْكُرُونَ﴾ بەڵکو شوکرانە بژێوین. ٣٧)﴿رَبَّنَا إِنَّكَ تَعْلَمُ﴾ ئەی پەروەردگارمان بەڕاستی تۆ دەزانی ﴿مَا نُخْفِي وَمَا نُعْلِنُ﴾ بە هەرچی دەیشارینەوە و هەرچی دەری دەبڕین ﴿وَمَا يَخْفَىٰ عَلَى اللَّهِ مِن شَيْءٍ﴾ وە هیچ شتێ لای خوا شاراوە نی یە ﴿فِي الْأَرْضِ وَلَا فِي السَّمَاءِ﴾ نەلەزەوی و نەلەئاسماندا. ٣٨)﴿الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي﴾ هەموو سوپاس و ستایشێک بۆ ئەو خوایەی ﴿وَهَبَ لِي عَلَى الْكِبَرِ إِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ﴾ کە ئیسماعیل و ئیسحاقی پێ بەخشیم بەپیری ﴿إِنَّ رَبِّي لَسَمِيعُ الدُّعَاءِ﴾ بەڕاستی پەروەردگارم بیسەری دوعا و پاڕانەوەیە. ٣٩)﴿رَبِّ اجْعَلْنِي مُقِيمَ الصَّلَاةِ وَمِن ذُرِّيَّتِي﴾ ئەی پەروەردگارم من و ڕۆڵەکانم وا لێبکەی بەچاکی نوێژەکان بەجێ بێنین ﴿رَبَّنَا وَتَقَبَّلْ دُعَاءِ﴾ ئەی پەروەردگارمان پاڕانەوە و نزاکەم وەرگرە. ٤٠)﴿رَبَّنَا اغْفِرْ لِي وَلِوَالِدَيَّ وَلِلْمُؤْمِنِينَ﴾ ئەی پەروەردگارمان لەمن و باوکم و دایکم و هەموو بڕواداران ببورەو خۆش ببە ﴿يَوْمَ يَقُومُ الْحِسَابُ﴾ لە ڕۆژێک دا کە لێپرسینەوە دەکرێ و بەرپا ئەبێ. ٤١) ﴿وَلَا تَحْسَبَنَّ اللَّهَ غَافِلًا﴾ وا مەزانە خوا بێ ئاگایە ﴿عَمَّا يَعْمَلُ الظَّالِمُونَ﴾ لەوەی کەستەم کاران دەیکەن ﴿إِنَّمَا يُؤَخِّرُهُمْ لِيَوْمٍ﴾ بێگومان ئەو دوایان دەخات بۆ ڕۆژێک ﴿فَتَخْصُصَ فِيهِ الْأَبْصَارُ﴾ کەچاوەکان تێیدا ئەبڵەق دەبن (و نانوقێن لە ترسا). ٤٢)

مُهْطِعِينَ مُقْنِعِي رُءُوسِهِمْ لَا يَرْتَدُّ إِلَيْهِمْ طَرْفُهُمْ وَأَفْئِدَتُهُمْ
هَوَاءٌ ﴿٤٣﴾ وَأَنْذِرِ النَّاسَ يَوْمَ يَأْتِيهِمُ الْعَذَابُ فَيَقُولُ الَّذِينَ
ظَلَمُوا رَبَّنَا أَخِّرْنَا إِلَىٰ أَجَلٍ قَرِيبٍ نُّجِبْ دَعْوَتَكَ وَنَتَّبِعِ
الرُّسُلَ أَوَلَمْ تَكُونُوا أَقْسَمْتُم مِّن قَبْلُ مَا لَكُم
مِّن زَوَالٍ ﴿٤٤﴾ وَسَكَنتُمْ فِي مَسَاكِنِ الَّذِينَ ظَلَمُوا
أَنفُسَهُمْ وَتَبَيَّنَ لَكُمْ كَيْفَ فَعَلْنَا بِهِمْ وَضَرَبْنَا
لَكُمُ الْأَمْثَالَ ﴿٤٥﴾ وَقَدْ مَكَرُوا مَكْرَهُمْ وَعِندَ اللَّهِ
مَكْرُهُمْ وَإِن كَانَ مَكْرُهُمْ لِتَزُولَ مِنْهُ الْجِبَالُ
﴿٤٦﴾ فَلَا تَحْسَبَنَّ اللَّهَ مُخْلِفَ وَعْدِهِ رُسُلَهُ ۚ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ
ذُو انتِقَامٍ ﴿٤٧﴾ يَوْمَ تُبَدَّلُ الْأَرْضُ غَيْرَ الْأَرْضِ وَالسَّمَاوَاتُ
وَبَرَزُوا لِلَّهِ الْوَاحِدِ الْقَهَّارِ ﴿٤٨﴾ وَتَرَى الْمُجْرِمِينَ يَوْمَئِذٍ
مُّقَرَّنِينَ فِي الْأَصْفَادِ ﴿٤٩﴾ سَرَابِيلُهُم مِّن قَطِرَانٍ وَتَغْشَىٰ
وُجُوهَهُمُ النَّارُ ﴿٥٠﴾ لِيَجْزِيَ اللَّهُ كُلَّ نَفْسٍ مَّا كَسَبَتْ ۚ
إِنَّ اللَّهَ سَرِيعُ الْحِسَابِ ﴿٥١﴾ هَٰذَا بَلَاغٌ لِّلنَّاسِ وَلِيُنذَرُوا
بِهِ وَلِيَعْلَمُوا أَنَّمَا هُوَ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ وَلِيَذَّكَّرَ أُولُو الْأَلْبَابِ ﴿٥٢﴾

حتى يأتيه الموت فيقول رب ارجعون لعلي أعمل صالحا فيما تركت كلا إنها كلمة هو قائلها أي لن يرجع إلى ما طلب وما هو قائل فيه لا يفعل ما طلب بل يستمر على ما كان عليه من التفريط والضمير في إنها للكلمة أو للقائل أو للرجعة المفهومة من ارجعون ومن ورائهم برزخ حاجز بينهم وبين الرجعة إلى الدنيا إلى يوم يبعثون يوم القيامة فلا يرجعون إلى الدنيا فلا يعمل صالحا فيما تركت كلا إنها كلمة هو قائلها أي لن يرجع إلى ما طلب وما هو قائل فيه لا يفعل ما طلب بل يستمر على ما كان عليه من التفريط والضمير في إنها للكلمة أو للقائل أو للرجعة المفهومة من ارجعون ومن ورائهم برزخ حاجز بينهم وبين الرجعة إلى الدنيا إلى يوم يبعثون يوم القيامة فلا يرجعون إلى الدنيا فلا يعمل صالحا فيما تركت كلا إنها كلمة هو قائلها أي لن يرجع إلى ما طلب وما هو قائل فيه لا يفعل ما طلب بل يستمر على ما كان عليه من التفريط والضمير في إنها للكلمة أو للقائل أو للرجعة المفهومة من ارجعون ومن ورائهم برزخ حاجز بينهم وبين الرجعة إلى الدنيا إلى يوم يبعثون يوم القيامة فلا يرجعون إلى الدنيا

(به‌راستی به‌روه‌رگاری تێوه‌ ئگه‌ر به‌ به‌ڵگه‌یی یه‌ دیار کەسی نیازی چاکه‌یه‌کی گه‌ڕیو ئه‌دنیایی ئه‌دا ئه‌یه‌ یه‌ک چاکه‌ی بۆ ده‌نوسرێ ئه‌گه‌ر ئه‌دنیایدا ئه‌یه‌ ده‌ تا حه‌وت سه‌د چاکه‌ر تا به‌خشندانه‌ی پێڕابێنی بۆ ده‌نوسرێ، وه‌ ده‌ر کەسی نیازی خراپه‌یه‌کی گه‌ڕیو ئه‌دنیایی ئه‌دا ئه‌یه‌ یه‌ک چاکه‌ی بۆ ده‌نوسرێ ئه‌گه‌ر ئه‌دنیایی نا ئه‌یه‌ یه‌ک خراپه‌یی بۆ ده‌نوسرێ بۆ خوای گه‌وره‌ ببه‌خشێ، وه‌ کەسی گوناهکار تاوبۆ و ئیزا ئاهێنی ئه‌گه‌ر یه‌کێکه‌ له‌ تاوبۆ پێکه‌ران

﴿نَضِيدٌ﴾ بەچەسپاوی دەڕیژن (بەدەم بانگ کەریانەوە) ﴿نَضِيدٌ﴾ هەڵوێن بەرزکراوەتەوە (بۆ ئاسمان) ﴿لَّهَا طَلْعٌ﴾ پێڵووی چاوبان ئاماژەکێن ﴿وَالنَّخْلَ بَاسِقَاتٍ﴾ و دڵبان خاڵی بە (لەنێگەشتن). ١٢) ﴿أَصْحَابُ الرَّسِّ﴾ وە (ئەی موحەمەد ﷺ)) خەڵکی ئاگادارێکە و بترسێنە ﴿يَوْمَ تُبْلَى السَّرَائِرُ﴾ لەو ڕۆژەی کە سرایان بۆ دێت ﴿فَمَن ثَقُلَتْ مَوَازِينُهُ﴾ ئینجا ئەوانەی کەستەسیان گرمووە دەڵێن ﴿إِنَّا أَنزَلْنَاهُ قُرْآنًا عَرَبِيًّا﴾ ئەی پەروەردگارمان بۆ ماوەیەکی کەم نوامان بدە ﴿لَبِثْتُمْ فِي الْأَرْضِ﴾ تا وەڵامی بانگەوازەکەت بدەینەوە ﴿وَأَنذِرِ الرُّسُلَ﴾ و شوێنی پێغەمبەران بکەوێن ﴿وَأَنذِرْهُمْ يَوْمَ الْآزِفَةِ﴾ ئەی ئێوە ئەبوون پێشتر سوێندتان خوارد ﴿مَا لَهَا مِن فَوَاقٍ﴾ کە هەرگیز لە ناوناچن. ٤٤) ﴿وَنَحْتِ الْجِبَالِ بُيُوتًا﴾ هەر لەجێ و شوێنی ئەوانە نیشتەجێ بوون ﴿فَأَتَوْا عَلَىٰ أَصْنَامٍ﴾ کەستەسیان لەخۆیان کرد ﴿وَنَحَتَتْ لَهُمْ﴾ و بەرووبی بۆتان دەرکەوت ﴿أَنَّهُمْ عَلَىٰ هُدًى﴾ کە چیمان بەسەر هێنان ﴿وَمَنَعَهُمْ أَن يَأْتُوا﴾ ئەوانە ئەی ڕێڕەوەکان بۆتان هێنابووە. ٤٠) ﴿وَقَدْ نَادَاهُمْ﴾ بێگومان ئەو (بێ باوەڕانە) پێیانی گەورەی خۆیانیان گێڕا (ئەی پێغەمبەرەکانیان) ﴿وَمَا كَانَ رَبُّكَ نَسِيًّا﴾ خوای گەورە ئاگادارە بە پێیانەکانیان ﴿وَمَا كَانَتْ أُمُّكِ بَغِيًّا﴾ وە هەر چەندە پێیانەکەیان ﴿أَوَلَمْ يَسِيرُوا﴾ شانەکانی پێ بترازێ (و لەبن بێ). ٤٦) ﴿فَلَا تَدْعُوا﴾ جا واگومان مەبە خوا ﴿فَتَوَلَّوْا عَنْهُ﴾ ئەو بەڵێنەی دڵوبەتی بەپێغەمبەرانی بەدی ناهێنێ ﴿إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ﴾ بەڕاستی خوا خاوەن هەمەڵێی تۆڵەستێنە. ٤٧) ﴿يَوْمَ تُبَدَّلُ الْأَرْضُ﴾ لەڕۆژێکدا کە ئەم زەوی بە دەگۆڕێ ﴿غَيْرَ الْأَرْضِ وَالسَّمَاوَاتُ﴾ بەزەوی بەگی تر و ئاسمانەکانیش (دەگۆڕێن بە ئاسمانی تر) ﴿وَوَارَاهُ الثَّرَىٰ﴾ ئەوسا هەموو (لەگۆڕەکانیان دێنە دەرەوە) دەردەکەون بۆ خوای ئەمیای زاڵ بەسەر هەموو شتێکدا. ١٨) ﴿وَأَنزَلْنَا مِنَ الْمُعْصِرَاتِ مَاءً﴾ و لەبن ڕۆژەدا ئاوەن بارانی دەبینی ﴿أَنزَلْنَا عَلَيْهِ الْمَاءَ﴾ لە کێوە و زەمینەوە پێکەوە بەستراون. ٤٩) ﴿سَرَابِيلُهُم مِّن قَطِرَانٍ﴾ پۆشاکیان ئەمرانی پەڵە ﴿وَتَغْشَىٰ وُجُوهَهُمُ النَّارُ﴾ و دەم و چاوبانیان ئاگر دادەپۆشێوە. ٥٠) ﴿لِّيَجْزِيَ اللَّهُ كُلَّ نَفْسٍ مَّا كَسَبَتْ﴾ بۆ ئەوەی خوا ئۆڵەو پاداشتی هەموو کەسێک بدات بە گوێرەی ئەوەی کەکردوویەتی ﴿إِنَّ اللَّهَ سَرِيعُ الْحِسَابِ﴾ بەڕاستی خوا ئاوبەیەکی خێرایە. ٥١) ﴿هَٰذَا بَلَاغٌ لِّلنَّاسِ﴾ ئەم (قورئانە) ڕاگەیاندن و جارێکە بۆ هەموو خەڵک ﴿وَلِيُنذَرُوا بِهِ﴾ و تا پێی بێتەڕێکخستن ﴿وَلِتُنذِرَ أُمَّ الْقُرَىٰ﴾ وە بۆ ئەوەی بترسێنن بێگومان ئەو(خوا) پەرستراوێکی تاک و تەنیایە ﴿وَلِيَذَّكَّرَ أُولُو الْأَلْبَابِ﴾ و تا خاوەن ژیریەکان بیریکەنەوە و پەند بگرن. ٥٢)

سورة الحجر

بسم الله الرحمن الرحيم

الٓرٰ ۚ تِلْكَ اٰيٰتُ الْكِتٰبِ وَقُرْاٰنٍ مُّبِيْنٍ ۝١ رُبَمَا يَوَدُّ
الَّذِيْنَ كَفَرُوْا لَوْ كَانُوْا مُسْلِمِيْنَ ۝٢ ذَرْهُمْ يَاْكُلُوْا
وَيَتَمَتَّعُوْا وَيُلْهِهِمُ الْاَمَلُ فَسَوْفَ يَعْلَمُوْنَ ۝٣ وَمَآ اَهْلَكْنَا
مِنْ قَرْيَةٍ اِلَّا وَلَهَا كِتَابٌ مَّعْلُوْمٌ ۝٤ مَا تَسْبِقُ مِنْ اُمَّةٍ
اَجَلَهَا وَمَا يَسْتَاْخِرُوْنَ ۝٥ وَقَالُوْا يٰٓاَيُّهَا الَّذِيْ نُزِّلَ عَلَيْهِ
الذِّكْرُ اِنَّكَ لَمَجْنُوْنٌ ۝٦ لَوْ مَا تَاْتِيْنَا بِالْمَلٰٓئِكَةِ اِنْ كُنْتَ
مِنَ الصّٰدِقِيْنَ ۝٧ مَا نُنَزِّلُ الْمَلٰٓئِكَةَ اِلَّا بِالْحَقِّ وَمَا كَانُوْٓا
اِذًا مُّنْظَرِيْنَ ۝٨ اِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَاِنَّا لَهٗ لَحٰفِظُوْنَ ۝٩
وَلَقَدْ اَرْسَلْنَا مِنْ قَبْلِكَ فِيْ شِيَعِ الْاَوَّلِيْنَ ۝١٠ وَمَا يَاْتِيْهِمْ مِّنْ
رَّسُوْلٍ اِلَّا كَانُوْا بِهٖ يَسْتَهْزِءُوْنَ ۝١١ كَذٰلِكَ نَسْلُكُهٗ فِيْ
قُلُوْبِ الْمُجْرِمِيْنَ ۝١٢ لَا يُؤْمِنُوْنَ بِهٖ وَقَدْ خَلَتْ سُنَّةُ الْاَوَّلِيْنَ
وَلَوْ فَتَحْنَا عَلَيْهِمْ بَابًا مِّنَ السَّمَآءِ فَظَلُّوْا فِيْهِ يَعْرُجُوْنَ ۝١٤
لَقَالُوْٓا اِنَّمَا سُكِّرَتْ اَبْصَارُنَا بَلْ نَحْنُ قَوْمٌ مَّسْحُوْرُوْنَ ۝١٥

(۱۲۱۱) سورهٔ «الأنعام»: من ابن أبزى عن أبيه قال: كان رسول الله ﷺ إذا أصبح قال: «أصبحنا على ملة الإسلام وكلمة الإخلاص ودين نبينا محمد وملة أبينا إبراهيم حنيفاً وما كان من المشركين». (رواه النسائي).

(۱۲۱۲) سورهٔ «الأنعام»: عن أبي سعيد الخدري ﷺ قال: قال رسول الله ﷺ: «إن الدنيا حلوة خضرة وإن الله مستخلفكم فيها فناظر كيف تعملون، فاتقوا الدنيا واتقوا النساء فإن أول فتنة بني إسرائيل كانت في النساء». (رواه مسلم). ثم بين سبحانه وتعالى ما توعد به المكذبين من العذاب بقوله:

سورەتی ﴿الحجر﴾

﴿بسم الله الرحمن الرحيم﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان. ﴿الر﴾ بە (ئەلیف، لام، را) دەخوێنرێتەوە خوا زاناترە بە ماناکەی، بۆ زانیاری زیاتر سەیری سەرەتای سورەتی (البقرة) بکە ﴿تلك ءايت الكتب وقرءان مبين﴾ ئەمە ئایەتەکانی ئەو کتێبەن کەقورئانی ڕوون کەرەوەیە. ١) ﴿ربما يود الذين كفروا﴾ ئەوانەی کەبێ باوەڕ بوون زۆر جار ئاوات دەخوازن ﴿لو كانوا مسلمين﴾ کاشکای موسوڵمان بوونایە. ٢) ﴿ذرهم يأكلوا ويتمتعوا﴾ لێیان گەڕێ بابخۆن و ڕابوێرن ﴿ويلهم الأمل﴾ وئومێد بێ ئاگایان بکات ﴿فسوف يعلمون﴾ جا بێگومان لەمەو دوا دەزانن (چۆن سزایان دەدەین). ٣) ﴿وما أهلكنا من قرية﴾ (خەڵکی) هیچ شارێکمان لەناو نەبردووە ﴿إلا وها كتاب معلوم﴾ مەگەر کاتی دیاری کراو بۆ لەناو چوونیان هەبووە. ٤) ﴿ما تسبق من أمة﴾ وەهیچ ئوممەتێک پێش ناکەوێ ﴿أجلها وما يستأخرون﴾ لەکاتی لەناوبردنی خۆی هەروەها دواش ناکەوێ. ٥) ﴿وقالوا يا أيها الذي﴾ (بێ باوەڕان) ووتیان ئەی ئەو کەسەی ﴿نزل عليه الذكر﴾ کە قورئان نێوراوەتە خوار بۆ سەرت ﴿إنك لمجنون﴾ بەڕاستی تۆ شێتی. ٦) ﴿لو ما تأتينا بالملائكة﴾ دەی بۆ فریشتەمان بۆ ناهێنی (شایەتی بدات تۆ پێغەمبەری) ﴿إن كنت من الصادقين﴾ ئەگەر تۆ لەڕاست گۆیانیت. ٧) ﴿ما ننزل الملائكة إلا بالحق﴾ ئێمە فریشتە نانێرینە خوارەوە مەگەر بەڕاستو ڕەوا ﴿وما كانوا إذا منظرين﴾ وە ئەو کاتەش ئەوانە مۆڵەت نادرێن. ٨) ﴿إنا نحن نزلنا الذكر﴾ بێ گومان هەر ئێمە قورئانمان ناردۆتە خوارەوە ﴿وإنا له لحافظون﴾ و بەڕاستی هەر ئێمەش دەی پارێزین. ٩) ﴿ولقد أرسلنا من قبلك﴾ سوێندبێ بێگومان ئێمە پێش تۆ پێغەمبەرانمان ناردووە ﴿في شيع الأولين﴾ لەناو هۆزو کۆمەڵە پێشووەکاندا. ١٠) ﴿وما يأتيهم من رسول﴾ هیچ پێغەمبەرێکیان بۆ نەهاتووە ﴿إلا كانوا به يستهزءون﴾ مەگەر کاڵتەو لاقرتێیان پێ کردووە. ١١) ﴿كذلك نسلكه في قلوب المجرمين﴾ ئا بەو جۆرە ئێمە ئەو (قورئانە) دەخەینە ناو دڵی تاوان بارانەوە. ١٢) ﴿لا يؤمنون به﴾ کەچی ئەوان باوەڕی پێ ناهێنن ﴿وقد خلت سنة الأولين﴾ کەبێ گومان باوو ڕێبازی پێشووەکانیش هەر وابوو. ١٣) ﴿ولو فتحنا عليهم﴾ ئەگەر بۆمان بکردنایەتەوە ﴿بابا من السماء﴾ دەرگایەک لەئاسمانەوە ﴿فظلوا فيه يعرجون﴾ و ئەوان پیایدا بڕۆنەستەرەوە. ١٤) ﴿لقالوا إنما سكرت أبصارنا﴾ ئەوسا دەیان ووت بێ گومان ئێمە چاومان بەستراوە ﴿بل نحن قوم مسحورون﴾ بەڵکو ئێمە کۆمەڵێکین جادوومان لێ کراوە. ١٥)

وَلَقَدْ جَعَلْنَا فِي السَّمَاءِ بُرُوجًا وَزَيَّنَّاهَا لِلنَّاظِرِينَ ﴿١٦﴾
وَحَفِظْنَاهَا مِن كُلِّ شَيْطَانٍ رَّجِيمٍ ﴿١٧﴾ إِلَّا مَنِ اسْتَرَقَ السَّمْعَ
فَأَتْبَعَهُ شِهَابٌ مُّبِينٌ ﴿١٨﴾ وَالْأَرْضَ مَدَدْنَاهَا وَأَلْقَيْنَا فِيهَا
رَوَاسِيَ وَأَنبَتْنَا فِيهَا مِن كُلِّ شَيْءٍ مَّوْزُونٍ ﴿١٩﴾ وَجَعَلْنَا لَكُمْ فِيهَا
مَعَايِشَ وَمَن لَّسْتُمْ لَهُ بِرَازِقِينَ ﴿٢٠﴾ وَإِن مِّن شَيْءٍ إِلَّا عِندَنَا
خَزَائِنُهُ وَمَا نُنَزِّلُهُ إِلَّا بِقَدَرٍ مَّعْلُومٍ ﴿٢١﴾ وَأَرْسَلْنَا الرِّيَاحَ
لَوَاقِحَ فَأَنزَلْنَا مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَسْقَيْنَاكُمُوهُ وَمَا أَنتُمْ
لَهُ بِخَازِنِينَ ﴿٢٢﴾ وَإِنَّا لَنَحْنُ نُحْيِي وَنُمِيتُ وَنَحْنُ الْوَارِثُونَ ﴿٢٣﴾
وَلَقَدْ عَلِمْنَا الْمُسْتَقْدِمِينَ مِنكُمْ وَلَقَدْ عَلِمْنَا الْمُسْتَأْخِرِينَ ﴿٢٤﴾
وَإِنَّ رَبَّكَ هُوَ يَحْشُرُهُمْ إِنَّهُ حَكِيمٌ عَلِيمٌ ﴿٢٥﴾ وَلَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ
مِن صَلْصَالٍ مِّنْ حَمَإٍ مَّسْنُونٍ ﴿٢٦﴾ وَالْجَانَّ خَلَقْنَاهُ مِن قَبْلُ مِن نَّارِ
السَّمُومِ ﴿٢٧﴾ وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي خَالِقٌ بَشَرًا مِّن
صَلْصَالٍ مِّنْ حَمَإٍ مَّسْنُونٍ ﴿٢٨﴾ فَإِذَا سَوَّيْتُهُ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن
رُّوحِي فَقَعُوا لَهُ سَاجِدِينَ ﴿٢٩﴾ فَسَجَدَ الْمَلَائِكَةُ كُلُّهُمْ
أَجْمَعُونَ ﴿٣٠﴾ إِلَّا إِبْلِيسَ أَبَىٰ أَن يَكُونَ مَعَ السَّاجِدِينَ ﴿٣١﴾

پێنجەسەدی شەوال(١٥) فەرموویەتی: ئەو پاستی منیا خۆشی و شیرینی سەرزەمینی و جوانیەکی سەرنج پاکێشەرە بۆ بینەران خوا ئاوەدی کردووە بە جۆشەدین ئاژەڵدا جا سەیرتان دەکات ئاژەڵی چی دەکەن دەی ئەمرۆکە خۆتان بیارێنن لە دونیا و خۆشتان بیارێنن لەئاخرەتتان چونکە بە پاستی یەکەم بەڵاوبونەوە ئاسمانی لاساکەرەوەی ئیسرائیل بەمەزنی ئاخرەتتانەوە بوون.

ئایەتی (١٦) سورەتی

(الأعراف) ١: عن ابن عمر (رضي الله عنهما) قال: قال رسول الله (ﷺ): (كلكم راع وكلكم مسؤول عن رعيته فالإمام يسأل عن رعيته، والرجل يسأل عن أهله، والمرأة تسأل عن بيت زوجها والعبد يسأل عن مال سيده). (رواه البخاري ومسلم) مەبەستی ئەوەیە هەموومان خواوەندی خۆمانین ئەگینا وەرگێڕ: پێنجەسەدی شەوال(١٥) فەرموویەتی: (هەموومان شوانین وە هەموومانیش بەرپرسیارین لە ژێر دەستەکانمان (لە بواری خۆیاندا)-

﴿وَلَقَدْ جَعَلْنَا﴾ سوێند بەخوا بێ گومان ئێمە دروستمان کردووە ﴿فِي السَّمَاءِ بُرُوجًا﴾ چەند بورجێك لەئاسمانا ﴿وَزَيَّنَّاهَا لِلنَّاظِرِينَ﴾ هەر ئەو(ئاسمانە)مان پازاندۆتەوە بۆ سەرنج دەران. ١٦)﴿وَحَفِظْنَاهَا﴾ هەر ئەو(ئاسمانە)مان پاراستووە ﴿مِن كُلِّ شَيْطَانٍ رَّجِيمٍ﴾ لەهەموو هەیەتانێکی دەر کراو لەبەزەیی خوا. ١٧)﴿إِلَّا مَنِ اسْتَرَقَ السَّمْعَ﴾ بەگەر ئەوانەی کەبەزیرەکی گوێ دەگرن ﴿فَأَتْبَعَهُ شِهَابٌ مُّبِينٌ﴾ بەکەمەر گرێ ئاگرێکی دیار دوای دەکەوێ (بۆیان دەنێ). ١٨)﴿وَالْأَرْضَ مَدَدْنَاهَا﴾ زەویشمان راخستووە ﴿وَأَلْقَيْنَا فِيهَا رَوَاسِيَ﴾ وچەند کێوێ شاخی داسەزراومان تێدا دانناوە ﴿وَأَنبَتْنَا فِيهَا﴾ هەر رواندوومانە تیایدا ﴿مِن كُلِّ شَيْءٍ مَّوْزُونٍ﴾ لەهەموو پرووەکێ بەرهەنێك بەپێکەر پێکی. ١٩)﴿وَجَعَلْنَا لَكُمْ فِيهَا مَعَايِشَ﴾ بۆ لەبژیوەتیدا بۆ ئێوە بۆ ژیانتان بۆ ئێوە بەخساندوە ﴿وَمَن لَّسْتُمْ لَهُ بِرَازِقِينَ﴾ هەروەها بۆ ئەوانەش کەئێوە دنگ بڕنیان نادەن. ٢٠)﴿وَإِن مِّن شَيْءٍ إِلَّا عِندَنَا خَزَائِنُهُ﴾ وە هیچ هنێك نی یە مەگەر خەزێنەکانی لای ئێمەیە ﴿وَمَا نُنَزِّلُهُ إِلَّا بِقَدَرٍ مَّعْلُومٍ﴾ هەر ئای ئێمەین و ئێمەین بەئەندازەی دیاری کراو نەبێت. ٢١)﴿وَأَرْسَلْنَا الرِّيَاحَ لَوَاقِحَ﴾ وە باسمان ناردووە (بەهۆی) پیتێنەران (بۆ دارو درەخت و رووەك)﴿فَأَنزَلْنَا مِنَ السَّمَاءِ مَاءً﴾ ئینجا لەئاسمانەوە بارانمان بارانندووە ﴿فَأَسْقَيْنَاكُمُوهُ﴾ وەئێوەمان پێ ئێمەراو کردووە ﴿وَمَا أَنتُمْ لَهُ بِخَازِنِينَ﴾ لەکاتێکدا ئێوە نەتان دەتوانی ئەو(ئاوە) خەزن بکەن. ٢٢)﴿وَإِنَّا لَنَحْنُ نُحْيِي وَنُمِيتُ﴾ بێ گومان هەر ئێمەین دەژیێنین و دەمرێنین﴿وَنَحْنُ الْوَارِثُونَ﴾ هەر ئێمەش میراتگری هەموولێن. ٢٣)﴿وَلَقَدْ عَلِمْنَا الْمُسْتَقْدِمِينَ مِنكُمْ﴾ سوێند بەخوا ئێمە ئاگادارین بەوانەی لەپێش ئێوەوە بوون ﴿وَلَقَدْ عَلِمْنَا الْمُسْتَأْخِرِينَ﴾ هەر سوێند بەخوا بێگومان ئەوانەش دەناسین کەپاش ئێوە دێن. ٢٤) ﴿وَإِنَّ رَبَّكَ هُوَ يَحْشُرُهُمْ﴾ بێ گومان هەر پەروەردگارت هەموویان کۆ دەکاتەوە ﴿إِنَّهُ حَكِيمٌ عَلِيمٌ﴾ بەپاستی هەر خۆی کاربەدروستی زانایە. ٢٥)﴿وَلَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ﴾ سوێندیێ بێگومان ئێمە ئادەمیمان دروست کرد ﴿مِن صَلْصَالٍ مِّنْ حَمَإٍ مَّسْنُونٍ﴾ لە قوڕێکی پەشی ئرشاوی پەق. ٢٦) ﴿وَالْجَانَّ خَلَقْنَاهُ مِن قَبْلُ﴾ جنۆکەشمان پێشتر دروست کرد ﴿مِن نَّارِ السَّمُومِ﴾ لە ئاگرێکی بەتین. ٢٧) ﴿وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ﴾ (بیرییان بخەرەوە) کاتێك پەروەردگارت بەفریشتەکانی فەرموو﴿إِنِّي خَالِقٌ بَشَرًا﴾ بەراستی من بەشەرێك دروست دەکەم ﴿مِّن صَلْصَالٍ مِّنْ حَمَإٍ مَّسْنُونٍ﴾ لە قوڕێکی پەشی ئرشاوی پەق. ٢٨)﴿فَإِذَا سَوَّيْتُهُ﴾ هەر کاتێ ڕێك و پێکم کرد ﴿وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِي﴾ و فوم بە بەریدا کرد لە ڕۆحێك کە خۆم دروستم کردووە (مەبەست لەدانە پاڵی ڕۆح بۆلای خوا دڵنۆ تەشریفە)﴿فَقَعُوا لَهُ سَاجِدِينَ﴾ دەبێ بەکەمەر سوژدەی بۆ بەرن. ٢٩) ﴿فَسَجَدَ الْمَلَائِكَةُ كُلُّهُمْ أَجْمَعُونَ﴾ جا فریشتەکان هەموو تێکڕا سوژدەیان بردە (بۆی). ٣٠) ﴿إِلَّا إِبْلِيسَ﴾ ئیبلیس نەبێت کە سەرپێچی کرد ﴿أَبَىٰ أَن يَكُونَ مَعَ السَّاجِدِينَ﴾ لەوەدی کە لەگەڵ سوژدەبەرانا بێت. ٣١)

قَالَ يَٰٓإِبۡلِيسُ مَا لَكَ أَلَّا تَكُونَ مَعَ ٱلسَّٰجِدِينَ ﴿٣٢﴾ قَالَ لَمۡ أَكُن
لِّأَسۡجُدَ لِبَشَرٍ خَلَقۡتَهُۥ مِن صَلۡصَٰلٖ مِّنۡ حَمَإٖ مَّسۡنُونٖ ﴿٣٣﴾ قَالَ
فَٱخۡرُجۡ مِنۡهَا فَإِنَّكَ رَجِيمٞ ﴿٣٤﴾ وَإِنَّ عَلَيۡكَ ٱللَّعۡنَةَ إِلَىٰ يَوۡمِ
ٱلدِّينِ ﴿٣٥﴾ قَالَ رَبِّ فَأَنظِرۡنِيٓ إِلَىٰ يَوۡمِ يُبۡعَثُونَ ﴿٣٦﴾ قَالَ فَإِنَّكَ
مِنَ ٱلۡمُنظَرِينَ ﴿٣٧﴾ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡوَقۡتِ ٱلۡمَعۡلُومِ ﴿٣٨﴾ قَالَ رَبِّ بِمَآ
أَغۡوَيۡتَنِي لَأُزَيِّنَنَّ لَهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَأُغۡوِيَنَّهُمۡ أَجۡمَعِينَ ﴿٣٩﴾
إِلَّا عِبَادَكَ مِنۡهُمُ ٱلۡمُخۡلَصِينَ ﴿٤٠﴾ قَالَ هَٰذَا صِرَٰطٌ عَلَيَّ
مُسۡتَقِيمٌ ﴿٤١﴾ إِنَّ عِبَادِي لَيۡسَ لَكَ عَلَيۡهِمۡ سُلۡطَٰنٌ إِلَّا مَنِ
ٱتَّبَعَكَ مِنَ ٱلۡغَاوِينَ ﴿٤٢﴾ وَإِنَّ جَهَنَّمَ لَمَوۡعِدُهُمۡ أَجۡمَعِينَ ﴿٤٣﴾
لَهَا سَبۡعَةُ أَبۡوَٰبٖ لِّكُلِّ بَابٖ مِّنۡهُمۡ جُزۡءٞ مَّقۡسُومٌ ﴿٤٤﴾ إِنَّ
ٱلۡمُتَّقِينَ فِي جَنَّٰتٖ وَعُيُونٍ ﴿٤٥﴾ ٱدۡخُلُوهَا بِسَلَٰمٍ ءَامِنِينَ ﴿٤٦﴾
وَنَزَعۡنَا مَا فِي صُدُورِهِم مِّنۡ غِلٍّ إِخۡوَٰنًا عَلَىٰ سُرُرٖ مُّتَقَٰبِلِينَ
﴿٤٧﴾ لَا يَمَسُّهُمۡ فِيهَا نَصَبٞ وَمَا هُم مِّنۡهَا بِمُخۡرَجِينَ ﴿٤٨﴾
۞ نَبِّئۡ عِبَادِيٓ أَنِّيٓ أَنَا ٱلۡغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٤٩﴾ وَأَنَّ عَذَابِي
هُوَ ٱلۡعَذَابُ ٱلۡأَلِيمُ ﴿٥٠﴾ وَنَبِّئۡهُمۡ عَن ضَيۡفِ إِبۡرَٰهِيمَ ﴿٥١﴾

حکمرا بوو پێیدەما
پەرسیاری لێ
دەکرێ دەربارەی
ڕێبەر دوستەکانی
پەیام پەرسیاری لێ
دەکرێ دەربارەی
ئەو کەسی وێکارەی
کە لە سەرپێڕەستی
کردوون. ئاڤڕەت
پەرسیاری لێ
دەکرێ دەربارەی
مالی مێردەکەی
وە کاروبارەش
پەرسیاری لێ
دەکرێ دەربارەی
مالی خاوەن و
گەورەکەی.

ئایەتی (١٢)
سورەتی
(الأعراف): عن
عائشة (رضي الله عنها)

قالت: قال رسول الله (ﷺ): (خلقت الملائكة من نور و خلق إبليس من مارج من نار و خلق آدم مما وصف لكم) (رواه مسلم). عائشە (ڕەزای خوای لێ بێ) دەگێڕێتەوە دەڵێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی (فریشتەکان لە ڕووناکی (نیشک) دروست کراون و ئیبلیس لە بڵێسەی ئاگر دروست کراوە و ئادەمیش لەوە دروست کراوە کە بۆتان باس کراوە).

﴿قَالَ يَٰٓإِبۡلِيسُ مَا لَكَ﴾(خوا) فەرمووی ئەی ئیبلیس بۆ چی تۆ ﴿أَلَّا تَكُونَ مَعَ ٱلسَّٰجِدِينَ﴾ لەگەڵ سوژدە بەراندا نەبوویت؟! ٣٢)﴿قَالَ لَمۡ أَكُن لِّأَسۡجُدَ لِبَشَرٖ﴾ (ئیبلیس) ووتی: من هیچ کاتێ سوژدە نابەم بۆ بەشەرێك ﴿خَلَقۡتَهُۥ مِن صَلۡصَٰلٖ مِّنۡ حَمَإٖ مَّسۡنُونٖ﴾ کەدروستت کردووە لە قوڕێکی ڕەشی ترشاوی رەق. ٣٣)﴿قَالَ فَٱخۡرُجۡ مِنۡهَا﴾ (خوا پێی) فەرموو دەلەوێ (بەهەشت) بڕۆدەرەوە ﴿فَإِنَّكَ رَجِيمٞ﴾ چونکە بەڕاستی تۆ لەبەزەیی من دەرکراوی. ٣٤) ﴿وَإِنَّ عَلَيۡكَ ٱللَّعۡنَةَ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلدِّينِ﴾ وە بەڕاستی نەفرینت لەسەرە تاڕۆژی دوایی. ٣٥)﴿قَالَ رَبِّ ٱنظِرۡنِيٓ إِلَىٰ يَوۡمِ يُبۡعَثُونَ﴾ ووتی ئەی پەروەردگارم دەی مۆڵەتم بدە تاڕۆژێ (مردووان) زیندوو دەکرێنەوە. ٣٦)﴿قَالَ فَإِنَّكَ مِنَ ٱلۡمُنظَرِينَ﴾ (خوا) فەرمووی ئەوە بەڕاستی تۆ لەمۆڵەت دراوانی. ٣٧)﴿إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡوَقۡتِ ٱلۡمَعۡلُومِ﴾ تاڕۆژێ کەکاتی دیاری کراوە. ٣٨)﴿قَالَ رَبِّ بِمَآ أَغۡوَيۡتَنِي﴾ ووتی ئەی پەروەردگارم لەبەر ئەوەی گومڕات کردم ﴿لَأُزَيِّنَنَّ لَهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ﴾ بێگومان خۆشی دنیایان لەزەویدا بۆ دەڕازێنمەوە ﴿وَلَأُغۡوِيَنَّهُمۡ أَجۡمَعِينَ﴾ وە بەڕاستی هەموویان گومڕا دەکەم. ٣٩)﴿إِلَّا عِبَادَكَ مِنۡهُمُ ٱلۡمُخۡلَصِينَ﴾ بەندە دڵسۆزەکانت نەبێت. ٤٠)﴿قَالَ هَٰذَا صِرَٰطٌ عَلَيَّ مُسۡتَقِيمٌ﴾ (خوا) فەرمووی ئەمە ڕێگای هەق و ڕاستە بەرەو من. ٤١)﴿إِنَّ عِبَادِي﴾ بەڕاستی بەندەکانی من ﴿لَيۡسَ لَكَ عَلَيۡهِمۡ سُلۡطَٰنٌ﴾ تۆ هیچ دەسەڵاتت نیە بەسەریاندا ﴿إِلَّا مَنِ ٱتَّبَعَكَ مِنَ ٱلۡغَاوِينَ﴾ جگە لەو گومڕایانەی کەشوێنت کەوتوون. ٤٢)﴿وَإِنَّ جَهَنَّمَ لَمَوۡعِدُهُمۡ أَجۡمَعِينَ﴾ وە بێ گومان دۆزەخ جێگای هەموویانە. ٤٣)﴿هَا سَبۡعَةُ أَبۡوَٰبٖ﴾ (دۆزەخ) حەوت دەرگای هەیە ﴿لِّكُلِّ بَابٖ مِّنۡهُمۡ جُزۡءٞ مَّقۡسُومٌ﴾ هەر دەرگایەکیشیان بۆ بەشێك لەوانە دابەش کراوە. ٤٤) ﴿إِنَّ ٱلۡمُتَّقِينَ فِي جَنَّٰتٖ وَعُيُونٖ﴾ بەڕاستی خۆپارێزو لە خواترسان لەناو باخات و کانیاودان. ٤٥)﴿ٱدۡخُلُوهَا بِسَلَٰمٍ ءَامِنِينَ﴾ (پێیان دەووتێت) بچنە ناویانەوە بەهێمنی و بێوەیی. ٤٦)﴿وَنَزَعۡنَا مَا فِي صُدُورِهِم مِّنۡ غِلّٖ﴾ هەڵ ڕق و کینەیەك لەدڵیاندا بووین دەرمان هێناوە ﴿إِخۡوَٰنًا عَلَىٰ سُرُرٖ مُّتَقَٰبِلِينَ﴾ برای یەکترن بەرامبەر یەکترن لەسەر کورسی دانیشتوون. ٤٧)﴿لَا يَمَسُّهُمۡ فِيهَا نَصَبٞ﴾ لەوێدا ماندوو بوونیان تووش نایەت ﴿وَمَا هُم مِّنۡهَا بِمُخۡرَجِينَ﴾ و هەرگیز لەو (بەهەشتە) دەرناکرێن. ٤٨)﴿نَبِّئۡ عِبَادِيٓ﴾ هەواڵ بدە بەبەندەکانم ﴿أَنِّيٓ أَنَا ٱلۡغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ﴾ کە بەڕاستی هەر من لێبوردەی میهرەبانم. ٤٩)﴿وَأَنَّ عَذَابِي هُوَ ٱلۡعَذَابُ ٱلۡأَلِيمُ﴾ وبێگومان هەر سزای منە سزای سەخت. ٥٠) ﴿وَنَبِّئۡهُمۡ عَن ضَيۡفِ إِبۡرَٰهِيمَ﴾ وە هەواڵیان پێ بدە دەربارەی میوانەکانی ئیبراهیم. ٥١)

إِذْ دَخَلُوا۟ عَلَيْهِ فَقَالُوا۟ سَلَٰمًا ۖ قَالَ إِنَّا مِنكُمْ وَجِلُونَ ﴿٥٢﴾ قَالُوا۟
لَا تَوْجَلْ إِنَّا نُبَشِّرُكَ بِغُلَٰمٍ عَلِيمٍ ﴿٥٣﴾ قَالَ أَبَشَّرْتُمُونِى عَلَىٰٓ أَن
مَّسَّنِىَ ٱلْكِبَرُ فَبِمَ تُبَشِّرُونَ ﴿٥٤﴾ قَالُوا۟ بَشَّرْنَٰكَ بِٱلْحَقِّ
فَلَا تَكُن مِّنَ ٱلْقَٰنِطِينَ ﴿٥٥﴾ قَالَ وَمَن يَقْنَطُ مِن رَّحْمَةِ
رَبِّهِۦٓ إِلَّا ٱلضَّآلُّونَ ﴿٥٦﴾ قَالَ فَمَا خَطْبُكُمْ أَيُّهَا ٱلْمُرْسَلُونَ
﴿٥٧﴾ قَالُوٓا۟ إِنَّآ أُرْسِلْنَآ إِلَىٰ قَوْمٍ مُّجْرِمِينَ ﴿٥٨﴾ إِلَّآ ءَالَ لُوطٍ ۖ
إِنَّا لَمُنَجُّوهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٥٩﴾ إِلَّا ٱمْرَأَتَهُۥ قَدَّرْنَآ ۙ إِنَّهَا لَمِنَ
ٱلْغَٰبِرِينَ ﴿٦٠﴾ فَلَمَّا جَآءَ ءَالَ لُوطٍ ٱلْمُرْسَلُونَ ﴿٦١﴾ قَالَ
إِنَّكُمْ قَوْمٌ مُّنكَرُونَ ﴿٦٢﴾ قَالُوا۟ بَلْ جِئْنَٰكَ بِمَا كَانُوا۟ فِيهِ
يَمْتَرُونَ ﴿٦٣﴾ وَأَتَيْنَٰكَ بِٱلْحَقِّ وَإِنَّا لَصَٰدِقُونَ ﴿٦٤﴾ فَأَسْرِ
بِأَهْلِكَ بِقِطْعٍ مِّنَ ٱلَّيْلِ وَٱتَّبِعْ أَدْبَٰرَهُمْ وَلَا يَلْتَفِتْ مِنكُمْ أَحَدٌ
وَٱمْضُوا۟ حَيْثُ تُؤْمَرُونَ ﴿٦٥﴾ وَقَضَيْنَآ إِلَيْهِ ذَٰلِكَ ٱلْأَمْرَ أَنَّ
دَابِرَ هَٰٓؤُلَآءِ مَقْطُوعٌ مُّصْبِحِينَ ﴿٦٦﴾ وَجَآءَ أَهْلُ ٱلْمَدِينَةِ
يَسْتَبْشِرُونَ ﴿٦٧﴾ قَالَ إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ ضَيْفِى فَلَا تَفْضَحُونِ ﴿٦٨﴾ وَٱتَّقُوا۟
ٱللَّهَ وَلَا تُخْزُونِ ﴿٦٩﴾ قَالُوٓا۟ أَوَلَمْ نَنْهَكَ عَنِ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٧٠﴾

الحديث (١٦)

موطأ

(الأعراف) عن سعيد بن أبي فاكهة قال: سمعت رسول الله (ﷺ) يقول إن الشيطان قعد لابن آدم بأطرقه فقعد له بطريق الإسلام فقال أتسلم و تذر دينك و دين آبائك قال فعصاه وأسلم قال و قعد له بطريق الهجرة فقال أتهاجر و تدع أرضك و سماءك و إنما مثل المهاجر كالفرس في الطول فعصاه و هاجر ثم قعد له بطريق الجهاد فقال تقاتل فتقتل فتنكح المرأة و تقسم المال قال فعصاه فجاهد وقال رسول الله (ﷺ): (فمن فعل ذلك منهم فمات كان حقاً على الله أن يدخله الجنة و إن قتل كان حقاً على الله أن يدخله الجنة وإن غرق كان حقاً على الله أن يدخله الجنة أو وقصته دابة كان حقاً على الله أن يدخله الجنة). (رواه الإمام أحمد والنسائي وابن حبان). لەسەربووەی کۆری ئەمیر فاکیهەوە ڕوایی: ئاوڕم لێ بوو ڕێگەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو: (ڕێگەیەکان شەیتان لەسەر-

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا عَلَيْكُمْ أَنفُسَكُمْ﴾ کاتێ چوونە ئەدەوە بۆلای ووتیان سەلامت لێ بێ ﴿قُلْ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ كَفَرُوا﴾ (ئیبراهیم) ووتی بەڕاستی ئێمە لێتان دەترسین. ٥٢)﴿وَإِذَا لَا تَوَكَّلُوا﴾ ووتیان(پێی) مەترسە ﴿إِنَّا نُبَشِّرُكَ بِغُلَامٍ عَلِيمٍ﴾ بەڕاستی ئێمە مژدەت دەدەینێ بەلەدایک بوونی) کوڕێکی زانا. ٥٣)﴿قَالَ أَبَشَّرْتُمُونِي﴾ ووتی ئایا مژگێنیم پێ دەدەن ﴿عَلَىٰ أَن مَّسَّنِيَ الْكِبَرُ﴾ لەکاتێکدا کەپیر بووم ﴿فَبِمَ تُبَشِّرُونَ﴾ ئیتر چی مژدەبەکم دەدەنێ. ٥٤)﴿قَالُوا بَشَّرْنَاكَ بِالْحَقِّ﴾ ووتیان ئەو مژدەی داوماند پێت پاستە (و دەبێت)﴿فَلَا تَكُن مِّنَ الْقَانِطِينَ﴾جا لە نائومێدان مەبە. ٥٥)﴿قَالَ وَمَن يَقْنَطُ مِن رَّحْمَةِ رَبِّهِ﴾ ووتی جا کێ لەسیپەرەبانی پەروەردگاری نائومێد دەبێ ﴿إِلَّا الضَّالُّونَ﴾ بێجگە لەگومڕایان. ٥٦) ﴿قَالَ فَمَا خَطْبُكُمْ أَيُّهَا الْمُرْسَلُونَ﴾ (ئیبراهیم) فەرمووی ئەی پەوانەکراوان(ی خوا) ﷺ کارێکی گرنگتان هەیە. ٥٧) ﴿قَالُوا إِنَّا أُرْسِلْنَا إِلَىٰ قَوْمٍ مُّجْرِمِينَ﴾ ووتیان بەڕاستی ئێمە ئێردراوین بۆ سەر گەلێکی تاوانبار (لەناوبان بەرین). ٥٨)﴿إِلَّا آلَ لُوطٍ إِنَّا لَمُنَجُّوهُمْ أَجْمَعِينَ﴾ جگە لەماڵ و منداڵی لووط کە بێ گومان هەموویان ڕزگار دەکەین. ٥٩) ﴿إِلَّا امْرَأَتَهُ قَدَّرْنَا إِنَّهَا لَمِنَ الْغَابِرِينَ﴾ (بەکەسی فەرمێت کە بێگومان بەیەکانەوە شەو لەتیاچوان دەبێت. ٦٠) ﴿فَلَمَّا جَاءَ آلَ لُوطٍ الْمُرْسَلُونَ﴾ جاکاتێ ئێردراوەکان هاتن بۆلای خاو خێزانی لووط. ٦١) ﴿قَالَ إِنَّكُمْ قَوْمٌ مُّنكَرُونَ﴾ (لووط) ووتی بەڕاستی ئێوە هەستەبەکی نەناسراون. ٦٢)﴿قَالُوا بَلْ جِئْنَاكَ﴾ ووتیان بەڵکو ئێمە بۆمان هێناوی ﴿بِمَا كَانُوا فِيهِ يَمْتَرُونَ﴾ ئەوڕسانەی کەهەوان ئێیدا دووڵێ بوون. ٦٣)﴿وَأَتَيْنَاكَ بِالْحَقِّ﴾ وە ئێمە ڕاستیمان بۆ تۆ هێناوە﴿وَإِنَّا لَصَادِقُونَ﴾ بێگومان ئێمە ڕاست گۆین. ٦٤)﴿فَأَسْرِ بِأَهْلِكَ بِقِطْعٍ مِّنَ اللَّيْلِ﴾ جا کەواتە لەبەشێکی شەوا شەوڕەوی بەخۆشەکەوتووان و خاوخێزانت بکە ﴿وَاتَّبِعْ أَدْبَارَهُمْ﴾و خۆت دوایان بکەوە﴿وَلَا يَلْتَفِتْ مِنكُمْ أَحَدٌ﴾ هیچ کامتان لێنەکەنەوە﴿وَامْضُوا حَيْثُ تُؤْمَرُونَ﴾و بەڕێن بۆ ئەو شوێنەی کەفەرمانتان پێ دراوە. ٦٥)﴿وَقَضَيْنَا إِلَيْهِ ذَٰلِكَ الْأَمْرَ﴾ ئەم کارەمان بەنیگا بەلووط ڕاگەیاند﴿أَنَّ دَابِرَ هَٰؤُلَاءِ مَقْطُوعٌ مُّصْبِحِينَ﴾ کەبێگومان لەبەرەبەیاندا ئەوانە دوا بڕاو دەبن(هەمووبان لەناو دەچن). ٦٦)﴿وَجَاءَ أَهْلُ الْمَدِينَةِ يَسْتَبْشِرُونَ﴾ جا خەڵکی (ئێربانی) شارەکە هاتن (بەڕەو ماڵی لووط و) مژدەیان بەیەکتری دەدا. ٦٧)﴿قَالَ إِنَّ هَٰؤُلَاءِ ضَيْفِي﴾ (لووط) ووتی ڕاستیەکان ئەمانە میوانی منن ﴿فَلَا تَفْضَحُونِ﴾ دەی شەیدوم مەبەن. ٦٨)﴿وَاتَّقُوا اللَّهَ وَلَا تُخْزُونِ﴾ و لە خوا بترسن و هەرمەزار و ڕیسوام مەکەن. ٦٩)﴿قَالُوا أَوَلَمْ نَنْهَكَ عَنِ الْعَالَمِينَ﴾ ووتیان ئێمە پێمان نەووتیت ناێ بەرگری لە کەس بەکەیت (ناێ کەس فریشت کەوێ). ٧٠)

قَالَ هَٰٓؤُلَآءِ بَنَاتِيٓ إِن كُنتُمْ فَٰعِلِينَ ﴿٧١﴾ لَعَمْرُكَ إِنَّهُمْ لَفِي سَكْرَتِهِمْ
يَعْمَهُونَ ﴿٧٢﴾ فَأَخَذَتْهُمُ ٱلصَّيْحَةُ مُشْرِقِينَ ﴿٧٣﴾ فَجَعَلْنَا عَٰلِيَهَا
سَافِلَهَا وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهِمْ حِجَارَةً مِّن سِجِّيلٍ ﴿٧٤﴾ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ
لَءَايَٰتٍ لِّلْمُتَوَسِّمِينَ ﴿٧٥﴾ وَإِنَّهَا لَبِسَبِيلٍ مُّقِيمٍ ﴿٧٦﴾ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ
لَءَايَةً لِّلْمُؤْمِنِينَ ﴿٧٧﴾ وَإِن كَانَ أَصْحَٰبُ ٱلْأَيْكَةِ لَظَٰلِمِينَ ﴿٧٨﴾
فَٱنتَقَمْنَا مِنْهُمْ وَإِنَّهُمَا لَبِإِمَامٍ مُّبِينٍ ﴿٧٩﴾ وَلَقَدْ كَذَّبَ أَصْحَٰبُ
ٱلْحِجْرِ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿٨٠﴾ وَءَاتَيْنَٰهُمْ ءَايَٰتِنَا فَكَانُوا۟ عَنْهَا مُعْرِضِينَ
﴿٨١﴾ وَكَانُوا۟ يَنْحِتُونَ مِنَ ٱلْجِبَالِ بُيُوتًا ءَامِنِينَ ﴿٨٢﴾ فَأَخَذَتْهُمُ
ٱلصَّيْحَةُ مُصْبِحِينَ ﴿٨٣﴾ فَمَآ أَغْنَىٰ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ ﴿٨٤﴾
وَمَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَآ إِلَّا بِٱلْحَقِّ ۗ وَإِنَّ
ٱلسَّاعَةَ لَءَاتِيَةٌ ۖ فَٱصْفَحِ ٱلصَّفْحَ ٱلْجَمِيلَ ﴿٨٥﴾ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ
ٱلْخَلَّٰقُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٨٦﴾ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَٰكَ سَبْعًا مِّنَ ٱلْمَثَانِي وَٱلْقُرْءَانَ
ٱلْعَظِيمَ ﴿٨٧﴾ لَا تَمُدَّنَّ عَيْنَيْكَ إِلَىٰ مَا مَتَّعْنَا بِهِۦٓ أَزْوَٰجًا مِّنْهُمْ
وَلَا تَحْزَنْ عَلَيْهِمْ وَٱخْفِضْ جَنَاحَكَ لِلْمُؤْمِنِينَ ﴿٨٨﴾ وَقُلْ إِنِّيٓ
أَنَا ٱلنَّذِيرُ ٱلْمُبِينُ ﴿٨٩﴾ كَمَآ أَنزَلْنَا عَلَى ٱلْمُقْتَسِمِينَ ﴿٩٠﴾

حەزرەتی پاکلان دانیشتوە بۆ شاد دەبێت جا لەسەر ڕێگای موسڵمان بوون دانیشتوە بڵێ و پێی ئەڵێ: چۆن موسڵمان دەبی و واز لە تاپۆی خۆت و بڕوا بەپێت دەهێنی؟ پێغەمبەر فەرموی: بە ئۆقرەی پاکلان و موسڵمان دەبی) فەرموی: (جا لە ڕێگەی ئاوڕ کسردن دا بۆی دەنێرن دەڵێن چۆن ئاوڕ دەکەیت و زەوی و ئاسمانی خستوە بەمجۆ دەهێڵێ؟ بە ڕاستی

خوردەی گاڵجاری وەک ئاسەوار وایە لە هۆزدا جا سەرپێچی دەکات و ئاوڕ دەکات پاکلان (لەسەر ڕێگای چیاوانی خەباتدا بۆی دادەنیشێت دەڵێ جەنگ دەکەیت و دەگرێبیت و ژنەکەت مارە دەگرێتەوە سامانەکەشت دابەش دەکرێ)فەرموی (هەر سەرپێچی ئاکات و خەیات دەکات لە ڕێگای خوادا) ئەویسا پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموی: (هەرکەس بە هیچ دینێکی کۆن (وەکو ئاوڕدانەوە تێپەڕبوو) بڕوا بکوە خوا—

ئاياتلىق (٩٠) سۈرىتى (النحل): قال رسول الله (ﷺ): (ما من عبد يستريح الله راحة يوم يموت يوم يموت إلا قال الرحيم الله عليه الجنة) (متفق عليه). يۇقىدىكىسى خوا (ﷺ) دەكتۇرى: (ھەركىمنى-

﴿أَلَمْ تَكُنْ آيَاتِي﴾ (پێیان دەوترێ) ئایەتەکانی من لەدنیادا ﴿تُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ﴾ بەسەرتاندا نەدەخوێندرایەوە؟ ﴿فَكُنتُم بِهَا تُكَذِّبُونَ﴾ کەچی ئێوە بەدرۆتان دەزانی و ئیمانتان پێ نەدەهێنا. ١٠٥)﴿قَالُوا رَبَّنَا﴾ (لەوەڵامدا) دەڵێن ئەی پەروەردگاری ئێمە ﴿غَلَبَتْ عَلَيْنَا شِقْوَتُنَا﴾ بەدی و خراپی خۆمان زاڵ بوو بەسەرماندا ﴿وَكُنَّا قَوْمًا ضَالِّينَ﴾ وە ئێمە کەسانێکی گومڕابووین. ١٠٦)﴿رَبَّنَا أَخْرِجْنَا مِنْهَا﴾ ئەی پەروەردگارمان لەم (دۆزەخە) دەرمان بێنە ﴿فَإِنْ عُدْنَا فَإِنَّا ظَالِمُونَ﴾ جا ئەگەر جارێکی تر گەڕایەوە (بۆ بێ باوەڕی) ئەوە بەڕاستی ئێمە ستەمکارین. ١٠٧)﴿قَالَ اخْسَئُوا فِيهَا وَلَا تُكَلِّمُونِ﴾ وە (خوا) دەفەرموێ: بە ڕەسوایی بمێننەوە لەدۆزەخدا و هیچ قسەیەکم لەگەڵدا مەکەن (إخساً: بۆ سەگ بەکاردێ کاتێ دەڕی دەکەیت و پێی دەڵێیت چنە). ١٠٨) ﴿إِنَّهُ كَانَ فَرِيقٌ مِّنْ عِبَادِي﴾ بێگومان لەدنیادا کۆمەڵێک لەبەندەکانی من ﴿يَقُولُونَ رَبَّنَا آمَنَّا﴾ دەیانووت ئەی پەروەردگارمان ئێمە باوەڕمان هێناوە ﴿فَاغْفِرْ لَنَا وَارْحَمْنَا﴾ دەی لێبوان خۆش بەر بەخشمان پێ بکە ﴿وَأَنتَ خَيْرُ الرَّاحِمِينَ﴾ چونکە تۆ چاکترینی میهرەبانانی. ١٠٩)﴿فَاتَّخَذْتُمُوهُمْ سِخْرِيًّا﴾ کەچی ئێوە گاڵتەتان بەوان دەکرد ﴿حَتَّىٰ أَنسَوْكُمْ ذِكْرِي﴾ تا (ئەو گاڵتە کردنەتان بە) ئەوان یادی منتی لەبیربردنەوە ﴿وَكُنتُم مِّنْهُمْ تَضْحَكُونَ﴾وە ئێوە هەمیشە بەوان پێدەکەنین. ١١٠)﴿إِنِّي جَزَيْتُهُمُ الْيَوْمَ﴾ بێگومان ئەمڕۆ پاداشتم داونەتەوە ﴿بِمَا صَبَرُوا﴾ بەهۆی خۆگرییانەوە ﴿أَنَّهُمْ هُمُ الْفَائِزُونَ﴾ بەڕاستی هەر ئەوان سەرکەوتوو. ١١١)﴿قَالَ كَمْ لَبِثْتُمْ فِي الْأَرْضِ عَدَدَ سِنِينَ﴾ (خوا) دەفەرموێ: چەند ساڵ لەسەر زەوی دا ماندوە. ١١٢)﴿قَالُوا لَبِثْنَا يَوْمًا أَوْ بَعْضَ يَوْمٍ﴾ (لە وەڵامدا) دەڵێن ڕۆژێک یا کەمتر لەڕۆژێک ماینەوە ﴿فَاسْأَلِ الْعَادِّينَ﴾ لەو (فریشتە)انە بپرسە کەژمێریارن. ١١٣)﴿قَالَ إِن لَّبِثْتُمْ إِلَّا قَلِيلًا﴾ (خوا) فەرموێ تەماوەتەوە ماوەیەکی کەم نەبێت ﴿لَّوْ أَنَّكُمْ كُنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ ئەگەر بەڕاستی ئێوە دەتانزانی؟ ١١٤)﴿أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَاكُمْ عَبَثًا﴾ ئایا ئێوە گومانتان وابووە کەبێگومان ئێوەمان بەبێ هودە دروست کردووە ﴿وَأَنَّكُمْ إِلَيْنَا لَا تُرْجَعُونَ﴾ وە بێگومان ئێوە ناگەڕێنەوە بۆلای ئێمە. ١١٥)﴿فَتَعَالَى اللَّهُ الْمَلِكُ الْحَقُّ﴾ جا بەڕۆ بڵندی بۆ خوای پاشای ڕاستەڕەوا ﴿لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ﴾ هیچ پەرستراوێک نی یە جگە لەو ﴿رَبُّ الْعَرْشِ الْكَرِيمِ﴾ کەپەروەردگاری عەرشی بەڕێزە. ١١٦) ﴿وَمَن يَدْعُ مَعَ اللَّهِ إِلَٰهًا آخَرَ﴾ هەر کەس بپەرستێ ﴿لَا بُرْهَانَ لَهُ بِهِ﴾ پەرستراوێکی تر لەگەڵ خوادا ﴿فَإِنَّمَا حِسَابُهُ عِندَ رَبِّهِ﴾ کەهیچ بەڵگەیەکی نەبێ لەسەر ئەو (پەرستنە) ﴿إِنَّهُ لَا يُفْلِحُ الْكَافِرُونَ﴾ ئەوە بەڕاستی لێپرسینەوەی تەنها لای پەروەردگارێتی بێگومان کافران بێبەش نابن. ١١٧) ﴿وَقُل رَّبِّ اغْفِرْ وَارْحَمْ﴾ (ئەی موحەممەد(ﷺ)) بڵێ ئەی پەروەردگارم لێم خۆش بەر بەخشم پێ بکە ﴿وَأَنتَ خَيْرُ الرَّاحِمِينَ﴾وە تۆ (خوایە) چاکترینی میهرەبانانی. ١١٨)

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

سُورَةٌ أَنزَلْنَاهَا وَفَرَضْنَاهَا وَأَنزَلْنَا فِيهَا آيَاتٍ بَيِّنَاتٍ لَّعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ ﴿١﴾
الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِّنْهُمَا مِائَةَ جَلْدَةٍ ۖ وَلَا تَأْخُذْكُم
بِهِمَا رَأْفَةٌ فِي دِينِ اللَّهِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ۖ وَلْيَشْهَدْ
عَذَابَهُمَا طَائِفَةٌ مِّنَ الْمُؤْمِنِينَ ﴿٢﴾ الزَّانِي لَا يَنكِحُ إِلَّا زَانِيَةً أَوْ
مُشْرِكَةً وَالزَّانِيَةُ لَا يَنكِحُهَا إِلَّا زَانٍ أَوْ مُشْرِكٌ ۚ وَحُرِّمَ ذَٰلِكَ عَلَى
الْمُؤْمِنِينَ ﴿٣﴾ وَالَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ
فَاجْلِدُوهُمْ ثَمَانِينَ جَلْدَةً وَلَا تَقْبَلُوا لَهُمْ شَهَادَةً أَبَدًا ۚ وَأُولَٰئِكَ هُمُ
الْفَاسِقُونَ ﴿٤﴾ إِلَّا الَّذِينَ تَابُوا مِن بَعْدِ ذَٰلِكَ وَأَصْلَحُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ
رَّحِيمٌ ﴿٥﴾ وَالَّذِينَ يَرْمُونَ أَزْوَاجَهُمْ وَلَمْ يَكُن لَّهُمْ شُهَدَاءُ إِلَّا أَنفُسُهُمْ
فَشَهَادَةُ أَحَدِهِمْ أَرْبَعُ شَهَادَاتٍ بِاللَّهِ ۙ إِنَّهُ لَمِنَ الصَّادِقِينَ ﴿٦﴾
وَالْخَامِسَةُ أَنَّ لَعْنَتَ اللَّهِ عَلَيْهِ إِن كَانَ مِنَ الْكَاذِبِينَ ﴿٧﴾ وَيَدْرَأُ
عَنْهَا الْعَذَابَ أَن تَشْهَدَ أَرْبَعَ شَهَادَاتٍ بِاللَّهِ ۙ إِنَّهُ لَمِنَ الْكَاذِبِينَ
﴿٨﴾ وَالْخَامِسَةَ أَنَّ غَضَبَ اللَّهِ عَلَيْهَا إِن كَانَ مِنَ الصَّادِقِينَ ﴿٩﴾
وَلَوْلَا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ وَأَنَّ اللَّهَ تَوَّابٌ حَكِيمٌ ﴿١٠﴾

سورەی ئا-نوور
خوارەوەی ئایەتی (٢) سورەتی (النور)، (الزاني لا ينكح إلا زانية أو مشركة) تەرجەمەی کوردی شرۆڤەیەکە بۆ بارگیرەی ئەوەی لە بابەتی ئەنجامدانی دەگێڕێتەوە دەڵێت: پەیوەندی هەبوو ئاوی (مرثد بن أبي مرثد) بوو بەندکراوی لە مەککەدا دەگەڕایەوە بۆ مەدینە دەڵێت: لە مەککەدا ئافرەتێکی زەلکار هەبوو ناوی عەناق بوو خۆشی (مرثد) بوو (پێش موسوڵمان بوونی مرثد) دەڵێ پەیمانم دابوو بە پەیوەندی گەیاو لە مەککە کە ڕزگاری بکەم، دەڵێت: ئەمڕۆکی مانگە شەو هاتم بۆ مەککە و لەبەر سێبەری دیوارێکدا خۆم ئامادە کرد، ئەو کاتەدا عەناق هات و ئاماژەی سێبەرەکەی پێنی لە ئێرە دیوارەکەدا کاتێک گەیشتم کەوتمە، شەپی و پێنی: (مرثد) ی ڕوم؟ پاشێ (مرثد)ەو پێنی: سڵاوت لێ بێت و بەخێر بێیت وەرە ئەشەو لام بمێنێتەوە -

سورەتی ﴿ النور ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان ﴿سُورَةٌ أَنزَلْنَاهَا﴾ ئەمە سورەتێکە ئێمە ناردومانەتە خوارەوە ﴿وَفَرَضْنَاهَا﴾ و فەرزمان کردووە (گوێڕایەڵی بڕیارەکانی) ﴿وَأَنزَلْنَا فِيهَا﴾ وە لەو (سورەتە)دا هێناومانەتە خوارەوە ﴿آيَاتٍ بَيِّنَاتٍ﴾ ئایەتە ڕوونەکان ﴿لَّعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ﴾ بۆ ئەوەی ئێوە بیر بکەنەوە. ١) ﴿الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي﴾ ژن و پیاوی زیناکەر ﴿فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِّنْهُمَا مِائَةَ جَلْدَةٍ﴾ هەریەکێکیان سەد دار(شەلاق)یان لێ بدەن ﴿وَلَا تَأْخُذْكُم بِهِمَا رَأْفَةٌ﴾ وە بەزەیی هاتنەوەتان پێیاندا (ژن و پیاوی زیناکەر) نەتان گرێ ﴿فِي دِينِ اللَّهِ﴾ لە(جێ بەجێ کردنی) فەرمانی خوا ﴿إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ﴾ ئەگەر ئێوە باوەڕتان هەیە ﴿بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ﴾ بەخوا و بەڕۆژی دوایی ﴿وَلْيَشْهَدْ عَذَابَهُمَا﴾ وە با ئامادەی بینینی سزادانی ئەو دووانە بن ﴿طَائِفَةٌ مِّنَ الْمُؤْمِنِينَ﴾ کۆمەڵێک لەباوەڕداران. ٢) ﴿الزَّانِي لَا يَنكِحُ إِلَّا زَانِيَةً أَوْ مُشْرِكَةً﴾ پیاوی زیناکەر مارە ناکات تەنها ئافرەتی زیناکەر و ئافرەتی موشریک نەبێ ﴿وَالزَّانِيَةُ لَا يَنكِحُهَا إِلَّا زَانٍ أَوْ مُشْرِكٌ﴾ وە ئافرەتی زیناکەر مارەی ناکات پیاوی زیناکەر یا پیاوی موشریک نەبێ ﴿وَحُرِّمَ ذَٰلِكَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ﴾ ئەو (مارەکردن و شووکردن بەزیناکەر)ە یاساغ کراوە لەسەر ئیمانداران. ٣) ﴿وَالَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ﴾ وە ئەوانەی کەبوختانی (زینا) دەکەن بۆ ئافرەتانی داوێن پاک ﴿ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ﴾ لەپاشان چوار شایەت ناهێنن (لەسەر ڕاستی بوختانەکەیان) ﴿فَاجْلِدُوهُمْ ثَمَانِينَ جَلْدَةً﴾ ئەوە هەشتا دار (شەلاق)یان لێ بدەن ﴿وَلَا تَقْبَلُوا لَهُمْ شَهَادَةً أَبَدًا﴾ ئیتر هەرگیز شایەتیان لێ وەرمەگرن ﴿وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ﴾ وە ئەوانە لەسنوور دەرچوون. ٤) ﴿إِلَّا الَّذِينَ تَابُوا مِن بَعْدِ ذَٰلِكَ﴾ جگە لەوانەی کە دوای ئەوە تەوبە دەکەن ﴿وَأَصْلَحُوا﴾ و کردەوەیان چاک دەکەن ﴿فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ ئەوسا بەڕاستی خوا لێخۆش بووی بەبەزەیی یە. ٥) ﴿وَالَّذِينَ يَرْمُونَ أَزْوَاجَهُمْ﴾ ئەو (پیاوانەی) بوختان بۆ خێزانەکانیان دەکەن ﴿وَلَمْ يَكُن لَّهُمْ شُهَدَاءُ إِلَّا أَنفُسُهُمْ﴾ وە بێجگە لەخۆیان هیچ شایەتێکیان نی یە ﴿فَشَهَادَةُ أَحَدِهِمْ﴾ ئەوە شایەتی دانی هەریەک لەوانە (بەم جۆرەیە) ﴿أَرْبَعُ شَهَادَاتٍ بِاللَّهِ إِنَّهُ لَمِنَ الصَّادِقِينَ﴾ کە چوار سوێند بەخوا بخوات کەبێگومان ئەو لەڕاستگۆیانە (کەدەڵێت خێزانەکەم بینیوە زینای کردووە). ٦) ﴿وَالْخَامِسَةُ أَنَّ لَعْنَتَ اللَّهِ عَلَيْهِ﴾ وە لەپێنجەم جاردا بڵێ نەفرینی خوا لەسەر ئەوبێ ﴿إِن كَانَ مِنَ الْكَاذِبِينَ﴾ ئەگەر درۆزن بێ. ٧) ﴿وَيَدْرَأُ عَنْهَا الْعَذَابَ﴾ ئەو ئافرەتەش (کەتاوان بار کراوە لەلایەن مێردەکەیەوە) سزای (زینای) لەسەر لادەبات ﴿أَن تَشْهَدَ أَرْبَعَ شَهَادَاتٍ بِاللَّهِ إِنَّهُ لَمِنَ الْكَاذِبِينَ﴾ بەمەی کەچوار جار سوێند بەخوا بخوات کەبێگومان مێردەکەی لەدرۆزنانە (درۆ دەکات). ٨) ﴿وَالْخَامِسَةَ أَنَّ غَضَبَ اللَّهِ عَلَيْهَا إِن كَانَ مِنَ الصَّادِقِينَ﴾ وە لەپێنجەم جاردا (بڵێت) خەشمی خوای لەسەر بێ ئەگەر مێردەکەی لەڕاست گۆیان بێت. ٩) ﴿وَلَوْلَا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ﴾ وە ئەگەر بەهرەو بەزەیی خوا نەبوایە بەسەرتانەوە(هەر کام لەو پیاو و ئافرەتەی باسکران درۆزن بن خوا دەری دەخست و سزای دەدا لەدنیادا) ﴿وَأَنَّ اللَّهَ تَوَّابٌ حَكِيمٌ﴾ وە بێگومان خوا گێراکەری پەشیمانی و کار دروستە. ١٠)

إِنَّ الَّذِينَ جَاءُو بِالْإِفْكِ عُصْبَةٌ مِّنكُمْ ۚ لَا تَحْسَبُوهُ شَرًّا لَّكُم ۖ بَلْ هُوَ
خَيْرٌ لَّكُمْ ۚ لِكُلِّ امْرِئٍ مِّنْهُم مَّا اكْتَسَبَ مِنَ الْإِثْمِ ۚ وَالَّذِي تَوَلَّىٰ
كِبْرَهُ مِنْهُمْ لَهُ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿١١﴾ لَّوْلَا إِذْ سَمِعْتُمُوهُ ظَنَّ الْمُؤْمِنُونَ
وَالْمُؤْمِنَاتُ بِأَنفُسِهِمْ خَيْرًا وَقَالُوا هَٰذَا إِفْكٌ مُّبِينٌ ﴿١٢﴾ لَّوْلَا
جَاءُو عَلَيْهِ بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ ۚ فَإِذْ لَمْ يَأْتُوا بِالشُّهَدَاءِ فَأُولَٰئِكَ
عِندَ اللَّهِ هُمُ الْكَاذِبُونَ ﴿١٣﴾ وَلَوْلَا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ
فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ لَمَسَّكُمْ فِي مَا أَفَضْتُمْ فِيهِ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿١٤﴾
إِذْ تَلَقَّوْنَهُ بِأَلْسِنَتِكُمْ وَتَقُولُونَ بِأَفْوَاهِكُم مَّا لَيْسَ لَكُم بِهِ عِلْمٌ
وَتَحْسَبُونَهُ هَيِّنًا وَهُوَ عِندَ اللَّهِ عَظِيمٌ ﴿١٥﴾ وَلَوْلَا إِذْ سَمِعْتُمُوهُ
قُلْتُم مَّا يَكُونُ لَنَا أَن نَّتَكَلَّمَ بِهَٰذَا سُبْحَانَكَ هَٰذَا بُهْتَانٌ عَظِيمٌ
﴿١٦﴾ يَعِظُكُمُ اللَّهُ أَن تَعُودُوا لِمِثْلِهِ أَبَدًا إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١٧﴾
وَيُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمُ الْآيَاتِ ۚ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿١٨﴾ إِنَّ الَّذِينَ
يُحِبُّونَ أَن تَشِيعَ الْفَاحِشَةُ فِي الَّذِينَ آمَنُوا لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ
فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ ۚ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴿١٩﴾ وَلَوْلَا
فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ وَأَنَّ اللَّهَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴿٢٠﴾

- مانیش دوهم ئەی
هەتاق خوای
گەورە داوێن پیسی
حەرام کردووە،
ئەدیا دروستی ئەی
خەڵکینە ئەم پیارە
دەیـــــــەوێت
گیرۆدەکاتان بیات
و پێگەیان بکات.
(مرۆڤ) دەڵێت
هەڤت کەس
فەرزیەم کەوتن
مانیش بام کردو
بەرەو کێوی
خەندەسە پاپەشتم
تاکو گەشتمە
ئەشکەوتێک و
چوومە ناوی
ئەوانیش هاتن
هەتاوەکو نزیک
ئەشکەوتەکە
گەیشتنی بەلام

خوای گەورە چاوپۆشی لەئاستی من کردو، دەڵێت پاشان گەیشتم بۆ هەتاکەی مانیش گەیشتمە بۆ ئای
ماوێنکەم و هەڵم گرت کەپیاوێکی زۆر قەوی بوو، پاشان هاتم بەسوای پەنجەکی ئەوانداو هەستم
پێوەدەکەم کردەوە ئەیەشم هەڵگرت و پارەشی دام هەتاکو هاتمەوە بۆ مەبەستی چوبە ئای پێغەمبەری
خوا(ﷺ) دوهم ئەی پێغەمبەر ئەمەیە هەتاق بخوازەوە مارەی بکەم پێغەمبەری خوا(ﷺ) پێی مەنگ بوو -

﴿إِنَّ الَّذِينَ جَاءُوا بِالْإِفْكِ﴾ بێگومان کەسانێ کەئەو بوهتانەیان (بۆ عائیشەی خێزانی پێغەمبەر(ﷺ)) هەڵبەست ﴿عُصْبَةٌ مِنْكُمْ﴾ دەستەیە بوون لەخۆتان (بامونافیقیشیان تیا بوو) ﴿لَا تَحْسَبُوهُ شَرًّا لَكُمْ﴾ وا مەزانن ئەو (بوهتانە)شەڕو خرایە بۆتان ﴿بَلْ هُوَ خَيْرٌ لَكُمْ﴾ (واتی یە)بەڵکو خێرو چاکەیە بۆتان ﴿لِكُلِّ امْرِئٍ مِنْهُمْ﴾ بۆهەر یەك لەوانە هەیە ﴿مَا اكْتَسَبَ مِنَ الْإِثْمِ﴾ لەتاوان بەو ئەندازەی هەوڵی داوە (لەو بوهتانەدا) ﴿وَالَّذِي تَوَلَّى كِبْرَهُ مِنْهُمْ﴾ وە ئەو کەسەیان کەبەشی گەورەی بوختانەکەی گرتە ئەستۆ (کەعەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی بوو) ﴿لَهُ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ (لەڕۆژی دواییدا) بۆ ئەوە سزای هەرە گەورە. ١١)﴿لَوْلَا إِذْ سَمِعْتُمُوهُ﴾ دەبوا کاتێ ئەو بوهتانەتان بیست ﴿ظَنَّ الْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بِأَنْفُسِهِمْ خَيْرًا﴾ پیاوان و ئافرەتانی ئیماندار گومانی چاکیان بەخۆیان بیردایە ﴿وَقَالُوا هَذَا إِفْكٌ مُبِينٌ﴾ وەبیان ووتایە ئەمە بوهتانێکی ئاشکراو ڕوونە. ١٢)﴿لَوْلَا جَاءُوا عَلَيْهِ بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ﴾ دە بۆچی ئەو بوهتان کەرانە چوار شایەتیان لەسەری نەهێنا ﴿فَإِذْ لَمْ يَأْتُوا بِالشُّهَدَاءِ﴾ ئینجا ئەگەر شایەتەکانیان نەهێنا ﴿فَأُولَئِكَ عِنْدَ اللَّهِ هُمُ الْكَاذِبُونَ﴾ کەواتە هەر ئەوانەن لای خوا درۆزن. ١٣)﴿وَلَوْلَا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ﴾ وە ئەگەر بەهرەو ڕەحمەتی خوا نەبوایە بەسەرتانەوە ﴿فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ﴾ لەدنیا و ڕۆژی دوایی دا ﴿لَمَسَّكُمْ فِي مَا أَفَضْتُمْ فِيهِ﴾ دوو چارتان دەبوو لەبەر ڕوچونتان لەو بوهتانەدا (بۆ عائیشە) ﴿عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ سزایەکی گەورە. ١٤)﴿إِذْ تَلَقَّوْنَهُ بِأَلْسِنَتِكُمْ﴾ کاتێ ئەم بوهتانەتان بەدەماو دەم لە یەکترەوە وەردەگرت ﴿وَتَقُولُونَ بِأَفْوَاهِكُمْ﴾ وە بەزمانتان شتێك دەڵێن ﴿مَا لَيْسَ لَكُمْ بِهِ عِلْمٌ﴾ کە زانیاریتان دەربارەی نەبوو ﴿وَتَحْسَبُونَهُ هَيِّنًا﴾ واتان دەزانی شتێکی سووك و ئاسانە ﴿وَهُوَ عِنْدَ اللَّهِ عَظِيمٌ﴾ لەکاتێکدا لای خوا زۆر گەورەیە. ١٥)﴿وَلَوْلَا إِذْ سَمِعْتُمُوهُ قُلْتُمْ﴾ بۆچی کاتێ ئەمەتان بیست نەتان ووت ﴿مَا يَكُونُ لَنَا﴾ بۆ ئێمە شیاو نی یە ﴿أَنْ نَتَكَلَّمَ بِهَذَا﴾ قسە(و بوهتانی)ی وا بکەین ﴿سُبْحَانَكَ هَذَا بُهْتَانٌ عَظِيمٌ﴾ پاك و بێگەردی بۆ تۆخوایە، ئەمە بوهتانێکی زۆر گەورەیە. ١٦)﴿يَعِظُكُمُ اللَّهُ﴾ خوا ئامۆژگاریتان دەکات ﴿أَنْ تَعُودُوا لِمَا لَكُمْ أَبَدًا﴾ کە هەرگیز نەگەڕێنەوە بۆ وێنەی ئەوەی ڕووی دا ﴿إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾ ئەگەر ئێوە بڕوادارن. ١٧)﴿وَيُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمُ الْآيَاتِ﴾ وە خوا ئایەتەکانی خۆی بۆ ئێوە ڕوون دەکاتەوە ﴿وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾ وە خوا زانای کار دروستە. ١٨)﴿إِنَّ الَّذِينَ يُحِبُّونَ﴾ بەڕاستی ئەوانەی پێیان خۆشە ﴿أَنْ تَشِيعَ الْفَاحِشَةُ﴾ زینا (کرداری ناشیرین) بڵاوبێتەوە ﴿فِي الَّذِينَ آمَنُوا﴾ لەناو خەڵکی ئیمانداردا ﴿لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ سزای سەخیان بۆ هەیە ﴿فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ﴾ لەدنیاو ڕۆژی دوایی دا ﴿وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾ وە خوا دەزانێ و ئێوە نازانن. ١٩)﴿وَلَوْلَا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ﴾ ئەگەر بەهرەو بەزەیی خوا نەبوایە بەسەرتانەوە (دووچاری سزا دەبوون بەهۆی ئەو بوهتانەوەکە کرا بۆ عائیشە) ﴿وَأَنَّ اللَّهَ رَءُوفٌ رَحِيمٌ﴾ وەبێگومان خوا بەسۆزی میهرەبانە. ٢٠)

۞ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّبِعُواْ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيۡطَٰنِۚ وَمَن يَتَّبِعۡ
خُطُوَٰتِ ٱلشَّيۡطَٰنِ فَإِنَّهُۥ يَأۡمُرُ بِٱلۡفَحۡشَآءِ وَٱلۡمُنكَرِۚ وَلَوۡلَا فَضۡلُ
ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ وَرَحۡمَتُهُۥ مَا زَكَىٰ مِنكُم مِّنۡ أَحَدٍ أَبَدٗا وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يُزَكِّي
مَن يَشَآءُۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٞ ٢١ وَلَا يَأۡتَلِ أُوْلُواْ ٱلۡفَضۡلِ مِنكُمۡ
وَٱلسَّعَةِ أَن يُؤۡتُوٓاْ أُوْلِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡمَسَٰكِينَ وَٱلۡمُهَٰجِرِينَ فِي
سَبِيلِ ٱللَّهِۖ وَلۡيَعۡفُواْ وَلۡيَصۡفَحُوٓاْۗ أَلَا تُحِبُّونَ أَن يَغۡفِرَ ٱللَّهُ لَكُمۡۗ
وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٌ ٢٢ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَرۡمُونَ ٱلۡمُحۡصَنَٰتِ ٱلۡغَٰفِلَٰتِ
ٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ لُعِنُواْ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِ وَلَهُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٞ ٢٣
يَوۡمَ تَشۡهَدُ عَلَيۡهِمۡ أَلۡسِنَتُهُمۡ وَأَيۡدِيهِمۡ وَأَرۡجُلُهُم بِمَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ
٢٤ يَوۡمَئِذٖ يُوَفِّيهِمُ ٱللَّهُ دِينَهُمُ ٱلۡحَقَّ وَيَعۡلَمُونَ أَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡحَقُّ
ٱلۡمُبِينُ ٢٥ ٱلۡخَبِيثَٰتُ لِلۡخَبِيثِينَ وَٱلۡخَبِيثُونَ لِلۡخَبِيثَٰتِۖ
وَٱلطَّيِّبَٰتُ لِلطَّيِّبِينَ وَٱلطَّيِّبُونَ لِلطَّيِّبَٰتِۚ أُوْلَٰٓئِكَ مُبَرَّءُونَ
مِمَّا يَقُولُونَۖ لَهُم مَّغۡفِرَةٞ وَرِزۡقٞ كَرِيمٞ ٢٦ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ
ءَامَنُواْ لَا تَدۡخُلُواْ بُيُوتًا غَيۡرَ بُيُوتِكُمۡ حَتَّىٰ تَسۡتَأۡنِسُواْ
وَتُسَلِّمُواْ عَلَىٰٓ أَهۡلِهَاۖ ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ ٢٧

سەبەبى وەك ئەيلكى ئەحناسى، ھەتاكو ئايەتى ﴿وَٱلَّذِي تَوَلَّىٰ كِبۡرَهُۥ﴾ ئايەتىنىڭ ﴿إِلَّا زَانِيَةً أَوۡ مُشۡرِكَةً وَٱلزَّانِيَةُ لَا يَنكِحُهَآ إِلَّا زَانٍ أَوۡ مُشۡرِكٞ﴾ ھالەتلەرنى، يا پۈتمەيدىغىنى خۇا(ﷻ) ۋەتنى، ئەي (مۇمىنلەر) ئەي خوتۇنلىرىمىز مانەرسى دەكەبت.

ھۆكۈم ھالىتىنە خوتۇنلىرىنى ئايدىنىڭ (٦-٩) ھەسسىلىك (اللعان) ﴿وَٱلَّذِينَ يَرۡمُونَ أَزۡوَٰجَهُمۡ﴾ بەيەت ئادەملەرنىڭ ياكى ئۇلارغا شاھىد يوقكەن ئۇلار ئۆزلىرىنىڭ ئايالىغا زىنا شاھادىتى ئېيتىشتىن ئىبارەت ھالەتلەرنى بايان قىلغان ئايەتلەر ھەققىدە

ابن الصامتين﴾ بۇخارى ۋ تىرمىزى ۋ ئەبۇ داۋۇد ئەھمەدلەرنىڭ كۆرسەتكەنىدەك، ئەھمەدنىڭ ھىلال كۆرسەتكەنىدەك ھالەتلەرنى پۈتمەيدىغىنى خۇا(ﷻ) ۋەتنى (ئەگەر ئەگەدلا ئەمەسكى كۆرسەتكەنىدەك زىنانى كۆرسەتسە، پۈتمەيدىغىنى خۇا(ﷻ) ئەمەسدى) يان بەلگە (شاھىدات) ھازىر دەكەبت ئەمەس ئەسەكەت يان پۈتتە ئامادەسى شەكلى دەكەبت، ھىلال ۋەتنى ئەي پۈتمەيدىغىنى خۇا (ﷻ) -

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا﴾ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ﴿لَا تَتَّبِعُوا خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ﴾بەدوای هەنگاوەکانی شەیتان دا مەڕۆن ﴿وَمَن يَتَّبِعْ خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ﴾وە هەر کەس شوێن هەنگاوەکانی شەیتان بکەوێ﴿فَإِنَّهُ يَأْمُرُ بِالْفَحْشَاءِ وَالْمُنكَرِ﴾ چونکە بەڕاستی شەیتان فەرمان دەکات بەکاری زۆر ناشیرین (زینا)و خرایە﴿وَلَوْلَا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ﴾ئەگەر بەفرەو میهرەبانی خوا نەبوایە بەسەرتانەوە﴿مَا زَكَىٰ مِنكُم مِّنْ أَحَدٍ أَبَدًا﴾ هەرگیز کەس لەتێوە پوخت و پاک نەدەبێ وە ﴿وَلَٰكِنَّ اللَّهَ يُزَكِّي مَن يَشَاءُ﴾بەڵام خوا هەر کەسی بوێ (شیاوبێ) پاکی دەکاتەوە﴿وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾وە خوا بیسەری زاناییە.(٢١)﴿وَلَا يَأْتَلِ﴾ باسوێند نەخۆن ﴿أُولُو الْفَضْلِ مِنكُمْ وَالسَّعَةِ﴾ئەوانەتان کەخاوەنی چاکە وبەرەوەت و سامانن ﴿أَن يُؤْتُوا﴾ کەیارمەتی نەدەن﴿أُولِي الْقُرْبَىٰ وَالْمَسَاكِينَ وَالْمُهَاجِرِينَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ﴾بەخزمان و هەژاران و کۆچەران لەپێناوی خوادا ﴿وَلْيَعْفُوا وَلْيَصْفَحُوا﴾ دەبا لێ بوورنەبن و چاوپۆشی بکەن﴿أَلَا تُحِبُّونَ أَن يَغْفِرَ اللَّهُ لَكُمْ﴾ ئایا پێتان خۆش نیە خوا لێتان خۆش بێ﴿وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾وە خوا لێخۆش بوو و میهرەبانە.(٢٢)﴿إِنَّ الَّذِينَ﴾بێگومان ئەوانەی﴿يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ الْغَافِلَاتِ الْمُؤْمِنَاتِ﴾بوختانی زینا دەکەن بۆ ئافرەتانی داوێن پاکی بێ ئاگای نیماندار﴿لُعِنُوا فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ﴾ ئەفرینیان لێکراوە لەدنیاو ئاخیرەت دا﴿وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾وەبۆیان هەیە سزای زۆر گەورە. ٢٣)﴿يَوْمَ تَشْهَدُ عَلَيْهِمْ﴾ رۆژێک (دێ) شایەتی ئەدات لەسەریان﴿أَلْسِنَتُهُمْ وَأَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُم﴾زمانیان و دەستەو قاچەکانیان﴿بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ بەوکردەوانەی کە کردوویانە. ٢٤)﴿يَوْمَئِذٍ﴾ لەو رۆژەدا ﴿يُوَفِّيهِمُ اللَّهُ دِينَهُمُ الْحَقَّ﴾خواپاداشتی ئەواویان بەڕاستی و داد دەداتەوە ﴿وَيَعْلَمُونَ أَنَّ اللَّهَ هُوَ الْحَقُّ الْمُبِينُ﴾ وە ئەوکاتە دەزانن بەڕاستی هەر خوا هەقی ئاشکرایو دیارە(بۆخۆی وسیفات وکردارێ) ٢٥)﴿الْخَبِيثَاتُ لِلْخَبِيثِينَ﴾ (واڕاستە) ئافرەتانی ناپاک بۆ پیاوانی ناپاک﴿وَالْخَبِيثُونَ لِلْخَبِيثَاتِ﴾وە پیاوە پیسەکان بۆ ئافرەتە پیسەکان﴿وَالطَّيِّبَاتُ لِلطَّيِّبِينَ﴾وە ئافرەتە پاکەکان بۆ پیاوە پاکەکان ﴿وَالطَّيِّبُونَ لِلطَّيِّبَاتِ﴾ وە پیاوە پاکەکان بۆ ئافرەتە پاکەکان﴿أُولَٰئِكَ مُبَرَّءُونَ مِمَّا يَقُولُونَ﴾ ئەو پاکانە بەری کراون لەو (تۆمەتانە)ی ناپاکان دەیڵێن ﴿لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ﴾ بۆ ئەو پاک و چاکانەیە لێبوردن و ڕزقی چاک و پڕقەز (بەهەشت). ٢٦)﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا﴾ ئەی ئەو کەسانەی بڕواتان هێناوە ﴿لَا تَدْخُلُوا بُيُوتًا﴾ مەچنە هیچ ماڵێک جگە لەماڵەکانی خۆتان ﴿حَتَّىٰ تَسْتَأْنِسُوا﴾ هەتا پرس دەکەن(بەخاوەنەکانیان) ﴿وَتُسَلِّمُوا عَلَىٰ أَهْلِهَا﴾ وە (دوای ئەوەی مۆڵەت درا) سەلام بکەن لە خاوەن ماڵەکە ﴿ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ﴾ ئەوە چاکترە بۆتان ﴿لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ﴾ بۆ ئەوەی پەندو ئامۆژگاری وەربگرن. ٢٧)

فَإِن لَّمْ تَجِدُوا۟ فِيهَآ أَحَدًا فَلَا تَدْخُلُوهَا حَتَّىٰ يُؤْذَنَ لَكُمْ ۖ وَإِن قِيلَ لَكُمُ ٱرْجِعُوا۟ فَٱرْجِعُوا۟ ۖ هُوَ أَزْكَىٰ لَكُمْ ۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ ﴿٢٨﴾ لَّيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَن تَدْخُلُوا۟ بُيُوتًا غَيْرَ مَسْكُونَةٍ فِيهَا مَتَٰعٌ لَّكُمْ ۚ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ مَا تُبْدُونَ وَمَا تَكْتُمُونَ ﴿٢٩﴾ قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا۟ مِنْ أَبْصَٰرِهِمْ وَيَحْفَظُوا۟ فُرُوجَهُمْ ۚ ذَٰلِكَ أَزْكَىٰ لَهُمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرٌۢ بِمَا يَصْنَعُونَ ﴿٣٠﴾ وَقُل لِّلْمُؤْمِنَٰتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَٰرِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا ۖ وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّ ۖ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ أَوْ ءَابَآئِهِنَّ أَوْ ءَابَآءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ أَبْنَآئِهِنَّ أَوْ أَبْنَآءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ إِخْوَٰنِهِنَّ أَوْ بَنِىٓ إِخْوَٰنِهِنَّ أَوْ بَنِىٓ أَخَوَٰتِهِنَّ أَوْ نِسَآئِهِنَّ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُهُنَّ أَوِ ٱلتَّٰبِعِينَ غَيْرِ أُو۟لِى ٱلْإِرْبَةِ مِنَ ٱلرِّجَالِ أَوِ ٱلطِّفْلِ ٱلَّذِينَ لَمْ يَظْهَرُوا۟ عَلَىٰ عَوْرَٰتِ ٱلنِّسَآءِ ۖ وَلَا يَضْرِبْنَ بِأَرْجُلِهِنَّ لِيُعْلَمَ مَا يُخْفِينَ مِن زِينَتِهِنَّ ۚ وَتُوبُوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ ٱلْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿٣١﴾

ئەگەر هەر یەکێک لە ئێوە ژنەکەی خۆی بینی پیاوێکی بەسەردەوە بوو چاوی بچێت بەلگە پەیدەست بێنێت پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: بیان بەلگە بیان شەڵاق دان لەبەشت هەڵال بوونی سوێند بەو زاتەی تۆی بەڕاستی نارەوەتە من ڕاست دەکەم بێگومان ئەمەی خوای گەورە ئایەت دابەزاندبێت کەبهێنم لەو شەڵاق لێدانە پەیدابێت شەڕ چوونەمێل

دابەزی و ئایەتی (والذین یرمون أزواجهم ولم یکن لهم شهداء إلا أنفسهم فشهادة أحدهم أربع شهادات باللہ إنه لمن الصادقین) هێنا بۆ پێغەمبەر ﷺ هێنا، پێغەمبەری خوا ﷺ ئاڕاستەی بەشێکیانکرد ماڵان، هەڵال هات و سوێندەکانی خوارد و پێغەمبەریش ﷺ گەیاندیەوە: (ئەوا دەزانێت کە یەکێکتان درۆ دەکەن ئایا کەسێکان ئەوە دەکات؟) ئینجا تاقیزەدەکەی هەستاو سوێندەکانی خوارد کاتێک گەیشتە پێنجەم سوێندە -

﴿فَإِن لَّمْ تَجِدُوا فِيهَا أَحَدًا﴾ ئینجا ئەگەر کەستان نەدی تیایدا ﴿فَلَا تَدْخُلُوهَا﴾ ئەوە مەچنە ژورەوە بۆ ئەوماڵە ﴿حَتَّىٰ يُؤْذَنَ لَكُمْ﴾ هەتا مۆڵەت نەدرێن ﴿وَإِن قِيلَ لَكُمُ﴾ وە ئەگەر پێتان ووترا ﴿ارْجِعُوا فَارْجِعُوا﴾ بگەڕێنەوە ئەبێ بگەڕێنەوە ﴿هُوَ أَزْكَىٰ لَكُمْ﴾ ئەوە چاکترو پاکترە بۆتان ﴿وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ﴾ وە خوا زانایە بەهەموو ئەو کردەوانەی دەیکەن. ٢٨)﴿لَّيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ﴾ هیچ گوناهێکتان لەسەر نی یە (گوناهبار نابن) ﴿أَن تَدْخُلُوا بُيُوتًا﴾ کەبچنە ئەو ماڵانەی ﴿غَيْرَ مَسْكُونَةٍ فِيهَا مَتَاعٌ لَّكُمْ﴾ کەسی تیا نیشتەجێ نی یە و کەل و پەلی خۆتانی تیا بێت (وەک ئوتێل) ﴿وَاللَّهُ يَعْلَمُ﴾ وە خوا دەزانێ ﴿مَا تُبْدُونَ وَمَا تَكْتُمُونَ﴾ بەوەی ئاشکرای دەکەن و بەوەی دەیشارنەوە. ٢٩)﴿قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ﴾ (ئەی موحەممەد (ﷺ)) بڵێ بەپیاوانی ئیماندار ﴿يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ﴾ چاوی خۆیان (لەسەیر کردنی نامەحرەم) داخەن و بپارێزن ﴿وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ﴾ وە عەورەتیان (لەداوێن پیسی) بپارێزن ﴿ذَٰلِكَ أَزْكَىٰ لَهُمْ﴾ ئەوە چاکترو پاکترە بۆ ئەوان ﴿إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا يَصْنَعُونَ﴾ بێگومان خوا ئاگایە بەهەموو کردەوەیەک کەدەیکەن. ٣٠)﴿وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ﴾ وە بڵێ بە ئافرەتانی ئیمانداریش ﴿يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ﴾ چاویان داخەن و بپارێزن (لەسەرور کردنی نامەحرەم) ﴿وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ﴾ وە عەورەتیان بپارێزن (لەداوێن پیسی) ﴿وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ﴾ وە جوانی خۆیان دەرنەخەن ﴿إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا﴾ جگە لەوەی بەدەرەوەیەو دیارە لەجوانی (وەک دەم و چاویان و دەستیان) ﴿وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّ﴾ وە با سەرپۆشە کانیان بدەن بەسینگ و بەرۆکیاندا ﴿وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ﴾ وە جوانی خۆیان دەرنەخەن (زیاد لەوەی دەردەکەوێت) ﴿إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ أَوْ آبَائِهِنَّ﴾ بۆ مێردەکانیان نەبێت یا باوکیان ﴿أَوْ آبَاءِ بُعُولَتِهِنَّ﴾ یاباوکی مێردەکانیان ﴿أَوْ أَبْنَائِهِنَّ أَوْ أَبْنَاءِ بُعُولَتِهِنَّ﴾ یا کوڕەکانیان یا کوڕی مێردەکانیان ﴿أَوْ إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي إِخْوَانِهِنَّ﴾ یا براکانیان یا کوڕی براکانیان ﴿أَوْ بَنِي أَخَوَاتِهِنَّ﴾ یا کوڕی خوشکەکانیان ﴿أَوْ نِسَائِهِنَّ﴾ یا ئافرەتانی (ئیماندار) ﴿أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُنَّ﴾ یا کەنیزەکە کانیان ﴿أَوِ التَّابِعِينَ غَيْرِ أُولِي الْإِرْبَةِ مِنَ الرِّجَالِ﴾ یا ئەو شوێن کەوتەو پیاوانەی کەبێ نیازن لەئافرەت (وەک خزمەت کارو پیرو نەخۆش کەئارەزووی ژن و مێردایەتیان نی یە) ﴿أَوِ الطِّفْلِ الَّذِينَ لَمْ يَظْهَرُوا عَلَىٰ عَوْرَاتِ النِّسَاءِ﴾ یا ئەو منداڵە کوڕانەی کەئاگایان لەلەش (عەورەت)ی ئافرەتان نەبێت (بالغ نەبووبن) ﴿وَلَا يَضْرِبْنَ بِأَرْجُلِهِنَّ﴾ (ئافرەتان لەکاتی ڕۆشتن دا) قاچیان نەدەن بەزەوی دا ﴿لِيُعْلَمَ مَا يُخْفِينَ مِن زِينَتِهِنَّ﴾ (تا دەنگی خڕخاڵ و پاوانەکانیان بێت و) بزانرێت بەو جوانی یەی پێیان کەشاردویانەتەوە ﴿وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعًا﴾ هەمووتان تەوبە بکەن و بگەڕێنەوە بۆ لای خوا ﴿أَيُّهَ الْمُؤْمِنُونَ﴾ ئەی ئیمان دارەکان ﴿لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ تا ڕزگار و سەرکەوتوو بن. ٣١)

وَأَنكِحُوا۟ ٱلْأَيَـٰمَىٰ مِنكُمْ وَٱلصَّـٰلِحِينَ مِنْ عِبَادِكُمْ وَإِمَآئِكُمْ ۚ إِن
يَكُونُوا۟ فُقَرَآءَ يُغْنِهِمُ ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ ۗ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ﴿٣٢﴾
وَلْيَسْتَعْفِفِ ٱلَّذِينَ لَا يَجِدُونَ نِكَاحًا حَتَّىٰ يُغْنِيَهُمُ ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ ۗ
وَٱلَّذِينَ يَبْتَغُونَ ٱلْكِتَـٰبَ مِمَّا مَلَكَتْ أَيْمَـٰنُكُمْ فَكَاتِبُوهُمْ إِنْ
عَلِمْتُمْ فِيهِمْ خَيْرًا ۖ وَءَاتُوهُم مِّن مَّالِ ٱللَّهِ ٱلَّذِىٓ ءَاتَىٰكُمْ ۚ وَلَا
تُكْرِهُوا۟ فَتَيَـٰتِكُمْ عَلَى ٱلْبِغَآءِ إِنْ أَرَدْنَ تَحَصُّنًا لِّتَبْتَغُوا۟ عَرَضَ ٱلْحَيَوٰةِ
ٱلدُّنْيَا ۚ وَمَن يُكْرِههُّنَّ فَإِنَّ ٱللَّهَ مِنۢ بَعْدِ إِكْرَٰهِهِنَّ غَفُورٌ رَّحِيمٌ
﴿٣٣﴾ وَلَقَدْ أَنزَلْنَآ إِلَيْكُمْ ءَايَـٰتٍ مُّبَيِّنَـٰتٍ وَمَثَلًا مِّنَ ٱلَّذِينَ خَلَوْا۟
مِن قَبْلِكُمْ وَمَوْعِظَةً لِّلْمُتَّقِينَ ﴿٣٤﴾ ۞ ٱللَّهُ نُورُ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ
وَٱلْأَرْضِ ۚ مَثَلُ نُورِهِۦ كَمِشْكَوٰةٍ فِيهَا مِصْبَاحٌ ۖ ٱلْمِصْبَاحُ فِى زُجَاجَةٍ ۖ
ٱلزُّجَاجَةُ كَأَنَّهَا كَوْكَبٌ دُرِّىٌّ يُوقَدُ مِن شَجَرَةٍ مُّبَـٰرَكَةٍ زَيْتُونَةٍ
لَّا شَرْقِيَّةٍ وَلَا غَرْبِيَّةٍ يَكَادُ زَيْتُهَا يُضِىٓءُ وَلَوْ لَمْ تَمْسَسْهُ نَارٌ ۚ
نُّورٌ عَلَىٰ نُورٍ ۗ يَهْدِى ٱللَّهُ لِنُورِهِۦ مَن يَشَآءُ ۚ وَيَضْرِبُ ٱللَّهُ ٱلْأَمْثَـٰلَ
لِلنَّاسِ ۗ وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴿٣٥﴾ فِى بُيُوتٍ أَذِنَ ٱللَّهُ أَن تُرْفَعَ
وَيُذْكَرَ فِيهَا ٱسْمُهُۥ يُسَبِّحُ لَهُۥ فِيهَا بِٱلْغُدُوِّ وَٱلْـَٔاصَالِ ﴿٣٦﴾

سەبارەت بە ژنهێنان و
پێنجەم سوژدە
سوژدەی قیامەت
لەسەر واجب
بەملاوە، ئافرەتە
گەورەکان و
(بەبێ ئەوەی):
ڕاستی ڕەشبەن
دەبێتەوە: پاشان
ووتی: بەڵگەوا
بەرگیز دۆزەکەم
سەرشۆڕ ناکەم و
سوژدەی
پێنجەمیش
خوارەو
پێغەمبەریش(ﷺ)
لێکی جیاکردەوەو
فەرموویەتی:
(چاوەڕێ بکەن
ئەگەر منداڵی ئەو
ژنە جاوێڕەش و
سمێڵ ڕەوژ خۆڕ هەڵوەڕ ئاڵۆی نەبوو ئەوە منداڵی شوێرەبای گەورەی سەمالە) ئەمیا
کەمندالەکەی بوو بەو شێوەیە بوو. پێغەمبەریش خوایلێ فەرموویەتی: (ئەگەر قورئانی پێچڕاو بەو شێوەیە
بوکسی نەکردبایە ئەوا من دەربارەی ئەو ژنە هەڵوێستێکی ترم دەبوو).

*مەبەست بێگانە لێپرسراوی ژنەکەیەتی لەگەڵیدا کە دەبێت غەیرەتی و ئاپاکی دەربارەی ژنەکەی =

﴿وَأَنكِحُوا الْأَيَامَىٰ مِنكُمْ﴾ ژن مارە ببڕن بۆ پیاوانی بێ ژن و ژنانی بێ مێردیش بدەن بەشوو (مێرد) ﴿وَالصَّالِحِينَ مِنْ عِبَادِكُمْ وَإِمَائِكُمْ﴾ هەروەها ئەوانەی ئیمان دارو چاکن لەکۆیلەکان (ژنیان بۆ بێنن)و کەنیزەکەکان (یش بدەن بەشوو) ﴿إِن يَكُونُوا فُقَرَاءَ﴾ ئەگەر ئەوان هەژارو کەم دەست بن ﴿يُغْنِهِمُ اللَّهُ مِن فَضْلِهِ﴾ خوا لەبەخشندەی و بەهرەی خۆی دەوڵەمەندو بێ نیازیان دەکات ﴿وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ﴾ وە خوا (بەهەرە) فراوان و زانا و دانایە. ٣٢)﴿وَلْيَسْتَعْفِفِ الَّذِينَ لَا يَجِدُونَ نِكَاحًا﴾ وە دەبێ ئەوانەی کەتوانای (ئەرکی) ژن هێنانیان نیە پاکژ خۆیان راگرن ﴿حَتَّىٰ يُغْنِيَهُمُ اللَّهُ مِن فَضْلِهِ﴾ هەتا خوا بەبەهرە(و ڕۆزی) خۆی بێ نیازیان دەکات ﴿وَالَّذِينَ يَبْتَغُونَ الْكِتَابَ﴾ وە ئەوانەی داوای نوسراو دەکەن (بۆ کڕینەوەی خۆیان) ﴿مِمَّا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ﴾ لەبەندەو کەنیزەکەکانتان ﴿فَكَاتِبُوهُمْ﴾ ئەوە نوسراویان لەگەڵدا بنوسن (بۆ کڕینەوەو ئازاد بوونی خۆیان) ﴿إِنْ عَلِمْتُمْ فِيهِمْ خَيْرًا﴾ ئەگەر خێرتان لەواندا بەدی دەکرد (کەبریتی یە لەتوانای دانی ئەو پارەی ئەبێ بیدات بەخاوەنەکەی بۆ ئازاد بوونی) ﴿وَآتُوهُم مِّن مَّالِ اللَّهِ الَّذِي آتَاكُمْ﴾ وە لەو ماڵەی کەخوا بەئێوەی داوە پێیان بدەن ﴿وَلَا تُكْرِهُوا فَتَيَاتِكُمْ﴾ وە کەنیزەکەکانتان زۆر لێ مەکن (ناچاریان مەکەن) ﴿عَلَى الْبِغَاءِ﴾ لەسەر زینا کردن ﴿إِنْ أَرَدْنَ تَحَصُّنًا﴾ ئەگەر ئەیانویست داوێن پاک بن ﴿لِتَبْتَغُوا عَرَضَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا﴾تا ماڵ وسامانی ژیانی دنیاتان دەست کەوێت﴿وَمَن يُكْرِههُّنَّ﴾جا هەرکەس ناچاریان بکات (زۆریان لێ بکات) ﴿فَإِنَّ اللَّهَ مِن بَعْدِ إِكْرَاهِهِنَّ﴾ ئینجا بەراستی خوا دوا ئەو زۆر لێ کردنەیان ﴿غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ لێبووردەی میهرەبانە (بەو کەنیزەکانە کە بەزۆر زینایان پێ کراوە). ٣٣) ﴿وَلَقَدْ أَنزَلْنَا إِلَيْكُمْ﴾ سوێند بەخوا بەراستی ئێمە ناردوومانەتە خوارەوە بۆ ئێوە ﴿آيَاتٍ مُّبَيِّنَاتٍ﴾ چەند ئایەتێکی ڕوون کەرەوە ﴿وَمَثَلًا مِّنَ الَّذِينَ خَلَوْا مِن قَبْلِكُمْ﴾ وە چەند نموونەو بەسەر هاتی ئەو گەلانەی لەپێش ئێوەوە بوون ﴿وَمَوْعِظَةً لِّلْمُتَّقِينَ﴾ هەروەها پەندو ئامۆژگاری بۆ پارێزکاران و لەخوا ترسان. ٣٤)﴿اللَّهُ نُورُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾ خوا نورو ڕوناکی یەو ڕووناککەرەوەی ئاسمانەکان و زەوی یە ﴿مَّثَلُ نُورِهِ﴾ وێنەی ڕووناککردنەوەی خوا ﴿كَمِشْكَاةٍ فِيهَا مِصْبَاحٌ﴾ وەک تاقێک وایە چرایەکی تێدا بێت ﴿الْمِصْبَاحُ فِي زُجَاجَةٍ﴾ ئەو چرایەش لەناو شوشەیەکدا بێت ﴿الزُّجَاجَةُ كَأَنَّهَا كَوْكَبٌ دُرِّيٌّ﴾ ئەو شوشەیەش وەک ئەستێرەیەکی گەش و پرشنگدار بێت ﴿يُوقَدُ مِن شَجَرَةٍ مُّبَارَكَةٍ زَيْتُونَةٍ﴾ (ئەو چرایە) دائەگیرسێ بە(ڕۆنی) درەختێکی زەیتونی بەفەڕو بەرەکەت ﴿لَّا شَرْقِيَّةٍ وَلَا غَرْبِيَّةٍ﴾ کە نەرۆژهەڵاتی بێ نەرۆژ ئاوابی بێ (سێبەر نایگرێ نەکاتی هەڵهاتنی خۆر نەکاتی ئاوابوونی) ﴿يَكَادُ زَيْتُهَا يُضِيءُ﴾ (ڕۆنەکەی ئەوەند پاک بێت) نزیکە ڕۆنەکەی داگیرسێ ﴿وَلَوْ لَمْ تَمْسَسْهُ نَارٌ﴾ با ئاگریشی بەر نەکەوێ ﴿نُّورٌ عَلَىٰ نُورٍ﴾ ڕووناکی لەسەر ڕوناکی (ڕووناکی زەیت و ڕووناکی ئاگر) ﴿يَهْدِي اللَّهُ لِنُورِهِ مَن يَشَاءُ﴾ خوا هەر کەسێ بوێ ڕێنموونیی دەکات بۆلای ڕووناکی (ئایینی) خۆی ﴿وَيَضْرِبُ اللَّهُ الْأَمْثَالَ لِلنَّاسِ﴾ وە خوا چەندین نموونە دەهێنێتەوە بۆ خەڵکی ﴿وَاللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ﴾ وە خوا زانا و ئاگادارە بەهەموو شتێک. ٣٥)﴿فِي بُيُوتٍ أَذِنَ اللَّهُ﴾ لەمزگەوتانێکدا خوا مۆڵەتی داوە ﴿أَن تُرْفَعَ﴾ کە بەگەورەو پاک راگیرێ (بەرزو بڵند دروست کرێت) ﴿وَيُذْكَرَ فِيهَا اسْمُهُ﴾ زیکرو یادی خوای تێدا بکرێ ﴿يُسَبِّحُ لَهُ فِيهَا بِالْغُدُوِّ وَالْآصَالِ﴾ لەو (مزگەوتانە)دا تەسبیحاتی خوا دەکەن بەبەیانیان و ئێواراندا. ٣٦)

رِجَالٌ لَّا تُلْهِيهِمْ تِجَارَةٌ وَلَا بَيْعٌ عَن ذِكْرِ اللَّهِ وَإِقَامِ الصَّلَاةِ وَإِيتَاءِ
الزَّكَاةِ يَخَافُونَ يَوْمًا تَتَقَلَّبُ فِيهِ الْقُلُوبُ وَالْأَبْصَارُ ﴿٣٧﴾
لِيَجْزِيَهُمُ اللَّهُ أَحْسَنَ مَا عَمِلُوا وَيَزِيدَهُم مِّن فَضْلِهِ ۗ وَاللَّهُ يَرْزُقُ
مَن يَشَاءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ ﴿٣٨﴾ وَالَّذِينَ كَفَرُوا أَعْمَالُهُمْ كَسَرَابٍ
بِقِيعَةٍ يَحْسَبُهُ الظَّمْآنُ مَاءً حَتَّىٰ إِذَا جَاءَهُ لَمْ يَجِدْهُ شَيْئًا
وَوَجَدَ اللَّهَ عِندَهُ فَوَفَّاهُ حِسَابَهُ ۗ وَاللَّهُ سَرِيعُ الْحِسَابِ ﴿٣٩﴾
أَوْ كَظُلُمَاتٍ فِي بَحْرٍ لُّجِّيٍّ يَغْشَاهُ مَوْجٌ مِّن فَوْقِهِ مَوْجٌ مِّن
فَوْقِهِ سَحَابٌ ظُلُمَاتٌ بَعْضُهَا فَوْقَ بَعْضٍ إِذَا أَخْرَجَ يَدَهُ لَمْ
يَكَدْ يَرَاهَا ۗ وَمَن لَّمْ يَجْعَلِ اللَّهُ لَهُ نُورًا فَمَا لَهُ مِن نُّورٍ ﴿٤٠﴾ أَلَمْ تَرَ أَنَّ
اللَّهَ يُسَبِّحُ لَهُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَالطَّيْرُ صَافَّاتٍ ۖ كُلٌّ قَدْ
عَلِمَ صَلَاتَهُ وَتَسْبِيحَهُ ۗ وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِمَا يَفْعَلُونَ ﴿٤١﴾ وَلِلَّهِ مُلْكُ
السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ۖ وَإِلَى اللَّهِ الْمَصِيرُ ﴿٤٢﴾ أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ يُزْجِي
سَحَابًا ثُمَّ يُؤَلِّفُ بَيْنَهُ ثُمَّ يَجْعَلُهُ رُكَامًا فَتَرَى الْوَدْقَ يَخْرُجُ مِنْ
خِلَالِهِ ۚ وَيُنَزِّلُ مِنَ السَّمَاءِ مِن جِبَالٍ فِيهَا مِن بَرَدٍ فَيُصِيبُ بِهِ مَن يَشَاءُ
وَيَصْرِفُهُ عَن مَّن يَشَاءُ ۖ يَكَادُ سَنَا بَرْقِهِ يَذْهَبُ بِالْأَبْصَارِ ﴿٤٣﴾

ئەیلی ئالانە
فیواریووی ئایەتی
(١١ تا ٢٢) سورەتی
(النور)، إِنَّ الَّذِينَ
جَاءُوا بِالْإِفْكِ عُصْبَةٌ
مِّنكُمْ ۚ لَا تَحْسَبُوهُ
شَرًّا لَّكُم ۖ بَلْ هُوَ خَيْرٌ
لَّكُمْ ۚ لِكُلِّ امْرِئٍ مِّنْهُم
مَّا اكْتَسَبَ مِنَ الْإِثْمِ
وَالَّذِي تَوَلَّىٰ كِبْرَهُ
مِنْهُمْ لَهُ عَذَابٌ
عَظِيمٌ، بوخاری و
موسلیم
گێڕاویانەتەوە
لەزەریفە
کەمێکمان هاتبێتە
(خەواری لێ بارانی
بێتەوە) ەوایەتی
پێغەمبەری
خوا(ﷺ) هەرکاتێك
ئیرادەی سەفەرێکی
بکردبایە قورعە

کێشی دەکرد لەنێوان خێزانەکانی دا هەرکامیان بارێی دەرچووبایە لەگەڵ خۆی دەیبرد بۆ سەفەر ، هاتبێتە
دەڵێت: لەیەکێك لەغەزەکانا بارێی من دەرچوو منیش لەخزمەتیدا ڕۆیشتم و ئەمەش کاتێك بوو ئیزنی
ئایەتی حیجاب هاتبێتە خوار بوو جا لەنێو کەژاوەدا هەڵمدەگیرام و دادەبەزێنرام ئیتر ڕۆیشتین تا پێغەمبەری
خوا(ﷺ) بەسەرکەوتووبی گەڕایەوە بەشەڕەکە هێندێك گەڕایەوە کاتێك نزیکی مەدینە بووینەوە شەوێك فەرمانی -

﴿رِجَالٌ لَّا تُلْهِيهِمْ تِجَارَةٌ وَلَا بَيْعٌ﴾ پیاوانێك كە بازرگانی و كڕین و فرۆشتن بێ ئاگایان ناكات ﴿عَن ذِكْرِ اللَّهِ وَإِقَامِ الصَّلَاةِ وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ﴾ لەیادی خواو نوێژ كردن و زەكات دان ﴿يَخَافُونَ يَوْمًا﴾ لەرۆژێك دەترسن (رۆژی قیامەت) ﴿تَتَقَلَّبُ فِيهِ الْقُلُوبُ وَالْأَبْصَارُ﴾ دڵ و چاوەكان تیایدا (دەگۆڕێن و ئاوە ژوو دەبن. ٣٧)﴿لِيَجْزِيَهُمُ اللَّهُ أَحْسَنَ مَا عَمِلُوا﴾ تا خوا پاداشتیان بداتەوە بەپاداشتی چاكترینی ئەوەی كردویانە ﴿وَيَزِيدَهُم مِّن فَضْلِهِ﴾ وە (بێجگە لەپاداشتەكەیان) لەبەهرەی خۆیەوە زیادەشیان دەداتێ ﴿وَاللَّهُ يَرْزُقُ مَن يَشَاءُ﴾ وە خوا رسق و رۆزی (پاداشت) دەدا بەهەر كەس بیەوێ ﴿بِغَيْرِ حِسَابٍ﴾ بەبێ ژمارە بێ سنوور. ٣٨)﴿وَالَّذِينَ كَفَرُوا﴾ وە ئەوانەی كەبێ بڕوان ﴿أَعْمَالُهُمْ كَسَرَابٍ﴾ كردەوە (چاكە) كانیان وەك سەرابێك وایە (سەراب نیشكێكە كانی زۆر گەرما لەبیاباندا وەك ئاو دێتە پێش چاو) ﴿بِقِيعَةٍ﴾ لەبیابانێكدا (بریسكە بداتەوە) ﴿يَحْسَبُهُ الظَّمْآنُ مَاءً﴾(كەسێكی) زۆر تینوو بەئاوی دەزانێ (تەدوورەوە) ﴿حَتَّىٰ إِذَا جَاءَهُ﴾ (بەپەلە دەڕوات بۆی) كاتێ دەگاتە لای ﴿لَمْ يَجِدْهُ شَيْئًا﴾ هیچ بەدی ناكات ﴿وَوَجَدَ اللَّهَ عِندَهُ﴾ (لەقیامەت كافر) دەبینێ خوا ئامادەیە لەلایدا ﴿فَوَفَّاهُ حِسَابَهُ﴾ ئینجا خوا بەچاكی پاداشتی (كردەوەكانی) دەداتێ ﴿وَاللَّهُ سَرِيعُ الْحِسَابِ﴾ وە خوا بەپەلەو چەسپانە لەتێپرسینەوەدا. ٣٩)﴿أَوْ كَظُلُمَاتٍ فِي بَحْرٍ لُّجِّيٍّ﴾ یا (كردەوەی بێ بڕوایان) وەك چەند تاریكییەك وایە لەناو دەریایەكی قوڵدا ﴿يَغْشَاهُ مَوْجٌ مِّن فَوْقِهِ مَوْجٌ﴾ كەشەپۆل لەسەرشەپۆل دایپۆشابێ﴿مِّن فَوْقِهِ سَحَابٌ﴾ لەسەر ئەو (شەپۆلە) پشەوە هەورێكی ڕەشی (باراناوی) بێت ﴿ظُلُمَاتٌ بَعْضُهَا فَوْقَ بَعْضٍ﴾ تاریكیەكان نیشتبنە سەر یەكتری ﴿إِذَا أَخْرَجَ يَدَهُ لَمْ يَكَدْ يَرَاهَا﴾ ئەگەر دەستی دەربێنێ نزیكە دەستی خۆی نەبینێت (لەبەر تاریكی) ﴿وَمَن لَّمْ يَجْعَلِ اللَّهُ لَهُ نُورًا﴾ جا هەر كەس خوا نووری (ئیمانی) پێ نەبەخشینێ ﴿فَمَا لَهُ مِن نُّورٍ﴾ ئەوەی ڕووناكی بێت نییەتی. ٤٠)﴿أَلَمْ تَرَ﴾ ئایا نابینی (نازانی) ﴿أَنَّ اللَّهَ يُسَبِّحُ لَهُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾ بێگومان هەموو ئەوانەی لەئاسمانەكان و زەوی دان تەسبیحاتی خوا دەكەن ﴿وَالطَّيْرُ صَافَّاتٍ﴾ هەروەها باڵندەكان كاتێ باڵیان كردۆتەوە (بەئاسماندان تەسبیحاتی خوا دەكەن) ﴿كُلٌّ قَدْ عَلِمَ صَلَاتَهُ وَتَسْبِيحَهُ﴾ هەر یەك لەمانە نوێژ (دوعا) و تەسبیحاتی خۆی دەزانێ ﴿وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِمَا يَفْعَلُونَ﴾ وە خوا بەوەی دەیكەن زانا و ئاگادارە. ٤١)﴿وَلِلَّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾ تەنها بۆ خوایە خاوەنیەتی ئاسمانەكان و زەوی ﴿وَإِلَى اللَّهِ الْمَصِيرُ﴾ و گەڕانەوەش هەر بۆلای خوایە. ٤٢)﴿أَلَمْ تَرَ﴾ ئایا نازانی (نابینی) ﴿أَنَّ اللَّهَ يُزْجِي سَحَابًا﴾ كەخوا پەڵەهەورەكان دەبات (بەئاسماندا) بە هێواشی ﴿ثُمَّ يُؤَلِّفُ بَيْنَهُ﴾ پاشان ئەو (پەڵە هەور)انە پەیوەست دەكات بەیەكەوە ﴿ثُمَّ يَجْعَلُهُ رُكَامًا﴾ دواتر دەیان خاتە سەر یەكتری ﴿فَتَرَى الْوَدْقَ﴾ ئینجا دەبینی دڵۆپە باران ﴿يَخْرُجُ مِنْ خِلَالِهِ﴾ لەنێو هەورەكەوە دەبارێ ﴿وَيُنَزِّلُ مِنَ السَّمَاءِ مِن جِبَالٍ فِيهَا مِن بَرَدٍ﴾ وە لە ئاسمانەوە لە هەورەكان كەوەك كێون تەرزە دەبارێنێ ﴿فَيُصِيبُ بِهِ مَن يَشَاءُ﴾ ئینجا تووشی زیان دەبێ بەم (تەرزەیە) هەر كەسێ خوا بیەوێ ﴿وَيَصْرِفُهُ عَن مَّن يَشَاءُ﴾ وە لای دەدات لە هەر كەسێ كەخۆی بیەوێ ﴿يَكَادُ سَنَا بَرْقِهِ يَذْهَبُ بِالْأَبْصَارِ﴾ نزیكە ڕووناكی و شەوقی چەخماخە(ی هەورە) كە(بینای) چاوەكان ببات. ٤٣)

يُقَلِّبُ اللَّهُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَعِبْرَةً لِّأُولِي الْأَبْصَارِ ﴿٤٤﴾
وَاللَّهُ خَلَقَ كُلَّ دَابَّةٍ مِّن مَّاءٍ ۖ فَمِنْهُم مَّن يَمْشِي عَلَىٰ بَطْنِهِ ۖ وَمِنْهُم مَّن
يَمْشِي عَلَىٰ رِجْلَيْنِ ۖ وَمِنْهُم مَّن يَمْشِي عَلَىٰ أَرْبَعٍ ۚ يَخْلُقُ اللَّهُ مَا يَشَاءُ ۚ
إِنَّ اللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴿٤٥﴾ لَّقَدْ أَنزَلْنَا آيَاتٍ مُّبَيِّنَاتٍ ۚ
وَاللَّهُ يَهْدِي مَن يَشَاءُ إِلَىٰ صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٤٦﴾ وَيَقُولُونَ
آمَنَّا بِاللَّهِ وَبِالرَّسُولِ وَأَطَعْنَا ثُمَّ يَتَوَلَّىٰ فَرِيقٌ مِّنْهُم مِّن بَعْدِ
ذَٰلِكَ ۚ وَمَا أُولَٰئِكَ بِالْمُؤْمِنِينَ ﴿٤٧﴾ وَإِذَا دُعُوا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ
لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ إِذَا فَرِيقٌ مِّنْهُم مُّعْرِضُونَ ﴿٤٨﴾ وَإِن يَكُن لَّهُمُ الْحَقُّ
يَأْتُوا إِلَيْهِ مُذْعِنِينَ ﴿٤٩﴾ أَفِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ أَمِ ارْتَابُوا أَمْ يَخَافُونَ
أَن يَحِيفَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ وَرَسُولُهُ ۚ بَلْ أُولَٰئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ ﴿٥٠﴾
إِنَّمَا كَانَ قَوْلَ الْمُؤْمِنِينَ إِذَا دُعُوا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ
أَن يَقُولُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا ۚ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ﴿٥١﴾ وَمَن
يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَخْشَ اللَّهَ وَيَتَّقْهِ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْفَائِزُونَ
﴿٥٢﴾ ۞ وَأَقْسَمُوا بِاللَّهِ جَهْدَ أَيْمَانِهِمْ لَئِنْ أَمَرْتَهُمْ لَيَخْرُجُنَّ ۖ قُل
لَّا تُقْسِمُوا ۖ طَاعَةٌ مَّعْرُوفَةٌ ۚ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ ﴿٥٣﴾

حەوتەکەم یەخۆ
پێچانەوەی مێش
مێشی لەبر کاکەدا
مەستام و ئەسپەکە
بوور کەوتەوە جا
کانیاک دەستم بەخاو
گەیلەدر گەرانەوە
دەبینم ملوانکەکەم
بەچرادەوە وون بووە
گەرامەوە بیدۆزمەوە
لەبر کاکەدا ئەو
پیاوانەی کەژاوەکەی
مێیان دەخستەوە
سەر جوشتر کە
فڕێدەدەن و
کەژاوەکەیان
خستبووە سەر
جوشترەکە بێ
ئەوەی هەست بکەن
کەمن لەناویدا نیم
چونکە تاقەتی ئەو
کاتە نەبوو بیان ڕاوێ

بوون و گێڕانەوەی ئەگێڕدەوە بە تایبەتی مێش کە ئەمجار کاتەم بوو مەرەکانی بێنگەیشتبوو بوو جوشترەکەی مایان پێش خۆیان داوو دەستیان بەڕێکردن کرد بوو مێش ملوانکەکەم دۆزیەوە و هاتەوە دەبینم شوێنەکە بێ دەنگ بوو کەس لەوێ نەماوە لەشوێنەکەی خۆم دانیشتم بێ گومان بچووم لەوەی کەزالیان دێنەوە بەشوێنما ، دانیشتبووم خەبەر نەدەی بۆ هێنام و چاوەڕانم چووبە خەبەر ، مەخوڵانی گەورەی مرەحەبا ڵ سولەیمی ئەپاش سوپاکەی

﴿يُقَلِّبُ اللَّهُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ﴾ خوا شەو و رۆژ دەگۆڕێ (بەکورت و درێژ کردنیان یا بەرۆژ بوونەوەو شەو داهاتن) ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ﴾ بەراستی لەمەدا ﴿لَعِبْرَةً لِّأُولِي الْأَبْصَارِ﴾ پەندێك هەیە بۆ خاوەن ژیریی یەکان. ٤٤)﴿وَاللَّهُ خَلَقَ كُلَّ دَابَّةٍ مِّن مَّاءٍ﴾ وەخوا هەموو زیندەوەرێکی لەئاو دروست کردووە ﴿فَمِنْهُم مَّن يَمْشِي عَلَىٰ بَطْنِهِ﴾ ئینجا هەندێ لەوانە لەسەر سکی دەڕوات ﴿وَمِنْهُم مَّن يَمْشِي عَلَىٰ رِجْلَيْنِ﴾ وە هەندێکی تریان لەسەر دوو قاچ دەڕوات ﴿وَمِنْهُم مَّن يَمْشِي عَلَىٰ أَرْبَعٍ﴾ وە هەشیانە لەسەر چوار پێ دەڕوات ﴿خَلَقَ اللَّهُ مَا يَشَاءُ﴾ خوا هەرچی بوێ دروستی دەکات ﴿إِنَّ اللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ بێگومان خوا دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە. ٤٥)﴿لَقَدْ أَنزَلْنَا﴾ سوێند بەخوا بەراستی ئێمە ناردومانەتە خوارەوە ﴿آيَاتٍ مُّبَيِّنَاتٍ﴾ چەند ئایەتێکی ڕوون کەرەوە ﴿وَاللَّهُ يَهْدِي مَن يَشَاءُ﴾ وخواش هەر کەسی بوێ ڕێنموونیی دەکات ﴿إِلَىٰ صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ﴾ بۆ ڕێگای ڕاست. ٤٦)﴿وَيَقُولُونَ آمَنَّا﴾ وە ئەوانە دەڵێن بڕوامان هێناوە ﴿بِاللَّهِ وَبِالرَّسُولِ وَأَطَعْنَا﴾ بەخواو بەپێغەمبەرو گوێڕایەڵیمان کردووە ﴿ثُمَّ يَتَوَلَّىٰ فَرِيقٌ مِّنْهُم﴾ پاشان کۆمەڵێك لەوان پشتی تێ دەکەن ﴿مِّن بَعْدِ ذَٰلِكَ﴾ لەپاش ئەوەی (ووتیان بڕوامان هێناوە) ﴿وَمَا أُولَٰئِكَ بِالْمُؤْمِنِينَ﴾ وە ئەوانە (لەڕاستیدا) ئیماندار نین. ٤٧) ﴿وَإِذَا دُعُوا﴾ وە کاتێ بانگ بکرێن ﴿إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ﴾ بۆ لای (شەریعەتی) خواو پێغەمبەر(ﷺ) ﴿لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ﴾ بۆ ئەوەی حوکم بکات لەنێوانیاندا ﴿إِذَا فَرِيقٌ مِّنْهُم مُّعْرِضُونَ﴾ یەکسەر کۆمەڵێك لەوانە ڕوو وەردەگێڕن. ٤٨)﴿وَإِن يَكُن لَّهُمُ الْحَقُّ﴾ بەڵام ئەگەر (لەحوکم دانەکەدا) حەقەکە بۆ ئەوان بێت ﴿يَأْتُوا إِلَيْهِ مُذْعِنِينَ﴾ دێن بۆ لای (حوکمەکە) بەو پەڕی ملکەچی یەوە ٤٩) ﴿أَفِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ﴾ ئایا دڵەکانیان نەخۆشی تێدایە ﴿أَمِ ارْتَابُوا﴾ یا لەگومانـدا بـوون ﴿أَمْ يَخَافُونَ أَن يَحِيفَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ وَرَسُولُهُ﴾ یـان دەترسـن خـواو پێغەمبەرەکەی(ﷺ) ستەمیان لێ بکەن ﴿بَلْ أُولَٰئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ﴾ (نەخێر هیچ لەوانە نی یە) بەڵکو ئەوانە هەر خۆیان ستەمکارن. ٥٠)﴿إِنَّمَا كَانَ قَوْلَ الْمُؤْمِنِينَ﴾ قسەی ئیمانداران تەنها ئەمەیە ﴿إِذَا دُعُوا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ﴾ کاتێ بانگ بکرێن بۆ لای (بەرنامەی) خـواو پێغەمبەرەکـەی(ﷺ) ﴿لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ﴾ بـۆ ئـەوەی بڕیاریـدات لەنێوانیاندا ﴿أَن يَقُولُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا﴾ کەدەڵێن بیستمان و گوێڕایەڵین ﴿وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾ وە هەر ئەوانەن ڕزگار بووان. ٥١)﴿وَمَن يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ﴾ جا هەر کەس گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی بکات ﴿وَيَخْشَ اللَّهَ وَيَتَّقْهِ﴾ وە لەخوا بترسێ و خۆی لە(سەرپێچی) خوا بپارێزێ ﴿فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْفَائِزُونَ﴾ ئەوە بەڕاستی هەر ئەوانە سەرکەوتوون. ٥٢)﴿وَأَقْسَمُوا بِاللَّهِ﴾ (دوو ڕووەکان) سوێندیان دەخوارد بەخوا ﴿جَهْدَ أَيْمَانِهِمْ﴾ بە ئەو پەڕی سوێند خواردنیان ﴿لَئِنْ أَمَرْتَهُمْ لَيَخْرُجُنَّ﴾ کەئەگەر فەرمانیان پێ بدەیت (بە دەرچوون بۆ غەزا) بێ گومان دەردەچن ﴿قُل لَّا تُقْسِمُوا﴾ بڵێ؛ سوێند مەخۆن ﴿طَاعَةٌ مَّعْرُوفَةٌ﴾ ملکەچی و گوێڕایەڵی ئێوە زانراوە (قسەتان پێچەوانەی کردارتانە) ﴿إِنَّ اللَّهَ﴾ بەراستی خوا ﴿خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ﴾ ئاگادارە بەو کردەوانەی دەیکەن. ٥٣)

قُلْ أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ فَإِن تَوَلَّوْا فَإِنَّمَا عَلَيْهِ مَا حُمِّلَ
وَعَلَيْكُم مَّا حُمِّلْتُمْ ۖ وَإِن تُطِيعُوهُ تَهْتَدُوا ۚ وَمَا عَلَى الرَّسُولِ
إِلَّا الْبَلَاغُ الْمُبِينُ ﴿٥٤﴾ وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَعَمِلُوا
الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي الْأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ
الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَىٰ لَهُمْ
وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّن بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا ۚ يَعْبُدُونَنِي لَا يُشْرِكُونَ بِي
شَيْئًا ۚ وَمَن كَفَرَ بَعْدَ ذَٰلِكَ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ ﴿٥٥﴾
وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ لَعَلَّكُمْ
تُرْحَمُونَ ﴿٥٦﴾ لَا تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا مُعْجِزِينَ فِي الْأَرْضِ
وَمَأْوَاهُمُ النَّارُ ۖ وَلَبِئْسَ الْمَصِيرُ ﴿٥٧﴾ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا
لِيَسْتَأْذِنكُمُ الَّذِينَ مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ وَالَّذِينَ لَمْ يَبْلُغُوا الْحُلُمَ مِنكُمْ
ثَلَاثَ مَرَّاتٍ ۚ مِّن قَبْلِ صَلَاةِ الْفَجْرِ وَحِينَ تَضَعُونَ ثِيَابَكُم مِّنَ الظَّهِيرَةِ
وَمِن بَعْدِ صَلَاةِ الْعِشَاءِ ۚ ثَلَاثُ عَوْرَاتٍ لَّكُمْ ۚ لَيْسَ عَلَيْكُمْ
وَلَا عَلَيْهِمْ جُنَاحٌ بَعْدَهُنَّ ۚ طَوَّافُونَ عَلَيْكُم بَعْضُكُمْ عَلَىٰ
بَعْضٍ ۚ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمُ الْآيَاتِ ۗ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿٥٨﴾

بەڕۆ بەگوێڕا ئا
گەیەنەت ئەی
فەرمانەی منی لێ بڕۆ
ئارەزایی کەسێکی
خەواتووی بەرچاو
گەورە نزیک کەوتەوە
و منیش داسیەوە
چونکە پێش ئەوەی
جیهاد فەرز بکرێت
منی پەیدا بوو لە
مەککەی (إذا قد رإنا
إليه راجعون)ی ئەبو
عەبدەڕەحمانی ئەبو
عەمر و جەعفەر
دڵخۆشی، سوێند
بەخوا شەیتان هیچ
ڕوشەیەکی ئەرم لێ
نەبیست جا چۆنی
بە حوشترەکەی
دابار منیش سواری
حوشترەکە بووم و
جڵەوی حوشترە

کەی کێشان دەکرد تا گەیشتینەوە بەسوپاکە کە ئامیر گەورەیا باریان خستبوو بۆ بەشووردان بە هۆی منەوە چەندین کەس بەمیلاکدا چوون و سەرگەرمەکەیان مەینەتێکی گەورەی ئێرەی گەورەی سازاوڵ بوو، گەیشتینەوە مەدینە ماندوگیان نەخۆش بووم هەموو خەڵکیش ئەم باسەیان بیستبوو، من نەبێت هەستم بەهیچ نەدەکردەوە نەبێت کەمەخۆش دەبووم پێنەدەبەوە خوا (ﷻ) زۆر سوپاسی بۆ دەردەبڕم بەڵام ئەم جارە نەنها ـ

﴿وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ﴾ یانی: فەرمانبەرداری خوا و فەرمانبەرداری پێغەمبەر (ﷺ) بکەن ﴿وَاحْذَرُوا﴾ ئێمەیان ئاگەدار کردەوە لە ﴿وَاحْذَرُوا﴾ شەڕ و (پێغەمبەر(ﷺ)) تەنها بەرپرسیارە لەوەی دراوە بەسەریدا (کە گەیاندنی پەیامی خوایە) ﴿وَاعْلَمُوا﴾ وە ئێوەش بەرپرسن لەوەی دراوە بەسەرتاندا (کە باوەڕهێنانە) ﴿وَإِن تَوَلَّيْتُمْ﴾ وە ئەگەر نکۆلیایەتی پێغەمبەر(ﷺ) بکەن، ئەوە هیدایەت وەردەگرن ﴿وَمَا عَلَى الرَّسُولِ﴾ وە پێغەمبەر هیچی لەسەر نی یە ﴿إِلَّا الْبَلَاغُ الْمُبِينُ﴾ بێجگە لەگەیاندنی بوون و ئاشکرایی پەیامی خوا. ٥٤)﴿لَيْسَ عَلَى الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ﴾ خوا بەڵێنی داوە بەو کەسانەتان کەباوەڕیان هێناوە ﴿وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ﴾ وە کردەوەی چاکەکانیان کردووە ﴿إِذَا مَا اتَّقَوا وَآمَنُوا﴾ کەبێگومان دەیانکاتە جێی نیشینی (خەڵکی تر) لەزەویدا ﴿ثُمَّ اتَّقَوا وَآمَنُوا ثُمَّ اتَّقَوا وَأَحْسَنُوا﴾ وە ئەوەتا ئەوانی (ئیماندارانی) پێش ئەمانی کردە جێی نشین ﴿وَاللَّهُ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ﴾ وە ئایەتەکەیان بۆ دەچەسپێنێ: ﴿لَيْسَ عَلَى الَّذِينَ آمَنُوا﴾ ئەو (ئایەتە)ی کەخوا پێی رازی بووە بۆیان ﴿وَاللَّهُ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ﴾ وە ترس وبیمیان بۆ دەگێڕێ بەناسایش و ئارامی ﴿يَتَّقُونَ﴾ (لەوکاتەدا شیتن) هەر من دەپەرستن و ﴿لَا تُشْرِكُونَ بِي شَيْئًا﴾ هیچ هاوبەشێکم بۆ بڕیار نادەن ﴿وَمَن كَفَرَ بَعْدَ ذَٰلِكَ﴾ وە هەر کەس بێ بڕوا بێ دوا ئەوە (یەدی هاتنی بەڵێنەکان) ﴿فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ﴾ ئەوە بەڕاستی هەر ئەوانەن دەرچوو لەڕێگەی خوا. ٥٥)﴿وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ﴾وەنوێژ بەجێ بێنن ﴿وَآتُوا الزَّكَاةَ﴾ و زەکات بدەن ﴿وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ﴾ و گوێڕایەڵی پێغەمبەر(ﷺ) بکەن ﴿لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ﴾ تا خوا ڕەحمتتان پێ بکات. ٥٦) ﴿لَا تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا﴾ ئەو کەسانەی بێ باوەڕن وانەزانن ﴿مُعْجِزِينَ فِي الْأَرْضِ﴾ لەتوڵەی خوا ڕزگاریان دەبێ لەزەویدا ﴿وَمَأْوَاهُمُ النَّارُ﴾و ئەوان جێگایان ئاگرە ﴿وَلَبِئْسَ الْمَصِيرُ﴾ شای ڕ سەرئەنجامێکی بەدبەختیە. ٥٧)﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا﴾ ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ﴿لِيَسْتَأْذِنْكُمُ﴾ دەبێ موڵەتتان لێ وەرگرن ﴿الَّذِينَ مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ﴾ ئەوکەسانەی بەندەی ئێوەن (بەندەکانتان) ﴿وَالَّذِينَ لَمْ يَبْلُغُوا الْحُلُمَ مِنْكُمْ﴾ هەروەها منداڵەکانتان کەهێشتا باڵغ نەبوون ﴿ثَلَاثَ مَرَّاتٍ﴾ لەسێ کاتدا (بۆ چوونە ژوری نوستنی ئێوە میترە)﴿مِّن قَبْلِ صَلَاةِ الْفَجْرِ﴾ لەپێش نوێژی بەیانی﴿وَحِينَ تَضَعُونَ ثِيَابَكُم مِّنَ الظَّهِيرَةِ﴾ وە کاتێ پۆشاکتان دادەنێن (لانیکەم لەبەرتان دا) لەکاتی نیوەڕۆدا ﴿وَمِن بَعْدِ صَلَاةِ الْعِشَاءِ﴾ و لەپاش نوێژی عیشا (خەوتنان) ﴿ثَلَاثُ عَوْرَاتٍ لَّكُمْ﴾ ئەم سێ کاتە کاتی خۆدەرخستنە بۆتان دروستە ﴿لَيْسَ عَلَيْكُمْ وَلَا عَلَيْهِمْ جُنَاحٌ بَعْدَهُنَّ﴾ جا ئەم سێ کاتە (بێ موڵەت وەرگرتن) ئەبۆ ئێوەو ئەبۆ ئەوان هیچ گوناهێک نی یە (موڵەت وەرنەگرن) ﴿طَوَّافُونَ عَلَيْكُم﴾ (چونکە) ئەوان ناچار بەدەوری یەکتردا دێن (پێکەوەیە کردنتان) ﴿بَعْضُكُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ﴾ ئێوە لەگەڵ یەکتردا ئێکەڵن ﴿كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ﴾ ئایەر جۆرە خوا ڕوونی دەکاتەوە ﴿لَكُمُ الْآيَاتِ﴾ ئایەتەکانی بۆ ئێوە ﴿وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾ وەخوا زانای کاربڕوستە. ٥٨)

وَإِذَا بَلَغَ الْأَطْفَالُ مِنكُمُ الْحُلُمَ فَلْيَسْتَأْذِنُوا كَمَا اسْتَأْذَنَ
الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ ۗ وَاللَّهُ
عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿٥٩﴾ وَالْقَوَاعِدُ مِنَ النِّسَاءِ اللَّاتِي لَا يَرْجُونَ
نِكَاحًا فَلَيْسَ عَلَيْهِنَّ جُنَاحٌ أَن يَضَعْنَ ثِيَابَهُنَّ
غَيْرَ مُتَبَرِّجَاتٍ بِزِينَةٍ ۖ وَأَن يَسْتَعْفِفْنَ خَيْرٌ لَّهُنَّ ۗ وَاللَّهُ
سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٦٠﴾ لَّيْسَ عَلَى الْأَعْمَىٰ حَرَجٌ وَلَا عَلَى الْأَعْرَجِ
حَرَجٌ وَلَا عَلَى الْمَرِيضِ حَرَجٌ وَلَا عَلَىٰ أَنفُسِكُمْ أَن تَأْكُلُوا
مِن بُيُوتِكُمْ أَوْ بُيُوتِ آبَائِكُمْ أَوْ بُيُوتِ أُمَّهَاتِكُمْ
أَوْ بُيُوتِ إِخْوَانِكُمْ أَوْ بُيُوتِ أَخَوَاتِكُمْ أَوْ بُيُوتِ
أَعْمَامِكُمْ أَوْ بُيُوتِ عَمَّاتِكُمْ أَوْ بُيُوتِ أَخْوَالِكُمْ
أَوْ بُيُوتِ خَالَاتِكُمْ أَوْ مَا مَلَكْتُم مَّفَاتِحَهُ
أَوْ صَدِيقِكُمْ ۚ لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَن تَأْكُلُوا
جَمِيعًا أَوْ أَشْتَاتًا ۚ فَإِذَا دَخَلْتُم بُيُوتًا فَسَلِّمُوا عَلَىٰ أَنفُسِكُمْ
تَحِيَّةً مِّنْ عِندِ اللَّهِ مُبَارَكَةً طَيِّبَةً ۚ كَذَٰلِكَ
يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمُ الْآيَاتِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴿٦١﴾

= مەڵامی دەکەرێ
دەیدەرەوە حاڵتان
چۆنە؟ مناڵی
گەیشتە دروودن
دەبووم بێ ئەوەی
مزگەوتی بزانم بەڵام
هاستم بەو بەڵایە
نەدەکرد تا کاتێک
شەڕێک بوو جەنگ
بیمارە، شەڕێک
لەگەڵ مڵکەسی
میسطاح چوونە
دەرەوە، بۆ ئەوەی
دەست بەتاڵ
بگەڕێنێن، چونکە
تێنە پاش دابەزینی
جیهاد شەڕ بۆ
شەڕ دەچوونە
دەرەوە و بۆزەمان
نەدەهات ئاوەدەست
لە ماڵەکانتان
دروست بکەین و

لەسەر خۆری دەربە سەرەتایی پەکان مایووریەوە مێژ دایکی میسطاح کە کچی ئەبی ڕەهمی کوڕی موخەیب
بوو ئاگاهی کچی مەشقی کوڕی هاتبێ بوو کچیدی ئەبوبەکر بوو دەگەڕایەوە، بۆ ماڵەوە، دایکی میسطاح پێ
ی ئەوتبێ ئەی گیرۆدە ئەگەرت جا ووتی دایکی پێ میسطاح مەبێ ڕووم قسەیەکی خراپت کرد چۆن چێنێو
دەدەیت بە پەکێک لەشەڕی بەدرا بەشداری کردووە؟ ئەویش ووتی: ئای چەند بێ ئاگای ئەی دایکینە خەڵک =

﴿وَإِذَا بَلَغَ الْأَطْفَالُ مِنكُمُ الْحُلُمَ﴾ وەکاتێ کەمنداڵەکانتان بالغ بوون ﴿فَلْيَسْتَأْذِنُوا﴾ ئەوسا دەبێ مۆڵەت وەربگرن ﴿كَمَا اسْتَأْذَنَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ﴾ وەکو چۆن کەسانی پێش ئەمان مۆڵەتیان وەردەگرت (لەهەموو کاتێکدا) ﴿كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ﴾ ئابەم جۆرە خوا ڕوونی دەکاتەوە ﴿لَكُمْ آيَاتِهِ﴾ ئایەتەکانی بۆ ئێوە ﴿وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾ وەخوا زانای دانایە. ٥٩)﴿وَالْقَوَاعِدُ مِنَ النِّسَاءِ﴾ وەئافرەتانی پیرو لەکار کەوتوو ﴿الَّاتِي لَا يَرْجُونَ نِكَاحًا﴾ ئەو ئافرەتانەی ئومێدی شوکردنیان نەماوە ﴿فَلَيْسَ عَلَيْهِنَّ جُنَاحٌ﴾ هیچ گوناهێکیان لەسەر نی یە ﴿أَن يَضَعْنَ ثِيَابَهُنَّ﴾ کە(هەندێک لە) پۆشاکەکانیان لابەرن ﴿غَيْرَ مُتَبَرِّجَاتٍ بِزِينَةٍ﴾ بەڵام زینەت و جوانیان دەرنەخەن ﴿وَأَن يَسْتَعْفِفْنَ﴾ خۆ ئەگەر لاینەبەن و پۆشتە بن ﴿خَيْرٌ لَّهُنَّ﴾ ئەوە چاکترە بۆیان ﴿وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾وە خوا بیسەری زانایە. ٦٠)﴿لَّيْسَ عَلَى الْأَعْمَىٰ حَرَجٌ﴾ کوێر گوناهی لەسەر نی یە ﴿وَلَا عَلَى الْأَعْرَجِ حَرَجٌ﴾و شەل گوناهی لەسەر نی یە ﴿وَلَا عَلَى الْمَرِيضِ حَرَجٌ﴾ هەروەها نەخۆش گوناهی لەسەر نی یە (ئەم جۆرە کەسانە گوناه نی یە بۆیان نان خواردن لەگەڵ کەسانی ساغدا) ﴿وَلَا عَلَىٰ أَنفُسِكُمْ﴾وە بۆ ئێوەش گوناه نی یە ﴿أَن تَأْكُلُوا مِن بُيُوتِكُمْ﴾ کە لەماڵەکانی خۆتان نان بخۆن (ماڵ منداڵو خێزانەکانتان هەر بەماڵی خۆتان دادەنرێ) ﴿أَوْ بُيُوتِ آبَائِكُمْ﴾ یا (نان بخۆن لە)ماڵی باوکانتان ﴿أَوْ بُيُوتِ أُمَّهَاتِكُمْ﴾ یا ماڵی دایکانتان ﴿أَوْ بُيُوتِ إِخْوَانِكُمْ﴾ یا ماڵی براکانتان ﴿أَوْ بُيُوتِ أَخَوَاتِكُمْ﴾ یا ماڵی خۆشکەکانتان ﴿أَوْ بُيُوتِ أَعْمَامِكُمْ﴾ یا ماڵی مامەکانتان ﴿أَوْ بُيُوتِ عَمَّاتِكُمْ﴾ یا ماڵە پورەکانتان (خۆشکانی باوک) ﴿أَوْ بُيُوتِ أَخْوَالِكُمْ﴾ یا ماڵی خاڵەکانتان ﴿أَوْ بُيُوتِ خَالَاتِكُمْ﴾ یا ماڵی پورەکانتان (خوشکانی دایک) ﴿أَوْ مَا مَلَكْتُم مَّفَاتِحَهُ﴾ یا ئەو ماڵانەی کەکلیلەکانیان بەئێوەیە ﴿أَوْ صَدِيقِكُمْ﴾ یا ماڵی برادەرو هاوڕێتان ﴿لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ﴾ هیچ گوناهتان لەسەر نی یە ﴿أَن تَأْكُلُوا جَمِيعًا أَوْ أَشْتَاتًا﴾ بەکۆمەڵ یا بەتەنیا نان بخۆن ﴿فَإِذَا دَخَلْتُم بُيُوتًا﴾ جا کاتێ چوونە (هەر ماڵێک لە) ماڵان ﴿فَسَلِّمُوا عَلَىٰ أَنفُسِكُمْ﴾ ئەوە سەلام لەیەکتر بکەن (لەوانەی کەوەک خۆتان وان) ﴿تَحِيَّةً مِّنْ عِندِ اللَّهِ﴾ بەسەلام کردنێک لەلایەن خواوە (هاتووە) ﴿مُّبَارَكَةً طَيِّبَةً﴾ سەلامێکی جوان و چاک و پاک ﴿كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ﴾ ئابەو شێوە خوا ڕوونی دەکاتەوە ﴿لَكُمُ الْآيَاتِ﴾ ئایەتەکانی بۆ ئێوە ﴿لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ﴾ بەڵکو ئەقڵتان بخەنە کارو بیربکەنەوە. ٦١)

إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَإِذَا كَانُوا مَعَهُ
عَلَىٰ أَمْرٍ جَامِعٍ لَّمْ يَذْهَبُوا حَتَّىٰ يَسْتَأْذِنُوهُ إِنَّ الَّذِينَ يَسْتَأْذِنُونَكَ
أُولَٰئِكَ الَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ ۚ فَإِذَا اسْتَأْذَنُوكَ
لِبَعْضِ شَأْنِهِمْ فَأْذَن لِّمَن شِئْتَ مِنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمُ
اللَّهَ ۚ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٦٢﴾ لَّا تَجْعَلُوا دُعَاءَ الرَّسُولِ
بَيْنَكُمْ كَدُعَاءِ بَعْضِكُم بَعْضًا ۚ قَدْ يَعْلَمُ اللَّهُ الَّذِينَ
يَتَسَلَّلُونَ مِنكُمْ لِوَاذًا ۚ فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ
أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٦٣﴾ أَلَا إِنَّ لِلَّهِ
مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ۖ قَدْ يَعْلَمُ مَا أَنتُمْ عَلَيْهِ وَيَوْمَ
يُرْجَعُونَ إِلَيْهِ فَيُنَبِّئُهُم بِمَا عَمِلُوا ۗ وَاللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ ﴿٦٤﴾

سُورَةُ الْفُرْقَانِ مَكِّيَّةٌ

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

تَبَارَكَ الَّذِي نَزَّلَ الْفُرْقَانَ عَلَىٰ عَبْدِهِ لِيَكُونَ لِلْعَالَمِينَ نَذِيرًا
﴿١﴾ الَّذِي لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَلَمْ يَتَّخِذْ وَلَدًا وَلَمْ
يَكُن لَّهُ شَرِيكٌ فِي الْمُلْكِ وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ فَقَدَّرَهُ تَقْدِيرًا ﴿٢﴾

- چی دەڵێن؟ ڕوەو دەڵێن چی؟ ئەیتر هەرکاتێک بۆ کۆبوونەوەی هاوبەش ئامادەیی لەبارەی هەموو گرنگ بوون، کاتێک ڕۆیشتن، بۆ ماڵەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ ماڵەوە ئاگادار دەکەم و ڕوونی: ئێستە چاوەڕێ؟ ڕوەو: دوانەم بدە بچم بۆ ئەو کارەی پێویستە بیکەم؟ فەرموویەتی: بەڵێ، بڕیارم دا بچم بۆ ئەو کارەی پێویستە بیکەم لە دەستی ئەوان ڕزگاری بێت، چونکە بڕوام بە ئیمان و پەیمانەکەی ڕوەو هەیە، ئەوە گومان مەکە ئەوانەی دەربارەی من چی دەڵێن ؟ ڕوەو: کچی خۆم ئارەزووت بەوە بەخوا کەم ئاگەداری چوون بەرە خۆشەویست بێ لای پێغەمبەر و هەروەها بۆ ئەوەی ڕزگاری بێت. ڕوەو: (سبحان الله) کەواتە خەڵکی باسی ئەوەیان کردووە! ئەو هەموو تا بەیانی گریام و ئیرتێک نەپارەکانم ڕوەڵە نەدەبوو هەر چاوەڕێم نەدەبوو. خەبر نەخەبا پێڵا نەدەبوو، هەر دەگریام وەسیفی ئەوەیە کە زۆر ئەهمات بۆ پێغەمبەر ﷺ جا پێغەمبەر ﷺ هەمان ئازاری ئەهمی خاتوو ئیسماعیلی کچی زەبیحی پێگەیشتوو کرد-

﴿إِنَّ الَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا﴾ ئەوانەی خۆیان بەگەورە دادەنا دەڵێن ﴿لِلَّذِينَ اسْتُضْعِفُوا﴾ بەوانەی زۆردەستە و لاواز کرابوون ﴿أَنَحْنُ صَدَدْنَاكُمْ عَنِ الْهُدَىٰ﴾ ئایا ئێمە بەرگریمان کردن لەڕێنموونی ﴿بَعْدَ إِذْ جَاءَكُمْ﴾ دوای ئەوە بۆتان هات ﴿بَلْ كُنتُم مُّجْرِمِينَ﴾ (نەخێر وانییە) بەڵکو خۆتان تاوانبار بوون. ٣٢) ﴿وَقَالَ الَّذِينَ اسْتُضْعِفُوا﴾ زۆر دەستەو چەوساوەکان دەڵێن ﴿لِلَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا﴾ بەوانەی خۆ بەزل زان بوون ﴿بَلْ مَكْرُ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ﴾ (نەخێر وانییە) بەڵکو پیلانی (ئێوە) بەشەو و بەرۆژ (چەواشەی کردین) ﴿إِذْ تَأْمُرُونَنَا أَن نَّكْفُرَ بِاللَّهِ﴾ کاتێ ئەرمانتان پێ دەدایین کە بێ بڕوا بین بەخوا ﴿وَنَجْعَلَ لَهُ أَندَادًا﴾ و وێنەو هاوبەشانی بۆ دابنێین ﴿وَأَسَرُّوا النَّدَامَةَ﴾ هەموویان پەشیمانی دەشارنەوە ﴿لَمَّا رَأَوُا الْعَذَابَ﴾ کاتێ کەسزای ئۆرەخ دەبینن ﴿وَجَعَلْنَا الْأَغْلَالَ فِي أَعْنَاقِ الَّذِينَ كَفَرُوا﴾ وە زنجیرو ئەوقمان کردە گەردنی بێ باوەڕان ﴿هَلْ يُجْزَوْنَ إِلَّا مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ ئایا تۆڵەیان لێ ئەسەنرێ جگە لەوەی دەیان کرد. ٣٣) ﴿وَمَا أَرْسَلْنَا فِي قَرْيَةٍ مِّن نَّذِيرٍ﴾ وە لەهیچ شارێکدا پێغەمبەرێ ترسێنەرمان نەناردووە ﴿إِلَّا قَالَ مُتْرَفُوهَا﴾ مەگەر خاوەن ئازو نیعمەتەکانی (دەوڵەمەندەکانی) ڕوتووبیانە ﴿إِنَّا بِمَا أُرْسِلْتُم بِهِ كَافِرُونَ﴾ بەڕاستی ئێمە باوەڕمان نی یە بەو (ئایینە)ی ئێوەی پێ ئێردراون. ٣٤) ﴿وَقَالُوا نَحْنُ أَكْثَرُ أَمْوَالًا وَأَوْلَادًا﴾ وە ڕوتیان ئێمە سامان و منداڵمان زۆرترە (لەئێوە) ﴿وَمَا نَحْنُ بِمُعَذَّبِينَ﴾ وە ئێمە قەت سزا نادرێین. ٣٥) ﴿قُلْ إِنَّ رَبِّي يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَن يَشَاءُ وَيَقْدِرُ﴾ بڵێ بەڕاستی پەروەردگارم ڕۆزی فراوان دەکات و دەیگرێتەوە بۆ هەر کەسێ بیەوێ ﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾ بەڵام زۆر بەی خەڵک نازانن. ٣٦) ﴿وَمَا أَمْوَالُكُمْ وَلَا أَوْلَادُكُم بِالَّتِي﴾ وە سامان و منداڵتان شتێك نین ﴿تُقَرِّبُكُمْ عِندَنَا زُلْفَىٰ﴾ لای ئێمە پلەو پایەتان نزیك بکەنەوە ﴿إِلَّا مَنْ آمَنَ وَعَمِلَ صَالِحًا﴾ مەگەر ئەوەی باوەڕی هێنابێ و کردەوەی چاکی کردبێ ﴿فَأُولَٰئِكَ لَهُمْ جَزَاءُ الضِّعْفِ﴾ بۆ ئەوانە پاداشتی دوو بەرامبەر هەیە ﴿بِمَا عَمِلُوا﴾ بەهۆی ئەو چاکانەی کەکردوویانە ﴿وَهُمْ فِي الْغُرُفَاتِ آمِنُونَ﴾ ئەوان لەکۆشکە بەرزەکانی (بەهەشتدا) لەئاسایش دان. ٣٧) ﴿وَالَّذِينَ يَسْعَوْنَ فِي آيَاتِنَا﴾ وە ئەوانەی هەوڵی پوچەڵ کردنەوەی نیشانەکانی ئێمە دەدەن ﴿مُعَاجِزِينَ﴾ دەستە پاچەڵێو هیچیان پێ ناکرێ ﴿أُولَٰئِكَ فِي الْعَذَابِ مُحْضَرُونَ﴾ ئەوانە لەسزای دۆزەخدا ئامادە کراو دەبن. ٣٨) ﴿قُلْ إِنَّ رَبِّي يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَن يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ وَيَقْدِرُ لَهُ﴾ بڵێ بێگومان پەروەردگارم ڕۆزی فراوان یا کەمی دەکات بۆی ﴿وَمَا أَنفَقْتُم مِّن شَيْءٍ﴾ وە ئێوە هەر شتێك بپەخشن ﴿فَهُوَ يُخْلِفُهُ﴾ ئەوە خوا جێگەی پڕدەکاتەوە ﴿وَهُوَ خَيْرُ الرَّازِقِينَ﴾ وە ئەو (خوا) چاکترینی ڕۆزی دەرانە. ٣٩)

وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ جَمِيعًا ثُمَّ يَقُولُ لِلْمَلَٰٓئِكَةِ أَهَٰٓؤُلَآءِ إِيَّاكُمْ كَانُوا
يَعْبُدُونَ ﴿٤٠﴾ قَالُوا سُبْحَٰنَكَ أَنتَ وَلِيُّنَا مِن دُونِهِم ۖ بَلْ كَانُوا
يَعْبُدُونَ ٱلْجِنَّ ۖ أَكْثَرُهُم بِهِم مُّؤْمِنُونَ ﴿٤١﴾ فَٱلْيَوْمَ لَا يَمْلِكُ
بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ نَّفْعًا وَلَا ضَرًّا وَنَقُولُ لِلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ ذُوقُوا۟ عَذَابَ
ٱلنَّارِ ٱلَّتِى كُنتُم بِهَا تُكَذِّبُونَ ﴿٤٢﴾ وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُنَا بَيِّنَٰتٍ
قَالُوا۟ مَا هَٰذَآ إِلَّا رَجُلٌ يُرِيدُ أَن يَصُدَّكُمْ عَمَّا كَانَ يَعْبُدُ ءَابَآؤُكُمْ ۚ
وَقَالُوا۟ مَا هَٰذَآ إِلَّآ إِفْكٌ مُّفْتَرًى ۚ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لِلْحَقِّ لَمَّا
جَآءَهُمْ إِنْ هَٰذَآ إِلَّا سِحْرٌ مُّبِينٌ ﴿٤٣﴾ وَمَآ ءَاتَيْنَٰهُم مِّن كُتُبٍ
يَدْرُسُونَهَا ۖ وَمَآ أَرْسَلْنَآ إِلَيْهِمْ قَبْلَكَ مِن نَّذِيرٍ ﴿٤٤﴾ وَكَذَّبَ
ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۖ وَمَا بَلَغُوا۟ مِعْشَارَ مَآ ءَاتَيْنَٰهُمْ فَكَذَّبُوا۟ رُسُلِى ۖ
فَكَيْفَ كَانَ نَكِيرِ ﴿٤٥﴾ ۞ قُلْ إِنَّمَآ أَعِظُكُم بِوَٰحِدَةٍ ۖ أَن
تَقُومُوا۟ لِلَّهِ مَثْنَىٰ وَفُرَٰدَىٰ ثُمَّ تَتَفَكَّرُوا۟ ۚ مَا بِصَاحِبِكُم
مِّن جِنَّةٍ ۚ إِنْ هُوَ إِلَّا نَذِيرٌ لَّكُم بَيْنَ يَدَىْ عَذَابٍ شَدِيدٍ ﴿٤٦﴾
قُلْ مَا سَأَلْتُكُم مِّنْ أَجْرٍ فَهُوَ لَكُمْ ۖ إِنْ أَجْرِىَ إِلَّا عَلَى ٱللَّهِ ۖ وَهُوَ عَلَىٰ
كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدٌ ﴿٤٧﴾ قُلْ إِنَّ رَبِّى يَقْذِفُ بِٱلْحَقِّ ۚ عَلَّٰمُ ٱلْغُيُوبِ ﴿٤٨﴾

حۆشما تنصرون مانەوەی لە بەڵگەنامەکانی(ڕواه أبو داود) پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: (هەرکێ مناڵان پەروەردە بکات لە ئاژەڵانی هاوشێوەی کاتێک هەردووکیان بەرامبەر بەیەکتر دەڕۆن و هەردووکیان شەڕ دەکەن و پەلە و بانگ دەکەن).

ئایەتی (٢٩) سورەتی (الشعراء)ء سال جوبریل ڕەسوڵ اللە(ﷺ) لە بارەی ئیحسان فەرمو: (ﷺ) (أن تعبد الله كأنك تراه فإن لم تكن تراه فإنه يراك)(ڕواه مسلم) جوبرەئیل پرسیاری لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) کرد دەڵێ جاکی (إحسان) چی یە؟ پێغەمبەریش فەرمووی: (ئەوەیە کە بە جۆرێ خوا بپەرستی وەک خوا ببینیت خۆ ئەگەر تۆ ئەو نەبینیت ئەوە بەڕاستی خوا تۆ دەبینێت).

﴿يَوْمَ يَجْمَعُ اللَّهُ الرُّسُلَ﴾ وە رۆژێک (خوا) هەموویان کۆ دەکاتەوە ﴿فَيَقُولُ مَاذَا أُجِبْتُمْ﴾ پاشان بەفریشتەکان دەڵێ(وەڵامی) ﴿قَالُوا لَا عِلْمَ لَنَا﴾ ئایا ئەوانە (لەدنیا) ئێوەیان دەپەرست. ١٠)﴿قَالُوا سُبْحَانَكَ﴾ (فریشتەکان) دەڵێن پاک و بێگەردی بۆ تۆ ﴿أَنْتَ وَلِيُّنَا مِنْ دُونِهِمْ﴾ تەنیا تۆ گەورەی ئێمەی نەک ئەوان ﴿بَلْ كَانُوا يَعْبُدُونَ الْجِنَّ﴾ بەڵکو ئەوان جنۆکەیان دەپەرست ﴿أَكْثَرُهُمْ بِهِمْ مُؤْمِنُونَ﴾ زۆربەیان باوەڕیان بەوان (جنۆکە) هەبوو. ١١)﴿فَالْيَوْمَ لَا يَمْلِكُ بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ نَفْعًا وَلَا ضَرًّا﴾ ئێنجا ئەمڕۆ ناتوانن هیچ سوودێو زیانێک بەیەکتری بگەیەنن ﴿وَنَقُولُ لِلَّذِينَ ظَلَمُوا﴾ وە بەستەمکاران دەڵێین: ﴿ذُوقُوا عَذَابَ النَّارِ﴾ سزای ئاگری دۆزەخ بچەژن ﴿الَّتِي كُنْتُمْ بِهَا تُكَذِّبُونَ﴾ ئەوەی ئێوە باوەڕتان پێی نەبوو. ١٢)﴿وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ﴾ کاتێ بخوێندرێتەوە بەسەریاندا ﴿آيَاتُنَا بَيِّنَاتٍ﴾ نیشانە روونەکانی ئێمە ﴿قَالُوا مَا هَٰذَا إِلَّا رَجُلٌ﴾ دەڵێن: ئەمە (پێغەمبەر (ﷺ)) هیچ نییە جگە لەپیاوێک ﴿يُرِيدُ أَنْ يَصُدَّكُمْ﴾ دەیەوێ بەرگریتان بکات ﴿عَمَّا كَانَ يَعْبُدُ آبَاؤُكُمْ﴾ لەوە کەباوو باپیرانتان دەیان پەرست ﴿وَقَالُوا مَا هَٰذَا﴾ وە دەڵێن: ئەمە (قورئان) شتێک نییە ﴿إِلَّا إِفْكٌ مُفْتَرًى﴾ بێجگە لە درۆیەکی هەڵبەستراو بەناوی خواوە ﴿وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لِلْحَقِّ لَمَّا جَاءَهُمْ﴾ وە بێ باوەڕان بەڕاستی (قورئان)یان دەروت کەبۆیان هاتبوو ﴿إِنْ هَٰذَا إِلَّا سِحْرٌ مُبِينٌ﴾ ئەمە تەنها جادوویەکی ئاشکرایە. ١٣)﴿وَمَا آتَيْنَاهُمْ مِنْ كُتُبٍ يَدْرُسُونَهَا﴾ پێشتر چەند کتێبێکمان پێ نەدابوون کە بیانخوێندنەوە ﴿وَمَا أَرْسَلْنَا إِلَيْهِمْ﴾ و بۆمان نەنارد‌بوون ﴿قَبْلَكَ مِنْ نَذِيرٍ﴾ پێش تۆ هیچ پێغەمبەرێکی ترسێنەر. ١٤)﴿وَكَذَّبَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ﴾ وە کەسانێ پێش ئەمان (قورەیشییەکان) باوەڕیان بەپێغەمبەرانیان نەهێنا ﴿وَمَا بَلَغُوا مِعْشَارَ مَا آتَيْنَاهُمْ﴾ ئەمان (قورەیش) نەگەیشتبوونە دەیەکی ئەوەی بەرانەمان دابوو ﴿فَكَذَّبُوا رُسُلِي﴾ ئینجا ئەوان باوەڕیان بەپێغەمبەرانی من نەهێنا ﴿فَكَيْفَ كَانَ نَكِيرِ﴾ جا چۆن بوو تۆڵە سەندنی ئێمە (لەوان). ١٥)﴿قُلْ إِنَّمَا أَعِظُكُمْ بِوَاحِدَةٍ﴾ بڵێ من تەنیا بەیەک شت ئامۆژگاریتان دەکەم ﴿أَنْ تَقُومُوا لِلَّهِ مَثْنَىٰ وَفُرَادَىٰ﴾ کەبۆ دوو دوو یەک یەک لەبەر خوا هەڵسن ﴿ثُمَّ تَتَفَكَّرُوا مَا بِصَاحِبِكُمْ مِنْ جِنَّةٍ﴾ پاشان بیر بکەنەوە هاوڕێکەتان(پێغەمبەر (ﷺ)) شێت نییە ﴿إِنْ هُوَ إِلَّا نَذِيرٌ لَكُمْ﴾ ئەو (پێغەمبەر(ﷺ)) تەنیا ترسێنەرە بۆ ئێوە ﴿بَيْنَ يَدَيْ عَذَابٍ شَدِيدٍ﴾ لەپێش هاتنی سزای سەختی (قیامەت). ١٦)﴿قُلْ مَا سَأَلْتُكُمْ مِنْ أَجْرٍ فَهُوَ لَكُمْ﴾ بڵێ هەرکرێ و پاداشتێکم لێ داوا کردوون ئەوە بۆ خۆتان ﴿إِنْ أَجْرِيَ إِلَّا عَلَى اللَّهِ﴾ پاداشتی من تەنها لەسەر خوایە ﴿وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ﴾ وە ئەو (خوا) بەسەر هەموو شتێکدا ئاگادارە. ١٧)﴿قُلْ إِنَّ رَبِّي يَقْذِفُ بِالْحَقِّ﴾ بڵێ بەڕاستی پەروەردگارم بەتوندی هەق دەدات بەسەر (بەتاڵدا) ﴿عَلَّامُ الْغُيُوبِ﴾ (خوا) زاناپە بە نهێنی و شاراوەکان. ١٨)

قُلْ جَآءَ ٱلْحَقُّ وَمَا يُبْدِئُ ٱلْبَٰطِلُ وَمَا يُعِيدُ ﴿٤٩﴾ قُلْ إِنْ ضَلَلْتُ
فَإِنَّمَآ أَضِلُّ عَلَىٰ نَفْسِى ۖ وَإِنِ ٱهْتَدَيْتُ فَبِمَا يُوحِىٓ إِلَىَّ رَبِّىٓ ۚ إِنَّهُۥ
سَمِيعٌ قَرِيبٌ ﴿٥٠﴾ وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذْ فَزِعُوا۟ فَلَا فَوْتَ وَأُخِذُوا۟ مِن
مَّكَانٍ قَرِيبٍ ﴿٥١﴾ وَقَالُوٓا۟ ءَامَنَّا بِهِۦ ۖ وَأَنَّىٰ لَهُمُ ٱلتَّنَاوُشُ مِن
مَّكَانٍۭ بَعِيدٍ ﴿٥٢﴾ وَقَدْ كَفَرُوا۟ بِهِۦ مِن قَبْلُ ۖ وَيَقْذِفُونَ
بِٱلْغَيْبِ مِن مَّكَانٍۭ بَعِيدٍ ﴿٥٣﴾ وَحِيلَ بَيْنَهُمْ وَبَيْنَ مَا يَشْتَهُونَ
كَمَا فُعِلَ بِأَشْيَاعِهِم مِّن قَبْلُ ۚ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ فِى شَكٍّ مُّرِيبٍ ﴿٥٤﴾

سورة فاطر

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ فَاطِرِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ جَاعِلِ ٱلْمَلَٰٓئِكَةِ رُسُلًا أُو۟لِىٓ
أَجْنِحَةٍ مَّثْنَىٰ وَثُلَٰثَ وَرُبَٰعَ ۚ يَزِيدُ فِى ٱلْخَلْقِ مَا يَشَآءُ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ
شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿١﴾ مَّا يَفْتَحِ ٱللَّهُ لِلنَّاسِ مِن رَّحْمَةٍ فَلَا مُمْسِكَ لَهَا ۖ
وَمَا يُمْسِكْ فَلَا مُرْسِلَ لَهُۥ مِنۢ بَعْدِهِۦ ۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٢﴾ يَٰٓأَيُّهَا
ٱلنَّاسُ ٱذْكُرُوا۟ نِعْمَتَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ ۚ هَلْ مِنْ خَٰلِقٍ غَيْرُ ٱللَّهِ يَرْزُقُكُم
مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ ۚ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ فَأَنَّىٰ تُؤْفَكُونَ ﴿٣﴾

فهداتی (۱۸) موبتی (الفصل) قال رسول الله ﷺ: (نحن معاشر الأنبياء لا نورث ما تركناه فهو صدقة) (متفق عليه). پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (ئێمەی کۆمەڵی پێغەمبەران میراتمان لێ ناگیرێت پارەی خۆمان مەگەر چیمان بەجێ بهێڵین شتەکە بکرێتە بۆ موسڵمانان).

فهداتی (۱۹) موبتی (الفصل) قال رسول الله ﷺ: (لم يعط نبيٌّ من الأنبياء شطر ما أعطي داود إلا أنه كان يقرأ القرآن ما أعطيت أنا من الأمم تسبح؟ فهلا شطر وأعطاه) (رواه مسلم). پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (پێغەمبەرێک پێنەگەیشتە بە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەری (داود) گەست نەبڕیش قورئانی نا بەسوننەتی ئەو، جوابی گەیشتنی بڵێگای بۆ کرد تاوا بەخۆی ئەوی بەخۆ مۆرکرد، ئەی گەست قورئانەکە نا بەخۆ نەبەستەوە ئەگەر بۆ کەسێکیتر بێ کەی؟ دەبا تەنها ئەو مۆرکرابێت (بەرئاندن).

﴿إِنْ جَاءَ﴾ (ئەی موحەممەد (ﷺ)) بڵێ (ئایینی) ڕاست هات ﴿وَمَا يُبْدِئُ الْبَاطِلُ وَمَا يُعِيدُ﴾ و بەتاڵ (ئەها) و دروست ناپێتەوە دووبارە ناگەڕێتەوە. ١٩﴿قُلْ إِنْ ضَلَلْتُ﴾ بڵێ ئەگەر من گومڕابم ﴿فَإِنَّمَا أَضِلُّ عَلَىٰ نَفْسِي﴾ ئەوە زیانەکەی تەنیا بۆ خۆمە ﴿وَإِنِ اهْتَدَيْتُ﴾ وە ئەگەر ڕێنموونیم ﴿فَبِمَا يُوحِي إِلَيَّ رَبِّي﴾ ئەوە بەهۆی ئەو(قورئانە)وەیە کەپەروەردگارم بۆی ناردووم ﴿إِنَّهُ سَمِيعٌ قَرِيبٌ﴾ بەڕاستی خوا بیسەرو نزیکە. ٥٠﴿وَلَوْ تَرَىٰ إِذْ فَزِعُوا﴾ (ئەی موحەممەد (ﷺ)) ئەگەر دەبینی کاتێ (بێ باوەڕان) زۆر دەترسن ﴿فَلَا فَوْتَ﴾ ئینجا بەهیچ جۆرێ ڕزگار بوونیان نییە ﴿وَأُخِذُوا مِنْ مَكَانٍ قَرِيبٍ﴾ وە لەشوێنێکی نزیک (لەزەمینەوە) دەبڕێن بۆ ناوێ ٥١﴿وَقَالُوا آمَنَّا بِهِ﴾ لەو کاتەدا دەڵێن باوەڕمان هێنا بەو (قورئانە) ﴿وَأَنَّىٰ لَهُمُ التَّنَاوُشُ مِنْ مَكَانٍ بَعِيدٍ﴾ چۆن (باوەڕیان) دەست دەکەوێ لەشوێنێکی دوورەوە. ٥٢) ﴿وَقَدْ كَفَرُوا بِهِ مِنْ قَبْلُ﴾ کەبەڕاستی ئەوان لەدنیادا بێ باوەڕ بوون پێی ﴿وَيَقْذِفُونَ بِالْغَيْبِ مِنْ مَكَانٍ بَعِيدٍ﴾ و بە نەزانی قسەیان لەپەنهانیەکان دەکرد لەشوێنێکی دوورەوە (کەدنیایە). ٥٣﴿وَحِيلَ بَيْنَهُمْ وَبَيْنَ مَا يَشْتَهُونَ﴾ بەر بەست دەخرێتە نێوان ئەوان و ئەوەی ئارەزووی دەکەن (کەبڕوا هێنان و ئەوبە گردنە) ﴿كَمَا فُعِلَ بِأَشْيَاعِهِمْ مِنْ قَبْلُ﴾ هەر وەکو بەها و شێوەکانیان کرا لەپێش ئەماندا ﴿إِنَّهُمْ كَانُوا فِي شَكٍّ مُرِيبٍ﴾ بەڕاستی ئەوان لەگومانێکی دوور دڵ کەردان. ٥٤)

سورەتی ﴿ فاطر ﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان. ﴿الْحَمْدُ لِلَّهِ فَاطِرِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾ هەموو ستایش بۆ خوایە کەبەدی هێنەری ئاسمانەکان و زەوییە ﴿جَاعِلِ الْمَلَائِكَةِ رُسُلًا﴾ فریشتەکانی کردووە بەنێردراوێک ﴿أُولِي أَجْنِحَةٍ مَثْنَىٰ وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ﴾ خاوەنی (چەند جۆرە) باڵن: دوان و سێیان و چوار ﴿يَزِيدُ فِي الْخَلْقِ مَا يَشَاءُ﴾ (خوا) هەرچی بیەوێ لەدروست کردندا زیادی دەکات ﴿إِنَّ اللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ بەڕاستی خوا بەسەر هەموو شتێکدا بەتوانایە. ١)﴿مَا يَفْتَحِ اللَّهُ لِلنَّاسِ مِنْ رَحْمَةٍ﴾ خوا هەر بەهەرەو چاکەیەک بۆ خەڵک بەرەڵا بکات و بیکاتەوە ﴿فَلَا مُمْسِكَ لَهَا﴾ ئیتر بەرگری کەرێکی بۆ نییە ﴿وَمَا يُمْسِكْ﴾ وەخوا هەر بەهەرەیەک بگرێتەوە﴿فَلَا مُرْسِلَ لَهُ مِنْ بَعْدِهِ﴾ ئیتر لەپاش گرتنەوەی خوا بەرەڵاکەر و ئێرەری بۆ نییە ﴿وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ﴾ وە خوا زاڵی کار دروستە. ٢)﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ﴾ ئەی خەڵکینە﴿اذْكُرُوا نِعْمَتَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ﴾ بیربکەوە لەبەهرەی خوا بەسەرتانەوە﴿هَلْ مِنْ خَالِقٍ غَيْرُ اللَّهِ﴾ ئایا بێجگە لەخوا دروست کەرێکی تر هەیە ﴿يَرْزُقُكُمْ مِنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ﴾ کەڕزقتان بدات لەئاسمانو زەویدا ﴿لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ﴾ هیچ پەرستراوێکی ڕاست نییە بێجگە لەخوا ﴿فَأَنَّىٰ تُؤْفَكُونَ﴾ دەی چۆن وا ڕوو وەردەگێڕن. ٣)

وَإِن يُكَذِّبُوكَ فَقَدْ كُذِّبَتْ رُسُلٌ مِّن قَبْلِكَ ۚ وَإِلَى ٱللَّهِ تُرْجَعُ ٱلْأُمُورُ
﴿٤﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ ۖ فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا ۖ
وَلَا يَغُرَّنَّكُم بِٱللَّهِ ٱلْغَرُورُ ﴿٥﴾ إِنَّ ٱلشَّيْطَٰنَ لَكُمْ عَدُوٌّ فَٱتَّخِذُوهُ
عَدُوًّا ۚ إِنَّمَا يَدْعُوا۟ حِزْبَهُۥ لِيَكُونُوا۟ مِنْ أَصْحَٰبِ ٱلسَّعِيرِ ﴿٦﴾ ٱلَّذِينَ
كَفَرُوا۟ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ ۖ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَهُم
مَّغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ كَبِيرٌ ﴿٧﴾ أَفَمَن زُيِّنَ لَهُۥ سُوٓءُ عَمَلِهِۦ فَرَءَاهُ حَسَنًا ۖ
فَإِنَّ ٱللَّهَ يُضِلُّ مَن يَشَآءُ وَيَهْدِى مَن يَشَآءُ ۖ فَلَا تَذْهَبْ نَفْسُكَ
عَلَيْهِمْ حَسَرَٰتٍ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌۢ بِمَا يَصْنَعُونَ ﴿٨﴾ وَٱللَّهُ ٱلَّذِىٓ أَرْسَلَ
ٱلرِّيَٰحَ فَتُثِيرُ سَحَابًا فَسُقْنَٰهُ إِلَىٰ بَلَدٍ مَّيِّتٍ فَأَحْيَيْنَا بِهِ ٱلْأَرْضَ بَعْدَ
مَوْتِهَا ۚ كَذَٰلِكَ ٱلنُّشُورُ ﴿٩﴾ مَن كَانَ يُرِيدُ ٱلْعِزَّةَ فَلِلَّهِ ٱلْعِزَّةُ جَمِيعًا ۚ
إِلَيْهِ يَصْعَدُ ٱلْكَلِمُ ٱلطَّيِّبُ وَٱلْعَمَلُ ٱلصَّٰلِحُ يَرْفَعُهُۥ ۚ وَٱلَّذِينَ
يَمْكُرُونَ ٱلسَّيِّـَٔاتِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ ۖ وَمَكْرُ أُو۟لَٰٓئِكَ هُوَ يَبُورُ
﴿١٠﴾ وَٱللَّهُ خَلَقَكُم مِّن تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ جَعَلَكُمْ أَزْوَٰجًا ۚ
وَمَا تَحْمِلُ مِنْ أُنثَىٰ وَلَا تَضَعُ إِلَّا بِعِلْمِهِۦ ۚ وَمَا يُعَمَّرُ مِن مُّعَمَّرٍ
وَلَا يُنقَصُ مِنْ عُمُرِهِۦٓ إِلَّا فِى كِتَٰبٍ ۚ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٌ ﴿١١﴾

ڤایدتی (٤٠) سوردتی (الفعل): قال رسول الله (ﷺ): (يقول الله تعالى: يا عبادي لو أن أولكم وآخركم وإنسكم وجنكم كانوا على أتقى قلب رجل منكم ما زاد ذلك في ملكي شيئاً، يا عبادي لو أن أولكم و آخركم وإنسكم وجنكم كانوا على أفجر قلب رجل منكم ما نقص ذلك من ملكي شيئاً، يا عبادي إنما هي أعمالكم أحصيها لكم ثم أوفيكم إياها، فمن وجد خيراً فليحمد الله ومن وجد غير ذلك فلا يلومن إلا نفسه) (رواه مسلم). پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (خوای گەورە دەفەرمووێت: ئەی بەندەکانم ئەگەر ئەوەڵ و ئاخرتان و مرۆڤ و جنۆکەتان لەسەر دڵی پیاو چاکترین کەستان بن ئەوە هیچ لەمواڵکی من زیاد ناکات ئەی بەندەکانم ئەگەر ئەوەڵ و ئاخرتان و مرۆڤ و جنۆکەتان لەسەر دڵی خراپترین کەستان بن ئەوە لەمواڵکی من هیچ شتێک کەم ناکاتەوە.)

﴿وَإِن يُكَذِّبُوكَ﴾ ئەگەر باوەڕیان پێ نەهێنایت (دڵگران مەبە) ﴿فَقَدْ كَذَّبَتْ رُسُلٌ مِّن قَبْلِكَ﴾ چونکە بەڕاستی پێغەمبەرانی پێش تۆش باوەڕیان پێ نەهێنرا ﴿وَإِلَى اللَّهِ تُرْجَعُ الْأُمُورُ﴾ هەموو کارو بارەکان تەنها بۆ لای خوا دەگەڕێتەوە. ٤)﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ﴾ ئەی خەڵکینە بێگومان بەڵێنی خوا ڕاستە ﴿فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا﴾ دەی کەواتە با ژیانی دنیا فریوتان نەدات ﴿وَلَا يَغُرَّنَّكُم بِاللَّهِ الْغَرُورُ﴾ وە باشەیتان بە(بەزەیی و لێبوردەی) خوا فریوتان نەدات. ٥)﴿إِنَّ الشَّيْطَانَ لَكُمْ عَدُوٌّ﴾ بەڕاستی شەیتان دوژمنی ئێوەیە ﴿فَاتَّخِذُوهُ عَدُوًّا﴾ دەی کەواتە ئێوەش بەدوژمنی خۆتانی دابنێن ﴿إِنَّمَا يَدْعُو حِزْبَهُ﴾ بێگومان ئەو (شەیتان) تاقم و کۆمەڵەکەی بانگ دەکات ﴿لِيَكُونُوا مِنْ أَصْحَابِ السَّعِيرِ﴾ بۆ ئەوەی ببەنە هاوەڵانی ئاگری هەڵگیرساوی (دۆزەخ). ٦)﴿الَّذِينَ كَفَرُوا لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ﴾ ئەوانەی بێ باوەڕ بوون سزای بەتینیان بۆ هەیە ﴿وَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ﴾ وە ئەوانەی باوەڕیان هێناوەو کردەوە چاکەکانیان کردوە ﴿لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ كَبِيرٌ﴾ لێبوردن و پاداشتی گەورەیان بۆ هەیە. ٧)﴿أَفَمَن زُيِّنَ لَهُ سُوءُ عَمَلِهِ﴾ دەی ئایا کەسێ کەکردەوەی خراپی خۆی بۆ جوان کراوە ﴿فَرَآهُ حَسَنًا﴾ و بەچاکو جوانی دەبینێ (وەک کەسێکە پێوەری چاکەو خراپەی ئایین بێت) ﴿فَإِنَّ اللَّهَ يُضِلُّ مَن يَشَاءُ﴾ وە بەڕاستی خوا هەرکەسێکی بوێ گومڕای دەکات ﴿وَيَهْدِي مَن يَشَاءُ﴾ وە هەرکەسێکی بوێ ڕێنموونی دەکات ﴿فَلَا تَذْهَبْ نَفْسُكَ عَلَيْهِمْ حَسَرَاتٍ﴾ دەی کەواتە بەخەفەت خواردن لەبەر (ئیمان نەهێنانی) ئەوان خۆت مەفەوتێنە ﴿إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ بِمَا يَصْنَعُونَ﴾ بەڕاستی خوا بەوەی کەئەوان دەیکەن ئاگادارە. ٨) ﴿وَاللَّهُ الَّذِي أَرْسَلَ الرِّيَاحَ﴾ خوا زاتێکە باکانی ناردووە ﴿فَتُثِيرُ سَحَابًا﴾ بۆ ئەوەی هەورەکان بگەڕێنێ (بڵاویان بکەنەوە) ﴿فَسُقْنَاهُ إِلَىٰ بَلَدٍ مَّيِّتٍ﴾ ئینجا ئەو (هەورانە) دەنێرین بۆ سەر وڵاتێکی مردوو ﴿فَأَحْيَيْنَا بِهِ الْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا﴾ جا (بارانی لێ دەبارێ و) زەوی پێی زیندوو دەکەینەوە لەپاش ووشک بوون و مردنی ﴿كَذَٰلِكَ النُّشُورُ﴾ زیندوو کردنەوە(ی مردووانیش لەقیامەتدا) هەر بەو شێوەیە. ٩)﴿مَن كَانَ يُرِيدُ الْعِزَّةَ﴾ هەر کەسێ گەورەیی و سەربەرزی دەوێ (لەخوای بوێ) ﴿فَلِلَّهِ الْعِزَّةُ جَمِيعًا﴾ چونکە بەڕاستی هەموو گەورەیی و دەسەڵات هەر بۆ خوایە ﴿إِلَيْهِ يَصْعَدُ الْكَلِمُ الطَّيِّبُ﴾ ووتەی پاک و چاک تەنها بۆ لای ئەو (خوا) سەر دەکەوێ ﴿وَالْعَمَلُ الصَّالِحُ يَرْفَعُهُ﴾ وە (ووتەی پاک) کردەوەی چاک بەرزی دەکاتەوە ﴿وَالَّذِينَ يَمْكُرُونَ السَّيِّئَاتِ﴾ وە ئەوانەی کەپیلانە خراپەکان دەگێڕن ﴿لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ﴾ سزایەکی توندو بەتینیان بۆ هەیە ﴿وَمَكْرُ أُولَٰئِكَ هُوَ يَبُورُ﴾ و فێڵ و پیلانی ئەوانە لەناو دەچێ. ١٠)﴿وَاللَّهُ خَلَقَكُم مِّن تُرَابٍ﴾ خوا (باوکی) ئێوەی لەخاک دروست کردووە ﴿ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ﴾ لەپاشان (نەوەکانی دروست کرد) لەنوتفەیەک ﴿ثُمَّ جَعَلَكُمْ أَزْوَاجًا﴾ ئینجا (خوا) کردوونی بەچەند جووت (نێر و مێ) ﴿وَمَا تَحْمِلُ مِنْ أُنثَىٰ وَلَا تَضَعُ إِلَّا بِعِلْمِهِ﴾ وە هیچ مێینەیەک (ئافرەتێک) دوو گیان نابێ و سکەکەی دانانی (نایبێت) مەگەر بەئاگاداری خوا ﴿وَمَا يُعَمَّرُ مِن مُّعَمَّرٍ﴾ وە هیچ تەمەن درێژ کراوێ تەمەنی درێژ ناکرێ ﴿وَلَا يُنقَصُ مِنْ عُمُرِهِ إِلَّا فِي كِتَابٍ﴾ وە لەتەمەنی کەم ناکرێ مەگەر لەکتێبێکدا نوسراوە ﴿إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ﴾ بەڕاستی ئەم کارە بۆ خوا ئاسانە. ١١)

وَمَا يَسْتَوِي الْبَحْرَانِ هَٰذَا عَذْبٌ فُرَاتٌ سَائِغٌ شَرَابُهُ وَهَٰذَا
مِلْحٌ أُجَاجٌ وَمِن كُلٍّ تَأْكُلُونَ لَحْمًا طَرِيًّا وَتَسْتَخْرِجُونَ
حِلْيَةً تَلْبَسُونَهَا وَتَرَى الْفُلْكَ فِيهِ مَوَاخِرَ لِتَبْتَغُوا مِن فَضْلِهِ
وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿١٢﴾ يُولِجُ اللَّيْلَ فِي النَّهَارِ وَيُولِجُ
النَّهَارَ فِي اللَّيْلِ وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ كُلٌّ يَجْرِي
لِأَجَلٍ مُّسَمًّى ذَٰلِكُمُ اللَّهُ رَبُّكُمْ لَهُ الْمُلْكُ وَالَّذِينَ
تَدْعُونَ مِن دُونِهِ مَا يَمْلِكُونَ مِن قِطْمِيرٍ ﴿١٣﴾ إِن
تَدْعُوهُمْ لَا يَسْمَعُوا دُعَاءَكُمْ وَلَوْ سَمِعُوا مَا اسْتَجَابُوا لَكُمْ
وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يَكْفُرُونَ بِشِرْكِكُمْ وَلَا يُنَبِّئُكَ مِثْلُ خَبِيرٍ
﴿١٤﴾ ۞ يَا أَيُّهَا النَّاسُ أَنتُمُ الْفُقَرَاءُ إِلَى اللَّهِ وَاللَّهُ هُوَ الْغَنِيُّ
الْحَمِيدُ ﴿١٥﴾ إِن يَشَأْ يُذْهِبْكُمْ وَيَأْتِ بِخَلْقٍ جَدِيدٍ ﴿١٦﴾
وَمَا ذَٰلِكَ عَلَى اللَّهِ بِعَزِيزٍ ﴿١٧﴾ وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ وَإِن
تَدْعُ مُثْقَلَةٌ إِلَىٰ حِمْلِهَا لَا يُحْمَلْ مِنْهُ شَيْءٌ وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَىٰ
إِنَّمَا تُنذِرُ الَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُم بِالْغَيْبِ وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ
وَمَن تَزَكَّىٰ فَإِنَّمَا يَتَزَكَّىٰ لِنَفْسِهِ وَإِلَى اللَّهِ الْمَصِيرُ ﴿١٨﴾

حەی بەندەکانم ئەمر دەکرێ کەسێ لەبارەی خۆتانە کەبڕیتان دەزانم و دەتان دەسەرەوە، ئەگەر کەسێ لەبارەی خۆیەوا خێرێ چاکەی دەست کەوت پاسپاسی خوا بکات وەئەگەر خراپەی دەست کەوت ئەوە تەنها لەسەری خۆی بکات).

ئایەتی (٦٢)

سورەتی (النحل ١٢٨) قال رسول الله (ﷺ): (ما على الأرض مسلم يدعو الله تعالى بدعوة إلا آتاه الله إياها أو

صرف عنه السوء مثلها ما لم يدع بإثم أو قطيعة رحم فقال رجل من القوم: إذا نكثر، قال: الله أكثر) رواه الترمذي. پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (هەر موسڵمانێک لەسەر ئەم زەمینە هەر داوایەک لەخوا بکات خوای گەورە ئەو داواییەی جێ بەجێ دەکات و دەیدەاتێ یان بەئەندازەی داوایەکی خراپەی نەکا دەمەوجێ دوعایە دەکات ئاوەن جێ یا بچڕاتی پەیوەندی خزمایەتی بێ!) پیاوێک

﴿وما يستوي البحران﴾ ئەو دوو (جۆرە) دەریا وەک یەک نین ﴿هذا عذب فرات﴾ ئەمەیان سازگار و شیرینە ﴿سائغ شرابه﴾ و خواردنەوەی ئاسانە و خۆشە ﴿ومن كل تأكلون لحما طريا﴾ و لەهەردووکیان گۆشتی تەپو تازە دەخۆن ﴿وتستخرجون حلية تلبسونها﴾ و خشڵی (مرواری و سەدەف و دور لەدەریا) دەرئەهێنن و دەیڕۆشن خۆتانی پێ دەڕازێنێنەوە ﴿وترى الفلك فيه مواخر﴾ و کەشتی یەکان دەبینی تاوەکە لەت دەکەن (کاتێ بەئاویدا دەڕۆن) ﴿لتبتغوا من فضله﴾ بۆ ئەوەی هەندێ پسوڵ و ڕۆزی خوا پەیدا بکەن ﴿ولعلكم تشكرون﴾ وە تا سڵایشی خوا بکەن (لەسەر بەهرەمکانی). ١٢﴿يولج الليل في النهار﴾ (خوا) شەو دەکات بەناو ڕۆژدا ﴿ويولج النهار في الليل﴾ و ڕۆژ دەکات بەناو شەودا ﴿وسخر الشمس والقمر﴾ وە خۆرو مانگی ڕام هێناوە ﴿كل يجري لأجل مسمى﴾ هەرێەکەیان تا ماوەی دیاری کراو (ڕۆیان) دەگەڕێن ﴿ذلكم الله ربكم﴾ ئەوەیە خوای پەروەردگاری ئێوە ﴿له الملك﴾ پاشایەتی تەنها بۆ ئەوە ﴿والذين تدعون من دونه﴾ و ئەوانەی ئێوە هاواریان لێ دەکەن بێجگە لەخوا ﴿ما يملكون من قطمير﴾ خاوەنی تویکڵە سپێکەی ناوکی خورمایش نین. ١٣﴿إن تدعوهم﴾ (بتەکان) ئەگەر ئاوڕ هاواریان لێ بکەن ﴿لا يسمعوا دعاءكم﴾ هاوارەکەتان نابیستن ﴿ولو سمعوا ما استجابوا لكم﴾ و ئەگەر بیشی بیستن وەڵامتان نادەنەوە ﴿ويوم القيامة يكفرون بشركيكم﴾ و لەڕۆژی قیامەتیشدا بێ بڕوەڕ دەبن بەهاوبەش دانانەکەتان (و بەدڕۆتان دەخەنەوە) ﴿ولا ينبئك مثل خبير﴾ وە دڵنیایە کەس وەک (خوای) ئاگادار ئاگادارت ناکات (لەسەر ئەنجامتان). ١٤﴿يا أيها الناس أنتم الفقراء إلى الله﴾ ئەی خەڵکینە هەر ئێوە هەژاری لای خوان ﴿والله هو الغني الحميد﴾ وە تەنها خوایە بێ نیازی ستایش کراو. ١٥﴿إن يشأ يذهبكم﴾ ئەگەر (خوا) بیەوێ لەناوتان دەبات ﴿ويأت بخلق جديد﴾ وە خەڵکی تازە دێنێ. ١٦﴿وما ذلك على الله بعزيز﴾ وە ئەمەش بۆ خوا کارێکی گران نییە. ١٧﴿ولا تزر وازرة وزر أخرى﴾ هیچ گرناهبارێک گوناهی کەسی تر هەڵناگرێ ﴿وإن تدع مثقلة إلى حملها﴾ وە ئەگەر بارگرانێ (گوناهباری) بانگی کەسێ تر بکات بۆ هەڵگرتنی (بارە گوناهەکەی) ﴿لا يحمل منه شيء﴾ هیچ لەبر (بارە گوناهە) هەڵناگرێ ﴿ولو كان ذا قربى﴾ هەرچەندە (ئاوا لێ کراوەکە) خزمێکی بێت ﴿إنما تنذر الذين﴾ بەڕاستی تۆ (ئەی موحەممەد (ﷺ)) تەنها ئەوانە بیدار دەکەیتەوە ﴿يخشون ربهم بالغيب﴾ کە بەبەهانی لەبەروەردگاریان دەترسن ﴿وأقاموا الصلاة﴾ و نوێژەکانیان بەڕێکی بەجێ دێنن ﴿ومن تزكى فإنما يتزكى لنفسه﴾ وە هەر کەس خۆی پاک ڕاگرێ (لە تاوان) ئەوە بەڕاستی (سوودەی) خۆ پاک ڕاگرتنەکەی هەر بۆ خۆیەتی ﴿وإلى الله المصير﴾ و گەڕانەوەش تەنها بۆ لای خوایە. ١٨)

وَمَا يَسْتَوِي الْأَعْمَىٰ وَالْبَصِيرُ ﴿١٩﴾ وَلَا الظُّلُمَاتُ وَلَا النُّورُ
﴿٢٠﴾ وَلَا الظِّلُّ وَلَا الْحَرُورُ ﴿٢١﴾ وَمَا يَسْتَوِي الْأَحْيَاءُ وَلَا الْأَمْوَاتُ
إِنَّ اللَّهَ يُسْمِعُ مَن يَشَاءُ ۖ وَمَا أَنتَ بِمُسْمِعٍ مَّن فِي الْقُبُورِ ﴿٢٢﴾ إِنْ
أَنتَ إِلَّا نَذِيرٌ ﴿٢٣﴾ إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ بِالْحَقِّ بَشِيرًا وَنَذِيرًا ۚ وَإِن مِّنْ
أُمَّةٍ إِلَّا خَلَا فِيهَا نَذِيرٌ ﴿٢٤﴾ وَإِن يُكَذِّبُوكَ فَقَدْ كَذَّبَ الَّذِينَ
مِن قَبْلِهِمْ جَاءَتْهُمْ رُسُلُهُم بِالْبَيِّنَاتِ وَبِالزُّبُرِ وَبِالْكِتَابِ
الْمُنِيرِ ﴿٢٥﴾ ثُمَّ أَخَذْتُ الَّذِينَ كَفَرُوا فَكَيْفَ كَانَ نَكِيرِ ﴿٢٦﴾
أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ أَنزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَخْرَجْنَا بِهِ ثَمَرَاتٍ مُّخْتَلِفًا
أَلْوَانُهَا ۚ وَمِنَ الْجِبَالِ جُدَدٌ بِيضٌ وَحُمْرٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَانُهَا
وَغَرَابِيبُ سُودٌ ﴿٢٧﴾ وَمِنَ النَّاسِ وَالدَّوَابِّ وَالْأَنْعَامِ
مُخْتَلِفٌ أَلْوَانُهُ كَذَٰلِكَ ۗ إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاءُ ۗ
إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ غَفُورٌ ﴿٢٨﴾ إِنَّ الَّذِينَ يَتْلُونَ كِتَابَ اللَّهِ
وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَأَنفَقُوا مِمَّا رَزَقْنَاهُمْ سِرًّا وَعَلَانِيَةً
يَرْجُونَ تِجَارَةً لَّن تَبُورَ ﴿٢٩﴾ لِيُوَفِّيَهُمْ أُجُورَهُمْ
وَيَزِيدَهُم مِّن فَضْلِهِ ۚ إِنَّهُ غَفُورٌ شَكُورٌ ﴿٣٠﴾

- ئەبارەن دوانی کەرانە نکد دیما دەکەین، قەریووی: (دەی خوای کەورە نکد شتوی لەدەست دی).

فایدەتی (٨٢) سورەتی (الفصل): قال رسول الله ﷺ: (لا تقوم الساعة حتى تروا عشر آيات: طلوع الشمس من مغربها والدخان والدابة و خروج يأجوج ومأجوج وخروج عيسى ابن مريم (عليه السلام) والدجال وثلاثة خسوف: خسف بالمغرب وخسف بالمشرق وخسف بجزيرة العرب و نار تخرج من قعر عدن تسوق أو تحشر الناس تبيت معهم حيث باتوا وتقيل معهم حيث قالوا) واته پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (قیامەت ناپەت و هەتا نیشانە دە ناپیتن: هەتاهاتنی خۆر لەپۆژئاواوە مرۆڤ دەبینن کەهەر ئەوکاتە ئیمانەکەی (کە ئەگەر مرۆڤەکان هەموویان) و دەرچوونی یەئجووج و مەئجووج (کە یەرەوستەکەیان) و دابەزینی عیسای کوڕی مەریەم (علیه السلام)-

﴿وَمَا يَسْتَوِي الْأَعْمَىٰ وَالْبَصِيرُ﴾ نەکوێرو بینا یەکسانن. ١٩)﴿وَلَا الظُّلُمَاتُ وَلَا النُّورُ﴾ و نە تاریکستان و رووناکی (وەك یەکن). ٢٠)﴿وَلَا الظِّلُّ وَلَا الْحَرُورُ﴾ و نەسێبەرو خۆرەتاو (وەك یەکن). ٢١)﴿وَمَا يَسْتَوِي الْأَحْيَاءُ وَلَا الْأَمْوَاتُ﴾ نەزیندووان و مردووان بەرانبەرن ﴿إِنَّ اللَّهَ يُسْمِعُ مَن يَشَاءُ﴾ بەڕاستی خوا (یانگی خۆی) دەبیستێنێ بەهەر کەس کەبیەوێ ﴿وَمَا أَنتَ بِمُسْمِعٍ مَّن فِي الْقُبُورِ﴾ بەڵام تۆ ناتوانی (ئەی موحەممەد (ﷺ)) پەیامەکەت) بیبیستێنی بەوانەی لەگۆڕەکاندان (مردوون). ٢٢)﴿إِنْ أَنتَ إِلَّا نَذِيرٌ﴾ تۆ تەنها ترسێنەری. ٢٣)﴿إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ بِالْحَقِّ بَشِيرًا وَنَذِيرًا﴾ بێگومان ئێمە تۆمان بە(ئایتی) راست ناردووە مژدە دەرو ترسێنەر بیت ﴿وَإِن مِّنْ أُمَّةٍ إِلَّا خَلَا فِيهَا نَذِيرٌ﴾ هەر گەل و ئوممەتێك (پێغەمبەرێکی) ترسێنەری تێدا هاتووە. ٢٤)﴿وَإِن يُكَذِّبُوكَ﴾ وە ئەگەر باوەڕت پێ نەهێنن ﴿فَقَدْ كَذَّبَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ﴾ ئەوە بێگومان لەپێش ئەوانیشەوە کەسانێك باوەڕیان نەهێنا (بە پێغەمبەرەکانیان) ﴿جَاءَتْهُمْ رُسُلُهُم بِالْبَيِّنَاتِ﴾ پێغەمبەرەکانیان هاتنە لایان بەموعجیزەکان ﴿وَبِالزُّبُرِ وَبِالْكِتَابِ الْمُنِيرِ﴾ و پەڕاوو کتێبە روون کەرەوەکانەوە. ٢٥) ﴿ثُمَّ أَخَذْتُ الَّذِينَ كَفَرُوا﴾ پاشان ئەوانەیان بێ باوەڕ بوو قارم لێ گرتن ﴿فَكَيْفَ كَانَ نَكِيرِ﴾ جا چۆن بوو تۆڵە سەندنی ئێمە (لەوان). ٢٦) ﴿أَلَمْ تَرَ﴾ ئایا نەتدی ﴿أَنَّ اللَّهَ أَنزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً﴾ کەبەڕاستی خوا لەئاسمانەوە بارانی باراندووە ﴿فَأَخْرَجْنَا بِهِ ثَمَرَاتٍ﴾ ئینجا ڕواندمان بەو بارانە هەموو جۆرە میوەیەك ﴿مُّخْتَلِفًا أَلْوَانُهَا﴾ کەشێوەو رەنگەکانیان جیاوازە ﴿وَمِنَ الْجِبَالِ جُدَدٌ﴾ و لەچیاکاندا چەند رێگا هەیە ﴿بِيضٌ وَحُمْرٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَانُهَا﴾ کەرەنگیان سپی و سورە (سپی و سورەکانیش) جیاوازن ﴿وَغَرَابِيبُ سُودٌ﴾ و هەشیانە رەشێکی تۆخە. ٢٧) ﴿وَمِنَ النَّاسِ وَالدَّوَابِّ وَالْأَنْعَامِ﴾ وە لەئادەمی و زیندەوەرو ئاژەڵ و ماڵاتیشدا ﴿مُخْتَلِفٌ أَلْوَانُهُ كَذَٰلِكَ﴾ رەنگی جۆراو جۆر هەیە بەوێنەی جیاوازی میوەهات ﴿إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاءُ﴾ بەڕاستی لەناو بەندەکانی خودا تەنیا زانایان (وەك پێویست) لەخوا دەترسن ﴿إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ غَفُورٌ﴾ بێگومان خوا زاڵی لێبوردەیە. ٢٨) ﴿إِنَّ الَّذِينَ يَتْلُونَ كِتَابَ اللَّهِ﴾ بەراستی ئەوانەی کەکتێبی خوا دەخوێننەوە ﴿وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ﴾ و بەچاکی نوێژیان بەجێ هێناوە ﴿وَأَنفَقُوا مِمَّا رَزَقْنَاهُمْ سِرًّا وَعَلَانِيَةً﴾ وە لەوەی کەپێمان داون بەنهێنی و ئاشکرا دەبەخشن ﴿يَرْجُونَ تِجَارَةً لَّن تَبُورَ﴾ چاوەڕوانی بازرگانییەکن هەرگیز زەرەر ناکات. ٢٩)﴿لِيُوَفِّيَهُمْ أُجُورَهُمْ﴾ بۆ ئەوەی (خوا) بەنێرو تەواوی پاداشتیان بداتەوە ﴿وَيَزِيدَهُم مِّن فَضْلِهِ﴾ و لەبەهرەی خۆی زیاتریشیان پێ بدات ﴿إِنَّهُ غَفُورٌ شَكُورٌ﴾ بە راستی خوا لێبوردەی سوپاس وەرگرە. ٣٠)

وَالَّذِيٓ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ مِنَ ٱلۡكِتَٰبِ هُوَ ٱلۡحَقُّ مُصَدِّقٗا لِّمَا بَيۡنَ
يَدَيۡهِۗ إِنَّ ٱللَّهَ بِعِبَادِهِۦ لَخَبِيرُۢ بَصِيرٞ ﴿٣١﴾ ثُمَّ أَوۡرَثۡنَا ٱلۡكِتَٰبَ
ٱلَّذِينَ ٱصۡطَفَيۡنَا مِنۡ عِبَادِنَاۖ فَمِنۡهُمۡ ظَالِمٞ لِّنَفۡسِهِۦ وَمِنۡهُم
مُّقۡتَصِدٞ وَمِنۡهُمۡ سَابِقُۢ بِٱلۡخَيۡرَٰتِ بِإِذۡنِ ٱللَّهِۚ ذَٰلِكَ هُوَ
ٱلۡفَضۡلُ ٱلۡكَبِيرُ ﴿٣٢﴾ جَنَّٰتُ عَدۡنٖ يَدۡخُلُونَهَا يُحَلَّوۡنَ
فِيهَا مِنۡ أَسَاوِرَ مِن ذَهَبٖ وَلُؤۡلُؤٗاۖ وَلِبَاسُهُمۡ فِيهَا حَرِيرٞ ﴿٣٣﴾
وَقَالُواْ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ٱلَّذِيٓ أَذۡهَبَ عَنَّا ٱلۡحَزَنَۖ إِنَّ رَبَّنَا لَغَفُورٞ
شَكُورٌ ﴿٣٤﴾ ٱلَّذِيٓ أَحَلَّنَا دَارَ ٱلۡمُقَامَةِ مِن فَضۡلِهِۦ لَا يَمَسُّنَا
فِيهَا نَصَبٞ وَلَا يَمَسُّنَا فِيهَا لُغُوبٞ ﴿٣٥﴾ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَهُمۡ
نَارُ جَهَنَّمَۖ لَا يُقۡضَىٰ عَلَيۡهِمۡ فَيَمُوتُواْ وَلَا يُخَفَّفُ عَنۡهُم مِّنۡ
عَذَابِهَاۚ كَذَٰلِكَ نَجۡزِي كُلَّ كَفُورٖ ﴿٣٦﴾ وَهُمۡ يَصۡطَرِخُونَ
فِيهَا رَبَّنَآ أَخۡرِجۡنَا نَعۡمَلۡ صَٰلِحًا غَيۡرَ ٱلَّذِي كُنَّا نَعۡمَلُۚ
أَوَلَمۡ نُعَمِّرۡكُمۡ مَّا يَتَذَكَّرُ فِيهِ مَن تَذَكَّرَ وَجَآءَكُمُ ٱلنَّذِيرُۖ
فَذُوقُواْ فَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِن نَّصِيرٍ ﴿٣٧﴾ إِنَّ ٱللَّهَ عَٰلِمُ
غَيۡبِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ إِنَّهُۥ عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ﴿٣٨﴾

٣١ و هاتنی دەمال
و حسێ بڵجەدن
بەتاڵی زەویدا
بەکیان لە
بڵاڵداو بەکیان
لە بڵاوەلات ئەوی
قورئان لە
نێوەڕۆکەی
هەروەدوا ئاگرێک
کەلە(ژیرەوەی
هەدەن (هەیەمەن)
سەرەڕاڕەدات و
غەڵکی دەباتە
بەر باکیان
دەکاتەوە لەهەر
کەوێ شەر
بکەرە، لەکیان
شەر دەکاتەوە
لەهەر کوێ بڵاڵ
بکەرە، لەکیان
بڵاڵ دەکاتەوە).

(تەبەتی (٥٢)
سوورەتی (الفتح) ١٥ دال رسول الله ﷺ: (إن الله أوحى إلي أن تواضعوا حتى لا يفخر أحد على أحد ولا
يبغي أحد على أحد) رواه مسلم. (قال رجل يارسول الله ﷺ: إني أحب أن يكون ردائي حسناً ونعلي
حسنة أفمن الكبر ذلك؟ فقال لا، إن الله جميل يحب الجمال) رواه أبو داود. پێغەمبەری خوا ﷺ
فەرمووی: (خوای گەورە سووربێ بۆ ئارەزووم کەسێکتان بەکەم بگرێ، بەجوڕاکی وا کەکەس شانازی

﴿وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ مِنَ الْكِتَابِ﴾ وە ئەوەی لەقورئاندا نیگامان کردوە بۆ تۆ ﴿هُوَ الْحَقُّ مُصَدِّقًا لِمَا بَيْنَ يَدَيْهِ﴾ هەر ئەوە راستەو پشتیوانی کتێبەکانی پێش خۆیەتی ﴿إِنَّ اللَّهَ بِعِبَادِهِ خَبِيرٌ بَصِيرٌ﴾ بێگومان خوا بەبەندەکانی ئاگادارو بینایە. ٣١)﴿ثُمَّ أَوْرَثْنَا الْكِتَابَ الَّذِينَ﴾ لەپاشان ئەم قورئانەمان بەخشی بەکەسانێ ﴿اصْطَفَيْنَا مِنْ عِبَادِنَا﴾ کە لەناو بەندەکانماندا هەڵمان بژاردن ﴿فَمِنْهُمْ ظَالِمٌ لِنَفْسِهِ﴾ ئینجا هەندێکیان ستەمکارن لەخودی خۆیان ﴿وَمِنْهُمْ مُقْتَصِدٌ﴾ وهەندێکیان مام ناوەندین ﴿وَمِنْهُمْ سَابِقٌ بِالْخَيْرَاتِ بِإِذْنِ اللَّهِ﴾ و هەندێکی تریان بەفەرمانی خوا پێشکەوتوون بەهۆی چاکەکانیانەوە ﴿ذَٰلِكَ هُوَ الْفَضْلُ الْكَبِيرُ﴾ ئەم (قورئان پێدانە) لەخۆیدا بەهرەیەکی گەورەیە. ٣٢)﴿جَنَّاتُ عَدْنٍ يَدْخُلُونَهَا﴾ ئەوانە دەچنە نا بەهەشتانی جێگای مانەوەی هەمیشەیی ﴿يُحَلَّوْنَ فِيهَا مِنْ أَسَاوِرَ مِنْ ذَهَبٍ وَلُؤْلُؤًا﴾ لەوێ دا بە بازنی ئاڵتونی و سرواری دەڕازێنرێنەوە ﴿وَلِبَاسُهُمْ فِيهَا حَرِيرٌ﴾ وپۆشاکیشیان تێیدا ئاوریشمە. ٣٣)﴿وَقَالُوا الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي﴾ وە ئەوان دەڵێن: هەموو سوپاس بۆ ئەو خوایە ﴿أَذْهَبَ عَنَّا الْحَزَنَ﴾ کەخەفەتی لابردین و نەیهێشت ﴿إِنَّ رَبَّنَا لَغَفُورٌ شَكُورٌ﴾ بەراستی پەروەردگارمان لێبوردەی شایستەی سوپاسە. ٣٤)﴿الَّذِي أَحَلَّنَا دَارَ الْمُقَامَةِ مِنْ فَضْلِهِ﴾ ئەو (خوایە) کە بەچاکەو بەهرەی خۆی نیشتەجێی کردین لەماڵی هەمیشەیی دا (بەهەشت دا) ﴿لَا يَمَسُّنَا فِيهَا نَصَبٌ﴾ لەوێدا نەهیچ ماندوو بوونێکمان تووش دەبێ ﴿وَلَا يَمَسُّنَا فِيهَا لُغُوبٌ﴾ ونەهیچ ئەرکو زەحمەتێکمان دووچار دەبێ. ٣٥)﴿وَالَّذِينَ كَفَرُوا لَهُمْ نَارُ جَهَنَّمَ﴾ ئاگری دۆزەخ بۆ ئەوانەیە بێ باوەڕ بوون ﴿لَا يُقْضَىٰ عَلَيْهِمْ فَيَمُوتُوا﴾ بڕیاری مردن نادرێ بەسەردایاندا تا بمرن ﴿وَلَا يُخَفَّفُ عَنْهُمْ مِنْ عَذَابِهَا﴾ هەروەها هەندێ لەسزای (دۆزەخ)یان لێ سووک ناکرێ ﴿كَذَٰلِكَ نَجْزِي كُلَّ كَفُورٍ﴾ ئا بەو جۆرە تۆڵە ئەسەنین لەهەموو بێ باوەڕێک. ٣٦)﴿وَهُمْ يَصْطَرِخُونَ فِيهَا﴾ وە ئەوانە لەدۆزەخدا هاوار دەکەن ﴿رَبَّنَا أَخْرِجْنَا نَعْمَلْ صَالِحًا﴾ (دەڵێن) ئەی پەروەردگارمان (لەدۆزەخ) دەرمان بێنە تا کردەوەی چاک بکەین ﴿غَيْرَ الَّذِي كُنَّا نَعْمَلُ﴾ جیاواز لەوەی دەمان کرد ﴿أَوَلَمْ نُعَمِّرْكُمْ﴾ (وەڵام دەدرێنەوە) ئایا تەمەنمان درێژ نەکردن ﴿مَا يَتَذَكَّرُ فِيهِ مَنْ تَذَكَّرَ﴾ ئەوەندەی ئەوەی دەیەوێ بیر بکاتەوە تیایدا بیر بکاتەوە ﴿وَجَاءَكُمُ النَّذِيرُ﴾ وە ترسێنەرتان بۆ نەهات ﴿فَذُوقُوا فَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ نَصِيرٍ﴾ دەی (ئەو سزا) بچەژن چونکە هیچ یاریدەدەرێک بۆ (بێ باوەڕە) ستەمکارەکان نییە. ٣٧)﴿إِنَّ اللَّهَ عَالِمُ غَيْبِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾ بەراستی خوا بەنهێنی ئاسمانەکان و زەوی زانایە ﴿إِنَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ﴾ بێگومان خوا بەنهێنی دڵان ئاگادارە. ٣٨)

هُوَ الَّذِي جَعَلَكُمْ خَلَٰٓئِفَ فِي الْأَرْضِ ۚ فَمَن كَفَرَ فَعَلَيْهِ كُفْرُهُۥ ۖ وَلَا
يَزِيدُ الْكَٰفِرِينَ كُفْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ إِلَّا مَقْتًا ۖ وَلَا يَزِيدُ الْكَٰفِرِينَ
كُفْرُهُمْ إِلَّا خَسَارًا ﴿٣٩﴾ قُلْ أَرَءَيْتُمْ شُرَكَآءَكُمُ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِن
دُونِ ٱللَّهِ ۖ أَرُونِى مَاذَا خَلَقُوا۟ مِنَ ٱلْأَرْضِ أَمْ لَهُمْ شِرْكٌ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ ۚ
أَمْ ءَاتَيْنَٰهُمْ كِتَٰبًا فَهُمْ عَلَىٰ بَيِّنَتٍ مِّنْهُ ۚ بَلْ إِن يَعِدُ ٱلظَّٰلِمُونَ
بَعْضُهُم بَعْضًا إِلَّا غُرُورًا ﴿٤٠﴾ ۞ إِنَّ ٱللَّهَ يُمْسِكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَٱلْأَرْضَ أَن تَزُولَا ۚ وَلَئِن زَالَتَآ إِنْ أَمْسَكَهُمَا مِنْ أَحَدٍ مِّنۢ بَعْدِهِۦٓ ۚ
إِنَّهُۥ كَانَ حَلِيمًا غَفُورًا ﴿٤١﴾ وَأَقْسَمُوا۟ بِٱللَّهِ جَهْدَ أَيْمَٰنِهِمْ لَئِن
جَآءَهُمْ نَذِيرٌ لَّيَكُونُنَّ أَهْدَىٰ مِنْ إِحْدَى ٱلْأُمَمِ ۖ فَلَمَّا جَآءَهُمْ نَذِيرٌ
مَّا زَادَهُمْ إِلَّا نُفُورًا ﴿٤٢﴾ ٱسْتِكْبَارًا فِى ٱلْأَرْضِ وَمَكْرَ ٱلسَّيِّئِ ۚ
وَلَا يَحِيقُ ٱلْمَكْرُ ٱلسَّيِّئُ إِلَّا بِأَهْلِهِۦ ۚ فَهَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا سُنَّتَ
ٱلْأَوَّلِينَ ۚ فَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ ٱللَّهِ تَبْدِيلًا ۖ وَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ ٱللَّهِ تَحْوِيلًا
﴿٤٣﴾ أَوَلَمْ يَسِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ فَيَنظُرُوا۟ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن
قَبْلِهِمْ وَكَانُوٓا۟ أَشَدَّ مِنْهُمْ قُوَّةً ۚ وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُعْجِزَهُۥ مِن شَىْءٍ
فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِى ٱلْأَرْضِ ۚ إِنَّهُۥ كَانَ عَلِيمًا قَدِيرًا ﴿٤٤﴾

جەنەت و گەس دەس دریژی نەکات سەر گەس) پیاوێک ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) من حەز دەکەم پۆشاک و پێڤار جوان بن ئایا ئەمە لەمێز بەگەورە زانینە؟ فەرمووی: نەخێر خوای گەورە جوانەر جوانیی خۆش دەوێت). ئایەتی (٨٧) سورەتی (النحل)، قال رسول الله (ﷺ): (من دل على خير فله مثل أجر فاعله) (رواه مسلم). پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: (هەر کەسێک خێرێک فێرخوازی بکەسێک بدات خێرخوازی بەخاوەنی خێر کەرەکە پاداشتی بۆ دەبێ).

ئایەتی (٨) سورەتی (القصص)، من ابن مسعود (رضي الله عنه) سألت النبي (ﷺ): أي العمل أحب إلى الله؟ قال: الصلاة على وقتها، قلت ثم أي؟ قال: بر الوالدين، قلت ثم أي؟ قال: الجهاد في سبيل الله (رواه البخاري ومسلم).

﴿هُوَ الَّذِي جَعَلَكُمْ خَلَائِفَ فِي الْأَرْضِ﴾ هەر ئەو زاتە ئێوەی کردە جێنشین(ی پێشوان) لەزەویدا ﴿فَمَن كَفَرَ فَعَلَيْهِ كُفْرُهُ﴾ ئەوسا هەر کەس بێ باوەڕ بێ ئەوە (تۆڵەی) بێ باوەڕییەکەی هەر بۆ خۆیەتی ﴿وَلَا يَزِيدُ الْكَافِرِينَ كُفْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ﴾ و بێ باوەڕی کافران هیچیان بۆ زیاد ناکات لای پەروەردگاریان ﴿إِلَّا مَقْتًا﴾ جگە لەخەشم و ڕاتی زۆر ﴿وَلَا يَزِيدُ الْكَافِرِينَ كُفْرُهُمْ إِلَّا خَسَارًا﴾ وە بێ باوەڕیی کافران هیچیان بۆ زیاد ناکات بێجگە لەزەرەرمەندی. ٣٩)﴿قُلْ أَرَأَيْتُمْ﴾ (ئەی موحەممەد (ﷺ)) بڵێ هەواڵم بدەنێ ﴿شُرَكَاءَكُمُ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ﴾ ئەو هاوبەشانەی لەجیاتی خوا دەتانپەرستن (هاوارتان لێ دەکردن) ﴿أَرُونِي مَاذَا خَلَقُوا مِنَ الْأَرْضِ﴾ نیشانم بدەن لەزەویدا چیان دروست کردووە؟ ﴿أَمْ لَهُمْ شِرْكٌ فِي السَّمَاوَاتِ﴾ یا لەبەدی هێنانی ئاسمانەکاندا بەشداری (خوا)یان کردووە؟ ﴿أَمْ آتَيْنَاهُمْ كِتَابًا﴾ یا کتێبێکمان پێ داون ﴿فَهُمْ عَلَىٰ بَيِّنَتِهِ﴾ جا بەڵگەیان لەو کتێبەدا هەیە (کەبتەکان هاوبەشی خوان) ﴿بَلْ إِن يَعِدُ الظَّالِمُونَ بَعْضُهُم بَعْضًا إِلَّا غُرُورًا﴾ (نەخێر وانییە) بەڵکو ستەمکاران هیچ بەڵێنێ بەیەکتری نادەن جگە لەفریودان (هەڵخەڵەتاندن). ٤٠) ﴿إِنَّ اللَّهَ يُمْسِكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ﴾ بەڕاستی خوا ئاسمانەکان و زەوی ڕاگیر دەکات ﴿أَن تَزُولَا﴾ بۆ ئەوەی لەڕێڕەوی خۆیان لانەدەن ﴿وَلَئِن زَالَتَا﴾ بەڕاستی ئەگەر لەڕێڕەوی (خۆیان) لابدەن ﴿إِنْ أَمْسَكَهُمَا مِنْ أَحَدٍ مِّن بَعْدِهِ﴾ کێ هەیە جگە خوا رایان بگرێت ﴿إِنَّهُ كَانَ حَلِيمًا غَفُورًا﴾ بێگومان ئەو (خوا) لەسەر خۆی لێبوردەیە. ٤١)﴿وَأَقْسَمُوا بِاللَّهِ جَهْدَ أَيْمَانِهِمْ﴾(بت پەرستان) بەسوێندی هەرە گەورەیان سوێندیان دەخواردە بەخوا ﴿لَئِن جَاءَهُمْ نَذِيرٌ﴾ (دەیان ووت) ئەگەر پێغەمبەرێکی ترسێنەریان بۆ بێت ﴿لَّيَكُونُنَّ أَهْدَىٰ مِنْ إِحْدَى الْأُمَمِ﴾ بەڕاستی ئەوان لەهەر یەک لە ئوممەتانی تر ڕێنموون تر دەبن ﴿فَلَمَّا جَاءَهُمْ نَذِيرٌ﴾ ئینجا کاتێ پێغەمبەری ترسێنەریان بۆ هات ﴿مَّا زَادَهُمْ إِلَّا نُفُورًا﴾ زیاتر دوور کەوتنەوە(لەڕێگەی ڕاست). ٤٢) ﴿اسْتِكْبَارًا فِي الْأَرْضِ﴾ لەبەر خۆ بەزل زانی لەزەویدا ﴿وَمَكْرَ السَّيِّئِ﴾ و فێڵ وپیلانی خراپ کردن ﴿وَلَا يَحِيقُ الْمَكْرُ السَّيِّئُ إِلَّا بِأَهْلِهِ﴾ وە فێڵ و پیلانی خراپ تەنیا زیان بەخاوەنەکەی دەگەیەنێ ﴿فَهَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا سُنَّتَ الْأَوَّلِينَ﴾ دەی کەواتە ئەوان جگە لەچارەنووسی پێشینان چاوەڕوانی شتێ تر دەکەن؟ ﴿فَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ تَبْدِيلًا﴾ چونکە باوی خوا هەرگیز گۆڕانی بۆ نییە ﴿وَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ تَحْوِيلًا﴾ و باوی خوا لادانی بۆ نییە. ٤٣)﴿أَوَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ﴾ ئایا ئەوان بەزەویدا نەگەڕاون ﴿فَيَنظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ﴾ تا سەیر بکەن سەر ئەنجام گەلانی پێش خۆیان چۆن بووە ﴿وَكَانُوا أَشَدَّ مِنْهُمْ قُوَّةً﴾ کە ئەوان لەمان بەهێزتر بوون ﴿وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُعْجِزَهُ مِن شَيْءٍ﴾ هیچ شتێک ناتوانێ لەدەستی خوا دەرچێ ﴿فِي السَّمَاوَاتِ وَلَا فِي الْأَرْضِ﴾ نە لەئاسمانەکان ونەلەزەویدا ﴿إِنَّهُ كَانَ عَلِيمًا قَدِيرًا﴾ بەڕاستی خوا زانا و توانایە. ٤٤)

وَلَوْ يُؤَاخِذُ ٱللَّهُ ٱلنَّاسَ بِمَا كَسَبُوا مَا تَرَكَ عَلَىٰ
ظَهْرِهَا مِن دَآبَّةٍ وَلَٰكِن يُؤَخِّرُهُمْ إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى
فَإِذَا جَآءَ أَجَلُهُمْ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِعِبَادِهِۦ بَصِيرًا ﴿٤٥﴾

سُورَةُ يٰسٓ

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

يٰسٓ ﴿١﴾ وَٱلْقُرْءَانِ ٱلْحَكِيمِ ﴿٢﴾ إِنَّكَ لَمِنَ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿٣﴾ عَلَىٰ
صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٤﴾ تَنزِيلَ ٱلْعَزِيزِ ٱلرَّحِيمِ ﴿٥﴾ لِتُنذِرَ قَوْمًا مَّآ
أُنذِرَ ءَابَآؤُهُمْ فَهُمْ غَٰفِلُونَ ﴿٦﴾ لَقَدْ حَقَّ ٱلْقَوْلُ عَلَىٰٓ أَكْثَرِهِمْ
فَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿٧﴾ إِنَّا جَعَلْنَا فِىٓ أَعْنَٰقِهِمْ أَغْلَٰلًا فَهِىَ إِلَى
ٱلْأَذْقَانِ فَهُم مُّقْمَحُونَ ﴿٨﴾ وَجَعَلْنَا مِنۢ بَيْنِ أَيْدِيهِمْ سَدًّا
وَمِنْ خَلْفِهِمْ سَدًّا فَأَغْشَيْنَٰهُمْ فَهُمْ لَا يُبْصِرُونَ ﴿٩﴾ وَسَوَآءٌ
عَلَيْهِمْ ءَأَنذَرْتَهُمْ أَمْ لَمْ تُنذِرْهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿١٠﴾ إِنَّمَا تُنذِرُ
مَنِ ٱتَّبَعَ ٱلذِّكْرَ وَخَشِىَ ٱلرَّحْمَٰنَ بِٱلْغَيْبِ فَبَشِّرْهُ بِمَغْفِرَةٍ
وَأَجْرٍ كَرِيمٍ ﴿١١﴾ إِنَّا نَحْنُ نُحْىِ ٱلْمَوْتَىٰ وَنَكْتُبُ
مَا قَدَّمُوا۟ وَءَاثَٰرَهُمْ ۚ وَكُلَّ شَىْءٍ أَحْصَيْنَٰهُ فِىٓ إِمَامٍ مُّبِينٍ ﴿١٢﴾

ئەی ئەگەر خوا مرۆڤەکان بگرێت بەهۆی ئەو گوناهانەی کردوویانە (١٢) سورەتی (یس) ﴿وَنَكْتُبُ مَا قَدَّمُوا وَآثَارَهُمْ ...﴾ بەڵگەیە لەسەر ئەوەی خێر و شەڕی مرۆڤ دەنووسرێتەوە کە دەڵێت: بەڵێ ئەو ئایەتەی پێشەوە (٤٥) گشتی فەرموو ئاڵۆکانیان کرد لەسزادانی ئەو ئایەتەی پێشەوە (٤٥) ئەوسا ئەم ئایەتە دابەزی ﴿وَنَكْتُبُ مَا قَدَّمُوا وَآثَارَهُمْ ...﴾ تیژ لەسزادانی خۆیان ماندوو.

سەبارەتی کوری مەسعودە دەڵێت: ئەیێکەمجاری خوارم یەسین (٣٦): (کام کردەوە لەلای خوای گەورەیە نێژ خۆشەویستە؟ فەرمووی: نوێژکردن لەسەرەتای کاتەکەیدا، وتم: لەپاش ئەو چی تر نێژ خۆشەویستە لەلای خوا؟ فەرمووی: بەچاکی مامەڵە و کەرەت کردن لەگەڵ باوکم و دایکدا، وتم: ئەی لەپاش ئەو چی تر؟ فەرمووی: جیهاد لێکۆڵینەوەی ئەیێکەی خوارەوە).

﴿وَلَوْ يُؤَاخِذُ اللَّهُ النَّاسَ﴾ وە ئەگەر خوا قار بگرێ لەهەڵکی (تۆڵەیان لێ بسەنێ) ﴿مَا تَرَكَ﴾ لەبەر ئەو (خراپانەی) کردویانە ﴿عَلَىٰ ظَهْرِهَا مِن﴾ هیچ گیاندارێکی بەسەر زەویەوە نەدەهێشت ﴿وَلَٰكِن يُؤَخِّرُهُمْ إِلَىٰ أَجَلٍ﴾ بەڵام (خوا) مۆڵەتی ئەوان دەدات تا ماوەی دیاری کراو ﴿فَإِذَا جَاءَ أَجَلُهُمْ﴾ ئینجا کاتێ ماوەکەیان (کۆتایی) هات (دەیان مرێنێ) ﴿فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ بِعِبَادِهِ بَصِيرًا﴾ جا بێگومان خوا بە بەندەکانی ئاگادارو بینایە. ٤٥)

سورەتی ﴿یس﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان. ﴿يس﴾ بە(ی، سین) دەخوێنرێتەوە خوا زاناترە بەمانای بۆ زانیاری زیاتر سەیری سەرەتای سورەتی (البقرة) بکە. ١)﴿وَالْقُرْآنِ الْحَكِيمِ﴾ سوێند بە قورئانی پڕ لەدانایی. ٢) ﴿إِنَّكَ لَمِنَ الْمُرْسَلِينَ﴾ بەڕاستی تۆ (ئەی موحەممەد (ﷺ)) لە پێغەمبەرانی خوای. ٣)﴿عَلَىٰ صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ﴾ لەسەر ڕێبازی ڕاستی. ٤)﴿تَنزِيلَ الْعَزِيزِ الرَّحِيمِ﴾ (قورئان) دابەزێنراوە لەلایەن خوای زاڵی میهرەبانەوە. ٥) ﴿لِتُنذِرَ قَوْمًا مَّا أُنذِرَ آبَاؤُهُمْ﴾ بۆ ئەوەی گەلێ بترسێنی (کەسڕا) کەباو باپیرانیان نەترسێنرابوون ﴿فَهُمْ غَافِلُونَ﴾ بۆیە ئەوان بێ ئاگا بوون. ٦)﴿لَقَدْ حَقَّ الْقَوْلُ عَلَىٰ أَكْثَرِهِمْ﴾ سوێند بەخوا بەڕاستی بەڵێنی خوا جەسپاو هاتە دی لەسەر زۆربەیان ﴿فَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ﴾ چونکە ئەوان باوەڕ ناهێنن. ٧)﴿إِنَّا جَعَلْنَا فِي أَعْنَاقِهِمْ أَغْلَالًا﴾ (وەک کەسانێ وان کە) ئەوقمان کردبێتە گەردنیان ﴿فَهِيَ إِلَى الْأَذْقَانِ﴾ جا ئەو (ئەوقانە) تا چەناکەیان هاتبێ (گەردنیانی بەتەواوی گرتبێتەوە) ﴿فَهُم مُّقْمَحُونَ﴾ ئینجا سەریان بەرز گرابێتەوە (ئەتوانن بۆ خوارو ئەم لاو لا بچوڵێنن). ٨)﴿وَجَعَلْنَا مِن بَيْنِ أَيْدِيهِمْ سَدًّا وَمِنْ خَلْفِهِمْ سَدًّا﴾ وە بەرەبەستمان لەبەردەم و پشتیانەوە دانارە ﴿فَأَغْشَيْنَاهُمْ فَهُمْ لَا يُبْصِرُونَ﴾ پەردەشمان داوە بەسەر چاویان دا بۆیە ئەوان (ڕاستی) نابینن. ٩) ﴿وَسَوَاءٌ عَلَيْهِمْ أَأَنذَرْتَهُمْ أَمْ لَمْ تُنذِرْهُمْ﴾ وە بۆ ئەوان بەکسانە ئ بیان ترسێنی یا نەیان ترسێنی ﴿لَا يُؤْمِنُونَ﴾ باوەڕ ناهێنن. ١٠)﴿إِنَّمَا تُنذِرُ مَنِ اتَّبَعَ الذِّكْرَ﴾ تۆ تەنیا کەسێ دەترسێنی کە شوێن قورئان دەکەوێ ﴿وَخَشِيَ الرَّحْمَٰنَ بِالْغَيْبِ﴾ و لە خوای میهرەبان دەترسێ کەنادیارە ﴿فَبَشِّرْهُ بِمَغْفِرَةٍ وَأَجْرٍ كَرِيمٍ﴾ بەهۆی (ئەو هوشی کەوتن و ترسانەوە) مژدەی بدەرێ بە لێ خۆشبوونی (گرنامەکانی) و پاداشتی چاک (بەهەشت). ١١)﴿إِنَّا نَحْنُ نُحْيِي الْمَوْتَىٰ﴾ بەڕاستی هەر ئێمە مردوان زیندوو دەکەینەوە﴿وَنَكْتُبُ مَا قَدَّمُوا وَآثَارَهُمْ﴾ و هەرچی پێشتر کردویانە و شوێنەوارێ پاش خۆشیان دەنوسین ﴿وَكُلَّ شَيْءٍ أَحْصَيْنَاهُ فِي إِمَامٍ مُّبِينٍ﴾ وە هەموو شتێکمان لە کتێبی ڕوون کەرەوەدا هەڵماردووە (بەنووسین). ١٢)

وَٱضْرِبْ لَهُم مَّثَلًا أَصْحَٰبَ ٱلْقَرْيَةِ إِذْ جَآءَهَا ٱلْمُرْسَلُونَ ﴿١٣﴾
إِذْ أَرْسَلْنَآ إِلَيْهِمُ ٱثْنَيْنِ فَكَذَّبُوهُمَا فَعَزَّزْنَا بِثَالِثٍ فَقَالُوٓا۟ إِنَّآ
إِلَيْكُم مُّرْسَلُونَ ﴿١٤﴾ قَالُوا۟ مَآ أَنتُمْ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُنَا وَمَآ أَنزَلَ
ٱلرَّحْمَٰنُ مِن شَىْءٍ إِنْ أَنتُمْ إِلَّا تَكْذِبُونَ ﴿١٥﴾ قَالُوا۟ رَبُّنَا يَعْلَمُ إِنَّآ
إِلَيْكُمْ لَمُرْسَلُونَ ﴿١٦﴾ وَمَا عَلَيْنَآ إِلَّا ٱلْبَلَٰغُ ٱلْمُبِينُ ﴿١٧﴾
قَالُوٓا۟ إِنَّا تَطَيَّرْنَا بِكُمْ ۖ لَئِن لَّمْ تَنتَهُوا۟ لَنَرْجُمَنَّكُمْ وَلَيَمَسَّنَّكُم
مِّنَّا عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿١٨﴾ قَالُوا۟ طَٰٓئِرُكُم مَّعَكُمْ أَئِن ذُكِّرْتُم
بَلْ أَنتُمْ قَوْمٌ مُّسْرِفُونَ ﴿١٩﴾ وَجَآءَ مِنْ أَقْصَا ٱلْمَدِينَةِ رَجُلٌ
يَسْعَىٰ قَالَ يَٰقَوْمِ ٱتَّبِعُوا۟ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿٢٠﴾ ٱتَّبِعُوا۟ مَن
لَّا يَسْـَٔلُكُمْ أَجْرًا وَهُم مُّهْتَدُونَ ﴿٢١﴾ وَمَا لِىَ لَآ أَعْبُدُ ٱلَّذِى
فَطَرَنِى وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿٢٢﴾ ءَأَتَّخِذُ مِن دُونِهِۦٓ ءَالِهَةً إِن
يُرِدْنِ ٱلرَّحْمَٰنُ بِضُرٍّ لَّا تُغْنِ عَنِّى شَفَٰعَتُهُمْ شَيْـًٔا وَلَا
يُنقِذُونِ ﴿٢٣﴾ إِنِّىٓ إِذًا لَّفِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٢٤﴾ إِنِّىٓ ءَامَنتُ
بِرَبِّكُمْ فَٱسْمَعُونِ ﴿٢٥﴾ قِيلَ ٱدْخُلِ ٱلْجَنَّةَ ۖ قَالَ يَٰلَيْتَ قَوْمِى
يَعْلَمُونَ ﴿٢٦﴾ بِمَا غَفَرَ لِى رَبِّى وَجَعَلَنِى مِنَ ٱلْمُكْرَمِينَ ﴿٢٧﴾

ئایەتی (١٣) سورەتی (القصص): قال رسول الله ﷺ: (من سن في الإسلام سنة حسنة كان له أجرها وأجر من عمل بها من غير أن ينقص من أجورهم شيء ومن سن في الإسلام سنة سيئة كان عليه وزرها ووزر من عمل بها من بعده من غير أن ينقص من أوزارهم شيء) (رواه مسلم). پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (هەر کەسێ لەئیسلامدا کارو بارێکی چاک و جوان دا بهێنێ پاداشتی ئەو چاکە داهێنانەی بۆ دەنوسرێت وە پاداشتی ئەوانەشی بۆ دەنوسرێت کەکاری پێ دەکەن بێ ئەوەی لەپاداشتی ئەو کەسەوا کاری پێ کراوە هیچ کەم بکات وە هەر کەسێ کارو بارێکی خراپ دابهێنێ ئەوە گوناهی ئەو داهێنانە خراپەی بۆ دەنوسرێ و گوناهی ئەوانەش کەکاری پێ دەکەن بۆی دەنوسرێ بەپێ ئەوەی لەگوناهی ئەوان هیچ کەم بکاتەوە).

﴿وَاضْرِبْ لَهُم مَّثَلًا أَصْحَابَ الْقَرْيَةِ﴾ (ئەی موحەممەد (ﷺ)) نموونەیەک بۆ بێنەرەوە بەخەڵکی هاری (أنطاکیة) ﴿إِذْ جَاءَهَا الْمُرْسَلُونَ﴾ کاتێ کەپێغەمبەرانیان بۆ هات. ١٣) ﴿إِذْ أَرْسَلْنَا إِلَيْهِمُ اثْنَيْنِ فَكَذَّبُوهُمَا﴾ کاتێ دوو (پێغەمبەر)مان نارد بۆ ناویان باوەڕیان پێنەکردن ﴿فَعَزَّزْنَا بِثَالِثٍ﴾ ئەنجا بە(نارەنی پێغەمبەرێ) سێیەم بەهێزمان کردن ﴿فَقَالُوا إِنَّا إِلَيْكُم مُّرْسَلُونَ﴾ جا (هەموویان) ووتیان بێگومان ئێمە ئێرەمانن بۆ سەر ئێوە. ١٤) ﴿قَالُوا مَا أَنتُمْ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُنَا﴾ (خەڵکەکە) ووتیان ئێوە هەر ئادەمیەکی وەک ئێمەن ﴿وَمَا أَنزَلَ الرَّحْمَٰنُ مِن شَيْءٍ﴾ و خوای میهرەبان هیچ شتێکی (لەنێگا) نەناردۆتە خوارەوە ﴿إِنْ أَنتُمْ إِلَّا تَكْذِبُونَ﴾ ئێوە تەنها درۆزنن و درۆ دەکەن. ١٥)﴿قَالُوا رَبُّنَا يَعْلَمُ إِنَّا إِلَيْكُمْ لَمُرْسَلُونَ﴾ (پێغەمبەرەکان) ووتیان پەروەردگارمان دەزانێ بەراستی ئێمە (بەپێغەمبەرێتی) ئێرەمانن بۆ سەر ئێوە. ١٦)﴿وَمَا عَلَيْنَا إِلَّا الْبَلَاغُ الْمُبِينُ﴾ و ئێمە تەنها گەیاندنی (تایبەتەکە)مان لەسەرە بەڕوونی. ١٧)﴿قَالُوا إِنَّا تَطَيَّرْنَا بِكُمْ﴾ (خەڵکەکە) ووتیان بێگومان ئێمە بەهۆی ئێوەوە دووچاری شووم و بەدبەختی بووین ﴿لَئِن لَّمْ تَنتَهُوا لَنَرْجُمَنَّكُمْ﴾ سوێند بەخوا ئەگەر واز نەهێنن (لەو کارەتان) بەرە باڕانتان دەکەین ﴿وَلَيَمَسَّنَّكُم مِّنَّا عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ و بەراستی لەلایەن ئێمەوە دووچاری سزایەکی پر ئێشی ئازار دەبن. ١٨) ﴿قَالُوا طَائِرُكُم مَّعَكُمْ﴾ (پێغەمبەرەکان) ووتیان شووم ئێوە بەخۆتانەوەیە چونکە ئێوە ئەگەر تامەزۆکاری بکرێن (هەست بەشووم دەکەن) ﴿أَئِن ذُكِّرْتُم﴾ (نەخێر وانیە) بەڵکو ئێوە گەلێکی لەسنوور دەرچوون. ١٩) ﴿وَجَاءَ مِنْ أَقْصَى الْمَدِينَةِ رَجُلٌ يَسْعَىٰ﴾ وە لەو پەڕی شارەکەوە پیاوێک بەپەلە هات ﴿قَالَ يَا قَوْمِ اتَّبِعُوا الْمُرْسَلِينَ﴾ ووتی ئەی گەلەکەم شوێن ئەم پێغەمبەرانە بکەون. ٢٠)﴿اتَّبِعُوا مَن لَّا يَسْأَلُكُمْ أَجْرًا﴾ شوێن کەسانێ بکەون داوای هیچ کرێو پاداشتێکتان لێ ناکەن ﴿وَهُم مُّهْتَدُونَ﴾ کەخۆشتان ڕێنموونیی کراون. ٢١) ﴿وَمَا لِيَ لَا أَعْبُدُ الَّذِي فَطَرَنِي﴾ وە من بۆچی زاتێ نەپەرستم کەمنی بەدی هێناوە ﴿وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ﴾ وە هەر بۆ لای ئەوە دەگەڕێنەوە. ٢٢)﴿أَأَتَّخِذُ مِن دُونِهِ آلِهَةً﴾ ئایا بێجگە لەو (خوا) پەرستراوانێک بۆ خۆم بپیار دەدم ﴿إِن يُرِدْنِ الرَّحْمَٰنُ بِضُرٍّ﴾ ئەگەر خوای میهرەبان زیانی بۆ من بوێ ﴿لَّا تُغْنِ عَنِّي شَفَاعَتُهُمْ شَيْئًا وَلَا يُنقِذُونِ﴾ تکای ئەوان هیچ سوودێک بەمن ناگەیەنێ ﴿وَلَا هُمْ يُنقِذُونِ﴾ و (لەسزای خوا) ڕزگارم ناکەن. ٢٣)﴿إِنِّي إِذًا لَّفِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ﴾ بێگومان من (ئەگەر هاوبەشی دابنێم) ئەو کاتە لەگومڕاییەکی زۆر ئاشکرادام. ٢٤)﴿إِنِّي آمَنتُ بِرَبِّكُمْ فَاسْمَعُونِ﴾ بەڕاستی من باوەڕم هێنا بەپەروەردگارتان و دە ئێوەش گوێتان لێبێ. ٢٥)﴿قِيلَ ادْخُلِ الْجَنَّةَ﴾ (ئەم پیاوەبان شەهید کرد) پێی ووترا: بڕۆیە بەهەشتەوە ﴿قَالَ يَا لَيْتَ قَوْمِي يَعْلَمُونَ﴾ (ئەو پیاوەش) ووتی خۆزگە گەلەکەم بیانزانیایە. ٢٦) ﴿بِمَا غَفَرَ لِي رَبِّي﴾ بە ئەوەی کەپەروەردگارم لێم خۆشبووە ﴿وَجَعَلَنِي مِنَ الْمُكْرَمِينَ﴾ و بردمیە ڕیزی ڕێز گیراوانەوە. ٢٧)

۞ وَمَآ أَنزَلْنَا عَلَىٰ قَوْمِهِۦ مِنۢ بَعْدِهِۦ مِن جُندٍ مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَمَا
كُنَّا مُنزِلِينَ ﴿٢٨﴾ إِن كَانَتْ إِلَّا صَيْحَةً وَٰحِدَةً فَإِذَا هُمْ خَٰمِدُونَ
﴿٢٩﴾ يَٰحَسْرَةً عَلَى ٱلْعِبَادِ مَا يَأْتِيهِم مِّن رَّسُولٍ إِلَّا كَانُوا۟ بِهِۦ
يَسْتَهْزِءُونَ ﴿٣٠﴾ أَلَمْ يَرَوْا۟ كَمْ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُم مِّنَ ٱلْقُرُونِ
أَنَّهُمْ إِلَيْهِمْ لَا يَرْجِعُونَ ﴿٣١﴾ وَإِن كُلٌّ لَّمَّا جَمِيعٌ لَّدَيْنَا مُحْضَرُونَ
﴿٣٢﴾ وَءَايَةٌ لَّهُمُ ٱلْأَرْضُ ٱلْمَيْتَةُ أَحْيَيْنَٰهَا وَأَخْرَجْنَا مِنْهَا حَبًّا
فَمِنْهُ يَأْكُلُونَ ﴿٣٣﴾ وَجَعَلْنَا فِيهَا جَنَّٰتٍ مِّن نَّخِيلٍ
وَأَعْنَٰبٍ وَفَجَّرْنَا فِيهَا مِنَ ٱلْعُيُونِ ﴿٣٤﴾ لِيَأْكُلُوا۟ مِن ثَمَرِهِۦ
وَمَا عَمِلَتْهُ أَيْدِيهِمْ ۖ أَفَلَا يَشْكُرُونَ ﴿٣٥﴾ سُبْحَٰنَ ٱلَّذِى
خَلَقَ ٱلْأَزْوَٰجَ كُلَّهَا مِمَّا تُنۢبِتُ ٱلْأَرْضُ وَمِنْ أَنفُسِهِمْ
وَمِمَّا لَا يَعْلَمُونَ ﴿٣٦﴾ وَءَايَةٌ لَّهُمُ ٱلَّيْلُ نَسْلَخُ مِنْهُ ٱلنَّهَارَ
فَإِذَا هُم مُّظْلِمُونَ ﴿٣٧﴾ وَٱلشَّمْسُ تَجْرِى لِمُسْتَقَرٍّ لَّهَا ۚ
ذَٰلِكَ تَقْدِيرُ ٱلْعَزِيزِ ٱلْعَلِيمِ ﴿٣٨﴾ وَٱلْقَمَرَ قَدَّرْنَٰهُ مَنَازِلَ حَتَّىٰ
عَادَ كَٱلْعُرْجُونِ ٱلْقَدِيمِ ﴿٣٩﴾ لَا ٱلشَّمْسُ يَنۢبَغِى لَهَآ أَن تُدْرِكَ
ٱلْقَمَرَ وَلَا ٱلَّيْلُ سَابِقُ ٱلنَّهَارِ ۚ وَكُلٌّ فِى فَلَكٍ يَسْبَحُونَ ﴿٤٠﴾

ئایەتی (٢٦) سورەتی (القمر) ئەلقەمەر ١ قال عبد الله بن مسعود (رضي الله عنه) أنفس الناس ثلاثة: أبو بكر حين أنفس في عمر، وصاحب يوسف (عليه السلام) حين قال (أنفسي متواه) وصاحبة موسى (عليه السلام) حين قالت (يا أبت استأجره إن خير من استأجرت القوي الأمين) الطبراني (والحاكم) عەبدوللای کوڕی مەسعوود (رضي الله عنه) ووتی: هەرکەس لەم سێ کەسە دەبێ بەکار کاتێک کەوەرەقی دەس نیشان کرد (بۆ پێشەوایەتی موسوڵمانان) بۆ خاوەنی یوسف (عليه السلام) کاتێک کەووتی بە خۆزایی فرۆیتی هەوانەوەی جیاکی بۆ ئامادە بکەیە وە خۆزایی موسا (عليه السلام) کەاتێ ووتی شەبی یارمەتە بیگرە بەکرێ بۆ شوانی و پەنجەیری بەپاسی چاکترین کەسە کەبەکرێ ی بگری (بۆ شوانی) چونکە بەهێزو دەست پاکە).

﴿وَمَا أَنزَلْنَا عَلَىٰ قَوْمِهِ مِن بَعْدِهِ﴾ وە لە دوا ئەو نەمان ناردەخوارەوە بۆ سەر گەلەکەی ﴿مِن جُندٍ مِّنَ السَّمَاءِ﴾ هیچ لەشکرێك لەئاسمانەوە ﴿وَمَا كُنَّا مُنزِلِينَ﴾ وائێمە دابەزێنەر نەبووین. ٢٨) ﴿إِن كَانَتْ إِلَّا صَيْحَةً وَاحِدَةً﴾ (هۆی تیاچوونیان) تەنیا شریخەیەکی بەهێز بوو ﴿فَإِذَا هُمْ خَامِدُونَ﴾ جا کوت و پڕ ئەوانە هەموو جوڵەیان نەما و مردن. ٢٩) ﴿يَا حَسْرَةً عَلَى الْعِبَادِ﴾ ئای پەشیمانی دلخی سەخت بۆ ئەو بەندانەی (کەبێ باوەڕن) ﴿مَا يَأْتِيهِم مِّن رَّسُولٍ إِلَّا كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُونَ﴾ هەر پێغەمبەرێکیان بۆ بهاتایە تەنیا گاڵتەیان پێ دەکرد (و هیچ تر). ٣٠) ﴿أَلَمْ يَرَوْا﴾ ئایا نەیان زانیوە ﴿أَنَّ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُم مِّنَ الْقُرُونِ﴾ لە پێش ئەواندا چەند گەل (تاوانبار) مان لە ناو بردووە ﴿أَنَّهُمْ إِلَيْهِمْ لَا يَرْجِعُونَ﴾ کەبێگومان ناگەڕێنەوە بۆ لای ئەمان. ٣١) ﴿وَإِن كُلٌّ لَّمَّا جَمِيعٌ لَّدَيْنَا مُحْضَرُونَ﴾ هەر هەموو (لە ناوبراوان) کۆ دەکرێنەوە لای ئێمە (و لەقیامەت دا) ئامادە دەکرێن. ٣٢) ﴿وَآيَةٌ لَّهُمُ الْأَرْضُ الْمَيْتَةُ﴾ وە نیشانەو بەڵگەیەك بۆ ئەوان ئەم زەوییە مردووەیە ﴿أَحْيَيْنَاهَا﴾ کە زیندوومان کردەوە ﴿وَأَخْرَجْنَا مِنْهَا حَبًّا فَمِنْهُ يَأْكُلُونَ﴾ و دانەوێڵەمان لێ دەرهێنا (لێ رواند) کە لێی دەخۆن. ٣٣) ﴿وَجَعَلْنَا فِيهَا جَنَّاتٍ مِّن نَّخِيلٍ وَأَعْنَابٍ﴾ وە لەو (زەوییە) دا چەند باخ لەخورما و ترێمان بەدی هێنا ﴿وَفَجَّرْنَا فِيهَا مِنَ الْعُيُونِ﴾ و چەند کانیاومان تیادا هەڵقوڵاندوە. ٣٤) ﴿لِيَأْكُلُوا مِن ثَمَرِهِ وَمَا عَمِلَتْهُ أَيْدِيهِمْ﴾ بۆ ئەوەی لە بەروبوومی (میوەکانی) بخۆن کە دەستی ئەوان پێکی نەهێناوە ﴿أَفَلَا يَشْكُرُونَ﴾ دەی ئایا سوپاسی خوا ناکەن. ٣٥) ﴿سُبْحَانَ الَّذِي خَلَقَ الْأَزْوَاجَ كُلَّهَا﴾ پاك و بێگەردە زاتێك کە هەموو جووتەکانی (نێر و مێی) دروست کردووە ﴿مِمَّا تُنبِتُ الْأَرْضُ وَمِنْ أَنفُسِهِمْ﴾ لەوەی کە زەوی دەیڕوێنێ و لە (ئادەمی) خۆیان ﴿وَمِمَّا لَا يَعْلَمُونَ﴾ و لەو شتانەش کە نایزانن. ٣٦) ﴿وَآيَةٌ لَّهُمُ اللَّيْلُ نَسْلَخُ مِنْهُ النَّهَارَ﴾ شەویش بەڵگەو نیشانەیە بۆ ئەوان کە ئێمە رۆژی لێ دەردەهێنین ﴿فَإِذَا هُم مُّظْلِمُونَ﴾ ئەنجا لەناکاودا تاریکی هەموویان دەگرێتەوە. ٣٧) ﴿وَالشَّمْسُ تَجْرِي لِمُسْتَقَرٍّ لَّهَا﴾ خۆریش بەرەو بنکەی خۆی (لەگەڕاندایە و) دەڕوا ﴿ذَٰلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ﴾ ئەوە بڕیاردراوی (خوای) زاڵی زانایە. ٣٨) ﴿وَالْقَمَرَ قَدَّرْنَاهُ مَنَازِلَ﴾ وەبۆ مانگیش چەند قۆناغێکمان داناوە ﴿حَتَّىٰ عَادَ كَالْعُرْجُونِ الْقَدِيمِ﴾ (دوای تەواو کردنی قۆناغەکانی) هەتا وەکو لقی دار خورمای کۆنی (ڕشك بووی) لێ دێت. ٣٩) ﴿لَا الشَّمْسُ يَنبَغِي لَهَا أَن تُدْرِكَ الْقَمَرَ﴾ خۆر بۆی نییە (ناتوانێ) بگات بەمانگ ﴿وَلَا اللَّيْلُ سَابِقُ النَّهَارِ﴾ و شەویش ناتوانێ پێشکەوێ لەرۆژ ﴿وَكُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ﴾ و هەر یەکەیان (خۆرو مانگ) لە خولگەیەکدا مەلە دەکەن و دەسوڕێنەوە. ٤٠)

وَءَايَةٌ لَّهُمْ أَنَّا حَمَلْنَا ذُرِّيَّتَهُمْ فِى ٱلْفُلْكِ ٱلْمَشْحُونِ ﴿٤١﴾ وَخَلَقْنَا
لَهُم مِّن مِّثْلِهِۦ مَا يَرْكَبُونَ ﴿٤٢﴾ وَإِن نَّشَأْ نُغْرِقْهُمْ فَلَا صَرِيخَ لَهُمْ
وَلَا هُمْ يُنقَذُونَ ﴿٤٣﴾ إِلَّا رَحْمَةً مِّنَّا وَمَتَٰعًا إِلَىٰ حِينٍ ﴿٤٤﴾ وَإِذَا
قِيلَ لَهُمُ ٱتَّقُوا۟ مَا بَيْنَ أَيْدِيكُمْ وَمَا خَلْفَكُمْ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴿٤٥﴾
وَمَا تَأْتِيهِم مِّنْ ءَايَةٍ مِّنْ ءَايَٰتِ رَبِّهِمْ إِلَّا كَانُوا۟ عَنْهَا مُعْرِضِينَ
﴿٤٦﴾ وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ أَنفِقُوا۟ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُ قَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟
لِلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَنُطْعِمُ مَن لَّوْ يَشَآءُ ٱللَّهُ أَطْعَمَهُۥٓ إِنْ أَنتُمْ إِلَّا فِى
ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٤٧﴾ وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هَٰذَا ٱلْوَعْدُ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ
﴿٤٨﴾ مَا يَنظُرُونَ إِلَّا صَيْحَةً وَٰحِدَةً تَأْخُذُهُمْ وَهُمْ يَخِصِّمُونَ
﴿٤٩﴾ فَلَا يَسْتَطِيعُونَ تَوْصِيَةً وَلَآ إِلَىٰٓ أَهْلِهِمْ يَرْجِعُونَ ﴿٥٠﴾
وَنُفِخَ فِى ٱلصُّورِ فَإِذَا هُم مِّنَ ٱلْأَجْدَاثِ إِلَىٰ رَبِّهِمْ يَنسِلُونَ
﴿٥١﴾ قَالُوا۟ يَٰوَيْلَنَا مَنۢ بَعَثَنَا مِن مَّرْقَدِنَا ۜ هَٰذَا مَا وَعَدَ ٱلرَّحْمَٰنُ
وَصَدَقَ ٱلْمُرْسَلُونَ ﴿٥٢﴾ إِن كَانَتْ إِلَّا صَيْحَةً
وَٰحِدَةً فَإِذَا هُمْ جَمِيعٌ لَّدَيْنَا مُحْضَرُونَ ﴿٥٣﴾ فَٱلْيَوْمَ لَا تُظْلَمُ
نَفْسٌ شَيْـًٔا وَلَا تُجْزَوْنَ إِلَّا مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٥٤﴾

ئايەتى (٤٦) سورەتى (العنكبوت)دە قال رسول الله (ﷺ): (أرأيتم لو أن نهراً بباب أحدكم يغتسل منه كل يوم خمس مرات هل يبقى من درنه شيء؟) قالوا لا يبقي من درنه شيء. قال: (فذلك مثل الصلوات الخمس يمحو الله بهن الخطايا) متفق عليه. پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (بڵێن ئەگەر ڕووبارێک لەبەر دەرگای ماڵی هەر کام لەتۆوەدا بێت هەموو ڕۆژێک پێنج جار خۆی تێ بخوات بڕۆا هیچ چڵک و پیسی بەلا بەڵێ هیچی نەمێنێت؟ وتیان: نەخێر هیچ چڵک پیسی بەلا بەڵێ هیچی نامێنێت. فەرمووی: (ئەوە وەک پێنج نوێژە فەرزەکە وایە خوای گەورە تاوانەکانی پێ ڕا دەبات و ناهێڵێ).

ئايەتى (٤٦) سورەتى (العنكبوت) من أبي هريرة (ﷺ) قال: كان أهل الكتاب يقرؤون التوراة

إِنَّا سَخَّرْنَا الْجِبَالَ مَعَهُ يُسَبِّحْنَ بِالْعَشِيِّ وَالْإِشْرَاقِ ﴿١٨﴾ وَالطَّيْرَ
مَحْشُورَةً ۖ كُلٌّ لَّهُ أَوَّابٌ ﴿١٩﴾ وَشَدَدْنَا مُلْكَهُ وَآتَيْنَاهُ الْحِكْمَةَ
وَفَصْلَ الْخِطَابِ ﴿٢٠﴾ ۞ وَهَلْ أَتَاكَ نَبَأُ الْخَصْمِ إِذْ تَسَوَّرُوا
الْمِحْرَابَ ﴿٢١﴾ إِذْ دَخَلُوا عَلَىٰ دَاوُودَ فَفَزِعَ مِنْهُمْ ۖ قَالُوا لَا تَخَفْ ۖ
خَصْمَانِ بَغَىٰ بَعْضُنَا عَلَىٰ بَعْضٍ فَاحْكُمْ بَيْنَنَا بِالْحَقِّ وَلَا تُشْطِطْ
وَاهْدِنَا إِلَىٰ سَوَاءِ الصِّرَاطِ ﴿٢٢﴾ إِنَّ هَٰذَا أَخِي لَهُ تِسْعٌ وَتِسْعُونَ نَعْجَةً
وَلِيَ نَعْجَةٌ وَاحِدَةٌ فَقَالَ أَكْفِلْنِيهَا وَعَزَّنِي فِي الْخِطَابِ ﴿٢٣﴾ قَالَ
لَقَدْ ظَلَمَكَ بِسُؤَالِ نَعْجَتِكَ إِلَىٰ نِعَاجِهِ ۖ وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ الْخُلَطَاءِ لَيَبْغِي
بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَقَلِيلٌ
مَّا هُمْ ۗ وَظَنَّ دَاوُودُ أَنَّمَا فَتَنَّاهُ فَاسْتَغْفَرَ رَبَّهُ وَخَرَّ رَاكِعًا وَأَنَابَ
﴿٢٤﴾ ۩ فَغَفَرْنَا لَهُ ذَٰلِكَ ۖ وَإِنَّ لَهُ عِندَنَا لَزُلْفَىٰ وَحُسْنَ مَآبٍ
﴿٢٥﴾ يَا دَاوُودُ إِنَّا جَعَلْنَاكَ خَلِيفَةً فِي الْأَرْضِ فَاحْكُم بَيْنَ النَّاسِ
بِالْحَقِّ وَلَا تَتَّبِعِ الْهَوَىٰ فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ ۚ إِنَّ الَّذِينَ يَضِلُّونَ
عَن سَبِيلِ اللَّهِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ بِمَا نَسُوا يَوْمَ الْحِسَابِ ﴿٢٦﴾

سەلتەنەتى پادىشاھلىق دېگەنلىك، ئۇنىڭدا پادىشاھلارغا خاس بولغان ھەيۋەت ۋە شان-شەرەپ، ھوقۇق-مەنسەپ ۋە ئىقتىدار-سالاھىيەت پادىشاھلىقنىڭ ئالامەتلىرى بولىدۇ).

ئايەتلەر (١٧) سۈرىنىڭ (السهدة) دە قال رەسۇلۇللاھ ﷺ (قال الله تعالى: أعددت لعبادي الصالحين ما لا عين رأت ولا أذن سمعت ولا خطر على قلب بشر اقرؤوا إن شئتم: فلا تعلم نفس ما أخفي لهم من قرة أعين) دېگەن ھەدىسنى ئوقۇپ بېرىڭلار دېدى.

﴿اصْبِرْ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ﴾ (ئەی موحەممەد (ﷺ)) دان بە خۆتدا بگرە لەسەر ئەو قسانەی کە دەیکەن. ﴿وَاذْكُرْ عَبْدَنَا دَاوُودَ ذَا الْأَيْدِ إِنَّهُ أَوَّابٌ﴾ بیری بەندەمان داوودی خاوەن هێز و توانا بکەرەوە بێگومان ئەو هەمیشە گەڕاوە بوو بۆ لای خوا ١٧) ﴿إِنَّا سَخَّرْنَا الْجِبَالَ مَعَهُ يُسَبِّحْنَ﴾ بەڕاستی ئێمە چیاکانمان رام هێنا بوو تەسبیحاتی خوایان دەکرد لەگەڵ ئەو(داوود). ﴿وَالْعَشِيِّ وَالْإِشْرَاقِ﴾ بەئێواران و بەیانیاندا. ١٨) ﴿وَالطَّيْرَ مَحْشُورَةً كُلٌّ لَهُ أَوَّابٌ﴾ وە باڵندەکان کە لەدەوری ئەو (داوود) کۆدەکرانەوە هەموو(بۆ تەسبیحات) بۆلای ئەو دەگەڕانەو(تا لەگەڵ داوود یادی خوا بکەن). ١٩) ﴿وَشَدَدْنَا مُلْكَهُ﴾ وە پاشایەتیەکەی ئەومان بەهێز کرد ﴿وَآتَيْنَاهُ الْحِكْمَةَ وَفَصْلَ الْخِطَابِ﴾ دانایی و گرفتاری چیاکەرەوەمان پێ بەخشی. ٢٠) ﴿وَهَلْ أَتَاكَ نَبَأُ الْخَصْمِ إِذْ تَسَوَّرُوا الْمِحْرَابَ﴾ وە ئایا هەواڵی داوا چییەکانت پێ گەیشتووە کاتێ بەدیواری خەڵوەتگاکەدا سەر کەوتن. ٢١) ﴿إِذْ دَخَلُوا عَلَىٰ دَاوُودَ فَفَزِعَ مِنْهُمْ﴾ لە ناکاودا چوونە ژوورەوە بۆ لای داوود ئەویش داچڵەکا و ترسا لێیان ﴿قَالُوا لَا تَخَفْ خَصْمَانِ﴾ ووتیان: مەترسە(ئێمە)دوو داواچین ﴿بَغَىٰ بَعْضُنَا عَلَىٰ بَعْضٍ﴾ یەکێکمان ستەمی لەوی تر کردووە ﴿فَاحْكُمْ بَيْنَنَا بِالْحَقِّ وَلَا تُشْطِطْ﴾ جا لە نێوانماندا بەهەق وڕاستی بڕیار بدەولە ڕاستی لامەدە(لە بڕیارەکەتدا). ﴿وَاهْدِنَا إِلَىٰ سَوَاءِ الصِّرَاطِ﴾ وە رێنموونیمان بکە بۆ رێگای راست. ٢٢) ﴿إِنَّ هَٰذَا أَخِي لَهُ تِسْعٌ وَتِسْعُونَ نَعْجَةً﴾ (یەکێکیان ووتی) بێگومان ئەمە برامە نەوەدو نۆ مەڕی هەیە ﴿وَلِيَ نَعْجَةٌ وَاحِدَةٌ﴾ و منیش یەک مەڕم هەیە ﴿فَقَالَ أَكْفِلْنِيهَا وَعَزَّنِي فِي الْخِطَابِ﴾ کەچی دەڵێ ئەو مەڕەش بدە بەمن (بیسپێرە بە من) و لە قسە کردن دا زاڵە بەسەرمدا. ٢٣) ﴿قَالَ لَقَدْ ظَلَمَكَ بِسُؤَالِ نَعْجَتِكَ إِلَىٰ يَمَاجِدَ﴾ (داوود)ووتی سوێندبەخوا بەڕاستی ستەمی لێکردوی کە داوات لێ دەکات تاقە مەڕەکەت بخاتە ناو مەڕەکانی خۆی ﴿وَإِنَّ كَثِيرًا مِنَ الْخُلَطَاءِ لَيَبْغِي بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ﴾ و بێگومان زۆر لەشەریک و هاوبەشان ستەم لەیەکاری دەکەن ﴿إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَقَلِيلٌ مَا هُمْ﴾ بێجگە لەوانەی باوەڕیان هێناوە و کردەوەی چاکیان کردووە ئەوانەش زۆر کەمن ﴿وَظَنَّ دَاوُودُ أَنَّمَا فَتَنَّاهُ﴾ داوود زانی کە ئێمە تەنیا تاقیمان کردۆتەوە ﴿فَاسْتَغْفَرَ رَبَّهُ وَخَرَّ رَاكِعًا وَأَنَابَ﴾ بۆیە داوای لێبوردنی کرد لە پەروەردگاری وکەوت بە روودا بە سوژدە بردنەوە و تۆبەی کرد. ٢٤) ﴿فَغَفَرْنَا لَهُ ذَٰلِكَ﴾ ئێمەش لەو هەڵەی ئەو خۆش بووین ﴿وَإِنَّ لَهُ عِنْدَنَا لَزُلْفَىٰ وَحُسْنَ مَآبٍ﴾ بەڕاستی ئەو (داوود) پلە و پایەی بەرزەو نزیکە لە ئێمەوە و دوا رۆژێکی چاکیشی هەیە. ٢٥) ﴿يَا دَاوُودُ إِنَّا جَعَلْنَاكَ خَلِيفَةً فِي الْأَرْضِ﴾ ئەی داوود بێگومان ئێمە تۆمان کرد بەجێ نشین(ی پێغەمبەرانی پێش خۆت) لە زەویدا ﴿فَاحْكُمْ بَيْنَ النَّاسِ بِالْحَقِّ﴾ کەوابوو تۆش لە نێوان خەڵکدا بەڕاستی فەرمانڕەوایی بکە ﴿وَلَا تَتَّبِعِ الْهَوَىٰ فَيُضِلَّكَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ﴾ شوێن هەوا و ئارەزووات مەکەوە با لەڕێگای خوا لات نەدات ﴿إِنَّ الَّذِينَ يَضِلُّونَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ﴾ بێگومان ئەوانەی لەڕێگای خوا لادەدەن و گومڕا دەبن ﴿لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ بِمَا نَسُوا يَوْمَ الْحِسَابِ﴾ سزای سەختیان بۆ هەیە چونکە رۆژی لێپرسینەوەیان لە بیرکردبوو. ٢٦)

وَمَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَآءَ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا بَٰطِلًا ۚ ذَٰلِكَ ظَنُّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ۚ
فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنَ ٱلنَّارِ ﴿٢٧﴾ أَمْ نَجْعَلُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟
ٱلصَّٰلِحَٰتِ كَٱلْمُفْسِدِينَ فِى ٱلْأَرْضِ أَمْ نَجْعَلُ ٱلْمُتَّقِينَ كَٱلْفُجَّارِ
﴿٢٨﴾ كِتَٰبٌ أَنزَلْنَٰهُ إِلَيْكَ مُبَٰرَكٌ لِّيَدَّبَّرُوٓا۟ ءَايَٰتِهِۦ وَلِيَتَذَكَّرَ أُو۟لُوا۟
ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿٢٩﴾ وَوَهَبْنَا لِدَاوُۥدَ سُلَيْمَٰنَ ۚ نِعْمَ ٱلْعَبْدُ ۖ إِنَّهُۥٓ أَوَّابٌ
﴿٣٠﴾ إِذْ عُرِضَ عَلَيْهِ بِٱلْعَشِىِّ ٱلصَّٰفِنَٰتُ ٱلْجِيَادُ ﴿٣١﴾ فَقَالَ إِنِّىٓ
أَحْبَبْتُ حُبَّ ٱلْخَيْرِ عَن ذِكْرِ رَبِّى ۖ حَتَّىٰ تَوَارَتْ بِٱلْحِجَابِ ﴿٣٢﴾
رُدُّوهَا عَلَىَّ ۖ فَطَفِقَ مَسْحًۢا بِٱلسُّوقِ وَٱلْأَعْنَاقِ ﴿٣٣﴾ وَلَقَدْ فَتَنَّا
سُلَيْمَٰنَ وَأَلْقَيْنَا عَلَىٰ كُرْسِيِّهِۦ جَسَدًا ثُمَّ أَنَابَ ﴿٣٤﴾ قَالَ رَبِّ ٱغْفِرْ
لِى وَهَبْ لِى مُلْكًا لَّا يَنۢبَغِى لِأَحَدٍ مِّنۢ بَعْدِىٓ ۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْوَهَّابُ ﴿٣٥﴾
فَسَخَّرْنَا لَهُ ٱلرِّيحَ تَجْرِى بِأَمْرِهِۦ رُخَآءً حَيْثُ أَصَابَ ﴿٣٦﴾ وَٱلشَّيَٰطِينَ
كُلَّ بَنَّآءٍ وَغَوَّاصٍ ﴿٣٧﴾ وَءَاخَرِينَ مُقَرَّنِينَ فِى ٱلْأَصْفَادِ ﴿٣٨﴾ هَٰذَا
عَطَآؤُنَا فَٱمْنُنْ أَوْ أَمْسِكْ بِغَيْرِ حِسَابٍ ﴿٣٩﴾ وَإِنَّ لَهُۥ عِندَنَا لَزُلْفَىٰ وَحُسْنَ
مَـَٔابٍ ﴿٤٠﴾ وَٱذْكُرْ عَبْدَنَآ أَيُّوبَ إِذْ نَادَىٰ رَبَّهُۥٓ أَنِّى مَسَّنِىَ ٱلشَّيْطَٰنُ
بِنُصْبٍ وَعَذَابٍ ﴿٤١﴾ ٱرْكُضْ بِرِجْلِكَ ۖ هَٰذَا مُغْتَسَلٌۢ بَارِدٌ وَشَرَابٌ ﴿٤٢﴾

ئایەتی (٢٨) سورەتی (الأحزاب)ـدا هاتوە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: (إذا اجتهد الحاكم فأصاب فله أجران وإن اجتهد فأخطأ فله أجر) (رواه البخاري). پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: (کەسێک کار بەدەستی موسڵمانان بێت جیاوازی کردن لەنێوان حەزرەتی دەوود و سوڵەیمان عەلەیهیما السڵام لەو کارەدا بەوەی پاداشتی هەیە وەکو کەسێک جیاوازی کردن هەڵەی کرد ئەی پێدا ئەوا پاداشتی هەیە).

ئایەتی (٢٩) سورەتی (الأحزاب)ـدا هاتوە رسول الله ﷺ فەرمویەتی: (لا إله إلا الله وحده صدق وعده ونصر عبده وأعز جنده وهزم الأحزاب وحده فلا شيء بعده) (متفق عليه)، وەها رسول الله ﷺ لەو ئایەتەدا فەرمویەتی: (اللهم منزل الكتاب سريع الحساب اهزم الأحزاب اللهم اهزمهم وزلزلهم).

﴿وَمَا خَلَقْنَا السَّمَاءَ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا بَاطِلًا﴾ ئێمە ئاسمان و زەوی و ئەوەی لە نێوانیانایە بەبێهودە دروستمان نەکردووە ﴿ذَٰلِكَ ظَنُّ الَّذِينَ كَفَرُوا﴾ ئەوە گومانی ئەو کەسانەیە کە بێ باوەڕ بوون ﴿فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ كَفَرُوا مِنَ النَّارِ﴾ سا هاوار بۆ ئەوانەی کە بێ باوەڕ بوون لەئاگری دۆزەخ. ٢٧)﴿أَمْ نَجْعَلُ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ﴾ ئایا ئەوانەی باوەڕیان هێناوەو کردەوە چاکەکانیان کردووە ﴿كَالْمُفْسِدِينَ فِي الْأَرْضِ﴾ لەگەڵ خراپەکاران لە زەویدا وەک یەکیان دانێین (لە دوا رۆژدا، نەخێر وانی یە) ﴿أَمْ نَجْعَلُ الْمُتَّقِينَ كَالْفُجَّارِ﴾ یا پارێزکاران وەک بەد کرداران لێ دەکەین. ٢٨)﴿كِتَابٌ أَنزَلْنَاهُ إِلَيْكَ مُبَارَكٌ﴾ (ئەم قورئانە) کتێبێکی پیرۆزە ناردوومانەتە خوارەوە بۆ تۆ ﴿لِّيَدَّبَّرُوا آيَاتِهِ وَلِيَتَذَكَّرَ أُولُو الْأَلْبَابِ﴾ بۆ ئەوەی بیر بکەنەوە لەئایەتەکانی وە خاوەنانی بیر و ژیری پەندی لێ وەربگرن. ٢٩)﴿وَوَهَبْنَا لِدَاوُودَ سُلَيْمَانَ﴾ ئێمە سولەیمانمان بەخشی بە داوود (علیهما السلام) ﴿نِعْمَ الْعَبْدُ إِنَّهُ أَوَّابٌ﴾ ئەو (سولەیمان) بەندەیەکی چاک بوو بێگومان ئەو زۆر ڕوو لەخوا بوو ٣٠)﴿إِذْ عُرِضَ عَلَيْهِ بِالْعَشِيِّ الصَّافِنَاتُ الْجِيَادُ﴾ سەر لە ئێوارە وەختێ ئەسپانی ڕەسەن و خێرا نیشانی سولەیمان درا. ٣١)﴿فَقَالَ إِنِّي أَحْبَبْتُ حُبَّ الْخَيْرِ عَن ذِكْرِ رَبِّي﴾ جا (سولەیمان) ووتی خۆشەویستی ئەم ئەسپانەم باودا بەسەر یاد و عیبادەتی پەروەردگارم دا (کە نوێژی عەسر بوو) ﴿حَتَّىٰ تَوَارَتْ بِالْحِجَابِ﴾ (سەیری ئەسپەکانی دەکرد) هەتا لەچاوو گوم بوون. ٣٢)﴿رُدُّوهَا عَلَيَّ﴾ (ووتی) جارێکی تر ئەو ئەسپانەم بۆ بگێڕنەوە ﴿فَطَفِقَ مَسْحًا بِالسُّوقِ وَالْأَعْنَاقِ﴾ ئینجا دەستی هێنا بە دەست و قاچ و گەردن و یاڵی (ئەو ئەسپانەدا). ٣٣)﴿وَلَقَدْ فَتَنَّا سُلَيْمَانَ﴾ سوێند بەخوا بەراستی سولەیمانمان تاقی کردەوە ﴿وَأَلْقَيْنَا عَلَىٰ كُرْسِيِّهِ جَسَدًا﴾ و لاشەی (لەتە کوڕێ)کمان فڕێدا بەسەر تەختەکەیدا ﴿ثُمَّ أَنَابَ﴾ پاشان تەوبەی کرد و گەڕایەوە بۆ لای خوا. ٣٤)﴿قَالَ رَبِّ اغْفِرْ لِي وَهَبْ لِي مُلْكًا﴾ (سولەیمان) ووتی ئەی پەروەردگارم لێم خۆشبەو دەسەڵات و پاشایەتێکم پێ ببەخشە ﴿لَّا يَنبَغِي لِأَحَدٍ مِّنْ بَعْدِي﴾ کەدوای من دەس نەدا بۆ کەسی تر ﴿إِنَّكَ أَنتَ الْوَهَّابُ﴾ بێگومان تەنها تۆی بەخشندەی (هەموو شتێکی). ٣٥)﴿فَسَخَّرْنَا لَهُ الرِّيحَ﴾ (دوا نزاکەی) با مان بۆ رام هێنا ﴿تَجْرِي بِأَمْرِهِ رُخَاءً حَيْثُ أَصَابَ﴾ بەفەرمانی ئەو بەنەرمی دەڕۆیی بۆ هەر جێگایەک بیویستایە. ٣٦) ﴿وَالشَّيَاطِينَ كُلَّ بَنَّاءٍ وَغَوَّاصٍ﴾ وە هەموو (پەری و) شەیتانەکانمان بۆ رام هێنا بوو کە بینا سازو مەلەوانی زۆر دەریا بوون. ٣٧)﴿وَآخَرِينَ مُقَرَّنِينَ فِي الْأَصْفَادِ﴾ وە هەندێکی تریان (کە سەرپێچی سولەیمانیان کردبوو راممان هێنان بۆی) بە پێکەوە بەستراوی لە کۆت زنجیردا. ٣٨)﴿هَٰذَا عَطَاؤُنَا فَامْنُنْ أَوْ أَمْسِكْ بِغَيْرِ حِسَابٍ﴾ ئەمە (کە باسکرا) بەخششی ئێمەیە (بۆ تۆ) ئینجا بەویستی خۆت بیبەخشە یا بیگرەوە و مەیبەخشە بەبێ پرسینەوە (لێمت). ٣٩)﴿وَإِنَّ لَهُ عِندَنَا لَزُلْفَىٰ وَحُسْنَ مَآبٍ﴾ وە بەراستی ئەو (سولەیمان) پلەی بەرزی هەیە لای ئێمە وە سەر ئەنجامی چاکی هەیە. ٤٠)﴿وَاذْكُرْ عَبْدَنَا أَيُّوبَ إِذْ نَادَىٰ رَبَّهُ﴾ وە (ئەی موحەممەد(ﷺ)) باسی بەندەی ئێمە ئەیوب بکە کاتێ هاواری لە پەروەردگاری کرد ﴿أَنِّي مَسَّنِيَ الشَّيْطَانُ بِنُصْبٍ وَعَذَابٍ﴾ (ووتی) بەراستی شەیتان تووشی زەحمەت و ناڕەحەتی و ئازاری کردووم. ٤١)﴿ارْكُضْ بِرِجْلِكَ هَٰذَا مُغْتَسَلٌ بَارِدٌ وَشَرَابٌ﴾ (پێ ی وترا) پێت بدە بە زەویدا ئەوە کانیاوێکی ساردە بۆ خۆشتن و خواردنەوە (خۆی شت و ئاوی خواردەوە لە نەخۆشییەکەی چاک بوویەوە). ٤٢)

وَوَهَبْنَا لَهُۥٓ أَهْلَهُۥ وَمِثْلَهُم مَّعَهُمْ رَحْمَةً مِّنَّا وَذِكْرَىٰ لِأُو۟لِى ٱلْأَلْبَٰبِ
﴿٤٣﴾ وَخُذْ بِيَدِكَ ضِغْثًا فَٱضْرِب بِّهِۦ وَلَا تَحْنَثْ ۗ إِنَّا وَجَدْنَٰهُ صَابِرًا
نِّعْمَ ٱلْعَبْدُ ۖ إِنَّهُۥٓ أَوَّابٌ ﴿٤٤﴾ وَٱذْكُرْ عِبَٰدَنَآ إِبْرَٰهِيمَ وَإِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ
أُو۟لِى ٱلْأَيْدِى وَٱلْأَبْصَٰرِ ﴿٤٥﴾ إِنَّآ أَخْلَصْنَٰهُم بِخَالِصَةٍ ذِكْرَى
ٱلدَّارِ ﴿٤٦﴾ وَإِنَّهُمْ عِندَنَا لَمِنَ ٱلْمُصْطَفَيْنَ ٱلْأَخْيَارِ ﴿٤٧﴾ وَٱذْكُرْ
إِسْمَٰعِيلَ وَٱلْيَسَعَ وَذَا ٱلْكِفْلِ ۖ وَكُلٌّ مِّنَ ٱلْأَخْيَارِ ﴿٤٨﴾ هَٰذَا ذِكْرٌ ۗ
وَإِنَّ لِلْمُتَّقِينَ لَحُسْنَ مَـَٔابٍ ﴿٤٩﴾ جَنَّٰتِ عَدْنٍ مُّفَتَّحَةً لَّهُمُ ٱلْأَبْوَٰبُ
﴿٥٠﴾ مُتَّكِـِٔينَ فِيهَا يَدْعُونَ فِيهَا بِفَٰكِهَةٍ كَثِيرَةٍ وَشَرَابٍ ﴿٥١﴾
۞ وَعِندَهُمْ قَٰصِرَٰتُ ٱلطَّرْفِ أَتْرَابٌ ﴿٥٢﴾ هَٰذَا مَا تُوعَدُونَ لِيَوْمِ
ٱلْحِسَابِ ﴿٥٣﴾ إِنَّ هَٰذَا لَرِزْقُنَا مَا لَهُۥ مِن نَّفَادٍ ﴿٥٤﴾ هَٰذَا ۚ وَإِنَّ
لِلطَّٰغِينَ لَشَرَّ مَـَٔابٍ ﴿٥٥﴾ جَهَنَّمَ يَصْلَوْنَهَا ۖ فَبِئْسَ ٱلْمِهَادُ ﴿٥٦﴾ هَٰذَا ۖ
فَلْيَذُوقُوهُ حَمِيمٌ وَغَسَّاقٌ ﴿٥٧﴾ وَءَاخَرُ مِن شَكْلِهِۦٓ أَزْوَٰجٌ ﴿٥٨﴾
هَٰذَا فَوْجٌ مُّقْتَحِمٌ مَّعَكُمْ ۖ لَا مَرْحَبًۢا بِهِمْ ۚ إِنَّهُمْ صَالُوا۟ ٱلنَّارِ ﴿٥٩﴾
قَالُوا۟ بَلْ أَنتُمْ ۖ لَا مَرْحَبًۢا بِكُمْ ۚ أَنتُمْ قَدَّمْتُمُوهُ لَنَا ۖ فَبِئْسَ ٱلْقَرَارُ ﴿٦٠﴾
قَالُوا۟ رَبَّنَا مَن قَدَّمَ لَنَا هَٰذَا فَزِدْهُ عَذَابًا ضِعْفًا فِى ٱلنَّارِ ﴿٦١﴾

(ئەیوب) و فەرمووی: (ئەی پەروەردگارم دایەزێنەری قورئان و بوماسەیەکەری بە پەیام ئەو لەشکر و ئالاهاتە نێگەتیڤانە ئەی خراپە نێگەیان هەڵگێنەو لەمڕۆ بۆیان کە (ئاسی و بیم بەدیە دایانەوە).

ئایەتی (۲۵) سورەتی (الأحزاب): قال رسول الله ﷺ: (على كل مسلم صدقة، قال أرأيت إن لم يجد؟ قال: يعمل بيديه فينفع نفسه ويتصدق قال: أرأيت إن لم يستطع؟ قال يعين ذا الحاجة الملهوف قال:

﴿وَوَهَبْنَا لَهُ أَهْلَهُ وَمِثْلَهُمْ مَعَهُمْ﴾ وە ژن و منداڵەکانی و ئەوەندەی تریشمان لەگەڵیان دا بەو (ئەیوب) بەخشی ﴿رَحْمَةً مِنَّا وَذِكْرَىٰ لِأُولِي الْأَلْبَابِ﴾ بەمیهرەبانی لە لایەن خۆمانەوە (بە ئەیوب) و بۆ پەند و ئامۆژگاری بۆ خاوەنانی ژیری و بیرو هۆش. ٤٣)﴿وَخُذْ بِيَدِكَ ضِغْثًا فَاضْرِب بِّهِ وَلَا تَحْنَثْ﴾ (پێمان ووت) چەپکێ شووڵ (داری زۆر باریك) بە دەستەوە بگرە و پێی بدە (لەخێزانت پەك جار) و سوێندەکەت مەشکێنە (کە لە خێزانت خوارد بوو سەد داری لێ بدەی) ﴿إِنَّا وَجَدْنَاهُ صَابِرًا﴾ بەڕاستی ئێمە ئەو (ئەیوب)مان بەخۆگر بینی ﴿نِعْمَ الْعَبْدُ إِنَّهُ أَوَّابٌ﴾ ج بەندەیەکی چاك بوو بەراستی ئەو زۆر گوێڕایەڵ و روو لە خوا بوو. ٤٤)﴿وَاذْكُرْ عِبَادَنَا إِبْرَاهِيمَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ﴾ وە باسی بەندکانی ئێمە بکە ئیبراهیم و ئیسحاق و یەعقوب ﴿أُولِي الْأَيْدِي وَالْأَبْصَارِ﴾ کە خاوەنی هێزو توانا و بینایی بوون. ٤٥)﴿إِنَّا أَخْلَصْنَاهُم بِخَالِصَةٍ ذِكْرَى الدَّارِ﴾ بەراستی لەبەر ئەوەی هەمیشە رۆژی دواییان لەبیردابوو ئێمە (بە بەندەی تایبەتی خۆمان) هەڵمان بژاردن. ٤٦)﴿وَإِنَّهُمْ عِندَنَا لَمِنَ الْمُصْطَفَيْنَ الْأَخْيَارِ﴾ وە بەراستی ئەوانە (هەر سیانیان) لای ئێمە لەبەند هەڵبژێردراوە چاکەکانن. ٤٧)﴿وَاذْكُرْ إِسْمَاعِيلَ وَالْيَسَعَ وَذَا الْكِفْلِ﴾ وە باسی (بەندەکانی ئێمە بکە) ئیسماعیل و ئەلیەسەع و ذو لکیفل ﴿وَكُلٌّ مِّنَ الْأَخْيَارِ﴾ کەهەموویان لە چاکانن. ٤٨)﴿هَٰذَا ذِكْرٌ وَإِنَّ لِلْمُتَّقِينَ لَحُسْنَ مَآبٍ﴾ ئەم (باسی پێغەمبەرانە) باس و ناوبانگی چاکیانە لە دونیادا و بێگومان پارێزکاران سەرئەنجامێکی چاکیان هەیە. ٤٩)﴿جَنَّاتِ عَدْنٍ مُّفَتَّحَةً لَّهُمُ الْأَبْوَابُ﴾ (کە بریتی یە لە) بەهەشتانی جێگای مانەوەی هەمیشەیی کەدەرگاکانی کراوەتەوە بۆیان. ٥٠)﴿مُتَّكِئِينَ فِيهَا﴾ لەوێدا (لەسەر کورسی رازاوە) پاڵیان داوەتەوە ﴿يَدْعُونَ فِيهَا بِفَاكِهَةٍ كَثِيرَةٍ وَشَرَابٍ﴾ تێیدا داوای میوەهاتی زۆر و جۆرەها خواردنەوە دەکەن. ٥١)﴿وَعِندَهُمْ قَاصِرَاتُ الطَّرْفِ أَتْرَابٌ﴾ و حۆرییانی هاوتەمەنیان لایە (خێزانیانن) کەچاویان بڕیوەتە مێردەکانیان. ٥٢)﴿هَٰذَا مَا تُوعَدُونَ لِيَوْمِ الْحِسَابِ﴾ ئەمە ئەو (نازو نیعمەتانە)یە کە بەڵێنتان پێ درا بوو بۆ رۆژی لێپرسینەوە(ی قیامەت). ٥٣)﴿إِنَّ هَٰذَا لَرِزْقُنَا مَا لَهُ مِن نَّفَادٍ﴾ بەراستی ئەمە رسق و رۆزی ئێمەیە هەرگیز تەواو بوونی بۆ نییە. ٥٤)﴿هَٰذَا وَإِنَّ لِلطَّاغِينَ لَشَرَّ مَآبٍ﴾ ئا ئەمە (پاداشتی پارێزکارانە) و بێگومان سەرکەشانیش خراپترین پاشە رۆژیان هەیە. ٥٥)﴿جَهَنَّمَ يَصْلَوْنَهَا فَبِئْسَ الْمِهَادُ﴾ دۆزەخە کەدەچنە ناویەوە ئای ج جێگایەکی بەدو خراپە. ٥٦)﴿هَٰذَا فَلْيَذُوقُوهُ حَمِيمٌ وَغَسَّاقٌ﴾ ئەمە و ئاوی لەکوڵ و کێم و زووخە دەبا بیچەژن. ٥٧)﴿وَآخَرُ مِن شَكْلِهِ أَزْوَاجٌ﴾ وە چەند جۆری تر سزایان هەیە لەو شێوە. ٥٨)﴿هَٰذَا فَوْجٌ مُّقْتَحِمٌ مَّعَكُمْ﴾ (بە گومڕاکەرەکان دەوترێ) ئەمە کۆمەڵێکە لەگەڵ ئێوەدا دێنە دۆزەخ ﴿لَا مَرْحَبًا بِهِمْ﴾ (گومڕاکەرەکانیش دەڵێن) بەخێر نەیەن ﴿إِنَّهُمْ صَالُوا النَّارِ﴾ بێگومان ئەوانە دەچنە ناو ئاگری دۆزەخ. ٥٩)﴿قَالُوا بَلْ أَنتُمْ لَا مَرْحَبًا بِكُمْ﴾ ئەوان (بە گومڕاکەرەکان) دەڵێن بەڵکو ئێوە بەخێر نەیەن ﴿أَنتُمْ قَدَّمْتُمُوهُ لَنَا﴾ ئێوە (لە دنیا گومڕاتان کردین و) ئەم سزاتان پێش هێنا بۆمان ﴿فَبِئْسَ الْقَرَارُ﴾ ئای ج جێگاو مەنزڵێکی خراپە. ٦٠)﴿قَالُوا رَبَّنَا مَن قَدَّمَ لَنَا هَٰذَا﴾ دەڵێن: ئەی پەروەردگارمان هەر کەس (هۆی) پێش هێنانی ئەم سزایە بوو بۆ ئێمە ﴿فَزِدْهُ عَذَابًا ضِعْفًا فِي النَّارِ﴾ ئەوە سزای ئەو لەدۆزەخ دا دوو چەندانە بکە. ٦١)

وَقَالُوا مَا لَنَا لَا نَرَىٰ رِجَالًا كُنَّا نَعُدُّهُم مِّنَ الْأَشْرَارِ ﴿٦٢﴾ أَتَّخَذْنَاهُمْ
سِخْرِيًّا أَمْ زَاغَتْ عَنْهُمُ الْأَبْصَارُ ﴿٦٣﴾ إِنَّ ذَٰلِكَ لَحَقٌّ تَخَاصُمُ أَهْلِ
النَّارِ ﴿٦٤﴾ قُلْ إِنَّمَا أَنَا مُنذِرٌ ۖ وَمَا مِنْ إِلَٰهٍ إِلَّا اللَّهُ الْوَاحِدُ الْقَهَّارُ ﴿٦٥﴾
رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا الْعَزِيزُ الْغَفَّارُ ﴿٦٦﴾ قُلْ هُوَ نَبَؤٌا
عَظِيمٌ ﴿٦٧﴾ أَنتُمْ عَنْهُ مُعْرِضُونَ ﴿٦٨﴾ مَا كَانَ لِيَ مِنْ عِلْمٍ بِالْمَلَإِ الْأَعْلَىٰ
إِذْ يَخْتَصِمُونَ ﴿٦٩﴾ إِن يُوحَىٰ إِلَيَّ إِلَّا أَنَّمَا أَنَا نَذِيرٌ مُّبِينٌ ﴿٧٠﴾ إِذْ قَالَ رَبُّكَ
لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي خَالِقٌ بَشَرًا مِّن طِينٍ ﴿٧١﴾ فَإِذَا سَوَّيْتُهُ وَنَفَخْتُ فِيهِ
مِن رُّوحِي فَقَعُوا لَهُ سَاجِدِينَ ﴿٧٢﴾ فَسَجَدَ الْمَلَائِكَةُ كُلُّهُمْ
أَجْمَعُونَ ﴿٧٣﴾ إِلَّا إِبْلِيسَ اسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنَ الْكَافِرِينَ ﴿٧٤﴾ قَالَ
يَا إِبْلِيسُ مَا مَنَعَكَ أَن تَسْجُدَ لِمَا خَلَقْتُ بِيَدَيَّ ۖ أَسْتَكْبَرْتَ أَمْ كُنتَ
مِنَ الْعَالِينَ ﴿٧٥﴾ قَالَ أَنَا خَيْرٌ مِّنْهُ خَلَقْتَنِي مِن نَّارٍ وَخَلَقْتَهُ مِن طِينٍ
﴿٧٦﴾ قَالَ فَاخْرُجْ مِنْهَا فَإِنَّكَ رَجِيمٌ ﴿٧٧﴾ وَإِنَّ عَلَيْكَ لَعْنَتِي إِلَىٰ يَوْمِ
الدِّينِ ﴿٧٨﴾ قَالَ رَبِّ فَأَنظِرْنِي إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ ﴿٧٩﴾ قَالَ فَإِنَّكَ مِنَ
الْمُنظَرِينَ ﴿٨٠﴾ إِلَىٰ يَوْمِ الْوَقْتِ الْمَعْلُومِ ﴿٨١﴾ قَالَ فَبِعِزَّتِكَ
لَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٨٢﴾ إِلَّا عِبَادَكَ مِنْهُمُ الْمُخْلَصِينَ ﴿٨٣﴾

ئەرایەت ئەگەر نەیتوانی بکات؟ فەرمووی: بامر بالمعروف و النهی عن المنکر ئەگەر نەیتوانی؟ فەرمووی: ئەگەر نەیتوانی بەدڵ رقی لێبێتەوە (ئەمە کەمترین شتە کە دەتوانی بیکەی) ئەگەر نەیتوانی؟ فەرمووی: بەڵێ ئەمە بکە (ئەمە کەمترین شتە کە دەتوانی بیکەی) ئەگەر نەیتوانی؟ فەرمووی: ئەگەر نەیتوانی بەدڵ رقی لێبێتەوە چونکە بێزاربوون لەو شتانەی کە خوا پێی ناڕەزایە کارێکی خۆشەویستە لای خوا (ﷻ) ئەگەر نەیتوانی؟ فەرمووی: ئەگەر نەیتوانی بەدڵ رقی لێبێتەوە چونکە بێزاربوون لەو شتانەی کە خوا پێی ناڕەزایە کارێکی خۆشەویستە لای خوا (ﷻ).

لەپەڕەی (٤١) سورەتی (الأحزاب): عن عبد الله بن بسر قال رجل: یا رسول الله (ﷺ): إن شرائع

﴿وَقَالُوا مَا لَنَا لَا نَرَىٰ رِجَالًا﴾ وە (گومڕاکەرەکان) دەڵێن ئەوە چیمانە بۆچ پیاوانێك نابینین ﴿كُنَّا نَعُدُّهُم مِّنَ الْأَشْرَارِ﴾ کە ئێمە لە خراپەکارانمان دەژمارین. ٦٢﴿أَتَّخَذْنَاهُمْ سِخْرِيًّا﴾ ئایا ئەوانەن کە گاڵتەمان پێ دەکردن؟ ﴿أَمْ زَاغَتْ عَنْهُمُ الْأَبْصَارُ﴾ یا (ئێستا بەڵام) چاوەکان لێیان کەڵ بووە (و نایان بینن). ٦٣﴿إِنَّ ذَٰلِكَ لَحَقٌّ تَخَاصُمُ أَهْلِ النَّارِ﴾ بێگومان ئەوە (کە باسکرا) ناگرە و هەڕەشەی دۆزەخیانە ڕاستە(و دێتەدی). ٦٤﴿قُلْ إِنَّمَا أَنَا مُنذِرٌ﴾ (ئەی موحەممەد (ﷺ)) بڵێ من تەنیا ترسێنەرێکم ﴿وَمَا مِنْ إِلَٰهٍ إِلَّا اللَّهُ الْوَاحِدُ الْقَهَّارُ﴾ و هیچ پەرستراوێکی ڕاست نییە بێجگە لە خوای تەنهای بەدەسەڵات. ٦٥﴿رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا﴾ پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لە نێوانیانداییە ﴿الْعَزِيزُ الْغَفَّارُ﴾ زاڵی لێ بووردە. ٦٦﴿قُلْ هُوَ نَبَؤٌا عَظِيمٌ﴾ (ئەی موحەممەد (ﷺ)) بڵێ ئەوە هەواڵێکی زۆر گەورەیە. ٦٧﴿أَنتُمْ عَنْهُ مُعْرِضُونَ﴾ کە ئێوە گوێ ی پێ نادەن. ٦٨﴿مَا كَانَ لِيَ مِنْ عِلْمٍ بِالْمَلَإِ الْأَعْلَىٰ﴾ (بڵێ ئەگەر وەحیم بۆنەهاتایە) من هیچ ناگام لەکۆمەڵی هەرە بڵند (فریشتەکان) نەبووە ﴿إِذْ يَخْتَصِمُونَ﴾ کاتێ دەمە قاڵێ بان دەکرد (دەربارەی شادەم). ٦٩﴿إِن يُوحَىٰ إِلَيَّ﴾ نیگا بۆ من ناکرێ ﴿إِلَّا أَنَّمَا أَنَا نَذِيرٌ مُّبِينٌ﴾ مەگەر بەوەی کە من ترسێنەرێکی پووت کەرەوەم. ٧٠﴿إِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ﴾ ئەو کاتەی (دەمەقاڵێ بان بوو) پەروەردگارت بەفریشتەکانی فەرموو ﴿إِنِّي خَالِقٌ بَشَرًا مِّن طِينٍ﴾ بەڕاستی من بەشەرێك لە قوڕ دروست دەکەم. ٧١﴿فَإِذَا سَوَّيْتُهُ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِي﴾ ئینجا کاتێ شێوەکەم ڕێك خست و فوم پێدا کردووە گیانم کرد بە بەریدا لە گیانێك کە خۆم دروستم کردووە. ﴿فَقَعُوا لَهُ سَاجِدِينَ﴾ ئەوسا هەموو بە سوژدە بردن بۆی بکەون بە ڕوودا. ٧٢﴿فَسَجَدَ الْمَلَائِكَةُ كُلُّهُمْ أَجْمَعُونَ﴾ جافرشتەکان هەر هەموویان سوژدەیان برد. ٧٣﴿إِلَّا إِبْلِيسَ اسْتَكْبَرَ﴾ بێجگە لە هەیتان کە خۆی بە گەورە دانا ﴿وَكَانَ مِنَ الْكَافِرِينَ﴾ و لە بێ باوەڕان بوو. ٧٤﴿قَالَ يَا إِبْلِيسُ﴾ (خوا) فەرمووی ئەی ئیبلیس ﴿مَا مَنَعَكَ أَن تَسْجُدَ لِمَا خَلَقْتُ بِيَدَيَّ﴾ چ شتێك بەرگری کردی (لەوەی) کە سوژدە ببەیت بۆ کەسێ کە بە هەردوو دەستی خۆم دروستم کردووە ﴿أَسْتَكْبَرْتَ أَمْ كُنتَ مِنَ الْعَالِينَ﴾ ئایا خۆت بەگەورە زانی یاخود لەبەرزو بڵندەکانی. ٧٥﴿قَالَ أَنَا خَيْرٌ مِّنْهُ﴾(هەیتان) ووتی من لەو (ئادەم) چاکترم ﴿خَلَقْتَنِي مِن نَّارٍ وَخَلَقْتَهُ مِن طِينٍ﴾ چونکە منت لەئاگر دروست کردووە بەڵام ئەو لەقوڕ. ٧٦﴿قَالَ فَاخْرُجْ مِنْهَا فَإِنَّكَ رَجِيمٌ﴾ (خوا) فەرمووی کەواتە لەو (بەهەشتە) دەرچۆ و بڕۆ چونکە بێگومان تۆ دەرکراوی لەرەحمەتی من. ٧٧﴿وَإِنَّ عَلَيْكَ لَعْنَتِي إِلَىٰ يَوْمِ الدِّينِ﴾وە بەڕاستی نەفرینی منت لەسەر بێ تا ڕۆژی (پاداشت و تۆڵە) قیامەت. ٧٨﴿قَالَ رَبِّ فَأَنظِرْنِي إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ﴾ (هەیتان) ووتی ئەی پەروەردگارم دەی مۆڵەتم بدە (نەمرم) تا ڕۆژی (مردوان) زیندوو دەکرێنەوە. ٧٩﴿قَالَ فَإِنَّكَ مِنَ الْمُنظَرِينَ﴾ (خوا) فەرمووی بەڕاستی تۆ لە مۆڵەت دراوانی. ٨٠﴿إِلَىٰ يَوْمِ الْوَقْتِ الْمَعْلُومِ﴾ تاڕۆژێکی کاتی دیاریی کراو. ٨١﴿قَالَ فَبِعِزَّتِكَ لَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ﴾ (هەیتان) ووتی ئینجا سوێند بەعیزەتت هەر هەموویان گومڕا دەکەم. ٨٢﴿إِلَّا عِبَادَكَ مِنْهُمُ الْمُخْلَصِينَ﴾ ئەوانەیان نەبێ کەبەندەی پاك و هەڵبژاردەی تۆن. ٨٣)

قَالَ فَالْحَقُّ وَالْحَقَّ أَقُولُ ﴿٨٤﴾ لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنكَ وَمِمَّن تَبِعَكَ
مِنْهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٨٥﴾ قُلْ مَا أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ وَمَا أَنَا مِنَ الْمُتَكَلِّفِينَ
﴿٨٦﴾ إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِّلْعَالَمِينَ ﴿٨٧﴾ وَلَتَعْلَمُنَّ نَبَأَهُۥ بَعْدَ حِينٍۭ ﴿٨٨﴾

سُورَةُ الزُّمَرِ

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

تَنزِيلُ الْكِتَٰبِ مِنَ اللَّهِ الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ ﴿١﴾ إِنَّآ أَنزَلْنَآ إِلَيْكَ
الْكِتَٰبَ بِالْحَقِّ فَاعْبُدِ اللَّهَ مُخْلِصًا لَّهُ الدِّينَ ﴿٢﴾ أَلَا
لِلَّهِ الدِّينُ الْخَالِصُ ۚ وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مِن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءَ
مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى اللَّهِ زُلْفَىٰٓ إِنَّ اللَّهَ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ
فِى مَا هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ۗ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِى مَنْ هُوَ كَٰذِبٌ
كَفَّارٌ ﴿٣﴾ لَّوْ أَرَادَ اللَّهُ أَن يَتَّخِذَ وَلَدًا لَّٱصْطَفَىٰ مِمَّا
يَخْلُقُ مَا يَشَآءُ ۚ سُبْحَٰنَهُۥ ۖ هُوَ اللَّهُ الْوَٰحِدُ الْقَهَّارُ ﴿٤﴾
خَلَقَ السَّمَٰوَٰتِ وَالْأَرْضَ بِالْحَقِّ ۖ يُكَوِّرُ الَّيْلَ عَلَى النَّهَارِ
وَيُكَوِّرُ النَّهَارَ عَلَى الَّيْلِ ۖ وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ ۖ
كُلٌّ يَجْرِى لِأَجَلٍ مُّسَمًّى ۗ أَلَا هُوَ الْعَزِيزُ الْغَفَّارُ ﴿٥﴾

-(الإسلام قد كثرت علي فأخبرني بشيء أتشبث به، قال: (لا يزال لسانك رطبا من ذكر الله) (رواه الترمذي). ٥٥-ئەي مۇھەممەد كاپىرى بويسۇ دېگىن: پەرۋەردىگارىم: ئەي بۇنداق سەۋەبسىز خوا (ﷻ) باشقا ھەممىنى كالتە قىلغان تۇرسام نۇھ ئەلەيھىسسالام (ھەممىدىن بەك ئاكىرى) دەپ ھېسابلىغان بىر پەيغەمبەرنى كەچۈرمەستىن بۇزۇپ تاشلاپ بۇنداق بەندىلىرى خوا).

٨٤-ئايەتتە (٥٢) سۆزىگە (الأحزاب) دا قال رسول الله (ﷺ): (إياكم والتبذل على النساء، فقال رجل من الأنصار: أفرأيت الحمو؟ قال: الحمو الموت)(متفق عليه) قال رسول الله (ﷺ): (لا يخلون أحدكم بامرأة إلا مع ذي رحم محرم)(متفق عليه). بۇنداق سەبەبسىز خوا (ﷻ) ھەممىدىن (ئۆزىنىڭ) ئەڭ ياخشى (بەندىلىرى)-

﴿قَالَ فَالْحَقُّ وَالْحَقَّ أَقُولُ﴾ (خوا) فەرمووی: من حەقم هەر حەقیش دەڵێم. ٨٤﴿لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنكَ وَمِمَّن تَبِعَكَ مِنْهُمْ أَجْمَعِينَ﴾ بەڕاستی دۆزەخ پڕ دەکەم لە تۆ (ئەوەکانت) و ئەوانەی (لە ئادەمیان) شوێنت دەکەون تێکڕا. ٨٥﴿قُل مَّا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ﴾ (ئەی موحەمەد (ﷺ)) بڵێ من هیچ کرێ و پاداشتێك لەسەر گەیاندنی ئەم ئایینە لە تێوە ناوانانگەم ﴿وَمَا أَنَا مِنَ الْمُتَكَلِّفِينَ﴾ و من لەو کەسانەش نیم کە درۆ هەڵبەستم و زۆر لە خۆم بکەم. ٨٦﴿إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِّلْعَالَمِينَ﴾ ئەم (قورئانە) تەنها پەند و ئامۆژگارییە بۆ هەموو جیهانیان. ٨٧﴿وَلَتَعْلَمُنَّ نَبَأَهُ بَعْدَ حِينٍ﴾ بەڕاستی پاش ماوەیەك لە هەواڵی ئەم (قورئانە) دەزانن. ٨٨)

سورەتی ﴿الزمر﴾

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان. ﴿تَنزِيلُ الْكِتَابِ﴾ ئەم قورئانە هێنراوەتەخوارەوە ﴿مِنَ اللَّهِ الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ﴾ لە لایەن خوای باڵادەستی کار بەجێ وە. ١﴿إِنَّا أَنزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ﴾ بێگومان ئێمە بەحەق و بڕاستی قورئانمان بۆ تۆ هێناوەتە خوارەوە ﴿فَاعْبُدِ اللَّهَ مُخْلِصًا لَّهُ الدِّينَ﴾ کەواتە خوا بپەرەستە و بە تەنها هەر بۆ ئەو ملکەچ بە. ٢﴿أَلَا لِلَّهِ الدِّينُ الْخَالِصُ﴾ بێگومان بە تایبەتی (گەردن کەچی) پاك و خاوێن هەر بۆ خوایە ﴿وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مِن دُونِهِ أَوْلِيَاءَ﴾ وە کەسانێ جگە لەو (خوا) چەند پەرستراوێکیان بۆ خۆیان دانناوە ﴿مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ زُلْفَىٰ﴾ (دەڵێن) تەنها لەبەر ئەوە دەیان پەرستین تزیکمان بکەنەوە لە خوا ﴿إِنَّ اللَّهَ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ﴾ بێگومان خوا بڕیار دەدات لە نێوانیانڵدا ﴿فِي مَا هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ﴾ لەو شتانەدا کەتێوان تیایا جیاواز بوون. ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي مَنْ هُوَ كَاذِبٌ كَفَّارٌ﴾ بەڕاستی خوا ڕێنمونیی کەسێ ناکات کە درۆزنی زۆر بێ بارەیە. ٣﴿لَّوْ أَرَادَ اللَّهُ أَن يَتَّخِذَ وَلَدًا﴾ ئەگەر خوا بیویستایە منداڵێك بۆ خۆی بڕیار بدات ﴿لَّاصْطَفَىٰ مِمَّا يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ﴾ ئەوە لەنێو دروست کراوەکانیدا کامەی بویستایە هەڵی دەبژارد ﴿سُبْحَانَهُ هُوَ اللَّهُ الْوَاحِدُ الْقَهَّارُ﴾ پاك و بێگەردە هەر ئەوە خوای تەنیای زاڵ و بە دەسەڵات. ٤﴿خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِالْحَقِّ﴾(خوا) ئاسمانەکان و زەوی بەحەق دروست کردووە ﴿يُكَوِّرُ اللَّيْلَ عَلَى النَّهَارِ﴾هەر دەمێنێ بەسەر ڕۆژدا ﴿وَيُكَوِّرُ النَّهَارَ عَلَى اللَّيْلِ﴾ و ڕۆژ دەمێنێ بەسەر شەودا ﴿وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ﴾ و خۆر و مانگی ڕام هێناوە ﴿كُلٌّ يَجْرِي لِأَجَلٍ مُّسَمًّى﴾ هەر یەکێان تا ماوەی دیاریکراو (ڕۆیشتن) دەکەرێن﴿أَلَا هُوَ الْعَزِيزُ الْغَفَّارُ﴾ بێگومان بەهەر ئەو (خوا) زاڵی لێ بوردەوە. ٥)

خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ ثُمَّ جَعَلَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَأَنزَلَ لَكُم
مِّنَ الْأَنْعَٰمِ ثَمَٰنِيَةَ أَزْوَٰجٍ يَخْلُقُكُمْ فِى بُطُونِ أُمَّهَٰتِكُمْ
خَلْقًا مِّنۢ بَعْدِ خَلْقٍ فِى ظُلُمَٰتٍ ثَلَٰثٍ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمْ لَهُ
ٱلْمُلْكُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ فَأَنَّىٰ تُصْرَفُونَ ﴿٦﴾ إِن تَكْفُرُوا۟ فَإِنَّ
ٱللَّهَ غَنِىٌّ عَنكُمْ وَلَا يَرْضَىٰ لِعِبَادِهِ ٱلْكُفْرَ وَإِن تَشْكُرُوا۟ يَرْضَهُ
لَكُمْ وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُم مَّرْجِعُكُمْ
فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ۚ إِنَّهُۥ عَلِيمٌۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ﴿٧﴾
۞ وَإِذَا مَسَّ ٱلْإِنسَٰنَ ضُرٌّ دَعَا رَبَّهُۥ مُنِيبًا إِلَيْهِ ثُمَّ إِذَا خَوَّلَهُۥ
نِعْمَةً مِّنْهُ نَسِىَ مَا كَانَ يَدْعُوٓا۟ إِلَيْهِ مِن قَبْلُ وَجَعَلَ لِلَّهِ أَندَادًا
لِّيُضِلَّ عَن سَبِيلِهِۦ ۚ قُلْ تَمَتَّعْ بِكُفْرِكَ قَلِيلًا ۖ إِنَّكَ مِنْ أَصْحَٰبِ
ٱلنَّارِ ﴿٨﴾ أَمَّنْ هُوَ قَٰنِتٌ ءَانَآءَ ٱلَّيْلِ سَاجِدًا وَقَآئِمًا يَحْذَرُ
ٱلْءَاخِرَةَ وَيَرْجُوا۟ رَحْمَةَ رَبِّهِۦ ۗ قُلْ هَلْ يَسْتَوِى ٱلَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَٱلَّذِينَ
لَا يَعْلَمُونَ ۗ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿٩﴾ قُلْ يَٰعِبَادِ ٱلَّذِينَ
ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ رَبَّكُمْ ۚ لِلَّذِينَ أَحْسَنُوا۟ فِى هَٰذِهِ ٱلدُّنْيَا حَسَنَةٌ ۗ
وَأَرْضُ ٱللَّهِ وَٰسِعَةٌ ۗ إِنَّمَا يُوَفَّى ٱلصَّٰبِرُونَ أَجْرَهُم بِغَيْرِ حِسَابٍ ﴿١٠﴾

سەرجەمە مالەی، یان لای ئافرەتان، پیاوێ لەیاوەدە، دەران ووتی: قوربان ئەی ئەگەر خۆمی مێردەکەی بوو؟ فەرمووی: خۆمی مێردە مردنە (ئەمر لەسەرو خەریانە)). پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (کەستان لەگەڵ ژنی یەکانەدا بەتەنها کاوەیەدەی مەگەر ژنەکە کەسێکی مەحرەمی خۆی لەگەڵ دابێ).

ئایەتی (٥٩) سورەتی (الأحزاب)ە: قال رسول الله ﷺ: (لم أنذ رجل ذكرته عنده فلم يصل علي) (رواه الترمذي). پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (ئیرانی ئەو کەسە بەقوربا چێ و بەرەبەیانەی، ئاوی من بچێژێت لەلایەن و سەلامم لەسەر نەدات).

ئایەتی (٥٦) سورەتی (الأحزاب)ە: قال رسول الله ﷺ: (المسلم من سلم المسلمون من لسانه ويده والمهاجر من هجر ما نهى الله عنه) (متفق عليه). پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووی:

﴿خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ﴾ (خوا) ئێوەی لە تاکە کەسێک (ئادەم) دروست کردووە ﴿ثُمَّ جَعَلَ مِنْهَا زَوْجَهَا﴾ پاشان لەو (کەسە) هاوسەرەکەی (حەووای) بەدی هێناوە ﴿وَأَنزَلَ لَكُم مِّنَ الْأَنْعَامِ ثَمَانِيَةَ أَزْوَاجٍ﴾ وە بۆ ئێوە هەشت جووتی (نێر و مێ) لە ئاژەڵ بە دی هێناوە ﴿خَلَقَكُمْ فِي بُطُونِ أُمَّهَاتِكُمْ﴾ ئێوە دروست دەکات لەناو سکی دایکتاندا ﴿خَلْقًا مِّن بَعْدِ خَلْقٍ﴾ بە بەدی هێنانی یەک لە دوای یەک ﴿فِي ظُلُمَاتٍ ثَلَاثٍ﴾ لە ناو سێ تاریکی (ناو سک، منداڵدان، پەردەی کۆرپەلە)دا ﴿ذَٰلِكُمُ اللَّهُ رَبُّكُمْ لَهُ الْمُلْكُ﴾ ئا ئەوە پەروەردگاری ئێوەیەکە دەسەڵات و پاشایی هەر هی ئەوە ﴿لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ فَأَنَّىٰ تُصْرَفُونَ﴾ هیچ پەرستراوێکی ڕاست جگە لە زاتی ئەو نییە کەواتە ئێوە چۆن لە ئایینی ڕاست لادەدرێن. ٦) ﴿إِن تَكْفُرُوا﴾ ئەگەر ئێوە بێ باوەڕین ﴿فَإِنَّ اللَّهَ غَنِيٌّ عَنكُمْ﴾ ئەوە بێگومان خوا بێ نیازە لەئێوە ﴿وَلَا يَرْضَىٰ لِعِبَادِهِ الْكُفْرَ﴾ و رازی نییە بە بێ باوەڕی بۆ بەندەکانی ﴿وَإِن تَشْكُرُوا يَرْضَهُ لَكُمْ﴾ وە ئەگەر سوپاسی خوا بکەن (گەردن کەچ بن) بەوە لێتان رازی دەبێت ﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ﴾ هیچ گوناهبارێ گوناهی کەسێکی تر هەڵناگرێت ﴿ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُم مَّرْجِعُكُمْ﴾ پاشان گەڕانەوەتان هەر بۆ لای پەروەردگارتانە ﴿فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ ئەوسا هەواڵتان دەداتێ بەوەی کە دەتان کرد ﴿إِنَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ﴾ بەراستی خوا ئاگادارە بە نهێنی دڵان. ٧) ﴿وَإِذَا مَسَّ الْإِنسَانَ ضُرٌّ﴾ وە کاتێ ئادەمی زیانێکی لێ بکەوێ ﴿دَعَا رَبَّهُ مُنِيبًا إِلَيْهِ﴾ دەگەڕێتەوە بۆ لای پەروەردگاری و هاواری لێ دەکات ﴿ثُمَّ إِذَا خَوَّلَهُ نِعْمَةً مِّنْهُ﴾ پاشان ئەگەر لەلایەن خۆیەوە بەهرەیەکی دایە ﴿نَسِيَ مَا كَانَ يَدْعُو إِلَيْهِ مِن قَبْلُ﴾ ئەوەی لەبیر دەچێ کە لەپێشترا هاواری لە پەروەردگاری دەکرد ﴿وَجَعَلَ لِلَّهِ أَندَادًا﴾ وهاوتایانێ بۆ خوا دادەنێ ﴿لِّيُضِلَّ عَن سَبِيلِهِ﴾ بۆ ئەوەی (خەڵک) لە ڕێگای ئەو گومڕاکات ﴿قُلْ تَمَتَّعْ بِكُفْرِكَ قَلِيلًا﴾ (ئەی موحەممەد (ﷺ) بە هەڕەشەوە) بڵێ بە بێ باوەڕێکەت کەمێ بەهرەمەند ببە لە ژیان ﴿إِنَّكَ مِنْ أَصْحَابِ النَّارِ﴾ چونکە بەراستی تۆ لەهاوەڵانی ئاگری دۆزەخی. ٨) ﴿أَمَّنْ هُوَ قَانِتٌ﴾ (هاوبەش دانەران چاکترن) یا کەسێ ملکەچ و پەرست کارە (بۆ خوا) ﴿آنَاءَ اللَّيْلِ سَاجِدًا وَقَائِمًا﴾ لە کاتەکانی شەودا بە سوژدە بردن و راوەستان (لە شەو نوێژدا) ﴿يَحْذَرُ الْآخِرَةَ وَيَرْجُو رَحْمَةَ رَبِّهِ﴾ کە لە (سزای) دوا ڕۆژ دەترسێت و بە هیوای بەزەیی پەروەردگاریەتی ﴿قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ﴾ (ئەی موحەممەد (ﷺ)) بڵێ ئایا ئەوانەی دەزانن یەکسانن ﴿وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ﴾ لەگەڵ ئەوانەی کە نازانن ﴿إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُولُو الْأَلْبَابِ﴾ بەڕاستی تەنها خاوەنانی ژیریی ئامۆژگاری وەردەگرن. ٩) ﴿قُلْ يَا عِبَادِ الَّذِينَ آمَنُوا﴾ (ئەی موحەممەد (ﷺ)) بڵێ بەو بەندەیانەم کە باوەڕیان هێناوە ﴿اتَّقُوا رَبَّكُمْ﴾ لە (سزای) پەروەردگارتان خۆ بپارێزن ﴿لِّلَّذِينَ أَحْسَنُوا فِي هَٰذِهِ الدُّنْيَا حَسَنَةٌ﴾ کەسانێ لەم دنیایەدا چاکەیان کردووە پاداشتی چاکیان بۆ هەیە ﴿وَأَرْضُ اللَّهِ وَاسِعَةٌ﴾ وە زەوی خوا فراوانە ﴿إِنَّمَا يُوَفَّى الصَّابِرُونَ أَجْرَهُم بِغَيْرِ حِسَابٍ﴾ بەراستی تەنها دان بەخۆدا گران بێ ژمارە پاداشتیان دەدرێتەوە. ١٠)

قُلْ إِنِّيٓ أُمِرْتُ أَنْ أَعْبُدَ ٱللَّهَ مُخْلِصًا لَّهُ ٱلدِّينَ ﴿١١﴾ وَأُمِرْتُ لِأَنْ أَكُونَ
أَوَّلَ ٱلْمُسْلِمِينَ ﴿١٢﴾ قُلْ إِنِّيٓ أَخَافُ إِنْ عَصَيْتُ رَبِّى عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ
﴿١٣﴾ قُلِ ٱللَّهَ أَعْبُدُ مُخْلِصًا لَّهُ دِينِى ﴿١٤﴾ فَٱعْبُدُوا۟ مَا شِئْتُم مِّن دُونِهِۦ ۗ
قُلْ إِنَّ ٱلْخَـٰسِرِينَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ وَأَهْلِيهِمْ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ ۗ أَلَا
ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْخُسْرَانُ ٱلْمُبِينُ ﴿١٥﴾ لَهُم مِّن فَوْقِهِمْ ظُلَلٌ مِّنَ ٱلنَّارِ
وَمِن تَحْتِهِمْ ظُلَلٌ ۚ ذَٰلِكَ يُخَوِّفُ ٱللَّهُ بِهِۦ عِبَادَهُۥ ۚ يَـٰعِبَادِ فَٱتَّقُونِ ﴿١٦﴾
وَٱلَّذِينَ ٱجْتَنَبُوا۟ ٱلطَّـٰغُوتَ أَن يَعْبُدُوهَا وَأَنَابُوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ لَهُمُ ٱلْبُشْرَىٰ ۚ
فَبَشِّرْ عِبَادِ ﴿١٧﴾ ٱلَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ ٱلْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُۥٓ ۚ
أُو۟لَـٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَىٰهُمُ ٱللَّهُ ۖ وَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمْ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَـٰبِ ﴿١٨﴾
أَفَمَنْ حَقَّ عَلَيْهِ كَلِمَةُ ٱلْعَذَابِ أَفَأَنتَ تُنقِذُ مَن فِى ٱلنَّارِ ﴿١٩﴾
لَـٰكِنِ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوْا۟ رَبَّهُمْ لَهُمْ غُرَفٌ مِّن فَوْقِهَا غُرَفٌ مَّبْنِيَّةٌ ۙ تَجْرِى
مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَـٰرُ ۖ وَعْدَ ٱللَّهِ ۖ لَا يُخْلِفُ ٱللَّهُ ٱلْمِيعَادَ ﴿٢٠﴾ أَلَمْ تَرَ
أَنَّ ٱللَّهَ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَسَلَكَهُۥ يَنَـٰبِيعَ فِى ٱلْأَرْضِ ثُمَّ
يُخْرِجُ بِهِۦ زَرْعًا مُّخْتَلِفًا أَلْوَٰنُهُۥ ثُمَّ يَهِيجُ فَتَرَىٰهُ مُصْفَرًّا ثُمَّ
يَجْعَلُهُۥ حُطَـٰمًا ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَذِكْرَىٰ لِأُو۟لِى ٱلْأَلْبَـٰبِ ﴿٢١﴾

سۆرەتی زومەر ـ جوزئی بیست و سێ ـ لەبەر موسڵمانەیە کە موسڵمانان بڕوایان بێت لەسەر زمان و دڵ و کردەوەی کەسەیە کەوابێ پێنج لەبەر ئەمانەی کە خوا لەدەمەی فەرموون).

ئایەتی (٢٠) سورەتی (الأحزاب) لە ابن مسعود (رضي الله عنه) قال رسول الله (ﷺ): كان يقول (اللهم إني أسألك الهدى والتقى والعفاف والغنى) (رواه مسلم). هەمیشەکان

لەبەر مەسعود (رەزای خوای لێ بێ) دەڵێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەمیشە دەیفەرموو: (ئەی پەروەردگارم بە پاستی داوای پێشەوبینی و لە خوا ترسان و پارێزکاری و دەوڵەمەندی - دڵ و دەروون - ت لێ دەکەم).

ئایەتی (١٠) سورەتی (سبأ) لە سمع رسول الله (ﷺ) صوت ابي موسى الأشعري (رضي الله عنه) يقرأ من الليل فوقف فاستمع لقراءته ثم قال (لقد أوتي هذا مزماراً من مزامير آل داود) (رواه النسائي).

﴿إِن لَّمْ تُؤْمِنُوا﴾ (ئەی موحەممەد(ﷺ)) بڵێ بەڕاستی من فەرمانم پێ دراوە ﴿أَنْ أَعْبُدَ اللَّهَ﴾ کە خوا بپەرستم بەدڵسۆزی بۆی ملکەچ بم. ١١)﴿وَأُمِرْتُ لِأَنْ أَكُونَ﴾ وە فەرمانم پێ دراوە کە بەکەمی موسڵمانان (بۆ خۆمەوە) بم. ١٢)﴿إِنِّي أَخَافُ﴾ (ئەی موحەممەد(ﷺ)) بڵێ بەڕاستی من دەترسم ﴿إِنْ عَصَيْتُ﴾ ئەگەر سەر پێچی پەروەردگارم بکەم ﴿عَذَابَ يَوْمٍ﴾ لە سزای ڕۆژێکی گەورە (قیامەت). ١٣) ﴿قُلِ اللَّهَ أَعْبُدُ﴾ بڵێ من هەر خوا دەپەرستم بە پاکی و تەنیا هەر بۆ ئەو ملکەچم. ١٤) ﴿فَاعْبُدُوا مَا شِئْتُم مِّن دُونِهِ﴾ (بە پێ باوەڕان بڵێ) ئێوەش جگە لە خوا چیتان وێست بی پەرستن ﴿إِنَّ الْخَاسِرِينَ﴾ بڵێ بێگومان زەرەرمەندان کەسانێکن ﴿خَسِرُوا أَنفُسَهُمْ﴾ کەخۆیان و کەس و کارییان لەدەست داوە ﴿يَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾ لە ڕۆژی قیامەتدا ﴿أَلَا ذَٰلِكَ هُوَ الْخُسْرَانُ﴾ بێدار بن هەر ئەوەیە زەرەر مەندی ئاشکرا و ڕوون. ١٥)﴿لَهُم مِّن فَوْقِهِمْ ظُلَلٌ مِّنَ النَّارِ﴾ بۆ ئەوان هەیە لەلای سەروانەوە چەند تەبەقێ (وەک هەوری ڕەش) لەئاگر ﴿وَمِن تَحْتِهِمْ ظُلَلٌ﴾ و لەژێرپێیانەوە چەند تەبەقێ هەیە ﴿ذَٰلِكَ يُخَوِّفُ اللَّهُ بِهِ عِبَادَهُ﴾ ئەو (سزایە) خوا بەندەکانی خۆی پێ دەترسێنێ ﴿يَا عِبَادِ فَاتَّقُونِ﴾ ئەی بەندەکانم خۆتان بپارێزن (لە سزای من). ١٦)﴿وَالَّذِينَ اجْتَنَبُوا الطَّاغُوتَ أَن يَعْبُدُوهَا﴾ وە کەسانێ کە لەپەرستنی بت (و هەموو پەرستراوێکی تر) خۆیان پاراستووە ﴿وَأَنَابُوا إِلَى اللَّهِ﴾ وە گەڕاونەتەوە بۆ لای خوا ﴿لَهُمُ الْبُشْرَىٰ﴾ مژدەی گەورە تەنیا بۆ ئەوانە کەوانە مژدەبدەبەبەندەکانم. ١٧)﴿الَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ الْقَوْلَ﴾ ئەوانەی گوێ دەگرن بۆ قسە وگوفتار ﴿فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُ﴾ ئینجا شوێن چاکترینی ئەو (قسانە) دەکەون ﴿أُولَٰئِكَ الَّذِينَ هَدَاهُمُ اللَّهُ﴾ئەوانە کەسانێکن خودا ڕێنموونی کردوون ﴿وَأُولَٰئِكَ هُمْ أُولُو الْأَلْبَابِ﴾ هەر ئەوانەن خاوەنانی ژیری و هۆش. ١٨)﴿أَفَمَنْ حَقَّ عَلَيْهِ كَلِمَةُ الْعَذَابِ﴾ جا ئایا کەسێ بەڵێنی سزای بەسەرا جەسپابێت (بۆ بڕیاردرا بێت) ﴿أَفَأَنتَ تُنقِذُ مَن فِي النَّارِ﴾ دەبێ ئایا تۆ (دەتوانی) کەسێ ڕزگار بکەیت کە لەناو ئاگر دۆزەخ دایە. ١٩)﴿لَٰكِنِ الَّذِينَ اتَّقَوْا رَبَّهُمْ﴾ بەڵام کەسانێ کە لە پەروەردگاریان ترساون و خۆیان (لە سزای) پاراستووە ﴿لَهُمْ غُرَفٌ مِّن فَوْقِهَا غُرَفٌ مَّبْنِيَّةٌ﴾ (لە بەهەشتدا) بۆ ئەوانە کۆشک و تەلارێ چەند نهۆم هەیە ﴿تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ﴾ ڕووباری ئاو بە ژێرایاندا دەڕوات ﴿وَعْدَ اللَّهِ لَا يُخْلِفُ اللَّهُ الْمِيعَادَ﴾ (ئەمە) بەڵێنی خوایە و خواش بەڵێنی خۆی دەباتە سەر. ٢٠)﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ﴾ ئایا نەتبینی کە خوا ﴿أَنزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً﴾ لە ئاسمانەوە بارانێ دەبارێنێ (بۆ سەر زەوی) ﴿فَسَلَكَهُ يَنَابِيعَ فِي الْأَرْضِ﴾ ئەنجا ئەو بارانە دەبات بە ناو زەویدا کانیاوەکانی لێ دەردێنێ ﴿ثُمَّ يُخْرِجُ بِهِ زَرْعًا مُّخْتَلِفًا أَلْوَانُهُ﴾ لە پاشان کشتو کاڵ و گژوگیا و گوڵی پێ دەڕوێنێ کە ڕەنگەکانیان جیاوازە ﴿ثُمَّ يَهِيجُ فَتَرَاهُ مُصْفَرًّا﴾ پاشان دەبینی وشک دەبێ و زەرد هەڵدەگەڕێ ﴿ثُمَّ يَجْعَلُهُ حُطَامًا﴾ دواتر دەیکات بە پوشی وردە و خاش ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَذِكْرَىٰ لِأُولِي الْأَلْبَابِ﴾ بەڕاستی لەمەدا (کە باسکرا) تامۆژگاری و پەند هەیە بۆ ئەوانەی خاوەن ژیرین. ٢١)

أَفَمَن شَرَحَ ٱللَّهُ صَدْرَهُۥ لِلْإِسْلَٰمِ فَهُوَ عَلَىٰ نُورٍ مِّن رَّبِّهِۦ ۚ فَوَيْلٌ
لِّلْقَٰسِيَةِ قُلُوبُهُم مِّن ذِكْرِ ٱللَّهِ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٢٢﴾
ٱللَّهُ نَزَّلَ أَحْسَنَ ٱلْحَدِيثِ كِتَٰبًا مُّتَشَٰبِهًا مَّثَانِىَ تَقْشَعِرُّ مِنْهُ
جُلُودُ ٱلَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ ثُمَّ تَلِينُ جُلُودُهُمْ وَقُلُوبُهُمْ
إِلَىٰ ذِكْرِ ٱللَّهِ ۚ ذَٰلِكَ هُدَى ٱللَّهِ يَهْدِى بِهِۦ مَن يَشَآءُ ۚ وَمَن
يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنْ هَادٍ ﴿٢٣﴾ أَفَمَن يَتَّقِى بِوَجْهِهِۦ سُوٓءَ
ٱلْعَذَابِ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۚ وَقِيلَ لِلظَّٰلِمِينَ ذُوقُوا۟ مَا كُنتُمْ تَكْسِبُونَ
﴿٢٤﴾ كَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ فَأَتَىٰهُمُ ٱلْعَذَابُ مِنْ حَيْثُ
لَا يَشْعُرُونَ ﴿٢٥﴾ فَأَذَٰقَهُمُ ٱللَّهُ ٱلْخِزْىَ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۖ وَلَعَذَابُ
ٱلْءَاخِرَةِ أَكْبَرُ ۚ لَوْ كَانُوا۟ يَعْلَمُونَ ﴿٢٦﴾ وَلَقَدْ ضَرَبْنَا لِلنَّاسِ فِى
هَٰذَا ٱلْقُرْءَانِ مِن كُلِّ مَثَلٍ لَّعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ ﴿٢٧﴾ قُرْءَانًا عَرَبِيًّا
غَيْرَ ذِى عِوَجٍ لَّعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ ﴿٢٨﴾ ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا رَّجُلًا فِيهِ
شُرَكَآءُ مُتَشَٰكِسُونَ وَرَجُلًا سَلَمًا لِّرَجُلٍ هَلْ يَسْتَوِيَانِ مَثَلًا ۚ
ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ۚ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٢٩﴾ إِنَّكَ مَيِّتٌ وَإِنَّهُم مَّيِّتُونَ
﴿٣٠﴾ ثُمَّ إِنَّكُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ عِندَ رَبِّكُمْ تَخْتَصِمُونَ ﴿٣١﴾

ئەی ئایەتە
خوارەوەی
ئایەتی (٢٢،
٢٣) سورەتی
(الزمر) ﴿أَفَمَن
أَفَمَن شَرَحَ
.....﴾ ساویی ئاوی
ئایەتە خوارەوەی
ئایەتی (٣)ی
سورەتی یوسف بکە
لاپەڕەی (٢٢٥).
چیڕۆکەبێژی خوا
(ﷻ) گەورەیی لە
دەنگی ئەم
سورەتانەدا
دووبارە دەکاتەوە
بۆ (پەرداخ) خوای لێ
بێ لە هەموو
قورئانی دەخوێندەوە
وەستا و گەورەی
گەورە لە قورئان
خوێندنەکەی و
پاشان ئەم سورەتە:

(پەراوێزی ئەم (ئەبو سوریایە) پەیوەندی بە دەنگ و تاوانی خۆیەتی نازانم چیدەکا بێ بەخشراوە).

ئایەتی (٢٨) سورەتی (عبسا) ﴿قال رسول الله (ﷺ): (أعطيت خمساً لم يعطهن أحد من الأنبياء قبلي: نصرت بالرعب مسيرة شهر، وجعلت لي الأرض مسجداً وطهوراً فأيما رجل من أمتي أدركته الصلاة فليصل، وأحلت لي الغنائم ولم تحل لأحد قبلي، وأعطيت الشفاعة، وكان النبي يبعث إلى-

﴿أَفَمَن شَرَحَ اللَّهُ صَدْرَهُ لِلْإِسْلَامِ﴾ دەی ئایا کەسێ خوا سینەی گوشاد کردووە بۆ ئیسلام ﴿فَهُوَ عَلَىٰ نُورٍ مِّن رَّبِّهِ﴾ و ئەو لەسەر ڕێبازی ڕووناکی پەروەردگارییەتی (وەک کەسێکە دڵی ڕەق بووبێ لە ئاست ئیسلام) ﴿فَوَيْلٌ لِّلْقَاسِيَةِ قُلُوبُهُم مِّن ذِكْرِ اللَّهِ﴾ جا سزا و لە ناوچوون بۆ ئەوانەی دڵیان ڕەقە لە ئاست (قورئان و) یادی خوادا ﴿أُولَٰئِكَ فِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ﴾ ئاشکرایانە لە گومڕاییەکی ئاشکرادان. ٢٢)﴿اللَّهُ نَزَّلَ أَحْسَنَ الْحَدِيثِ﴾ خوا جوانترین فەرمایشتی ناردۆتە خوارەوە ﴿كِتَابًا مُّتَشَابِهًا مَّثَانِيَ﴾ قورئانێکە (کەتابەتەکانی) لەیەکچوون دووبات کراوەتەوە ﴿تَقْشَعِرُّ مِنْهُ جُلُودُ الَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ﴾ شەو کەسانەی لە پەروەردگاریان دەترسن پێستیان تەزوی پیادێ (بە بیستنی قورئان) ﴿ثُمَّ تَلِينُ جُلُودُهُمْ وَقُلُوبُهُمْ إِلَىٰ ذِكْرِ اللَّهِ﴾ پاشان پێستیان و دڵیان نەرم دەبێ بە یادی (قورئانی) خودا ﴿ذَٰلِكَ هُدَى اللَّهِ﴾ ئەو (قورئانە) ڕێنموونی خوایە ﴿يَهْدِي بِهِ مَن يَشَاءُ﴾ بەو (قورئانە) ڕێنموونی هەر کەسێ دەکات کە بیەوێ ﴿وَمَن يُضْلِلِ اللَّهُ﴾ هەر کەسیش خوا گومڕای بکات ﴿فَمَا لَهُ مِنْ هَادٍ﴾ ئەوە ڕێنموونی کەرێک بۆ ئەو نییە. ٢٣)﴿أَفَمَن يَتَّقِي بِوَجْهِهِ﴾ دەی ئایا کەسێ بەدەم و چاوی خۆی بپارێزێ ﴿سُوءَ الْعَذَابِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾ لە سزای سەختی ڕۆژی دوایی (وەک کەسێکە لە بەهەشت دابێت) ﴿وَقِيلَ لِلظَّالِمِينَ﴾ بەستەمکاران دەگوترێ ﴿ذُوقُوا مَا كُنتُمْ تَكْسِبُونَ﴾ بچەژن سزای ئەو (کردەوانەی) لە دنیا دەتان کرد. ٢٤)﴿كَذَّبَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ﴾ ئەوانەی پێش ئەمان (قورەیش) بوون باوەڕیان نەهێنا بە پێغەمبەرەکانیان ﴿فَأَتَاهُمُ الْعَذَابُ﴾ بەو هۆیەوە سزای خوا(یان بۆ هات ﴿مِنْ حَيْثُ لَا يَشْعُرُونَ﴾ لە لایەکەوە کە هەستیان پێ نەکرد. ٢٥) ﴿فَأَذَاقَهُمُ اللَّهُ﴾ ئەجا خوا پێی چەشتن ﴿الْخِزْيَ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا﴾ ڕیسوایی لە ژیانی دنیادا ﴿وَلَعَذَابُ الْآخِرَةِ أَكْبَرُ﴾ وە بێگومان سزای ڕۆژی دوایی گەورەتر ﴿لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ﴾ ئەگەر ئەوانە بزانن. ٢٦) ﴿وَلَقَدْ ضَرَبْنَا لِلنَّاسِ فِي هَٰذَا الْقُرْآنِ﴾ سوێند بەخوا بەراستی لەم قورئانەدا هێنانەمانەتەوە بۆ خەڵکی ﴿مِن كُلِّ مَثَلٍ﴾ هەموو جۆرە نموونەیەک ﴿لَّعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ﴾ تا پەندو ئامۆژگاری وەربگرن. ٢٧)﴿قُرْآنًا عَرَبِيًّا غَيْرَ ذِي عِوَجٍ﴾ (ئەو قورئانە) قورئانێکی عەرەبی بە هیچ خواری و لاری یەکی تیا نییە ﴿لَّعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ﴾ بۆ ئەوەی (لەسزا) خۆ بپارێزن و بینە تەقوا کار. ٢٨)﴿ضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا رَّجُلًا﴾ خوا نموونەی هێنانەوەتەوە بە پیاوێکی (بەندە) ﴿فِيهِ شُرَكَاءُ مُتَشَاكِسُونَ﴾ هی چەند کەسێکە ئارۆمەیانە لەسەر شەو (بەندە) ﴿وَرَجُلًا سَلَمًا لِّرَجُلٍ﴾ وە پیاوێکیش کە تەنیابەندەی پیاوێکە ﴿هَلْ يَسْتَوِيَانِ مَثَلًا﴾ ئایا ئەم دوو کەسە وەک یەکن ﴿الْحَمْدُ لِلَّهِ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ﴾ هەموو سوپاس تەنیا بۆ خوایە بەڵام زۆربەیان نازانن. ٢٩)﴿إِنَّكَ مَيِّتٌ وَإِنَّهُم مَّيِّتُونَ﴾ (ئەی موحەممەد (ﷺ)) بەراستی تۆ دەمری و ئەوانیش دەمرن. ٣٠)﴿ثُمَّ إِنَّكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾ لەپاشان بێگومان ئێوە لە ڕۆژی دواییدا ﴿عِندَ رَبِّكُمْ تَخْتَصِمُونَ﴾ لای پەروەردگارتان دانوا چی دەبێ یەکتری. ٣١)

۞ فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن كَذَبَ عَلَى ٱللَّهِ وَكَذَّبَ بِٱلصِّدْقِ
إِذْ جَآءَهُۥٓ ۚ أَلَيْسَ فِى جَهَنَّمَ مَثْوًى لِّلْكَٰفِرِينَ ﴿٣٢﴾ وَٱلَّذِى
جَآءَ بِٱلصِّدْقِ وَصَدَّقَ بِهِۦٓ ۙ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُتَّقُونَ ﴿٣٣﴾
لَهُم مَّا يَشَآءُونَ عِندَ رَبِّهِمْ ۚ ذَٰلِكَ جَزَٰٓؤُا۟ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٣٤﴾
لِيُكَفِّرَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ أَسْوَأَ ٱلَّذِى عَمِلُوا۟ وَيَجْزِيَهُمْ أَجْرَهُم
بِأَحْسَنِ ٱلَّذِى كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٣٥﴾ أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِكَافٍ
عَبْدَهُۥ ۖ وَيُخَوِّفُونَكَ بِٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦ ۚ وَمَن يُضْلِلِ
ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنْ هَادٍ ﴿٣٦﴾ وَمَن يَهْدِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِن مُّضِلٍّ
أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِعَزِيزٍ ذِى ٱنتِقَامٍ ﴿٣٧﴾ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ
ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ ۚ قُلْ أَفَرَءَيْتُم مَّا تَدْعُونَ
مِن دُونِ ٱللَّهِ إِنْ أَرَادَنِىَ ٱللَّهُ بِضُرٍّ هَلْ هُنَّ كَٰشِفَٰتُ ضُرِّهِۦٓ
أَوْ أَرَادَنِى بِرَحْمَةٍ هَلْ هُنَّ مُمْسِكَٰتُ رَحْمَتِهِۦ ۚ قُلْ حَسْبِىَ
ٱللَّهُ ۖ عَلَيْهِ يَتَوَكَّلُ ٱلْمُتَوَكِّلُونَ ﴿٣٨﴾ قُلْ يَٰقَوْمِ ٱعْمَلُوا۟
عَلَىٰ مَكَانَتِكُمْ إِنِّى عَٰمِلٌ ۖ فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴿٣٩﴾
مَن يَأْتِيهِ عَذَابٌ يُخْزِيهِ وَيَحِلُّ عَلَيْهِ عَذَابٌ مُّقِيمٌ ﴿٤٠﴾

وەرگێڕانی ئایەتەکان بۆ سۆرانی

ئایا کێ ستەمکارتر هەیە لە کەسێک کە درۆ لە خوا هەڵدەبەستێت و بانگەشەی ئەوە دەکات کە خوا ناردوویەتی، کاتێک ڕاستی هات بۆ لای، ئایا لە دۆزەخ شوێنی نیشتەجێبوونی کافران نییە؟ ﴿٣٢﴾ وە ئەو کەسەی کە هاتووە بە ڕاستی و باوەڕی پێکردووە، ئەوانە خۆیان لە سزای خوا پارێزراون. ﴿٣٣﴾ هەرچی بیانەوێت لە لای پەروەردگاریان بۆیان هەیە، ئەوە پاداشی چاکەکارانە. ﴿٣٤﴾ تا خوا خراپترین ئەو کارانەیان لێ ببوورێت کە کردوویانن، و پاداشیان بداتەوە بە باشترین ئەو کارانەی کە دەیانکردن. ﴿٣٥﴾ ئایا خوا بەسە بۆ بەندەکەی؟ کەچی ئەوان هەڕەشەت لێ دەکەن لە بەرامبەر ئەوانەی جگە لە خوا، کە خوا گومڕای کردبێت ئەوا هیچ ڕێنمایەکی نییە. ﴿٣٦﴾ هەروەها هەرکەسێک خوا ڕێنمایی بکات ئەوا هیچ گومڕاکەرێکی نییە. ئایا خوا خاوەن دەسەڵات نییە و تۆڵەسێنەر نییە؟ ﴿٣٧﴾ ئەگەر لێیان بپرسیت کێ ئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە؟ بێگومان دەڵێن خوا. بڵێ: ئەی ئەوەتا ئەوانەی جگە لە خوا دەیانپەرستن ئەگەر خوا بیەوێت زیانێکم پێبگەیەنێت ئایا دەتوانن ئەو زیانە لە من دوور بخەنەوە؟ یان ئەگەر خوا بیەوێت ڕەحمەتی پێ ببەخشم ئایا دەتوانن ڕێگری لە ڕەحمەتەکەی بکەن؟ بڵێ: خوا بەسە بۆ من، پشت بە خوا دەبەستن هەموو پشتبەستووان. ﴿٣٨﴾ بڵێ: ئەی گەلەکەم هەرچی دەتانەوێت بیکەن، منیش بەڕاستی کارەکەی خۆم دەکەم، بەڵام دواتر دەزانن. ﴿٣٩﴾ کێ سزایەکی دەکەوێتە سەر دێت کە ڕسوا و شەرمەزاری بکات، و سزایەکی بەردەوامی بۆ هەبێت. ﴿٤٠﴾

﴿فَمَنْ أَظْلَمُ﴾ ئەنجا کێ ستەم کارترە ﴿مِمَّنْ كَذَبَ عَلَى اللَّهِ﴾ لەوکەسەی کەدرۆ بەناوی خواوە دەکات ﴿وَكَذَّبَ بِالصِّدْقِ﴾ وە باوەڕی بەڕاستی قورئان نی یە ﴿إِذْ جَاءَهُ﴾ کەبۆی هاتووە ﴿أَلَيْسَ فِي جَهَنَّمَ مَثْوًى لِلْكَافِرِينَ﴾ ئایا لەدۆزەخ دا جێگەی نی یە بۆ بێ بڕوایان. ٣٢) ﴿وَالَّذِي جَاءَ بِالصِّدْقِ﴾ وە ئەو کەسەی قورئانی هێناوە (واتە پێغەمبەر (ﷺ)) ﴿وَصَدَّقَ بِهِ﴾ باوەڕیشی پێ بەتی ﴿أُولَٰئِكَ هُمُ الْمُتَّقُونَ﴾ هەر ئەوانن لەخواترسان و پارێزکاران. ٣٣) ﴿لَهُمْ مَا يَشَاءُونَ عِنْدَ رَبِّهِمْ﴾ بۆیان هەیە (لەبەهەشت دا) ئەوەی بیانەوێت لای پەروەردگاریان ﴿ذَٰلِكَ جَزَاءُ الْمُحْسِنِينَ﴾ ئەوەیە پاداشتی چاکەکاران. ٣٤) ﴿لِيُكَفِّرَ اللَّهُ عَنْهُمْ﴾ تاخوا لێیان بسڕێتەوە ﴿أَسْوَأَ الَّذِي عَمِلُوا﴾ خراپترین (کردەوەیەک) کەکردوویانە ﴿وَيَجْزِيَهُمْ أَجْرَهُمْ﴾ وە پاداشتیان بداتەوە ﴿بِأَحْسَنِ الَّذِي كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ بە (پاداشتی) چاکترین ئەو کردەوانەی کردوویانە. ٣٥) ﴿أَلَيْسَ اللَّهُ بِكَافٍ عَبْدَهُ﴾ ئایا خوا بۆ بەندەی خۆی (پێغەمبەر (ﷺ)) بەس نی یە؟ ﴿وَيُخَوِّفُونَكَ﴾ وە دەتترسێنن ﴿بِالَّذِينَ مِنْ دُونِهِ﴾ بەوانەی جگە لەخوان ﴿وَمَنْ يُضْلِلِ اللَّهُ﴾ وە هەر کەس کەخوا لاڕێی بکات ﴿فَمَا لَهُ مِنْ هَادٍ﴾ ئیتر هیچ کەس ناتوانێ ڕێبەری بێ. ٣٦) ﴿وَمَنْ يَهْدِ اللَّهُ﴾ وە هەر کەس کەخوا ڕێنموونیی بکات ﴿فَمَا لَهُ مِنْ مُضِلٍّ﴾ ئەوە هیچ گومڕاکەرێکی بۆ نی یە ﴿أَلَيْسَ اللَّهُ بِعَزِيزٍ ذِي انْتِقَامٍ﴾ ئایا خوا زاڵی تۆڵەسێن نی یە؟ ٣٧) ﴿وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ﴾ سوێند بەخوا ئەگەر پرسیاریان لێ بکەیت ﴿مَنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ﴾ کێ ئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە ﴿لَيَقُولُنَّ اللَّهُ﴾ بێ گومان دەڵێن: خوا ﴿قُلْ أَفَرَأَيْتُمْ﴾ بڵێ: دەی پێم بڵێن ﴿مَا تَدْعُونَ﴾ ئەوانەی دەیان پەرستن ﴿مِنْ دُونِ اللَّهِ﴾ جگە لەخوا ﴿إِنْ أَرَادَنِيَ اللَّهُ بِضُرٍّ﴾ ئەگەر خوا ویستی زیانێکم پێ بگەیەنێت ﴿هَلْ هُنَّ كَاشِفَاتُ ضُرِّهِ﴾ ئایا ئەو (پەرستراوانە) دەتوانن ئازارو زیانی ئەوم لێ لادەن؟ ﴿أَوْ أَرَادَنِي بِرَحْمَةٍ﴾ یا ئەگەر ویستی نیعمەت و بەهرەیەکم پێ بدات ﴿هَلْ هُنَّ مُمْسِكَاتُ رَحْمَتِهِ﴾ ئایا ئەوانە دەتوانن بەهرەو میهرەبانی ئەوم لێ بگرنەوە ﴿قُلْ حَسْبِيَ اللَّهُ﴾ بڵێ: من هەر خوام بەسە ﴿عَلَيْهِ يَتَوَكَّلُ الْمُتَوَكِّلُونَ﴾ خۆسپێران تەنها پشت بەو دەبەستن. ٣٨) ﴿قُلْ يَا قَوْمِ﴾ بڵێ ئەی گەلەکەم ﴿اعْمَلُوا عَلَىٰ مَكَانَتِكُمْ﴾ ئێوە لەسەر ڕێبازو شێوازی خۆتان کاربکەن ﴿إِنِّي عَامِلٌ﴾ منیش (لەسەر ڕێبازی خۆم) کاردەکەم ﴿فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ﴾ ئینجا بەم زووانە دەزانن. ٣٩) ﴿مَنْ يَأْتِيهِ عَذَابٌ مُخْزِيهِ﴾ کێ (لەم دونیادا) سزایەکی بۆ دێت کەڕیسوای دەکات ﴿وَيَحِلُّ عَلَيْهِ عَذَابٌ مُقِيمٌ﴾ وە سزایەکی بێ بڕانەوەی بەسەردا دێ. ٤٠)

إِنَّآ أَنزَلْنَا عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ لِلنَّاسِ بِٱلْحَقِّ ۖ فَمَنِ ٱهْتَدَىٰ
فَلِنَفْسِهِۦ ۖ وَمَن ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيْهَا ۖ وَمَآ أَنتَ عَلَيْهِم
بِوَكِيلٍ ﴿٤١﴾ ٱللَّهُ يَتَوَفَّى ٱلْأَنفُسَ حِينَ مَوْتِهَا وَٱلَّتِى
لَمْ تَمُتْ فِى مَنَامِهَا ۖ فَيُمْسِكُ ٱلَّتِى قَضَىٰ عَلَيْهَا ٱلْمَوْتَ
وَيُرْسِلُ ٱلْأُخْرَىٰٓ إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ
لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٤٢﴾ أَمِ ٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ شُفَعَآءَ ۚ
قُلْ أَوَلَوْ كَانُوا۟ لَا يَمْلِكُونَ شَيْـًٔا وَلَا يَعْقِلُونَ ﴿٤٣﴾
قُل لِّلَّهِ ٱلشَّفَٰعَةُ جَمِيعًا ۖ لَّهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۖ ثُمَّ
إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿٤٤﴾ وَإِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَحْدَهُ ٱشْمَأَزَّتْ
قُلُوبُ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْءَاخِرَةِ ۖ وَإِذَا ذُكِرَ ٱلَّذِينَ مِن
دُونِهِۦٓ إِذَا هُمْ يَسْتَبْشِرُونَ ﴿٤٥﴾ قُلِ ٱللَّهُمَّ فَاطِرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَٱلْأَرْضِ عَٰلِمَ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ أَنتَ تَحْكُمُ بَيْنَ عِبَادِكَ
فِى مَا كَانُوا۟ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ﴿٤٦﴾ وَلَوْ أَنَّ لِلَّذِينَ ظَلَمُوا۟
مَا فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا وَمِثْلَهُۥ مَعَهُۥ لَٱفْتَدَوْا۟ بِهِۦ مِن سُوٓءِ ٱلْعَذَابِ
يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۚ وَبَدَا لَهُم مِّنَ ٱللَّهِ مَا لَمْ يَكُونُوا۟ يَحْتَسِبُونَ ﴿٤٧﴾

نایەتی (٣٩) سورەتی (سبأ): قال رسول الله (ﷺ): (اليد العليا خير من اليد السفلى وابدأ بمن تعول وخير الصدقة ما كان عن ظهر غنىً ومن يستعفف يعفه الله)(رواه البخاري) قال رسول الله (ﷺ): (لا حسد الا في اثنتين: رجل آتاه الله مالاً فسلطه على هلكته في الحق ورجل آتاه الله الحكمة فهو يقضي بها ويعلمها)(متفق عليه). پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: دەستی سەرەوە (دەستی خێر کەر) لەدەستی ژێرەوە (دەستی سواڵکەر) گەڵ باشترە، لەخێزانی خۆشتەوە دەست بکە بەخێر کردن و باشترین خێریش ئەو خێرەیە کە لەسەر تێری بێت، هەر کەسێکیش خۆی بەدوور بگرێ لەڕوو زەودی سواڵ و سواڵکردن خوای گەورە (لەهەردوو جیهاندا) پارێزگارو دەوڵەمەندی دەکات) پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (حەسودی بردن (خۆزگە خواستن)=

﴿إِنَّا أَنزَلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ﴾ بەڕاستی ئەم قورئانەمان بۆ تۆ ناردۆتە خوارەوە ﴿بِالْحَقِّ﴾ بۆ هەموو خەڵکی بەهەق و ڕاستی ﴿فَمَنِ اهْتَدَىٰ﴾جا هەرکەسێ ڕێنموون بێ ﴿فَلِنَفْسِهِ﴾ئەوە قازانجی هەر بۆ خۆیەتی ﴿وَمَن ضَلَّ﴾ هەر کەسیش لاڕێ بێ ﴿فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيْهَا﴾ ئەوە بەڕاستی زیانی گومڕا بوونەکەی هەر بۆخۆیەتی ﴿وَمَا أَنتَ عَلَيْهِم بِوَكِيلٍ﴾ وە ئەی پێغەمبەر (ﷺ) تۆ بریکارنیت بەسەریانەوە (تابڕوا بهێنن). ٤١) ﴿اللَّهُ يَتَوَفَّى الْأَنفُسَ﴾ خوا گیانەکان دەکێشێ ﴿حِينَ مَوْتِهَا﴾ لەکاتی مردنیان دا ﴿وَالَّتِي لَمْ تَمُتْ﴾وە ئەوەی نەمردبێت ﴿فِي مَنَامِهَا﴾لەکاتی خەوتنیدا ﴿فَيُمْسِكُ الَّتِي﴾ئینجا ئەو (گیانانە) ڕادەگرێ ﴿قَضَىٰ عَلَيْهَا الْمَوْتَ﴾ بڕیاری مردنی داوە ﴿وَيُرْسِلُ الْأُخْرَىٰ﴾وە ئەوانی تر بەرەڵا دەکات (کەدەبێ زیندوو بمێنن) ﴿إِنَّ أَجَلٍ مُّسَمًّى﴾ تاماوەیەکی دیاری کراو ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ﴾بەڕاستی لەمەدا چەند بەڵگە هەیە ﴿لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ﴾ بۆ ئەو کەسانەی بیردەکەنەوە. ٤٢) ﴿أَمِ اتَّخَذُوا مِن دُونِ اللَّهِ شُفَعَاءَ﴾ ئاخۆ جگە لەخوا تکا کارانێکیان بۆ خۆیان داناوە ﴿قُلْ أَوَلَوْ كَانُوا﴾ بڵێ گەرچی ئەوانە ﴿لَا يَمْلِكُونَ شَيْئًا﴾ نەهیچ شتێکیان بەدەستە ﴿وَلَا يَعْقِلُونَ﴾ وە نەتێش دەگەن. ٤٣) ﴿قُل لِّلَّهِ الشَّفَاعَةُ جَمِيعًا﴾ بڵێ: تکا هەمووی هەر بۆ خوایە ﴿لَّهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾ موڵکی ئاسمانەکان و زەوی هەر بۆ ئەوە ﴿ثُمَّ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ﴾ پاشان هەر بۆلای ئەو دەگەڕێنرێنەوە. ٤٤) ﴿وَإِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَحْدَهُ﴾ وەکاتێک یادی خوا بکرێ بەتاک و تەنیا ﴿اشْمَأَزَّتْ قُلُوبُ الَّذِينَ﴾ تێکدەچێ وە بێزار دەبێ دڵی کەسانێ ﴿لَا يُؤْمِنُونَ بِالْآخِرَةِ﴾ کەباوەڕیان نی یە بەڕۆژی دوایی ﴿وَإِذَا ذُكِرَ الَّذِينَ مِن دُونِهِ﴾ کەچی کاتێک ناوی پەرستراوانی بێجگە لەخوا ببڕێت ﴿إِذَا هُمْ يَسْتَبْشِرُونَ﴾ بەکەسەر شادو ڕووخۆش دەبن. ٤٥) ﴿قُلِ اللَّهُمَّ﴾ بڵێ: ئەی خوایە ﴿فَاطِرَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾ بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوی ﴿عَالِمَ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ﴾ زانای نهێنی و ئاشکراکان ﴿أَنتَ تَحْكُمُ بَيْنَ عِبَادِكَ﴾ هەر تۆ دادوەری دەکەیت لەنێوان بەندەکانتدا ﴿فِي مَا كَانُوا فِيهِ﴾ لەوەی ئەوان تیایدا ﴿يَخْتَلِفُونَ﴾ جیاوازبوون. ٤٦) ﴿وَلَوْ أَنَّ لِلَّذِينَ ظَلَمُوا﴾ بەڕاستی ئەگەر هی ئەو کەسانە بوایە ستەمیان کرد ﴿مَا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا﴾ هەموو ئەوەی لەسەر زەویدایە ﴿وَمِثْلَهُ مَعَهُ﴾ ئەوەندەی تریشی لەگەڵدا بێت ﴿لَافْتَدَوْا بِهِ﴾ لەبرێتی خۆیان دا دەیاندا ﴿مِن سُوءِ الْعَذَابِ﴾ بۆ ڕزگاربوونیان لەسزای خراپی ی ﴿يَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾ ڕۆژی قیامەت ﴿وَبَدَا لَهُم مِّنَ اللَّهِ﴾ وە لەلایەن خواوە بۆیان دەرکەوت ﴿مَا لَمْ يَكُونُوا يَحْتَسِبُونَ﴾ شتی وا کەئەوان بیریان لێ نەکردۆتەوەو گومانیان بۆی نەچووە. ٤٧)

وَبَدَا لَهُمْ سَيِّئَاتُ مَا كَسَبُوا۟ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُوا۟ بِهِۦ
يَسْتَهْزِءُونَ ﴿٤٨﴾ فَإِذَا مَسَّ ٱلْإِنسَٰنَ ضُرٌّ دَعَانَا ثُمَّ إِذَا خَوَّلْنَٰهُ
نِعْمَةً مِّنَّا قَالَ إِنَّمَآ أُوتِيتُهُۥ عَلَىٰ عِلْمٍۭ ۚ بَلْ هِىَ فِتْنَةٌ وَلَٰكِنَّ
أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٤٩﴾ قَدْ قَالَهَا ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ فَمَآ أَغْنَىٰ
عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ ﴿٥٠﴾ فَأَصَابَهُمْ سَيِّـَٔاتُ مَا كَسَبُوا۟ ۚ
وَٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ مِنْ هَٰٓؤُلَآءِ سَيُصِيبُهُمْ سَيِّـَٔاتُ مَا كَسَبُوا۟ ۚ
وَمَا هُم بِمُعْجِزِينَ ﴿٥١﴾ أَوَلَمْ يَعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ يَبْسُطُ ٱلرِّزْقَ
لِمَن يَشَآءُ وَيَقْدِرُ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿٥٢﴾
۞ قُلْ يَٰعِبَادِىَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا۟ مِن
رَّحْمَةِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًا ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ
﴿٥٣﴾ وَأَنِيبُوٓا۟ إِلَىٰ رَبِّكُمْ وَأَسْلِمُوا۟ لَهُۥ مِن قَبْلِ أَن يَأْتِيَكُمُ
ٱلْعَذَابُ ثُمَّ لَا تُنصَرُونَ ﴿٥٤﴾ وَٱتَّبِعُوٓا۟ أَحْسَنَ مَآ أُنزِلَ
إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِيَكُمُ ٱلْعَذَابُ
بَغْتَةً وَأَنتُمْ لَا تَشْعُرُونَ ﴿٥٥﴾ أَن تَقُولَ نَفْسٌ يَٰحَسْرَتَىٰ
عَلَىٰ مَا فَرَّطتُّ فِى جَنۢبِ ٱللَّهِ وَإِن كُنتُ لَمِنَ ٱلسَّٰخِرِينَ ﴿٥٦﴾

هەڵوێستی هاوەڵانی خواپەرستی لایەنگری (٥٣) سورەتی (الزمر): ﴿قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَىٰ أَنْفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِنْ رَحْمَةِ...﴾ حاکم لەسەر بەندە گوناهبارەکانی خۆی بووە، ئایەتەکە دەربارەی هەموو موسڵمانان بەڵگەیە لەسەر ئەوەی خوا بەخشندەیە بەسەر هەموو گوناهکارێکی تەوبەکار و گەڕاوەی بەندەکانی، هەروەها خوا هیچ شتێکیان لێ ناشارێتەوە جا گەلێ بێتەسەر خواﷻ هات بۆ

بەدیهێنە، ئەم ئایەتە و چەند ئایەتێکی ترای ئەم ئایەتەش دەربارەیان هاتەخوارەوە ﴿قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَىٰ أَنْفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِنْ رَحْمَةِ اللَّهِ﴾ عومەر وتی منیش لەئامەیەکدا ئەم ئایەتەم نووسی و ناردم بۆ عیشامی کوڕی عامر، عیشامیش وتی: کاتێ ئەم ئامەیەم پێ گەیشت لەوانی خۆرا دەستم بەخوێندنەوەی کرد، لەپێش چاوەڕا بەرزم دەکردەوەو نزمم دەکردەوەو لێی -

